15

زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

ژن و مێردی ئیسلامی بەختەوەر

چاپی هەشتەم

محمود مهدي الاستانبولي

وەرگێڕان و ئامادەکردنی

نەوا محمد سعید

التفسير

2011

ئاوێنەی ئیسلامی بەخشەوەر

ناوی کتێب بە عارەبی: الزواج الإسلامي السعيد
ناوی نوسەر: محمود مهدي الاستانبولي
ناوی کتێب بەکوردی: ژن و مێردی ئیسلامی بەختەوەر
ناوی وەرگێڕ: نەوا محمد سعيد
چاپ و بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر
کۆمپیوتەر: نوسینگەی تەفسیر
خەت: نەوزاد کۆیی
بەرگ: ئەمین مخلص
دیزاینی ناوەوە: عزالدين محمد
نۆرە و ساڵی چاپ: هەشتەم ١٤٣٢ك - ٢٠١١ز
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: ٢٦٤ ساڵی ٢٠٠٣

تەفسیر
بۆبڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن
هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالاس
ت: ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨
مۆبایل: ٠٧٥٠ ٤٦٠ ٥١ ٢٢ - ٠٧٧٠ ١٣٨٧٢٩١
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

www.al-tafseer.com

ژن و مێردی ئیسلامی بەختەوەر

نووسینی

محمود مهدی الاستانبولی

وەرگێڕان و ئامادەکردنی

نەوا محمد سعید

چاپی یەکەمی وەرگێڕان – ١٩٩٥
چاپی دووەمی وەرگێڕان – ١٩٩٧
چاپی سێیەمی وەرگێڕان – ٢٠٠١
چاپی چوارەمی وەرگێڕان – ٢٠٠٣
چاپی پێنجەمی وەرگێڕان – ٢٠٠٥
چاپی شەشەمی وەرگێڕان – ٢٠٠٨
چاپی حەفتەمی وەرگێڕان – ٢٠٠٩
چاپی هەشتەمی وەرگێڕان – ٢٠١١

مەبەست لە زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

- ⊛ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییە بە گرنگترین و کاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە بەرهەمی سەرکردەی هزری هاوچەرخی ئیسلامین .
- ⊛ ئاشناکردنی خوێنەرو لاوی موسڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ رۆشنبیری ئیسلامی و سازێنەری رابونی ئیسلامین .
- ⊛ شارەزاکردنی راستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە ، ئازادکردنیانە لە گشت کۆت و بەندو بۆچونێکی حزبایەتی و تاکڕەوی و رەوتگەرایی .
- ⊛ بناغەیەک بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتییەکی ئیسلامی بە هێز بۆ هەرتاکێکی موسڵمانی کورد ، تاتوانای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکاریانەی هەبێ ، کە خوای پەروەردگار پێی سپاردوە .

دەگەڵ رێزو تەقدیرمان بۆ بیرو رای نوسەرانی ئەم زنجیرەیە ، مەرجیش نیە ئێمە پابەندی هەمو بیرو بۆچونەکانیان بین .

بادەستوبەشمان لە وەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت ؛

ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴿١٨﴾ سورة الزمر

پێشکەشە بە

هاوسەری دڵسۆزو بەسۆزو بەوەفاو هەستدارم، کە لە ڕۆژانی سەختو دژوارو ئاوارەییدا، دڵنەواو ئارامگام بوەو، وەك ئافرەتی سەحابە ئاسا، لە نەهامەتیەکان پشتگیرو دەستبارم بوە، بەردەوامیش لە کاری چاکە هاندەرمە.

بە ڕۆڵەکانم : سارا، محمد، ئەلند.

بەو ژنو مێردانەی، بە پێی شەریعەتی ئیسلام ژیانی هاوسەریی دەبەنەسەر.

پێشەکی چاپی هەشتەمی وەرگێڕان

تەنها بە ناوی خوای بەخشندەی تاك و پاك

سوپاس و ستایشی بێ ژمار بۆ خوای پەروەردگاری هەمو جیهان، صەڵات و سەلام بڕژێ بەسەر پێغەمبەری خۆشەویست و سەرکردە و پێشەوامان محمد ﷺ و خانەوادە و یار و یاوەرانی.

سەری بەندایەتی و ملکەچی بۆ خوای پەروەردگار دادەنێم و، سوپاسی بێ پایانی دەکەم، کەوا بۆ هەشتەمین جار ئەم مەوسوعەی ژن و مێردە، چاوی عەودالانی ڕۆشن دەکاتەوەو، گرێ کوێرە ئالۆزەکان دەکاتەوەو گرفت و کێشەکانی ژن و مێرد چارەسەر دەکات، بۆتە ڕێبەرێکیش، کە پێداویستی گشت ژن و مێردێکە، بە گەنج و پیرەوە، چونکە شارەزابون و زانینی چۆنیەتی رەفتارکردن و هەڵس و کەوت کردنی ژن و مێرد لەگەڵ یەکتریی، تەنها بۆ تازەبوك و زاوا و گەنجانەوە نییە، بەڵکو بۆ هەموانە، تا ژیانێکی کەم گرفت و کێشە ببەنە سەرو، لە دنیا و ئاخیرەت بەختەوەر بن و هەردەم یەکتریان گەرەك بێت.

لەخوای بەدیهێنەرمان داواخوازم، ژن و مێردەکان لە کێشەو ناحەزیی بەدور بخات و، پەیوەندییەکانیان وا لێبکات، کە بێ یەکتری هەڵنەکەن.

حەزدەکەم ئاماژە بە شتێکی گرنگ بکەم، کە زۆر لە خەڵکی و خوێنەران، بە هەڵە لەناوی بەندە (نەوا) گەیشتون و وادەزانن (نەوا محمد سعید) ئافرەتەو، فلان مامۆستایە و...هتد.

جا بۆ ڕاستیی رونکردنەوە دەڵێم بەندە (نەوا محمد سعید) ناسراو بە (نەوزاد خطاط) پیاوەو خێزاندارەو خاوەن سێ منداڵە.

بۆ زێدە زانیاریش، گەر خوێنەر سەرنجی لاپەڕە (٥٢٧- وەرگێڕ لە چەند دێرێکدا)ی بدابا و بە وردی بیخوێندبایەتەوە، بۆی دەردەکەوت، کە وەرگێڕ چ ڕەگەزێکە.

نەوا محمد سعید
١٤٣٢/٢/٢٠
٢٠١١/١/٢٣
هەولێر

پێشەکی چاپی شەشەمی وەرگێڕان

تەنها بە ناوی خوای تاكو پاك

سوپاسو ستایشی بێژمار بۆ خودای بەخشندەی میهرەبان درودو سڵاو بڕژێ بەسەر پێغەمبەرو ئالی بەیتو یارانی.

سەری نەوازش بە ملکەچیەوە بۆ پەروەردگاری جیهان دادەنوێنم، کە فەزڵو چاکەی ناوازەی پێبەخشیم، کە جارێکی تر بۆ شەشەمین جار کتێبی (ژنومێردی ئیسلامی بەختەوەر)، جیاکار لە چاپەکەی پێشوو، بە قەبارەی گەورەو بە بژارکردنی هەڵەکانو ڕاستکردنەوەیان، دنیای چاپ ببینێتەوەو، خوێنەرانی لە ئاوی سازگاری تێنوێتیان بشکێنن.

دیارە چاپی پێنجەم، کە لە چاپخانەیەکی بەغدا بە چاپ گەیشت، هەڵەی زۆری لەخۆ گرتبوو، لە مۆنتاژیش هەڵە کرابوو، کە دوو بابەت دووبارە دانرابۆوە، کە ئەمەش بە دەر لە ویستی ئێمەبوو، چونکە کارمەندانی چاپخانەکە شارەزای زمانی کوردی نەبوون. هەر بۆیە داوای لێبوردن دەکەین، کە بەم شێوەیە کەوتە بەردەستی خوێنەران.

دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم، کە لە چاپی یەکەمیشدا ئاماژەم پێداوە، کە بابەتانێ هەبوون، نوسەر بە پێی بارو ڕەوشی ناوچەکەی خۆی دایبەزاندووەو، بۆ ئەوێ مایەی سود لێوەرگرتن بووە، بە پێویستم نەزانیوە تەرجەمەکەی بکەم، هەروا پرسیارە جنسیەکانیش، زۆرینەی پرسیارەکان لە یەك تەوەرەدا دەخولانەوە، بۆیە ئەوانیشم بە پێی پێویستی و بە

چڕکراوەیی تەرجەمە کردووە.

حەز دەکەم خوێنەرانی ئازیزم زانیاریان هەبێ، کە ئەم کتێبە هەر لە چاپی یەکەمەوە (١٩٩٥) تا چاپی شەشەم (٢٠٠٨)، پازدە هەزار دانەی چاپکراوە، ئەمەش مایەی دڵخۆشیو ئاسودەییە، گەر خودای میهرەبان لە بەندەی گوناهبار وەریگرێو، بیکاتە مایەی سڕینەوەی گوناهەکانمو لە نامەی کردەوە باشەکان بۆم تۆمار بکات.

نەوا محمد سعید

١٠ی ڕەمەزانی ١٤٢٨

٢٣ / ٩ / ٢٠٠٧ ز

هەولێر

پێشەکی چاپی پێنجەمی وەرگێڕان

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا اله الاّ الله وأشهد أن محمداً عبده ورسوله وبعد:

سوپاس و ستایشی بێپایان بۆ پەروەردگاری جیهانیان، کە بواریدا ئەم پەرتوکە بۆ پێنجەم جار بەزمانی شیرینی کوردی بە پوختەکراوی‌و هەڵبژێری لەسەر ئەرکی نوسینگەی تەفسیر چاپ بکرێتەوە، خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە.

دیارە لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ جاری پێنجەم مانای زۆرو بەلگەی بەنرخیی‌و زیندویی‌و واقیعیەتی بابەتەکانی‌و سەرکەوتویی دەبەخشێ.

هەر بۆیە کە چوار جار چاپ کراو کەوتە بەر دیدی خوێنەرانیەوە، بە هەموو چین و توێژێکەوە بە گەرمی‌و بە پەرۆشەوە ئامێزیان بۆ گرتەوە، ئەوێش بە مەبەستی شارەزابون لە چۆنیەتی مامەڵەی هاوسەرایەتی ئیسلامی، کە دەمێکە پەردەی بەسەردا دراوەو خەڵك لێی غافڵ بوونە.

سەرەڕای ئەمە دیارە هێشتا تینویەتی زۆرانی نەشکاندوەو پێویستی بە ئاودێرکردنیان هەیە، لەبەر ئەوە بە پێویستی ئەمڕۆ زانرا چاپ بکرێتەوەو مسوڵمانانی کوردستان لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ژن‌و مێرد لەگەڵ یەکتری لە دیدو روانگەی ئیسلامدا، خۆیانی پێ برازێننەوەو زانینیان پێی هەبێ. هەروەها چاویان بەو ئایەت‌و فەرمودانەی پێغەمبەرﷺ تایبەت بە هاوسەرگرتن و پەیوەندی نێوانیان رۆشن بێتەوە.

خوێنەری ئازیز:

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە لە چاپە عەرەبیەکەی ئەم کتێبە بابەتو پەراوێزی وا هەبون پێویستی خوێنەری کورد نەبونو نوسەر بەپێی بارودۆخی ناوچەی خۆی نوسیوەو بۆ ئەوان پێویست بوە، بۆیە ئێمە بەچاکمان نەزانیوە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردیو پەڕاوی پێ زیاد بکەین.

بۆ ڕاڤەکردنی ئایەتەکان هەوڵم داوە بە زۆریی تەفسیرە وەرگێڕاوەکەی مامۆستا هەژار بەکار بێنم.

بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم لە ساڵی ١٩٩٩ چاپێکی ئەم کتێبە بە قەبارەی (١١٨) لاپەڕە، کە لێی نوسراوە چاپی سێهەمو بێدیاری کردنی ساڵی چاپەکە کەوتە بازاڕ، بێئەوەی لێی ئاگادار بم و پرسم پێ بکرێ، کە ئەمە مافێکی یاسایی بەندەیە.

جا ئەوەی هەڵساوە بە چاپ دانەوەی مەبەستی بازرگانی کردنو پارە پێپەیداکردن بوە، نەك کاری خەیرو سود بەخشین، پێچەوانەی یاسای مافی لەچاپ دانەوەی ئەنجام داوەو کارێکی ناشەرعی کردوە. دیاریشە کە مافی لە چاپ دانەوە پارێزراوە بۆ نوسەر، نەك هەر کەسێك بۆی گونجا چاپی بکاتەوە.

جا چاپی ئەم کتێبە بە مەرەدی کتێبەکەی شێخ محمد ناصرالدين ألبانی چو، کە بەبێ پرسو ئاگاداری ئەو، کتێبێکی لەچاپ درایەوە، ئەویش لە (تمام المنـة)دا فەرمودەیەکی پێغەمبەرﷺ دەکاتە بەڵگەی ناشەرعی لەچاپ دانەوەی بێ ئاگاداری نوسەر، کە دەفەرموێ: (**لا يحل مال إمريء الآ بطيب النفس منه**).

لەبەر ئەوە کتێبی (ژن و مێردی ئیسلامی بەختەوەر) کە چاپی سێهەمی لەسەر نوسراوەو بە ڕەنگی سور نوسراوەو وێنەکەیشی بە ڕەنگی پرتەقاڵی ڕەنگ کراوە، هەمان چاپی یەکەمەو بە ناشەرعی لەچاپ دراوەو بۆ بازرگانی پێ کردن بوە.

ئومێدەوارم مسوڵمانان کتێبی ژنو مێردی ئیسلامی، بکەنە مەنهەجو پەیڕەوی پەیوەندی پیرۆزی هاوسەرێتیو، لەپاش تێلانە بیکەنە دیاری بۆ بوكو زاوا لە جیاتی بردنی کەلوپەلو پارەیەك، کە بە سینگ فراوانیەوە نابەخشرێ.

لەخوای پەروەردگار داواخوازم چاپی پێنجەمی شەرعی کتێبی (ژن و مێردی ئیسلامی بەختەوەر) ببێتە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی ئیسلامیانە لە هاوسەرگرتنو ڕێنمایی کردنی مسوڵمانان.

لەخوای بەخشندەم داوایە وەرگێڕانی ئەم کتێبەم بۆ بکاتە کردەوەی باش و، توێشوی ڕێگا بۆ ڕۆژی سەختی قیامەتو، لە تاریکاییەکانیو گەرمی ئەو ڕۆژەم بپارێزێ.



١٠ / محرم / ١٤٢٦
١٩ / ٢ / ٢٠٠٥

پێشەكی چاپی دووەمی وەرگێڕان

سوپاس‌و ستايش بۆ خـواى پـەروەردگار، هـەزاران درودو سـلاو بـڕژێ بەسەر گيانى پێشـەواو پێشـەنگمان محمـدﷺ وه لەسـەر يـارو يـاوەرانى‌و شوێنكەوتوانى تا ڕۆژى دوايى.

كۆمەڵگەى كوردى دەمێكە دوچـارى دەردى بـێ ئاگـاو دورەپـەرێزى‌و كـەنارگيرى فەرمايشـتەكانى خـواى گـەورەو فـەرمودە شـيرينەكانى پێغەمبەرﷺ بوه، هەروەها دوچارى بێئاگايى بوه لە ياساو داب‌و نـەريتى ڕەسـەنى ئيسـلامى. بـەڵێ" گـەلى كـورد بـە گشـتيى چـەند دروشمێكـى ئيسلاميى وەك نوێژو ڕۆژوو زەكات‌و حەجى دامالڕاو ڕوت‌و بێگيـان پيـادە دەكات، بەلام بەبێ تەواوكردنى پێداويستى‌و تەواوكەرەكانى‌و، باقى بنەماو بنەڕەت‌و ياسا بنچينەيى‌يەكانى ترى كـە كاكڵـەو ماهييـەتى ئيسـلامن، فەرامۆش كراوه.

يەكێ لەو بنەما كاريگەرو قوڵە، كە كۆمەڵگەكەمان بـە دواوەى نـاوەو پشت گوێى خستوه، هاوسەرگرتنى ئيسلامى‌و پەيوەستى پەيوەندييەكانى ژن و مێردو، چارەسەركردنى كێشەكانيـانە لە ڕوانگەى ئيسلامدا.

ديارە خێزان پێكەوەنان گەر لەسەر بنەماو بنچـينەيەكى (ضـبط)كـراو بنيات نەنرێ، ئەوا هەرگيز خێزانێكى پتەو و ڕێكوپێك‌و بـەختيار دروسـت نابێت، ضبط كـردنيش تـەنها لـە بەرنامـە دارێژراوەكـەى خـواى گـەورە دەستەبەر دەكرێ، نەك بيرۆكەو ڕێچكەى دەستكردى هەواو ئارەزوبازان.

جا بۆ ئەوەى گەنج و لاوى مسولمان (كچ و كوڕ) شارەزا و ئاگـادار بـن بە پەيوەندى‌و مافەكانى ژن‌و مێردو هەڵسوكەوت‌و مامەڵە لەگەڵ يـەكترى لە ڕوانگەى ئيسلامەوە، بە خەم ئەوە بوم كتێبێكى ئيسلامى چـڕوپڕى لـە

مەڕ ژن و مێردی ئیسلامیم دەست کەوێ، کە بە قەڵەمی یەکێك لـە زانـا هاوچەرخەکان نوسرابێ بۆ ئەوەی بەندە لێی بەهرەمەند بێو پیادەی بکات، پاشانیش کۆمەڵگەکەمان لە حەقیقەت و واقیعیەتی ئیسلام تێبگات، ئەو تەمەی کە خراوەتە سەر چاوەکان لا ببرێت، ڕاستییەکانی پێ ببینرێت.

ئەم کتێبەی دانراوی مامۆستا (محمود مهدی الاستانبولی) بەڕای بەندە، تاکە کتێبە کە بە پاکی و ڕاستگۆییو واقیع بینانە لەژێر تیشکی ڕێنمایی یەکانی فەرمایشتی خوای گەورەو فەرمودەکانی پێغەمبـەرﷺ و زانایان و زانست باس لە پەیوەندیو ڕەفتاری ژنو مێرد بکات، چارەسەری بـڕەر بـۆ کێشەکانیان دابنێت.

بـە هـۆی گرنگـی دانو بەدەمــەوەهاتنی خوێنــەرانیو نەمانــەوەی لــە کتێبخانەکان بۆ دووەمین جار چاپ کراوەتەوە، جا لەبەرئـەوەی بـە ئـەرکی سەر شانم زانی ئەم کارە پیرۆزە بخەمە ئەستۆ و بە ناوی خـوای تـاکی پـاك دەست بکەم بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی، ئەوە بو لە ساڵی ١٩٩٤ دەست کرا بەم کارەو لە ساڵی ١٩٩٥ سوپاس بۆ خـوا بـە هـەوڵی خێرخوازێك لە چاپ درا، بوە مایەی بڵاوبونـەوەی ڕۆشـنبیرییەکی گشـتی لەمــەڕ هاوســەرگرتن و هۆشــیاربونەوەی مســوڵمانان لــەم مەســەلەیەداو، کردنەوەی گرێ کوێرەی زۆر لە گەنجو لاوی مسوڵمان. تەنانەت بابایەك بـە خوێندنــەوەی کتێبەکـەو دەرك کردنـی بـە حەقیقـەتی کراوەیـی ئیسـلام، مسوڵمانیـەتی خۆی ئاشکرا کرد.

جێی ئاماژەیە خوێنەران لـێی ئاگاداربن، کەوا پێشەکی چاپی یەکـەمی وەرگێڕانەکە ئامــاژە بـۆ وەرنـەگێڕانی هەنـدێ بابـەتو گشـتی پرسـیارە جنسییەکان کرابو، بـەڵام چـاپی ئـەجارە زۆربـەی بابەتـە بنەڕەتییـەکانو پوختەیەکی گوشراوی پێویست لە پرسیارەکانی گرتۆتە خۆ.

لە خوای بەخشندە خوازیارم بە چاپ گەیەنەرانی چاپی دوەم: (پڕۆژەی چاپی تەفسیری قورئانی پیرۆز) پاداشتی بە خەیریان بداتەوە، لە نیعمەتەکانی خۆشی بەهەشت بێبەش نەکات.

هەروەها لە خوای میهرەبان ئاواتە خوازم ئەم کارەم بۆ بکاتە (صدقة جارية)، کە ببێتە وەسیلەیەك بۆ لێخۆش بون لە گوناهەکانم.

وەرگێڕ

١٩ی جەمادی یەکەم-١٤١٨ك

١٥ / ٩ / ١٩٩٧

ژیانی ژن و میردایەتی لە ئیسلامدا به خواپەرستی دادەنریٚ

((ژن هیٚنان و شوکردن لە نیعمەتەکانی خوایە))

گوزەران و ژیان بەسەربردن لەسەر زەوی، گەر بەشی خۆشیو شادیو ئارەزوە حەلاڵەکانی تیٚدا نەبو، ئەو ژیانە ژیانیٚکی وشك و ناخۆش دەبیٚت، لەبەر ئەوە حیکمەتی خوای میهرەبان گشت غەریزەکانی مانەوە لەسەر زەوی بەهۆی ڕابواردنی حەلاڵ و چیٚژو خۆشییەوە ڕاگیر کردوە.

بیرکردنەوەش لەم حیکمەتە وا لە مرۆڤ دەکات بزانیٚ مەبەستی ئەم خۆشیو ڕابواردنە حەلاڵە چیە، ئەوەش تەنها ئامانجیٚك نیە بۆ گەیشتن بەم خۆشییە، بەلکو ڕیٚگەیەکە.. وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجیٚکی چاك. دیاریشە کە لقی چاك لە نەسلیٚکی چاكو باش نەبیٚ پەیدا نابیٚ، کە ئەوەش ژیانی حەلاڵی ژنو میٚردە. خوای گەورە دەفەرمویٚ: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾(الروم ٢١). واتە: لە بەلگەو نیشانەکانی گەورەیی خوا ئەوەیە کە لەخۆتان هاوسەری بۆ بەرهەم هیٚنان کە پیٚیان بحەسیٚنەوەو خۆشەویستیو ئەوینی خستۆتە ناوتان.[1] لەمەدا بۆ کەسانیٚ

---

١) ژنیٚك لە شەوی بوکیٚنیدا دوای جوتبونی لەگەڵ میٚردەکەی لە ئامیٚزی میٚردەکەی بو، بە میٚردەکەی گوت: من بە بەختەوەریم قەرزاری تۆم، نازانم چۆن هەندیٚك چاکەت بدەمەوە، میٚردەکەش وەلامی دایەوە گوتی: (جوانترین شت کە بم دەیەوە ئەوەیە، کە ئیٚستا لە ئامیٚزم دای!)

کە بەوردی سەرنج بدەن بەڵگە زۆرن.

بە گوێرەی ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە دەردەکەوێ، کە بنەماو بنەڕەت‌و بناغەی ژن‌و مێرد لەسەر خۆشەویستی‌و ڕێزلێنان‌و تەبایی‌و بە بەزەیی لەگەڵ یەکتریدا دامەزراوە، نەك لەسەر بنەمای سەیرکردنی ژن بە چاوی خزمەتکارو بێڕێزو، مامەڵە لەگەڵدا کردنی ئاژەڵیانە، دیارە ئافرەت وەك پیاو نەفسی هەیە.. ئارەزوی هەیە.. هتد. خوای بەخشندەش ئافرەت دەدات بە پیاو وەك هاوسەری ژیان، وەك ئەمانەتێك.. وەك ڕاسپاردەیەك دەیدات بە پیاو بۆ پێك هێنانی خێزانێکی بەختەوەرو سەرفرازو دڵشاد.

ئافرەت لە کۆندا بە چاوی ئاژەڵێکی بێگیان سەیر دەکراو، بێبەش دەکرا لە گشت مافە ڕەواکانی. تا لە ساڵی ٥٨٦ دا بیرکراوە، کە ئافرەت بەچاوی مرۆڤ سەیر بکرێ‌و بڕیاری بە مرۆڤ دانانیان داو، بڕیاریشیان دا، کە ئافرەت ئاژەڵ نیەو... مرۆڤێکە بۆ خزمەتکاری پیاوان دروستکراوە.. بەڵام ئیسلام چواردە سەدە پێش ئێستا بەگوێرەی ئایەتەکەی، کە باسکرا بڕیاری داوە ئافرەت بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی خوای گەورە!...کەوا ئافرەتی لە لاشەی پیاو دروستکردوە، نەك لە قوڕێکی جیا، هەروەها دروستیشی کردوە تا هاوسەری ژیانی پیاو بێ، نەك خزمەتکار. خوای باڵا دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا﴾(الأعراف– ١٨٩)، واتە: خوای بەدیهێنەر ئێوەی لەیەك کەس وەدی هێناوە" ژنەکەشی هەر لە ماکی ئەو پێك هێنا، کە لەوڕا بحەسێتەوە.

قورئانی پیرۆز بە دەقی ئەم ئایەتە، بەردی بناغەی ژیانێکی پڕ لە سۆزو عاتیفەو خۆش وهێمن دادەنێ. ژن شوێن تامگەو خۆشی‌و شادی و

حەوانــەوەی مێردەکەیــەتی، چــونکە کاتێــك مێردەکــەی لــەدوای هــەوڵو کۆشــشو مانــدوبونێکی زۆرو، لــەپێناو پەیــداکردنو دابینکردنــی ژیــانی ڕۆژانەی دەگەڕێتـەوە لای ژنەکەی، کە ئەویش دەبــێ بــە ڕویــەکی خــۆشو گەشو بە سینەیەکی فراوانەوە بەرەو ڕوی بــێو پێشــوازی بکــاتو ســۆزو خۆشەویستی بۆ دەربڕێ، ئا لەو کاتەدا مەیلی بەلادا دەچێ و دەگاتە ئــەم خۆشییە... ئەم حەوانەوەیە.. ئەم شوێن تامگەیەی کــە باســکرا. چــونکە بەهۆی ئەم ڕەفتارو هەڵسوکەوتەوە ماندویەتیو خەمو پەژارەی ژیان لــەبیر مێردەکەی دەباتەوە.

((محمود بن الشريف لە کتێبەکەی (الإسلام والحياة الجنسـية)دا دەڵێ: ژن سوکناو شوێنی حەوانــەوەو دڵنیاکــەرو دڵنــەوایی مێردەکەیــەتی، چــونکە ئافرەت لەژێر سێبەری خۆشەویســتیو تــەبایی و بــەزەییو داوێــن پاکیــدا، تینویەتی جنسی پیاو دەشکێنێو، لە خراپەکاریدا جنسو دڵ ئارامو هێمن دەکاتەوەو، ئەندامەکانی لەش لە کردەوەی بەدڕەفتارو ناشیرین دەپــارێزێ، هەروەها لە خلیسکان بۆ ناو لیتاوی گوناهو تاوانکاریی دەیپارێزێ!)).

لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە: ئایا ئەو ئافرەتەی لــە دەرەوەی مــاڵ بــۆ ماوەی چەند ســەعاتێك کــار دەکــات، دەتوانــێ هەڵســێ بــە دڵنــەواییو پیشاندانی ڕوخۆشیو خەندەی لێو بۆ مێردەکەی؟ یان دەتوانــێ لــە خــەمو پەژارەو ماندوبونی هاوسەرەکەی کەم بکاتەوە؟!

هانـدان بۆ ژن هێنــان و شـوكردن

خوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾(النساء -٣)، واتە: ژن مارە ببـڕن لەوانەی كە بۆتان حەڵاڵە، دوان یان سیان یان چواریش بن هەروایە. ئەگـەر ترسان نەتوانن ژنەكانتان وەكو یەك تەماشا بكـەن، ئـەوا دەبـێ یـەك ژن بهێنن.

بۆیەش خوای گەورە وای بباس دەكـات، چـونكە بـە یەكسـان تەماشا نەكردن و بەخێو نەكردنیان بە یەكسانی و ماف نـەدانیان وەك یـەك، سـتەم لـێ كردنیانەو، وە بەر كاری حەرام دەكەوێ.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەی (واجب) بونی ژن هێنان و شوكردن دەكـات، جا ئەو كەسانەی نایانەوێ ژن بهێنن و داوێنیان لـە خراپـەكاری نایـارێزن، دەست دەكەن بە پڕوپاگندە بۆ پەشیمان بونەوە لە ژن هێنان و گاڵتەكردن بە هاوسەرگرتن. ئەوانەی ئەم كارە دەكەن، لە ڕاستەڕێی خواو لەم كارە پیرۆزە دور دەكەونەوە، كە خوای گەورە لە قورئان دایـاوەو هانی ئەنجامدانی داوە.

خوای میهرەبان لە بارەی فەزڵی ژن هێنان و شوكردن و، دانانی ژن و پیـاو بەیەك لاشـە لـەژێر یـەك پۆشـاكدا دەفـەرموێ: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾[1] (البقرة- ١٨٧) ئیمامی طەبەری لە تەفسیری ئەم ئایەتە زۆر بەجوانی بۆی چـوەو دەڵـێ: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ﴾، واتـە: ژن و پیـاو پۆشـاك و بـەرگی

---

١) خێزانەكانتان پۆشاكن بۆ ئێوەو ئێوەش پۆشاكن بۆ ئەوان.

یەکترین، چونکە لەکاتی نوستنو بە ڕوتی لەیەك پۆشاك کۆدەبنەوە، لەیەکتر نزیکبونەوەی هەر یەکێکیشیان بۆ لای یەکتری، وەك ئەوە وایە یەك پۆشاك، یەك جلوبەرگ بەیەك لەشدا دوراوە. تەفسیری دیش هەیە، کە گوتویانە ئەم ئایەتە بە واتای: (ژن و مێرد پۆشاکی یەکترین).

یەکێك لە نوسەرە گەورەکان لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾ باس دەکات دەڵێ: ئەم چەند وشە کەمە، وێنە هێنانەوەیەکی زۆرجوانە بۆ بەدیار خستنی پەیوەستیی لەش (الجسد) و گیان (الروح) لە یەك کاتدا. چونکە پۆشاك گرنگترین پێویستی مرۆڤەو، بۆ ئادەمیزادیش دانراوە.

لە ڕاستیدا لە هەمو شت زیاتر کە پێکەوە دەنوسێن ژنو مێردە کاتێك کە جوت دەبن بەیەك جەستەو یەك گیان پێك دەگەنو لە چرکەساتێکدا لەناو لەزەتێکی بێسنوردا بۆ یەکتری دەتوێنەوە.

ژنو مێرد داپۆشەری یەکترین، لەبارەی جەستەیی (جسدي)دا، کە دەبنە پارێزەری داوێن و ئەندامی لەشیان لە گوناهو تاوان. داپۆشەری گیانیو دەرونین بۆ یەکتریو، هیچ کەسێکیش وەك ژنو مێرد داپۆشەری یەکتر نین، چونکە هەردوکیان دەبنە پاسەوانی پاراستنی سومعەو ماڵو سامانو نەفسو نهێنی یەکتری. جا وەك ئەو جلوبەرگو پۆشاکە پارێزەرە وایە کە ئەو کەسەی جلەکە لەبەردەکات لە گەرمای هاوینو سەرمای زستان دەیپارێزێ.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((اذا تزوج العبد فقد استكمل نصف دينه،

فليتق الله في النصف الباقي))[١]، واتە: گەر بەندەی خوا ژن بهێنێ یان شـو بکات، ئەوا نیوەی ئیمان و دینەکەی تەواو کردوە، با بۆ نیوەکـەی تـر کـە ماویەتی لە خوا بترسێو خۆی لە گوناهو تاوان پارێز کات.

چونکە ژن هێنان دەبێتە بڕیاردانی نیوەی چارەنوسی مسوڵمانو، دەبێتە مایەی ئەوەی بانگی بکات بۆ بایەخ دان بە بـاش هەڵبـژاردنی هاوسـەرو، لێکۆڵینەوەی وردو ئیستیخارەی شـەرعی، ئیسـتخارەکەش بریتیـە لـە دو رکعات نوێژ پاشان ئەو دوعایە دەخوێنرێ، کە لە پێغەمبەرەوە هاتوە، جـا ئەوەی دوای ئەمە رودەدات ئەوە خەیرو چاکەیە، دوعـای ئیستیخارەش بەم شێوەیە کە بوخاری لە (صحیح)ەکەیدا گێڕاویەتیەوە:

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ الْعَظِيمِ فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلا أَقْدِرُ وَتَعْلَمُ وَلا أَعْلَمُ وَأَنْتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ، اللَّهُمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ خَيْرٌ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي، أَوْ قَالَ عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ فَاقْدُرْهُ لِي وَيَسِّرْهُ لِي ثُمَّ بَارِكْ لِي فِيهِ، وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي، أَوْ قَالَ فِي عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ، فَاصْرِفْهُ عَنِّي وَاصْرِفْنِي عَنْهُ وَاقْدُرْ لِيَ الْخَيْرَ حَيْثُ كَانَ ثُمَّ أَرْضِنِي)).

هەروەها پێغەمبەرﷺ دەفـەرموێ: ((الدنيا متاع، وخير متاعها المرأة الصالحة))[٢]، واتە: ژیانی دنیـا ڕابـواردنو خۆشـییە، چـاکترین خۆشـی دنیاش ژنێکی (صالحة)یە.. ژنێکی خاوەن ئیمانو تەقوایە.

هـەروەها دەفـەرموێ: ((ثلاثة حق على الله عونهم: المكاتب الذي

---

١) رواه البيهقي-حديث حسن لطرقه .

٢) رواه مسلم .

يريد الأداء، والناكح الذي يريد العفاف، والمجاهد في سبيل الله))[١]، واتە: سێ کەس حەقن، کە خوای گەورە یارمەتیان بدات: ئەو کۆیلەیەی، کە دەیەوێ بە پارە خۆی ئازاد بکات، جا ئیش‌و کارو هەوڵی بۆ دەدا، تا پارەکەی دەستکەوێ، هەروەها ئەو کەسەی دەیەوێ ژن بهێنێ تا خۆی داوێن پاك ڕاگرێ، ئەو کەسەی لەپێناوی خوادا جیهاد دەکات.[٢]

زۆربەی ئەو کەسانەی ژن ناهێنن و توانای ژن هێنانیشیان هەیە، دیارە ئەوانە بیر لە داوێن پیسی دەکەنەوە، داوێن پیسیش مرۆڤ لەسەر ڕێی ئیمان دور دەخاتەوە. ئەو مسوڵمانەش کە ژن ناهێنێ‌و شو ناکات، ئەوا لە دینەکەی تێنەگەیشتوەو ناشارەزایە، با باش بزانێ ئەو جۆرە کەسانە نقومی گوناهو تاوانن. بۆ ئاگادار کردنەوەشیان ئەم گوتەیەی ئیبن مەسعود بخەینە ڕو کە دەڵێ: ((گەر لە تەمەنم دە ڕۆژ بمێنێ، حەز دەکەم ژن بهێنم بۆ ئەوەی کاتێك، کە مردم بەبێ ژنی نەچمە لای خوای بەرزو مەزن)).

جا مسوڵمانانی پێشین، گەر منداڵەکەی بالغ بویاو توانای هاوسەرگرتنی هەبا، قسەی دەربارەی هاوسەرایەتی لەگەڵ دەکردو، یارمەتی دەداو هانی دەداو ئافرەتێکی دیندار لە ماڵە پاك‌و پارێزگارەکانی بۆ دەستنیشان دەکرد. ئا ئەمە شێوازێکە بۆ پاك ڕاگرتنی ژیان‌و پاڵنانی بۆ ڕێیەکی ساغ‌و ڕاست[٣].

---

١) رواه الترمذي والنسائي.

٢) ئەم فەرمودەیە چەند بەرزو گەورەیە، کە هاوسەرگرتن‌و جیهادکردن لە ڕێی خواو ئازادکردنی بەندەی یەکسان کردوە.

٣) (الحياة الزوجية) .

بەرز ڕاگرتنی غەریزەی جنسی

مەبەست لە بەرز ڕاگرتنی غەریزەی جنسی ئەوەیە، کە زۆربەی زانایانی دەروونناس ناویان لێ ناوەو دەستەواژەیان بۆ داناوە، ئەوەش بە پێویستی بەرز ڕاگرتنی غەریزەی جنسیو بەرزکردنەوەیەتی بەرەو ئاسۆیەکی زانستیو ئەدەبیو هونەری بەکەڵك، لە حاڵێکدا کە یەکێك نەتوانێ ژن بهێنێو خۆی بەداوێن پاکی ڕاگرێ. پێغەمبەریش ﷺ فەرمانی بەبێ ژن داوە کە بەڕۆژو ببێ ئەوەش بۆ پاراستنی ئەسڵی غەریزەکە، کە جۆرێکی بەرزە لە جۆرەکانی بەرزبونەوەی غەریزەی جنسی کە ئیسلام دەست پێشخەری کردوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە مرۆڤ بە هەمیشەییو هەردەم بەو شێوەیە بمێنێتەوە وەك، کە هەندێ لە پیاوانی ئایینی مەسیحی پەیڕەوی دەکەن، بە واتای ژن ناهێنن! بڵندویەرزی ئەم غەریزەیەش چەند سودێکی گرنگ دەبەخشێ لە جیهانی تۆژینەوەداو لێکۆڵینەوەو بەرهەم هێناندا.

ئەوەی باسکرا کە ئاڕاستەیەکی جنسی پاکە لەکوێ و بانگەوازیەکەی فرۆیدی جولەکە، کە دەیکات لەکوێ، کە مرۆڤ هەڵدەنێ بە پەلە ئارەزوە جنسییەکانی تێر بکات، کە چەواشەی خەڵك دەکات بەوەی گەر جنس تێر نەکرێت جا بە هەر شێوەیەك بێت، ئەوا توشی کپ بونی جنسیو خەمۆکیو نەخۆشی نەفسی دەبێ.

دکتۆر ئەلکسیس کاریل لە کتێبەکەیدا بەناوی (الإنسان ذلك المجهول)دا دەڵێ: (لە ڕاستیدا زێدەڕۆیی کردن لە کرداری جنسی دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لە چالاکییەکانی عەقڵی، دیاریشە کە ژیری (عقل) پێویستی بە ڕژێنە جینسییەکی باش هەیە، تا بتوانێ بگاتە ئەوپەڕی پلەی بەهێزی).

کورتەی تیۆر (نظریة)ی فرۆید بریتیە لە بانگەوازیەکی جولەکەیی بۆ ئەوەی ڕێگە نەگیرێ لە تێرکردنی جنسی بە حەرامی‌و، نقوم بون لە زەلکاوی ئارەزوبازیدا، بە مەبەستی بێ‌هێزیو لاواز کردنی جنسی مرۆڤ. ئەوەش بە پێی نەخشەی جولەکەی جیهانی، کە لە (پرۆتۆکۆلات)ی سەرانی جولەکەیە، کە دەڵێ: (پێویستە هەوڵ بدەین کاربکەین بۆ ئەوەی ڕەوشت لە گشت شوێنێك بڕوخێ، جا ئەو کاتە دەسەڵاتمان بە سەریاندا ئاسان دەبێ، فرۆیدیش لە ئێمەی جولەکەیە، کە بە بەردەوامی باسی پەیوەندییە سێکسی یەکان دەکات بێ پەرواو بە ئاشکرا، تا هیچ شتێکی پیرۆز بە پیرۆزی نەمێنێ!! ئەو کاتەش ئەو کەسانە هەمو مەبەستێکیان، تەنها گرنگی دان بە چۆنیەتی تێرکردنی جنسی دەبێت، جا بە هەر وەسیلەیەك بێت، جا ڕەوشت و ئاکاری بەرز هیچی نامێنێ!!).

گەرچی تیۆری فرۆید لە زۆربەی ولاتانی دنیا فڕێدراو بەلاوە نرا، هەروەها لە یەکێتی سۆڤیەتیش، چونکە ئاسەوارو ئاکامە پیس‌و خراپەکەی ڕون بویەوەو بەدیار کەوت، بەڵام لە زۆربەی پەیمانگاکانمان وەك ڕاستییەکی سەلمێنراو دەخوێندرێ.

ئەمە کورتەیەك و پێشەکییەکی باسەکەمان بو، جا لەمبارەوە با بێینە سەر مەسەلەی ڕاگرتنی جنس بە پاکی لەژێر تیشکی فەرمودەی خواو پێغەمبەرﷺ.

خوا دەفەرموێ: ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ﴾(النور- ٣٣)، واتە: با ئەوانەی توانای زەماوەندیان نیە، خۆ ڕا بگرن هەتا خودا لەچاکەی خۆی دەرویکیان لێ دەکاتەوەو کارەکەیان مەیسەر دەکات.

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((**يا معشر الشباب! من استطاع منكم الباءة فليتزوج**[1] **فإنه أغض للبصر، وأحصن للفرج. ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنّه له وجاء**))[2]، واتە: ئەی كۆمەڵی گەنج و لاوان! هەر كەسێك لە ئێوە گەر پارەو سامانو پێداویستییەكانی ژن هێنانو توانای جنسی هەیە با ژن بهێنێ، چونكە بەهۆی ژن هێنانەوە چاو لە ئاست حەرام دەپارێزرێ، هەروەها ژن هێنان دەبێتە قەڵای پاراستنی داوێن لە داوێن پیسی. هەر كەسێكیش توانای ژن هێنانێ نەبو با بەڕۆژو بێ، چونكە بەڕۆژوبون بۆوی قەڵغانەو لە خراپەكردن دەیپارێزێ.

پێغەمبەرﷺ كە دەفەرموێ: ((**ومن لم يستطع**)) لێرەدا شتێك دەخەینە ڕو، ئەویش ئەوەیە گەر گەنج بیەوێ ژن بهێنێ، بەڵام لەبەر نەبونی پارە نەتوانێ بیهێنێ، ئەو نەتوانینە لە كاتێكدا بوە، كە ئیسلام تازە بناغەی داكوتابو، بەڵام كە دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێو سەرمایەی دەبێو (بيت المال)ی دەبێ، ئەوا ئەو كاتە هەمو گەنجێكی مسوڵمان بۆی هەیەو دەبێ ژنی بۆ بهێنرێو، دەبێ دەوڵەت لە دارایی پارەی ژن هێنانی بۆ بدات، گەر ئەو گەنجە مسوڵمانە قەرزیشی كرد بو، دەوڵەت دەبێتە دابینكەری قەرزەكەی لە بەشی قەرزاران لە پارەی زەكاتدا، چونكە زەكات بە قەرزاران دەدرێ. نمونەیەكی واقیعیش دەخەینە ڕو، كە لە كتێبی ئیبن الحكم دا لە ژیاننامەی عومەری كوڕی عبدالعزیزدا

---

١) دەقەكانی قورئانو سوننەت ئاماژە بەوە دەكەن، ئەو كەسەی دەتوانێ هاوسەر بگرێ، ئەوا پێویستە لەسەری، نازانم چۆن هەندێك پێشەوا دەڵێن ئەم فەرمانە بۆ (استحباب)، یان ڕێ پێدانە؟

٢) رواه البخاري ومسلم

هاتۆتە دی، کە دەڵێ: ((کوڕێکی عومەری کوڕی عبدالعزیز داوای لە باوکی کرد، کە ژنی بۆ بهێنێ‌و لە (بیت المال)دا پارەی مارەیی بۆ بدات. عومەر لە کوڕەکەی توڕە بو، چونکە کوڕەکەی ژنی هەبوو دەیویست ژنێکی تر بهێنێ. جا نامەیەکی بۆ نوسی‌و گوتی: نامەکەتم بەدەست گەیشت، کە داوای پارەت کردوە لە (بیت المال)ی مسوڵمانان بۆت کۆ بکەمەوە، لە کاتێکدا کوڕە موهاجیرەکان یەکێکیان ژنیان نیە، لەبەرئەوە پارەت لە دارایی مسوڵمانان بۆ نادەم، پاشان نامەیەکی تری بۆ نوسی کە تیایدا نوسیبوی، کە ئەو مس (نحاس)و کەلوپەلەی پێشتر بومانە بیفرۆشە بۆ خۆت))[١].

خەلیفە سەری نەسوڕماو بە لایەوە شتێکی نامۆ نەبو، کە کوڕەکەی داوای پارەی لە (بیت المال)ی لێ بکات بۆ ژنهێنان، بەڵام ژنهێنانی کوڕی موهاجیرەکانی بەلاوە (واجب) ترو پێویست تر بو.

هەر لەم بارەیەوە عومەری کوڕی عبدالعزیز نوسراوێکی بۆ کارمەندانی سەرپەرشتی کارانی (بیت المال) نوسی و پێی گوتن: ئەو کەسانەی، کە قەرزارن پارەکەیان بۆ بدەن و قەرزیان بۆ بدەنەوە. ئەوانیش لە وەڵام دا بۆیان نوسی: ئێمە کەسی وا دەبینین خانوی هەیە... خزمەتکاری هەیە... ماینی هەیە... کەلو پەلی ماڵەوەی هەیە، چۆن قەرزی بۆ بدەین. عومەریش بۆی نوسین: پیاوی مسوڵمان دەبێ خانوی هەبێ، کە تێیدا جێگیر بێ.. خزمەتکاری هەبێ ئیش‌و کاری بۆ بکات.. ماینیشی[٢] هەبێ دژی دوژمنان تا جیهادی پێ بکات ، دەبێ مسوڵمان خاوەنی

١) لاپەڕە: ١٢٥.
٢) کە ئێستا (ئۆتۆمبیل) دەگرێتەوە. وەرگێڕ

شتومەکی ماڵەوە بێ بۆ خێزانو منداڵەکانی. لەبەر ئەوە گەر خاوەنی ئەم شتانەش بێ ئەوا هەر بە قەرزار دەژمێردرێو هەرچی قەرزێکی هەیە دەبێ بۆی بدەنەوە[١].

دەربارەی ئەمەش فەرمودەیەکی (صحیح) هاتوە، کە لەسەر دەوڵەت پێویستە، ژنو خانو و خزمەتکار بۆ فەرمانبەرانی خۆی دابین بکات.

پێغەمبەرﷺ کە دەفەرموێ: ((**فعليه بالصوم**)) لەم بارەیەوە شتێك دەخەینەڕو: لە ئیسلامدا، کە دەڵێ مرۆڤ دەبێ خۆی داوێن پاك ڕابگرێ، تا کاتی ئاسان بونی ژن هێنانی، نوسەر دەڵێ: بە پێویستم زانی وەڵامی لایەنگرانی تیۆری (فرۆید)ی تاوانباری جولەکە بدەمەوە، کە خەڵك هان دەدەن بە بەتاڵ کردنی وزەی جینسیو ئەنجامدانی داوێن پیسی بە بیانوی ئەوەی داوێن پاکیو بەتاڵ نەکردنی جینس دەبێتە هۆی مەترسیو کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ.

(هنری میلەر)ی زانا دەڵێ: باشترین هۆو وەسیلە بۆ پاراستنی لەش لە نەخۆشی، بەتاڵ نەکردنی جنسە پێش ژن هێنان، جا بەهەر وەسیلەیەك بێت. هەروەها دەڵێ: ملکەچیو تەسلیم بون بۆ هەر هەل (فرصة)یەك بۆ کرداری سێکسی (زیناکردن)، ئەوا ئەو تەسلیم بونە دەبێتە هۆی دابەزاندنی ئیرادەو شەخسیەتی ئەو کەسە. شەخسیەتیش لەسەر ئیرادە بەهێزی وەستاوە! لە هۆیەکانی بەهێز کردنی کەسایەتی، سنور دانانی غەریزەی جنسییە. ملکەچیو تەسلیم نەبون بۆ ئارەزوە جنسییەکان (بە حەرامی) لە ئەوەڵەوە، لەوانەیە زەحمەتو سەخت بێ، بەڵام بە ڕاهێنانی نەفس، وردە وردە ئاسانو مەیسەر دەبێ. ئەو کەسەش پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتان دەبەستێو پاشانیش ژن دەهێنێ، ئەو جۆرە کەسە حاڵەت و نەفسیەتی

---

١) سيرة عمر عبدالعزيز لإبن الحكم ص١٦٤.

جێگیر (مستقر) نابێو، هەرگیز لە سۆزو عاتیفەی دڵی خێزانەکەی ناگات، بەڵام کەسانێك کە داوێنیان.. جنسیان بەپاکی ڕادەگرن، تا کاتی ژن هێنانیان، بەڕاستی ئەوانە ڕیزی ئافرەتو ژنەکانیان دەگرن، کە بە هاوسەری ژیانیانو.. دایکی منداڵەکانیان دادەنێن کە لە خۆشەویستی دەربڕیندا خەڵاتێکی هەمیشەیی بەدی دەکەن.

لە کۆتاییدا با ئەوە بڵێین، کە ڕادە دانانو سنور دانان بۆ جوتبون لەگەڵ خێزاندا شتێکی پێویستە، چونکە زۆر حاڵەت هەیە پیاو ناچار دەکات لەگەڵ خێزانەکەی جوت نەبێ وەك: سك پڕیو حەزکردن بە درێژکردنەوەی ماوەی منداڵ نەبون، هەندێ نەخۆشی تایبەتی ئافرەت و... هتد. لەبەر ئەوە کاتێك مرۆڤ پێش ژن هێنانی گەر خۆی ڕاهێنابو لەسەر سنور دانانو قەدەغەکردنی کرداری جنسی، ئەو کاتە دەتوانێ لەم حاڵەتانەدا خۆی بگرێ، و سور بێ لەسەر بەرژەوەندی خێزانەکەی.

ڕەنگە پێم بڵێی: ئەمە شتێکی جوانە، بەڵام ئایا ئەمە دەکرێ؟.. بەڵێ! مرۆڤی ئاسایی دەتوانێ خۆی لە خلیسکان و ڕەتڵ بردن بپارێزێ، تەنانەت لەکاتی زەواجیشدا، نمونەی ئەمەش زۆرە!.. ڕەنگە پێم بڵێی: بەڵام ئایە خۆگرتنەوە لە جوتبون زیان بە تەندروستی ناگەیەنێ؟ ئا لێرەوە بەم شێوەیە وەڵامی ئەم قسەیەت دەدەمەوە:

١/ هەندێ کەس وا گومان دەبەن، کە خۆگرتنەوە لە جوتبون دەبێتە هۆی کزیو لاوازی ئەندامی زاوزێ (الأعضاء الجنسية)، بەڵام لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی ڕاستە! گەر سەردانی پزیشکان بکەیت، پێت دەڵێن: ئەو باوکانەی کرداری جنسی بە باشترین شێوە ئەنجام دەدەن، ئەوانەن کە بەر لە ژن هێنان توانیویانە داوێن پاکی خۆیان ڕابگرن.

٢/ هەندێ کەس دەڵێن: خۆگرتنەوە لە جوتبون ئەندامی زاوزێ دەوروژێنێ؟

راستیەکەی ئەوەیە، کە ئەنجام دانی کرداری جنسی، دەیروژێنێ، چونکە مومارەسەکردنی کرداری جنسی وا لە ئەندامی زاوزێ دەکات، کە هەردەم لەباری وریاییدا بێت، پاشانیش ڕۆژێك دادێ کە ویست و بەرگری (مقاومة) ناتوانێ خۆی لەبەر راگرێ. بەڵام خۆگرتنەوەی کردەیی (فیعلی)، زۆر ئارەزوکردنی جوتبون کەم دەکاتەوە بە مەرجێك بیرکردنەوەو تێڕوانینەکان هێدیو هێمن بن.

٣/ کەسانی تر پێت دەڵێن: خۆگرتنەوە لە جوتبونو کرداری جنسی، خەڵك رادێنێ لەسەر دەستپەڕکردن (الأستمناء)، بە دڵنیاییەوە دەڵێم: هاوڕێیەتی کردنی خراپەکارانو، تەماشاکردنی وێنە وروژێنەرەکان، گەنجان کێش دەکا بۆ ئەم کردارە. هەر کەسێکیش یەکجار ملکەچی دەستپەڕ بو، ئەوا زۆر جاری تریش ملکەچی دەبێو ئەنجامی دەدات، چونکە لەدەستدانی ویست (إرادة) یارمەتی ئەمە دەدات. هەروەها ئەوانەی لە بەندیخانەکان بەندکراون زۆرینەیان ئەم کارە ئەنجام دەدەن، بەڵام شتێك هەیە، کە لە سەرەتاوە داوامان کردوە، ئەویش بەهێزی ویست (إرادە)و پاك داوێنی دو شتن، کە ناهێڵن ئەم کارە ئەنجام بدرێ، ئەوەشمان لەبیر نەچێ ئەوانەی بەدوای ژنان دەکەون، ئەوانە لە کەسانی تر زۆرتر بەرەو ڕوی ئەم کارەوە دەچن، بەتایبەتی گەر ئافرەتێکیان دەست نەکەوێ، کە ئارەزوی خۆیان لێ تێر بکەن، ئا ئەوانە دەستپەڕکردن بە هۆو وەسیلەیەکی ئاسانتر دەبینن بۆ تێرکردنی پێویستی جەستە. کەواتە زەروریو پێویستە بەر لە هەمو شتێك قەناعەت هەبێ بەوەی، کە خۆگرتنەوە لەکرداری جنسی بەسودو پێویستە.

٤/ دەڵێن: خۆگرتنەوە لە کرداری جنسی سەردەکێشێ بۆ دو مەترسی، یەکەم: لە دەستدانی مادەی مەنی، درێژە دەدات بە خۆگرتنەوە، بەڵام

راستیەکەی ئەوەیە، کە ئەمە نەخۆشـــــــیەکە لـەئـەنجامی بـەردەوام مومارەسەکردنی کرداری جنسیەوە دێتە کایەوە، کەواتە ئەو نەخۆشیە لە ئاکامی خۆگرتنـەوە نیە، بەڵکە لە ئەنجامی مومارەسـەکردنە.دوەم: شەیتان پێکـەنین، واتــە ئـەو دەرهاوێـژ (إفـراز)انـەی، کـە هـاودەمی نوستنە. جا ئەم شەیتان پێکەنینە گەر یەکەمجار خەو بینینی لەگەڵ بو، ئەوا وەسیلەیەکی سروشتییە، کەوا ئامێری زاوزێ (چوك) ئـەوەی لێـی زیادەیە دەری دەچوێنێ‌و، هیچ خراپەیەکی تێدا نیە، بەڵام مەترسیدارە گەر وا لە گەنج بگەیەنرێ، کە ئەم وەسیلەیە زیانبەخشـە، چـونکە بـە ترسان لێی ملکەچی چەند بیرکردنەوەیەکی ڕەش دەبێ، ئەم بیرکردنـەوە ڕەشانەش تەنها لە هەڵەی ئەم تێگەیشتنەوە دێتە کایەوە..

با وریای شتێك بین، زۆر بیرکردنەوە لەلایەنی جنسی، دەبێتە هۆی زۆر شەیتان پێ‌کەنین (ئیحتیلام)، ئەو کاتەش دەرچونی ئەم دەرهاوێژە دەبێتە کردەیەکی ویستی (إرادي) ناڕاستەوخۆ، کەواتە کەوتنەوەی ئەم ئەنجامە، لە خۆگرتنەوە لە کرداری جنسی نیە، بەڵکە لە ئەنجامی دابەزینی گیان (روح)ەوەیە، کە ئەویش بەرپرسیارە.. ئەو کزی جنسیەش کە لە هەندێ کەسانەوە رویداوە، سەرچاوەکەی خۆگرتنەوە لە کرداری جنسی نیە، بەڵکە لە ئەنجامی زێدەڕۆیی کردنە لە دەستپەڕکردن (الإستمناء)، یان لە ئەنجـامی زێدەڕۆیی کردنە لە کرداری جنسی..

لێکۆڵینەوەو باسکردن لەم بابەتە درێژە دەکێشێ، لەبـەر ئـەوە خوێنـەر ڕەوانەی بەناوبانگترین پزیشك و دانراوەکانیان دەکەین، ئەو کاتەش دەبینین ئێمە لە خۆمانەوە قسەمان نەکردوە، بەڵکـە ئەمـە ئـەزمون‌و تۆژینـەوەی واقیعی تەندروستیە.

ئافرەت خۆشترین خۆشی ژیانە

خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ﴾ (الـروم- ٢١)، لـە واتـای (مودة)دا لەم ئایەتە پیرۆزەدا، مانای بەرزی ئەمەی بە دەرخستوەو بەدەری دەخات، کە پەیوەندی نێوان ژنو مێرد تـەنها پەیوەنـدی سـەرجێیی نیـە، بەڵکو پەیوەندیی چاوەدێریو سەرپەرشتیو خۆشەویستیو دڵنەرمیو ڕێـزو سۆزو عاتیفەییە. ئەوەش ڕێزی کەسایەتی ئافرەت وبـەرزی پلـەی ئـافرەت دەردەخات.

پێغەمبەرﷺ دەربارەی خۆشویستنی ئـافرەت دەفـەرموێ: ((حُبِّبَ اليّ من دنياكم: النساء والطيب! وجعلت قرة عيني في الصلاة)).[1] واتە: لە دنیادا دو شتم لە لا خۆشەویست کـراوە: ئـافرەتو بـۆن خۆشی! نوێـژیش ڕونو ڕۆشنایی چاومە.

پێغەمبەر کە دەفەرموێ: لە لام خۆشەویست کراوە، واتە خـوای گـەورە ئەم دو شتەی لە هەمو شتەکانی دنیا هەڵبژاردوەو خۆشەویستی کردوە، کە هەر یەکەیان نیعمەتێکەو تایبەتمەندیو تام و چێژی خـۆی هەیـە. ئـافرەت خۆشەویستە چونکە چراو ڕۆشـناییو دڵنەواکـەرو سـوکنایی ماڵەوەیـەو، پەروەردەکەرو هۆی بونی منداڵە. بۆن خۆشیش بۆیـە خۆشەویسـت کـراوە، چونکە دڵ و دەرون فێنك دەکاتو گوشادی دەکات، هەروەها دڵخۆشکەری فریشتەکانە. نوێژیش ڕونـی چـاوو دڵخۆشیو پاڕانـەوەو نـزاو داواکردنـی

---

١) رواه النسائي، والإمام أحمد في المسند، والحاكم وسنه صحيح.

سەرفرازیو رزگارییە لە نێوان بەندەو پەروەردگاریدا. لەم نزاو پاڕانەوەدا خۆشیو شادی دەدات بە دڵی بەندە، ئەوەش بەختیارترینو سەربەرز ترین حاڵەتی مرۆڤە))(١).

ئیمام (ابن الجوزي) لە کتێبی (نوادر الأذكياء) باس دەکات، کە شاعیرێك بەلای چەند ئافرەتێکدا تێپەڕ بوەو جوانیەکەیان، سەرنجی ڕاکێشاوەو ئەم هەڵبەستەی گوتوە:

إن النساء شياطين خلقن لنا   نعوذ بالله من شرّ الشياطين

واتە: ئافرەتان شەیتانن بۆ ئێمە دروست بون، پەنا بەخوا لە خراپەی شەیتانان.

یەکێك لە ئافرەتەکان وەڵامی دایەوەو گوتی:

إن النساء رياحين خلقن لكم   وكلكم يشتهي شم الرياحين!!

واتە: ئافرەتان ڕەیحانن بۆ ئێوە بەدیهێنراون، هەموشتان حەز دەکەن بۆنی ڕەیحانتان بکەن.

لەسەر ئەو قسەیەی کە دەڵێ: ئافرەتان ڕەیحانەن، خاوەنی کتێبی (واجب الآداب) دەگێڕێتەوە: ڕۆژێك خالیدی کوڕی یەزیدی کوڕی معاویە باسی عبداللەی کوڕی زوبەیر دەکات کەوا ڕەزیلە، خێزانەکەشی ڕەملەی کچی زوبەیر، کە خوشکی عبداللەیە دانیشتبو، بێدەنگ بوو قسەی نەکرد، خالد پێی گوت: ئەوە بۆ قسە ناکەیت! بە قسەکەم ڕازی، یان هەر حەز ناکەیت وەڵامم بدەیتەوە؟! ئەویش گوتی: نە ئەمیانو نە ئەویان! ژن بۆ ئەوە دروست نەبون دەست بخەنە کاری پیاوان، لە ڕاستیدا ئێمە ڕەیحانەین بۆ بۆن کردنو لەئامێزگرتنین! چیمان داوە دەست بخەینە کارتانەوە؟! دەڵێ: بە قسەکەی سەرسام بوو نێوچاوانی ماچ کرد!

---

١) التاج الجامع للأصول.

پەلە کردن بۆ پێشەکێش کردنی خواپەرستی چەوت و لاڕێ

ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردوە کە: ((سێ پیاو چونە مالّی خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ، لە چۆنیەتی خواپەرستی پێغەمبەریان پرسی، کە چۆن خواپەرستی دەکات، کاتێك چۆنیەتی خواپەرستییەکەیان پێ گوترا، ئەوانیش گوتیان: ئێمە لە کوێین لەچاو خواپەرستی پێغەمبەر، خوای گەورە لە گوناهەکانی پێش و دوایی ئەو خۆش بوە!

یەکێك لەو پیاوانە گوتی: کەواتە من هەمو شەو شەونوێژ دەکەم.

یەکێکی تر گوتی: بەدرێژایی سالّ هەمو ڕۆژ بەڕۆژو دەبم.

یەکێکی تریش گوتی: هەرگیز ژن ناهێنم.

کاتێك پێغەمبەرﷺ ئەم قسانەی پێ گەیشتەوە چوە لایان و فەرموی: ئەوە ئێوە ئەم جۆرە قسەیەتان گوتوە؟! بەخوا با پێتان بلّێم!! من لە هەموانتان زیاتر لەخوا ئەترسم و خۆم لە گوناهان پارێز ڕادەگرم، لەگەلّ ئەوەشدا بەڕۆژو دەبم و ڕۆژوش ئەشکێنم، نوێژیش دەکەم و ئەخەوم، ژنیش دەهێنم، هەر کەسێکیش واز لە سونەت و ڕێبازی من بهێنێ، ئەوا لەمن نیە.

هەروەها ئیمامی بوخاری و ترمذی ریوایەتیان کردوە پێغەمبەرﷺ، سەلمانی فارسی و ئەبو دەردائی کرد بە برا، کاتێك سەلمان چوە لای لە مالّەوە، ئوم دەردائی بینی جلی ئیش وکاری لەبەردا بو، وازی لە جل وبەرگی جوان هێنابو. سەلمان بە ئوم دەردائی گوت: بۆچی ئەم جۆرە جل وبەرگەت لەبەرەو خۆت بۆ مێردەکەت جوان ناکەیت؟ ئوم دەردائیش

گوتی: ئەبو دەردائی برات، بە شەو شەونوێژ دەکاتو بە ڕۆژ بەڕۆژو دەبێ، ئەو پێویستی بەدنیا نیەو وازی لە دنیا هێناوە!.. کاتێکیش ئەبو دەرداء هاتەوە ماڵ پێشوازی کردو سەلامی لێکرد. سەلمان خواردنی بۆ ئەبو دەرداء هێنا، پێی گوت: خواردن بخۆ! ئەبودەرداء گوتی: بەڕۆژوم. سەلمانیش گوتی: سوێندم لەسەرت خواردوە، کە دەبێ ڕۆژو بشکێنی، منیش نان ناخۆم تا تۆ نان نەخۆی. ئەبو دەرداء بەقسەی کردو نانی لەگەڵ خوارد، پاشان سەلمان لە شەودا لای ئەبو دەرداء مایەوە. کاتێکیش شەو داهات ئەبو دەرداء ویستی هەڵسێ بۆ شەونوێژ، بەڵام سەلمان نەیهێشتو بە ئەبو دەردائی گوت: جەستەو لەشت مافی بەسەرتەوە هەیەو خێزانیشت مافی بەسەرتەوە هەیە، بەڕۆژو بەو ڕۆژوش بشکێنە، نوێژیش بکەو سەرجێییش لەگەڵ خێزانەکەت بکە!!بۆ هەمو شتێك مافی خۆی بدەرێ. کاتێك کە بەیانی داهات سەلمان گوتی: ئێستاکە هەڵسە نوێژ بکە، مەبەستی نوێژی پێش بەیانی. ئەبودەردائیش هەڵساو دەست نوێژی گرت دو رکات نوێژی سوننەتی پێش نوێژی بەیانی کردو پاشان بەیەکەوە چون بۆ مزگەوت بۆ کردنی نوێژی بەیانی. ئەبو دەرداء لە پێغەمبەر نزیك بۆوەو، ئەوەی سەلمان پێی گوتبو بە پێغەمبەری ڕاگەیاند، تا بزانێ حوکمی ئەوە چۆنە. پێغەمبەرﷺ پێی فەرمو: ئەبو دەرداء! جەستەو لاشەت حەقو مافیان بەسەرتەوە هەیە وەك سەلمان گوتی.. (لە ریوایەتێکی تردا پێغەمبەرﷺ فەرموی: سەلمان ڕاست دەکات).

لێکدانەوەی ((وأعط كل ذي حق حقه)) هەمو شتێك حەقی خۆی بدەیێ، ئەوەش کە سەلمان بە ئەبو دەردائی گوت. ئەوەیە: ئیسلام کە بەرنامەی ژیانە، نابێتە بەربەستو ڕێگر لەبەردەم ئارەزو و غەریزەی

جنسی حەلاڵ. بەڵکو بە پێچەوانەوە هان دەدات و ڕێگەی بۆ خۆش دەکات. دیارە ئەوەش شتێکی سەر سوڕهێنەر نیە، چونکە تەنها ئارەزوی جنسی حەلاڵە، کە دەبێتە هۆی مانەوەی ئادەمیزاد لەسەر زەوی. دژایەتی کردنو بەربەست کردنی جنس بە حەلاڵی، ئەوپەڕی نالەباریو گەوجیەتییە. بەختیاریو بەردەوامیی ژیان لەوە دایە، کە جنس بە ئاراستەیەکی ڕاستو دروستو شەرعیانە ئاراستە بکرێو، مەنهەجیشی بۆ دابنرێ.

با خوێنەریش لە لای نامۆو غەریب نەبێ، گەر وتمان ئیسلام هەوڵ دەدات بۆ بەدەست هێنانو بەردەوامی خۆشیو ڕابواردنی دروستو ژیانی بەختەوەر. کاتێکیش داوێن پیسیو زیناو مەی خواردنەوە حەرام و یاساغ دەکات، ئامانج ئەوەیە، کە جەستەو لاشەی مرۆڤ بە دروستیو ساغی بمێنێتەوە، تا تامو چێژ لە جنسی حەلاڵ بە بەردەوامی وەرگرێ. بینیشمان چۆن پێغەمبەرﷺ لەو کۆمەڵە کەسانە تورە بو، کە ڕێگایەکی چەوت و لاریان بۆ خۆیان دانابو، بێئەوەی ئارەزوی جنسییان تێر بکەن، کە ئەوەش پێچەوانەو دژی سروشتی ئادەمیزادە، ئەم کۆمەڵە کەسە وایان گومان دەبرد، کە بەهۆی ئەم کارەوە لەخوای گەورە نزیک دەبنەوە، بەڵام پێغەمبەری مەزنﷺ پێی ڕاگەیاندن، کە بە ئەنجام دانی ئەم کارەتان ئێوە لە ئیسلامو بنەماو بنەڕەتەکانی فیترەتو سروشتی ساغ دور دەکەونەوە!!

هەروا بە بە بەرگریکردنی ئارەزوی جنسی، ئازارەکانی وەسوەسەی شەیتان دەناڵێننو خۆیان سەرقاڵ دەکەن، هەمو ئەمانەش لەبەر ئەوەیە، کە ڕەبەنی هەموی خراپەو شەڕە، دەگمەنێك نەبێت، ئەگینا کەسانی تر لە گوناهەکانی دەربازیان نابێ، گەر سەریش کەوتن ئەوا زۆرجار لەو فەرزەیان دەکات، کە خوای گەورە فەرزی کردوە.

ئیبن عەباس گوتویەتی: ژن بێنن چونکە ڕۆژێـك لەگـەڵ هاوسـەرگرتندا باشترە لە خواپەرستی ئەوەندەساڵە!

ئیبن مەسعود لە کاتێکدا کە پێکـراوەو بریـندار کـراوە گوتویـەتی: ژنم لـێ مارەبکەن، چونکە حەزناکەم بە ڕەبەنی بە خزمەت خوا بگەم!

گوتراوە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە رۆژی دوەمی مردنـی ژنەکـەی، کـە دایکی عبداللە بو، ژنی هێنایەوەو گوتی: حەزناکەم بە ڕەبەنی بمێنمەوە!

هەڵبژاردنی هاوسەری چاك

زۆربەی زۆری ئەو گیروگرفتانەی دێنە پێش ژن هێنانو شوکردن، هەڵبژاردنی هاوسەری ژینە بەبێ لێکۆڵینەوەو بەدوادا چونو سۆراغ کردن، چەند کوڕو کچی لاو هەبون پەلەیان لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکەیان کردوە ، تەنها لەبەر ئەوەی شەیدای جوانیەکەی بوە، کە بەهۆیەوە توشی نەگبەتیو ماڵ وێرانی بوە.

ئیسلام هانی ئەوەی داوەو گرنگیشی پێ دەدات، کە ئەو کەسەی هاوسەر هەڵدەبژێرێ خاوەن ڕەوشتو دینو داوێن پاكو خاوەن ئیمانێکی پتەو بێو ملکەچی یاساکانی قورئان بێ.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾(الحجرات-١٣)، واتە: بەڕێزترو نزیکترو پایەبەرز ترینتان لای خوا ئەو کەسەیە، کە زیاتر لە خوا دەترسێو خۆی پارێز دەکات لە ئاست گوناهو تاواندا.[١]

هەروەها خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَنكِحُوا الْأَيَامَىٰ مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ ۚ إِن يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ ۗ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ (النور: ٣٢)، واتە: مارەیی ببڕن کە ئەوە بانگەوازە بۆ (وەلی ئەمر)ەکان، بۆ ئەو کەسانەی کە ژنیان نیە یان شویان نەکردوەو مێردیان نیە. لەو کەسانە مارەیی ببڕن، کە لە خۆتانن و (صالحن) لەو عەبدە پیاوو ژنانەی، کە لە

---

١) نەیفەرموە بەڕێزترتان لای خوا ئەو کەسەیە، کە خاوەن خانوو سامانو خاوەن ئۆتۆمبیلو شەهادەو ناوو شۆرەت بێ. بەڵکو پێوەر لای خوا زیاتر پابەندبونە بە یاساکانی خواو خۆ نزیك کردنەوەیە بەکرداری جوان. (وەرگێڕ)

لاتان کار دەکەن. ئەگەر لەبەر فەقیریو هەژاری، ژنیان بۆ نەهێنن، یان بەشویان نەدەن، ئەوا خوای بەخشندە بە میهرەبانی خۆی دەوڵەمەندیان دەکاتو خوای بالآش سۆزو رەحمەتی فراوانو زانایە بە حاڵی بەندەکانی.

لەم ئایەتەدا کە دەفەرمویّ ﴿وَٱلصَّٰلِحِينَ﴾ بۆمان دەردەکەویّ، کە هاوشانی (کفاءة)ی هاوسەر هەڵبژاردن تەنها مەرجی (الصلاح)ی داناوە. (الصلاح)یش دینو ڕەوشتو تەقواو توانای مارەیی دان دەگرێتەوە.

خوای گەورە بەڵێنی بەو کەسانە داوە، کە ژن دێنن و ژنیان هێناوە، گەر فەقیری ڕوی تیّکردن دەوڵەمەندیان دەکات. هاوشانی (کفاءة)یش مانای پابەندنەبون و تەواوکاری بنەماکانی ئیسلام دەگەیەنیّ. هەروەها بۆ هاوشانی زانیاریشی وەگەڵ دەکەویّ. مەبەست لە زانیاری دیراسە کردنو کردەوە پیّکردنی قورئانو سونەتە.

لە ئیسلامدا کەفائەتی ماڵو سامانو ناوو شۆرەتو شەهادەو ڕەچەڵەکو دەسەڵاتداریی هیچ کێشێکی بۆ دانانریّ، نمونەشمان لەمبارەیەوە پێغەمبەرە ﷺ، ئەوە بو کە کچی پوری بەشودا بە زەیدی کوڕی حاریسە، لە صەحابەکانیش (عبدالرحمن)ی کوڕی عەوف خوشکی خۆیدا بە بیلالی حەبەشی، ئەبوحوذەیفە هیندی کچی عوتبەی کوڕی رەبیعەی لە سالم مارەبڕ کرد، کە بەندەی ئازادکراوی ژنێکی ئەنصاری بو..

نمونەی دەقی فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ هەیە دەربارەی ڕەچاو نەکردنی هیچ پلەو پایەیەك، تەنها دینو ئاکاریو ڕەفتاری جوان نەبیّ، وەك دەفەرمویّ: ((**إذا خطب إليكم من ترضون دينه وخلقه فزوجوه!! إلاّ تفعلوا تكن فتنة في الأرض...!! وفساد عريض!!**))[1]، واتە: گەر یەکێك

---

١) رواه الترمذي، حديث صحيح.

خوازبێنی کچەکەتانی کردو ئێوەش لە ئایینو خورەوشتی ڕازی بون، ئەوا بیدەنێ، گەر نەیدەنێ ئەوا فیتنەو خراپەکاری لەسەر زەوی بڵاودەبێتەوە..

هەروەها دەفەرموێ: ((تنكح المرأة لأربع: لمالها، ولحسبها، ولدينها، ولجمالها، فاظفر بذات الدين تربت يداك))[1]، واتە: ئافرەت لەبەر چوار شت مارە دەکرێتو دەهێنرێ: لەبەر ماڵو سامانەکەی یان سامانی باوکی، یان لەبەر ڕەچەڵەكو ناوداریەکەی، یان لەبەر دینو ڕەوشتی ئافرەتەکە، یان لەبەر جوانیو شۆخو شەنگی ئافرەتەکە. ئەو ژنە بێنە کە خاوەن دینو ڕەوشتە، ئەگەر وا نەکەیت دەستت بە قوڕدا دەچێ[2].

گەر سەرنجێك بدەینە ئەم فەرمودەیە، دەبینین بۆ هاوسەریەتی، دین و ڕەوشتی هەڵبژاردوە، لەبەرئەوەی (دین) گرنگترین مەرجە بۆ هاوشانی. ئەو پیاوەی پابەندی فەرمانەکانی ئیسلام دەبێو شتێك کە قەدەغە کرابێ خۆی لێ دور دەخاتەوە، ئەوا ئەو پیاوە هەڵسوکەوتو مامەڵەو ڕەفتاری بەرامبەر خێزانەکەی چاكو باش دەبێتو، ڕێزی دەگرێو خۆشی دەوێو دەبێتە پارێزگاری خێزانەکەی لە هەمو بوارەکان دا. ئافرەتێکیش خاوەن دینو ڕەوشت بێ، ئارەزوی نەفس کاری تێ ناکاتو چەواشەی ناکاتو خۆیشی بەرامبەر بە نەفس بە سوك دانانێو کاروباری ناوماڵ فەرامۆش ناکاتو، لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیداو لە مافەکانی مێردەکەی بێئاگا نابێ.

---

١) رواه البخاري ومسلم وأبوداود والنسائي.

٢) (تربت يداك) واتە: دەستت بە قوڕدا چێ، ئەوەش کینایەیە بۆ هەژاریی، ئەم قسەیە بە مانای دوعا لێکردنە، بەڵام مەبەست پێی دوعالێکردنی ڕاستەقینە نیە، بەڵکە مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە کە پیاو ئافرەتی دیندار بکاتە هاوسەری خۆی.. بڕوانە (المفصل في أحكام المرأة والبيت المسلم)ی عبدالکریم زیدان، بەرگی شەشەم، ل٤٣.. (وەرگێڕ)

با ئەوەش بزانین کاتێك کە پێغەمبەر دەفەرموێ: ژن بۆ جوانی مارە دەکرێ، لێرەدا مەبەست لەمە ئەوە نیە، کە هیچ ڕەچاوی جوانی نەکرێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، کە نابێ تەنها جوانی بکرێ بە مەرج. ئەگینا جوانیش ئیعتباری خۆی هەیە، وەك لە فەرمودەی: ((أنظر إليها، فإنه أحرى أن يؤدم بينكما)) بەدەردەکەوێ. کاتێك ژنێك خۆی پێشکەش بە پێغەمبەرﷺ دەکات، پێغەمبەریش دوای رامان لێیو سەرنجدانی، نەرێ دەکات.

ئەنەس دەڵێ: ئەبو طەڵحە ئوم سولەیمی مارەکردو مارەییەکەشی ئیسلام بونی ئەبوطەڵحە بو!

چونکە ئوم سولەیم لەپێش ئەبو طەڵحە مسوڵمان ببوو، کاتێك ئەبو طەڵحە داخوازی ئوم سولەیمی کرد، ئوم سولەیم گوتی: من مسوڵمان بوم، گەر تۆش مسوڵمان ببیت، شوت پێدەکەم. ئەبو طەڵحەش مسوڵمان بو، مسوڵمانیەتیەکەی بو بە مارەیی ئوم سولەیم(١).

بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر، ئەم ئامۆژگارییانەی خوارەوە دەخەینە ڕو، کە لەلایەن هەندێ شارەزاوە دانراوە:

١- لەو قوتابخانەیە بپرسە، کە ئەو کچەی تێدا فێر بوەو دەرچوە، پێش ئەوەی لەو ماڵە بپرسی، کە تیایدا پەروەردە بوە.

٢- کچی دایکێکی چاكو بڕوادارو چاك (صالحة) بخوازە.

٣- هاوسەریەتی ژنو پیاو، هاوبەشییەکی ژیانیو گوزەرانییە، ئافرەتێك هەڵبژێرە، کە لەگەڵ سروشت (طبيعة)و خواردنەوەو خوڕەوشتت دا دەگونجێو یەك دەگرێتەوە.

---

١) رواه النسائي (حديث صحيح).

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ٱلزَّانِى لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ ۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ (النور- ٣)، واتە: پیاوی زیناکەر ئافرەتێکی زیناکەری وەك خۆی نەبێ مارە ناکاتو ناشبێ مارەی بکات، چاویشی لە ئافرەتی داوێن پاك نیە بۆ مارەکردنی، هەروەها چاوی لە ئافرەتێکی موشریکەیە کە شوی پێ بکات. بە هەمان شێوە ئافرەتی زیناکەرو داوێن پیس پیاوێکی داوێن پیس نەبێ مارەی ناکاتو نابێ پیاوی داوێن پاك ئافرەتی داوێن پیس مارە بکات. جا مارەکردنی پیاوی بڕوادار بۆ ئافرەتی داوێن پیسو موشریکەو مارەکردنی ئافرەتی داوێن پاك بۆ پیاوی داوێن پیسو موشریك حەرامە.

ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەڵێ: نابێ پیاوی مسوڵمانو داوێن پاك، ئافرەتی داوێن پیس مارە بکات، لەبەر ئەوەی مارەیی‌یەکەی دروست نیە، تا ئەو کاتەی ئافرەتەکە تەوبە دەکات. گەر تەوبەی کرد ئەو کاتە مارەیی ئافرەتەکە دروستە، ئەگینا دروست نیە. هەروەها نابێو دروست نیە ئافرەتێکی مسوڵمانو داوێن پاكو بە ڕەوشت بە شو بدرێتە پیاوێکی خراپەکارو فاسقو فاجر. مارەبڕینی دروست نیە تا ئەو پیاوە نەگەڕێتەوە لای خواو تەوبە نەکات، دروست نیە ئافرەتی مسوڵمانی بەشو بدرێتێ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ ئەمە لەسەر بڕواداران حەرام کراوە.

جێگەی داخو دڵگرانی‌یە کە ئەم پێوان (قیاس)ە لەلای زۆربەی خێزاناندا هیچ نرخو بایەخی نیە. گەر پێیان بڵێی: ئەو کەسەی هاتوە بۆ داخوازی کچەکەتان نوێژ ناکات، پێت ئەڵێن: ئێستا ماویەتی نەفامو گەنجە. گەر بڵێی: عەرەقو شتی تری سەرخۆشکەر ئەخوات، دەڵێن: خوا

گوناهەکانی ئەسڕێتەوەو لێی خۆش ئەبێ. گەر بڵێی: عەقیدەو بیروباوەڕی ئەم کوڕە پیس‌و خراپەو لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ، ئەوا بەشتێکی بچوکی دادەنێن. بەڵام کە پێت گوتن: ئەم کوڕە حاڵەتی ماددی مام ناوەندی‌یەو پارەی زۆری نیە، یەکسەر هاواریان لێ هەڵئەستێ‌و نەرێ دەکەن، گەرچی کوڕێکی مسوڵمان‌و باش‌و ڕێك‌و پێك‌و خاوەن ڕەوشتێکی باش بێت. بەڵام ماڵ وێرانی‌و بەدبەختی‌و ژیان تاڵی بۆ ئەو کچەی کە شو بەو جۆرە پیاوە دەکات، کە ئەم سیفەتە جوانانەی ئیسلامی تێدا نیە. چونکە ژیانی کچەکە دەکەوێتە مەترسی‌و کارەسات‌و ئاشوب‌و ئاژاوەو خراپەکاریەوە، ئەویش بەهۆی پەیوەستی بەو پیاوە داوێن پیس‌و زیناکەرەوەیە. جا گەر ئافرەتەکە دیندار بێ، یا بەهۆی ئەنجامدانی شتە حەرامەکانەوە دینەکەی لەدەست دەدات، یان ژیانێکی کولەمەرگی‌و ناخۆش بەسەر دەبات.

زانیومە کچێك شوی بە کوڕێکی عەرەق خۆر کرد، کاتێك کوڕەکە ئەم کچەی گواستەوە، بۆ بەسەربردنی مانگی هەنگوین (شهر العسل) لە یەکێك لە ئوتێلەکانی لوبناندا دابەزین، کوڕەکە زۆری لە کچەکە کرد تا عەرەق بخواتەوە، کچەکەش کە عەرەقی خواردەوەو هەردوکیان سەرخۆش بون، جا پێش ئەوەی بچێتە لای بەنیازی جوتبون، کچەکە لە ژورەکەی خۆیان چوە دەرەوە بۆ سەرئاو، کە گەڕایەوە ویستی بچێ بۆ ژورەکەی خۆیان، بەڵام لەبەرئەوەی سەرخۆش بوو، چوە ژورێکی تر، کە پیاوێکی بە تەنهای تێدا بوو، جا پیاوەکە پەلاماری داو داوێن پیسی لەگەڵدا کردو، تا بەیانی ئافرەتە تازە بوکەکە لەلای مایەوە، مێردەکەشی لەبەر سەرخۆشی خەوی لێ کەوتبوو ئاگای لە ژنەکەی نەمابو..

(ابو نعیم) لە (الحلیة)دا گێڕاویەتیەوە، کە گوتویەتی: (أبو طلحة) بەر

لەوەی مسـولمان ببیّ خـوازبیّنی (أم سُـلَیم)ی کـرد ، (أم سُـلَیم) گـوتی: لەڕاستیدا حەز دەکەم، پیاوی وەك تۆ ڕەت ناکرێتەوە.. بەڵام تـۆ پیـاوێکی بێبڕوای، منیش ژنێکی مسولمانم، بـۆم دروسـت نیـە شـوت پـێ بکـەم. (أبوطلحة) گوتی: ئەی چاو بـە ریقنـە، ئـەوە چـیتە؟! (أم سُـلَیم) گـوتی: چیمە؟ گوتی: تۆ لەکوێی لە زەردو سپیان (مەبەستی ئەوەبو بە زێڕو زیـو لە خشتەی ببات). (أم سُلَیم) گوتی: نە زەردم دەوێ نە سپی، تۆ مرۆڤێکی شتێك دەپەرستی، کـە نـە دەبیسـتێو نـە دەبینـێو هـیچ سـودت پـێ نابەخشـێ.. ئـەوە تـۆ شـەرم ناکـەیت دارێکـی زەوی دەپەرسـتی، کـە حەبەشیەکی کوڕی فلان دایتاشـیوە؟! گـەر مسـولمان ببـی ئـەوە دەبێتـە مارەیی من، جگە لەمە مارەیی ترم ناوێ! گوتی: ئەی چاو بە ریقنە! کێ هەیە ئیسلامم فێر بکات؟ (أم سُلَیم) گوتی: پێغەمبەری خواﷺ ئیسلامت فێر دەکات.. جا چوە خزمەت پێغەمبەرو مسولمان بو.

لەکاتی داخوازی پێویستە کوڕو کچ یەکتری ببینن

ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێ دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەر بوم، ﷺ پیاوێك هاتە لای‌و هەواڵی پێدا، کە ئافرەتێکی ئەنصاری خوازتوە. پێغەمبەرﷺ پێی فەرمو: ئایا سەیری ئافرەتەکەت کردوە؟! پیاوەکەش گوتی: نەخێر!

پێغەمبەریش فەرموی: بڕۆ تەماشای بکە! چونکە شتێك لە چاوی ئافرەتە ئەنصاریەکان هەیە، بە واتای چاویان بچوکە))[1].

بۆ پاساودانی ئەم مەسەلەیە فەرمودەی (صحیح) هاتوە کە دەفەرموێ: ((أنظر اليها، فإنه أحرى أن يؤدم بينكما))[2]، واتە: تەماشای ئافرەتەکە بکە چونکە بەهۆی ئەم بینینەوە خۆشەویستی‌و بەزەیی لە نێوانتاندا زیاتر بەردەوام دەبێ.

هەروەها دەفەرموێ: ((إذا خطب أحدكم المرأة، فإن استطاع أن ينظر الى ما يدعوه الى نكاحها فليفعل))[3]، واتە: گەر داخوازی ئافرەتێکتان کردو توانیتان ئەو شوێنانە تەماشا بکەن کە بۆ مارەیی دەگونجێ تەماشا بکرێ با تەماشای بکات.

هەر لە هەمان بابەتەوە دەفەرموێ: ((إذا خطب أحدكم امرأة فلا جناح عليه أن ينظر إليها إذا كان، إنما ينظر اليها لخطبته، وإن كانت لا

---

١) رواه مسلم والنسائي والطبراني (حديث صحيح).

٢) رواه ترمذي والنسائي وابن ماجة (حديث صحيح)

٣) رواه أبوداود والطحاوي وأحمد في المسند وابن ماجه (حديث صحيح).

تعلم))[1]، واتە: گەر یەکێك لە ئێوە ئافرەتێکی داخوازی کرد، گوناهی ناگا گەر تەماشای ئەو ئافرەتە بکات، چونکە تەماشا کردنەکەی بۆ داخوازی یە، با کچەکەش پێی نەزانێ‌و ئاگای لێی نەبێ.

یەکێك لەو کەسانەی کاری بەم فەرمودەیە کرد (محمد کوڕی مەسلەمەی ئەنصاری) بو. سەهلی کوڕی ئەبی حەثمە دەڵێ: محمدی کوڕی مەسلەمەم بینی زۆر بە وردی تەماشای بوثەینەی کچی زوحاکی دەکرد، منیش پێم گوت: ئەوە تۆ شتی ئاوا دەکەی، تۆ لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوای؟ محمدی کوڕی مەسلەمەش گوتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بو دەیفەرمو: **((إذا ألقي في قلب امرئ خطبة امرأة فلا بأس أن ينظر إليها))**[2]، واتە: گەر ئافرەتێك کەوتە دڵی پیاوێك بۆ داخوازیکردنی، هیچی تێدا نیە گەر تەماشای بکات.

لەنێو شەرع ناساندا ڕاو بۆچونی جیاواز هەیە لەبارەی تەماشاکردنی داخوازی کراو. هەندێك مەزهەب دەڵێن دەبێ تەنها دەم‌و چاو و هەردو دەست تەماشا بکرێ. ئەم پابەند (تقييد)ەش هیچ بەڵگەیەکی نیەو، لەکارخستنی تێگەیشتنی هاوەڵانە بۆی.

لێرەدا پرسیارێك بە مێشك دا دێ" گەر خوای یاسادانەری کاربەجێ ڕێگەی دابێ بە پیاو کە بەر لە گرێبەست (عقد)ی هاوسەرگرتن تەماشای ئافرەت بکات، ئایا وەلی ئافرەتەکە مافی ئەوەی هەیە ئافرەتەکە بەبێ حیجابی شەرعی پیشانی پیاوەکە بدات؟! بە دیدی من -خواش زاناترە- ئەمە دروستە، مادام خوای یاسادانەر ڕێگەی داوە بە خوازبێنیکەر تەماشای ئافرەتی خوازبێنیکراو بکات ئەوەی، کە دەتوانێ تەماشای

---

١) رواه الطحاوي وأحمد في المسند (حديث صحيح).

٢) رواه إبن ماجه والطحاوي وأحمد في المسند وغيرهم (حديث صحيح).

بکات، یا ئافرەتەکەش نەزانێ.

ئیمام ابن القیم لە کتێبی (تهذیب السنن)دا (٣/٢٥-٢٦) گوتویەتی:

داود گوتویەتی: دەتوانرێ تەماشای هەمو لەشی ئافرەتەکە بکرێ! ئیمام ئەحمەدیش سێ ریوایەتی هەیە، کە یەکێکیان دەڵێ: دروستە تەماشای دەمو چاوو هەردو دەستی ئافرەتەکە بکرێ، ریوایەتەکەی تر دەڵێ: ئەو ئەندامانەی کە بەزۆری بەدیارەوەیە وەك گەردنو هەردو قاچ دروستە تەماشا بکرێ. سێیەمیش دەڵێ: دروستە تەماشای هەمو لەشی ئافرەتەکە بکرێ.

ئەوەی شایانی وتنە لەبارەی بینینی داخوازیکەرو داخوازیکراو (الخاطب والمخطوبة)، سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین، کە نەریتێکی پیسو خراپ هەیە لەناو زۆربەی خێزانە بەناو مسوڵمانەکان بڵاوبۆتەوە، ئەویش تێکەڵ بونی کوڕو کچە پێش مارەبڕینیان، کە لە دەرەوەداو لە شوێنی چۆڵ بە یەکتری دەگەن بە بیانوی ئەوەی، لەژێر ئەزمون دان تا لە یەکتری بگەن. ئەوەش دابو نەریتی شارستانیەتی چەواشەو فێڵبازە، کە بونەتە کۆیلەو بەندەی ئەم شارستانەیەتە، کە دین و ڕەوشتیان لەلا نەهێشتین.

بەڵێ، ئیسلام ڕێگەی داوە بە داخوازیکاری کچ تەماشای دەستو ڕوخساری بکات، گەر بەڕاستی نیازی هێنانی هەبێو ئافرەتی دڵسۆز بنێرێ، تا لە ڕەوشتو ڕەفتاری کچەکە ئاشنا بن بۆی هەیە زۆر لێی بکۆڵێتەوەو نوطفەی خۆی هەڵبژێرێ، بەڵام کاربگاتە ئەوەی کە حەرامی تێدا بەکار بهێنرێ" ئەوە ڕیسوایی‌و شەرمەزاریی‌یە. خەڵکیش سەرفراز نابێ، تا نەگەڕێنەوە سەر ڕێبازو یاسای دینەکەیانو کوڕو کچیان لە کاری حەرامی دور نەخەنەوە.

پشکنینی پزیشکی پێش هاوسەر گرتن
(الفحص الطبي قبل الزواج)

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((فِرّ من المجذوم فرارك من الأسد))[١].
واتە: ڕاکردنت لە توش بو بە گولی، ڕاکردنتە لە شێر.
هەروەها دەفەرموێ: ((لا يورَدنّ مُمْرِضٌ على مُصِحّ))[٢]، واتە: نەخۆش نەبردرێتە لای کەسانێك، کە ساغن‌و نەخۆش نین.
((لا ضَرَرَ ولا ضِرار)) [٣]، واتە: نە زیان بگەیەنەو، نە بهێڵی زیانت پێ بگات.

ئەم فەرموده پیرۆزە ئاماژەی حەزەرو ئاگادار بون دەکەن لە نەخۆشی گرتنەوە! زۆر لە حکومەتەکانی ئێستا چەند یاسایەکیان دەرکردوە سەبارەت بە پێویست بونی پشکنینی پزیشکی (فحص طبي)، بەر لە بەهاوسەر بونی کوڕو کچەکە، دیارە ئیسلام پێشینەی هەیە سەبارەت بەم ئاراستەیە.

جێی داخە کە بڵێم ئەو تاقیکردنەوە پزیشکییە زۆر لە پزیشکەکان ئاسانکاری تێدا دەکەن، ژن‌و مێردیش لەم پشکنینە هەڵدێن، کە ئاکامەکەی بەخراپ دەکەوێتە سەر خۆیان‌و منداڵەکانیان.

لەسەر هەر ژن‌و مێردێکی ئیسلامی پێویستە گەر هەر یەکێکیان توشی نەخۆشی یەکی درم بون، نەبنە هاوسەری یەکتری. لە فەرمودەی

---

١) رواه البخاري
٢) رواه البخاري
٣) رواه أحمد في المسند وابن ماجه، حديث صحيح.

(صحيح)ى پێغەمبەر ﷺ هاتوە، كە دەفەرموێ: ((لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه من الخير)).

دكتۆر وجيه زين العابدين لە رسالەكەى (الإسلام والتربية الجنسية)دا گوتويەتى: ئەوەى لەم فەرمودەيە تێدەگەم (لا ضرر ولا ضرار) ئەمە بۆ بەدوا گەڕانە بۆ ئافرەتى چاكو لادانى زەرەرو زيان لە خۆىو لە پياو، دروستە بەڵكە پێويستە لە نيزامى ئيسلاميدا، كوڕو كچ پێش بەهاوسەرى بونيان فەحس بكرێن، بە تايبەتى بۆ زانينى ئافرەتەكە، كە ئايا منداڵى دەبێ؟ هەروەها فەحسى پياوەكە بكرێ نەبادا نەخۆشييەكى درمى، يان ئامێر نەرمى يان نەزۆكى يان شێتى هەبێت... بەڵام گرنگترين مەرج بۆ پياو ئەوەيە، كە تەندروستى باش بێتو تواناى جوتبونى هەبێت وەك لە فەرمودە هاتوە: ((من استطاع منكم الباءة فليتزوج... هەر يەكێك لە ئێوە تواناى هاوسەرگيرى هەيە با هاوسەرگيرى بكات الحديث)).

الباءة: ماناى تواناى دابينكردنى خانوو پێداويستييەكانى ژن هێنانى هەبێت، هەروەها ماناى تواناى جنسى دەگەيەنێ.. وەك كە لە كتێبى (المحيط للفيروز آبادي) هاتوە.

لێرەدا چەند شيكردنەوە (تحليل)ێكى پێويست هەيە، كە پێويستە لەسەر داخوازيكارو داخوازيكراو (كچو كوڕ) بەر لە بەهاوسەر بونيان ئەم تەحليلە بكەن، ديارە ئامانجەكەشى ئاشكراو ڕونە: كە ئەويش دڵنيا بونە... تەئكيد كردنە لە هەمو شتێك، تا بزانرێ ئەو كەسە كەمو كورتى هەيە؟ گەر هەيە، دەبێ چارەسەر بكرێ.

پشكنینی گروپەكانی خوێنی ژن‌و مێرد

مەبەستمان لێرە گروپی (البریزیز یان أر أتش)ـــە، جا لێرەدا چوار شیمانە (احتمال) هەیە ڕەنگە ڕو بدات:

شیمانەی یەكەم: لەوانەیە گروپی خوێنی هەریەك لە ژن‌و مێرد ئیجابی بێت.

شیمانەی دوەم: لەوانەیە گروپی خوێنی هەریەك لە ژن‌و مێرد سلبی بێت.

شیمانەی سێیەم: لەوانەیە گروپی خوێنی ژنەكە ئیجابی بێت و مێردەكەی سلبی بێت.

لەم سێ شیمانە (احتمال)ەدا، گروپەكانی خوێن لەگەڵ یەك گونجاو و ڕێكن.

بەڵام لە شیمانەی چوارەم: لەو كاتەی گروپی خوێنی ژنەكە سلبی بێت، هی مێردەكەی ئیجابی بێت، ئەو كاتە گروپەكانی ژن‌و مێرد ڕێك نابێت‌و جیاواز دەبێت. خۆشبەختانە ئەم جۆرە شیمانەیە زۆر كەم ڕو دەدات، لەم حاڵەتەدا ڕەنگە منداڵەكە گروپی ئیجابی باوكی هەڵبگرێ‌و، لە لای دایك دژە مژادی خوێنەكەی، كە سلبی گروپە دروست دەبێت، ئەمەش لە ئاكامی سك پڕبون بە منداڵێكی ئیجابی گروپ خوێنەوەیە، جا یەكەم لەدایك بون هەردەم بە شێوەیەكی سروشتی دەبێت سەبارەت بە یەكەم منداڵ، بەڵام لە سكی دوەم‌و سێیەم‌و دوای ئەوانە، كۆرپەلە (جنین) دوچاری ئەو دژەمژادە دەبێت، كە لە ئاكامی دووگیانی یەكەم لە خوێنی دایكی پێك هاتوە.

ڕێژەی ئاڵۆزكاری (مضاعفات) لە منداڵی سێیەم زیاتر دەبێت لە

منداڵی دوەم، چوارەم زیاتر دەبێت لە سێیەم. ئـەمجۆرە موزاعەفاتانـە زۆر بە کەمی ڕو دەدات، چونکە لە حیکمـەتی خـوای گەورەیـە، کـە خـوێنی کۆرپەلە تێکەڵ بە خوێنی دایك نابێت، تەنها لە هەنـدێ حاڵـەتی تایبـەت نەبێت، کە بەکەمی ڕوودەدات.

شیمانەی ڕودانی ئەم موزاعەفاتانە لە (١٠٪) زیاتر نابێت. گەر ڕوشی دا لە یەکەم کاتی دوای لەدایك بون، ناتوانین بـە کـردەی گـۆڕینی خـوێنی منداڵەکە هەستین، گەر پێویسـتی کرد.

شیکردنەوە (تحلیل)ی ئاوی مەنی پیاوەکەو دڵنیا بون لە ژمارەو زیندویەتی تۆوی پیاو

پێویستە ژمارەی سروشتی تۆو لە چل ملیۆن ملیلتر کەمتر نەبێت، ڕێژەی زیندەیی لە هەر پەڕین (قذف)ێکدا لە ٦٥٪ کەمتر نەبێت، جا گەر پاش شیکردنەوەکە، ئەم هاوکێشانە لەلای تایبەتمەندان نەگەیشتە شێوەی ئاوی مەنی، ئەو کاتە دەتوانرێ پەنا ببرێتە بەر چارەسەری پزیشکیی بۆ چالاککردنی تۆوو زیادکردنی ژمارەکەی، کە ئێستا ئەم کارە ئاسان کراوە.

شیکردنەوەی دەرهاوێژی پرۆستات

ئەم شیکردنەوەیەش بۆ دڵنیا بونە لە توش نەبون بە هەوکردنی کەڤناری (مزمن)، چونکە هەبونی ئەمجۆرە هەوکردن (إلتهاب)انە، دەبێتە هۆی هەوکردنی ملی منداڵدانی ژنەکە.[1]

١) مجلة طبيبك الخاص.

پێشبڕکێ نەکردن لە خوازبێنی[1]

خـــــوای گـــــەورە دەفـــــەرموێ: ﴿وَلَا تَعْتَدُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ﴾ (البقرة– ١٩٠)، واتــە: دەسـتدرێژی مەکـەن، خـوا دەسـت

١) (بهي الخولي) لە کتێبەکەی (المرأة بين البيت والمجتمع)دا دەڵێ: ((بابایەك جوامێرو مەردبێ ناچێتە خوازبێنی ئافرەتێك، کە دەزانێ لەلایەن یەکێکەوە خوازبێنی کراوە، چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندیو، نانەوەی دوژمنایەتیو بوغزو قینە، هەروەها لە ئاکار خراپیو بێعەقڵیە.
ئەو کەسەی دەزانێ خوازبێنی ئافرەتێك کراوەو ئەویش خوازبێنی دەکات لەو حاڵەتەدا مەدحی خۆی دەکاتو بەرامبەرەکەی زەم دەکات.. هەروەها هەندێ سیفەتی چاك دەداتە پاڵ خۆی، خۆ گەر راست نەکات تەنها ئەوەندە گوناهەی بەسە، کە ئەو غەیبەتی کردوە..))
بەڵام گەر خوازبێنیکەری یەکەم وازی هێنا، ئەوا بۆ ئەویتر هەیە خوازبێنی بکات. هەروەها گەر خوازبێنیکەری یەکەم فاسق بو، بابای دوەم بۆی هەیە خوازبێنی بکات، چونکە ئەوکاتە مافی خۆیەتی کچەکە لەدەست کابرایەکی بێدین دەرباز بکات!
بابای مسوڵمان گەر راوێژی پێکرا، بۆی هەیە کێ بەباشتر بزانێ پێشنیار بکات.
لە کتێبی (جماع العلم)ی پێشەوا شافیعی بە تەحقیقی (أحمد محمد شاکر) هاتوە: (فاطمة بنت قیس) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموم: گەر عیدەت تەواو بو ئاگادارم کەوە، جا کە عیدەکەی تەواو بو بە پێغەمبەری ڕاگەیاند، کە (معاویە)و (ابا جهم) هاتونەتە خوازبێنی، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ((معاویە هەژارەو ماڵ و دارایی نیە، ئەبوجەهمیش گۆچان لەسەر شانی ناهێنێتە خوارەوە (واتە زۆر لەژن دەدات)، بەڵام تۆ شو بە ئوسامەی کوڕی زەید بکە))، فاطمە دەڵێ: حەزم پێی نەکرد شوی پێ بکەم، جا پێغەمبەر فەرموی: شو بە ئوسامە بکە، منیش شوم پێکردو خوای گەورەش خێرو بەرەکەتێکی زۆری خستە ئەم زەواجەو پێی دڵخۆش بوم. شافیعی لە (رسالة الأم)و ئەحمەدو خاوەنی هەر شەش کتێبەکە جگە لە بوخاری گێڕاویانەتەوە.

درێژیکەرانی خۆش ناوێ.

دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴾(الأحزاب- ٥٨)، واتە: ئەوانەی ئازاری پیاوانی ئیماندارو ئافرەتانی ئیماندار دەدەن بێئەوەی تاوانێکیان ئەنجام دابێت، ئەوانە بوختان و گوناهو تاوانێکی ئاشکرا دەگرنە ئەستۆ.

پێغەمبەریشﷺ فەرمویەتی: **((لا يخطب الرجل على خطبة أخيه حتى ينكح أو يترك))** [1]، واتە: کەسێك داخوازی کچێك نەکات کە برای مسوڵمانی داخوازی کردوە، هەتا براکەی مارەی دەکات یان وازی لێدێنێ.

---

١) رواه البخاري ومسلم

حەزەركردن لە مارەبڕینی كچی تەمەن بچوك

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ (البقرة- ٢٢٨).

واتە: ئافرەتان هەروەك ئەركی ژنانەیان لەسەر شانە، ژنەكانیش مافی رەوای خۆیان هەیە.

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: ((**لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه من الخير**))[١].

واتە: ئیمانی هیچ كامێكتان تەواو نابێت، هەتا ئەوەی بۆ خۆی لەچاكە پێی خۆشە، بۆ برای مسوڵمانیشی پێی خۆش نەبێت.

هەروەها دەفەرموێ: ((**لا ضرر ولا ضرار**))[٢].

واتە: نە زیان بە خەڵك بگەیەنن‌و، نە بهێڵن زیانتان پێ بگات.

سەبارەت بەم مەسەلەیە رەنگە ژن هێنانی پێغەمبەرت ﷺ بە خەیاڵدا بێ، ئەویش مارەبڕینی خاتو عائیشەیە -ڕەزای خوای لێ بێ- كە جیاوازی یەكی زۆر هەیە لە تەمەنیان دا. دیارە ئەم حاڵەتە لەبەر چەند هۆیەك لە رێسا (قاعیدة) دەردەچێت وەك:

١- كەسایەتی پێغەمبەرﷺ ، كە ناتوانرێ بەراوردی لەگەڵ كەسایەتی تری پێ بكرێت، لەبەر ئەوە خاتو عائیشە بەم هاوسەریەتیە بەختیار بو و خاتو عائیشە سەرپشك (مخير) كراوەو خۆی پێغەمبەری خوای هەڵبژارد.

---

١) رواه أحمد في المسند والترمذي والنسائي وابن ماجه وغيرهم والزيادة لغيرهم، حديث صحيح.

٢) رواه أحمد في المسند وابن ماجه (حديث صحيح).

٢- مەبەستی سـیاسی لەم ژنهێنانە بۆ زیادکردنی پەیوەندی نێوان پێغەمبەر ﷺ و ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێ بێ) بوە، کە یەکێك بوە لە سەردارانی عەرەب و، بۆ ئاسانکردنی بەرژەوەندی نێوان پێغەمبەرو هاوڕێیەکەی بوە، ئەبوبەکریش بۆ بەرژەوەندی بانگەوازی ئیسلامی زۆر هاموشۆی پێغەمبەری دەکرد.

٣- بەهێزی دینـداری خاتو عائیشـەو، نمونـەی ئەوو هەمو ئافرەتە صەحابیەکانو داوێن پاکیو عیفەتیان، ناکرێ لەم زەواجەدا ڕەچـاوی کارو کاردانەوەی خراپەیان لـێبکرێ.

٤- هێزی پێغەمبەرﷺ وەك لە فەرمودەی (صحیح) هاتوە کە هێـزی چـل پیاوی دراوەتێ.

من بە یەکسانی ئامۆژگاری پیاوو ئافرەتان دەکەم ، بە حـەزەرکردن لـە هەبونی جیـاوازی تەمەنیان، کە دەبێتە هۆی کاردانـەوەی زۆر خـراپ بـە تایبەتی لەم کاتەی ئێستادا، کە ڕێکخەرو قەدەغەی ئایینی تێدا کز بوە.

ئیمام (ابن الجوزي) لە کتێبەکەی (صید الخاطر) (٤٤٦/٢) گوتویەتی:

.... گێل ترین پیاو ئەو پیاوە بەتەمەنە (پیرە)یە، کـە داوای کچـێکی تەمەن بچوك دەکات.. بەڕاستی تەواوی چێژو خۆشی، لە کـاتی کوڕایـەتی یە، هەر کاتێك کچ باڵغ نەببو، ئەوا خۆشی وەرگرتنی کامڵ نیە! جـا گـەر باڵغ بو زۆر جوتبون دەخوازێ. پیاوی پیریش ناتوانێ زۆر جوت ببـێ! گـەر زۆر لە خۆشی بکات، ناگاتە مەرامی کچـەکە، جـا پیاوەکـە بـەزویی بـە هیلاك دەچێ!

پیاوی پیر بە ئارەزوی بـۆ جوتبـون، نابـێ لـەخۆ بـایی بێـت، چـونکە ئارەزوەکەی وەك سپێدەی درۆ (فجر الكـاذب)ـە! پیـاوی پیرمـان بینیـوە،

جاريەی كڕيوەو شەو لەگەڵی جوتبوە، كەچی بەمردوییی سەری ناوەتەوە!..

راستييەك هەيە دەبێ بگوترێ، با پياوی پيريش رازی بێت لەگەڵی جوت نەبێت‌و تەنها لەگەڵی رابوێرێ، بەڵام خۆ كچەكە رازی نابێت لەگەڵی جوت نەبێت، ئەو كاتەش كچەكە دەبێتە دوژمنێكی مامەپيرە، ڕەنگە ئارەزو بەسەريدا زاڵ بێ‌و داوێن پيسی بكات! يان هەوڵ بدا خۆی لەكۆڵ پيرەپياوەكە بكاتەوەو بيكوژێ، بەتايبەتی ئافرەتانی ئەوروپی، كە لەمبارەوە دڵڕەقن.

بەمەرج دانانی وەلی لە مارەبڕینـدا

خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿وَأَنكِحُوا الْأَيَامَىٰ مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ ۚ إِن يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ ۗ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾(النور:٣٢)
واتە: بۆ پیاوانی بێژن، ژن بخوازن‌و ژنانی بێمێرد بەمێرد بدەن‌و هەروا بـۆ کۆیلەو کەنیزانی خو چاکیش ژن بێنن‌و بیاندەن بەشو، بیر لە دەست تەنگی مەکەنەوە چونکە گەر فەقیرو دەستەنگ بن، خوا لە فەزڵی خۆی بێنیازیان دەکات، خوا فراوانگرو زانایە.

راڤەکارانی قورئان ئەم ئایەتەیان کردۆتە بەڵگە، کە ناکرێ ئافرەت خۆی مارە بڕ بکـات، تـەنها بـەوەلی نـەبێت. چـونکە ئـەم ئایەتـە ئاراسـتەی وەلیـەکان (سەرپەرشـتیارانی ئافرەتەکـە) دەکـات... لەبـەر ئـەوە وەلـی پێویستە لە مارەبڕی بالّغ و نابالّغ دا ئامادەبێ.

بە مەرج دانانی وەلی بۆ ڕەزامەندی بەشودان، لەگەڵ سروشـتو زەوقـی دروسـتدا یـەك دەگرێتـەوە، وەك هـەمو فەرمانـەکانی شـەریعەتی خـواو نەهیەکانی.

چەند شتێکی ناکاوی ترسناکە کاتێك وەلی ئافرەتەکە دەبینێ کچەکەی دێتەوە ماڵەوەو ئەو کەسەی لەگەڵە، کە پێی دەڵـێن مێـرد، کەچـی خـۆی پێی ئاگادار نیە!! دیارە هیچ خاوەن عەقڵو جوامێرێك ئەمە قبوڵ ناکات!

حەنەفیەکان بۆ بەشودانی کچی بالّغ بەبێ وەلی، ئەم فەرمودەیە دەکەنە بەڵگە: ((الثیب أحق بنفسها من ولیها)) واتە: بێوەژن خۆی لە وەلیەکـەی لەپێشـترو بە حەق ترە بۆ شوکردنەوە.

بەلاّم ئەمە بە بەلّگە دانانرێ، (مناوي) لە (شرح الجامع الصغير) لە تەفسيرەكەيدا دەلّێ: بە واتاى وەليەكەى بەشوى نادات، تاوەكو كچەكە بە قسە ئيزنى پێ دەدات، چونكە كچەكە لە وەليەكەى شايەن ترە بۆ عەقدەكە. لێكدانەوەى حەنەفيەكانيش بۆ ئەم فەرمودەيە، فەرمودەى صحيحى بەسودتر رەتى دەكاتەوە بۆ بە مەرج دانانى وەلى!.

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((**لا نكاح الاّ بولي وشاهِدَي عدل**))[١] واتە: مارەبڕى دروست نيە، مەگەر بە ئامادەبونى وەلى و دو شايەت.

((**أيما امرأة نكحت بغير إذن وليها فنكاحها باطل، فنكاحها باطل، فنكاحها باطل**))[٢]، واتە: هەر ئافرەتێك بەبێ ئيزنى وەليەكەى مارەبڕ كرابێ ئەوا مارەبڕيەكەى بەتالّە، مارەبڕيەكەى بەتالّە، مارەبڕيەكەى بەتالّە.

چەند جار هەبوە لەبەر پەلەكردنى ئافرەت لە بەشودانى خۆى بەو كەسەى، كە هيچ رەوشتى نەبوەو لەبەر كەم شارەزايى خۆى، بە زمان شيرينى هەلّى خەلّەتاندوەو بەهۆى فەرامۆشكردنى وەلى لە مارەبڕيدا، بوەتە مايەى كارى خراپو ترسناك، بوەتە مايەى نانەوەى بەدبەختى، ڕەنگە دواى جێبەجێ كردنى پێويستى خۆى گەيشتبێتە رادەى تەلاّق دان.

جا هەرچەندە رەزامەندى وەلى لە بەشودانى ئافرەتەكە بە پێويست (واجب) دادەنرێ، بەلاّم ئيسلام ئەمەى بە سنورى بەرژەوەندى ئافرەتەكەوە بەند كردوە، گەر لەم حەقەى كە شەرع داويەتێ، وەليەكە لاى داو ستەمى كرد، ئەو كاتە ئافرەتەكە بۆى هەيە بچێتە لاى قازىو سكالاّ پێشكەش

---

١) صحيح .
٢) رواه أحمد في المسند والترمذي وابن ماجه. حديث حسن.

بكات، جا گەر دەركەوت وەليەكە بە هەواو ئارەزو رەفزی كردۆتەوە، ئـەوا بەشو دەدرێ بەو كەسەی كە ئافرەتەكە ئارەزوی لــێيەتی، ئەمـەش پـاش دڵنيا بون لە چاكی ئەو كەسە دەبێت.

چەند جار گوێ بيستی جەورو ستەمی هەندێ لـە وەليـەكانی ئافرەتـان دەبين، كە ئەم حەقە بۆ ئارەزوی خۆيان بەكار دێنن، كە كچـەكەيان لـەلای خۆيان بۆ خزمەت كردنيان، يان خزمەتكردنی ژنەكەی دەهێڵنەوە. ئەمەش چ نەفامیو كورت بينیو كەم فيكری ئەو كەسە دەردەخات!

رای ئیسلام دەربارەی خۆشەویستی

چارەی خۆشەویستان تەنها هاوسەرگرتنە

ئیبن عەباس (رەزای خوایان لێ‌بێ) گێڕاویەتیەوە، پیاوێك گوتویەتی: ((**يا رسول الله! في حجري يتيمة قد خطبها رجل موسر ورجل معدم، فنحن نحب الموسر وهي تحب المعدم؟**)) واتە: ئەی پێغەمبەری خوا! کچێکی هەتیوم لەلایە، پیاوێکی پارەدارو پیاوێکی دەست کورت هاتونەتە خوازبێنی، ئێمە حەزدەکەین بیدەین بە پیاوە پارەدارەکەو،کچەکەش حەز دەکات شو بە دەست کورتەکە بکات؟

جا پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: ((**لم يُرَ للمتحابين مثل النكاح!**))[١] واتە: جگە لە مارەبڕین بۆ خۆشەویستان وا نابینرێ هیچ چارەی تر هەبێ.

١) أخرجه ابن ماجه والحاكم والبيهقي والطبراني وغيرهم.. وقال الحاكم صحيح على شرط مسلم ولم يخرجاه. والحديث حسن بمجموع طرقه.

خۆشەویستی زەحمەتە

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ﴾ (البقرة- ٢٨٦) واتە: پەروەردگارا شتێك مەخەرە سەرمان، كە توانامــــان بە سەری یـەوە نیە.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَخُلِقَ ٱلْإِنسَـٰنُ ضَعِيفًا﴾ (النساء- ٢٨) ، واتـە: ئـادەمیزاد وا دروسـت كـراوە، نەفسـیەتی بەرامبـەر زۆر شـت بـێ‌هێزەو خۆڕانەگرە.

دەفـــــەرموێ: ﴿فَلَمَّا رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَـٰشَ لِلَّهِ مَا هَـٰذَا بَشَرًا إِنْ هَـٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ﴾ (یوسـف- ٣١)، واتــە: كاتێــك ئافرەتــەكان تەماشــای یوسفیان كرد، لەبەر جوانییەكەی ئاگایان لەخۆ نەماو دەسـتیان بـە چـەقۆ بڕی، وتیان: بەڕاستی ئەمە ئـادەمیزاد نیــە، بـەڵكو ئەمــە فریشـتەیەكی بەڕێزە.

((عەمری كوڕی عاص گوتی: پێغەمبەرﷺ بـۆ سـوپایەكی نـاردم كـە ئەبوبەكرو عومەری كوڕی خەتتابی تێدا بو، كاتێك گەڕامەوە گـوتم: ئـەی پێغەمبەری خوا! خۆشەویست ترین كەس لەلات كێیە؟

پێغەمبەر فەرموی: بۆچی وا دەڵێی؟

ئەویش گوتی: پێم خۆشە بزانم.

پێغەمبەر فەرموی: عـائیشە.

عەمریش گوتی: مەبەستم لە پیاوانە، كێت خۆشتر دەوێ؟

پێغەمبەر فەرموی: باوکی عائیشە))[1].

خاتوو عائیشە فەرمویەتی: خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ فاطیمەی کچی پێغەمبەریان نارده لای پێغەمبەر، کە پێغەمبەرﷺ لەگەڵ من لەسەر پۆشاکەکەم ڕاکشا بو، فاطیمە هاتە ژورەوەو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا خێزانەکانت داوات لێدەکەن دادگەری بکەیت دەربارەی کچی ئەبو قوحافە (مەبەستی پێ عائیشە بو)، منیش بێدەنگ بوم.

جا پێغەمبەرﷺ فەرموی: تۆ ئەو کەسەت خۆش ناوێ کە من خۆشم دەوێ؟!

فاطیمە گوتی: بەڵێ.

پێغەمبەریش فەرموی: کەواتە ئەمەت خۆش بوێ، واتە عائیشە))[2].

ئەم گێڕانەوەیە ئەوە دەگەیەنێ، کە خۆشەویستی شتێکە لە دەستی مرۆڤدا نی یەو، ناتوانرێ بەسەریدا زاڵ بی.

بوخاری دەگێڕێتەوە کە: ((موغیث بەدوای بورەیرەدا دەڕۆیی، کە پێشتر خێزانی بو، تەڵاقی دابو پاشان بەدوایدا دەڕۆیی‌و فرمێسك بەسەر ڕومەتەکانیدا دەهاتە خوارەوە[3] چونکە زۆری خۆش دەویست. پێغەمبەرﷺ فەرموی: ئیبن عەبباس! تۆ سەرت ناسوڕمێ لە خۆشەویستی

---

١) رواه البخاري ومسلم.

٢) رواه مسلم والنسائي.

٣) نافع لە (ابن عمر)ەوە رضي الله عنه لە فەرمودەیەکی درێژدا هێناویەتی، کە ((پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا بە بەردباران کردنی ژن و پیاوێك، جا بەردباران کران)) (ابن عمر) گوتی: دیتم پیاوەکەی دڵی بە ئافرەتەکە دەسوتاو لەبەردەکانی دەپاراست و لێی لادەدا!! ئەبوداود گێڕاویەتیەوە، فەرمودەیەکی (حسن)ە.

موغیث بۆ بورەیرەو لە ڕق بونەوەی بورەیرە بۆ موغیث؟!

ئنجا پێغەمبەر بورەیرەی بانگ کردو پێی گوت: بەڵکو بگەڕێیەوە لای موغیث. بورەیرەش گوتی: ئایا ئـەمرم پێدەکـەی؟! پێغەمبـەر فـەرموی: بەڵکو من تکاکارم بۆ پێك گەیاندنتان.

ئەویش گوتی: من پێویستیم بە موغیث نیە)).

(ئاسان كردنی هاوسەرگرتن و بەرەكەتیەكەی)

پێش بەشودانی كچ پێویستە ئیزنی لێ وەربگیرێ

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: ((لا تُنكَح الأَيِّمُ حتى تُستأمَر ولا تُنكَح البِكْرُ حتى تُستأذن. قالوا: يا رسول الله! وكيف إِذنُها؟ قال: أَن تَسكُت))[1]، واتە: ئەو ئافرەتەی كە بێوەژنە مارەی نابڕدرێ، تا خۆی بڕیار نەدات، كچیش مارەیی دروست نیەو مارەی نابڕدرێ، تا ئیزنو ڕەئی لێوەرنەگیرێ. گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئیزنی چۆن لێ وەردەگیرێ؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: بێدەنگیەكەی نیشانەی ڕازی بونیەتی. ((عن خنساء بن خذام: أن أباها زَوَّجها بدون إذنها –وهي ثَيّب– فأتت رسول اللهﷺ فَرَدَّ نِكاحَها))[2]، واتە: لە خەنسای كچی خوزامەوە، كەوا باوكی بەبێ ئەوەی ئیزنی وەرگرتبێ بەشوی داوە، كە بێوەژن بوە، جا هاتە لای پێغەمبەر، تا سكاڵای لەلا بكاتو نارەزایی دەربڕێ، پێغەمبەریش مارەییەكەی ڕەت كردەوەو بەتاڵی كردەوە.

لە عبداللەی كوڕی بەریدەوە ئەویش لە باوكیەوە، گوتی: ((كچێك هاتە لای پێغەمبەرﷺ و بە پێغەمبەری وت: باوكم بەشوی داوم بۆ كوڕی براكەی، تا بەهۆی ئەم بەشودانەم دەنائەتو سوكایەتی لەسەر خۆی نەهێڵێ. پێغەمبەریشﷺ كچەكەی سەرپشك كرد، كە ئەو بۆخۆی خاوەن ڕەئییەو بەبێ ڕەئی كچەكە مارەیی بەتاڵە. بەڵام كچەكە گوتی: ئەوا

---

١) رواه البخاري ومسلم.

٢) رواه الجماعة إلاّ مسلم.

مۆڵەتم بە باوکم دا، ویستم بۆ ئافرەتـان دەرکـەوێو بـزانن باوکـان شـتیان بەدەسـت نیـە))[1]. (حـافظ العراقـي) گێڕاویەتیـەوەو پیاوەکـانی پیـاوی (صحیح)ن.

١) ئیسلام کە مافی ئافرەتی داوە بە هەڵبژاردنی پیاوەکـەی، تـا هاوسـەرگرتنەکە لەسـەر بناغەی خۆشەویستی دابمەزرێ، ئێمە ئامۆژگـاری کـچ دەکـەین ئـەم مافـە بـە جـوانی بەکاربێنێو ملکەچی سۆزی هاروهـاجو شـێتانە نـەبێتو، تـەنها بـەجوانی پیـاو فریـو نەخۆن، چونکە جوانی - وەك دەڵێن- شتێکی خواستراوەو نامێنێ، بەڵکە لەگـەڵ کـات دا بەرەو نەمان دەچێ. کەواتە لەسەر کچ پێویستە هاوسەری چاكو ڕازاوە بـە ڕەوشـتی پاكو هەڵسوکەوتی چاكو گـوزەرانی سـاغو خۆشەویسـتیو کـاری جیـدیو کـارکردن هەڵبـژێرێ، چـونکە ڕەوشـتی جـوان فەزیلەیـەکی چەسـپاوە، کـە لەگـەڵ ڕۆژگـاردا خۆشەویستی دروست دەکاتو بەختەوەری بەردەوام دەڕەخسێنێ.

دەگێڕنەوە گەنجێك هاتە خوازبێنی کچێکی دەشـتەکی کچـەکە بـە جـوانی کوڕەکـە سەرسام بو، بیری لە ڕەوشتو ڕەفتاری نـەکردەوە، باوکیشـی ئامۆژگـاری کـرد کـە بـە کەڵکی ئەو نایەت، بەڵام کچەکە ڕازی نەبو، دیسان باوکی دوپاتی کردەوە، کە بەم کوڕە ڕازی نیە، بەڵام کچەکە بـە بڕیـاری بـاوکی ڕازی نـەبو، ئـەوەبو شـوی پـێکرد.. دوای تێپەڕبونی مانگێـك بەسـەر هاوسـەرایەتیان، بـاوکی سـەردانی کـرد، باوکەکـە چـەند نیشانەیەکی لێدان لەسەر جەستەی کچەکەی بینی، کە لەلایەن مێردەکەیەوە لێی درابو، باوکەکەش خۆی لـێ بێئاگا کردو لێی پرسی: کچەکەم حاڵـت چـۆنە؟ ئـەویش خـۆی وا پیشـان دا، کـە باشـە، بـاوکی پێـی گـوت: ئـەی ئـەم شـوێنی لێدانانـە چیە بەسـەر جەستەتەوە؟! ئینجا کچەکەی دەستی کرد بە گریان، گریـانێکی زۆرو بـەدەنگ، پاشـان گوتی: باوکەگیان چیت پێ بڵێم؟ من سەرپێچیم کردیتو ئەوم هەڵبژارد، بێئەوەی بیر لە بایەخ دان بە ڕەوشتو مامەڵەو هەڵسوکەوت باشی بکەمەوە.

پێشگیری لە بەشودانەوەی بێوەژن

خـوای گـەورە دەفـەرموێ:﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَٰجَهُنَّ إِذَا تَرَٰضَوْاْ بَيْنَهُم بِٱلْمَعْرُوفِ ۗ ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۗ ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾(البقرة- ٢٣٢)، واتە: گەر ئافرەتتان تەڵاق داو پاش بەسەر چونی ماوەی عیدەی، گەر مێردی ئەو ئافرەتە تەڵاق دراوە، ویستی مارەی بکاتەوەو، بەڕەزامەندی هەردوکیان بێو لەسەر ئەساسی چاکە بێ، ئەوا قەدەغەی ئەو ئافرەتە مەکەنو مەبنە بەربەست لە ڕێگایاندا، یان گەر مێردەکەیشی مارەی نەکردەوەو یەکێکی تر ویستی مارەی بکاتەوە ئێوە مەبنە ڕێگر لەبەر دەمیانا. ئەوەش ئامۆژگارییە بۆ ئەو کەسەی، کە لە ئێوە باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە. ئەم مارەکردنەوەش بەسودترو پاکترو بەدەستهێنەری بەرەکەتە، هەروەها بۆ پاکی سومعەی ئافرەتەکەش باشترە تا خەڵك گومانی خراپی پێ نەبەن و، خوای گەورە باشتر دەزانێو ئێوە نازانن، کە چ شتێك بە سودترو قازانجترە بۆ مسوڵمانان.

حەسەن دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ((موعقەلی کوڕی یەسار خوشکەکەی دا بەشو بە پیاوێکی مسوڵمان، ماوەیەك لەلای مایەوەو پاشان یەك تەڵاقی دا. کاتێك (عدة)ی ئافرەتەکە تەواو بو. ویستی بیگەڕێنێتەوە ژێر نیکاحی خۆی، ئەوە بو داوای کردەوە، ژنەکەی ڕازی بو بگەڕێتەوە لای، جا داوای لە موعقەل کرد، بەڵام موعقەل لێی توڕە بو، گوتی: من ڕێزم گرتیو خوشکی خۆمم پێشکەش کردیت: کەچی تۆ تەڵاقت دا، نا بەخوا

ناگەڕێتەوە لات. حەسەن دەڵێ: بەڕاستی خوای گەورە زۆر چاك دەزانێ كە پیاو چەندە پێویستی بە ئافرەت هەیە، هەروەها ژنیش بە هەمان شێوە پێویستی بە مێردەكەیەتی، لەبەرئەوە خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ ...﴾، كاتێك موعقەل گوێی لە ئایەتەكە بو یەكسەر گوتی: گوێڕایەڵو فەرمانبەری خوام! جا بانگی مێردی خوشكەكەی كردو گوتی: خوشكەكەمت دەدەمەوە تا شوت پێ بكاتەوەو ڕێزیشت دەگرم))[1].

پاش گێڕانەوەی ئەم ڕوداوە ترمذی دەڵێ: لەم فەرمودەیەدا بەدەردەكەوێو بەڵگەیە لەسەر دروست نەبونی مارەیی بەبێ (وەلی)، چونكە گەر خوشكی موعقەل كە بێوەژن بو، ئەمر بەدەست خۆی با، ئەوا پێویستی بەوە نەدەكرد موعقەل بەشوی بدابوایە. لەبەر ئەوە ئایەتەكە بە (وەلی ئەمرەكان)ی ڕاگەیاندو فەرموی: ﴿فَلَا تَعۡضُلُوهُنَّ﴾، واتە: لە شوكردنەوەدا قەدەغەیان مەكەنو مەبنە بەربەستیان.

شەریعەتی ئیسلام چاوەدێریو ڕەچاوی بارودۆخی ئافرەتو ڕێزی ئارەزوەكەی گرتوە.. ڕێزی ویستو ئیرادەی گرتوە. ئەو كەسەی وەلی ئافرەتەكەیە لەسەری حەرام كراوە، كاتێك پیاوێك دێت بۆ داخوازی ئافرەتەكە، بەشودانەكەی دوا بخات، چونكە بێبەشكردنی ئافرەتەكە لە بەشودانەوەی، تاوانو خراپەو كارێكە پێویستە خۆی لێ بپارێزێ. ڕونو دیاریشە كە ئافرەت خاوەن غەریزەی جنسیە، ئەم ئارەزوەش دەبێ بە حەڵاڵی تێر بكرێ، سەركوتكردنی ئارەزوش، كاردەكاتە سەر تەندروستی

---

[1] رواه البخاري والترمذي وأبوداود.

ئافرەتەکەو زیان بە سۆزو عاتیفەو عەقڵ‌و مێشکی ئافرەتەکە دەگەیەنێ. لە ڕێگای شوکردنەوەش نەبێ لەم زیان‌و مەترسیانە پارێزراو نابێ، لەبەرئەوە دەبێ هەمو هۆیەکانی شوکردنی بۆ ئاسان‌و مەیسەر بکرێ، پێویستیشە ئارەزو و حەزەکانی ڕەچاو بکەین. گەر ئافرەتەکە مەیلی لەسەر پیاوێك نەبو بەشوی نەدەین، چونکە ژیانی ژن‌و مێردایەتی، گەر خۆشەویستی‌و بەزەیی تێدا نەبو، ئەو ژیانە هیچ نرخ‌و بایەخێکی نیە، چونکە ئەوکاتە ئەو ژیانە دەبێتە دەروازەیەکی خراپەو، هۆیەك لە هۆیەکانی دڵەڕاوکێ‌و شڵەژان، دەبێتە مایەی توڕەیی‌و سوکایەتی.

ئەوەی پێویستە لە ژن‌و مێردایەتی بێتە دی بریتیە لە دڵنەوایی‌و سۆزو خۆشەویستی، بەڵام بەهۆی ئەوەوە دەبێتە لێك دورکەوتنەوەو دڵڕەقی‌و ئاشوب، ئەوکاتەش ژن کە هیچ دەرفەتێك نادۆزێتەوە بۆ دەربازبون لەو مێردەی، کە خۆشی ناوێ، هەتا هەلێك دەقۆزێتەوە، جا بە حەڵاڵی بێ یان بە حەرامی، ئا بەم جۆرە دەگەڕێ‌و زۆر هەوڵ دەدات بۆ ئەو شتەی، کە مەبەستیەتی‌و ڕێگای جیابونەوەی بۆ دەسازێنێ، ژن‌و مێردیش لەدوای ئەم پەیوەندییە لێك هەڵوەشاوەیە، جگە لە خراپەو سەرەنجام خراپی‌و بریندارکردنی هەستی ژنەکەی‌و سومعەی ژنەکە، هیچی تر ناچننەوەو، جگە لەدەستدانی هەلی گونجاو، کە دەبێتە مایەی دروستبونی گرێی دەرونی لەلایەن ژنەکەوەو، بە درێژایی ژیانی کاری تێدەکات.

پیـــاوی صـالح بۆی هــەیــە کچەکەی بۆ پیاوی صالح بخاتە ڕو

﴿ وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسْقُونَ وَوَجَدَ مِن
دُونِهِمُ ٱمْرَأَتَيْنِ تَذُودَانِ قَالَ مَا خَطْبُكُمَا قَالَتَا لَا نَسْقِى حَتَّىٰ يُصْدِرَ ٱلرِّعَآءُ وَأَبُونَا
شَيْخٌ كَبِيرٌ ﴿٢٣﴾ فَسَقَىٰ لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ فَقَالَ رَبِّ إِنِّى لِمَآ أَنزَلْتَ إِلَىَّ مِنْ خَيْرٍ
فَقِيرٌ ﴿٢٤﴾ فَجَآءَتْهُ إِحْدَىٰهُمَا تَمْشِى عَلَى ٱسْتِحْيَآءٍ قَالَتْ إِنَّ أَبِى يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ
أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا فَلَمَّا جَآءَهُۥ وَقَصَّ عَلَيْهِ ٱلْقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفْ نَجَوْتَ مِنَ ٱلْقَوْمِ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٥﴾ قَالَتْ إِحْدَىٰهُمَا يَٰٓأَبَتِ ٱسْتَـْٔجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ ٱسْتَـْٔجَرْتَ ٱلْقَوِىُّ ٱلْأَمِينُ
﴿٢٦﴾ قَالَ إِنِّىٓ أُرِيدُ أَنْ أُنكِحَكَ إِحْدَى ٱبْنَتَىَّ هَٰتَيْنِ عَلَىٰٓ أَن تَأْجُرَنِى ثَمَٰنِىَ حِجَجٍ فَإِنْ
أَتْمَمْتَ عَشْرًا فَمِنْ عِندِكَ وَمَآ أُرِيدُ أَنْ أَشُقَّ عَلَيْكَ سَتَجِدُنِىٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ
مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٢٧﴾ قَالَ ذَٰلِكَ بَيْنِى وَبَيْنَكَ أَيَّمَا ٱلْأَجَلَيْنِ قَضَيْتُ فَلَا عُدْوَٰنَ عَلَىَّ
وَٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ ﴾(القصص:٢٣-٢٨)، واتە: موسـا کـە هاتـە سـەر ئاوی مەدیەن، کۆمەڵێ لە خەڵکەکەی دیت ئاو هەڵدێنجن، لەولای ئـەوان دو ژنی دیت مەڕەکانی خۆیان دوردەخەنەوە، گوتی: ئێـوە خـەریکی چـین؟ گوتیان: هەتا شوانەکان مەڕەکانیان لە ئاودانێ نەهێننـەوە، ئێمـە مـەڕی خۆمان ئاو نادەین، باوکی ئێمـەش ئیختیـارێکی لەکارکەوتەیـە.. ئەوسـا ئاوی بۆ هەڵێنجان، پاشان خۆی گەیاندە سێبەر، گوتی: ئەی پـەروەردگارم! من پێویستیم بەو خێرە هەیە کە تۆ دەینێری.. جا یەك لەو دوانە —کە بـە

شەرمەوە دەڕۆیی- هاتە لای‌و گوتی: باوکم بانگت دەکا تا بۆ ئاوێ کە بـۆ ئێمەت هەڵێنجاوە کرێت بداتێ.. وەختێ هـاتو روداوەکـەی بـۆ گێـڕاوە، گوتی: ترست نەبێ، لە کۆمەڵی سـتەمکاران رزگـار بـوی.. یـەکێ لـەوان گوتی: باوە! بەکرێی بگرە" چاکترین رەنجبەر ئەوەیە، کە بەتاقەت‌و جێباوەڕ بێ.. گوتی: من خەیالم وایە یەکێ لەو دو کیژانەی خۆم بدەم بـە تـۆ، بـەو مەرجەی هەتا هەشت ساڵان رەنجبەرم بی، ئەگەر دەساڵت بردەسەر کـەیفی خۆتەو نامەوێ زۆریـت بـۆ بێـنم، گـەر خـوا حـەزکا زو دەزانـی، کـە لـە پیاوباشەکانم.. گوتی: ئەمە بڕیارێك بێ لە نێوانی من‌و تۆدا" هەرکام لـەو دو ماوەیەم پەڕاند، نابێ ناهەقیم لـێ بکرێ" خوداش لەسەر هەرچی دەڵێین بریکارە.

ئا بەو شێوەیە ئەم پیاوە بەرزە، کچەکەی خۆی خستەڕوی موسا ﷺ و لە کەشێکی سادەدا شوکردنەکە تەواو بو. ئەو عـادەت‌و نەریتـە جێمـاوە ناشیرینـەی، کە ئێستا دەیکەن بۆیان ساز نەداو پارەیەکی هـەرە زۆری تـێ نەچو، کە ببێتە بەربەست وبەرپەرچی ژن هێنان. کاتێك ئەم باوکـە بـەڕێزە زانی موسا خاوەن دەست پاکی‌و داوێن پـاکی‌و جـوامێری‌و خـاوەن هێـزی جەستەیە لەگەڵ ئەوەی، کە فەقیریش بو، یەکسەر کچـەکەی خـۆی خسـتە ڕوو پێشکەشی کرد.

ژن هێنانی پێغەمبەرو هاوەڵە بەڕێزەکانی، گشـتیان بەئاسـانی‌و بـەبێ بارگرانی ئەنجام درا، ئەو داب‌و نەریت‌و رێوڕەسمەی ئێستا کە خەڵك پێوەی سەرگەرمن، لەڕاستیدا هەموی داب‌و نەریتی فیرعەونیەکانە بۆ ڕوخانـدنی بنەمای خێزان و بەربەست دانان لەبەردەم ژن هێنان دا.

کاتێك کچەکەم بەشودا بە یەکێك لە پیاوچاکان مارەییەکەیان تەنها بە نوسین نوسی، بەبێ وەرگرتنی مارەیی جگە لە کەمێکی نەبێت، یەکەم مەرج و دوا مەرجیشم ئەوە بو، کە نابێ نە زێڕو نە شتی تری بۆ بکەن.

بەبۆنەی ئەوەی، کە دەشێ پیاو کچەکەی خۆی بۆ پیاوی چاك و بەتەقوا بخاتە ڕو، ئەم چیرۆکە واقعییە باس دەکەین، کە لە کتێبەکانی مێژو تۆمار کراوە:

((لە عبداللەی کوڕی ئەبی وداعەوە، کە گوتویەتی: من لە کۆڕو دانیشتنەکانی سەعیدی کوڕی موسەیەب ئامادە بوم، بەڵام چەند ڕۆژێك لە دانیشتنەکان ئامادە نەبوم، کاتێکیش چومە لای بۆ ئامادەبونی وانەکان پێی گوتم: لە کوێ بوی؟ منیش گوتم: خێزانەکەم ئەمری خوای بەجێ هێناوەو وەفاتی کردوە، منیش سەرقاڵی ئەمە بوم. ئەویش گوتی: دەبوایە پێت گوتباین، تا یارمەتیمان بدایتایە؟! عبداللە دەڵێ: پاشان ویستم هەڵسم بڕۆم، سەعید پێی گوتم: بەنیازی ژن هێنان نی؟ منیش پێم گوت: ڕەحمەتی خوات لێ بێ! کێ کچ بەمن دەدا، من خاوەنی دو یان سێ درهەمم!

سەعید گوتی: من کچی خۆمت ئەدەمێ.

منیش گوتم: ئەوە بەڕاستتە؟!

سەعید گوتی: بەڵێ.

ئنجا گوتی: الحمد الله تعالی وصلی الله علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه، لەسەر دو درهەم یان سێ درهەم کچەکەی لێ مارە کردم.

عبداللە دەڵێ: لە خۆشیا نەمدەزانی چی بکەم، گەڕامەوە ماڵەوە بیرم لەوە دەکردەوە لەکێ شت وەرگرم.. لە کێ قەرز کەم. پاشان نوێژی ئێوارەم

کردو چراکەم داگیرساندو بەربانگم کردەوەو ویستم نان بخۆم، کە نان و ڕۆنی (زەیت) بو. تا لەوکاتەدا لە دەرگا درا، گوتم: کێیە؟

گوتی: سەعید.

دەڵێ: بیرم لە هەمو کەسێك کردەوە کە ناوی سعید بێ، تەنها سەعیدی کوڕی موسەیەب نەبێ. چونکە بۆ ماوەی چل ساڵ، ڕێگای سەعید نێوان مزگەوتو ماڵەوە بو، کاتێك چومە دەرەوە بینیم سەعیدی کوڕی موسەیەبە، گومانم برد کە پەشیمان بوبێتەوە، پێم گوت: باوکی محمد! بەدوامت بناردایە، خۆم دەهاتم بۆ لات.

ئەویش گوتی: نا! تۆ شایستەتری کە بێینە لات.

گوتم: چ دەفەرموی؟ سەعید گوتی: تۆ پیاوێکی بێ ژنیو تازە ژنت مارە کردوە، لەبەرئەوە پێم باش نەبو بە تەنهایی شەو بکەیتەوە، ئەوەش خێزانەکەت، کە لە دواوەی سەعید وەستا بو. کاتێك کە هێنایە ژورەوە بۆم دەرکەوت، کە جوانترین ئافرەتەو لە هەمو کەسێك زیاتر قورئانی لەبەرەو شارەزاترین کەسە لە سوننەتی پێغەمبەرﷺ ، هەروەها لە هەمو کەس زاناتر بو بەرامبەر بە مافەکانی پیاو..

عبدالملکی کوڕی مەروان داخوازی ئەم کچەی سەعیدی کوڕی موسەیەبی کرد بۆ کوڕەکەی، کە ناوی وەلید بو، کوڕی خەلیفە بو. بەڵام سەعید ڕازی نەبو کچەکەی خۆی بەشو بدات بە کوڕی خەلیفە))!!

لێرەدا شتێك هەیە کە دەبێ بگوترێ، ئەویش ئەوەیە بۆیە سەعید یەکسەر بەبێ پرسی کچەکەی بە عبداللەی گوت کچەکەمت پێشکەش دەکەم، چونکە کچە مسوڵمانەکەی کچێکی قورئان لەبەرو شارەزا بو، باوکی سەرپشك (مخیر) کردبو بۆ بەشودانی، بە مەرجێ ئەو کەسەی

داخوازی دەكات دەبێ بەتەقواو صالح بێو خۆی بۆ خوا یەك لایی كردبێتەوە، با سەروەت‌و سامانیشی نەبێ. بەڵگەی ڕاستیی ئەوەش، ڕەتكردنەوەی داخوازییەكەی عبدالملك بو بۆ كوڕەكەی كاتێك كە بە سەعیدی گوت: كوڕەكەم بەقەد كێشی كچەكەت خشڵ‌و زێڕی بۆ دەكات. بەڵام كچەكەی پێی ڕازی نەبو، چونكە نەیدەویست بەهۆی فێڵ‌و چەواشەیی خشڵ‌و زێڕو ماڵ‌و سامان‌و كۆشك‌و تەلارو خزمەتچییەوە، خوای گەورەی لەبیر بچێتەوەو لەخوا پەرستی كەمتەرخەمی بكات. لەبەرئەوە خستنەڕوی كچ بۆ پیاوی صالح تەنها پیشەی (سلف الصالح) نەبوە، بەڵكو لە هەمو چاخ‌و سەردەمێكدا پیاوی صالح كچی خۆی بۆ پیاوی بەتەقواو بە ڕەوشت خستۆتە ڕو.

یەكێك لە برادەران بۆی باسكردم، كە ئیمامی مزگەوتی (حي میدان) لە دیمەشق ڕۆژێك لە كاتی خوتبەدا هانی گەنجانی دەدا بۆ ژن هێنان و، هانی باوكانی دەدا مارەیی سوك‌و ئاسان بكەن. ئیمامەكە گوتی: من چەند كچێكم هەیە، هەر كەسێ دەیەوێ بیانخوازێ، من ئامادەم پێشكەشیان كەم بەبێ هیچ مەرجێك، تەنها مەرجی دین و ڕەوشت نەبێ. دەڵێ: مانگێك تێپەڕی نەكرد، تاوەكو هەمو كچەكانی بەشودا.

بوخاری‌و نەسائی دەگێڕنەوە كە عومەری كوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێ بێ گوتویەتی: كاتێك مێردی حەفصە مرد، بە عوسمانی كوڕی عەففان گەیشتم و حەفصەم خستە ڕو بۆ ئەوەی خوازبێنی بكات‌و مارەی بكاتەوەو، پێم گوت: گەر حەز دەكەی، تا حەفصەی كچی عومەرت لێ مارە بكەم، عوسمانیش گوتی: با بزانم چۆن دەبێ.

چەند شەوێكی پێ چو، عوسمانم بینیەوەو بەهەمان شێوە پێیم گوتەوە،

ئەویش گوتی: ژن ناهێنم. پاشان توشی ئەبوبەکر بوم و پێمگوت: گەر حەزدەکەی تا حەفصەی کچی عومەرت لێ مارە بکەم، ئەویش بێدەنگ بو و بۆی نەگەڕایەوە، ئا بەو شێوەیە مایەوە، پاشان پێغەمبەرﷺ خوازبێنی کردو لە پێغەمبەرم مارە کرد.

ئەبوبەکر توشم بو و گوتی: رەنگە لە دڵت گران بوبێ کاتێك حەفصەت بۆ خستمە ڕو، من نەگەڕامەوە. عومەر گوتی: بەڵێ. ئەبوبەکر گوتی: هیچ شتێك نەبوە بەربەست بۆ نەگەڕانەوە بۆ وەڵامی مارەبڕینی حەفصە. بەڵام من دەمزانی کە پێغەمبەر نیازی ئەو خوازبێنیەیە، بۆیە نەگەڕامەوە. حەزیشم نەکرد نهێنی پێغەمبەرﷺ بدرکێنم. بەڵام گەر پێغەمبەرﷺ وازی لەم خوازبێنی یە بهێنابایە ئەوا مارەکردنی حەفصەم قبوڵ دەکرد.

داوانەکردنی مـارەیـی زۆر

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((إن من يُمْن المرأة تيسيرُ خِطْبَتها، وتيسيرُ صداقها، وتيسيرُ رَحِمِها))[1]، واتە: لە خێرو بەرەکـەتی ئـافرەت ئەوەیـە، کە خوازبێنییەکەی ئاسان بکرێو مارەیی یەکەی سـوك و ئاسـان بـێو زۆر نەبێ.

بوخاریو موسلیم دەگێڕنەوە: ((ئافرەتێك هاتە لای پێغەمبـەری خـواو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! من خۆمت پێشکەش دەکـەم. پێغەمبـەرﷺ سـەیرێکی کـردو پاشـان سـەری بـە نیـازی ڕازی نـەبون ڕاوەشـاند، ئنجـا ئافرەتەکـە هەڵسـاو یەکسـەر پیاوێـك هەڵسـایە سـەرپێو گـوتی: ئـەی پێغەمبەری خـوا گـەر تـۆ نـایهێنی، لـەمنی مـارە بکـە. پێغەمبـەرﷺ فەرموی: چیت هەیە تـا بیکـەی بـە مـارەیی، یـان مـارەیی پـێ بـدەی؟ پیاوەکەش گوتی: تەنها ئەو کراسەم هەیە!

پێغەمبەرﷺ فەرموی: هەوڵدە ئەموستیلەیەکی ئاسن بۆ مارەیی پەیـدا بکە.

بەڵام پیاوەکە بۆی پەیدا نەبو، پێغەمبەرﷺ پێی فەرمو: چ شتێکت لـە قورئـان لەبـەرە؟ ئـەویش گـوتی: بـەڵێ، ئـەم سـورەتو ئـەو سـورەتە. پێغەمبەرﷺ فەرموی: ئەوا ئێوەم لە یەکتری مارە کـرد بەوەنـدە ئایەتـەی لەبەرتە.

لە گێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ فەرموی: بـڕۆ ئـەوا لـە یـەکتریم

١) رواه أحمد في المسند والنسائي (حديث حسن).

مارەکردنو، قورئانی فێر بکە)) بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردوە.

ئەنەس دەڵێ: ((ئەبو طەڵحە ئوم سولەیمی مارە کردو مارەییەکەشی مسوڵمان بونی ئەبو طەڵحە بو! چونکە ئوم سولەیم لەپێش ئەبو طەڵحە مسوڵمان ببو، جا داخوازی کرد، ئوم سولەیم گوتی: من مسوڵمان بوم، گەر تۆش مسوڵمان ببیت ئەوا شوت پێدەکەم. ئەویش مسوڵمان بو، مسوڵمان بونەکەی بوە مارەیی یان))[1].

((ئەبی سەلمە گوتویەتی: لە عائیشەم پرسی: مارەیی دانی پێغەمبەرﷺ چەند بو. ئەویش گوتی: مارەیی دانی بۆ خێزانەکانی دوازدە ئۆقیەو (نەش) بو.

عائیشە گوتی: دەزانی (نەش) چیە؟

گوتم: نەخێر.

عائیشە گوتی: نیو ئۆقیەیە.

گوتم: کەواتە پێنج سەد درهەمە[2]))[3].

ئیبن عەباس ڕەزای خوای لێ بێ گوتویەتی: (لەوکاتەی کە عەلی کوڕی ئەبو تالیب فاطیمەی کچی پێغەمبەری مارە کرد، پێغەمبەرﷺ بە عەلی فەرمو: شتێك بدە بە فاطیمە! عەلی گوتی: هیچ شتێکم نیە! پێغەمبەرﷺ فەرموی: ئەدی زرێیەکەت لەکوێیە؟ بیدە بە فاطیمە)[4].

ئا ئەوە بو مارەیی کچی پێغەمبەرﷺ، کە بە هیچ شێوەیەك بە پارە

---

١) رواه النسائي (صحيح).

٢) ئۆقیە چل درهەمە،کەواتە مارەییەکە پێنج سەد درهەمە، درهەمێکیش دەکاتە چل قرشی سوری، کەواتە کۆی مارەییەکەی دوسەد لیرەی سوریە!!

٣) رواه مسلم.

٤) رواه النسائي والحاكم، (حديث صحيح).

مەزەندە ناکرێ، باوکی بەزرێیەك بە شوی دەدات کە سودی لـێوەرناگیرێ، بەڵکو تەنها وەك ڕەمزێك دادەنرێ بۆ پەیوەستکردنی پەیوەندی ژنو مێرد.

گەر سەرنج بدەین، جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان ئاسانکردنی ژن هێنان لە ئیسلامو دابو نەریتە نەفامیو جاهیلیەکانمان لەم سـەردەمەدا، تەنانـەت ژن هێنان بۆتە مایەی نەگبەتیو سەر ئێشەو مەینەتی.

عومەری کوڕی خەتتاب گوتویـەتی: (**ألا لا تغـالوا**[١] **بصداق الناس!! فإنها لو كانت مكرمة في الدنيا وتقوى عندالله لكان أولاكم بها نبي الله ﷺ!**

ما علمت رسولَ الله ﷺ نكح شيئاً من نسائه ولا أنكح شيئاً من بناته على أكثر من اثنتي عشرة أوقية)[٢]، واتـە: ئاگـاداربن نەکـەن مـارەیی ئافرەتان زۆر بکەن!! چونکە گەر لـە دنیـادا مـارەیی زۆر، جێگـەی ڕێـزو

---

١) چیرۆکی ئەو ژنەی بە ئایەتی (وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا) وەڵامی عومەری کوڕی خەتتابی دایەوە کە بانگێشەی ئەوەی دەکرد لە مارەییدا داوای شتی زۆر نەکرێ، راست (صـحیح) نیە لە دو لایەنەوە:

یەکێکیان لە لایەنی فەرمودەیە: چیرۆکەکە لە چەند گێڕانەوەیەك هاتوە کـە هەنـدێکی پچڕان (انقطاع)ی تێدایە، هەندێکی تریش لاواز (ضعیف)ن بەهۆی مجالدی کوڕی سەعید، یان قەیسی کوڕی رەبیع، کە هەردوکیشیان ئیبن حەجەری عەسقەلانی بەلاوازی داناون.

لایەنەکەی دی فقهیە: چونکە زۆر داواکردنی مارەیی حـــــــرامەو خراپەکاری لـێ پەیدادەبێ، ئایەتەکەش ئەوە دەگەیەنێ، کە پیاو بە خۆبەخشینەوە دەتوانێ ئەوەندەی بداتێ گەر زۆریش بێ. بەڵام گەر کچەکە، یان وەلی کچەکە داوای زۆر بکەن ئەوەیان قەدەغە لێکراوە،ژیریش قبوڵ ناکات ئەم ژنە رەخنە لە خەلیفە بگرێو خەلیفەش لـێی بێدەنگ بێ، سەرەڕای ئەوەش بڵێ: عومەر هەڵەی کردو ژنەکە پێکای! بەتایبەتی لەپێشتر باسی مارەییمان کرد، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەڕو بەرەکەتی ژنی بە ئاسانیو کەمی مارەییەکەیەوە بەستوە.

٢) رواه أحمد في المسند والترمذي والنسائي (حديث صحيح).

چاکی و تەقوای خوا بوایە پێغەمبەرﷺ لـە هـەموانتان شایستـەتر بـو بـۆ زۆردانی مارەیی. پێغەمبەرﷺ بۆ مارەیی خێزانـەکانی لـە دوازدە ئۆقیـە زیاتری نەداوە، هەروەها بۆ کچەکانیشی بەهەمان شێوە.

عـەلی کـوڕی ئـەبوتالیب گوتویـەتی: پێغەمبـەری خـواﷺ دۆشـەگ و بالیفێکی کردە جیازی فاطیمە، کە ناواخنەکەی پوش بو.

جابر دەڵێ: لە ڕۆژی گواستنەوەی فـاطیمـەدا ئامـادەی زەماوەندەکـە بوین، کە هیچ بوکێنی یەك لەو باشترمان نەدیبو. ئەو شتەی کـە لەسـەری دانیشتبوین لێفە بو، خورماو مێوژیان بۆ هێناین، ئێمەش خواردمان ئـەو پێخەفەی شەوی بوکێنیەکەی لەسەری دەنوستن پێستی بەران بو.

پـرۆژەی ژن هـێنـان

ئیمامی ئەحمەد لە مەسنەددا بە (صحيح)ی گێڕاویەتیەوە: یـەکێك لـە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەرﷺ خـۆی یـەکلا کردبـۆوە بـۆ خزمـەتکردنی پێغەمبەرﷺ، لەلای پێغەمبەر دەمایەوە بۆ جێبەجێکردنی پێویستی یەکانی. پێغەمبەرﷺ پێی فەرمو: بۆ ژن ناهێنی؟ ئەویش گوتی: ئـەی پێغەمبـەری خوا من نەدارم و هیچ شتێکم نیە، لەبەر ئەوە خـۆم یـەکلا دەکەمـەوە بـۆ خزمەتکردنی جەنابت. جا بێدەنگ بـو پاشـان دوبـارە هـەمان پرسـیاری لێکردەوەو ئەویش هەمان وەڵامی دایەوە، پاشان ئەم هاوەڵە بـەڕێزە بـیری کردەوەو گوتی: بەخوا پێغەمبـەری خوا بۆ بەرژەوەندی دنیاو ئاخیرەتم چاکتر دەزانێ، گەر ئەمجارە پێم بڵێتەوە بەقسەی دەکەم. جا ئەمجارە پێغەمبـەرﷺ

پێی فەرمو: بۆ ژن نـاهێنی؟ ئـەویش یەکسـەر گـوتی: دەی ژنم بـۆ بێنــە. پێغەمبەرﷺ فەرمو: بڕۆ لای بەنی فلان، بلێ پێغەمبەری خوا فەرمانتان پێدەکات کە کچەکەتانم بدەنێو لێم مارە بکەن...

هاوەڵە بەڕێزەکەش گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا من هیچ شتێکم نیە.

پێغەمبەریش بە هاوەڵەکانی فەرمو: ((بەقەد کێشی دەنکە خورمایـەك لەزێڕ بۆ براکەتان کۆبکەنەوە))[١] ئەوانیش بۆیان کۆکردەوەو زێرەکەیان بـۆ قەومەکە بردو کچەکەیان لـێ مارەکرد، هەروەها هاوەڵەکان بۆ ڕۆژی بـوك گواستنـەوە بە هەمویان مەڕێکیان بۆ برد.[٢]

---

١) لە دێرینەوە لە هەندێ وڵاتدا وا باوبوە، گەر گەنجێك پێویستی بایە ژن بهێنێو عەقدی مارەیی ببڕی، گەنجەکە بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی سادەی سـاز دەکـردو، هـاوڕێو خـزمو کەسوکاریو دراوسـێکانی دەهـاتن، ئەویش بـە دانیشـتنەوە پێشـوازی لـێدەکردنو کڵاوەکەی بە وەرگەڕایی بەدەستەوە دەگرت، جا هەرکەسەو بەگوێرەی توانـای خـۆی وەك دیاریەك شتێکی دادەنا، گەنجەکەش هەر ئەوەندەی دەزانی کڵاوەکـەی پـڕ بـوە، جـا بـۆ مارەییو وەلیمەی خەرج دەکرد.

٢) رواه أحمد في المسند (حديث صحيح).

مارەيى و سوربون لەسەر بەجىٚهيٚنانى

خواى گەورە دەفەرمویٚ: ﴿وَءَاتُواْ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحۡلَةٗۚ فَإِن طِبۡنَ لَكُمۡ عَن شَيۡءٖ مِّنۡهُ نَفۡسٗا فَكُلُوهُ هَنِيٓـٔٗا مَّرِيٓـٔٗا﴾ (النساء- ٤)، واتە: مارەيى تەواو بدەن بە خێزانەکانتان، ئەگەر ڕازی بون و پڕ بە دڵ پێیان خۆش بو، بەشێك لە مارەیی یەکەیان بخۆن یان پێتان بدەنەوە، ئەوا بەنۆشی گیانی بیخۆن یان وەری گرن.

بەم بۆنەیەوە پێویستە ئەوە بزانرێ مارەیی مافی ئافرەتەو هی خۆیەتیو مێردەکەی هیچ مافێکی بەسەرەوە نیە، چ هەموی بێ یان نیوەی مارەیی یەکە. بەهیچ جۆرێکیش پیاو بۆی نیە زۆر لە ژنەکەی بکات مارەیی یەکەی لێ بسێنێو لێی گل داتەوە، یان لە مارەیی یەکە کەلوپەلو شتومەکی ناو ماڵی پێ بکڕێو پێی ئامادە بکات. چونکە ئیسلام لەسەر پیاوی داناوەو ئەرکی سەرشانیەتی، کە کەلوپەلو شتومەکی ناوماڵو پۆشاکی خێزانەکەی دابین بکاتو بژێویشی بدات. بەڵام گەر ئافرەتەکە بەگەردن ئازایيو بە نەفسێکی بێگەردەوە پارەی مارەیی یەکە بدات بە مێردەکەی، ئەوا مێردەکەی بۆی هەیە وەریگرێو بیخوات، بەڵگەش ئەم ئایەتە پیرۆزەی سەرەوەیە.

هەر لەم بارەیەوە خوای باڵادەست دەفەرموێ:

﴿وَإِنۡ أَرَدتُّمُ ٱسۡتِبۡدَالَ زَوۡجٖ مَّكَانَ زَوۡجٖ وَءَاتَيۡتُمۡ إِحۡدَىٰهُنَّ قِنطَارٗا فَلَا تَأۡخُذُواْ مِنۡهُ شَيۡـًٔاۚ أَتَأۡخُذُونَهُۥ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ۝٢٠ وَكَيۡفَ تَأۡخُذُونَهُۥ وَقَدۡ أَفۡضَىٰ بَعۡضُكُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ وَأَخَذۡنَ مِنكُم مِّيثَٰقًا غَلِيظٗا﴾(النساء: ٢٠-٢١)،

واتە: ئەگەر ویستتان واز لە ژنەکانتان بێنن‌و ئافرەتێکی تر بخوازن لە کاتێکداماڵێکی زۆرتان پێ بەخشی بون، نابێ هیچی لێ‌وەربگرنەوە. جا وەك پرسیارێکی سەر سوڕمان لێمان ئەکات‌و، دەفەرموێ: ئایا دەتانەوێ بەزۆر پارەکەیان لێ‌وەربگرنەوە، کە ئەوەش تاوان‌و گوناهێکی ڕون‌و ئاشکرایە. چۆن وەریدەگرنەوە لەدوای ئەوەی، کە لەیەك دابڕاون‌و لێك جیابوینەوەو پەیمانێکی پتەوو توندیشیان لێ‌وەرگرتون بە زیادە پێ‌بەخشینیان، نەك لێ‌گرتنەوەیان، ئێوەش پەیمانتان پێداون بەجوانی‌و ڕێك‌وپێکی پێکەوە بژین لە گوزەرانی ژیانی ژن‌و مێردایەتی، کاتێکیش لێك جیاواز دەبنەوە بەهەمان شێوە بە جوانی‌و بە ڕێك‌وپێکی‌و بێ ستەم لە یەکتری کردن جیا ببنەوە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**أحق الشروط أن توفوا به ما استحللتم به من الفروج**))[1]، واتە: شایەنترین مەرج، کە وەفای پێ‌بکرێ ئەوەیە، کە بەهۆیەوە داوێنی هاوسەری پێ حەڵاڵ کراوە.

هەر لەبارەی مارەیی دان پێغەمبەر دەفەرموێ: ((**أيّما رجل تزوج امرأة على ما قل من المهر، أو كثر، وليس في نفسه أن يؤدي إليها حقها خدعها، فمات ولم يؤد اليها حقها، لقي الله يوم القيامة وهو زان!**))[2]، واتە: هەر پیاوێك ژن مارە بکات، جا مارەیی‌یەکەی زۆر بێ یان کەم، لە دڵ‌و دەرونیدا وا نەبێ، کە حەقی مارەیی‌یەکەی بە ژنەکەی بدات، ئەوا فێڵی لە ژنەکەی کردوە. کاتێکیش مردو حەقی مارەیی‌یەکەی نەدا بو، ڕۆژی قیامەت بە زیناکەر بەخوا دەگات.

---

١) رواه البخاري ومسلم.

٢) رواه الطبراني (حديث صحيح).

داخـوازیو دوعـاکـەی

لەکاتی گرێبەستی مارەکردندا، پێویستە وتارێك بخوێندرێتەوە، کە بە سوپاس و ستایشی خواو درود دان لەسەر پێغەمبەرﷺ دەست پێبکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

(إِنَّ الْحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ).. ، (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ) (يَاأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا) (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا).

پاش کۆتایی هاتنی ئەم وتارە ئنجا ئەو کەسە باسی داخوازی دەکاو دەڵێ: (هاتوم بۆ داخوازی کچەکەتان بۆ کوڕی فلان).

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: **((کل خطبة لیس فیها تشهد فهي كاليد الجذماء))**[1] واتە: هەر وتارێك شایەتمانی تێدا نەگوترێ ئەوا وەك دەستی بڕاو وایە.

---

١ رواه الترمذي وحسنه.

ئامۆژگاری و ڕاسپاردە بەر لە هاوسەرگرتن

ئامۆژگاری دایك و باوك بۆ كچی تازە بەشودراو

ئەنەس دەڵێ: هاوەڵە بەڕێزەكانی پێغەمبەری خواﷺ كاتێك كە بوكێكیان بۆ زاوا دەگواستەوە، فەرمانیان بە بوكەكە دەكرد كە خزمەتی مێردەكەی بكات و چاودێری مافی ژن و مێردایەتی بكات.

ئامۆژگاری باوك لەكاتی بەشودانی كچەكەی

عبداللهی كوڕی جەعفەری كوڕی ئەبوتالیب ئامۆژگاری كچەكەی كردو پێی گوت:

نەكەی (غیرة)ت بەرامبەر مێردەكەت هەبێ، واتە لێی بترسی لەوەی كە دڵی بە ئافرەتێكی ترەوە بێت. چونكە ئەم (غیرة)یە كلیلی دەرگای تەڵاق دانە! نەكەی زۆر گلەیی و گازاندەو نارەزایی دەربڕی، چونكە دەبێتە هۆی توڕەبونی.

پێویستە چاوەكانت بە كل[1] برازێنیتەوە، چونكە جوانترین ڕازانەوەیە، خۆشترین و باشترین بۆن ئاوە.

---

١) لەو كاتەی (قرافصة بن الأحوص) نائیلەی كچی خۆی لە میری بڕواداران عوسمانؓ مارەكردو بۆی برد، باوكی ئامۆژگاری كردو گوتی: كچە شیرینەكەم! تۆ دەچیتە لای ئافرەتانێ لە ئافرەتانی قورەیشی، كە ئەوان لەتۆ زیاتر دەتوانن خۆیان بۆنخۆشكەن، كەواتە دو خەسڵەت هەیە لێمی وەرگرە" كل لەچاوت بدەو، یان بە ئاو خۆت بۆنخۆش

بکە، هەتا بۆنت وەك بۆنی ئەو کوندە ئاوە بێت، کە باران لێی دەدات. (الأغاني لأبي الفرج الأصفهاني)

عەمری کوڕی حجر پاشای کندە داخوازی (أم أياس بنت عوف بن مسلم الشيباني) کرد، کاتێ وەختی گواستنەوەی هات، دایکی کچەکە بە تەنیا لەگەڵ کچەکەی دانیشتو چەند ئامۆژگاریەکی کرد، ئامۆژگاریەکان بنەماکانی بەختەوەریی ژیانی ژنو مێردایەتیو، ئەوەی پێویستە لەسەری بەرامبەر بە مێردەکەی بیکات، بەدیار دەخست کە دەکرێ بکرێتە دەستور بۆ گشت ئافرەتان.

ئامۆژگاریەکان بریتی بون لە:

یەکەمو دوەم: بە قەناعەت بەو بەباشی گوێڕایەڵو فەرمانبەری بە.

سێیەمو چوارەم: نەکەی بهێڵی شتێکی ناشیرینت پێوە ببینێ، یان بۆنی ناخۆشت بکات، بەڵکو با خۆشترین بۆنت هەڵمژێ.

پێنجەمو شەشەم: ئاگاداری کاتەکانی خواردنو نوستنی بە، چونکە برسێتی گڕ لە پیاو بەردەدات، تێرخەو نەبون مایەی توڕەبونە.

حەوتەمو هەشتەم: ماڵو سامانی بپارێزەو چاودێری منداڵەکانی بکە.

نۆیەمو دەیەم: سەرپێچی فەرمانی مەکە، نهێنی ئاشکرا مەکە، چونکە گەر سەرپێچی فەرمانی بکەیت، یان دڵیت شکاند، نهێنیت ئاشکرا کرد، ئەوا لە غەدرو توڕەیی ئەو پارێزراو نابی، گەر مێردەکەت خەمبار بو، نەکەی خۆت بە دڵخۆشو شادمان پیشان بدەیت، گەر دڵخۆش بو نەکەی خۆت بە خەمبار پیشان بدەیت!

(أبو أسود) بە کچەکەی گوت: نەکەی غیرەت هەبێ، چونکە غیرە کلیلی تەڵاقدانە، پێویستە خۆت بۆ مێردەکەت جوان بکەیت، جوانترین رازاوەش کلە، پێویستە خۆت بۆنخۆش بکەیت، باشترین بۆنخۆش دەستنوێژ هەڵگرتنە..

یەکێك لە ئافرەتە جوانەکانی ئەوروپی ئامۆژگاری ئافرەتان دەکات، کە رۆژانە چەند جارێك دەم و چاویان بەئاوی سارد بشۆن!

کەواتە دەستنوێژ هەڵگرتن حیکمەتی گەورەی تێدایە.

ئامۆژگـاری خــەزور بۆ زاواکــەی

لەو کاتەی ئیمامی عەلی داخوازی فـاطیمـەی لـە پێغەمبـەرﷺ کـرد، پێغەمبەر پێی فەرمو: ((هي لك أن تُحسن صُحبتَها))، واتە: فاطیمە بـۆ تۆیە، بە مەرجێ بە باشـیو بـە چـاکی هەڵسوکـەوتو ڕەفتـاری لەگـەڵ بکەیت))[١].

عوسمانی کوڕی عەنبەسەی کوڕی ئەبو سوفیان داخوازی کچە مامەکەی کرد، کە عوتبە مـامی بـو. عوتبـەش عوسمـانی لـەلای خـۆی دانیشـاندو دەسـتی بەسـەری دادەهێنـاو، پاشـان گـوتی: نـزیکترین خـزم داخـوازی خۆشەویسترین خۆشەویستی کردوە، کە ناتوانم ڕەتی بکەمـەوە. ئـەوا ڕازی بوم ببنە هاوسەری یەکتری، تۆ لەو بەڕێزتری لە کاتێکدا کـە کچـەکەم بـە دڵمەوە نوساوە، لەبەرئەوە ڕێزی بگرە، تا بەزمانی شیرینەوە باست بکـەم. هەرگیز قسەی ناشیرینی پێ نەڵێیتو بە کەمی نەزانی، ئەگینا ڕێزت لەلام کەم دەبێتەوەو بە بچوکی دێتـە بـەر چـاوم. لەگـەڵ ئـەوەی نزیکـی بـەڵام نزیکترم کردویەوە، لەبەرئەوە خۆت لە دڵم دور مەخەرەوە.

---

١) رواه الطبراني (صحيح).

دایکێـك ئامۆژگـاری کچەکـەی دەکات پێش شـەوی گواسـتنەوەی

دایکێکی هاوچەرخ ئامۆژگاری کچەکەی بـەم ئامۆژگاریانـە کـرد، لـە کاتێکدا خەندەو فرمێسك تێکەڵ بە یەکتری ببون گوتی:

(کچە شیرینەکەم! تۆ بەرەو ژیانێکی نوێ بەڕێ دەکـەوی.. ژیانێـك کـە جێگـەی بـاوك و دایکـتی تێـدا نابێتـەوەو جێگـەی خوشـکەکانتی تێـدا نابێتەوە... لەبەر ئەوە تۆ دەبیە هاوڕێو هاوسـەری پیاوێـك، کـە نایـەوێ کەسێکی تـر بەشـداری لەگـەڵ دا بکـات، بـا ئـەو کەسـەش لـە خـوێن و گۆشتیشت بێ...

کچەکەم! تۆ ببە ئەو هاوسەرە، کە مافی هاوسەریەتی خۆی بدەیتێ، لـە سۆزو خۆشەویستیدا بۆی ببە بەدایك، تۆ وا بکـە ئـەو هەسـت بکـات تـۆ هەمو شتێکی ژیانی ئەوی. ئەوەش بزانەو هەردەم لەبیرت بێ، کە پیاو جـا هەرچ پیاوێك بێ -منداڵێکی گەورەیە- کەوا بچوکترین و کـەمترین وتـەی شیرین و خۆش، بـەختیاری و شـادی پـێ دەبەخشـێت. بـەو شـێوە ڕەفتـار نەکەی، کەوا هەست بکات بەهۆی شوکردنی تۆوە لە کـەس وکارو خزمیـت کردوە، چونکە ئەویش بەهەمان شێوە لەپێناو تۆ، وازی لـە مـاڵی دایـك و باوکی هێناوە. بەڵام ئەو جیاوازییەی نێوان تۆو ئەو ئەوەیـە، کـە لـەنێوان ژن و پیـاو دایـە.. ئـافرەت هـەردەم سـۆزی بـەلای دایـك و بـاوکی و بـراو خوشکەکانیدا دەجوڵێ. هەروەها سۆزو بیری بەلای ئەو ماڵە دەجوڵێ، کـە تێیدا پەروەردە بوەو پێگەییوەو گەورە بـوەو فێـری خوێنـدن بـوە.. بـەڵام ئافرەت دەبێ خۆی لەسەر ئەم ژیانە نوێیە ڕابهێنـێ، دەبـێ ژیـانی خـۆی

بگونجێنیٚ لەگەڵ ئەو پیاوەی، کە بوەتە هاوسەری ژیانیو، بوەتە باوكو چاودێرو سەرپەرشتیاری منداڵەکانی... ئا ئەمەیە دنیا نوێیەکەت.

کچەکەم! ئا ئەمە ئێستاو ئایندەتە، ئا ئەوەیە ئەو خێزانەی، کە تۆو هاوسەرەکەت بەشداری دروست کردنیتان کردوە. بەڵام دایكو باوکت بەرابردو دادەنرێن..

خۆشەویستەکەم! من داوای لەبیرکردنی دایكو باوكو خوشكو براکانت ناکەم، چونکە ئەوان هەرگیز تۆیان لەبیر ناچێ، دایك چۆن جگەرگۆشەکەی لەبیر ئەچێتەوە. داوات لێدەکەم هاوسەرەکەت خۆشبوێو بۆی بژیو، لەگەڵیدا بە بەختیاریی ژیان بگوزەرێنە)[1].

١) ئا ئەوەیە دایکی مسوڵمانی عاقڵو تێگەیشتو و ڕۆشنبیر، کە کچەکەی هان دەدات مێردەکەی خۆشبوێو نەبێتە کۆتو بەربەرچ لەسەر ڕێگای ژنو مێردایەتی. ئائەوەیە ئامۆژگاری، نەك وەك دایکە بەناو مسوڵمانەکانمان، کە جارێ کچەکە نەچۆتە ماڵی مێردیەوە هانی ئەوەی دەدات، کە بارگرانایی‌و بیانو و گلەیی لە مێردەکەی بکات، کە ئەوەش ئاشوب گێڕییەو، دەبێتە مایەی ژیان تاڵی کچەکەی . (وەرگێڕ)

خۆشـی و شـادیەکانی ژن گواستنەوە

گـۆرانی و دەفـە لێــدان

رویەیعەی کچی موعەوەز دەڵێت: ((کاتێـك بـە بـوکی بـۆ مـاڵی زاوا گواسترامەوە، پێغەمبەرﷺ هاتـە سـەردانمان، ڕایـەخێکمان بـۆ ڕاخسـتو دانیشت، وەك چۆن تۆ ئاوا دانیشتویت -مەبەست پێی گێڕەرەوەکەیـەتی-، کۆمەڵێك کەنیزەك دەستیان کرد بە دەف لێـدان، هۆنراوەیـان بەسـەر ئـەو کەس‌وکارانەمانــدا هەڵــدەدا، کــە لــە ڕۆژی بــەدردا شــەهید بویــون، دەیانلاواندەوە، کتوپڕ یەکێکیان گوتی:
(وفینا نبـّي یعلم ما في الغد)، واتە: پێغەمبەرێکمـــان لەناودا دانیشتوە، دەزانێ سبەی چی رودەدات.
پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: ((دَعـي هـذه و قـولي الـذي كنـتِ تقـولين ...))، واتە: واز لەو قسانە بێنەو بڕۆرەوە سەر قسەکانی ئێستات))[١].
لە گێڕانەوەیەکی ڕاست دا پێغەمبەری خواﷺ فـەرموی: ((لا يعلـم مـا في غد إلا الله))، واتە: جگە لە خوای مەزن، کەسی تر نازانــێ ســبەینێ چ ڕودەدات))[٢].
((خــاتو عــائیشــە گوتوویــەتی: ئافرەتێـك درابـو بەشـو بـە پیـاوێکی ئەنصاری، لەکاتی گواستنەوەیدا پێغەمبەری خوا ﷺ فـەرموی: عـائیشـە! ئایا هیچ ئاهەنگێکتان ئامادە نەکردوە؟ چونکە ئەنصاری‌یەکان حەزیان لە

---

١) رواه البخاري والبيهقي وأحمد في المسند.
٢) رواه الطبراني (صحيح).

یاری‌و ئاهەنگە))[١].

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((**فصل ما بين الحلال والحرام الصوت والدف**))[٢]، واتە: جیاوازی نێوان نیکاحی حەڵاڵ‌و حەرام، ئاشکراکردنیەتی بە دەف‌و گۆرانی.

ئەو گۆرانیەش کە دروستە لەکاتی ژن گواستنەوەدا بگوترێ وەك، کە لە فەرمودەکەدا هاتوە ئەوەیە، کە گۆرانیەکە ماناو مەبەستەکەی ساغ‌و دروست بێ‌و دور بێ لە قسەی بێ ڕەوشتیەوەو، نابێ مۆسیقای حەرامی لەگەڵ دابێ تەنها دەف نەبێ.. چونکە ئەو مۆسیقا جنس بزوێن‌و ئەو گۆرانیە ڕوتانە دەبنە هۆی بڵاوبونەوەی بەدڕەوشتی‌و خراپەکاری‌و بزواندنی جنس بە حەرامی.

با باوك‌و دایکان‌و هاوسەران ئاگاداربن لە مەترسی گوێگرتنی ئەم جۆرە گۆرانیە حەرام‌و مۆسیقا ئارەزو بزوێن‌و لە خوا غافڵ کارانەدا.

ئیمام صدیق حەسەن خان گوتویەتی:

گوێگرتنی گۆرانی بەبێ مۆسیقا جیاوازی‌و خیلافێکی زۆری لەسەرە، لە نێوان (سەلەف‌و خەلەف)دا. بە گوێرەی گوتەو بەڵگەکانیان دەردەکەوێ، کە گوێگرتن لە گۆرانی بە تەنها بەبێ زوڕنا نە مەکروهەو نە حەرامە، زانایان لەسەر حەرامی گۆرانی کۆڕا نین وەك هەندێکیان وایان گوتوە.

ئەوەشمان گوت: ئەو گۆرانیە حەڵاڵە، کە وشەکانی باسی شیرك‌و بەسەردا گوتن بە لەش‌و لارو سیماو قەدو باڵای ئافرەتێك پێك نەهاتبێ.

پێغەمبەرﷺ گوێبیستی چەند کەسێك بو لە ژن گواستنەوەیەکدا

---

١) رواه البخاري وغيره.

٢) رواه النسائي والترمذي وابن ماجه وغيرهم (حديث صحيح).

گۆرانیان دەگوت کە بەو شێوە دەیانگوت:

(وزوجك في النادي ويعلم ما في غد)، واتە: مێردەکەت لەناو کۆڕو کۆمەڵەو، دەزانێ بەیانی چ ڕودەدات.

پێغەمبەرﷺ فەرموی: ((لا يعلم ما في الغد إلاّ الله سبحانه))[١]، واتە: کەس نازانێ بەیانی چ ڕو دەدات، تەنها خوای پاكو بێگەرد نەبێ.

لە عامری کوڕی سەعدەوە، کە گوتویەتی: چومە لای قرظە کوڕی کەعبو ئەبی مەسعود، جا سێ جار دوبارەی کردەوە، کەوا جاریەیان لەلا بو و دەفەیان لێدەداو گۆرانیان دەگوت. دەڵێ: منیش گوتم: ئێوە هاوەڵی پێغەمبەرنو گوێ لەم گۆرانیە دەگرن؟!

ئەوانیش گوتیان: پێغەمبەرﷺ لە ئاهەنگی ژن گواستنەوەدا ڕێگەی داوە بۆ ئێمە داوە))[٢].

---

١) رواه الطبراني والحاكم والبيهقي (صحيح).

٢) رواه الحاكم والبيهقي والنسائي والطيالسي (صحيح).

خۆت بۆ خێزانەکەت جوان بکەو با ئەویش خۆی بۆت جوان بکات[1]

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾(البقرة- ٢٢٨)، واتە: ئافرەتان هەروەك ئەركی ژنانەیان لەسەر شانە، هەروەها مافی ڕەوای خۆیان هەیە.

((پرسیار لە خاتو عائیشە كرا، ڕەزای خوای لێبێ، كە پێغەمبەرﷺ دێتەماڵەوە یەكەم شت چ دەكات؟ گوتی: سیواك دەكات![2])) [3].

ئیبن عەباس دەڵێ: من خۆم بۆ خێزانەكەم جوان دەكەم هەروەك ئەو خۆی بۆم جوان دەكات،[4] حەزیش ناكەم هەمو مافەكانم بۆ جێبەجێ بكات، چونكە هەمو ئەو مافانەی ئەو، كە لەسەرمە پێویست دەبێو ناتوانم هەموی جێبەجێ بكەم، چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَهُنَّ

---

١) لە هەندێك (آثار)دا هاتوە، كە دەفەرموێ: جلەكانتان بشۆن، قژتان كورت بكەنەوەو سیواك بكەن، خۆتان جوان بكەنو خۆتان پاك ڕاگرن، چونكە بەنی ئیسرائیل ئەمانەیان نەدەكرد، بۆیە ئافرەتەكانیان توشی زیناكردن بون.
٢) ڕەنگە پێغەمبەر ﷺ بۆیە سیواكی كردبێت، تاوەكو بە ماچكردن پێشوازی خێزانەكانی بكات!.. چەند جوانە ژنو مێرد بەیانیان بە ماچكردن یەكتری بەجێ بێڵنو، ئێوارانیش بە ماچكردن بە یەكتری بگەنەوە، تاوەكو یادەوەریەكەیان بەردەوام بێت.
٣) رواه مسلم .
٤) بەڵێ، پێویستە لەسەر ژن خۆی بۆ تۆ جوان بكات نەك بۆ پیاوانی سەرشەقامو ئاهەنگەكان.

﴿مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾[1].

پیاوێکی قژ تێکەڵو دانەهاتو و تۆزاوی لەگەڵ ژنەکەی بە نیازی سکاڵاکردن، چونە لای خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب، ژنی پیاوەکە بە خەلیفە عومەری وت: گەورەی بڕواداران! منو ئەو پیاوەیان نەگوتوە، بە مانای لەدەست ئەو پیاوەم رزگار کە.[2] خەلیفەش زانی ژنەکە حەز بە

---

١) قورتوبی لە ڕاڤەی ئەمە لە ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە، کە ئەمە پوختەیەتی: (بۆیە پیاو کاری وا گونجاو دەکات، بۆ ئەوەی لەبەردەم ژنەکەی جوان بێتو ژنەکەی دڵی پێ بکرێتەوەو دڵخۆش بێ، یا ژنەکەی داوێن پاك بێ لە ئاست پیاوان)، گوتویەتی: (بۆنخۆشیو سیواكو لابردنی بۆنی پیسی لەشو لابردنی موی لەشو خۆ پاککردنەوەو نینۆککردن، شتێکی دیارەو گونجاوە لەگەڵ ئاییندا.)

پاشان دەڵێ: پێویستە پیاو ئەوکاتانەی ژن بزانێ، کە پێویستی بە پیاو هەیە، تا داوێن پاك بێو چاو نەگێڕێ بۆ پیاوی تر، هەرکاتێکیش پیاو بینی ناتوانێ مافی خۆی لە سەرجێیی کردن بداتە ژنەکەی، ئەوا بۆی هەیە ئەو دەرمانانە بەکاربهێنێ، کە ئارەزوی جنسی بەهێز بکات، تا ژنەکەی داوێن پاك بێ.

٢) لە کتێبی (تحفة العروس)دا هاتوە: (ئافرەتان یاری پیاوانن، کەواتە با پیاو بە پێی توانای یاریەکەی جوان بکات!)

خۆ جوانکردن مایەی وروژاندنی ئارەزوی پیاوەو، مایەی چاوتێرکردنیەتیو دیارترین جوانی ژنەو مایەی بەردەوامی ئولفەتو خۆشەویستی یە!

(أبو الفرج) لە کتێبی (النساء) گوتویەتی: کە ئەمە ماناکەیەتی: ژن کاتێك لەلای مێردەکەی خۆشبەخت دەبێ، دوای تەواو جوان ئاکارییو تەواو جوانبونی، گەر لەسەر خۆ جوانکردنو خۆپاك ڕاگرتن بەردەوام بێ، هەوڵ بدات هەرچی خشڵو جلوبەرگ هەیە بە هەمو شێوەکانیەوە بەکاری بێنێ، کە جوانیەکەی زیاتر دەکاتو بەدڵی مێردەکەیەتیو حەزی پێدەکا، با زۆر وریاو ئاگادار بێ نەهێڵێ مێردەکەی بەشێوەیەك بیبینێ، کە حەزی پێناکات وەك پیسو پۆخڵیو بۆن ناخۆشی.

مەترسی لەدەستچونی پیاویش دەگەڕێتەوە بۆ ژن، چونکە ئەو بۆتە مایەی کەمتەرخەمی نواندنو، ئەویش چاو ببڕێتە ئافرەتیتر.. هەروەها با ژن خۆ جوانکردنی

هاوسەرەکەی ناکات، لەبەرئەوە مێردی ژنەکەی نارد، تا خۆی بشواتو خۆی ڕێك بخاتو قژی کورت بکاتەوەو نینۆکی پەنجەکانی کورت بکاتەوە، جا کاتێك پیاوەکە هاتەوە لای خەلیفە، ئیمام عومەریش فەرمانیدا بە ژنەکەی لێی بچێتە پێشەوە، کاتێك کە چوە پێشەوە ژنەکەی نەیناسیەوەو بەلایەوە غەریب بو، یەکسەر لەلای لاکەوت، پاشان کە مێردەکەی ناسیەوە پێی ڕازی بو و، ئەو داوایەش کە کردبوی بۆ ڕزگار بون لەدەست مێردەکەی لێی پاشگەز بوەوە. ئیمامی عومەریش فەرموی: خۆتان بۆ خێزانەکانتان ئاوا لێبکەن، بەخوا چۆن ئێوە پێتان خۆشە ژنەکانتان خۆیان بۆتان جوان بکەن، بەهەمان شێوە ئەوانیش بەو شێوەیە پێیان خۆشەو دەبێ خۆتانیان بۆ جوان بکەن.

پێغەمبەرﷺ لەبارەی نەچونە لای خێزان لە کاتێکدا، کە خۆی نەڕازاندۆتەوەو ئاگاداری مێردەکەی نیە دەفەرموێ: ((**إذا دخلت ليلاً فلا تدخل[(١)] على أهلك حتى تستحدّ المغيبة وتمتشط الشعثة: الكيّس**

زیاتر بکات لەو کاتانەی، کە خوای گەورە لە قورئان باسی کردونو قەدەغەی کردوە بەندەو منداڵان بێنە ژورەوەی ژنو مێرد، مەگەر بە مۆڵەت وەرگرتن بێ" خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِيَسْتَـْٔذِنكُمُ ٱلَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ وَٱلَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُواْ ٱلْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَٰثَ مَرَّٰتٍ مِّن قَبْلِ صَلَوٰةِ ٱلْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ ٱلظَّهِيرَةِ وَمِنۢ بَعْدِ صَلَوٰةِ ٱلْعِشَآءِ ثَلَٰثُ عَوْرَٰتٍ لَّكُمْ﴾(النور-٥٨)، واتە: ئەی بڕواداران! با ئەوانەی خولامو کەنیزەی ئێوەن، ئەو کەسانەش لەئێوە باڵغ نەبون، سێ جار ئیزنو لێ بخوازن: لە پێش نوێژی بەیانیداو نیوەڕۆیان. کاتێ شمەکان دادەنێنو لەپاش نوێژی خەوتنانیش" کە ئەم سێ کاتە وەختی تەنیایی ئێوەیە.

١) لە کتێبی (فيض القدير) هاتوە، کە ئەمە پوختەکەیەتی: (گەر پیاو لە سەفەردا بو نزیك بو بگەڕێتەوە، ژنەکەش بە گەڕانەوەی دەزانیو ئاگادار بو، ئەوکاتە ژنەکە خۆی بۆ ئامادە دەکات ئەوا کەراهەتی نیە.. چونکە ئەو هۆیە لادراوە کە مایەی کەراهەتە، هۆیەکەشی بریتیە لە خۆئامادەنەکردنی ژنەکە بۆ پیاوەکەی.

الكيس؟))[١]، واتە: گەر بەشەو چویە ژورەوە یان ماڵەوە بۆ لای خێزانەکەت، یەکسەر مەچوە لای لە کاتێکدا تۆ لە سەفەر بوی‌و لێی دور کەوتویتەوە، تا ئەو کاتەی بە هەواڵی ئامادە بونت دەزانی‌و ئەو موانەی لەشی لادەدات، کە پێویستن لا بدرێن‌و قژی دابهێنی‌و پیسی لەشی لابدات. لەبەرئەوە ئاگاداربەو تێگەیشتو بەو، ژیری‌و خۆگری‌و ئارامی بەکاربهێنە، تا نەکەویە ناو حەرامەوە، وەك جوتبون لە کاتێکدا، کە خێزانەکەت لە حەیز دایە.

لەم فەرموودەیەدا ئاڕاستەیەکی جوان‌و پڕ بایەخی بۆ ژنان تێدایە، کەوا گرنگی بە لەش‌ولارو سینگ‌و بەرۆکی بدات بۆ مێردەکەی‌و، بە جوانترین شێوە، خۆی بۆ مێردەکەی نمایش بکات‌و خۆی بەدەربخات، وەك لە شەوی گواستنەوەیدا بێت ئاوا بکات، بەڵام بەداخەوە زۆرینەی ژنە مێرددارەکان خۆیان لەم مەسەلە هەستیارو گرنگە بێ‌ئاگا کردووە، کەوا خۆی بە جل‌وشمەکی پیسەوە، پیشانی مێردەکەی دەدات، کە دەبێتە هۆی قێز لێ‌بوونەوەی‌و خۆ لێ‌دورخستنەوەی.

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((عشرة من الفطرة: قَصُّ الشارب[٢]، واعفاء

---

١) رواه مسلم.

٢) سمێڵ قرتاندن‌و کورتکردنەوەی: بەگوێرەی ئەم فەرمودەیە (واجب)ـە: سمێڵ تا سەر لێو کورت بکرێتەوەو نابێ درێژ ببێ، هەروەها نابێ سمێڵ بتاشرێ وەك کە هەندێك کەس ڕیشیان دەهێڵنەوەو سمێڵیان دەتاشن لەراستیدا ئەوە بێ‌ئاگایی‌و نەزانینە لە مانای ئەم فەرمودەیەدا. پرسیار لە ئیمام مالیك کرا دەربارەی ئەو کەسەی سمێڵی روت دەکات‌و دەیتاشێ‌ا، ئەویش گوتی: وا ئەبینم لێی بدرێ، لێدانێکی بە ئێش. بەیهەقی گێڕاویەتیەوە (٣٥٣/١).

اللحية[١] والسواك[٢] واستنشاق الماء[٣]، وقص[٤] الأظافر... وغسل البراجم[٥]، ونتف الإبط[٦]، وحلق العانة[١]، وانتقاص الماء[٢]))[٣]،

---

١) ڕیش هێشتنەوە: ڕیش هێشتنەوە یەکێکە لە هۆیەکانی جوانی پیاو، ئایە نەتبینیوە نێرینەی شێر لەمێیەکەی جوانترە، کەڵەشێر لە مریشك جوانترە، نێرینەی باڵدار لە مێیینەکەی جوانترە، هەمو ئەو جوانییە بەهۆی هەبونی موە لە دەموچاویدا. ڕیش بەهێزترین هۆیەکانی چالاکی جنسی یە، کە یارمەتی فرێدانی هۆرمۆناتی نێرینە لە خوێندا دەدات، بە پێچەوانەشەوە ڕیش تاشین یارمەتی فرێدانی هۆرمۆناتی مێیینە لە خوێن دا دەدات، چونکە بەهۆی ئەوەوە ڕێژەی خۆچواندن بە ئافرەتانی تێدا زۆر دەبێت! لەناو خەڵکیش ئەوە باوەو ناوبانگی هەیە، کە ئەو کەسانەی ڕیشیان هەیە لەو کەسانەی، کە ڕیشیان نیە هێزی جنسیان بەهێزترە.
دکتۆر صبري القباني لە کیتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردوە، کە بونی ڕیش دەبێتە هۆی بزواندنو جولاندنی ئارەزوی جنسی ئافرەت، لەکاتی کرداری جنسی دا واتە لەکاتی جوتبوندا.
٢) سیواك کردن: پێغەمبەرﷺ بەهۆی سیواکەوە گرنگی داوە بە پاککردنەوەی ددان، تا ددانی پاك ڕاگرێو بەجوانی بمێنێتەوە. لە فەرمودەی (صحیح)دا هاتوە کە فەرمویەتی: ((لولا أن أشق علی أمتي لأمرتهم بالسواك))، واتە: گەر لەسەر ئومەتەکەم بەزەحمەتو ناخۆشی نەبوایە، فەرمانم پێدەکردن، کە سیواك بەکار بهێنن.
٣) ئاو لە دەم و لوت وەردان.
٤) نینۆك کردن: ئەوی جێگەی داخە زۆربەی ئافرەتان بە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤ ڕەفتار دەکەن، ئەویش بە درێژکردنی نینۆکیان، کە وەك دڕندە خۆیان دەنوێننو نینۆکیشیان بۆیە دەکەن، لەڕاستیدا ئەمە حەرامە، چونکە خۆ چواندنە بە کافران. هەروەها لەکاتی دەستنوێژ گرتن ئاوی بەرناکەوێو دەست نوێژەکەی پێ دروست نابێ. ئەوەی نامۆو غەریبە ئەو جۆرە ئافرەتانە خۆیان بە نوێخوازو پێشکەوتنخواز لەقەڵەم دەدەن، کەچی پێچەوانەی سروشتو زەوقی ساغی ئادەمیزاد دەکەن، کە وەك پشیلە نینۆکیان درێژ دەکەن.
٥) شتن و پاککردنەوەی نێوان پەنجەکان.
٦) هەڵکەندنی موی بن هەنگڵ: هەڵکەندنی مو باشترە لە تاشینی چونکە تاشینی مو دەبێتە هۆی بریندارکردن. هەڵکەندنی مو لە کاتێکا بەسوكو ئاسانی هەڵدەکەنرێ کە کاتی خۆشتن بێ یان دوای خۆشتن بێ.

واتە: (دە) شت هەیە کە لە فیترەتو سروشتی ئادەمیزادن: سمێڵ قرتاندنو ڕیش هێشتنەوەو سیواك کردنو ئاو لە دەمو لوت وەردانو نینۆك کردنو شوشتنی نێوان پەنجەکانو بن هەنگڵ کردنو بەرکردنو خۆپاککردنەوە لە میزو پیسایی.

١) لابردنی موی بەر (العانة).
٢) خۆپاککردنەوە لە پیسایی.
٣) رواه مسلم وغيره.

قەدەغەکردنی هەڵگرتنی موی برۆو روخسارو قژی دەستکرد

بوخاریو موسلیم گێڕاویەتیانەوە، کە ((لعن رسول الله ﷺ الواشمات والمستوشمات والنامصات والمتنمصات والمتفلجات للحسن المغيرات خلق الله))، واتە: پێغەمبەرﷺ نەفرەتی لەو کەسانە کردوە، کە دەستو چەناگەو سەری لوتیان بە دەرزی دەکوتن، نەفرەتەکەش هەردو کەس دەگرێتەوە ئەوەی داوای دەکاتو، ئەوەیش وەك پیشە بەکاری دێنێ، نەفرەتی لەو کەسانەش کردوە کە برۆ باریك دەکەنەوەو ئەو ئافرەتانەش، کە داوا دەکەن برۆیان بۆ باریك بکرێتەوە[1]. هەروەها نەفرەتی لەو کەسانە

---

١) لە کتێبی (مفصل أحكام المرأة والبيت المسلم)دا، سەبارەت بە برۆو دەمو چاوکردن، جیاڕایی زانایانی هێناوەو هەندێکیان رێگەیان پێداوە بە مەرجو، هەندێکی تر بە حەرامیان داناوە، ڕای پەسەند (أرجح)یشی لەمبارەوە هێناوەو دەڵێ: ئەو ڕایەی لای من پەسەند (ارجح)ە ئەوەیە کە حوکمی برۆ باریك کردنەوەو دەمو چاو کردن حەرامە، ئەوەش ئەو بنچینەیەیە، کە ڕواڵەتی فەرمودەکە دەریدەخات، کە بریتیە لە لەعنەتکردن لە ئافرەتی برۆکەرو برۆ باریککراو. کەواتە بۆ ئافرەتی شونەکردو دروست نیە برۆو دەمو چاوی بکات، بە تایبەتی ئەگەر خوازبێنی کرا، چونکە گەر ئەم کارە بکات لەو حاڵەتەدا دەبێتە فریودانو چەواشەکردنی خوازبێنیکەر. بەڵام ژنی مێردار، ئەگەر مێردەکەی حەزی پێکردو داوای لە ژنەکەی کرد برۆو دەمو چاوی بکات، وا دەبینم بۆی دروستە بیکات، چونکە لە جوغزی خۆ جوانکردنو ڕازاندنەوەیە بۆ مێردەکەی، ئەوەش لە شەریعەتدا کارێکی خوازراوەو (مرغوب فيه) بۆ بەردەوام بونی سۆزو خۆشەویستی نێوان ژنو مێردەو بۆ چەواشەی مێردەکەی نیە، ئەگەر ژنەکە حەزی پێدەکرد بەبێ داواکردنی مێردەکەی، بەڵام گەر بە مۆڵەتی مێردەکەی بێت، ئەوا هەر دروستە، چونکە مۆڵەتدانی وەك داواکردنیەتی بۆ ئەم کارە. ئەگەر پیاویش داوای لە ژنەکەی بکات برۆو دەمو چاوی

کردوە، کە کەلێن و بۆشایی لە ددانەکانیان بۆ جوانی دروست دەکەن، کە ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕینی دروستکراوی خوا.

بوخاری و موسلیم گێڕاویەتیانەوە کە ((لعن الله الواصلة والمستوصلة))، واتە: خوای گەورە نەفرەتی لەو کەسە کردوە، کە قژی دەستکرد (بارۆکە) لەسەر دەکەن و ئەو کەسەش، کە داوای دەکات.

بکات یان مۆڵەتی پێبدات، وا دەبینم هەر دروستە، چونکە ناکەوێتە بەر حوکمی برۆکراو (متنمصة)ە، دیارە خۆ جوانکردنی ژن بۆ مێردەکەی، خۆشەویستی مێردەکەی زیاد دەکات، کەواتە دروستە.

بۆ زیاتر قوڵ بونەوە لەم مەسەلەیە بگەڕێوە بۆ کتێبی (المفصل في أحكام المرأة) د. عبدالكريم زيدان، بەرگی سێیەم، لاپەڕە٣٨٣، چاپی دوەم-١٤١٥ك-١٩٩٤ز. (وەرگێڕ)

قەدەغەکردنی بڕینی قژی ئافـرەتو ئوتودانی به مەبەستی لاسایی کردنەوەی بێگانـه

((لعن رسول اللهﷺ المتشبهين من الرجال بالنساء والمتشبهات من النساء بالرجال))[١]، واتە: پێغەمبەرﷺ نەفرەتی لەو پیاوانە کـردوە، کـە لە هەمو ڕەفتاریاندا وەك ئافرەت هەڵس‌وکەوت دەکەن‌و خۆیان بە ئافرەتان دەچوێنن. نەفرەتیش لەو ئافرەتانە کردوە، کە وەك پیاوان ڕەفتـار دەکـەن‌و لاسایی‌یان دەکەنەوەو، خۆیان بە پیاوان دەچوێنن.

هەروەها دەفەرموێ: **((من تشبه بقوم فهو منهم))**[٢]، واتە: هەر کەس خۆی بە هەر گەڵو کەسانێ بچوێنێ، ئەوا ئەو کەسە وەك ئەوانە.

لەم فەرمودە پیرۆزەدا دەردەکەوێ، کە چەند حەرامە گـەر ئـافرەت بـە مەبەستی لاسایی‌کردنەوەی پیاوو ئافرەتی بێگانە (ڕۆژئاوا) قـژی ببـڕێ‌و کورت بکاتەوە.

بەڵام گەر ئافرەت قژی ببـڕێ، بێ‌ئەوەی مەبەستی لاسایی‌کردنەوە بێت، ئەوا حەرام نیـە، وەك کـە ئیمـام موسـلیم گێڕاویەتیـەوە (١٧٦/١) ئـەبی سەلمەی کوڕی عبدالرحمن دەڵێ: لەگەڵ برای شیری عائیشە چومە لای خاتو عـائیشە، جا پرسیاری چۆنیەتی خۆشتنی جەنابـەتی پێغەمبـەری کـرد... عـائیشە (لە درێژەی قسەکانیدا) گوتی: خێزانەکانی پێغەمبەر قژیان کورت دەکردەوە، کە لە گوێ‌یەکانیان تێپەڕی نەدەکرد.

ئوتودانی قـژو چـاکردنی، ئـەوە بـە ڕون‌و ئاشـکرایی‌و بـە دڵنیاییـەوە خۆچواندنە بە بێگانە، لەبەر ئەوە حەرامە.

---

١) رواه البخاري وأبوداود وأحمد في المسند.

٢) رواه أبوداود وأحمد في المسند والطحاوي (حديث صحيح).

موستيلەى زێڕ بۆ پياوان حەرامە

پێغەمبەرﷺ پياوێكى بينى موستيلەى زێڕى لەدەستدا بو، پێغەمبەر يەكسەر موستيلەكەى لەدەست دامالّى‌و فڕێى داو فەرموى: كەس هەيە لە ئێوە پشكۆ ئاگرێك لەدەست بكات!!

دواى ئەوەى پێغەمبەر ڕۆيشت، بە پياوەكەيان گوت: موستيلەكەت هەلّگرەوە بۆ ئەوەى سودى لێ‌وەرگرى! پياوەكەش گوتى: نا بەخوا! هەرگيز هەلّى ناگرمەوە، چونكە پێغەمبەر فڕێى داوە)).[١]

هەروەها پێغەمبەرﷺ فەرمويەتى: ((**من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يلبس حريراً ولا ذهباً**)).[٢] واتە: هەر كەسێك بڕواى بە خواو ڕۆژى دوايى هەيە با ئاوريشم‌و زێڕ نەپۆشێ. (لێرە مەبەستى پياوە).

---

١) رواه مسلم والنسائي.

٢) رواه أحمد في المسند (حديث حسن).

بۆنخۆشی خۆشەویستی دروست دەکات

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: ((حُبّبَ اليّ من دنياكم النساء والطيب! وجعلت قرة عيني في الصلاة))[١]، واتە: لە دنیاکەتاندا دو شت لەلام خۆشەویست کراوە، ئافرەت و بۆنخۆشی، لە نوێژدا چاوو دڵم رۆشن دەبنەوە.

لەبارەی بۆنخۆشیەوە هەندێك لە شارەزایان دەڵێن: ڕازاندنەوەو خۆ جوانکردنی ژن بۆ مێردەکەیو خۆ بۆنخۆشکردنی، لە بەهێزترین هۆیەکانی خۆشەویستیو تەبایيو بەزەیی دادەنرێ. هەروەها بۆنخۆشکردن دەبێتە هۆی نزیکی لە یەکتریو ڕق لێنەبونەوە. چونکە چاو و لوت سەری دڵن، جا گەر دیمەنێکی باشو جوانی بینی یەکسەر بۆ دڵی دەگەیەنێو خۆشەویستی دروست دەبێ، ئەگەر دیمەنێکی ناشیرین کەوتە بەرچاوی وەك جلو بەرگ، ئەوا یەکسەر ئەم شتەی، کە پێی ناخۆشە بە دڵی دەگات، ئەو کاتە ڕقی لێدەبێتەوەو لێی دور دەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی بۆن کاریگەرییو مەترسی لەسەر دڵو دەرون هەیە. بەڵام پێغەمبەرﷺ قەدەغەی ئەوەی کردوە، کە ئافرەت بە بۆنخۆشی یەوە[٢] بچێتە سەر

---

١) رواه أحمد في المسند والنسائي والبيهقي (صحيح)

٢) سەبارەت بە بەکارهێنانی بۆن بۆ ئافرەتان، کاتێ لە ماڵ دەچێتە دەرەوە، پێویستە هەڵوەستەیەك بکەینو زۆر گرنگیشە بە پوختی لەسەری بدوێین:

مەسەلەی بەکارهێنانو بەکارنەهێنانی بۆنو عەتر بۆ ئافرەتان،کاتێ لە ماڵ دەچێتە دەرەوە، وەك مەسەلەی درێژکردنی پانتۆڵو شەرواڵ بە هۆ (علّة)وە پەیوەستو بەندە، بۆ نمونە: کاتێ پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((ما أسفل الكعبين من الأزار ففي النار... ئەو کەسەی پانتۆڵەکەی یان شەرواڵەکەی لە خوار گوزینگەوە بێت ئەوا لە ئاگری دۆزەخە)).

شەقام‌و بازاڕ، چونکە دەرچونی ئافرەت بۆ بە بۆنخۆشی دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشان‌و بزواندنی ئارەزوی پیاو و هاندان بۆ ئەنجامدانی کاری بەدڕەوشتی‌و زیناکردن.

((خاتو عائیشە ڕەزای خوای لێ بێ گوتویەتی: ئافرەتێك هاتە لای پێغەمبەرﷺ پرسیاری دەربارەی پاك بونەوەی لە خوێنی حەیز لێکرد، پێغەمبەریش فەرمانی پێدا، کە چۆن خۆی پاك بکاتەوەو خۆی بشوات،

(صحیح البخاري بشرح العسقلاني ج ص٢٥٦ و رواه النسائي في سننه ج ٨ ص ١٨٣) بەڵام لە فەرموودەیەکی تردا هۆ (علّة)ەکە دیار دەکات، کە گەر بە مەبەستی فیزو لوتبەرزی‌و شانازی کردنەوە پانتۆڵ‌و شەرواڵ درێژ بکرێت هەڕەشەکە دەیگرێتەوە، ئەوەتا دەفەرموێ: ((لا ینظر الله الی من جرّ ثوبه خیلاء... خوا تەماشای کەسێك ناکات، کە پۆشاکی بە مەبەستی شانازی‌و فیزو لەخۆباییەوە بە دوای خۆی ڕابکێشێ)) .(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٥٢)، وەك لە فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بۆ کراوە، کە دەفەرموێ: ((أیما إمرأة استعطرت فمّرت علی قوم لیجدوا من ریحها فهي زانیة)).

شێخ ئەلبانی لە (جلباب المرأة المسلمة)و د.عبدالکریم زیدان لە (مفصل أحکام المرأة)دا دەربارەی ئەم فەرموودەیە دەڵێن: ((بۆیە دروست نیە ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ خۆی بۆندار بکات، لەبەرئەوەی بۆنی عەترەکە سەرنجی پیاوان ڕادەکێشێ‌و ئارەزوو (شهوة) یان دەبزوێنێ)).

ئەدی ئەگەر هۆیەکە نەماو، تەنها ئافرەتەکە خۆی هەست بە بۆنەکەی بکات وەك ئەو عەترو بۆن (معطر)انەی لە بازاڕەکاندا هەنە، کە بە تایبەتی بۆ بن هەنگڵ بەکاردەهێنرێ‌و بۆنی ناخۆش‌و ئارەقە دەبڕێ، ئەوا دروست (جائیز)ە ئافرەت بۆ دەرەوە بەکاری بێنێ. بەڵام بۆن‌و عەتری کشمیرو هاوای‌و ئەمریکاو هاوشێوەی ئەوانە، کە بۆنیان تیژەو لەلایەن پیاوانەوە هەست بە بۆنیان دەکرێ، دروست نیەو نابێ ئافرەت خۆی پێ بۆندار بکات لە دەرەوەی ماڵ.

ئەو جۆرە بۆنانەی باسمان کردن، کە بۆنیان تیژە وەك هاوای‌و کشمیر زۆر دروستەو، ئافرەت بۆ مێردەکەی خۆی پێ بۆنخۆش بکات‌و سەرنجی مێردەکەی بۆ لای خۆی پێ ڕابکێشێ، کە خۆشەویستی زیاتر دەکات. (وەرگێڕ)

فەرموی: کەمێك لە (مسك) کە جۆرە بۆنێکە، بێنەو خۆتی پێ پاك بکەرەوە. ئافرەتەکەش گوتی: چۆن خۆمی پێ پاك بکەمەوە.

پێغەمبەر فەرموی: خۆتی پێ پاك بکەوە. ئافرەتەکە گوتی: چۆن؟

پێغەمبەر فەرموی: سبحان الله، خۆت پاك بکەوە!

خاتوو عائیشە دەڵێ: دەستی ئافرەتەکەم گرتو پێم گوت: شوێنی خوێنەکەی پێ پاك بکەوە))[1].

بە مانای: ئافرەت پاش ئەوەی، کە پاك دەبێتەوە لە حەیزدا، تۆزێك بۆنی مسك، یان هەر بۆنێکی تری خۆش بە پارچە لۆکەیەك یان پارچە قوماشێك بە (فەرجی)یەوە بنێ بۆ ئەوەی شوێنی خوێنەکە بۆنی خۆش ببێو بۆنی پیسو ناخۆشی لێ لابدرێ.

ئەبو داود دەڵێ: ((کانت لرسول الله ﷺ سُكّة: یتطیب منها))[2]، واتە: پێغەمبەرﷺ گوڵاو پرژێنێکی هەبو، کە خۆی پێ بۆن خۆش دەکرد.

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: ((أطیب الطیب المسك))[3]، واتە: خۆشترین بۆن، بۆنی میسکە.

هەروەها فەرمویەتی: ((طیب الرجال ما ظهر ریحه وخفي لونه، وطیب النساء ما ظهر لونه وخفي ریحه))[4]، واتە: بۆنی پیاوان ئەوەیە کە بۆن بکرێو ڕەنگەکەی بشاردرێتەوە، بۆنخۆشی ئافرەتانیش ئەوەیە، کە ڕەنگەکەی بەدەربکەوێو بۆنی نەکرێ.

---

١) رواه البخاري ومسلم.

٢) حدیث حسن.

٣) رواه أبوداود (حدیث حسن وصحیح).

٤) رواه الترمذي والنسائي (صحیح).

هەروەها دەفەرموێ: ((من عرض عليه ريحان فلا يرده، فانه طيب الريح، خفيف المحمل))[1]، واتە: گەر یەکێك رەیحانی پێشکەش کرا، با وەریبگرێو ڕەتی نەکاتەوە. چونکە بۆنی خۆشەو، هەڵگرتنیشی سوکە.

هەر بەو بۆنەیەوە بوخاریو نەسائی گێڕاویەتیانەوەکە پێغەمبەرﷺ لە کاتێکدا گەر یەکێك بۆنی پێشکەش کردبا، ڕەتی نەدەکردەوەو لێی وەردەگرت.

١) رواه مسلم .

لەسەر جێگای بوکێنی

لاواندنەوەی ئافرەت لەکاتی دخول پێکردنی

لە ئەسمای کچی یەزیدی کوڕی سەکەنەوە دەڵێ: ((لە شەوی گواستنەوەدا، عائیشەم بۆ پێغەمبەر جوان کردو ڕازاندەوە، پاشان چومە لای پێغەمبەرو بانگم کرد بۆ ئەوەی بێتە لای عائیشە. پێغەمبەریش ﷺ چوە تەنیشت عائیشە دانیشتو پەرداخێ شیری هێناو هێندێکی خواردەوە، پاشان بۆ عائیشەی ڕاگرت، کە ئەویش بیخواتەوە. عائیشەش لە شەرمان سەری نەوی کرد.

ئەسماء دەڵێ: منیش سەرزەنشتی عائیشەم کردو پێم گوت: لە دەستی پێغەمبەری وەرگرە.

ئەسماء دەڵێ: عائیشە لە پێغەمبەری وەرگرتو کەمێکی لێخواردەوە. پاشان پێی فەرمو: بیدە بە هاوڕێکانت[1]))[2].

---

١) ئا بەم جۆرە ئاهەنگی بوك گواستنەوە تەواو بو بەبێ تەکلیفو بە سادەیی کۆتایی پێهات. گۆرانی هاوسەنگو دەف لێدان بۆ ئاشکراکردنی مارەکردنو پەرداخێکی گەورە لە شیر، ئەوەش ئەوەندەیە کە لە توانادا بوە! ئەوە لە کوێ لە بەرامبەر ئەوانەی ئەمڕۆ دەیکەن، کەوا ماڵو سامانێکی زۆر خەرج دەکەن، ڕەنگە بە سو (ربا) قەرزیان کردبێو بۆ ریابازیو شانازی کردنەوە بێ، کە باری کابرا هێندە گران دەکەن بە خەرجکردنی ئەم پارە زۆرە کە وای لێدێ بۆ چەند ساڵ قەرز بداتەوەو ئایندەی خۆیو خێزانی لەناو ببات. سەرەڕای ئەوەش ئەو هەمو حەرامییەی لێ ئەنجام دەدرێ، وەك تێکەڵ بونی پیاوو ئافرەتانی نیمچەڕوت، چەندەها ئافرەتی بێڕەوشتی گۆرانی بێژی لێ ئامادە دەبێتو مەی تێدا دەخورێتەوە، هەمو ئەمانە بۆ ڕازیکردنی دڵی خەڵکە، ئەگەر بە خەشمو تورەیی خواش تەواو بێت.

٢) رواه أحمد في المسند وغيره (صحيح).

لێرەدا لەبارەی ئەوەی، کە عائیشە ئەم هەڵوێستو ڕەفتارەی نواند، کە بریتی بو لەسەر نەوی کردنو شەرم کردن، ئەوە جۆرێك لە نازو شەرم دەگەیەنێ.

نازکردنو لاواندنەوەش شتێکی پێویستە! کە سۆزو عاتیفەی پیاو دەبزوێنێو هێزو چالاکی زیاتر دەکات، بەڵام ئەم نازکردن نەگاتە ڕادەی زۆر لە ڕادەبەدەر، کەوا لە پیاوەکە بکات دور بکەوێتەوەو، وا گومان ببات ژنەکەی خۆشی ناوێ. ئەو ڕەفتارەی کە پێغەمبەر لە یەکەم شەوی زاوایی‌دا نواندی، کە بە لوتفو نەرمی لەگەڵ عائیشەدا جوڵایەوە، جێگەی ئەوەیە، پەندو ئامۆژگاری لێوەربگیرێ، بە تایبەتی بۆ گەنجان، کە هەندێکیان لە یەکەم شەوی زاوایی‌دا بەخراپی لەگەڵ ژنەکەیان ڕەفتار دەکەن، دەیانەوێ بە پەلە جوت بن، بێ‌ئەوەی هیچ پێشەکیەك دابنێن بۆ لاواندنەوەی (بوك)، تا بە هێمنیو لەسەرخۆیی شەرمی بوکەکە نەهێڵرێ.

لەبەرئەوە دەبێ ئەوە بزانرێ، یەکەم شەوی زاوایی بەدەرخەری خۆشەویستیو ڕق لێ‌بونەوەیە. چونکە لەو شەوەدا بە دەردەکەوێ، کە ئەم بوكو زاوایە چۆن ڕەفتار لەگەڵ یەکتری دەکەن.

دانەری کتێبی (تحفة العروس) دەڵێ: (وا باشترە ئافرەت لە شەوی بوکێنیدا لە داوای زاوا زۆر ڕێگری نەکات. هەروەها هیچیشی تێدا نیە، گەر ئافرەت کەمێك قەدەغەی هاوسەرەکەی بکات بۆ ئەوەی جارێ جوت نەبێ، بەڵام زۆر قەدەغەکردن دەبێتە هۆی شکاندنی ئارەزوی جنسی پیاوەکە، لەوانەیە ئەو شکاندنی ئارەزوە لە یەکەم شەودا بۆ ماوەیەکی درێژ، ببێتە هۆی شکاندنی ئارەزوی جنسی ئەو پیاوە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر ئافرەتان زۆر ئاگاداری ئەم کارە بن!!.)

خاوەنی کتێبی (نثر الدر) ئەبو فەرەج لە کتێبی (الأغاني)دا دەڵێ:

کاتێك بوکێکیان بۆ زاوایەك گواستەوە، کە زاوا خەلیفەیەك بو، لە ژورەکەدا قەرەوێڵەکەی لە تەنیشت قەرەوێڵەکەی داناو لەسەری دانیشت، پاشان بە ژنە تازەبوکەکەی گوت: یان تۆ بۆ من وەرە پێشەوە، یان من بۆ تۆ دێمە پێشەوە! جا ژنەکەی هاتە لای‌و لەگەڵی دانیشت، جا پیاوەکە ئەو کڵاوەی لەسەری بو داینا و گوتی: پێت خۆش نیە بەسەری ڕوت و بێ‌مو (أصلع) من ببینی؟ ئەویش گوتی: من لەو ئافرەتانەم، کە پێم خۆشە تەمەنی مێرد لە سی ساڵی تێپەڕیبێ‌و سەر ڕوت بێ!! ئەم پیاوە بە ژنەکەی گوت کە جلەکانی یەکە یەکە دانێ؟ پاشان پێی گوت: ئەوەی عەورەتی داپۆشیوی ئەویش داکەنە. ئەویش گوتی: ئەوەیان خۆت ئەنجامی بدە، چونکە ئەوە کاری تۆیە. پیاوەکەش گوتی: ڕاست دەکەی، جا لەگەڵی جوت بو و پێك شاد بون.

بەبۆنەی باسکردنی ڕوت کردنەوەی ئافرەت بۆ جوتبون، یەکێك لە زانا دەرونناسە ئافرەتەکان ناوی (ماری ستۆب)ە دەیەوێ ئارەزوی کچانی هاونەژادی خۆی دەربڕێ‌و دەڵێ: (...پێویستە لەسەر پیاویش لەکاتی جوتبوندا خۆی ڕوت بکاتەوەو جلی لەبەر نەبێ، ئەوەش شتێکی سەرسوڕماو نیەو ئاساییە، کە بەشێوەیەکی ئاسایی وردە وردە ئەنجام بدرێ، بۆ ئەوەی ژنەکەی لە لای شتێکی غەریب‌و ناکاو (مفاجأ) نەبێ!! چونکە بەهیچ جۆرێك دروست نیە، ژنەکە ڕوت بێ‌و مێردەکەشی جل‌و بەرگی لەبەردا بێ، ئەوەش بۆ ئەوەی تاوەکو ئافرەتەکە بەشتێکی خراپ لێکی نەداتەوە...).

لەوانەیە کەسێ هەبێ‌و بڵێ: چۆن دەبێ ئافرەت خۆی ڕوت بکاتەوە؟ لە

کاتێکدا کە پێغەمبەر دەفەرموێ: ((إذا جامع أحدكم زوجته أو جاريته، فلا ينظر الى فرجها، فإن ذلك يورث العمى)) واتە: گەر کەسێك لە ئێوە لەگەڵ خێزانەکەی جوت بو، با تەماشای (فەرجی) نەکات، چونکە بە هۆی تەماشاکردنی فەرجیەوە دوچاری کوێری دەبێت.

منیش وەڵامی ئەو کەسە دەدەمەوەو دەڵێم: ئەم فەرمودەیە بە زمانی پێغەمبەر ﷺ هەڵبەستراو (موضوع)ە وەك ئیمام ئیبن الجوزی لە کتێبی (الموضوعات)دا گوتویەتی ئەم حەدیسە موضوعە. بیروبۆچونی ڕاستو دروستیش ناڕاستیو بەتاڵی ئەم فەرمودە (موضوع)ە بەدەردەخات. چونکە گەر خوای گەورە ڕێگەی بەپیاو دابێ لەگەڵ خێزانەکەی جوت ببێ، ئایا ژیریو عەقڵ قبوڵ دەکات، کە تەماشاکردنی فەرج قەدەغە بێ؟! دەڵێین: نەخێر! ئەوەی ئەم قسەیەمان بۆ بەڕاست دەگێڕێو پشتگیری دەکات، فەرمودەکەی عائیشەیە، کە دەفەرموێ:

((منو پێغەمبەرﷺ پێکەوە خۆمان شتوە لەیەك مەنجەڵ دا، کە هەردوکمان دەستمان بۆ دەبرد، پێغەمبەر زوتر دەستی بۆ دەبرد بۆ ئەوەی ئەو زوتر ئاو بەخۆیدا بکات، تا من دەم گوت: بۆ منی لێگەڕێ... بۆ منی لێگەڕێ، لە کاتێکدا هەردوکیان لەشیان پیس (جنب) بوە))[1].

ئەوەی بە ظاهری لەو فەرمودەیە دەردەکەوێ ئەوەیە، دروستە پیاو تەماشای عەورەتی ژنەکەی بکات. ئەوەی پاڵپشتی دروستی تەماشاکردنی عەورەتی ئافرەت دەکات گێڕانەوەکەی ئیبن حبانە، کە لە ڕێگای سلێمانی کوڕی موساوە وەریگرتوە، کە دەربارەی تەماشاکردنی پیاو بۆ فەرجی ژنەکەی پرسیویەتیو گوتویەتی: لە عطام پرسی، ئەویش گوتی: لە

---

١) رواه البخاري وغيره.

عائیشەم پرسی، عائیشەش ئەم فەرمودەیەی باسکرد بە ماناکەی. حافظ لە کتێبی الفتح (١/٢٩٠) گوتویەتی: (دروستە پیاو تەماشای عەورەتی خێزانەکەی بکات، بە پێچەوانەشەوە ژنەکەش بۆی دروستە تەماشای عەورەتی پیاوەکەی بکات.)

لەوەوە دەردەکەوێ تەماشاکردنی عەورەت هیچ جیاوازی‌یەکی نیە، چ لەکاتی خۆشتن بێ، یان لەکاتی جوتبوندا، ئەو فەرمودەیەش، کە دەڵێ نابێ تەماشای عەورەت بکرێ بەدەرکەوت، کە بەتاڵەو ڕاست نیە. ئەم جۆرە فەرمودە لە کتێبی (الوضع)دا نوێیە، کە دەڵێ: ((**لا تكثروا الكلام عند مجامعة النساء، فإن منه يكون الخرس والفأفأة**)). واتە: لەکاتی جوتبوندا لەگەڵ خێزانەکانتان زۆر قسە مەکەن، چونکە ئەو منداڵەی کە لەدایك دەبێ، کەڕو لاڵ دەبێ.

ئەم فەرمودەیە زۆر لاواز (ضعيف جداً)ە کە لە کتێبی (الأحاديث الضعيفة والموضوعة)(ج١ ج٢ ص٩٨)دا هاتوە. فەرمودەی زۆر لاوازیش کاری پێ ناکرێ تەنانەت لە (فضائل الأعمال)یشدا.

هەروەها فەرمودەیەکی تری لاواز (ضعيف) هەیە، کە دەڵێ: ((**إذا أتى أحدكم أهله فليستتر ولا يتجردا تجردا البعيرين**)). واتە: گەر کەسێ لە ئێوە چوە لای خێزانەکەی، با خۆی داپۆشێو خۆیان لە جلو بەرگ دانەماڵنو وەك حوشتر خۆیان ڕوت نەکەنەوە.

ئەم فەرمودەیە بەیهەقیو نەسائیو غەیری ئەوانیش بە لاوازیان داناوەو دەڵێن: حەدیسێکی (منكر) خراپە. حەدیسی منکریش کاری پێ ناکرێو وەرناگیرێ.

له شــەوی زاوایی‌دا چــی دەڵـێی؟

پێغەمبــەرﷺ دەفــەرموێ: ((إذا تزوج أحدكم امرأة فليأخذ بناصيتها (أي بمقدم رأسها) ويُسَمِّ الله عَزَّوجلَّ، ولَيدْعُ بالبركة وليقُل: اللهم إنّي أسالُك من خَيرها وخَير ما جبلْتَها عليه وأعوذ بك من شَرِّها وشَرِّ ما جبلتَها عليه)) [1]، واته: گەر كەسێك له ئێوه ژنی هێنــاو گواسـتیەوە، بـا نێوچاوانی بگرێ‌و ناوی خوا بهێنـێ‌و بڵـێ: (بسم الله)، بـا دوعــای خێــرو بەرەكەتی بۆ بكات‌و بڵێ: خوایه من داوای خێرو خۆشی ئەو ژن هێنانــەت لــێ دەكەم‌و داوای چاكەو خێری خوڕەوشت‌و ڕەفتاری ئــەو ئافرەتــەت لــێ دەكەم. خوایه پەنا دەگرم بەتۆ له خراپەی ئەو ئافرەتەو خراپی خوڕەوشــت‌و ڕەفتاری.

---

١) رواه البخاري وأحمد وأبوداود والبيهقي وغيرهم.

بەر لە جوتبون بـوكو زاوا پێكەوە نوێژ دەكەن

عبداللەی كوڕی مەسعود ئامۆژگاری پیاوێكی كرد، كە كچێكی مـارە كردبوو، پێی گوت: ((گەر شەوی زاوایی هاتە لات پێی بڵـێ بـا دو ركـات نوێژت لەگەڵ بكـاتو بڵـێ: خوایـە بەرەكـەت بخەیـە خێزانەكـەمو مـنو، ئەوانیش بۆ من بكەی بە خێرو بەرەكەت. خوایە پێكەوەمان كۆبكەوە گەر بەو كۆبونەوەمان خێری تێدایە، لە یەكتریمان جیاكەرەوە، كاتێك ئـەم لێـك جیابونەوە خێری تێدابێ))[١].

گومانی تێدا نیە ئەم جۆرە ئاڕاستەكردنە، هەرچەندە دوعاو نوێژو دوعا بۆ منداڵی صاڵحە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، كە لەم شەوەدا مەبەستی سەرەكی هاوسەرێتی تەنها ڕابـواردن نیـە، بـەڵكو بـەجێهێنانی ئەركێكی ئایینی‌یە بۆ منداڵ بون، كە هەر لـە بچـوكیانەوە مـاڵ ئـاوەدان دەكەنەوەو لە تەمەنی گەورەیشیاندا خزمەتی دینو میللەتەكەیان دەكـەن، كە ئەوەش بەهۆی پەروەردەكردنێكی ئیسلامیـانەوە ئەنجام دەدرێ.

ئا بەم شێوەیە ئیسلام لەم شـەوەدا ورەی ژنو مێـرد بـەرز دەكاتـەوەو، چەمكی كردەی جنسی لە سەروی ئیعتباری لەزەتی ئـاژەڵی دادەنـێ، كـە هۆیە، نەك مەبەسـت!

١) رواه أبوداود(حديث حسن).

لە کاتی جوتبون پیاو چ دەڵێ

کاتێك پیاو دەچێتە لای خێزانەکەی پێویستە بڵێ:
((بسم الله، اللّهم جنّبنا الشّيطانَ، وجنّب الشّيطان ما رزقتَنا))[1]،
واتە: بەناوی خوا، خوایە شەیتانمان لـێ دور خەرەوەو، شەیتان دورخەرەوە لەوەی، کە پێمان دەبەخشی.

هەروەها دەفەرموێ: ((فإن قضى الله بينهما ولداً، لم يضره الشيطان أبداً))[2]، واتە: گەر ئەم دوعایەی سەرەوە لەکاتی جوتبوندا بخوێندرێ، گەر منداڵیان ببێ، هەرگیز شەیتان ناتوانێ زەرەری پێ بگەیەنێ.

ئەم تەوجیهەی پێغەمبەرﷺ چەند جوان و رێکە داوای ئەوە دەکات، لەکاتی جوتبون دەست بکرێ بە ناوهێنانی خوا، تا دەرکەوێ کە ئامانج لە کرداری جنسی ئامانجێکی بەرزو داوێن پاکییە، بە پێچەوانەی هەندێ ئایینی تر، کە ئەم کردارە بە پیس و قێزەون دادەنێن، ئەمەش لەگەڵ فیترەتی ساغ تێك دەگیرێت.

---

١) رواه البخاري.
٢) رواه البخاري وغيره.

باسکردنی نهێنی یەکانی جوتبونو ڕابواردن بۆ خەڵکی حەرامــە

خوای گەورە دەفــەرموێ: ﴿فَٱلصَّـٰلِحَـٰتُ قَـٰنِتَـٰتٌ حَـٰفِظَـٰتٌ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ﴾ (النساء- ٣٤)، واتە: ئەو ئافرەتانەی صالّحەن، بەڕاستی ئەوانە گوێڕایەڵی فەرمانی خوان، ئەوانە ئەو نهێنی‌یانەی لــەکاتی جوتبــونی ژنو مێردا ڕو دەدات، دەپارێزنو لای کەس نایدرکێننو، باسی ناکەن، کە چۆن لەگەڵ هاوسەرەکانیان جوت دەبن.

لە ئەسمای کچی زەیدەوە، کــە خــۆی لــەلای پێغەمبــەرﷺ دانیشــتوەو پیاوانو ئافرەتانیش دانیشتون، پێغەمبــەرﷺ فــەرموی: ((لەوانەیــە پیــاو هەبێ، چی لەگەڵ خێزانەکەیدا دەکات باسی بکات! لەوانەشــە ئــافرەتی وا هەبێ، چی لەگەڵ پیاوەکەی دەکات لای ئافرەتان باســی بکــات! ئەوانــەی لەوێ بون بێدەنگ بونو، وەڵامیان نەدایەوە، ئەســما دەڵــێ: منــیش وتم: بەخوا ڕاستە ئەی پێغەمبەری خوا، ئافرەتو پیاو باسی ئەوە دەکەن.

پێغەمبەر فەرموی: ئەمە نەکەن! ئەمە وەك ئەوە وایە شەیتانی نێرە لە ڕێگادا بە شەیتانی مــێ بگــاتو لەگــەڵی جــوت ببــێو خــەڵك سەیری بکەن))[1].

بابزانرێ ئەو جۆرە کەسانەی باســی ســەرجێیی لــەلای خــەڵك دەکــەن، پێغەمبەر ﷺ بە خراپترین خەڵك (شرّ الناس)ی داناون.

ئەوەی جێگەی داخە هەندێك پیاو بۆتە نەریتیان لای هاوڕێکانیان باسی

١) رواه أحمد في المسند وله شواهد أخرى (حديث حسن).

جوانی ژنەکانیان دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسانەی باسی جوانی ژنەکەیان لەلا دەکرێ، حەز لەژنی باس کەرەکە بکەن، ئافرەتیش هەیە باسی چۆنیەتی سەرجێیی کردنی لەگەڵ مێردەکەی بۆ ئافرەتانی تر باس دەکات. بەڕاستی ئەوە کارێکی دور لە ڕەوشتی ئیسلامی‌یەو مایەی خەشمو تورەیی خوایە.

لە کتێبی: (المدخل للإمام أبي عبدالله محمد الشهير بابن الحاج) بەناوی ((آداب الرجل في الاجتماع بأهله))دا هاتوەو دەڵێ: گەر پیاو بیەوێ لەگەڵ ژنەکەی جوت ببێ، نابێ لەماڵەوە یان لە ژورەکەدا کەسی تری، جگە لە ژنەکەی لێبێ.

باس کراوە عبداللەی کوڕی عومەر ڕەزای خوایان لێ بێ گەر بیویستایە لەگەڵ ژنەکەی جوت ببێ، ئەو ئافرەتەی شیری دەدا بە منداڵەکەی پێی دەگوت بچێتە دەرەوە.

ئەو کەسەی دەیەوێ لەگەڵ ژنەکەی جوت ببێ، بە ئارەزوی خۆیەتی چ کاتێك هەڵدەبژێرێ، لە سەرەتای شەو بێ، یان کۆتایی شەو، بەڵام بۆ جوتبون سەرەتای شەو باشترە، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا ماوەی خۆ شوشتن زۆرە، بە پێچەوانەی کۆتایی شەو، کە کاتەکەی کەم دەمێنێ، بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ، یان دواکەوتن یان لەدەست چونی نوێژی بەیانی.

لە ڕویەکی ترەوە لەمەڕ باش نەبونی جوتبون لە کۆتایی شەو، لەبەرئەوەیە، کە دوای خەوتن هەردوکیان دەمیان بۆن دەکا یان لوت بۆن دەکا، ئەم بۆن کردنەش دەبێتە هۆی لێك دورکەوتنەوەیان لە یەکتری.

ئایا نەت بیستوە پێغەمبەرﷺ نەهی کردوە کە پیاو لە ناکاو بچێتەوە

لای ژنەکەی، پێش ئەوەی ژنەکەی خۆی بۆ ئامادە بکات. لەبەر ئەوە نەهی کردوە هەتا ژنەکەی خۆی بۆن خۆش کاتو قژی شانە بکاتو ئامادە بێ، بۆ ئەوەی تا خۆشەویستیو بەزەیی لەنێوان یەکتری بەردەوام بێ.

پێغەمبەر ﷺ کاتێك کە لە سەفەر دەگەڕایەوە، ڕاستەوخۆ دەچو بۆ مزگەوتو نوێژی تێدا دەکرد، ئەوەش لەبەر چەند هۆیەکی بەسود لەوانە:

١- سەردانی کەعبەی پیرۆز، کە ماڵی خوایە تا ملکەچی بە روکعەو سوجدە بردن بۆ خوای گەورە بنوێنێ.

٢- تا هاوەڵە بەڕێزەکانی بەشیان هەبێ لە بینینی پێغەمبەرو سەلام کردنیان لێی.

٣- بۆ ئەوەی خێزانەکانی بۆ پێشوازیکردنی پێغەمبەر ﷺ ئامادەیی خۆیان وەرگرن.

٤- زۆرجار بەهۆی ئەوەی، کە یەکێك لە سەفەردا بویێ، یان لێی دور بکەوێتەوە، پاشان لەناکاو بچێتەوە ماڵەوە لەوانەیە لە خۆشیو شادیان ژنەکەی لەهۆش خۆی بچێو ببورێتەوە، یان لە خۆشیا بمرێ.

لەبەرئەوە پێویستە ئەو کەسەی دەیەوێ لەگەڵ خێزانەکەی جوت ببێ دەبێ خۆی لەو شتانە بپارێزێ، کە خەڵکی ڕەشۆکی (عەوام) دەیکەن، لە کاتێکدا کە نەهی لێ کراوە، ئەویش جوتبون لەگەڵ خێزانە، کە هێشتا خۆی ئامادە نەکردوە. بەڵکو دەبێ گەمەوگاڵتەی لەگەڵ بکاتو ماچی بکات، هەر کە بینی ژنەکەی ئامادەیی جوتبونی هەیە ئەو کاتە جوت ببێ. حیکمەتی شەرعی خوا گەورەش لەوەدا دیارە، ئەویش ئەوەیە، کە پیاو چی لە ئافرەت پێ خۆشە، ئافرەتیش بەهەمان شێوە حەز بەهەمان شتی پیاوەکەی دەکات. کاتێك پیاو بەبێ هیچ پێشەکییەك دەچێتە لای

ژنەکەی، وەك ماچ‌و لاواندنەوەو قسەی خۆش، ئەو کاتە پیاوەکە جنسی خۆی تێر دەکات‌و ئافرەتەکەشی بە جنس تێر نەبویی دەمێنێتەوەو بە (معلق)ی ئەمێنێتەوەو، ناتوانێ ئایینەکەی بەچاکی بپارێزێ‌و لەوانەیە سەر بۆ خراپە بکێشێ.

پێویست(واجب)ـە گەر پیاو کاری جنسی خۆی بەجێ هێنا پەلە لەوە نەکات، کە لەسەری هەڵسێ‌و بەجێی بهێڵێ، چونکە ئەم هەڵسانە سەر لە ئافرەتەکە تێك دەدات‌و دڵەڕاوکێی توش دەکات. بەڵکو دەبێ پیاوەکە هەڵنەستێ، تا ئەوکاتەی، کە دڵنیا دەبێ ژنەکەی پێویستی جنسی تێر بوەو، گەیشتۆتە چێژو خۆشی. لەبەر ئەوە هەر کەسێك لەم مەسەلەیە کەمتەرخەمی بکات ئەوا لەلای خوای گەورە بەرپرسیار (مسؤول) دەبێ‌و تاوانبار دەبێ.

لەکاتی جوتبوندا پێویستە مسوڵمان نیازو مەبەستی پێ ئەوەبێ، کە منداڵیان بێ بۆ زیادکردنی مسوڵمانان‌و، ببێتە یەکێ لە زانا چاکەکان. ئەو کەسەش دەیەوێ جوتبونەکەی دوبارە بکاتەوەو، خۆشی نەشۆردبێ، بەر لەوەی دوبارە جوت ببێتەوە با (زەکەری) بشوات.

قاضی عیاض رەحمەتی خوای لێ بێ دەڵێ: (بۆیە باشترە پیاوە، زەکەری بشوات، چونکە شوشتنی زەکەر، ئەو ئەندامە بەهێزو چالاك دەکات...)[1].

وای بەباش دەزانم کاتی جوتبون بە کەمێك پاش نوێژی بەیانی ئەنجام بدرێ، چونکە لەو کاتەدا ژن‌و مێرد هەردوکیان لەش‌و فکریان حەساوەیە، پاش جوتبونەکەیان چی تێدا نیە گەر کەمێکیش بخەونەوە، چونکە خۆشیەکی زۆری تێدایە!

---

١) ص ٢/٣٣-٣٥ باختصار.

دوای مانگی هەنگوین

کچێك تازە شوی کردوە، نامەیەك بۆ دایکی دەنێرێ، زۆر ئامۆژگاری‌و وتەی خۆشی لەخۆ گرتوەو دەڵێ:

{دایەگیان... دوای ئەوەی مانگی هەنگوینمان بەسەر برد ئەمڕۆ گەڕامەوە ماڵەکەمان، بۆ ئەو خانوە بچوکەی، کە مێردەکەم دروستی کردوە.. دایکە گیان! ئاواتەخواز بوم لەلام بای، تا هەمو شتێك لە ژیانی ئەزمونی نوێم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بۆت باس بکەم..

هاوسەرەکەم پیاوێکی باشەو منی خۆش دەوێ، منیش ئەوم خۆش دەوێ، بەڵام هێشتا لە سروشتی ئەو ڕانەهاتوم، هەندێك جار وا هەست دەکەم چەندەها ساڵە دەیناسم.. هەندێ جاری دیش وا هەست دەکەم لەمن نامۆیە.. ئەوەی لەتوانام دایە بۆ رازی کردنی دەیکەم.

دایەگیان! دڵنیابە هەمو ئامۆژگاریەکانت جێبەجێ‌دەکەم.. بەتایبەتی ئەو ئامۆژگاریەی، کە خەندەو فرمێسکەکانت ئاوێتە ببون، بەردەوام هەر لەیادمە.. هەر وشەیەکت بە گوێمدا چرپاندبێ لەیادمە، بەتایبەتی، کە لە شەوی گواستنەوەمدا منت بە سینگی سۆز ئامێزتەوە گوشیبو.

گشت وشەیەکم لەیادەو لەیادم نەچوە.. من لە روانگەی تۆوە تەماشای ژیان دەکەم.. تۆ نمونەی بەرزی منی.. منیش دەمەوێ وەك تۆ بم، تۆ چۆن بوی بۆ باوکە باشەکەم‌و بۆ ئێمەی رۆڵەت منیش وادەکەم.. بەڕاستی هەمو سۆزو خۆشەویستیت بە ئێمە بەخشیبو، ماناو چۆنیەتی پێکەوە ژیانت فێرکردین.. تۆوی خۆشەویستیت تێدا چاندین..

دوێنی پیرۆزباییەکەی بەرێزتم پێ‌گەیشت، کە بە بۆنەی گواستنەوەمت

ناردبو.

دایەگیان! کاتێك دەمخوێندەوە فرمێسکەکانم هۆن هۆن دەهاتنە خوار، لە خوێندنەوەی هەر وشەیەك گوێبیستی دەنگەکەت دەبوم، شتێك هەیە کە لێی بێبەش بوم، ئەویش ماچە سۆز ئامێزەکەتە، کە لەسەری راهاتبوین، ئەوە تازە لە چێشت ئامادەکردن بومەوە، هاوسەرەکەم هێندەی نەماوە بگەڕێتەوە.

دایەگیان! هیچ خەمت نەبێ، ئەوە من بومەتە چێشت لێنەرێکی کارامەو بەباشی دەزانم چێشت دروست بکەم، کاتێك دەبینم مێردەکەم خواردن بە حەزو ئارەزووەوە دەخوات، ئەو خواردنەی کە خۆم بە دەستەکانم بۆیم لێناوە، هەست بە بەختەوەری و شادی دەکەم، کە لە خواردنەکە دەبێتەوە، سوپاسم دەکات لەسەر ئەو خواردنە خۆشەی، کە خواردویەتی.

دایەگیان! لەبیرت نەچێ من قوتابی تۆم، تۆ فێری چێشت لێنانت کردم، تۆ فێرت کردم، کە کورتترین رێگا، کە لێیەوە بچیتە ناو دڵی پیاوەوە" گەدەیەتی.. ئەوە گوێم لە دەنگی کردنەوەی دەرگایە، بەڵێ، ئەوە هاوسەرەکەمە هاتەوە.. ئەوە دەیەوێ ئەو نامەیەی، کە بۆ تۆی دەنوسم بخوێنێتەوە.. دەیەوێ بزانێ چ بۆ دایکم دەنوسم.. دەیەوێ هاوبەشی ئەو ساتە خۆشانە بکات، کە من بە گیان و فیکرم لەگەڵ تۆی بەسەر دەبەم.. داوام لێدەکات لە نامەکە شوێنێکی بۆ بەجێبهێڵم، تا شتکێت بۆ بنوسێ.

دایەگیان! دەستەکانت ماچ دەکەم.. دەستی باوکم ماچ دەکەم.. چاوی براو خوشکەکانم ماچ دەکەم.. خوا حافیز.

کچی خۆشەویستت (١)

---

١) لەگۆڤاری (العربی) وەرگیراوە.

کـاتی بەیـانی زاوا چ دەکـات

لەسەر زاوا پێویستە، کە بەیانی داهات سەلام لەو خزمانە بکات کە لە ماڵەکەیدان سڵاویان لـێ بکات، دەبێ ئـەوانیش بەهـەمان شـێوە ڕەفتـار بکەن.

((أَوْلَمَ رسول الله ﷺ إذ بنى بزينب فأشبع المسلمين خبزاً ولحماً، ثم خرج الى أمهات المؤمنين فسلَّم عليهن، ودعا لَهُنَّ وسلَّمن عليه ودَعَون له، فكان يفعل ذلك صبيحة بنائه))[1]، واتـــە: لەوکاتـــەی پێغەمبەرﷺ زەینەبی گواستەوە دەعوەتی مسوڵمانانی کرد، کە چێشتەکە نان‌و گۆشت بو، جا مسوڵمانانی تێر نان‌و گۆشت کرد. کە بـەیانی داهـات چوە لای خێزانەکانی تری‌و سەلامی لـێ‌کردن‌و دوعای بۆ کردن، ئـەوانیش سەلامیان لـێ کردو دوعای بەخێریان بۆ کرد.

---

١) رواه النسائي (صحيح).

چۆن پیاو دەچێتە لای خێزانەکەی؟

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ﴾ (البقرة- ١٨٧)، واتە: لە شەوی ڕەمەزان دا حەلاڵە بۆ ئێوە لەگەڵ ژنەکانتان جوت بن. ژنەکانتان بۆ ئێوە وەك پۆشاك وان[1]، ئێوەش بۆ ئافرەتان وەك پۆشاك وان.

هەروەهادەفەرموێ: ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ﴾ (البقرة- ٢٢٣)

---

١) کینایەیە بۆ پێکەوەنوسان‌و تێکەڵ بون، ئیبن عەباس دەربارەی ڕاڤەی ئەمە گوتویەتی: واتە ئافرەتان سوکنایی دڵتانن‌و ئێوەش سوکنایی دڵی ئەوانن.. کەسانی تریش گوتویانە: ژن‌و مێرد وەك پۆشاك وان بۆ یەکتری، کە بە پێستیانەوە دەنوسێ، بۆیە جوتبونیان بە ڕوتی بە پۆشاك ناوزەد کراوە.

زەجاج گوتویەتی: عەرەب بە ژن دەڵێن پۆشاك‌و کراس.. گوتراویشە: پۆشاکی پیاو ئەوەیە، کە دایپۆشێ، بەپێی ئەم مانایە هەندێ لە شەرع ناسان رایان وایە، کە بار (وضعیة)ی ڕاست بۆ جوتبون پاڵخستنی ژنە!

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ هەر ئەم بارە بەکاربهێنرێ! بەڵکە قورئان چەند بارێکی تری باس کردوە، کە پێویستە لەسەر ژن‌و مێرد کامە باریان حەز لێیە ڕاشکاوانە بە یەکتری بڵێن، چونکە نوێکاری لە جوڵەو بارەکان، خۆشی خۆی هەیە.

پزیشکێك گوتی: (ژنێك بۆی باس کردم کە لەژێر قورسایی مێردەکەی هەرهێندە نافلیقێتەوە، هەر دەڵێی فیلە، هەرهێندەی نامێنێ بخنکێ!!ئەم دیوەزمە هەراسانکەرەی لەکۆڵ نابێتەوە، مەگەر دوای چەند کاتێك لە هەر جوتبونێکدا! ئەمەش لەبەر ئەوەی مێردەکەی باری خۆی ناگۆڕێ، وادەزانێ ئەمە ئەو بارە سروشتیەیە، کە شەرع ڕێی پێداوە.. ئەوەی کە قورەکەی خەستتر کردوە ئەوەیە، کە نازانێ پێویستە لەسەری قورسایی خۆی بخاتە سەر هەردو دەستەکانی، نەك لەسەر جەستەی خێزانەکەی!! ئا لەم حالەتەدا کە پیاو قەڵەو بێ، پێویستە ژنەکە بچێتە سەر پیاوەکە، ئەمجۆرە بارەش هیچ حەرام نیە.

واتە: ژنەکانتان وەك کێڵگەوان بۆ ئێوە، ئێوەش بە ئارەزوی خۆتانە، چۆن دەچنە ئەو کێڵگەیە، جا لەپێش بێ یان لەپاش، بەڵام لە شوێنی منداڵ بون واتە (فەرج).

جابر ڕەزای خوای لێ بێ دەڵێ: جولەکەکان دەیانگوت: گەر پیاو بۆ جوتبون لەپاشەوە بچێتە لای ژنەکەی لە ڕێی پێشەوە (فەرج)یدا، ئەوا ئەو منداڵەی لەدایك دەبێ خێل‌و شەل دەبێ. بەڵام خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ﴾. پێغەمبەرﷺ لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموی: گەر جوتبون لە پێشەوە بێ یان لە پاشەوە بێ بە مەرجێ لە ڕێگەی (فەرج)ەوە بێت دروست‌و حەڵاڵە.

ئافرەتێك لە ئوم سەلمە دەربارەی‌ئەو پیاوە پرسیاری کرد، کە دەچێتە لای ژنەکەی بۆ جوتبون، کە لە حاڵەتی داهاتنەوە (رکوع)، یان لەسەر ئەژنۆ دانیشێ‌و سەری لە زەوی بدات. ئوم سەلمە ئەم پرسیارەی لە پێغەمبەر کرد، کە ئایا ئەوە گوناهە؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: ﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ﴾[1].

ئیبن عەباس گوتویەتی: ئەم ئەنصارانەی کە بت پەرست بون لەگەڵ ئەو جولەکانەی، کە خاوەن کتێبن، وایان دەبینی کە بەهۆی زانستەوە فەزڵیان بەسەریاندا هەیە، ئەوانیش زۆر بە کردەوەی ئەوانیان دەکرد، خاوەن کتێبیش کاریان وابو گەر لەگەڵ ئافرەتەکانیان جوت ببان، تەنها لەسەر لاتەنیشت لەگەڵیان جوت دەبون، ئەم قورەیشیانەش ئافرەتەکانیان پاڵ دەخست، ئینجا چێژیان لێ وەردەگرتن، لەپێشەوە با یان لە دواوە با.

---

١) حديث صحيح.

کاتێ موهاجیرەکان هاتنە مەدینە، پیاوێکیان ژنێکی ئەنصاری مارەکردو گواستیەوە، جا بەم شێوەیە لەگەڵی جوت بو، ئەویش ناڕەزایی دەربڕیو گوتی: ئێمە لەسەر باری لاتەنیشت لەگەڵمان جوت دەبون، یا ئاوا دەکەی، یان لێم دورکەوە!

هەواڵەکەیان گەیشتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ، خوای گەورەش ئایەتی ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ی دابەزاند، واتە بچنە لای خێزانەکانتان لە پێشەوە یان لە دواوەو بە پاڵکەوتنەوە، واتە لەڕێی شوێنی منداڵبونەوە..[١]

١) رواه أبوداود والحاكم وصححه، و وافقه الذهبي وهو كما قالا.

دەست کەوتنی خێرو پاداشت لەکاتی جوتبوندا

لەوکاتەی پیاو لەگەڵ خێزانەکەی جوت دەبێ خێرو پاداشتی بۆ دەنوسرێ بەو مەرجەی هەردوکیان نیازی داوێن پاکی و خۆپاراستن لە خراپەیان هەبێ.

ئەبو زەری غەفاری دەڵێ: ((إن ناساً من أصحاب النبي ﷺ قالوا للنبّي: يا رسول الله ذهب أهل الدثور بالأجور، يُصَلُّون كما نُصلي، ويصومون كما نصوم، ويتصدقون بفضول أموالهم. قال: أو ليس قد جعل الله ما تصَّدَّقون؟ إن بكل تسبيحة صدقةً، وبكل تكبيرة صدقةً، وبكل تهليلة صَدَقَةٌ، ونَهْيٌ عن المنكر صدقةٌ، وفي بُضْعِ أحدِكم صدقةً.

قالوا يا رسول الله أيأتي أحدنا شهوته ويكون له فيها أجر؟!

قال: أرأيتم لو وضعها في حرام، أكان عليه وزر؟ قالوا: بلى. قال: وكذلك اذا وضعها في الحلال كان له فيها أجر، وذكر أشياء... صدقة، صدقة.

ثم قال: ويُجْزِئُ مِن هذا كله: ركعتا الضحَى))(١).

واتە: ئەبو زەر دەڵێ: هەندێك لە هاوەڵە بەرێزەكانی پێغەمبەر ﷺ بە پێغەمبەریان فەرمو: ئەی پێغەمبەری خوا دەوڵەمەندەكان بەهۆی ئەوەی پارەدارن بۆ خۆیان بردویەتیانەوەو پاداشتیان بۆ دەنوسرێ، لەگەڵ ئەوەی ئێمە نوێژ دەكەین، ئەوانیش نوێژ دەكەن، ئێمە بەڕۆژو دەبین، ئەوانیش بەڕۆژو دەبن، بەهۆی ماڵو سامانیان خێرو سەدەقە دەكەن.

---

١) رواه مسلم والنسائي.

پێغەمبەرﷺ فەرموی: ئەدی خوای گەورە شتی وای بۆ دانەناون، کە بە سەدەقەو خێر بۆتان بنوسرێ؟ هەر (سبحان الله)ێك دەخوێنن بەخێر بۆتان دەنوسرێ، هەر (الله أکبر)ێك دەخوێنن بەخێر بۆتان دەنوسرێ، هەر تەهلیلەیەك واتە (لا الـه الا الله) بەخێرو سەدەقە بۆتان دەنوسرێت، هەروەها رێگری کردن لە خراپەکاریەك بە خێرو سەدەقە دەنوسرێ. کاتێك لەگەڵ خێزانەکانتان جوت دەبن خێرو پاداشتان بۆ دەنوسرێ.

هاوەڵەکانیش وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا گەر ئێمە لەگەڵ خێزانەکانمان جوت بین بە خێرو پاداشت دادەنرێ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی: گەر ئەو شەهوەتو ئارەزوە لە شتێکی حەرام سەرف بکرێ، ئایا بۆی بە تاوانو گوناهـ نانوسرێ؟ ئەوانیش گوتیان: بەڵێ وایە. فەرموی: کەواتە گەر لە شتێکی حەڵاڵ سەرف بکرێ بە خێرو پاداشت بۆی دەنوسرێ. باسی چەند شتێکی کرد...کە بە خێرو سەدەقە دادەنرێ.

پاشان پێغەمبەرﷺ فەرموی: لە هەمو ئەوانە زیاتر پاداشتی بۆ دەنوسرێ دو رکات نوێژی چێشتەنگاو (الضحی)یە.

جا ئەو تەوجیهە بەرزو گەورەیەی، کە هانی مسوڵمانان دەدات بۆ ژن هێنانو شوکردنو رێزگرتنو سۆز نواندن لەگەڵ ئافرەت لە کوێو، ئەو ئایینە دەست لێ دراوە لەکوێ، کە ئافرەت بە خراپەکار دادەنێو ژن هێنان بە شتێکی پیس لە قەڵەم دەداتو، هانی خەڵکی دەدات بۆ خەساندنو وازهێنان لە ژن هێنان!!

ئەم رێبازە بەرزە لەکوێ لەچاو هەندێ شەریعەتی تر، کە مەسەلەی جنس بە گوناهو تاوانو قێزەونی تەنانەت شەیتانیش دادەنێن! ئەنجامی ئەمەش – لە بەرامبەر هێزی غەریزەی جنسی هەڵچو- ئەوەیە یا بە

تەواوی لێی دوربکەوتەوەو قەدەغە بکرێ کە دەبێتە مایەی ڕێزپەڕی (شذوذ)و خەفەکردن، یان توانەوەو نقوم بون لە لیتاوی جنس بەڕێی حەرام، هەروەك ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوا ڕودەدات.

کارەکە هەر بەوەندە کورت هەڵنەهاتوە، بەڵکە ڕۆژئاواییەکان بەپێی بیروڕایان، ئافرەت بە شەڕو خراپە دادەنێن، لەبەرئەوەی دایکە حەوا هاوکاری شەیتانی کردوە لە فریودانی ئادەم، تا درەختە قەدەغەکراوەکە بخوات، کە بوە مایەی ڕودانی یەکەم گوناهو تاوانو، بۆ کچەکانی بە میرات مایەوە.

کەچی قورئان ڕادەگەیەنێ شەیتان خوتخوتەی ئادەمو حەوای بەیەکەوەدا، خوای گەورەش تەوبەی لێ قبولّ کردنو لێیان خۆش بو، ڕایگەیاند کە گوناهو تاوان بە بۆماوە بەجێ نامێنێ! خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾ کەس تاوانی کەس هەڵناگرێ، لە تەوراتیش هاتوە: (باوکان بەهۆی تاوانی ڕۆڵەکانیان ناکوژرێن، هەروەها ڕۆڵەکانیش بەهۆی تاوانی باوکان ناکوژرێن، هەرکەسەو بەهۆی تاوانی خۆی دەکوژرێ!).

ئیمام (ابن قیم) ڕەحمەتی خوای لێبێ گوتویەتی: پێغەمبەرﷺ هانی داوە ئەم دەرمانە سەرجێی (جوتبون) بەکاربهێنرێو، هانیشی داوە پیادە بکرێو پاداشتی لەسەر پەیوەست کردوەو کردویەتی بە خێرو سەدەقەی بکەرەکەی!!

لەوەی کە باسکرا بۆمان دەردەکەوێ خواپەرستیو بەندایەتی لە ئیسلام هەر لە نوێژو ڕۆژو کورت هەڵنەهاتوە، وەك مامۆستا (محمد أسد) گوتویەتی، هەروەها ئیسلام لە هەمو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ بە عەمەلی دەکۆڵێتەوە.

ئەو كەسەی لە ڕۆژی هەینی لەگەڵ هاوسەرەكەی جوت ببێ، پاداشتی بۆ دەنوسرێ

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((من إغْتَسل يوم الجمعة غُسْلَ الجنابة، ثم راحَ فكأنما قرَّبَ بُدنَةً، ومن راح في الساعة الثانية: فكأنما قرَّب بقرةً، ومن راح في الساعة الثالثة: فكأنما قرَّب كبشاً أقرنْ ومن راح في الساعة الرابعة: فكأنما قرَّب دجاجة، ومن راح في الساعة الخامسة: فكأنما قرَّب بيضة، فاذا خرج الإمام حضرت الملائكة يستمعون الذِّكْر))[1]، واتە: هەر كەسێك لە ڕۆژی هەینی دا خۆی بشوات‌و خۆشتنەكەشی لەبەرئەوە بێ، كە لەگەڵ خێزانەكەی جوت بوەو پاشان بۆ نوێژی هەینی بچێتە مزگەوت ، ئەوە وەك ئەوە وایە، كە حوشترێكی كردبێتە قوربانی، هەر كەسێك لە سەعاتی دوەم بۆ نوێژی هەینی بچێتە مزگەوت وەك ئەوە وایە، چێڵێكی كردبێتە قوربانی، هەر كەسێك لە سەعاتی سێیەم بۆ نوێژی هەینی بچێتە مزگەوت وەك ئەوە وایە، كە مەڕێكی كردبێتە قوربانی، هەر كەسێك لە سەعاتی چوارەم بچێتە مزگەوت، وەك ئەوە وایە مریشكێكی كردبێتە قوربانی، هەر كەسێك لە سەعاتی پێنجەم بچێتە مزگەوت وەك ئەوە وایە هێلكەیەكی كردبێتە قوربانی. كاتێكیش ئیمام دەستی كرد بە وتاردان، فریشتەكان ئامادەی یادی خوا دەبن.

هەروەها پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((من غَسّلَ يوم الجمعة وإغتسل،

---

١) رواه حافظ العراقي وغيره.

وبكَّر وابتكَر، ومشى لم يركب، ودنا من الإمام، واستمع ولم يَلْغُ، كان له بكل خطوةٍ عَمَلُ سنة، أجْرُ صيامها، وقيامها))[١]، واتە: هەر كەسێك لە ڕۆژی هەینی خۆی بشوات‌و زو بچێتە مزگەوت بۆ نوێژی هەینی‌و بە پیادە بڕوات‌و بەبێ سواری‌و، لە ئیمام نزیك ببێتەوەو، گوێ لە وتاری هەینی بگرێ‌و قسە نەكات، ئەوا بۆ هەر هەنگاوێكی دەیهاوێژێ بەقەد كردەوەی باشی ساڵێكی ڕۆژو و شەونوێژی بۆ دەنوسرێ.

كەمترین سنوری جوتبون لەگەڵ خێزاندا یەك جارە لە هەفتەیەكدا، ئەوەش بە گوێرەی كەس‌و تەمەن لە یەكێكەوە بۆ یەكێكی تر دەگۆڕدرێ، نابێ لە هەفتەیەكدا دو جار زیاتر بێ -جگە لە ماوەی مانگی هەنگوینی (شهر العسل)! پێویستە لە تەمەنی شەست ساڵی جوتبون كەم بكرێتەوە، زۆر جیماع كردنیش دەبێتە هۆی زەرەرو زیانی جەستەو داتەپینی عەقڵ‌و لەكارخستنی عەقڵ‌و ژیری.

هەروەها زۆر كەمكردنی جوتبون دەبێتە هۆی خەفەو لەكارخستنی غەریزەی جنسی، سەرەڕای ئەمەش دەبێتە هۆی سەرنەكەوتنی ژیانی هاوسەرایەتی‌و پچڕانی شیرازەی ئەم پەیوەندیە.

لە ڕاستیدا ئافرەتی لێزان‌و شارەزا بەهۆی كارامەیی‌و ڕوخۆشی‌و جوانی‌و ڕازاوەیی، دەتوانێ تەرازوی مام ناوەندی جوتبون ڕاگرێ‌و هەوڵی پاراستنی گەنجیەتی خۆیی‌و مێردەكەی بدات بەبێ زیادەڕۆیی كردن.

ئەم ئاراستەكردنە بەرزو جوانەی ئیبن الجوزی چەند جوانە، كە دەڵێ: پێویستە لەسەر كوڕی پێگەیشتو (گەنج) ئاگاداری ئەوەبی، كە زۆر جوتبون

---

١) رواه أبو داود والنسائي والبيهقي (صحيح).

نەكات، تا ناوەرۆك‌و كرۆكی بێنێتەوە چونكە سودی بۆ كاتێك هەیە، كە تەمەنی گەورە دەبێ‌و بەساڵا دەچێ.

ئەو كەسەی تێگەیشتوو دیندارە، با بزانێ چێژو خۆشی بە نزیك بونەوە لە هاوسەر بەدی دێت، نزیكبونەوەش بە ماچكردن‌و ئامێزگرتن ئەنجام دەدرێ‌وخۆشەویستی بەهێزتر دەكات، بەڵام جوتبون خۆشەویستی كەم دەكاتەوەو چێژو خۆشی‌و شادی ناهێڵێ. ئەوەی لە مەبەستی جوتبون تێگەیشتبم، بۆم دەركەوتوە مانایەكی سەرسوڕهێنەری هەیە كە لە زۆر خەڵك شاراوەیە، ئەویش ئەوەیە گەر نەفس عەشقی ئافرەتێك بو پێی خۆشە لێی نزیك ببێتەوە، ئینجا لە ئامێزی دەگرێ، ئەمەش ئەوپەڕی نزیك بونەوەیە، پاشان ڕومەتی ماچ دەكا، پاشان داوای نزیك بونەوەی ڕۆح دەكات، جا ئەو كاتە دەم ماچ دەكا. پێغەمبەر ﷺ عائیشەی خێزانی لە ئامێز دەگرت‌و ماچی دەكردو زمانی دەمژی (فەرمودەی زمان مژین بە سەنەد -صحیح- نیە، بەڵام لە ماناو واتادا وارد بوە). گەر نەفس داوای زیاتركردنی نزیك بونەوە بكات ئەوا جوتبون ئەنجام دەدرێ[1].

ئیمام ئیبن القیم دەڵێ: زۆر جوتبون دەبێتە هۆی كەم بونەوەی هێز، هەروەها زیان بە دەمارەكان دەگەیەنێ‌و مرۆڤ دوچاری لەرزۆكی‌و گرژبون (تشنج) دەكات، هەروەها دەبێتە هۆی بێ‌هێزی‌و لاوازی چاو، هێزەكانی لەش‌و گەرمایی غەریزەكان كەم دەكاتەوە.

لەبارترین‌و بەسودترین كات بۆ جوتبون دوای هەرسكردنی خواردنە. نابێ لەكاتی برسیەتیدا جوتبون ئەنجام بدرێ، چونكە دەبێتە هۆی بێ‌هێزی‌و لاوازی گڕو تینی ئارەزوی جنسی، هەروەها نابێ لەسەر تێربوندا

---

١) صيد الخاطر للإمام ابن الجوزي .

جوتبون بکرێ، چونکە دەبێتە هۆی دوچاربون بە نەخۆشی. نابێ کاتی ماندوبونو نائارامی دەرون، وەك هەبونی خەمو دڵ تونديو زويريو، هەروەها لەکاتی ئەوپەڕی خۆشیو شادی، جوتبون ئەنجام بدرێ.

لەبەرئەوە باشترین کاتی جوتبون ئەوەیە، کە ماوەیەکی زۆر تێپەڕیبێ، ئەگەر ڕێکەوتی هەرسکردنی خواردن بکات، ئنجا خۆی بشوات یان دەستنوێژ بگرێ پاشان بخەوێ، ئەو کاتە هێزو توانای لەش دەگەڕێتەوە دۆخی جاران. دەبێ ئاگاداری ئەوەش بێ لەدوای ئەنجامدانی جوتبون وەرزش نەکا، چونکە زەرەرو زیانی زۆری هەیە.

جوتبـون لە ڕێی کۆمــەوە حـەرامە

خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡۖ وَقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾(البقـرة- ٢٢٣)، واتە: ژنەکانتان کێڵگەی خۆتانن" لەهەر کوێوە دەتانــەوێ بچــنە کێڵگــەی خۆتانەوە"[١] توێشویەکیش وەپێش خۆ خەن، دەبێ لە خوا بترسن، بیشزانن لەگەڵ خوا ڕوبەڕو دەبن، مژدەش بدە بە بڕواداران.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((لا ينظر اللهُ الى رجــلٍ يـأتي امرأتَهُ في دُبُرها))[٢]، واتە: خوای گەورە تەماشای ئەو پیاوە ناکات، لە ڕێی کۆمەوە لەگەڵ ژنەکەی جوت ببێ.

هەروەها دەفەرموێ: ((مَنْ أتى حائضاً أو إمـرأةً في دبُرهـا، أو كاهنـاً

---

١) یەکێ لە ڕاڤەکاران گوتویەتی: مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە، کە ژنەکانی ئێوە، نەك ژنـانی کەسانی تر، کە تەنها بۆ ئێوەن، کەواتە پەیوەندیەکە لە بازنەیەکی شەرعی ڕێگەپێدراوو وەرگیراو لە پەیوەندی ڕۆحـیو گرێبەنـدی شـەرعی نێـوان پیـاوو ژن دەسـوڕێتەوە، جـا پێویستە ئەمە لە چوارچێوەی ئەم سنورە شەرعیە مەشروعە بێتە کایەوە، لەبـەر ئەمـە قورئان بانگێشتەی هاوسەرگرتن دەکات و، بانگێشەی وەدورخستنەوەی زینا دەکات.
پاشان قورئان وەسفی ژن دەکات، کە کێڵگـەی مێردەکەیـەتیو شـوێنی منـداڵ بونـەو زەویەکی بەپیتە بۆ شین بون.. ئەم وەسفە قورئانیە وێنەی زەویـەکی ئامـادەکراو پیشـان دەدات، کە جوتیار دەیکێڵێ، پاشـان تـۆوی پێـدا دەکـات بـۆ وەبـەرهێنان، کـە بـژاری دەکاتو پوشو پەڵاشی لـێ لادەدات، هەتا بەروبومێکی جوان بێتە کایەوە.
٢) رواه النسائي (صحيح).

فصدّقهُ بـما يقول: فقد كفر بما أُنزِلَ على محمد))[١]، واتە: هەر پیاوێك لەکاتی حەیزی ژنەکەی بچێتە لای بە نیازی جوتبون، یان بە ڕێی کۆمەوە جوت ببێ، یان هەرکەسێك بچێتە لای فاڵ گرەوەیەك[٢] یان قاوەگرەوەیەك‌و بڕوای پێ بکات، ئەوا ئەو کەسە بڕوای بەو قورئانە نیە کە بۆ پێغەمبەر هاتۆتە خوارەوە، واتە پێی کافر دەبێ.

((جاء عمر بن الخطاب الى رسول اللهﷺ فقال: يا رسول الله هلكتُ! قال: وما الذي أهلكك؟! قال: حوَّلْتُ رَحلي الليلة! فلم يرد عليه فأوحى الله الى رسول الله ﷺ هذه الآية: ﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡ﴾، يقول أقبل وأدبر، واتّق الدبر والحيضة))[٣]، واتە: عومەری کوڕی خەتتاب هاتە لای پێغەمبەرﷺ و فەرموی: ئەی پێغەمبەری خوا بەهیلاك چوم!

پێغەمبەر ﷺ فەرموی: چ شتێکت کردوە، بەهیلاکت ببات؟

عومەریش گوتی: ئەمشەو شێوەی چونە لای خێزانەکەم گۆڕیوە! واتە: لە دواوە چۆتە لای خێزانەکەی بۆ جوتبون بەڵام بە ڕێگای (فەرج)ەوە (شوێنی منداڵ بون).

پێغەمبەرﷺ وەڵامی نەدایەوە، خوای گەورەش ڕاستەوخۆ وەحی بۆ

---

١) رواه أبوداود والنسائي والترمذي والبيهقي (حديث صحيح).

٢) ئەم فەرمودەیە ئەو کەلو (أبراج)انەش دەگرێتەوە، کە لە گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبەکان بڵاودەکرێتەوەو دەفرۆشرێ، جا ئەو کەسەی بڕوا بەو کەلو (أبراج)انە بکات‌و قەناعەتی بە ڕاستیی پێشهاتەکانی بکات، وە بەر حوکمی ئەم فەرمودەیە دەکەوێ، با ئەو کەسە خۆی بە نوێژکەریش بزانێ. چونکە زانینی پێشهاتەکان‌و سبەینێ چ ڕوو دەدات، تەنها خوا دەیزانێ‌و کاری ئەوە (لا يعلم الغيب الاّ الله). (وەرگێڕ)

٣) رواه النسائي والترمذي والطبراني (حديث حسن).

پێغه‌مبه‌ری خوا ناردو ئه‌م ئایه‌ته‌ی نارده خواره‌وه ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾، فه‌رموی: له‌پاش بێ یان له پێشه‌وه جوت ببه، به‌ڵام خۆت بپارێزه له جوتبون به‌ڕێگای دواوه‌و، له‌كاتی حه‌یزیشدا.

((سأل رجل النبيّ ﷺ عن اتيان النساء في أدبارهنّ، أو إتيان الرجل امرأته في دبرها؟ فقال النبيّ ﷺ: حلال! فلما ولّى الرجل دعاه، أو أمر به فدعي، فقال: كيف قلت؟ في أي الخرزتين؟ أمِنْ دُبُرها في قبلها؟ فنعم، أم من دبرها في دبرها؟ فلا! فإن الله لا يستحي من الحق فلا تأتوا النساء في أدبارهنّ))[1]، واته: پیاوێك ده‌رباره‌ی چونه لای ژن له دواوه، یان گه‌ر پیاو له دواوه له‌گه‌ڵ خێزانه‌كه‌ی جوت ببێ پرسیاری له پێغه‌مبه‌ر ﷺ كرد ؟

پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رموی: حه‌ڵاڵه.

كاتێك پیاوه‌كه ڕۆیی، پێغه‌مبه‌ر بانگی كرد، یان فه‌رمانی كرد بانگی بكه‌ن، پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رموی: چۆنت گوت؟ مه‌به‌ستت له كام له‌و دو كونه‌یه؟ واته: پێش و پاش. ئه‌گه‌ر له دواوه له‌ڕێی فه‌رجیه‌وه بچیته لای، به‌ڵێ حه‌ڵاڵه. ئه‌گه‌ر له دواوه بچێته لای به ڕێی كۆم، نه‌خێر حه‌ڵاڵ نیه. خوای گه‌وره له ئاست حه‌ق و ڕاستیدا شه‌رم ناكات، له‌به‌رئه‌وه له‌ڕێی كۆمه‌وه له‌گه‌ڵ هاوسه‌ره‌كانتان جوت مه‌بن[2].

---

١) رواه النسائي والطحاوي (حديث صحيح).

٢) ئه‌وه‌ی مایه‌ی سه‌رسوڕمانه به‌لای جوله‌كه -وه‌ك له تلمود هاتوه- دروسته پیاو له‌ڕێی كۆمه‌وه له‌گه‌ڵ ژنه‌كه‌ی جوت ببێ، چونكه وه‌ك خۆیان ده‌ڵێن: ژن بۆ چێژ وه‌رگرتن‌و ڕابواردنه وه‌ك پارچه گۆشتێكه، كه له گۆشت فرۆش ده‌كڕدرێ، پیاو به ئاره‌زوی خۆیه‌تی به كوڵاوی بیخوات، یان به سوره‌وه‌كراوی!!

سەعیدی کوڕی یەسار گوتویەتی: بە ئیبن عومەرم گوت: ئێمە کەنیزەك دەکڕین و لەدواوە دەچینە لایان..

ئیبن عومەر گوتی: ئۆف! یەکێك خۆی بە مسولّمان بزانێ چۆن شتی وا دەکات؟! نەسائی و کەسی تر گێڕاویەتیەوە و سەنەدەکەی ڕاستە.

ئیمام ابن القیم لە کتێبی (زاد المعاد)دا لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر دەربارەی جوتبون، دەڵێ:

جوتبون لەدواوە بەڕێی کۆم، لەسەر زمانی هیچ پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەکان ڕێگەی پێ نەدراوە، هەر کەسێك ڕێگەپێدان و دروستی و حەلاّلی جوتبون لە دواوە لە ڕێی کۆم بداتە پاڵ هەندێك پێشین (السلف)، ئەوا هەڵەی کردوە، پاشان هەواڵ دان بە حەرام بونی" بە توندی نەهی لێ کراوە، هەروەها دەڵێ: ئەم ئایەتە پیرۆزە لە دو ڕووەوە جوتبون لەدواوەی ژن حەرام دەکات، یەکێکیان: ئەوەی ڕێی پێدراوە بۆ چونە لای ژن شوێنی منداڵ بونە، نەك شوێنی کۆم، کە پیساییە. شوێنی (فەرج) ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ ...﴾ ﴿فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ چونە لای ژن لەدواوە بە ڕێی فەرجەوە، لەو ئایەتە سود وەرگیراوە، چونکە دەفەرموێ: ﴿أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ بەمانای فەرج هاتوە.

ڕاستییەکیش هەیە ئەویش ئەوەیە، گەر خوای گەورە جوتبونی ئافرەتی لە ڕێگای فەرجەوە لە ماوەی حەیزدا حەرام کردبێ، چۆن ئەو شوێنەی کە جێگەی پیسایی و ئازارە، کە دەبێتە هۆی بڕینی وەچەو منداڵ بون، جوتبونی تێدا حەلاّڵ دەکات.

لە جوتبوندا ئافرەت مافی بەسەر پیاوەکەی هەیە، جوتبونیش لە ڕێی

کۆمەوە ئەم مافەی ئەفەوتێنیو ئارەزوی سێکسی ژنەکە تێر ناکریو، لێی بێبەش دەبێتو بە مەبەستو مەرامی خۆی ناگات. هەروەها پاشەوەی ئافرەت بۆ ئەو کارە دروست نەکراوە، بەلاّم (فەرج) بۆ جوتبون دروست کراوە. هەروەها جوتبون لە دواوە زیان بە پیاوەکەش دەگەیەنێ، لەبەرئەوە پزیشکە ژیرو پیتۆلەکانو غەیری ئەوانیش، قەدەغەی ئەم کارەیان کردوە، چونکە فەرجی ئافرەت تایبەتمەندییەکی هەیە بۆ ڕاکێشانی ئاوی پیاو، کە لە کاتێکا ئەو ئاوەی دەچێتە ژورەوە هەموی نایەتە دەرەوە.. هەروەها پاشەوە شوێنی شتی پیسو پاشەڕۆكو پیسایی‌یە، کە زیان بە پیاوو بە ژنەکەش دەگەیەنێ. ئەم کارە بە سروشتی ساغو ڕاست، شتێکی نامۆ و غەریبە. جوتبون بە ڕێی پاشەوە سروشت (طبیعة) تێك ئەداو دەبێتە هۆی دڵ توندیو غەمو پەژارەیی بۆ هەردوکیان، هەروەها ڕۆشنایی دڵان ناهێڵێو دڵ ڕەش دەکات، لە نێوان ژنو مێرد، توڕەیی زۆر دەکاتو پەیوەندیان تێك دەچێو خۆشەویستییان نامێنێ، وای لێ دێ نەفرەت لە یەکتری بکەن، لە سەروی ئەم هەمو زیانانەش، دەبێتە هۆی توڕەبونی خوای گەورەو تەماشا نەکردنی بەچاوی ڕەحمەتو بەزەیی. لە گەورەترین هۆیەکانی نەمانی نیعمەتەکانی خوایەو، بەسەردا رژانی نەگبەتیو ناخۆشیە.

جوتبـون لەگـەڵ ژنی حـەیزدار حـەرامە

خوای گەورە دەفەرمـوێ: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِۖ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَۖ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ﴾ (البقـرة- ٢٢٢)، واتـە: لـە کاتێکدا ژن لە حەیزدایە دەربارەی جوتبون پرسـیارت لـێدەکەن ، بڵـێ: جوتبون لەماوەی حەیزدا مایەی ئێش‌و ئازارو نەخۆشی‌یـە، بـە مەبەسـتی جوتبون لێیان نزیك مەبنەوە، تا ئەوکاتەی لە خوێنی حەیز پـاك دەبنـەوە. گەر لە خوێنەکە پاك بونەوە، ئەوا لەگەڵیان جوت بن بـەو شـێوەیەی، کـە خوای گەورە فەرمانی کردوە. خوای باڵا ئـەو کەسـانەی خـۆش دەوێ، کـە تۆبەکارن‌و ئەوانەش کە خۆیان پاك ڕادەگرن.

پێغەمبـەرﷺ فەرمویـەتی: ((من أتى حائضاً، أو إمرأةً في دُبرها، أو كاهناً فصدَّقه بما يقول: فقد كفر بما أنْزَلَ على محمد))(١)، واتە: هـەر کەسێك لەکاتی حەیزدا لەگەڵ خێزانەکەی جوت ببێ، یان لـەدواوە بچـێتە لای، یان بچێتە لای پێشبینێك‌و باوەڕی بە قسەکەی بکات، ئەوا بێبڕوایە بەوەی، کە بۆ محمد دابەزیوە.

((كان رسول الله ﷺ إذا أراد من الحائض شيئاً ألقى على فرجها ثوبا ثم صنع ما أراد))(٢)، واتە: پێغەمبەرﷺ گەر ویستبای بچێتە لای یـەکێ لە خێزانەکانی، لە کاتێکدا لەماوەی حەیزدا بوایە، ئەوا پارچە قوماشێکی

١) رواه أبوداود والنسائي والترمذي والحاكم (حديث صحيح).

٢) رواه أبوداود والبيهقي (حديث صحيح).

بەسەر داوێنی خێزانەکەی دادەداو، پاشان چی بویستبوایە دەیکرد.

لە تەفسیری (المراغی)دا هاتوە، کە پزیشکی نوێی ئێستا بەدەری خستوە، کە جوتبون لەماوەی حەیزدا ئەم زیانانەی هەیە:

١- دەبێتە هۆی ئازار گەیاندن بە ئەندامەکانی زاوزێ لە ئافرەت، لەوانەیە ببێتە هۆی هەوکردنی (إلتهاب) منداڵ دانو هێلکەدان، یان زیان گەیاندن بە حەوزی ئافرەت کە زیانێکی زۆر بە تەندروستی ژنەکە دەگەیەنێ، لەوانەیە ببێتە هۆی لە کەڵك کەوتنی هێلکەدانو منداڵ نەبون.

٢- چونە ژورەوەی مادەکانی خوێنی حەیز بۆ زەکەر، کە دوچاری هەوکردنێکی کیمیاوی دەکات، کە بە (سەیلان) دەچێو لەوانەیە هەردو هێلکەی گون بگرێتەوەو ئازاریان بدات. جا لەوەوە نەزۆکی پیاو دروست دەبێ، لەوانەشە دوچاری نەخۆشی (زوهەری) ببێ، کە میکرۆبەکەی لە خوێنی ژنەکەوە هەبێت. لەبەر ئەم زیانانەی باس کرا، پزیشکەکانی ئێستا لەسەر ئەوە یەك دەنگن، کە پێویستە پیاو لە ماوەی حەیزدا بە مەبەستی جوتبون نزیك نەکەوێتەوە، وەك قورئانی پیرۆز باسی کردوە. لەبەرئەوە کاتێك خوای گەورە دەفەرموێ ئەم کارە مەکەن، بێ حیکمەت نیە.

ئای موعجیزەی قورئان چەندە بەرزو مەزنە!

لە ئیبن عەباسەوە رەزای خوای لێ بێ دەڵێ: ئەو کەسەی لە ماوەی حەیزدا بۆ جوتبون دەچێتە لای خێزانەکەی، ئەوا ((دەبێ دینارێك یان نیو دینار بکاتە خێر))[١]. کە دەکاتە نیو جونەیهی زێری ئینگلیزی یان بە نزیکی چارەگێك.

---

١) رواه البخاري ومسلم والترمذي والنسائي وأبوداود.

کاتی خۆی جولەکەکان عادەتیان وابو لەگەڵ ئافرەتی حەیزداردا نانیان نەدەخواردو لەگەڵیان نەئەخەوتن و، عەرەبەکانیش لە سەردەمی نەفامییان دا، بەو شێوەیە لاسایی‌یان دەکردنەوە، بەڵام کە ئیسلام هات ئەوەی قەدەغە کرد، تەنها جوتبونی لەگەڵ ئافرەتی حەیزداردا حەرام کردو ڕێگەی بەوەدا، کە جگە لە فەرجی ئافرەتەکە بە شوێنی تر چێژ وەرگرێ[1]، وەك لە فەرمودەکەدا هاتبو، جا بەم شێوەیە ئیسلام میانەڕەوی یە لە نێوان زیادەڕەوی جولەکەو زیادەڕەوی کردنی ئەو کەسانەی، کە ڕێگە بەجوتبونی حەیزدار دەدەن.

بەبۆنەی قسەکردن دەربارەی حەیز بەباشی دەزانین باسی ئەوە بکەین چۆن ئافرەت خۆی لە حەیز پاك دەکاتەوە:

لە عائیشەوە ڕەزای خوای لێ بێ کەوا: ئەسمای کچی یەزید دەربارەی خۆشتنی ئافرەت پرسیاری لە پێغەمبەر کرد، پێغەمبەرﷺ فەرموی:

((تأخذ إحداكن ماءها وسدرها فتطهر فتحسن الطهور (او تتوضأ جيداً) ثم تصبُّ على رأسها الماء فتدلكه دلكاً شديداً حتى يبلغ شؤون رأسها، ثم تأخذ مسكةً (أي قطعة قطن أو صوف مطيبة بالمسك أو أي طيب آخر) فتطهر بها))، واتە: یەکێك لە ئێوە ئاو دەهێنێو خۆی پێ

---

١) لەو حاڵەتەدا دەکرێ پیاو لە نێوان دوو ڕانی ئافرەتکە، چێژ وەرگرێو بکاتە نەشئەو خۆشی. دیاریشە پیاو بەر لەوەی بگاتە خۆشی هۆیەکانی بەکاردێنێ، وەك : دەم ماچ کردنو مەمك مژینو شتی تر، بەڵام لەو حاڵەتەدا جنسی ئافرەتەکەش دەوروژێو وەك پیاوەکەی پێویستی بە دامرکاندنەوە هەیە، دامرکاندنەوەشی بەوە دەبێت، کە هاوسەرەکەی دەست بە میتکەی ژنەکەی دابێنێو بیجولێنێ، ئەمەش دەبێ لەسەر ئەو قوماشەوە بکرێ، کە بەسەر داوێنی دادراوە، یان مایۆی لەبەر کردووە. (وەرگێر)

پاك دەكاتەوەو، بە چاكى خۆى پاك دەكاتەوە (يان دەست نوێژ بـە چـاكى دەگرێ) پاشان ئاوەكەى بەسەرى دادەكاو بەچاكى دەستى پـێ دادەهێنـێ، تا ئاوەكە دەگاتە سەر پێستى سەرى، پاشان پارچە قوماشـێك يـان پارچـە لۆكەيەك يان پارچە سوفێك بەبۆنى مسك، يان بەهەر بۆنێكى تـر بـە بـۆن بكاو خۆى پێ پاك بكاتەوە.

ئەسما گوتى: چۆن خۆمى پێ پاك بكەمەوە.

(قال: سبحان الله تطهري بها!) سبحان الله! خۆتى پێ پاك بكەرەوە.

فقالت عائشة: كأنها تخفي ذلك (أي تسربه اليها) تتبعي أثر الدم[١].

عائشە گوتى: بيهێنە بە شوێنى خوێنەكەدا.

ئەوەش بۆ ئەوەيە تا شوێنى خوێنەكە بۆنى خۆشى لـێ بێ‌و، ئـەو بۆنـە ناخۆشەى خوێنەكەى لـێ نەمێنێ.

بەبۆنەى خۆپاكردنـەوەى ژن لـە خـوێنى بێ‌نوێـژى (حـيض)، پێويسـتە ئامارە بەوە بكەين، كاتێ ژن ماوەى خوێنى بێ‌نوێژيەكەى تـەواو دەبێـت، پياو بۆى دروستە يەكسەر لەگەڵى جوت ببێ، با ژنەكەش خۆى نەشوشتبێ، چونكە وشەى (الطـهر) لە ئـايـەتـى ﴿وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ﴾ بـەماناى شوشتنى خوێنى حەيزەكە دێ.. درێژەى ئـەم بابەتـەش لـە كتـێبى (آداب الزفاف) باس كراوە.

---

١) رواه البخاري ومسلم والنسائي وأبوداود وابن ماجه.

داپۆشینی عەورەتی پیاو لە هەمو کەسێك جگە لە ژنەکەی

(معاویه بن حیده) گوتویەتی: ((قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، عَوْرَاتُنَا مَا نَأْتِي مِنْهَا وَمَا نَذَرُ؟ قَالَ: احْفَظْ عَوْرَتَكَ إلاَّ مِنْ زَوْجَتِكَ أَوْ مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ..)).[1]، واتە: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! کێ بهێڵین عەورەتمان ببینێ و، لە کێی بشارینەوەو نەهێڵین بیبینێ؟

فەرموی: عەورەتی خۆت لە هەمو کەسێك داپۆشە، جگە لە هاوسەرەکەت.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((لا ينظر الرجل الى عورة الرجل، ولا المرأة الى عورة المرأة، ولا يفضي الرجل الى الرجل في الثوب الواحد، ولا تفضي المرأة الى المرأة في الثوب الواحد))[2]، واتە: نابێ پیاو تەماشای عەورەتی پیاو بکات، جا هەر کەسێك بێ، نابێ ئافرەتیش سەیری عەورەتی ئافرەت بکات، جا هەرچ ئافرەتێك بێ. نابێ دو پیاو لەژێر یەك پێخەف دا بخەون کە لەشیان بەلەشی یەکتر بکەوێ و روت بن. یا ئافرەت لەگەڵ ئافرەتێکی تر لەیەك پێخەف دا نەخەوێ، کە لەشیان پێکەوە بنوسێ بە روتی.

---

١) رواه أبوداود والترمذي والنسائي.

٢) رواه مسلم وغيره.

واباشـە لەنێوان دو جوتبـوندا خۆبشـورێ

پێغەمبەرﷺ دەفـەرموێ: ((إذا أتى[1] أحدكم أهلَه ثم أراد أن يعود، فليتوضأ بينهما وضوءاً)) (وفي رواية وضوءه للصلاة)[2]، واتــە: گـەر یەکێك لە ئێوە لەگەڵ خێزانەکەی جوت بو، پاشان ویستی دوبـارە لەگـەڵی جوت ببێتەوە، بـا لـەنێوان ئـەو دو جوتبونـەدا دەسـت نوێـژ بگـرێ. لـە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: دەست نوێژ بگرێ.

ئــەبی رافــع گوتویــەتی: ((أن النبيﷺ طاف ذات يوم على نسائه، يغتسلُ عند هذه، وعند هذه. قال: فقلت له يا رسول الله ألا تجعله غُسلاً واحداً؟ قال: هذا ازكى وأَطْيَب وأَطْهَر))[3]، واتــە: ڕۆژێــك پێغەمبەرﷺ بەسەر خێزانەکانیدا گەڕاو چوە لایان بە مەبەسـتی جوتبـون، لەلای هەر یەکێکیان دا خۆی دەشوشت، ئەبی رافع دەڵێ: بـە پێغەمبـەرم

---

١) ئیمام (ابن قیم) وای بەباشتر دەزانی، کە جوتبون بەڕۆژ بکـرێ، تـا هەسـتەکان بەشـی خۆیان وەربگرن، لەبەر هۆیەکی دی کە سروشتیە، ئەویش لەبەرئەوەی بەشەو، هەستەکان تێیدا سارد دەبنەوەو پێویستیان بە حەسانەوە هەیە، ڕۆژیش جێی جوڵـەجوڵ و بزواندنـە، هـــەروەك خـــوا دەفـــەرموێ: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِبَاسًا وَٱلنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَلَ ٱلنَّهَارَ نُشُورًا﴾(الفرقان –٤٧). بەڵام هەندێکی دی بۆ جوتبون شەو لە ڕۆژ بەباشتر دادەنێن.

کورتەی قسە ئەوەیە: جوتبون بەڕۆژ بۆ بابای کرێکار ناگونجـێ، مەگـەر شـەو نـەبێت، هەروەك هەندێك لەو کەسانە بۆیان باسکردوم، ئامۆژگاری ئەوانی دیـش دەکـەم لـەدوای نوێژی بەیانی جوتبون ئەنجام بدەن، ئینجا بخەونەوە.

٢) رواه مسلم وأبوداود وغيرهما.

٣) رواه أبوداود والنسائي والطبراني (حديث صحيح).

فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا! بۆ بۆ هەموان نایکەی بەیەك خۆشتن؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: ئا بەو شێوەیە پاکترو باشترو خاوێنترە. واتە: بۆ هەر جوتبونێك خۆی بشوات.

ئێستاش لەم سەردەمەدا پزیشکی ئێستا دەریخستوە، کە خۆشتن چالاکیو هێزو توانا بە لەشو جەستە دەداتەوە.

خاتو عائیشە گوتویەتی: ((کان رسول الله ﷺ إذا أراد أن يأكل أو ينام وهو جُنُبٌ، غسل فرجه وتوضأ وضوءه للصلاة))[1]، واتە: کاتێك پێغەمبەری خواﷺ لەشی پیس بوایەو، ویستبای نان بخوا یان بخەوتبا داوێنی دەشوشتو دەست نوێژی دەگرت.

هەروەها گوتویەتی: ((کان رسول الله ﷺ ينام وهو جُنُبٌ من غير أن يمسَّ ماءً حتى يقوم بعد ذلك فيغتسل))[2]، واتە: کاتێك پێغەمبەری خواﷺ لەشی پیس بوایە ئەو کاتە دەنوست، بیّئەوەی دەست بداتە ئاو بۆ خۆشوشتن، تا ئەو کاتەی لە خەو هەڵنەستایە، پاشان کە هەڵدەستا ئنجا خۆی دەشوشت.

یان گوتویەتی: ((کان رسول اللهﷺ اذا أَجْنَبَ فأراد أن ينام توضأ أو تيمم))[3]، واتە: پێغەمبەری خوا گەر لەشی پیس بایەو، ویستبای بخەوێ ئەوا دەست نوێژی دەگرت، یان تەیەمومی دەکرد[4].

---

١) رواه البخاري ومسلم وغيرهما.
٢) رواه ابو داود والترمذي وابن ابي شيبة وغيرهم (صحيح).
٣) رواه البيهقي وابن أبي شيبة (صحيح).
٤) بەگوێرەی ئەو فەرمودانەی باسکران بۆمان دەردەکەوێ باشتر وایە دوای جوتبون بەر لە خەوتن خۆ بشورێ، دروستیشە لەجیاتی خۆشوشتن دەستنوێژ هەڵبگیرێ و تەیەموم بکرێ

خۆشوشتنی ڕۆژی هەینی پێویستە[١]

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((**غُسْلُ الجمعة واجبٌ على كل محتلم، والسواك، وأن يمسَّ من الطيِّب ما يقدر عليه**))[٢]، واتە: خۆشتن لە ڕۆژی هەینی لەسەر هەمو کەسێك کە باڵغ بوبێ‌و ئیحتلامی بوبێ پێویستە. هەروەها سیواك کردن‌و خۆ بۆنخۆش کردن بە گوێرەی توانا.

هەروەها دەفەرموێ: ((**حقٌّ على كل مسلم أن يغتسلَ في كل سبعة أيام يوماً يغسلُ فيه رأسه وجسده**))[٣]، واتە: پێویستە لەسەر هەمو مسوڵمانێك لە هەمو هەفتەیەکدا ڕۆژێك سەرو جەستەو لەشی تێدا بشوات.

هەروەها دەفەرموێ: ((**اذا جاء أحدكم الى الجمعة فليغتسل**))[٤]، واتە: گەر یەکێك لە ئێوە چوە نوێژی هەینی، با خۆی بشوات .

تا کاتی پێش نوێژی بەیانی، هەروەها دروستە بەبێ خۆشوشتن‌و بێ‌دەستنوێژو تەیەموم کردن بخەوێ.

١) دەربارەی خۆشوشتنی هەینی، شەرع ناسان جیاڕان، هەیە دەڵێ فەرزە، هەشە دەڵێ سوننەتە، ئیمام شەوکانی لە کتێبەکەیدا (نيل الأوطار ١/٢٥٣-٢٥٤) بەڵگەی هەردو کۆمەڵی هێناوە، ئینجا حوکمی فەرزبونی خۆشوشتنی رۆژی هەینی داوە.

٢) رواه البخاري ومسلم.

٣) رواه البخاري ومسلم.

٤) رواه البخاري .

پێویستە لە ماڵ حەمام هەبێ

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((مَن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يُدخلْ حليلته الحمّام،(١) من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يدخل الحمّام الاّ بمئزر، ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يجلس على مائدة يدار عليها الخمر!))(٢)، واتە: هەر کەسێك بڕوای بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە، با نەهێڵێ خێزانەکەی بچێتە گەرماوی بازاڕ، هەر کەسێك بڕوای بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە بەبێ خاولی نەچێتە گەرماوی بازاڕ، هەرکەسێك بڕوای بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە با لەسەر خوانێك دانەنیشێ ، کە مەی لەسەر ئەخورێتەوە.

ئوم دەرداء دەڵێ: ((خرجت من الحمّام فلقيني رسول الله ﷺ فقال:

---

١) سوپاس بۆ خوا ئێستا گشت شارەکان، خانوەکانی گەرماوی تێدا دروست کراوە، دیارە پێشتر کە خانو گەرماوی تێدا نەبوە، ئەوە لەبەر بێئاگایی بوە. زۆریش لە گوندەکان گەرماوی تێدا نیە، ڕەنگە ئەم فەرمودانە ببنە هاندەری پیاوان، کە بە زویی گەرماو لە ماڵەکانیان دروست بکەن، شاراوەش نیە ئافرەت، کە دەچێتە گەرماوی بازاڕ چەند خراپەکاری لێدەکەوێتەوە، ڕەنگە هەندێ ژنە فاسقو بێڕەوشت چونە گەرماو بکەنە هۆیەك بۆ مەرامی تاوانی خۆیان!

گێڕاویەتیانەوە کە یەکێ لە ژنە مێردداره زیناکەرەکان هەندێ جارو دوای تەواوبونی ماوەی حەیزەکەی بەمێردەکەی دەگوت: ئەوا توشی خوێنی حەیز بومەتەوە، ڕێگەم بدە بچمە گەرماو، ئەویش ڕێی دەداو دەچو خراپەکاری دەکرد.

گەر ئەو پیاوە شارەزای حەیز بایە، دەیزانی ئەو خوێنەی دوای حەیز دێ ئەوە خوێنی (استحاضة)یەو پێویست بە خۆشوشتن ناکات.

٢) رواه الحاكم والترمذي والحافظ العراقي وأحمد في المسند (حديث صحيح).

من أين يا أم الدرداء؟ قالت: من الحمّام. فقال: والذي نفسي بيده ما من إمرأة تضع ثيابها في غير بيت أحد من أمهاتها[١] الاّ وهي هاتكة ستر بينها وبين الرحمن!!))[٢]، واته: لە گەرماوی بازاڕ هاتمە دەرەوە لە ڕێگا توشی پێغەمبەر بوم. پێغەمبەرﷺ فەرموی: ئوم دەرداء لە کوێ بوی؟ ئوم دەرداء گوتی: لە گەرماو بوم. پێغەمبەرﷺ فەرموی: سوێندم بەو کەسەی نەفسی منی بەدەستە، هەر چ ئافرەتێك لە غەیری ماڵی خۆی جلو بەرگی دابنێ، ئەوا ئەو ئافرەتە پەردەی شەرمی نێوان خۆیو خوای ئەتك کردوەو دڕاندوە.

١) زانیومە هەندێ ئافرەت و پیاوی بەرگدروی بێدین کاتێ هەندێ ئافرەت دێنە لایانو جلەکانی دەرەوەیان دادەکەنن بە مەبەستی تاقیکردنەوەو قیاس گرتن، بەهەر فێڵێك بێت وێنەیان دەگرنو پاشان بەهۆی ئەم وێنانەوە هەڕەشەیان لێدەکەن، تا دەست درێژی بکەنە سەر ناموسیان، نەریتی ئیسلامی دێرینیش وابوە کە بەرگ درو بانگ کراوەتە ماڵەوە!
٢) رواه أحمد في المسند بسند صحيح.

ئەدەبی پیاو لەگەڵ کەس وکاری خێزانەکەی

قال علي بن أبي طالب ﷺ: ((كنت رجلاً مَذَّاءً فاستحييتُ أن أسأل رسول الله ﷺ لمكان ابنته منّي فأمرت المقداد فسأله)).

واتە: عەلی کوڕی ئەبو تالیب گوتی: ئاوی مەزیم زۆر دەهاتەوە،[1] جا لەبەر ئەوەی کچی پێغەمبەر خێزانم بو، شەرمم کرد لە پێغەمبەر بپرسم، کە حوکمی ئەوە چیە، لەبەر ئەوە بە میقدادم گوت کە ئەو لێی بپرسێ[2].

١) ئاوی مەزی: ئاوێکی سپی ڕەنگ ئاوی لیقە، کاتێـك لـە زەکـەر دەردەچـێ، کـە پیـاو یاریو گاڵتە لەگەڵ خێزانەکەی دەکات، یان ماچی دەکات. هاتنە دەری ئەم ئاوە نابێتـە هۆی خۆشوشتن، بەڵکو دەبێ تەنها شوێنەکەی بشۆردرێو دەستنوێژ بگیرێتەوە.

٢) پێشەوا نەوەوی گوتویەتی: لەم قسەیەی ئیمام عەلی ئەوە دەردەکەوێ، کە بـۆ پیـاو وا باشترە لەکاتی وجودی یەکێك لـە خزمـی خێزانەکـەی باسـی ئـەو شـتانە نـەکات، کـە پەیوەندی بە کاری شـەرعی ئافرەتانـەوە هەیـە وەك شـەوی زاوایـیو مـاچ کـردنو لـە ئامێزگرتنو حەیز. چونکە دەبێت بە بەشەرم داکەوتنی خزمی خێزانەکەی.

ترساندنی ئەوانەی ژن هەڵدەخەڵەتێننو لە مێردەکەی دەکەن

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: ((ليسَ مِنَّا مَنْ حلف بالأمانة، وَمَنْ خبب امرأة على زوجها) (رواه أحمد في المسند وابن حبان (حديث صحيح)).، واتە: ئەو کەسە لە ئێمە نیە، کە سوێند بە ئەمانەت دەخوات، هەروا ئەو کەسەش ژنێك هەڵخەڵەتێنیو لە مێردەکەی بکات.

دەگێڕنەوە خواپەرستێکی نەوەی ئیسرائیل کاری جوتیاری دەکرد، ژنێکی زۆر جوانی هەبوو، کە جوانترین ژنی نەوەی ئیسرائیل بوو. کاتێ یەکێ لە ستەمکارەکانی نەوەی ئیسرائیل جوانی ئەو ئافرەتەی پێ ڕاگەیاندرا، یەکسەر پیرەژنێکی نارده لای ژنە جوانەکەو پێی گوت هەڵی خەڵەتێنەو لە مێردەکەی بکە، جا پێی بڵێ: بۆ ڕازی لە لای ئەو جوتیارە بیت؟ وەرە لای من بە زێرو خشڵ دەترازێنمەوەو جلوبەرگی ئاوریشم دەکەمە بەرتو خزمەتکارت بۆ دادەنێم.

کاتێ ژنە جوانەکە، ئەم قسانەی بیست هەڵخەڵەتا، جا کە شەو داهاتو مێردەکەی گەڕایەوە ماڵێ، کە پێشتر خواردنی بۆ دەهێنا، ئەمجارە خواردنی بۆ نەهێنا، پێشتر نوێنی بۆ ڕادەخست، ئەمجارە نوێنی بۆ ڕانەخستو، ڕەفتاری بەرامبەر مێردەکەی گۆڕابوو، مێردەکەی پێی گوت: ئەوە چیتە! ئەوە بۆچی وات لێهاتووە؟

ژنەکەی گوتی: ئەوەیە کە دەیبینی!

مێردەکەی گوتی: تەڵاقت دەدەم؟!

ژنەکە گوتی: بەڵێ، تەڵاقم بدە.

ئەویش تەڵاقی داو، ستەمکارەکەی بەنی ئیسرائیل، ژنی جوتیارەکەی هێناو کردیە هاوسەری خۆی، جا شەوی گواستنەوە، پەردەکان شۆڕکرانەوە، جا پیاوەکەی دەستی درێژکرد، تا دەست لە ژنەکەی بدا، دەستی ڕەق‌و وشك بوو، هەروەها ژنەکەش دەستی درێژ کرد، تا دەستی لێ بدات، ئەویش دەستی ڕەق‌و وشك بوو، جا هەردوکیان کەڕو لاڵ بون‌و جنس‌و ئارەزویان لێ سەندرایەوە.

کە بەیانیان کردەوە پەردەکان هەڵدرانەوە، بینران کوێرو کەڕو لاڵن، جا هەواڵیان دایە پێغەمبەری نەوەی ئیسرائیل ئەویش هەواڵەکەیانی بۆ لای خوای گەورە بەرزکردەوە، خوا فەرمووی: وایانزانی ئەوەی بەو جوتیارەیان کرد، من نایانبینم!

- ئەبو موسلیمی خەولانی، گەر بچویا ماڵێ، ژنەکەی عەباکەی‌و پێڵاوەکانی لێ وەردەگرت، ئنجا خواردنی بۆ دەهێنا، جارێکیان چوە ماڵێ، بینی چرای تێدانیەو، ژنەکەی بە کزۆڵ دانیشتووەو دارێکی بەدەستەوەیەو زەویەکە کون کون دەکات. پێی گوت: ئەوە چیتە؟

ژنەکەی گوتی: تۆ لەلای معاویە پلەوپایەت هەیە، ئێمەش خزمەتکارمان نیە، بەڵکو داوات لێ بکردبایە خزمەتکارو پارەی بێ ببەخشیباین!

ئەبو موسلیم گوتی: خوایە هەر کەسێك ژنەکەمی تێکداوە، تۆڵەی لێ بستێنیەوە.

دیارە پێشتر ژنێك هاتۆتە لای ژنی ئەبو موسلیم‌و پێی گوتووە: مێردەکەت لەلای معاویە پلەوپایەی هەیەو ڕێزی هەیە: بەڵکو بە مێردەکەت بڵێی داوا لە معاویە بکات خزمەتکارو سامانی بداتێ.

کاتێ ئەو ژنە لە ماڵی خۆی دانیشتبوو چاوی هیچی نەدەدیت و گوتی: بۆچی چراکەتان کوژاوەتەوە: جا بە گوناهەکەی خۆی زانیو، چوە لای ئەبو موسلیم، تا داوای لێبکات، لەخوا بپاڕێتەوە چاوی بۆ بگەڕێنێتەوە، ئەبو موسلیمیش بەزەیی پێداهاتەوەو، لە خوا پاڕایەوەو، چاوی بۆ گەڕایەوە.

شتێکی جوانیش دەربارەی جوامێری ژن دەگێڕنەوە، کە (عتبي) گوتویەتی: لە یەکێ لە شەقامەکانی بەسرا دەڕۆیشت، بینی جوانترین و شۆخترین ژن، گەمەو گاڵتە لەگەڵ پیرێکی ناشیرین دەکاتو هەرکە دەیدوێنێ بە ڕوێکی گەشو خەندەوە دەیدوێنێ، جا دەڵێ: لە ژنەکە نزیك کەوتمەوەو پێم گوت: ئەم پیرە چی تۆیە؟!

گوتی : مێردمە.

پێیم گوت: ئەوە چۆن ئارام لەسەر ناشیرینی ئەو پیاوە دەگری، لە حاڵێکدا تۆ جوانو شۆخی؟ بەڕاستی ئەمە جێی سەرسوڕمانە!

ژنەکە گوتی: ئەی فلان! بەڵکو سوپاسی خوا دەکات، کە منی پێ بەخشراوە، منیش ئارام بگرم، کە ئەوم پێدراوە، دیارە زۆر ئارامگرو زۆر سوپاسگوزاریش بەهەشتین. ئەدی نابێ بە قیسمەتی خوا ڕازی بم؟!

دەڵێ وەڵامەکەی دەمکوتی کردمو، نەمتوانی قسەی دی بکەمو، منیش ڕۆیشتم.

هـونەری لاواندنەوەو دەسـتبازی کردن

(یـاری کردنی پیاو لەگەڵ خێزانەکەی)

جابر دەڵێ: ((کنا مع النبي ﷺ في غزوة، فلما رجعنا- وكنا قريباً من المدينـة- قلـت: يارسـول الله إنـي حـديثُ عهـدٍ بعُرس! قـال: أتزوجـت؟! قلـت: نعـم. قـال أبكـرٌ أم ثيِّـب؟ قلـت: بـل ثيِّـب. قـال: فهـلاَّ بكـراً تلاعبها؟! وفي رواية: هلاَّ بكراً تلاعبك وتلاعبها...))[1]، واتـە: لـە جەنگێکدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بوین، کاتێك گەڕاینەوەو لە مەدینـە نزیك بوینەوە، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ژنم تازە هێناوە.

پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ژنت هێناوە:

جابر دەڵێ: گوتم: بەڵێ.

پێغەمبەر ﷺ فەرموی: کچە یان بێوەژنە؟

گوتم: بێوەژنە.

پێغەمبەر ﷺ فەرموی: کچت هێنا بوایە، بۆ ئەوەی گەمەت لەگەڵدا بکات‌و یاری‌و گەمەی لەگەڵ بکەی....)).

لە گێڕانەوەیەکی تردا جابر دەڵێ: ((قال لي رسول الله من تزوجت؟ فقلت: ثيِّباً. فقال: مالك وللعذارى ولعابها؟! قلت: يا رسول الله، إن عبدالله مات وترك سبع بنات أو تسعاً، فجئت بمن يقوم عليهن،

---

١) حديث صحيح.

ویصلحنّ.. قال: فدعا لي))[1]، واتـە: پێغەمبەرﷺ فـەرموی: چ ئافرەتێکت کردۆتەوە هاوسەری خۆت، واتە کچە یان بێوەژنە.

گوتم: بێوەژنە.

پێغەمبەر فەرموی: بۆ کچت نەهێناوە تا گەمەو یاری لەگەڵ دا بکەی‌و لیکی بـمژی!

گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، عبدالله (واتـە: باوکی جابر) مـردوەو حەوت، یان نۆ کچی لەدوای خۆی بەجێ هێشتوە، جا لەبـەر ئەوەیـە، کـە بێوەژنم هێناوە تا سەرپەرشتی‌و پەروەردەی ئەم کچانە بکەم.

جابر دەڵێ: پێغەمبەرﷺ دوعای خێری بۆ کردم.

لە گێڕانەوەیەکی تردا کە موسلیم گێڕاویەتیەوە: ((قال رسول اللهﷺ لجابر: فهلا جارية تلاعبها وتلاعبك! – أو قال تضاحكها وتضاحكك–))، واتە: پێغەمبەری خوا بە جابری فەرمو: کچێکت مارە کردبایە، تا یاری لەگەڵ بکەی‌و یاریت لەگەڵ دا بکات، یان بە پێکەنینی بێنی‌و بە پێکەنینت بێنێ.

خاتو عائیشە ڕەزای خوای لـێ‌بێ گوتویەتی:

یـازدە ژن دانیشـتن عەهـدو پـەیمانیان دا، کـە حـاڵی مێردەکانیـان نەشارنەوەو هەموی باس بکەن.. زۆربەیان سـکاڵای کـەم بـژێوی (نفقـە)و بەخراپی هەڵس‌وکەوت کردن‌و دەستبازی نەکردن‌و کەم جوتبونیان دەکـرد، دیارە ئەمانە گشتی لە ئامانجەکانی شوکردنە لای ئافرەت!

یازدەمین ژن، کە ئەمە کورتەکەیەتی گوتی:

---

١) رواه الخمسة (حديث صحيح).

ئەبو زەرعی مێردم، چ ئەبو زەرعێکە؟ منی لە ژیانێکی تەنگو دەستکورتیەوە گواستەوە، بۆ سەروەتو سامانێکی زۆرو فرەوان، خزمەتکاری بۆ داناوم، بەتێری دەخەوم..

ئنجا ئوم زەرع گوتی: ئەبو زەرع بۆ سەفەرێ چوە دەرەوە، توشی ژنێ بو، کە دو کوڕی لەگەڵدا بو، کە بەدو هەنار لەژێر کەفەڵ (خصر)یدا یاریان دەکرد، منی تەڵاق داو ئەوی هێنا..

خاتو عائیشە گوتی: پێغەمبەری خواﷺ پێی فەرموم: ((کنت بك کابي زرع لأم زرع)) واتە: عائیشە! من بۆ تۆ وەك ئەبوزەرع وامە بۆ ئوم زەرع[1].

ئیبن القیم گوتویەتی: بۆچی پێغەمبەرﷺ کچی هەڵبژاردوەو بە باشتری داناوە لە ژنێك کە شوی کردبێت، لە کاتێکدا ئەم کچێنی یە بە یەکەم جوتبون دەبێت بەژن؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە دو ڕوانەوە وەڵام دەدرێتەوە:

یەکەمیان: مەبەست لە جوتبونی کچ ئەوەیە، پێش ئەو کەس نەچۆتە لای ئەو کچەو، تامی نەچەشتوە، لەبەر ئەوە خۆشەویستی پیاوەکە لە دڵی کچەکە دەڕوێ، ئەوەش دەبێتە هۆی بەردەوامی گوزەرانی یەکتری. سەبارەت بە پیاوەکەش ئەوەیە، کە ئاگاداریو چاوەدێری ئەم کچە دەکات، کە هیچ کەسێك وەك ئەو چاودێری ناکات. خوای گەورە ئاماژەی بەم مانایە کردوە، کە دەفەرموێ: ﴿لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ﴾ (الرحمن- ٧٤)، دوای ئەمە بەلابردنی پەردەی کچێنی، پیاو بە بەردەوامی چێژی جوتبون

١) واتە: لە خۆشەویستیو ئولفەتو بژێوی، نەك لە تەڵاقو جیابونەوە.

بەدی دەكات.

دوەمیان: وەك لە پێغەمبەرەوە هاتوە، كە فەرمویەتی: ((إن أهل الجنة كلما وطئ أحدُهم امرأةً عادتِ بكراً كما كانت))[1]، واتـە: خـەڵكی بەهەشتێ هەركاتێ لەگەڵ ئـافرەت جـوت بـون، ئافرەتەكـە یەكسـەر وەك كچێنی لـێدێتەوە.

عائیشە نازی لەسەر پێغەمبەرﷺ دەكرد، چونكە تەنها عائیشـەی بـە كچێنی هێنابو. لەبەر ئەوە خاتو عائیشە بە پێغەمبـەری دەفـەرمو: ((لو نزلت وادياً فيه شجرٌ أُكِلَ منها، وشجر لم يؤكل منها، في أيهما ترتع بعيرك؟! وكان يرد عليها: في التي لم يؤكل منها!))[2]، واتە: گـەر بچـیتە دۆڵێكەوە دارو درەختی لـێ بێو لەوەڕی لـێ كرابـێو، دارو درەختـێ وای لـێ بێو لەوەڕی لـــێ نـەكرابێ، لـە كامیـان حوشـترەكەت دەلـەوەڕێنی؟ پێغەمبەر ﷺ وەڵامی دەدایەوەو دەیفـەرموو: (لـەوەی دارو درەختەكـەی لەوەڕی لـێ نەكراوە).

لە هەندێ (آثار)دا هاتوە: (عليكم بالإبكار، فإنهنّ أعذب أفواهاً وأنتق أرحاماً وأسخن إقبالاً وأقل خباً وأرضى باليسير مـن النفقـة)، واتـە: كـچ بێـنن، چـونكە زمـان شـیرینن‌و منـداڵیان زۆر دەبـێو بەگـەرمی دێنـە پێشەوەو، فێڵیان كەمەو بە كەم ڕازین.

هەرچەندی بە شان‌و باڵی كچ دا هەڵدەگوترێ، بـەڵام بێـوەژنیش تازیـار (مزایا)ی خۆی هەیە، كەوا موماسەرەو ئەزمون‌و شارەزایی هەیە، لە باش

---

١ رواه الطبراني في معجمه (روضة المحبين ص/٢٤٢).

٢) رواه البخاري.

هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ مێرددا، خوای گەورەش بە پێغەمبەرەکەی رادەگەیەنێ کە دەفەرموێ: ﴿عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَٰتٍ مُّؤْمِنَٰتٍ قَٰنِتَٰتٍ تَٰٓئِبَٰتٍ عَٰبِدَٰتٍ سَٰٓئِحَٰتٍ ثَيِّبَٰتٍ وَأَبْكَارًا﴾(التحريم- ٥)، واتە: گەر ئێوە تەڵاق بدا، شایەتا پەروەردگاری ئەو ژنانی لەنگۆ باشتری- لەباتی ئێوە- بداتێ: ژنانێکی گەردنکەچی بەباوەڕی بەرفەرمانی لە خراپە پەژیوانی خواپەرستانی رۆژوگر، لە بێوەژنانو کیژان.

(ابن كثير) لە راڤەی ئایەتەکە دەڵێ:واتە: تیایاندایە بێوەژنەو تیایاندایە کچە، بۆ ئەوەی ئارەزومەندی نەفس بێ، چونکە هەمەچەشنی نەفس فراوانو گوشاد دەکات، جا لەبەر ئەوەیە کە فەرموی ﴿ثَيِّبَٰتٍ وَأَبْكَارًا﴾.

بە بۆنەی قسەکردن دەربارەی کچ، وای بەباش دەزانم ئامۆژگاریو هەندێك سود لەبارەی پەردەی کچێنیو چۆنیەتی لابردنی ئەم پەردەیە لەلایەن زاواوە باس بکەین، چونکە زۆر کەس بەهۆی نەفامیو تێنەگەیشتن دەربارەی ئەم پەردەیە یەکسەر خێزانەکەی تەڵاق داوە.

لە یەکێك لەو کتێبانەی باسی جنس دەکات هاتوەو دەڵێ: هەستیارترینو وردترین ماوەی جیهانی ژنو مێرد، بریتیە لەو چەند کاتەی شەوی یەکەمی بوكو زاوا، کە پڕە لە ئاواتو ئامانج، لەبەر ئەوە هەڵسوکەوتو ڕەفتارکردن لەم شەوەدا دەبێ زۆر بە ئاگاییو هێمنیو لەسەرخۆیی بێت چونکە:

لەم شەوەدا ئەو ئافرەتە هەست بە ترسێکی زۆر لەم پیاوە نامۆو غەریبە دەکاتو، هەست بە ترسیش دەکات لەم ژیانە نوێیەی، کە بۆی دەچێ.. لەبەر ئەوە پیاوی لێزان ئەو پیاوەیە بە باشی پێشوازی ئەم

ئادەمیزادە هێمن و لەسەرخۆو خۆشەویستە شڵەژاو و دڵ ترساوە دەکات.

زۆربەی زۆری پیاوان توشی دو هەڵەی زۆر ناشیرین دەبن:

١- لە یەکەم شەوی زاوایی‌دا، هەمو خەمو گرنگییەکی بریتی دەبێ لە لابردنی پەردەی کچێنی، جا بەهەر چ ڕێگاو وەسیلەو شێوەیەك بێت.

٢- لەم ئافرەتە تازەیەی، کە بوەتە خێزانی، ئومێدو چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکات، بە حوکمی واقیعەوە ئەم کارە قبوڵ بکاتو پێی ڕازی بێت، بەبێ بونی هیچ پێشەکی‌یەك بۆ لابردنی پەردەی کچێنی، گەر هەندێك کەس ئەم جۆرە توندو تیژیەیان پێ پیاوەتی بێت، ئەوا ئیسلام حوکمی ئەوە دەدات، کە نەرمو نیانیو بەنەرمی جوڵانەوە لەگەڵ مرۆڤ دا، تەنانەت لەگەڵ ئاژەڵیش بە پیاوەتی(رجولة) دادەنێ! لەبەر ئەوە خۆشەویست ترین و بەنرخ ترین شت لەلای ئافرەت پەردەی کچێنییە، کە بەلای ئەوانەوە دەبێ بەبێ هیچ بەرگریەك دەبێ قبوڵی لابردنی بکات، ئەمەش لەبەین بردنو ڕوخاندنی فیترەتی ئافرەتەکەیەو، شەڕکردنە لەگەڵ سروشتی ئەم ئافرەتە..

لەم شەوەدا، شەوی زاوایی، چەندە بەسودو چاكو باشە باسی خێزانی بەختیار بکەیتو باسی ئەو ئاواتو ئامانجانە بکەی، کە لە دوارۆژدا دێنە دی. هەروەها باسی منداڵ بکرێ کە لەمەودوا خوا پێیان دەبەخشێ، کە مایەی خۆشیو بەختەوەریو شادی ناو ماڵەکەن، هەر لەم شەوەدا باسی خۆشەویستی خۆت بۆ ئافرەتەکە بکە، کە ئەوت لەلا خۆشەویستە، باسی جوانیو شۆخو شەنگی ئەو بکە. هەروەها باسی ئەوەی بۆ بکە بەهۆی بەدیارخستنی جوانیو ڕازاوەیی بۆ پیاوی بێگانە توشی گوناهو تاوان دەبێت.. نەکەی بەبێ پێشەکی قسەکردنو دڵنیایی پەلە لە جوتبون بکەی،

نەکەی دەستت بۆ هیچ شوێنێکی ببەی، یان یەکسەر ماچی بکەی یان یەکسەر شوێنی خۆت بگۆڕی‌و بچیتە تەنیشتیەوە.

ئیمامی شەرع زان (ابن الحزم) لە کتێبەکەیدا بەناوی (طوق الحمامة)دا دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ئەبوبەکری محمدی کوڕی حەجەری بۆی باس کردم، کە یەکێك لە پیاوە گەورەکانمان لە بەغدا، کچێکی بینی‌و خۆشەویستی کەوتە دڵیەوەو داخوازی کردو هێنای.. لە یەکەم شەوی زاوایی‌دا بەبێ هیچ پێشەکی‌و قسەکردن‌و لاواندنەوە، چوە لای بە نیازی جوتبون، کاتێك کچەکە (زەکەر)ی پیاوەکەی بینی لەبەر گەورەیی لەبەر دەستی هەڵات‌و، نەیویست بچێتەوە لای پیاوەکە تا مردن. ئا بەم شێوەیە پەلەکردن لە جوتبون لە یەکەم شەوی زاوایی، بوە هۆی پچڕانی پەیوەندی دوکەس‌و لێك جیابونەوەیان. گەر ئەم پیاوە چاوەڕێی ئەوەی کردبایە، تا ئافرەتەکە دەهاتە ژێر بارو هێدی‌و هێمن دەبۆوە، ئەو کاتە حاڵی باشترو بەختیارتر دەبو.

دکتۆر فریدریك کهن لە کتێبەکەیدا بەناوی (حیاتنا الجنسیة)دا دەڵێ: نەزانی‌و کەم شارەزایی پیاو لەم حاڵەتە ئەستەمانەدا، ڕەنگە ببێتە هۆی کارەساتی ئازاردەر، کە ئاکامەکەی گواستنەوە بێ لەسەر جێی هاوسەریی بۆ نەخۆشخانەی شێتان، درێژەی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کچێکی هەستدار لەبەر ڕەوشت جوانییەکەی، خەڵك خۆشیان دەویست، بەڕەزامەندی خۆی شوی کرد، بەڵام هیچ شتێ دەربارەی ژیانی ژن‌و مێردایەتی نەدەزانی، کەس‌و کاری‌و دەستگیرانەکەشی بایەخیان بەم مەسەلەیە نەدابو. لە شەوی گواستنەوەدا زاوا داوای لێکرد، کە بێتە ژێربارو ئامادەبێ بۆ جوتبون، کچەکەش نەیهێشت ئەم کارە بکات، بەڵام پیاوە دڕندەکە پەلاماری دا تا ئەو شتەی کە بە مافێکی شەرعی خۆی

دەزانێ دەستەبەری بکات! لەبەرئەوە کچەکە تورە بو دەستی کرد بە شکاندنی کەل‌و پەلەکانی ناو ژورەکە، گەیشتە رادەیەك، کە ئەو پیاوانەی لە ئوتێلەکەدا بون شڵەژان، لەجیاتی ئەوەی پزیشکی بۆ بانگ بکەن، تەلەفۆنیان بۆ پیاوانی پۆلیس کردو ئەوانیش پەل بەستیان کردو، بردیانە نەخۆشخانەی شێتان..

لەبەرئەوە ترسان لە کرداری جنسی (جوتبون) چەند هۆکارێکی هەیە، گرنگترینیان لای پیاو ئەوەیە، کە لە هەرەتی گەنجێتی لەبەر نەشارەزایی ناتوانێ کارەکە بکات، هەروەها لەبەر ئەو بیروبۆچونە هەڵەیەی، کە دەربارەی جنسی وەرگرتوە، کچیش لەم دو هۆکارە بەشدارە، کە لە کرداری جنسی دەترسێ.

بە بۆنەی قسەکردن دەربارەی لادانی پەردەی کچێنی، پێویستە ئەم ئاماژەیە بکرێ، ئەویش ئەوەیە کەوا زۆربەی پیاوان لە چەند شەوانی یەکەمی زاوایەتیدا، ناتوانن ئەم پەردەیە لابدەن لە ئەنجامی تامەزرۆیی، یان لەبەر توندو رەقی پەردەی ئافرەتەکە، ئەمەش شتێکی سروشتیە. لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر هاورێ‌و خزمەکانی هەردولا زۆر گرنگی نەدەن‌و گوێ نەدەن بە لانەدانی ئەم پەردەیە لە یەکەم شەودا. هەروەها گوێ بە قسەو قسەلۆك نەدەن‌و گاڵتە بە زاوا نەکەن، چونکە رەنگە بەهۆی ئەم سەرزەنشتکردنە، دوچاری ئامێر خاوبونەوە ببێ کە شتێکی ترسناکەو هەرەشە لە ژیانی ژن‌و مێرد دەکات، خاوبونەوەش دو جۆری هەیە ئەندامیی‌و دەرونی (عضوي و نەفسی)، نەفسیەکەی دەگەرێتەوە بۆ حاڵەتی مێشك.

ئاشکراو رونە، دەتوانم بڵێم ئەو کەسە سەرکەوتو و زاڵ دەبێ، گەر خۆی

لە ناخەوە باوەڕی وا بێ کە لەم کارەدا سەردەکەوێ!!

هەندێك کەس باسی داب‌و نەریتێکی خراپیان بۆ کردم کە لە هەندێ لە لادێکاندا ڕو دەدات، ئەویش ئەوەیە گەر ئەو گەنجە لە یەکەم شەودا نەیتوانی ئەم پەردەیە لادات واتە بە زاوا نەبێ، ئەوا هاوڕێکانی گاڵتەو یاری پێدەکەن‌و تاوانی خاوی‌و شلی زەکەری دەدەنە پاڵ! بەڵام گەر بە زاوا ببێ‌و پەردەی کچێنی کچەکە لاببات، ئەوا هاوڕێ‌و نزیکەکانی بوکەکە هاواریان لێ هەڵدەستێ‌و، تاوانی ئارەزوی جنسی دەدەنە پاڵ، گوایە ئارەزوی هەڵساوە بۆیە لە یەکەم شەودا ملکەچ‌و تەسلیم بوە بۆ زاوا، کە بەزاوا ببێ!

لەبەرئەوە بەهۆی ئەم بیروبۆچونە هەڵەیەی هاوڕێ‌و نزیکەکانی، نایەڵێ زاوا جوت ببێ، زاواش ناچار دەبێ دەست بکات بە لێدانی بوکەکە بۆ ئەوەی ئەویش لەدەست گاڵتەجاڕی هاوڕێکانی دەرباز بێت.

وا لە خوارەوە باسی چۆنیەتی لابردنی پەردەی کچێنی دەکەین:

١- قسەی خۆش‌و وتەی شیرین‌و لاواندنەوەو پیا هەڵدان‌و بە نەرمی ڕەفتارکردن لەگەڵ ئافرەتەکە، کۆسپ‌و تەگەرە ناهێڵێ. چونکە بەرگریکردنی ئافرەت بۆ لابردنی پەردەی کچێنی بەم وتە شیرین‌و قسەخۆش‌و لاواندنەوەیە، هیچی نامێنێ‌و پەردەکە بە ئاسانی لادەدرێ‌و ڕەقایی نامێنێ.

٢- گەر لەدوای لابردنی پەردەی کچێنی بەربونی خوێن (نزیف الدم) بەردەوام بو، ئەوکاتە پێویستە ئافرەتەکە بە حەساوەیی بمێنێتەوەو، هەردو ڕانی بۆ ماوەیەك پێکەوە بنوسێنێ. پێویستیشە لەسەر پیاوەکە چاوەڕوان بکاو ئارام بگرێ‌و نەچێتەوە لای، تا خوێنەکە دەوەستێ.

٣- لەسەر ئافرەتەکە پێویستە دوای نەمانی پەردەی کچێنی گرنگی بەپاك‌و خاوێنی بدات‌و مەوادی پاك کەرەوە بەکاربهێنێ، تا برینەکەی چاك دەبێتەوە، پێویستە پیاوەکەش تا خوێنەکە ڕادەوەستێ لەگەڵی جوت نەبێتەوە.

٤- پێویستە لەسەر پیاو بەر لە جوتبون، بە وەزەلین زەکەری چەور بکات، ئەوەش بۆ ئەوەی ئافرەتەکە هەست بە ئازار نەکات‌و نەبادا دوچاری بەربونی خوێن (نزیف الدم) بێت.

٥- گەر لەو چەند ڕۆژانەی یەکەم‌و هەفتەی یەکەم، ئەم پەردەیە لانەدراو بە زەحمەت لادەدرا، ئەوا دەبێ بچنە لای پزیشك‌و ئەو خواردن‌و خواردنەوانە بخۆن‌و مەوادی بەهێزکەر بەکاربێنن، کە پزیشکەکان ئاماژەی بۆ دەکەن وەك: گۆشت‌و قەرنابیت‌و هێلکەو برنج‌و ماسی‌و گێزەرو بیبەرو لیمۆو پیازو کەرەوزو مەعدەنۆس‌و نەعناو سلق‌و قاچی گوێرەکەو گۆشتی باڵندە.

ئەو هۆیانەی دەبنە هۆی کزی ئارەزوی جنسی بریتین لە هەبونی ئازارو نەخۆشی توندو زۆر ماندوبون لە ئیش‌وکارداو وەرزش نەکردن.

ئەوەی یارمەتی لادان‌و لابردنی پەردەی کچێنی دەداو ئاسانی دەکات جوتبونی کاتی بەیانی‌یە، چونکە زەکەری پیاو پێش میزکردن چالاك‌و بەهێز دەبێ.

لە عومەری کوڕی خەتتابەوەﷺ هاتوە کەوا بڕیاری دا ئەو پیاوەی دوچاری نەرم‌و شلی زەکەر بوە ماوەی ساڵێك ژنەکە نەگوازێتەوە، تا خۆی چارەسەر دەکات، جا گەر ئەم خاوی‌و شلی‌یە لە ساڵێك زیاتر درێژەی کێشا، ئەوا قازی لە یەکتریان جیادەکاتەوە، گەر ژنەکەی داوای کرد لێی

جیاببێتەوە.

جوانترین شت کە لە تەفسیرەکان بەدیم کردوە ڕاڤەی فەرمودەی خوایە کە دەفەرموێ: ﴿ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ﴾ (هود- ٥٢).

لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەوە وەردەگیرێ کە داوای لێخۆشبون کردن لەخوا رزق‌و رۆزی زیاد دەکات‌و یارمەتی توانای جوتبون دەدات، بە بەلگەی ئەم ئایەتە ﴿وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ﴾و فەرمودەی ﴿وَيُمْدِدْكُم بِأَمْوَٰلٍ وَبَنِينَ﴾، ئەمەو جگە لە پاداشتی رۆژی دوایی﴿وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّٰتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَٰرًا﴾.

لەوەی باسکرا ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە یارمەتیدەری بەهێزکردنی پیاو بریتیە لە دوعاو پاڕانەوە لەخوای گەورە، هەروەك لە فەرمودەی (صحیح) هاتوە کە دەفەرموێ: ((**اللَّهُمَّ مَتِّعْنَا بِأَسْمَاعِنَا وَأَبْصَارِنَا وَقُوَّتِنَا مَا أَحْيَيْتَنَا وَاجْعَلْهُ الْوَارِثَ مِنَّا**)).

جا گەر پیاو نەیتوانی پەردەی کچێنی، لەبەر توندو رەقی لاببات، ئەوکاتە پێویستە سەردانی پزیشکی خۆی بکات، تا بە نەشتەرگەریەکی ئاسان لای ببات..

بەهەر حاڵ پێویستە بەرلەوەی پیاو ژن بگوازێتەوە، بپشکنرێ‌و فەحس بکرێ، نەبادا دوچاری خاو و شلی زەکەر بوبێ، کە بەردەوام بێ‌و چارەسەر نەکرێ.

لەبەرئەوە گەمەو یاری کردن‌و لاواندنەوە، لەگەڵ خێزان هونەرێکی گرنگە، کە بەردەوامی خۆشی‌و شادی‌و ژیانی ژن‌و مێردی لەسەر بەند دەبێ، پێغەمبەرﷺ پێش چواردە سەدە بە ڕاشکاوی ئاگاداری کردوین،

وەك لەو چەند ریوایەتانەی باس کران، زانستی دەرونناسیش لەم سەدانەی دواییدا، هاتو گرنگی گەمەو یاریو بە نەرمی جوڵانەوە لەگەڵ خێزانـدا بەدیار خست.

یەکێك لە زانایان دەڵێ: ژنو مێردی نمونەیی ئەوەیـە، کـە هـەردوکیان پێکەوە ئارەزوی جوتبونیان ببێ. لە پێویستی یەکانی بەشداری هەردوکیان: یەکسان بونە لە مافەکانی یەکتریو وەك یەك چێژ لـە جوتبـون وەرگـرن. پێویستە لە یەکەم کاتی دەستپێکردنی جوتبون، گەمەو یاری لەنێوانیانـدا ببێ، چونکە نەبونی وتەی شیرینو گەمـەو یـاری دەبێتـە هـۆی دڵتـەنگی ئافرەتەکەو ڕەشبینی لەلا دروست دەبێو، تەنگ بە ژن هەڵدەچنیو ئازاری دەرونی دەدات.

گوێ نەدان بە قسەی خۆشو گەمەو یاری، نیشانەی گێژیو گێلـی یـە، چونکە یـاری کـردن لەگـەڵ خێـزان هونـەرێکی پـڕ لـە خۆشـیو لـەزەت وەرگرتنە. لەزەتی گەمەو یاری کردنیش لە لەزەتو تامی جوتبـون کـەمتر نیە!

قسەو تەماشاکردن بۆ سەرەتای جوتبون گرنگی خۆی هەیە، چونکە لەم قۆناغە نوێیەدا دەربڕی هەستو نەستە. لەوکاتەدا نەفس لە جەستە زیـاتر ئامادەیی هەیە بۆ کارتێکردنو وروژاندن، ئەگەرچی ئەم کارانە بە بچـوکی دێتە بەرچاو، بەڵام زۆر گرنگە. دیارە هەستی بۆنکردن پەیوەندی بەلایـەنی جنسـیەوە هەیـە. (رۆسـۆ)ش گوتویـەتی: بـۆنو عـەتر لـە ژوری نوسـتن کاریگەری خۆی هەیە.

یـاریکردنو دەسـتبازی، جێبەجێکـەری ئـەو کـارە پێویسـتانەیە بـۆ سەرەتای پەیوەندیە جنسیەکانی هاوسەرایەتی، دەستبازی لـە نێـوان ژنو

مێرد شتێکی خۆش‌و جوانە، هەستە جنسیەکان نوێ دەکاتەوە..

پێویستە لە هاوسەرگرتنی نمونەیی، لایەنی هونەری کردەیی تێدا بنوێنرێ. پێویستە گرنگی بە دەستبازی‌و ئیعجاب بون بە ژن بە ئەندازەی پێویست‌و لەکاتی گونجاو بدرێ.

زانایەکی دەرونناسی پسپۆڕ بە کێشەکانی جنس لەژێر ناونیشانی (المغازلة والمداعبة) گوتویەتی:

(بزانە تەنها ئەوەندە بەس نیە پیاو ئارەزومەندی هاوسەرەکەی بێت‌و بەسۆز بێت بۆ ئەوەی یەکجار بۆی بێتە ژێربارو بۆی تەسلیم بێ، بەڵکە دەبێ لەکاتی هەر پێکگەیشتنێك، ئارەزومەندی بێت‌و بیلاوێنێتەوەو قسەی خۆشی لەگەڵدا بکات، چونکە هەر پێك گەیشتنێك نمونەی زەواجێکی نوێیە!)

دەربارەی بەباشتر دانانی ئەو مێردە ناشیرینەی دەستبازی‌و یاریکردن بەباشی دەزانێ، لەو مێردە جوانەی کە وشکە و دەستبازی ناکات، پەندی کۆمەڵایەتی لەسەر هاتوە کە دەڵێ: (پیاوەکە دڕندەیە، بەڵام بە جوڵەجوڵ‌و ئارەزومەندە!!)

ئادەمیزاد دو پێویستی جوتێنەی لەسەرە، لەسەریەتی خۆشەویستی بخاتە دڵی خۆشەویستەکەی، کە پەڕەی دڵی ئافرەتەکە دابگرێ‌و پێبوەی شەیدا بێ، هەتا وای لێدێ بەڕادەیەك سۆزی دەبزوێ، کە ئامادەیی تەواوی دەبێ بۆ جوتبون!

دیارە غەرام‌و خۆشەویستی ئافرەت بەهۆی دڵی‌و عەقلیەوە گەرم دادێ، لەبەرئەوە مێردی بەڕێزو فامیدە خۆشەویستی خۆی‌و سۆزو عاتیفەی خۆی فەرامۆش‌و پشت گوێ ناخات، هەتا خۆشەویستی لە ئاسمانی عەقلی

هەردوکیان هەڵدەفڕێ.

ژن ئامادەکردن بۆ پێك گەیشتن (جوتبون) تەنها کردارێکی مرۆیی نیە، کە مەبەست پێی نەهێشتنی ئازاردانی بێ، بەڵکو کارێکی سودبەخشی گەورەیە بۆ خودی پیاوەکە، چونکە بەهۆی گۆڕینەوەی هەستو ئیحساسی ژنو مێرد بۆ یەکتری، پیاو ئەوپەڕی چێژو لەزەت وەردەگرێ.

لە کتێبی (تحفة العروس ونزهة النفوس)ی (أبا عبدالله بن احمد التيجاني) (أبو الريحان) لە کتێبەکەی (بالجواهر) هاتوە کە دەڵێ:

(پاشایەك شێتو شەیدای ئافرەت بو، کە جوت دەبو حەزی دەکرد دوبارەی کاتەوە، جا بینی زەکەری لە جوڵەو چالاکیدا کزو بێهێز بوە، جا حەوزێکی پڕکرد لە جیوەو رایەخی لەسەر راخست بۆ ئەوەی لەسەری جوت بێ، جیوەکەش دەیجولاندەوە بێئەوەی خۆی بجوڵێتەوە، بەمەش لەزەتو چێژی وەردەگرت).

پۆلیسێك پێی راگەیاندم ژنێکی گەنجی مێردداری بینی زینای دەکرد، ئەو ژنە مێردێکی جوانی هەبو، پۆلیسەکە سەری سوڕمابو لەوەی چۆن زینا دەکاو ئەو مێردە جوانەی هەیە؟ کە پرسیاری لێکرد بۆچی زینا دەکەی، گوتی: مێردەکەم تا ئێستا نازانێ ڕانم چۆنە، ئەو عادەتی وایە هەر دەیەوێ تەنها جوت بێو ئارەزوی خۆی تێر بکات، بێئەوەی دەستبازیو یاری بکات!

هەندێ لە شارەزاو ئامۆژگاریکاران گوتویانە: ناشیرینترینو خراپترین نەزانیو دەستەپاچەیی ئەوەیە، پیاو لەگەڵ ژنەکەی جوت ببێ بەرلەوەی قسەی لەگەڵ بکاتو بیلاوێنێتەوەو دەستبازی لەگەڵدا بکات.

دەبێ پیاو ئاگاداربێ نەکا، کە خۆی گەیشتە نەشئەو خۆشی، واز لە

ژنەکەی ببێنێ تا ئەویش دەگاتە خۆشی..

(ماری ستۆپ) کە ئافرەتێکی دەروونناسە دەڵێ:

(ئەوانەی دەربارەی جنس دەنوسن و ئەزمونەکانیان بە گوێرەی پێشکەوتنی دەروونناسی پیادە دەکەن دیدیان وایە" باشترین شت بوك بیکات ئەوەیە، کە لە کرداری جنسی بەشداری مێردەکەی بکات، چونکە بوکەکە رێنمایی دەکات کە چۆن پەردەکە لا ببات، بەوەش هەست بە کەمێك ئازار دەکات (گەر پەردەکە رەق بێت).

بەڵام ئەو پیاوەی کە بە تەنها دەیەوێ پەردەکە لا ببات، بە دڵنیایی یەوە دەڵێم ئەو پیاوە لەوپەڕی چێژو خۆشی دایە، ئەو خۆشیە وای لێدەکات کوێر بێ و هەست بەو ئازارە نەکات، کە کچەکە دوچاری دەبێت.. بەم کردەوەیە بوك وا بە خەیاڵیدا دێت، کە مێردەکەی تەنها بایەخ بە ئارەزوەکانی دەدات، با لەسەر حیسابی هەراسان کردن و ئازاردانی خێزانەکەشی بێت.)

گەر ژن بە کردو کۆشی خۆی بەشداری مێردەکەی بکات کەوا لێك تێگەیشتنیان هەبێ و ئەو شێوازە بەکاربێنن، کە هەردولا پێی ڕازین، ئەوکاتە ئازارەکە کەم دەبێتەوە، ژنەکەش ئەوکاتە خۆی لە مێردەکەی دور ناخاتەوە.

هەروەها بۆ ئەوەی جوتبون بە سروشتی و بە خۆشی ئەنجام بدرێت، پێویستە ژن بەشداری مێردی بکات بۆ گەیشتن بەوپەڕی چێژو خۆشی، کە هەردولا دەیخوازن.

لە جوتبوندا نابێ تەنها یەك کەس وەڵامی هەبێ و ئەوی تر نەیبێ، بەڵکە دەبێ هەردوکیان بە رۆح و جەستەو دەرونەوە ئاوێتەی یەکتری بن،

جا ئەم ئاوێتەبونەی هەریەکێك لە ژنو مێرد بە شەوقو سۆزو ئارەزو و تەفاهوم بۆ یەکتری، ڕەنگێکی زۆر جوانو سەرنج ڕاکێش بە چێژو لەزەتی جوتبون دەبەخشێ.

بەڵام لەو حاڵەتەی ژن بە سلبیانە ڕەفتار بکات، هەروەك هەندێ ئافرەت لەم حاڵەتو شوێنانە بیر لەوە دەکەنەوە، کە بە سلبیانە ڕەفتار بکەن، گەر ژن لەم کارەدا پیاوی بەتەنیا هێشتەوە، کە تەنها پیاو وەلامی هەبێ، ئەوا زۆر لە ئیعتبارەکان بەفیڕۆو بەهەدەر دەچێ، دەربڕینی خۆشەویستیش کەموکورتی دەبێ، گەر بەشداری هەردوکیانی تێدا نەبێو بەئارەزوی هەردولا نەبێ. هەروەها خودی جوتبونیش چێژو خۆشی تەواو لەدەست دەدات، چونکە وەڵام نەدانەوەو وشکی ژن جوانترینو خۆشترین کاتی جوتبون لەناو دەبات.. کاتێك ئەوپەڕی چێژو خۆشی لە جوتبون وەردەگیرێ، کە ژنو مێرد بەیەکەوە تێیدا بەشدار بن.

گرنگترین شت پێویستە پیاو لە شەوی زاواییدا ڕەچاوی بکات، ڕاگرتنی سۆزی ژنەکەیەتی. چونکە ئەم ئافرەتە ماڵی خۆی واز هێناوەو هاتۆتە ماڵێکی نوێ، کە پێشتر تیایدا نەژیاوەو لێی ڕانەهاتوەو هەست بەشەرم دەکات. لە سەروی ئەوانەشەوە پیاو دەبێ لەم شەوەدا زۆر لێزان بێو ئەم شەوە بکاتە بەهێزکردنی پەیوەندی خۆشەویستیو هاوڕێیەتی، نەیکاتە شەوی هەراسانو بەدیار خستنی تواناو هێزو پیاوەتیو، لەناکاو نەچێتە لای. پێویستیشە یەکسەر دەست بە جوتبون نەکات تا ئەوکاتەی دەزانێ خێزانەکەی ئامادەیی هەیە، ئەگینا گەر ئامادەیی جوتبونی نەبو، دەبێ بۆ کاتێکی تر دوای بخات.

پێش ئەوەی کۆتایی بەباسی هونەری گەمەو دەستبازی خێزان بێنین، کە

پێغەمبەرﷺ ئەمری لەسەر کردوە، دەمەوێ سەرنج بۆ ماوەی یاری کردن لەپاش جوتبون ڕابکێشم. یەکێ لە زانا پسپۆڕەکانی جنس دەڵێ:

گەمەو یاری کردنی نێوان ژنو مێرد گرنگی‌یەکی گەورەی لە پەیوەندی یەکانی هەیە جنسی، کە پشتگوێ خراوە. زۆربەی پیاوان کردویانەتە خو لەدوای جوتبون لە ژنەکەیان دور دەکەونەوە، ئەوەش نیشانەی نەفامی‌و گێلی یە، ڕوی وەرئەگێڕی‌و لە خەودا نقوم دەبێ. ئافرەتەکەش ئەو کاتە هەست بە دابەزینی جنس دەکات‌و بێ‌بەش دەبێت لە گەورەترین ماوەی سۆزو عاتیفەو خۆشی‌و لەزەت وەرگرتن.

ئێستاش با بێینەوە سەر فەرمودەکەی سەرەتا هێنامان: لە کتێبی (التاج الجامع للاصول في أحاديث الرسول) تەعلیقێك لەسەر ئەم فەرمودەیە هاتوە کە ئەوەش کورتەی باسەکەیەو دەڵێ: لەو کاتەی پێغەمبەر زانی جابر بێوەژنێکی هێناوە، پێی فەرمو: ((**ما لك وللعذارى ولعابها؟!**)) ، بە واتای : گەر کچ بوایە باشتر بو، تا گەمەو یاری لەگەڵ بکەی یان لیکی زمانی بمژی. ئەمەش ئاماژەیە بۆ مژینی لێوو زمان کە لەکاتی گەمەو یاری لەگەڵ خێزان ئەنجام دەدرێ!!

دەربارەی یەکەم کاری هاتنەژورەوەی پێغەمبەرﷺ، لە خاتو عائیشە ڕەزای خوای لێ‌بێ پرسیار کرا، ئەویش گوتی: پێغەمبەر سیواك دەکات! ڕەنگە ئەم سیواك کردنەش بۆ پاك کردنەوەی ددانەکانی بوبێ، تا بە ماچی گەرم پێشوازی لە خێزانەکەی بکات. ئەم جۆرە ماچ کردنەش بەختیاری‌و کامەرانی بەدەست دێنێ‌و هەمو خەم‌و پەژارەیەکی ژیان لا دەدات! لەبەرئەوە وا باش‌و چاکە کاتێك پیاو دەچێتە ماڵەوەو دێتە دەرەوە

خێزانەکەی ماچ بکات، تا خۆشەویستی‌یان زیاتر بێت‌و، هەردەم ئەوەیان لەبیر بێت کە لەسەر پەیمانی خۆشویستنی یەکترین.

ئەم فەرمودەیە تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵ‌و گرنگی (دەم) لەکاتی گەمەو یاری کردنی پیاو لەگەڵ ژنەکەی. زانستە دەرونیەکان (العلوم النفسیة) کاریگەری لیکی زمانیان بەدیار خستوە، (ماری ستۆب) کە پسپۆڕێکی دەرونی ئافرەتانەو دەربارەی ئارەزوی جنسی ئافرەتان بە ڕاشکاوی‌و بێپەردەو بە ئاشکرا دەردەبڕێ‌و دەڵێ:

لەسەر پیاوی ژندار پێویستە دەمی ژنەکەی ماچ بکات، کاتێك ژنەکەی بۆی ملکەچ بو و هاتە ژێر بارو وەڵامی بە دەمی دایەوە، واتە ئەویش ماچی دەمی پیاوەکەی کرد، ئەو کاتە نابێ بە تەنها لێوی ماچ بکات، بەڵکو دەبێ زمان‌و لیکی بمژێ[١]. ئەمانەش هەموی دەبێتە هۆی بزواندن‌و چالاك کردنی هەستی جنسی، هەروەها دەبێ جگە لە ماچ کردنی دەمی خێزانەکەی، دەبێ شوێنی تری هەستیار (حساس) ماچ بکات وەك گوێ‌و گەردن‌و سینگ.

١) لە کتێبی (مصابیح السنة)ی البغوي بەرگی دوەم هاتوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕۆژو بوەو خاتو عائیشەی ماچ کردوەو، زمانی مژتوە (عن عائشة رضي الله عنها أن النبيّ كان يقبلها وهو صائم، ويمص لسانها) أخرجه أحمد في المسند وأبوداود في السنن وأخرجه البيهقي في السنن الكبرى. -وەرگێڕ-

یاریو دەستبازی کردن لە ماوەی حەیزدا

لە بارەی چونە لای خێزان لەکاتی حەیزدا" پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((اصنعوا كل شيءٍ الاّ النكاح، -وفي لفظ- الجماع))[١]، واتە: لەماوەی حەیزدا لەگەڵ خێزان هەمو شتێ بکەن تەنها جوتبون نەبێ.

((ورد عن أزواج النبّي أنهﷺ كان اذا أراد من الحائض شيئاً، ألقى على فرجها شيئاً، ثم صنع ما أراد))[٢]، واتە: لە خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ هاتوە کەوا پێغەمبەرﷺ گەر بیویستایە بچێتە لای یەکێك لە خێزانەکانی، کە لە ماوەی حەیزدا بویان، شتێکی بەسەر فەرجی خێزانەکەیدا دەدا، ئنجا ئەوەی بیویستایە لەگەڵی دەکرد[٣].

١) رواه الجماعة الاّ البخاري.

٢) رواه أبوداود والحافظ العراقي.

٣) حیکمەتی ئیسلام چەند جوانە، کە میانڕەوە لەنێوان ئەوەی کە جولەکە بیروباوەڕیان وایە حەرامە لەگەڵ ئافرەتی حەیزدار لە یەك ژوردا بخەون، بیروباوەڕی گاورەکانیش ئەوەیە، کە بەلایانەوە حەلاڵە لەگەڵ ئافرەتی حەیزدار جوت ببن.

گەمەو ياريكردن لەگـەڵ خێزان لەكاتى خۆشتندا

خاتو عائيشه رەزاى خـواى لـێبێ گوتويـەتى: ((كنت أغتسل أنا و رسـول الله مـن إنــاء بيـني وبينـه، تختلـف أيـدينا عليـه: فيبادرنـي حتـى أقول: دع لي دع لي![1] قالت وهما جنبان))[1]، واتە: منو پێغەمبەرى

---

١) له ئەنجام گيرى ئەم فەرموده ڕاستەدا دو حوكم وەردەگرين:
يەكەم: دەست كەوتن بە ئافرەت دەستنوێژ ناشكێنێ، سەرەڕاى فەرمودەى پێغەمبـەر ﷺ كە خێزانى خۆى ماچ كردوەو چوە بۆ نوێژو دەستنوێژى نەگرتۆتـەوە، ئـەم بابەتـەش لـە شوێنى تر باسكراوە.
بەهۆى نەزانينى ئەم حوكمەوە، چەندەها ژنو مێرد كێشەو ناكۆكيان كەوتۆتە بەينەوە، گوايە تەنها بە دەست لێدان دەستنوێژ دەشكێ! ديـارە ئـەوەش هـيچ بەلگەيـەكى نيـە، (ملامسة)ش كە لە ئايەتەكەدا هاتوە ماناى جوتبونە هەروەك ئيبن عەبباسو كەسانى تر ئاوايان گوتوە. هەندێك پێشەواش هەمان رايان هەيە! كەوايـە بـا ژنو مێـرد ئـەم هەڵـە لەدەست نەدەن!!
ڕەحمەتى خوا لە پێشەوا شافيعى بێت، كە گوتويەتى -هـەروەك گشـت پێشـەواكانيش هەمان قسەيان گوتوە-: (مسـوڵمانان كۆڕان لەسەر ئەوەى گەر كەسـێك لـە پێغەمبـەرى خواوە ﷺ سوننەتێكى بۆ دەركەوت، بۆى دروست نيە ئـەم سـوننەتە بـۆ قسـەى هـيچ كەسێك لـێگەڕێ و بەلاوە نێ!)، پێشەوا ئەحمەدى كورى حەنبەل (ڕەحمەتى خواى لـێبێ) گوتويەتى: (هەركەسێك فەرمودەى پێغەمبەرى خوا ﷺ ڕەت بكاتەوە ئەو كەسە لەسـەر لێوارى تياچونە!!).
گەر ئەمڕۆ مسوڵمانان ڕێك بكەون لەسەر ئەوەى، كەوا فەرمودەى پێغەمبەر فەرمانڕەوا بێ، هەروەك خواى گەورەو پێغەمبەرەكەى ﷺ و گشت پێشەوايان فەرمانيان كردوە، ئەوا ئەو كاتە دەبونە يەك مەزهەب، هەروەك يارانى پێغەمبەر لەسەر يـەك مەزهـەب بـون. ئەمەش بەهۆى ئەوەى كە دواى پێشەواكان فـەرمودەكان كۆكراونەتـەوە.. شەعرانى لـە كتێبى (الميزان)دا گوتويەتى، كە ماناكەى ئەوە دەگەيەنێ: گەر ئەمڕۆ ئەبوحەنيفە بێـت، هەروەها پێشەواكانى تريش-، ئەوا لە زۆر ڕايەكانى پەشيمان دەبۆوە لەبەر ئـەوەى دواى ئەو، فەرمودەكانى پێغەمبەر كۆكرانەوە.

خوا لەشمان گران بو و بێنوێژ بوین‌و پێکەوە خۆمان دەشوت لەیەك مەنجەڵ دا، جا هەردوکمان دەستمان ئەبرد بۆ ئاوەکەو پێغەمبەر زوترو لەپێش مـن دەستی بۆ ئاوەکە دەبرد بۆ ئەوەی ئاوەکـە بەخۆیـدا بکـات‌و منـیش پـێم ئەوت بۆ منیش لـێگەڕێ بۆ منیش لـێگەڕێ تا ئاوەکە بەخۆم دا بکەم.

دوەم: حافظ لە کتێبی (الفـتح)١-٢٩٠دا گوتویـەتی: داودی ئـەم فەرمودەیـەی کردۆتـە بەڵگە بۆ ئەوەی، کە دروستە پیاو تەماشای داوێنی ژنەکەی بکـات، بـە پێچـەوانەوەش ژنەکەی دروستە تەماشای زەکەری پیاوەکەی بکات.
لــە کتێبــی (آداب الزفـاف)ی شـیخ محمـد ناصـرالدین الألبـاني هــاتوە، کـە ئەمــە کورتەکەیەتی: ئەم فەرمودەیە ئەوە پوچەڵ دەکاتەوە، کە خاتو عائیشە گێڕاویەتیـەوە کـە گوتویەتی: (ما رأیت عورة رسـول الله ﷺ قـط) هـەرگیز عـەورەتی پێغەمبـەری خـوام نەبینیوە.. ئەم ریوایەتە راست نیە، چونکە یـەکێ لـە راویـەکانی درۆزنێکـی فـەرمودە هەڵبەستەرە، ئەوەی تریش نەناسراو (مجهول)ە!
بۆیە (العراقي) لە کتێبی (تخریج الأحیـاء)٢-٤٦ بڕاندویەتیـەوە، کە سـەنەدەکەی لاواز (ضعیف)ە، نەسائیش گوتویەتی: فەرمودەیەکی (منکر)ە، ئەو بـەناو فەرمودەیـەش کـە دەڵێ: ((إذا جامع أحدکم زوجته أو جاریتـه، فلا ینظر الی فرجها، فإنه یـورث العمـی ... گەر یەکێك لە ئێوە لەگەڵ هاوسەرەکەی، یان کەنیزەکەی جوتبو، بـا تەماشـای داوێنـی نەکات، چونکە کوێریی بۆماوە بەجێ دێڵێ))، ئەوەش هەڵبەستراو (موضـوع)ە هـەروەك أبوحاتم الرازي‌و (ابن حبان)و (ابن الجوزي)و کەسانی تریش هەمان رایان هەیە.
هەروەها ئە فەرمودەیەش (ضـعیف)ە کە دەڵێ: ((إذا أتـی أحـدکم أهلـه، فلیسـتتر ولا یتجردا تجرد البعیرین!... گەر یەکێك لە ئێوە لەگەڵ خێزانی جوتبو، بـا خـۆی داپۆشـێ‌و خۆیان وەك حوشتری نێرو مێ روت نەکەنەوە)).
دەکرێ ئایەتی ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ﴾ بکەینە بەڵگە بۆ بەباش دانانی خۆ ڕوتکردنەوەی ژن‌و مێرد بۆ یەکتری لەکاتی جوتبوندا، کە ئەوکاتە دوای ئەوەی جلـەکانی دادەکەنێ‌و مێردەکەی لە ئامێزی دەگرێ، هەریەکە دەبێتە پۆشاك بۆ ئەوی تر.
١) رواه البخاري ومسلم وغیرهم.

خۆشـەویستی یەکی پێغەمبەر و گەمەکردنێکی خـۆش

خاتو عائیشـە ڕەزای خـوای لـێ بـێ گوتویـەتی: ((كنت أشرب وأنا حائض -أي من إناء النبيّ ﷺ- فيضع فاه على موضع فيّ، فيشرب! وأتعرّق العرْق، وأنا حائض ثم أناوله النبيّ ﷺ فيضع فاهُ على موضع فيّ!))[١]، واتە: من لە حەیزدا بوم لە جامی پێغەمبەر ئاوم دەخـواردەوە. جا پێغەمبەر ﷺ دەمی خسـتە سـەر ئـەو شـوێنەی کـە دەمـم پێوەنـابو، ئاوەکەی خواردەوەو ئێسکە گۆشتم دەکڕاندەوەو لە حـەیزدا بـوم، پاشـان ئەم دا بە پێغەمبەر دەمی دەخستە سەر ئەو شوێنەی، کە کڕاندبومەوە.

گەر سەرنجی ئەم فەرمودە بدەین، خۆشەویستی ژن‌و مێـردی مسـوڵمان بەدەر دەخات، ئەویش گەمەو یاری کردنە. جا ئەو خۆشەویستی‌یە لەکوێ‌و ئەوەی لە خوارەوە باسی دەکەین لەکوێ؟

ئەویش ئەوەیە کە پیاوێك سێوێکی دا بە ژنەکەی بیخـوات، کـە خـۆی پارچەیەکی لـێ خواردبو، جا ژنەکەی چەقۆیەکی هێنـا، مێردەکـەی پێـی گوت: ئەوە چ دەکەی؟! ژنەکەی گـوتی: دەمـەوێ شوێنەواری ددانـەکانت لەسەر سێوەکە لابدەم، کە لێت خواردوە. یەکسەر پیاوەکـەش لەسـەر ئـەو کارە تەڵاقی دا.

پێغەمبەر ﷺ دەفـەرموێ: ((اذا أكل أحدكم طعاماً، فلا يمسح يده حتى يَلْعَقها أو يُلعقها))[٢]، واتە: گەر یەکێك لە ئێوە خواردنێکی خوارد،

---

١) رواه مسلم.
٢) رواه مسلم

بـا دەسـتی نەسـڕێتەوە تـا پەنجـەکانی بـە زمـان دەلێسـێتەوە یـان بـۆی دەلێسنەوە. واتا خێزانەکەی بۆی بلێسێتەوە.

مەبەستی ئەم فەرموده پیرۆزە ئاڕاستەدەرە ئەوەیـە کـە پیـاو داوا لـە خێزانەکەی بکات لەدوای خواردن پەنجەکانی دەستی بۆ بلێسێتەوە، گەر بۆ خۆی نەیلێسایەوە. گومانی تێدا نیە لێستنەوەی پەنجەکانی پیاو لـە لایـەن خێزانەکەی گەمەو یاریو جنس بزواندنێکی زۆر جوانو چاکە، کە زۆر جـار بە سەلامەتی کۆتایی نایەت، واتە جوتبون ئەنجام دەدرێ.

یـاری کردن لەگـەڵ خێـزان
بە کورت کردنەوەی نـاوەکـەی

بوخاری‌و موسلیم گێڕاویەتیانەوە کە پێغەمبەرﷺ بە خـاتو عائیشـەی فـەرمو: ((یا عائش! هذا جبريل يقرئك السلام، قالت عائشة: وعليه السلام ورحمة الله وبركاته، وهو يرى ما لا أرى)).

واتە: ئـەی عـەیشـۆك! ئەمـە جوبرائیلـە سـڵاوت لـێ دەکـات، خـاتو عائیشەش گوتی: سڵاو و ڕەحمەتی خوا لەویش بێ، ئەو شـتێ ئەبینی کـە من ناتوانم بیبینم[١].

---

١) لەم فەرمودەیەدا ئەوە بەدەردەکـەوێو لێـی وەردەگـیرێ، کـەوا بـەباش دەزانـرێ پیـاو خێزانەکەی خۆی بە کورتکردنەوەی ناوەکەی بانگ بکات وەك بڵێ: (شنە) لەجیاتی شـنۆ یان (ئاڤە) ئاڤان یان (بەنە) لەجیاتی بەناز (سۆزە) لەجیاتی سۆزان... هتد. گەر وشـەی (خان)ی لەگەڵ بەکاربهێنی ئەوا باشترو خۆشەویستی ژنو مێـرد زیـاتر دەبێـت. ((بـەڵام بەداخەوە ئێمە لەکوێو ئەم فەرمودەیە جوانە لەکوێ، ئێمـە لـەجیاتی دەربـڕینی سـۆزو خۆشەویستی بۆ خێزانەکانمان، ئێمە بە چاوێکی سوكو بەناوێکی سوکەوە بانگی ئـافرەت دەکەینو بەچاوی خزمـەتکارو کۆیلـەو ژێردەسـتە سـەیری دەکـەین کـە ئەوانـە هـەموی ئیسلام لێی بەریـە. -وەرگێڕ-

بـەرز راگرتنـی یـاری لەگـەڵ خێـزان

پێغەمبەرﷺ دەفـەرموێ: ((كل شيء ليس من ذكر الله، لهوٌ وَلَعِبٌ إلاّ أن يكون أربعة:

١- ملاعبة الرجل امرأته.

٢- وتأديب الرجل فرسه.

٣- ومشي الرجل بين الغرضين.

٤- وتعليم الرجل السباحة))[1].

واتە: هەمو شتێك كە دەكرێو ئەنجام دەدرێ، گەر یـادی خـوای لەگـەڵ نەبو ئەوا بێماناو بێهودەیە تەنها چوار شت نەبێ:

١- كاتێك پیاو گەمەو یاری لەگەڵ خێزانەكەی دەكات.

٢- كاتێك پیاو مەشقو ڕاهێنان بە ئەسپەكەی دەكات.

٣- كاتێك پیاو لەنێوان دو نیشانەی تیر هاویشـتن دێو دەچـێ. ئـەوەش پێشبڕكێ دەگرێتەوە.

٤- كاتێك پیاو فێری مەلەوانی دەبێو خۆ فێر دەكات.

ئەم جۆرە (لەهو)ە حەڵاڵانە زۆر كاریگەرو گەورەن، كە میللەتی ئیسلام لەسـەر بـەهێزیو ئامـادەكردنی نـەوە (جیـل)ێكـی وەرزشـی سـەركەوتو ڕادەهێنێ.

لە مەسەلەی یاریو گەمـەكردنی خێـزان چـەندەها ئاكـارو ئـادابی زۆر هەیە وەك خاوەنی كتێبی (التـاج الجـامع للاصـول) دەڵـێ: (بـە هێمنـیو لەسەرخۆیی ڕەفتـاركردن لەگـەڵ ژنو، ئـارام گـرتن لـەكاتی جوتبـون، تـا

---

١) رواه النسائي (حديث صحيح).

ئەويش دەگاتە نەشئەو خۆشی بە پێویست دادەنرێ، هەروەها گاڵتەو گەمەو یاری کردنیش لەگەڵیدا، پێویستی‌یەکە بۆ بەردەوام بونی خۆشویستنی یەکتری)، وەك لە فەرمودەیەکدا هاتوە، کە سەنەدەکەی (صحیح) نیە، بەڵام ماناکەی (صحیح)ە، کە دەفەرموێ: ((لا يقع أحدكم على أهله كما تقع البهيمة. وَلْيَكُنْ بينهما رسول: القبلة والكلام!))، واتە: کاتێك یەکێك لە ئێوە دەچێتە لای خێزانەکەی بۆ جوتبون یەکسەر ڕاستەوخۆ وەك ئاژەڵ نەچێتە سەری‌و جوت نەبێ، بەڵکو دەبێ لە نێوان یەکتریدا نێردراو (رسول) هەبێ واتە: ماچ و قسەی خۆش.

پێوستە لەسەر ئەو کەسانەی بەزوییی‌و خێرا ئاویان دێتەوە، با بۆ جوتبون پەلە نەکەن، با خۆیان دوا بخەن‌و لەسەرخۆ بن، تا ئەو کاتەی خێزانەکەی بۆ جوتبون ئامادە دەبێ، پێویستە خێزانەکەشی خۆی لە مێردەکەی کەمێك دور خاتەوە، تا ئەو کاتەی ئامادە دەبێ.

من ئامۆژگاری پیاوە دەکەم لەکاتی گەمەو یاری‌و قسەی خۆش‌و ئارەزو بزواندنی نێوانیان، ناوەناوە (زەکەری) بە ئاوی سارد بشوات، بۆ ئەوەی بە خێرایی ئاوی نەیەتەوە.

هەروەها ئامۆژگاریم بۆ ئافرەتان ئەوەیە کە داوێن (فەرج)یان بەباشی بە پارچە قوماشێکی خاوێن لە ناوەوە بسڕنەوە، چونکە لەم کاتەدا دەرهاوێژ (افرازات)ی ئاوی ئافرەتەکە دێتە دەرەوە.

ئەوەی باسکرا زۆر گرنگە پەیڕەو بکرێ، کە زۆر لە پیاوو ژن نایزانن‌و شارەزایی‌یان نیە. تەنانەت هەندێ پیاو دور دەکەوێتەوە لە ژنەکەی‌و وازی لێ دەهێنێ لەبەر ئەوەی ئەم ئامۆژگاری‌یە بەنرخ‌و گرنگە واز دەهێنێ‌و کەمتەرخەمی دەکات، بێ‌ئەوەی چارەسەری بۆ دابنێن!

غەزالی لە کتێبی (الإحیاء)دا گوتویەتی: لە ئـادابی جوتبـون ئەوەیـە: گەر پیاو لەگەڵ ژنەکەی جوت بو، گەیشتە خۆشی‌و ئاوی هاتەوە، با لەسەر ژنەکەی هەڵنەستێ، تا ئـەویش دەگاتـە چـێژو خۆشـی، چـونکە هەڵسـان لەسەری دەبێتە هۆی ئازاردانی.

هەروەها دەڵێ: هەبونی جیاوازی لە ئاوهاتنەوەو چێژو خۆشـی، دەبێتـە مایەی لێك دورکەوتنەوە، گەر ژن پێش پـیاو بگاتە چێژو خۆشی، ئـەوا بـۆ مێردەکەی زیانی نیە.

ئنجا دەڵێ: گەر لە یەك کاتدا ژن‌و مێـرد بگەنـە چـێژو خۆشـی، ئـەوا ژنەکە زیاتر لەزەت‌و خۆشی وەردەگرێ.

چەند هۆیەکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی ئاو زو هاتنەوە (سرعة القذف):

لە گۆڤاری (طبیبك/١٢٠٤س١١) هاتوە، کە پوختەکەی ئەمەیە:
(رەنگە راستو دروست بێ بڵێین، زو ئاو هاتنەوە زۆرترین گرفتەکانی جنسیە، کە لەنێو پیاوان بەربڵاوە، گەورەترین هۆی بەدبەختی ژیانی ژنو مێردایەتیە، زۆرینەی ئەو حاڵەتانەی ئاو زو هاتنەوەی تێدا ڕودەدات، لە ئەنجامی ئەوەیە ئەوکەسەی ئاوی زو دێتەوە زۆر هەستیارە..

رەنگە هەستیاریەکە جەستەیی بێ، کەوا تەنها بە بەیەك گەیشتن، لەرزەی چێژو خۆشی ڕودەدات. رەنگە سۆزداری (عاطفي) بێت، ئەو پیاوەی زۆر عاتیفی بێت و، ئەو پیاوەش کەمێك ترسی لە کاری جنسی هەبێ، ئەوا هەریەك لەو دو جۆرە پیاوە، ناتوانێ خۆی لەبەردەم وروژاندنی جنسی بگرێ، مەگەر تەنها کەمێك خۆی بگرێت.

ئەو گەنجە نەوتەمەنانەی بەهۆی وروژانی جنسی بەهێزەوە بە زویی ئاویان دێتەوە، ئەوانە توشی گرفتی راستەقینە نەبون، چونکە دەتوانن دوای ماوەیەکی کەم، هێزی جوتبونیان بۆ بگەڕێتەوە، جوتبونی دوەمیش بەشێوەیەکی گشتی بۆ ماوەیەکی درێژتر بەردەوام دەبێ.

بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەو جۆرە کەسانە، هەوڵو کۆشش بەردەوامە، جا یەکێ لەو چارەسەرانە هەتوان (مرهم)ی سڕکەرە، کە بۆ ئەم جۆرە پیاوانە شتێکی سودبەخشە، کەوا بەر لە جوتبون پیاو زەکەری بەم هەتوانە

چەور دەكات، تاوەكو هەستياريەكەى كەم كاتەوەو ماوەى لێخشاندن درێژە بكێشێ.

زۆر پياو توانيويەتى چەند فێڵێك بۆ خۆى بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەى بيروهۆشى لەكارى جنسى دوربخاتەوە، تاوەكو زو نەگاتە لەرزەى چێژو خۆشى.

كەسێك دەناسم لەكاتى جوتبون، مەسەلەى ماتماتيك بەكاردێنێو، ئەوەى كە زەحمەتو گرانە لە بيرو زەينيدا شى دەكاتەوە، وەك هۆيەك بەكارى دێنێ، تا زو نەگاتە چێژو خۆشى!!

يەكێكى تر هەيە پيتەكانى ئەبجەدى بە وەرگەڕاوەيى دەخوێنێتەوە!

دكتۆر (جيمس)، كە يەكێكە لە مامۆستاكانى پزيشكى لە زانكۆى (ديوك)، ڕێگەچارەيەكى بۆ چارەسەركردنى زو ئاو هاتنەوە دۆزيەوە، ئەويش بريتيە لەوەى پياو داوا لە ژنەكەى بكات دەست بە زەكەريدا بێنێ هەتا واى لێدێ ئاوى بێتەوە، جا ئەوكاتە داوا لە ژنەكەى بكات دەست هەلگرێ، لەو كاتەش كە هەست كردن بە ئاو هاتنەوە نامێنێ، دوبارە ژنەكە دەست بكاتەوە بە هەمان كردار.. دوبارەكردنەوەى ئەم كردارە دەرونى پياو رادێ، تا واى لێدێ دەتوانێ خۆى رابگرێ، جا بەمەش پياو بە زويى ئاوى نايەتەوەو هەست دەكات دەتوانێ نەهێلێ زو ئاوى بێتەوە.

ديارە بە تەڕبونى زەكەر، بە درەنگى ئاوى دێتەوەو، بە وشكى بەزويى ئاوى دێتەوە، جا ئەم مامۆستاى زانكۆيە ئامۆژگارى دەكات لەكاتى جێبەجێكردنى كردەكەدا، هەستياريى كزو لاواز بكرێت.

دوا وتە ئەوەيە، ڕێگەچارەى زو ئاو هاتنەوە هيچ سودى نيە، مەگەر لەو حاڵەتانە نەبێت، كە زو ئاو هاتنەوەكە سروشتى بێتو لە ئەنجامى

خراپی تەندروستی پیاو نەبێت، بە چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیە" گرفتەکە هەموی چارەسەر دەبێ.

هەندێ پزیشك رێنمایی ئەوە دەکەن، کە چوك (زەکەر) بە هەتوانی (لیدۆکاین، یان زایلۆکاین) چەور بکرێت، تاوەکو حەساسیەتەکە کزو لاواز بکرێتو، ماوەی جوتبون درێژە بکێشێ.

بەبۆنەی قسەکردن دەربارەی زو ئاو هاتنەوە، رێنمایی و ئامۆژگاری ئەو کەسانە دەکەین، کە دوچاری زو ئاو هاتنەوە هاتون، نەهێڵن ژنەکانیان زۆر خۆیان بۆیان جوان بکەن، تاوەکو حەزی زو جوتبونیان کەم ببێتەوە.

گۆڤاری (طبیبك) لێکۆڵینەوەیەکی دەرهێناوە لەژێر ناونیشانی (پەلەپیتکەی لەرزەی چێژ لای ژن: زناد الأرتعاش عند المرأة) مەبەستی میتکەیە.

میتکە: ئەو پارچە گۆشتەیە، کە لە سەرەوەی هەردو شەفرە گەورەی فەرجی ئافرەتەوەیە، کە ئافرەت بەهۆی ئەوەوە لەزەتو خۆشی جنسی پێ وەردەگرێو بۆ لەزەتو خۆشی وەك زەکەری پیاو وایە. ئەم پارچە گۆشتەی کە بە فەرجی ئافرەتەوەیە دەماری زۆری تێدایەو، تۆرێك لە دەماری وردو مولولەی خوێن پێکهاتوە، کە بەدەست لێدان (لمس) لەم میتکەیە ئارەزوی جنسی هەڵدەستێو، ئەویش پڕ دەبێ لە خوێنو قەبارەکەی گەورە دەبێ... لەبەر ئەوە میتکە خاڵی مەرکەزییە بۆ بزواندنی جنسی ئافرەتو، گەیاندنی بە لەزەتو خۆشی جوتبون. کاتێ میتکە ئەم گرنگییەی لە ژیانی ئافرەت هەبێ، دەبێو پێویستە لەسەر هەمو پیاوێك زانیاریو شارەزایی‌یەکی تەواوی هەبێ دەربارەی ئەو رۆڵە گرنگەی میتکە دەیبینێ لە بزواندنی جنسی ئافرەتدا. هەروەها پێویستە پیاو ئەمجۆرە زانیارییانە بزانێ، کە لەکاتی گەمەو یاریو قسەی خۆشی پێش جوتبون، دەبنە هۆی

بزواندن‌و وروژاندنی ئەم میتکەیە. لەبەرئەوە پێویستە گرنگی بە میتکە بدرێ تا ئافرەت ئارەزوە جنسی‌یە حەڵاڵەکەی تێر ببێ.

وروژاندنی میتکە پێویستە بە لەسەرەخۆیی بکرێت، چونکە زۆر هەستیارە بەڕادەیەك، کە عەقڵ باوەڕ ناکات هەستیاریەکەی چۆنە.

زۆربەی زۆری ئەو ئافرەتانەی، کە لەسەر سروشتێکی ساغن پێش جوتبون، گەمەو یاری کردن بە میتکەیان بەلاوە خۆشە. هەروەها دوای جوتبونیش، وا چاکە میتکە یاری پێ بکرێ بۆ ئەوەی ئافرەتەکە لەزەت‌و خۆشی‌یەکەی تەواوو کامڵ بێ. هەندێ جار وا ڕو دەدات، پیاوەکە زوتر دەگاتە خۆشی‌و ئاوی دێتەوە، ئافرەتەکەش ئێستا ئارەزوە جنسی‌یەکەی دانەمرکاوەو تێر نەبوە، مێردەکەشی وازی لێ دەهێنێ‌و ڕوی لێ وەردەگێڕێ، ئەو کاتەش ئافرەتەکە توشی نائارامی مێشك دەبێ، چونکە جنس پەیوەندی بە مێشکەوە هەیە. ئەو جۆرە ڕەفتارو هەڵس‌وکەوتانە زۆربەی پیاوە دڵ ڕەق‌و نەفامەکان بەو شێوەیە لەگەڵ ژنەکانیان ڕەفتار دەکەن.

کەواتە لەسەر مێرد پێویستە، میتکەی ژنەکەی بوروژێنێ‌و بیجوڵێنێ تا ئەو کاتەی ژنەکەی دەگاتە ئەوپەڕی لەزەتی جنسی‌و هەست بە لەرزەی خۆشی دەکات، ئا لەوکاتەدا مێردەکەی لەگەڵی جوت بێ.

مـاچ كردنـی ژن لەلایـەن مێردیـەوە دەسـتنوێـژ نـاشـكێنێ

خاتو عائیشە رەزای خوای لـێبێ دەڵـێ:
((إن النـبّي ﷺ قـبّل بعـض نسـائه، ثـم خـرج الـى المصـلّى ولـم يتوضـأ))[١]، واتە: پێغەمبەر ﷺ هەندێك لـە خێزانـەكانی مـاچ كـردوەو پاشان چوە بۆ نوێژو دەست نوێژی نەگرتۆتەوە.

١) رواه أحمد في المسند والترمذي والنسائي وابن ماجه وأبوداود (حديث حسن).

مـاچ کردن لەکـاتی بەڕۆژوبونـدا

((قبّل رجل امرأته، وهو صائم، فوجد من ذلك وجْداً شديداً، فأرسل امرأته تسأل عن ذلك، فدخلت على أمّ سَلمة أمّ المؤمنين فأخبرتها، فقالت أم سلمة: إن رسول الله يُقبّل وهو صائم. فرجعت المرأة الى زوجها فأخبرته، فزاده ذلك شرّاً، وقال لسنا مثل رسول الله ﷺ، يُحلّ اللهُ لرسوله ما شاء. فرجعتْ الى أم سلمة، فوجدتْ رسولَ الله عندها، فقال رسول الله: ما بال هذه المرأة؟ فأخبرته أمُّ سلمة، فقال: ألا أخبرَتها أَنّي أفعل ذلك؟ فقالت أم سلمة قد أخبرتُها، فذهبْت الى زوجها، فأخبْرتُه، فزاده ذلك شرّاً، فقال لسنا مثل رسول الله، يُحّل اللهُ لرسولِهِ ما شاء، فغضب رسول الله ثم قال: والله إني أتقاكُم لله وأعلَمُكم بحدوده))، واتە: پیاوێك بەڕۆژو بو و ژنەكەی خۆی ماچ كرد، لە ئـەنجامی ئەو ماچ كردنە هەستی بە ئازارو تاوانێكی زۆر كـرد! لەبەرئـەوە ژنەكـەی نارد، تا دەربارەی ئەم ماچ كردنە بپرسێ، كە ئایا گوناهە یان نا، جا چـوە لای ئوم سەلمەی دایكی مسوڵمانانو پێی گوت شتێكی ئاوا رویـداوە. ئـوم سەلمەیش گوتی: پێغەمبەری خواﷺ بەڕۆژو بوەو ماچی خێزانیشی كـردوە. جـا ژنەكـە چـوەوە لای مێردەكـەی وەڵامەكـەی پـێ ڕاگەیانـد: كاتێـك وەڵامەكەی بیست هێندەی تر خراپتر بو و، گوتی: ئێمـە وەك پێغەمبـەری خوا نین، خوای گەورە بە ویسـتی خـۆی شـتی بـۆ پێغەمبەرەكـەی حـەڵاڵ دەكات، ژنەكە گەڕایەوە لای ئوم سەلمە. ئەو كاتە پێغەمبەری خـواﷺ لـە

لای ئوم سەلمە بو. پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: ئەم ژنە چی دەوێت؟ ئوم سەلمەش پرسیارەکەی بە پێغەمبەر ڕاگەیاند. پێغەمبەریش فەرموی: پێی بڵێ من ئاوا دەکەم، واتە: ماچی ژنم دەکەم لە کاتێکدا کە بەڕۆژومە. ژنەکە گەڕایەوە لای مێردەکەیی‌و ئاوای پێ ڕاگەیاند. بەهەمان شێوە پیاوەکە هێندەی تر پێی خراپتر بو و، گوتی: ئێمە وەك پێغەمبەری خوا نین، خوای گەورە بە ویستی خۆی شت بۆ پێغەمبەرەکەی حەڵاڵ دەکات. پێغەمبەری خواش تورە بوو پاشان فەرموی: بەخوا من لە هەموانتان زیاتر لەخوا دەترسم و دەربارەی سنورەکانی شەرعی خوا لە هەموانتان شارەزاترم[١].

ئیمام موسلیم گێڕاویەتیەوە، ((كان رسول الله ﷺ يُقَبِّل وهو صائم، ويباشر وهو صائم ...پێغەمبەرﷺ بەڕۆژو بوە خێزانی ماچ کردوە، هەروا بەڕۆژو بوەو پێستی بە پێستی خێزانی کەوتوە))[٢].

---

١) ئیسلام چەند جوان‌و ئاسانکارە، ئەم فەرمودەیە لەکوێیە لە ئاست ئەو ژن‌و مێردانەی دەستنوێژیان هەیەو دەستیان بەر یەك دەکەوێ، کە بەهۆیەوە کێشەو ناکۆکیان لەنێواندا دروست دەبێ.

٢) بە بۆنەی مەسەلەی ماچ کردن‌و ڕێگە پێدانی شەرع لەکاتی ڕۆژودا، ئێمە ئاگاداری ئەو پیاوە دەکەینەوە، کە ناتوانێ لەکاتی ماچ کردندا خۆی بگرێ‌و یەکسەر لەگەڵ خێزانەکەی جوت دەبێ، ئەوا ئەو کاتە ڕۆژوەکەی بەتاڵ دەبێتەوەو دەبێ کەفارەت بدات، کە دو مانگ بەڕۆژو بونە یەك لەدوای یەك، گەر نەیتوانێ بەڕۆژو بێ ئەوا دەبێ (شەست) هەژارو فەقیر نان بدات.

لەبەر ئەوە گەر کەسێك لەخۆی ترسا، کە لەکاتی ماچ کردندا خۆی بۆ ناگیرێ، نابێ خێزانەکەی ماچ بکات.

پێویستە مێرد کاریگەریی‌و شی‌کردنەوەی ماچ کردن بزانێ، تاکو ئەم کارەی لەبەرچاو

ڕون بێ، گەر ویستو ئیرادەی کزو بێهێز بو، با لە ماوەی بەرژوبونـدا واز لـە ژنەکـەی بێنێو ماچی نەکات.

دکتۆر (أرنو) دەڵێ: لەوکاتەی گەنج ژنەکەی ماچ دەکات، چەند گۆڕانکارییەکی خێـرای بەسەردا دێت، هەندێکی کیمیاویەو هەندێکی دی ئەندامی (عضوي)یە.

دیارە لەکاتی ماچ کردندا پیاو کە هەست بە سەرو چاو سوڕان دەکات، ئەو دیاردەیـە نیشانەی ئەو گۆڕانکاریەیە، بەڵگەی ئەوەشە کـە چـەند کـارلێکردنێکی جیاجیـا هەیە لەکیانی خۆیدا کاردەکات.

یەکەم شت کە ڕودەدات گلاندی مێشکی مادەیـەك دەردەدات، کـە کـار لـە گلانـدی (أدرنالی) دەکات، کە کەوتۆتە هەردو گورچیلە، جا چالاکی دەکاتو کۆمەڵێك لە توخمی کیمیاوی دەردەداتو دەیهاوێتە ناو خوێن، لەبەر بەهێزی کارتێکردنی ماچ ئەو دیاردەیـە بە خێرایـی بروسـکە ئاسـا ڕودەداتو سـەرجەم ئەندامـەکانی جەسـتە دەگرێتـەوە. جا گوشاری خوێن بەرز دەبێتەوەو لێدانی دڵ خێراتر دەبێو سوڕی خوێن زیاتر چالاك دەبێت، خڕۆکەی سور لەخوێندا کەم دەکاتو خانەکانی پێست دەکرێنـەوەو ئارەقەی لـێدەردەچێ.

لەوەی باسکرا بۆمان دەردەکەوێ لەبەر ئەو هۆیانەیە خـوای گـەورە قەدەغـەی کـردوە لەکاتی بەیەك گەیشتنو خواحافیزی، هاوڕێیان یەکتری ماچ بکەن، یان ئافرەت هـاوڕێی خۆی ماچ بکات-کە بەداخەوە- ئەمە لەناویانـدا زۆر بـڵاوەو حەرامیشـە. ئـەوەی ڕێی پێدراوە تەنیا تەوقەکردنە، کە بەهۆیەوە گوناهەکانی پێ هەڵدەوەرێ.

پزیشکەکان سەلماندویانە ماچ، زۆر نەخۆشی دەگوازێتـەوە وەك (سیل) و (سـفلس) کـە نەخۆشیـەکی فەرەنگی یە، میکرۆبەکەش لەڕێی دەمەوە دەچێتە ناو خوێنو لەوێشەوە بۆ هەمو جەستەو دەبێتە هۆی شێت بونو مردن.

جوتبـون لـه ڕۆژی ڕەمــەزان

((جاء رجل الى النبـي ﷺ فقـال: يـا رسـول الله، هلكـتُ. قـالَ: ومـا أهلكك؟ قالَ: وقعتُ على أهلي وأنا صائم، فقال رسول الله: هل تجد رقبـةً تُعتِقها؟ قـال: لا! قـال: فهـل تستطيع أن تصـومَ شـهرين متتـابعين؟ قال: لا؟ قال: هل تجد إطعامَ ستين مسكيناً؟ قال: لا؟ قال: فأجلس! فبينما نحن على ذلك إذ أُتِيَ ﷺ بعرْقٍ فيه تمر، فقال: أين السائل. قال: أنا. قال: خذ هذا فَتصدَّقْ بِهِ. قال: أعلى الأرض أفقرُ مني؟ فوالله ما بين لا بتَيْها أهل بيت أفقر منـا! فضـحك رسـول الله ﷺ وقـال أطْعِمْـهُ أهلك!))[١]، واته: پیاوێك هاته لای پێغەمبەرو گوتی: ئـەی پێغەمبـەری خوا، بەهیلاك چوم.

پێغەمبەر فەرموی: چ شتێك بەهیلاکی بردوی؟

گوتی: بەڕۆژو بوم و لەگەڵ خێزانەکەم جوت بوم.

پێغەمبەری خوا فەرموی: چ شتێکت هەیە عەبدێکی پێ ڕزگارکەی؟

گوتی: نەخێر!

پێغەمبەر فەرموی: ئایا دەتوانی دو مانگ یەك لەدوای یەك بەڕۆژو ببی؟

گوتی: نەخێر.

---

١) رواه البخاري ومسلم وغيرهما.

پێغەمبەر فەرمووی: ئایا هیچت هەیە شەست فەقیری پێ نان بدەی؟
گوتی: نەخێر.
پێغەمبەر فەرمووی: دانیشە!
دەڵێ: ئێمە بەو حاڵەتە ماینەوە، تا زەنبیلە خورمایەك هێنرا، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەو کەسەی پرسیاری کرد لە کوێیە.
دەڵێ گوتم: ئەوەتام لێرە.
پێغەمبەر فەرمووی: لەبری ئەو کارەی کردوتە ئەمە وەرگرەو بیکە بەخێر.
ئەویش گوتی: لەسەر ئەم ئەرزە کەس لەمن هەژارتر هەیە؟!
پێغەمبەری خوا ﷺ پێکەنیو فەرمووی: کەواتە ئەم خورمایە دەرخواردی خێزانەکەت بدە!

پێغەمبەر هاوسەری ڕوخۆش[1]

خاتو عائیشە (ڕەزای خوای لێبێ) گوتی: ((بەخوا پێغەمبەرم ﷺ لەلای دەرگای ژورەکەم بینی‌و، حەبەشیەکانیش لە مزگەوتدا ڕمبازێنیان دەکرد، جا منی بە عەباکەی خۆی داپۆشی، تا لەنێوان گوێ‌و شانی تەماشای حەبەشیەکان بکەم، پاشان لەبەر من رادەوەستا هەتا وەڕز دەبومو دەڕۆیشتم، کەواتە ڕێزی کچی نەوتەمەن بگرن، کە حەزی لە گەمەو یاریە))[2].

هەروەها گوتویەتی: ((قال لي رسول اللهﷺ: إني لأعلم اذا كُنتِ عني راضيةً، واذا كنت عليّ غَضْبَى.

فقلت: من أين تعرف ذلك؟!

فقال: اذا كنتِ راضية: فإنّك تقولين: لا وربِّ محمد... واذا كنت عليّ غضبى، قلتِ: لا وربِّ ابراهيم.))[3]، واتە: پێغەمبەری خوا پێی فەرموم: من دەزانم چ کاتێك تۆ لەمن ڕازی‌و، چ کاتێکیش لەمن تورەی.

دەڵێ: منیش گوتم: چۆن ئەوە دەزانی؟

---

١) پێویستە پیاو لە ماڵەوە لەگەڵ خێزانەکەی ڕوخۆش‌و دەم بە پێکەنین‌و سوعبەت چی بێ‌و، خۆشی‌و شادی بخاتە دڵی خێزانەکەیەوە، تا بارگرانایی‌و ناخۆشی‌یەکانی ژیان‌و نیش‌وکار سوك بکات، ئەوەش یاریدەی بەهێزکردنی پەیوەندی‌و خۆشەویستی ژن‌و مێرد دەدات.

٢) رواه البخاري ومسلم.

٣) رواه مسلم.

پێغەمبەر فەرموی: کاتێ لە من ڕازی، بەمن دەڵێی: نەخێر بە پەروەردگاری محمد... کاتێکیش لەمن تورە بی، دەڵێی: نەخێر بە پەروەردگاری ئیبراهیم.

خاتو عائیشە دەفەرموێ: ((قدم رسول اللهﷺ عن غزوة تبوك أو حنين، وفي صهوتي ستر، فهبت ريحٌ فكشفت ناحية الستر عن بنات لعائشة لُعَب. فقال: ما هذه يا عائشة؟ قالت بناتي! ورأى بينهنّ فرساً له جناحان من رقاع. فقال: ما هذا الذي أرى وسطهن؟! قالت: فرسي! قال: وما الذي عليه؟! قالت جناحان. قال: فرسٌ له جناحان؟! قالت: أما سمعتَ أن لسليمان خيلاً لها أجنحة؟ قالت: فضحك حتى رأيتُ نواجذه))[1]، واتە: پێغەمبەرﷺ لە جەنگی تەبوك یان حونەین گەڕایەوە. لەو خانوە بچکۆڵەی هەم بو پەردەیەکی پێوە هەڵواسرابو. کاتێك بایەك هەڵی کرد، یەکسەر پەردەکە لادراو هەندێك بوکی یاری کردنی عائیشە بەدیار کەوت.

پێغەمبەر فەرموی: عائیشە ئەوە چیە؟

گوتی: کچەکانمن!

پێغەمبەر لەنێوان ئەو لەعابانە ماینێکی بینی، کە لە قوماش دروست کرابو دو باڵی هەبو.

پێغەمبەر فەرموی: ئەدی ئەوەی لە ناوەڕاستیان دایە چیە؟!

خاتو عائیشەش گوتی: ماینەکەمە!

پێغەمبەر فەرموی: ئەدی ئەوە چیە لەسەری؟!

---

١) رواه أبوداود (صحيح).

ئەویش گوتی: دو باڵە.

پێغەمبەر فەرموی: ماین و باڵی هەبێ؟!

عائیشە گوتی: ئەدی نەتبیستوە سولەیمان ئەسپێکی هەبوەو باڵی بـوە.

دەڵێ: پێغەمبەر پێکەنی تا ددانەکانی بەدیار کەوت.

خاتو عائیشە (ڕەزای خوای لـێبێ) گوتویەتی: ((لە گەشتێکدا لەگـەڵ پێغەمبەری خوادا بوم ، دەڵێ: ئەوکاتە من لاواز بوم، پێغەمبەر بە یارانی فـەرمو: ئێـوە پێشـکەون، ئـەوانیش پێشـکەوتن، پاشـان فـەرموی: وەرە پێشبڕکێت لەگەڵدا بکەم! منیش پێشبـڕکێم لەگەڵدا کـردو لـێم بـردەوە.. دوای ئەمە -لەگێڕانەوەیەکدا- دەڵێ: خـۆی لـێ بـێدەنگ کـردم، هـەتا قەڵەو بوم و من ئەو پێشبڕکێیەم لەبیر کرد، جا لەگەڵیدا چـوم بـۆ سـەفەر، پێغەمبەر بە یارانی فەرمو: پێشکەون، ئەوانیش پێشکەوتن، پاشان گوتی: وەرە پێشبڕکێت لەگەڵدا بکەم، بـەڵام مـن ئـەوەی پێشـانم لـەبیر کردبـو، ئێستاش قەڵەو بوم. گوتم: ئەی پێغەمبەری خـوا! چـۆن مـن بـەو حاڵـەوە پێشبڕکێت لەگەڵدا بکـەم؟! پێغەمبـەر فـەرموی: هـەردەبێ بیکـەی، جـا پێشبڕکێمان[١] کردو پێغەمبەر لێی بردمەوەو دەسـتی کـرد بـە پێکـەنین و فەرموی: ئەمە بەرامبەر ئەوەی ترە (پاك لەپاك))[٢].

((كان رسول الله أفكه الناس))[٣].

---

١) ڕەنگە پێغەمبەر بە ئەنجامدانی ئەم پێشـبڕکێیە ژن و مێردان فێرە ئەوە بکات، کە هەر یەکەیان بە باشی بتوانێ لەگەڵ یەکتری، چێژ لە ژیانیان وەرگرن، کە پێکەوە بـە هەنـدێ شێوازی گەمەو لەهو و چالاکی هەسـتن، تـاوەکو هـەموو کـات ژیـانی ژن و مێردایـەتی لەسەر جدیەت بەردەوام نەبێ، نەبادا ئەو جدیـەتە ببێتە مایەی بێزاری!

٢) ئیمام ئەحمەد لە مسنەدو ئەبوداودو نەسائی گێڕاویەتیانەوە، فەرمودەیەکی (صحیح)ە.

٣) رواه الحافظ العراقي.

مەناوى لە (فيض القدير)دا لە راڤەى ئـەم فەرمودەيـەدا دەڵـێ: واتـە: پێغەمبەرى خوا، كە بگەڕابايەوە لاى خێزانەكانى لە هەمو خەڵكێك زياتر گاڵتەو گەپو سوعبەتى دەكرد.

خاتو عائيشە فەرموى: ((**إني لطخت وجـه سـودة بحريـرة ولطخـت سـودة وجـه عائشـة، فجعـل رسـول الله ﷺ يضـحك**))، واتـە: مـن (حريره)[1]م لە دەموچاوى سەودە هەڵسوى، سەودەش دەموچاوى عائيشـەى هەڵسوى، جا پێغەمبەريش بەم كردەوەيان پێكەنى.

((**كان أصحاب رسول الله ﷺ يتبادحون بالبطيخ، فإذا كانت الحقائق كانو هم الرجال**)) [2]، واتە: يارانى پێغەمبەر شەڕە كاڵەكيان دەكرد، لـە ڕاستيدا خۆ ئەوانيش پياو بون.

---

١) ئارد بە شير يان بە چەورى دەكرێتە چێشت.

٢) رواه البخاري في الأدب المفرد.

شادیەکانی ژن هێنان و داوەت کردن

(داوەت و نان دروست کردن پێویستە)

❁ بورەیدەی کوڕی حصیب گوتویەتی: لەو کاتەی عەلی خوازبێنی فاطیمەی کرد ڕەزای خوایان لێ بێ، پێغەمبەر خواﷺ فەرموی: ((أنه لابد للعِرس (وفي رواية للعروس) من وليمة))[١]، واتە: بۆ ژن هێنان پێویستە وەلیمە هەبێت، واتە خەڵك دەعوەت کردن بۆ نان خواردنی ژن هێنان.

❁ ((رأى رسول اللهﷺ على عبدالرحمن بن عوف أثر صفرة، فقال: ما هذا؟ فقال: تزوجت امرأة على وزن نواة من ذهب، فقال: بارك الله لك! أَوْلِمْ ولو بشاة))[٢]، واتە: پێغەمبەری خواﷺ شوێنەواری زەردایی بە عبدالرحمن ی کوڕی عەوف بینی، فەرموی: ئەمە چییە؟ گوتی: ژنێکم لەسەر کێشی یەك ناوکە زێڕ مارە بڕکردوە.
پێغەمبەر فەرموی: خوای گەورە لێت پیرۆز بکات! وەلیمەو داوەت بکە، با بە مەڕێکیش بێت.

١) رواه أحمد في المسند والطبراني والطحاوي. حديث صحيح.
٢) رواه الجماعة.

پێویستی بەدەمەوەچونی وەلیمە (نانی زەماوەند)[1]

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَٰكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانتَشِرُوا﴾ (الأحزاب- ٥٣)، واتە: بەڵام گەر داواتان لێ کرا بۆ نان خواردن ئەوا بچون، گەر خواردنتان خوارد بڵاوەی لێ بکەن.

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: **((فكوا العاني، وأجيبوا الداعي، وعودوا المريض))**[2]، واتە: گرێی گرفتاران بکەنەوە، بەدەم ئەو کەسەوە بچون کە بانگتان دەکات. سەردانی نەخۆش بکەن.

هەروەها دەفەرموێ: **((إذا دُعي أحدكم الى طعام فَليُجب، فان كان مفطِراً فليطعَم، وان كان صائماً فليدع))**[3]، واتە: گەر یەکێك لە ئێوە

---

١) لە گرنگترین مەبەستەکانی وەلیمە (نانی شایی) بەدیار خستنی مێردو، کۆبونەوەی خزمو کەسو هاوڕێیانە بەبۆنەی بوك گواستنەوە، بۆ خستنە ناوەوەی خۆشیو شادی بۆ دڵی گشتیو، موجامەلەکردنی زاواو پیرۆزبایی لێکردنیەتی، کە بەمەش هۆگرییو خۆشەویستی زیاد دەکات، کە چەند مانایەکن خوای گەورە زۆر مکوڕە لەسەر بەجێهێنانی.

لەبەر ئەوە نابێ هیچ کەسێك، کە بۆ وەلیمە بانگ کرا دوا بکەوێت. (عبدالله ی کوڕی عومەر پیاوێکی بۆ نان خواردن بانگ کرد، پیاوێك لە قەومەکە گوتی: من ببەخشە نایەم، ابن عمر گوتی: لەمەدا بەخشین نیە، هەڵسە! وەلیمە بە هەرچ خواردنێك بێت جائیزە، با گۆشتو نانی لەگەڵ نەبێت، هەروەها گەر مەڕیشی تێدا نەبو. پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کاتەی (صفية)ی گواستەوە، خەلکی بە خورماو رونو کەشکەك بانگ کرد، ئەوەبو خەڵکەکە تێریان خوارد.) بوخاری گێڕاویەتیەوە.

٢) رواه البخاري.

٣) رواه مسلم وأحمد في المسند.

بۆ نان خواردن بانگ کرا با بچێت. گەر بەڕۆژو نەبو با نـان بخـوات، گـەر بەڕۆژو بو با نەیخوات[١].

(پێغەمبەری خـوا ﷺ صـەفیەی کچـی حیـی گواسـتەوە، لـەو ڕۆژەدا خواردنێکیان دروست کرد، کە بـریتی بـو لـە خورمـاو ڕونو کەشـکەك)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: ((ئەو کەسـانەی دەوروبەرت بانگ بکـە)). ئـا ئەمـە بـو زەماوەنـدو وەلیمـەی پێغەمبـەر لـە ڕۆژی گواسـتنەوەی صەفیەدا) [٢].

حەرامـە تەنهـا دەوڵـەمـەنـدان بـۆ نـانی زەماوەند بـانگ بکرێن

پێغەمبـەر ﷺ فەرمویـەتی: ((شـر الطعام طعام الوليمة يدعى إليها الأغنياء، ويُمنعها الفقراء))[٣]!! ، واتـە: خـراپترین خـواردن، خـواردنی داوەتو وەلیمەیەکە، کە دەوڵەمەندی تێدا بانگ کرابێتو هـەژارانی تێـدا بانگ نەکرابێت.

١) لە کتێبی (المفصل في أحكام المرأة) بەرگی شەشـەم دا هـاتووە، کـە عبـداللهی کـوڕی عومەر گەر بۆ نانی زەماوەند بانگ کرابا، بە دەم بانگکردنەکـەوە دەچـوو، جـا ئەگـەر بەڕۆژو نەبا خواردنەکەی دەخوارد، گەر بەڕۆژوو با دوعای بۆ دەکردنو پیرۆزبایی لە خاوەن زەماوەندەکە دەکردو دەیگوت: (بارك الله لكم وعليكم)، پاشان دەڕۆیشت. -وەرگێڕ-

٢) رواه البخاري ومسلم.

٣) رواه البخاري ومسلم.

تەنها پیاوی چاك بۆ نانی زەماوەند بانگ بکرێ

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: ((لا تصاحب الاّ مؤمناً، ولا يأكل طعامك الاّ تقي))[١]، واتە: جگە لە باوەڕدار هاوڕێیەتی کەس مەکە، تەنها مرۆڤی پارێزکارو لەخوا ترسیش خواردنت بخوات.

با دەوڵەمەند کۆمەکی نانی زەماوەندی هەژاران بکات

ئەنەس دەربارەی ژن گواستنەوەی پێغەمبەرﷺ کە (صفية)ی هێناوە دەڵێ: ((ئوم سولەیم صەفیەی بۆ پێغەمبەر ئامادەکردو بەشەو بۆی گواستەوە، جا پێغەمبەرﷺ بەیانیەکەی بو بە زاواو فەرموی: هەرکەسێ شتێکی هەیە با بیهێنێ (لە گێڕانەوەیەکی تردا: هەرکەسێ شتێکی لەخۆی زیادەیە، با بۆمان بێنێ).

ئەنەس گوتی: رایەخێکی لە پێست دروستکراوم راخست، جا پیاوی وا هەبو کەشكو پەنیری دەهێنا، هەبو رۆنی دەهێنا، هەبو خورمای دەهێنا، جا هەمو ئەمانەیان تێکەڵ کردو کردیانە خۆراکێك، ئنجا دەستیان کردو بە خواردنیو لە ئاوی باران ئاویان دەخواردەوە، کە لەو حەزانە دابو، کە لە تەنیشتیان بوو ئەمەش وەلیمەی پێغەمبەر بو ﷺ))[٢].

---

١ رواه ابوداود والترمذي وأحمد في المسند والحاكم حديث صحيح.

٢) رواه البخاري ومسلم وأحمد في المسند والبيهقي، مع اختلاف الروايات.

بورەیدە گوتی: لەوکاتەی پێغەمبەری خواﷺ فەرمانی بە عەلی کوڕی ئەبوتالیب کرد، کە وەلیمە بکات، بەلاّم ئەو لە توانایدا نەبو، سەعد گوتی: من بەرانێك دێنم، فلاّنەکەس گوتی: ئەوەندەو ئەوەندە گەنمە شامی دێنم، لە گێڕانەوەیەکی تردا: هەندێ لە ئەنصاریەکان چەند صاعێك لە گەنمەشامیان کۆکردەوە.

ئەو کەسەی ئامادەی نانی زەماوەند دەبێت

ئەو کەسەی ئامادەی نانی زەماوەند دەبێت، پێویستە بە زاوا بڵێت: (بارك الله لك، وبارك عليك، وجمع بينكما في خير)[١].

پاشان دوعا بۆ خاوەن وەلیمەکە دەکات، بە یەکێك لەم دوعایانە:

١- (اللّهم اغفر لهم، وارحمهم وبارك لهم فيما رزقتهم)[٢].

٢- (اللّهم أطعم من أطعمني واسقِ من سقاني)[٣].

٣- (أكل طعامكم الأبرار، وصلّت عليكم الملائكة، وأفطر عندكم الصائمون)[٤].

---

١) رواه ابو داود والترمذي حديث صحيح.

٢) رواه مسلم وابوداود وابن ابي شيبة.

٣) رواه مسلم والحاكم (حديث صحيح).

٤) رواه الحاكم والطحاوي (صحيح).

به‌هیوای به‌یه‌كــه‌وه گونجان و كــوڕی
بــه دوادابێ ئه‌مــه پیـرۆزبـایی جاهیلانــه

(عن الحسن بن عقيل بن أبي طالب أنه تزوج امرأة، فدخل عليه القوم فقالوا: بالرفاء والبنين[١]، فقالك لا تفعلوا ذلك! فإن رسول الله ﷺ نهى عن ذلك)[٢].

له حه‌سه‌نی كوڕی عقيل ی كوڕی ئه‌بو طـالبـه‌وه، كـه ژنێكـی مـاره‌بڕ كردوه، جا قه‌ومه‌كه هاتونه‌ته لای و گوتویانه: به‌هیوای به‌یه‌كه‌وه گونجـان و نانه‌وه‌ی كوڕ، ئه‌ویش گوتی: ئه‌وه مه‌ڵێن، چـونكه پێغه‌مبـه‌ری خـوا ﷺ نه‌هی له‌مه كردوه.

١) (ابن القيم) لـه كتێبه‌كه‌يـدا (تحفـة المـودود بأحكـام المولـود) گوتويـه‌تی: له‌سـه‌رده‌می نه‌فامی له پیرۆزبایی كردنی ژنهێنان ده‌یانگوت: (بالرفـاء والبـنين)، بـه‌و هیوایـه‌ی ئـه‌م زه‌واجه ببێته مایه‌ی یـه‌كگرتن و به‌یه‌كـه‌وه گونجـان و كـوڕی بـه‌دوادا بـێ.. نابـێ پیـاو پیرۆزبایی ژنهێنان به‌وه بكات، بڵێ كوڕت بێ و كچی له‌گه‌ڵ نـه‌بێ، به‌ڵكـه ده‌بـێ بڵـێ به‌هیوای بونی كوڕ وكچ، یان هه‌ر واز له‌و جۆره پیرۆزبایی كردنـه بێنـێ، تـا خـۆی لـه‌م نه‌رتـه نه‌فامیه ده‌رباز بكات، چونكه زۆربـه‌ی نه‌فامـه‌كان پیرۆزبـایی نانـه‌وه‌ی كوڕيـان ده‌كردو، هیوای مردنی كچيان ده‌خواست، كه هێشتا له‌دایك نه‌بوه.

(ابوبكر بن المنذر) له كتێبی (الأوسط)دا ده‌ڵێ: (له حه‌سـه‌نی به‌صـری گێڕاویانه‌تـه‌وه: پیـاوێك هاتۆته لای، پیاوێكیش له‌لای بوه، كه كوڕێكی له‌دایك بـوه، جـا پـێی گـوت: سوارچاكت پیرۆزبێ، حه‌سه‌نی به‌صری پێی گوت: تۆ به چ ده‌زانی سوارچاكه یان كـه‌ره؟! كابرا گوتی: ئه‌دی چۆن بڵێین؟ گوتی: بڵێن: (بورك لك في الموهوب، وشكرتَ الواهب، وبلغ أشُدَّه، وَرُزِقتَ بِرّه والله أعلم).

٢) رواه إبن أبي شـيبة والنسائي وإبن ماجة وغيرهم (صحيح).

بەباشـی ڕەفتــار کردن لەگەڵ خێزان

پێغەمبــەرﷺ دەفــەرموێ: ((خیـرُكم خیـرُكم لأهلـه[١]، وأنا خیـركم لأهلـي))[٢]، واتە: باشترین کەستان ئەو کەسەیە، کـە لەگـەڵ خێزانەکـەی بەباشی هەڵسوکەوتو ڕەفتار دەکات، منیش لە هەموانتان زیـاتر لەگـەڵ خێزانەکەم باشم.

هەروەها دەفەرموێ: ((أكمل المؤمنين ايماناً احسنهم خلقاً وخيارهم خيارهم لنسـائهم)).[٣]، واتە: تەواوترین باوەڕی باوەڕدار ئەو کەسەیە، کـە ڕەوشتی لە هەموان باشتر بێو، باشترینیشیان ئـەو کەسـانەن، کـە لەگـەڵ ژنەکانیان بەباشی هەڵسوکەوت دەکەنو جوان ڕەفتارن.

ئەنەس ڕەزای خوای لـێ بێ دەڵێ: ((قدم رسول اللهﷺ من خيبر فلما فتح الله عليه الحصن ذُكِر له جمال صفية بنت حيي، وقد قتل زوجها، وكانت عروساً. فاصطفاها رسول اللهﷺ لنفسه، فخرج بها حتى بلغنا سدَّ الصهباء حلَّت، فبنى بها، ثم صنع حيساً في نطع صغير، ثم قال رسول اللهﷺ: (آذن من حولك). فكانت وليمة رسول اللهﷺ على صفية.. ثم

---

١) یەکێ لە زانایان دەڵێ: گەر باشترین کەس ئەو کەسانە بێ، کە لەگـەڵ خێزانیـان بـاش ڕەفتارن، هەروەك لە فەرمودەدا هاتوە، کەواتە هەرکەسـێ پێچـەوانەی ئەمـە بـێ، ئـەو کەسە خراپترین کەسە.

٢) رواه الطبراني (صحيح).

٣) رواه الترمذي وحسنه وهو كما قال.

خرجنا الى المدينة، فرأيت رسول اللهﷺ يُحَوِّي لَهَا وراءه بعباءةٍ، ثُمَّ يجلس عند بعيره فيضع ركبته، فتضع صفيةُ رجلَها على ركبته حتى تركب!))[1] ، واتە: پێغەمبەرﷺ لە خەیبەر هاتەوە لەو کاتەی، کە خوای گەورە فەتحی خەیبەری پێ بەخشی. جا باسی ڕێكوپێكیو جوانی کردەوەی صەفیەی کچی حەیی کرا، کە مێردەکەی کوژرا بو و تازەبوك بو. پێغەمبەرﷺ صەفیەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە خێزانی. پێغەمبەر صەفیەی لەگەڵ خۆی بردە دەرەوە تا گەیشتنە (سد الصهباء)و لەوێ گواستیەوە. پاشان خواردنێکی لەسەر ڕایەخێکی بچوکی لەپێست دروست کراو ئامادەکرد، کە لە خورماو (کەشکەك)و ڕۆن پێك هاتبو. پێغەمبەرﷺ فەرموی: (ئەوانەی لە دەوروبەرتن بانگیان بکە).. ئا ئەوە بو خواردنی ڕۆژی ژن گواستنەوەی پێغەمبەر.

ئەنەس دەڵێ: لە دواییدا ڕۆیشتین بۆ مەدینە، پێغەمبەرم بینی بە عەبایەکەی پەنای لێکردو لەلای حوشترەکەی دانیشتو چۆکی دادەنا، صەفیەش پێی لە سەر چۆکی پێغەمبەر دادەنا، تا سواری حوشترەکە ببێ.

کاتێك ئیمامی عەلی داخوازی فاطیمەی کچی پێغەمبەری کرد، پێغەمبەر پێی فەرمو: ((هي لك على أن تُحسن صُحْبَتَها))[2]، واتە: فاطیمە بۆ تۆیە، بەڵام بە مەرجێ لەسەرت پێویستە بە چاکیو بەباشی لەگەڵیدا ژیان ببەیتە سەرو مامەڵەی لەگەڵ دا بکەی.

١ رواه البخاري ومسلم.

٢) رواه الطبراني (حديث صحيح).

خاتو عائیشه فەرمویەتی: ((كان رسول الله يكون في مهنة أهله،[١] فاذا حضرت الصلاة خرج الى الصلاة))[٢]، واتە: پێغەمبەرﷺ لە خزمەتی خێزانەکەیدا بوەو خۆی پێڵاوەکانی پینە کردووەو بۆ خۆی خزمەتی خۆی کردوەو مەڕەکەشی دۆشیوە.[٣]، لەو کاتەش کە کاتی نوێژ بهاتایە دەچو بۆ نوێژ.

١) چەند شتێکی جوانە پیاوان پێغەمبەر بکەنە سەرمەشقی خۆیانو لەکاتی بەتاڵیدا یارمەتی ژنەکەیان بدەن لەکاروباری ماڵەوەدا، پێغەمبەری خوا منداڵەکانی هەڵدەگرتو گەمەی لەگەڵدا دەکردن.

٢) رواه البخاري ومسلم.

٣) ئەبو نەعیم لە کتێبی (الدلائل) و (الواحدي) بە سەنەدێك دەریهێناوە لە خاتو عائیشەوە، کە گوتویەتی: ((ما كان أحد أحسن خلقاً من رسول اللهﷺ ما دعاه أحد من أصحابه ولا من أهل بيته الاّ قال: لبيك، لذلك أنزل الله ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾))، واتە: هیچ کەسێك وەك پێغەمبەرﷺ ڕەوشتی جوان نەبوە. لە کاتێکدا هەر یەکێك لە هاوەڵەکانی، یان لە خێزانەکانی بانگیان بکردایە، لە وەڵام دا دەیفەرمو: لە خزمەت دام. لەبەر ئەوەش بو خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە کە دەفەرموێ: بەڕاستی ئەی محمد تۆ لەسەر ئاکارو ڕەوشتی هەرەبەرزو گەورەی. بڕوانە (تفسير وبيان مع أسباب النزول) للسيوطي لاپەڕە (٥٠١). (وەرگێڕ)

چۆن مامەڵـە لەگەڵ ئەو خێزانە دەکـەی کە خۆشـت نـاوێ[1]

خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا﴾ (النساء- ٣٤)، واتە: گەر ژن گوێڕایەڵی مێردەکەی بو لە هەمو ئەو شتانەی دەیەوێت، کە خوای گەورە بۆی حەڵاڵ کردوە، ئەو کاتە پیاو بۆی نیە لێـی بداو سەرجێیی لەگەڵ نەکات.

تەواوی ئایەتەکەش هەڕەشەیە بۆ پیاوان گەر بەبێ هـۆ زۆریان لەسـەر بکەن.

﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾ (النساء- ١).

واتە: خوا هەمیشە چاودێرە بەسەرتانەوە.

﴿وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ (البقرة- ٢١٦).

واتە: ڕەنگە لە شتێك حەز نەکەن، بەڵام بۆتان وەخێرگەڕێ.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((لا يَفْرَكْ مؤمنٌ مؤمنةً! إن كرهَ منها خُلقاً رضيَ منها آخَرَ))[2].

واتە: پیاوی بڕوادار با رقو کینەی بەرامبەر بە ئافرەتی بڕوادار نەبێت!

١) حەسەنی بەسـری دەڵێ: کچـەکەت بەشو بدە بە دیندارێك، گەر خۆشی ویست ڕیزی دەگرێ، گەر حەزی پێنەکرد ستەمی لـێ ناکات.

٢) رواه مسلم وغيره.

گەر لە ڕەوشتێکی ناڕازی بێو شتێکی پێ ناخۆش بێ، ئەوە ڕەوشتێکی تری بە دڵەو ڕازی دەکات[1].

---

١) ئەم فەرمودە گەورەیە ئاماژە بۆ کارێکی گرنگ دەکات، کە پێویستە پیاو (مێرد) بیزانێ، هەروەها ژنیش. هەر یەکێك لە ژنو مێرد بڕوای بە پێویستی داواکردنی ژیانێکی بەختیاریو تێروتەواو لە یەکتری هەبێ هۆیەکە بۆ سەرکێش کردنی زۆربەی کێشەو گرفت.

ئەوەی غەریبە، ئەوەیە کە زۆر ژنو مێرد هەیە خۆپەرستە، داوای بەختیاری بۆ خۆی دەکات، بێ بیرکردنەوە لە بەختیاری هاوژینەکەی، ئەوە لەبیر کراوە، کە لە بەخشیندا بەختەوەریەك هەیە کە هیچی کەمتر نیە لە وەرگرتن! ئەو ژنە یان ئەو مێردە چەند بەختەوەرە، کە خۆی بەخۆڕاگریو ئارامگری دەڕازێنێتەوە. چونکە لە ژیانی ژنو مێردایەتیدا بەربەستو لەمپەر دێنە سەر ڕێی هەریەك لە ژنو مێرد، جا خۆڕاگریەکە دەبێتە هۆی زەلیل کردنی هەمو ئەو شتانە. بەڵام هەڵەشەیی زو هەڵچون ترسناکی زۆری تێدایە، کە زۆر بە خێرایی خێزان بەرەو لێك هەڵوەشاندن دەبات.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەم فەرمودەیەدا ئاڕاستەی هەر یەکێك لە ژنو مێرد دەکات، بە تەساهولو ئاسان کردن مادام لە توانادایە بکرێ، گەر هەر یەکێکیان ڕقیان لە سیفەتێکی یەکتریان دەبێتەوە، ئەوە سیفاتی جوانی تر هەیە، کە دەبێتە تکاکار بۆ ئەو کەسە. بەمەش گونجاندنو یەکتری ویستن دروست دەبێتو خێزان پارێزراو دەبێت، بیر کردنەوە لە چارەنوسی منداڵەکانو ئازاری لێك جیابونەوە، هەمو ئەوانە دەبێتە مایەی تەنازول کردنی هەر یەکێك لە ژنو مێرد لە شتێك لەو بەختەوەری یەی، کە دەیەوێت، ئەمەش لە پێناوی بەردەوام بونی ژیانی هاوسەریەتی یە، ئەوەش ئەرکێکی ئایینی یە نەك تەنها ڕابواردن!!

لە کتێبی (صید الخاطر)ی ئیمام (ئیبن الجوزی) (٥٤٢/٣) چاپی (دار الفکر) دەربارەی ئەم مەسەلەیە شتێك نوسراوە، لەژێر سەردێڕی (چۆن مامەڵە لەگەڵ خێزانێك دەکەیت کە خۆشت ناوێت) کە گوڵبژێرێکی لێ باس دەکەین:

پیاوێك هاوسەرەکەی خۆش نەدەویستو سکاڵای دەکرد، گوتی: لەبەر چەند شتێك ناتوانم لێی جیا ببمەوە وەك: قەرزی زۆری بەسەرمەوە هەیە، من ئارامیم کەمە، زمانم لە سکاڵاکردن ڕاناوەستی، لەبەر چەند وشەیەك کە خۆی دەزانێ ئەوم خۆش ناوێت. پێم

ئوم کەلثومی کچـی عوقبـە گوتویـەتی: ((ما سَمعتُ رسولَ الله ﷺ رخَّص في شيء من الكذب الاّ في ثلاث: الرجل يقول القول يريد به الإصلاح، والرجل يقول القول في الحرب، والرجل يحدِّث امرأته، والمرأة تحدِّث زوجها))[1]، واتە: گوێم لە پێغەمبەری خوا نەبوە لە هیچ شتێك ڕێگە بەدرۆ بدات، مەگەر لە سێ کات نەبێ: ١- پیاو قسەیەك دەکات بە مەبەستی چاکردنەوەی نێوان دو کەس، ٢- لەکاتی جەنگ دا،

گوت: ئەمە بەو شێوەیە سودی نیە، دەبێ لە ڕێی دەرگاوە بچیتە ماڵەوە، پێویستە بەخۆت دابێیەوە بزانیت ئەو ئافرەتە بەهۆی گوناهەکانتەوە بەسەرتدا زاڵ کراوە (زۆرجار ئاواش نیە چونکە خێزانی زۆر لە پیاوچاکان خراپن!) جا زۆر عوزر بێنەوەو تەوبە بکە، بەڵام ناڕەزایی دەربڕینو ئازاردان هیچ سودێکی نیە، وەك حەسەنی کوڕی حجاج گوتویەتی: ئەوە سزایەکی خوای گەورەیە بۆتان دەنێرێ، ئێوە بە شمشێر بەرامبەر بەم سزایە مەوەستن، بەڵکو بە داوای لێخۆشبون پێشوازی لێ بکەن.

ئەوەبزانە تۆ لە شوێنی ئەو کەسەدای، کە توشی بەڵا بوە، بە خۆڕاگریت پاداشت وەردەگریت ﴿وَعَسى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ﴾ ئارام بگرە لەسەر ئەوەی، کە خوای گەورە دەینێرێ، داوای دەروی ڕەحمەتی لێ بکە.

گەر داوای لێخۆشبونو تەوبەکردن لە گوناهو تاوانو ئارام گرتن، خوا بەسەرت دێنێو، کۆیکەیەوە، ئەوا سێ جۆرە هونەر لەخواپەرستی دەستەبەر دەکەیت، کە هەر یەکێکیان پاداشتی لەسەر وەردەگیرێ، ڕۆژگار بە شتێك بەسەر نەبەیت، کە بێسود بێت، واش گومان نابەیت کە ئەوەی لە قەدەر نوسراوە، دەبێ نرخەکەی بدەیت: ﴿وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ﴾(الأنعام- ١٧).

بەڵام سەبارەت بە ئازاردانت بۆ ژنەکەت ئەوە هیچ پاساوی بۆ نیە، چونکە ئەو زاڵ کراوە، یا سەرقاڵیت بە شتی ترەوە بێت.

پیاوەکە گوتی: ئەم ژنە منی لە ڕادەبەدەر خۆش دەوێ، لە خزمەت کردنم زیادەڕۆیی دەکات، کەچی بوغزو قینم بۆی لە سروشتمدا جێگیر بوە.

پێم گوت: داوا لە خوا بکە خۆڕاگربیت، کە بەهۆیەوە پاداشت بەدەست دێنی.

١) رواه مسلم.

٣- کاتێ پیاو قسە بۆ خێزانەکەی دەکات و، ژنیش قسە بۆ مێردەکەی دەکات.

وا دەبینم کە درۆ لە نێوان ژنو مێردد‌ا جائیزە، گەر مەیلیان بەلای یەکتری یەوە نەبێت، کە هەر یەکەیان خۆشەویستی بۆ ئەوی تر دەربڕێت. ئەمەش لەپێناو لەنگەرگرتنی کەشتی ماڵو پەروەردەی منداڵانە.

رەنگە ئەو مەیلە لە ئەنجامی مومارەسەو سۆزی دەستکردە وە بگۆڕێ بۆ خۆشەویستی یەکی ڕاستەقینە.

(پیاوێك بە خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابی گوت: من هاوسەرەکەم خۆش ناوێت! ئەویش گوتی: ماڵ بە تەنها لەسەر خۆشەویستی بنیات نانرێ!).

کەواتە پێویستە لەسەر پیاو واز لە منگەرایی(أنانیة)ی خۆی بێنێ، ئەوەش لەپێناو ئاییندەی منداڵەکانیەتی، بەتایبەتی ئەگەر ئەم بوغزو خۆش نەویستنە لەدوای زەواجەوە دروست بوبێ‌و، خێزانەکەی خۆشی بوێ‌و بە هەمو مافەکانی هەڵبستێ.

وا چاكە پیاو لەگەڵ هاوسەرەكەی نەرمو نیان بێ

((كان أزواج النبّي ﷺ يراجِعْنَهُ الكلامَ، وتهجُره إحداهن إلى اللَّيل! وجرى بينه وبين عائشة كلام، حتى دخل أبوبكر حكماً بينه ﷺ وبينها، فقال لها رسول الله ﷺ : تكلمي أو أتكلم؟ فقالت: تكلم أنت. ولا تقل إلاّ حقاً! فلطمها أبوبكرﷺ حتى أدمى فاها وقال: أوَ يقول غير الحق يا عدوة نفسها؟! فاستجارت برسول الله ﷺ وقعدت خلف ظهره!! فقال النبّي ﷺ: إنا لم نَدْعُكَ لهذا، ولم نُرِدْ منك هذا))[١]، واتە: خێزانەكانی پێغەمبەرﷺ گلەیی‌و گازاندەو نارەزایی‌یان دەردەبڕی، هەر یەكێك لە خێزانەكانی تا شەو قسەی لەگەڵ نەدەكرد.

ڕۆژێك لە نێوان پێغەمبەرو خاتو عائیشە دەمەقاڵێەك ڕویدا، كە بوە هۆی ناكۆكیەك، جا بانگی ئەبوبەكر كراو، بوە ناوبژیوان لە نێوانیاندا.

پێغەمبەرﷺ بە عائیشەی فەرمو: تۆ یەكەم جار قسەی دەكەی یان من قسە بكەم؟

عائیشە گوتی: تۆ قسە بكەو بەڵام ئەوەی ڕاست نەبێ نەیڵێی!

ئەبوبەكر بەهۆی ئەو قسەیە زللەیەكی لە عائیشە داو دەمی بەخوێن هات، گوتی: ئەدی لە حەق‌و ڕاستی زیاتر شتی تر دەڵێ؟!

جا عائیشە خۆی پەنادایە پاڵ پێغەمبەرو لە پشتیەوە دانیشت.

---

١) رواه البخاري.

پێغەمبەریش بە ئەبوبەکری فەرمو: (ئێمە تۆمان بۆ ئەوە بانگ نەکردوەو، ئەوەشمان لە تۆ نەدەویست)).

خاتو عائیشە گوتی: ((مرة، وقد غضبت فقلت: أنت الذي تزعم أنّك نبيّ؟! فتبسم رسول الله ﷺ واحتمل[١] ذلك حلماً[٢] وكرماً))[١]، واتە:

---

١) لە کتێبی (الاسلام والحياة الجنسية)ی دکتۆر محمود بن الشريف کە مامۆستای تەفسیرو علومی قورئانە لە زانکۆی ئەزهەر، سەنعاداو نوسیویەتی: (جاء رجل الى عمر بن الخطاب يشكو إليه خلق زوجته فسمع امرأة عمرتستطيل عليه بلسانها -وهو ساكت- ورآه عمر متصرفاً فناداه: ما حاجتك يا أخي؟ قال: جئت أشكو إليك استطالة زوجتي عليّ، فسمعت زوجتك تستطيل عليك كذلك!! فأجاب عمر: تحملتها لحقوق لها عليّ: فإنها طباخة لطعامي، خبازة لخبزي غسالة لثيابي، مرضعة لولدي. وليس ذلك واجب عليها، ويسكن قلبي بها عن الحرام. قال الرجل: وكذلك زوجتي، فقال عمر له: تحملها اذن يا أخي فإنما هي مدة يسيرة والعهد قريب)، واتە: پیاوێك هاتە لای عومەری کوڕی خەتتاب، تا سکاڵای لە لا بکات سەبارەت بە هەڵسوکەوتی خراپی خێزانەکەی. پیاوەکە گوێی لە خێزانەکەی عومەر بو، کە لەسەر ئیمامی عومەر زمانی درێژدەکرد، ئیمامی عومەریش بێدەنگ بو. کاتێك پیاوەکەی بینی دەڕوات، بانگی کردو پێی گوت: براکەم! چیت دەوێ؟ ئەویش گوتی: هاتوم زمان درێژی خێزانەکەمت لە لا باس بکەم، کەچی گوێم لە خێزانەکەی تۆش بو زمان درێژی لەسەر تۆ دەکرد!!
عومەریش فەرموی: بۆیە تەحەممولم کردوە لەبەر ئەو مافانەی، کە بەسەرمەوەی هەیە: بۆتە چێشت لێنەر (طباخ) بۆ خواردنم، بوەتە نانەوا بۆ نانم، بۆتە جل شۆر بۆ جلەکانم، بۆتە دایەن بۆ شیردانی منداڵم، لە کاتێکدا کە ئەوانەی لەسەر پێویست نیە بیانکات. هەروەها بۆتە سوکنایی دڵم لە حەرام واتە دەم پارێزێ لە داوێن پیسی. پیاوەکە گوتی: خێزانەکەی منیش بەهەمان شێوە وایە.
عومەر فەموی: مادام وایە تەحەمولی بکە چونکە ئەوە ماوەیەکی کەمەو بەسەر دەچێ. (وەرگێڕ)

٢) ئەم تەوجیهەی پێغەمبەر ﷺ چەند جوانە، کە بەهۆی نەرم و نیانیەوە ماڵی کردە بەهەشت، کە ئاشتی باڵی بەسەردا کێشا، تا ژیانی ژن و مێردایەتی بەردەوام بێت. جا گەر هەریەکێك لە ژن و مێرد توڕەبو، پێویستە یەکێکیان خۆی ڕاگرێ و نەرم و نیانی بنوێنێ، چونکە حاڵەتی توڕە وەك سەرخۆش وایە، نازانێ چ دەڵێ و چ دەکات، شەیتان

جارێك تورە بوم بە پێغەمبەرم گوت، ئەوە تۆ خۆت بە پێغەمبەر دادەنێی؟!

پێغەمبەریش خەندەیەکی کردو بە ئارامیو نەرمو نیانیو ڕێزەوە خۆی ڕاگرتو تەحەمولی قسەکەی کرد.

دیارە نەرمو نیانیو ئارام گرتن لەسەر ژن، وەرزشێکی دەرونیەو شکاندنی تورەییو ڕەوشت جوان کردنە، چونکە ئەوکەسەی بە تەنها خۆیەتی، ناتوانێ ئارامگری خۆی تاقی بکاتەوەو عەیبەکانی خۆی بزانێو بە ئاشکرا ببینێ، کەواتە ئەوکەسەی ڕێگەی ڕۆژی دوایی گرتبێتە بەر، گەر ڕوبەڕوی هەندێك لەمە ببێتەوە زیانی پێناگات، چونکە بە ئارام گرتن لەسەری، فێری خۆسازاندنو بەباشی مشورگێڕیو ڕوبەڕوبونەوەی حاڵەتەکان دەبێتەوە، کە دەرونی پێی ڕازیو بێگەرد دەبێ، ئەمەش لە سودەکانی هاوسەرگرتن (زواج)ە.

جا هەرچەندە پێویستە پیاو دەرهەق بە هاوسەرەکەی نەرمو نیانی بێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ مرۆڤ بەدەست بەستراوی بوەستێو ژنەکەی بەئارەزوی خۆی خراپەکاری بکات، پیاویش لە دڵی خۆیدا بڵێ: هەر ئارام دەگرم.. نەخێر.. ئەمە مەبەست نیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بە نەرمیو بەهێدی شتی پێ بڵێی، چونکە خراپە بە خراپە چارەسەر ناکرێ لە کاتێك، کە هەردوکتان لە حاڵەتی هەڵچوندان.

ئالێرەدا دەبێ ئارام بگریو هێمن بی، پاشان گەر خەفەت و

بەسەریدا زاڵ بوە. لەبەر ئەوە نابێ ببینە یاریدەدەری ئەم نەفرەت لێکراوە بۆ کەسی تورەبو، چونکە دوژمنایەتیو ڕقەبەرایەتی زیاتر دەکات، کە ڕەنگە ببێتە مایەی پچڕانی شیرازەی خێزان!

١) (صحيح).

ناخۆشییەکە نەما، لە چرکەساتی بێگەردیدا هەل بقۆزەوەو بە حیکمەتـەوە بە ئاسانیو سانایی پێی دەڵێی، کە دەبوایە ئاوات رەفتار بکردایـە.. جـا لەم چرکەساتانەدا نابێ سزای بدەی، نابێ توندوتیژ بی، بەڵکـە بـە نـەرمو نیانیو لەسەرخۆیی یەوە سەرزەنشتی بکەی.. گەر ئاوا بکەی ئەنجامگیریەکی باشی دەبێ، چونکە ئەم جۆرە ڕەفتارانە تاقی کراوەتەوەو هەرواشە.

پـایەبـەرزی ئـافـرەت(١)

﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾(البقرة– ٢٢٨)، واتـە: ئافرەتان مافیان هەیەو بەشیان هەیە، وەك کە مافیان بەسەرەوە هەیـە بـە

---

١) ئیسلام جاڕی دا.. پێویستە کەرامەتی ئافرەت بپارێزرێ، کە خۆی دایکـە، هاوسـەرە، هاوبەشی ژیانە، لەبەر ئەوە ئافرەت بە پیاو نابەخشرێ بۆ هەندێ کات پـێی راببـوێرێ، پاشان فڕێی بداتە ئەم لاوە، ڕێگە نادرێ لە یەك کاتدا بۆ چەند پیاوێك بێـت! پێویسـتە ڕێزی گەورەیی یەکەی بگیرێ، نابێ بکرێتە هاوسەری یەکێك، کە خۆی پێی رازی نەبێت، کە لەگەڵیدا بە هاوبەشی دەمێنێتەوە، نەك تەنها بۆ خۆشی لـێ وەرگرتنی بێت..
(محمد رسول الحرية)ی شەرقاوی.
ئەم جۆرە سوکایەتیە پێش ئیسلام هەبو.
مامۆستا محمد غەزالی لە کتێبەکەی (رکـائز الإیمـان بـین العقـل و القلـب) گوتویـەتی: ﴿ئیسلامی بەرزو گەورە، هاتو میهرەبانی یەکەی ژیانی ئافرەتی گرتەوە، ستەمی پیـاوە دڵ ڕەقەکانی لەسەر هەڵگرت. مرۆڤایەتی ئـافرەتی بـە گیـانو جەسـتەوە رزگـار کـرد، لەوکاتەی ڕێگەی لەبەردەمدا خۆش کرد، کە زانیاری بـە ئـارەزوی خـۆی زیـاد بکـات، مافەکانی دارایی پاراست، ئافرەتی پەیوەست کرد بە پەیامی ئومەی گـەورەو بانگـەوازە گشتی یەکەی، ئافرەت لە ئاشتیو جەنگدا، ڕەگەزێکی کاریگەرەو پشتێکی بەهێزە. لـە چوارچێوەی یاساکانی ئیسلامدا هۆشیاری ئافرەت هیچی کەمتر نیە لە هۆشیاری پیاو بە کێشەکانی دینو دنیا.
ئافرەتەکانی صەحابەو تابعین بە تێکۆشانی ئیسلام لە خاکی دورگە (جزیرة)دا دژی بت پەرستی نەزان نەبون، یان بە تێکۆشان دژی فارسو ڕۆمەکان نەزان نەبون.
بەڵام دابەشبونی بارگرانایی بەسەر هەردو رەگەز، بەشیان لـە کولـە مـەرگی وەرگـرت بەبێ جەورو ستەم.
ئیسلام پێش هەمو شتێك ئافرەت وەك ئافرەتی ماڵەوە، وەك خێزانی پاڵەوانو دایکـی شەهید دەناسێ!... ئەوە ڕەت دەکاتـەوە ئـافرەت بکاتـە سـەرباز بـۆ رابـواردن وەك لـە ئەوروپا لە جەنگە دوایی یەکەی کردی، وەك کە لەکاتی ئاشتی دەیکات﴾.

چاکە، پیاوانیش بە پلە یەك مافیان بەسەر ئافرەتانەوە هەیە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((إنما النساء شقائق الرجال))(١)، واتە: ئافرەتان لەتو نیوەی پیاوانن(٢).

(عومەری کوڕی خەتتاب گوتی: بە خوا ئێمە لە جاهیلیەتدا هیچ شتێکمان بۆ ئافرەت دانەدەنا، هەتا ئەو کاتەی خوای گەورە ئایەتی دەربارەیان نارده خوارەوەو ئەوەی لە ماف هەیە بۆی دابەشکردن. دەربارەی کارێك قسەم وەردەگرت، خێزانەکەم پێی گوتم: گەر ئاوا بکەی ئاوا باشە!

منیش پێم گوت: تۆ چ پەیوەندیت بەمەوە هەیە؟ لە بارەی دینەوە تەکلیف کراوی؟!

ئەویش گوتی: کوڕی خەتتاب! جێی سەرسوڕمانە تۆ ناتەوێ قسە لە کارت بکرێ؟! خۆ کچەکەت قسە لە قسەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات،

---

١) رواه أحمد في المسند وأبو داود والترمذي حديث صحيح.

٢) لەو کاتەی کە ئیسلام پایەی ئافرەتانی بەرز کردەوەو کردنی بە نیوەی پیاوان. کۆنگرەیەك بەسترا لە فەرەنسا لە ساڵی (٥٨١) بە واتای لە سەردەمی کۆچی پێغەمبەردا، کە ئەندامانی ئەو کۆنگرەیە جیاوازیان هەبو سەبارەت بەوەی، کە ئایا ئافرەت ئادەمیزادە، یان نا. لە کۆتاییدا کۆنگرەکە بڕیاری دا ئافرەت ئادەمیزادە، بەڵام بۆ خزمەتی پیاوان دروست بوە! کەچی ئیسلام ئافرەتی کردە پاشای ماڵەوە بۆ هەڵسان بە ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ، کە ترسناکی پیرۆزە!

پیاو فەراهەم هێنراوە بۆ خزمەتکردنی لە ژیان دا.. کەواتە با کوێر بن ئەوانەی بە بیانوی داواکردنی مافەکانی ئافرەت داوای دەرچونی لە ماڵەوە دەکەن، بۆ ئەوەی ببێتە گاڵتەجاڕی ئارەزوی خۆی‌و ئارەزوی ئەوانو، ببێتە حەماڵ‌و پێلاوسڕەوەو ئاودەست پاککەرەوە، کە ئەمە حاڵی زۆر لە ئافرەتانی ڕۆژئاوایە! دەرکردنی ئافرەت لە ماڵەوە ڕوخاندنی گەورەترین کارخانەی پێگەیاندنی پیاوانە. ئافرەت دروستکەری پیاو و دامەزرێنەری پاڵەوانانی جەنگە!

هەتا ئەو کاتەی کە ڕۆژەکەی بە توڕەیی دەباتە سەر.

ئیمامی عومەر فەرموی: عەبایەکەم هەڵگرت و چومە لای حەفصەو پێم گوت: کچەکەم! ئایا تۆ قسە لە قسەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەیت هەتا وای لێ دێ کە ڕۆژەکەی بە توڕەیی بباتە سەر؟!

گوتی: ئێمە بە خوا قسە لە قسەی دەکەین)[1].

١) بوخاری گێڕاویەتیەوە

بنەماکانی وەرگرتنی ئافرەت لە ئیسلامدا

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[1] (الممتحنة- ١٢)، واتە: ئەی پێغەمبەر ئەگەر ئافرەتە

---

١) یەکێ لە نوسەران لە میانەی ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا بەکورتی دەڵێ: (ئەم بناغانە بە ڕاستی بنەما گەورەکانی بیروبڕوان، هەروەك کە بنەماکانی ژیانی نوێی کۆمەڵایەتیە، کە بریتیە لە بەرەهایی هاوبەش بڕیار نەدان بۆ خوای گەورە... هەروا نزیك سنورەکانی شەرعی خوا نەکەون وەك، دزیو زیناو، کچ زیندە بە چاڵ نەکردن وەك کە لە سەردەمی نەفامی ئەمە باوبوە... هەروا لە نێو نەبردنی ئاواتەکان... ئەویش ئاواتەکانی ناخیانە ﴿وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ﴾.

دوا مەرج: ﴿وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ﴾، ئەمەش بەڵێن بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ دەگرێتەوە لە هەمو ئەو شتانەی، کە فەرمانیان پێ دەکات... پێغەمبەریش ﷺ تەنها فەرمان بە چاکەکردن دەکات.

جا گەر پەیمانیان لەسەر ئەم چەند بنەما گشتگیری یە پێدایت، ئەوا پەیمانەکەیان قبوڵ کراوە- بە واتای پێش هاتنی ئەو ئافرەتانە بۆ ناو ئیسلام- جا پێغەمبەر ﷺ داوای لێخۆشبونی بۆ کردن لەو کردەوانەی پێشویان ﴿إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ خوای گەورە لێخۆشبو و لێبوردەیە.

ئەوەی لە پێشو باسکرا، کە قورئان لەسەر پەیمان (بیعة)ی ئافرەتی دوپات کردەوە، دەرك بە گرنگو بایەخو چاودێریو ئاراستەکردنی ئیسلام دەکەین بۆ ئافرەتو کۆششکردنی بۆ بەرزکردنەوەی، ئەمەش جێی سەرسوڕمان نیە، چونکە ئافرەت وەك یەکێك لە سەرکردەکان گوتویەتی: بێشکە بە دەستی چەپی ڕادەژێنێ، جیهانیش بەدەستی ڕاستی، جا گەر ئافرەت فەرامۆش کراو، بەبێ ڕاسپاردە وازی لێ‌هێنرا، ئەمە

بڕواداره‌كان هاتن په‌یمانت بده‌نێ[1] كه‌ هاوبه‌ش بۆ خوا بڕیـار نـه‌ده‌نو دزی نه‌كه‌نو داوێن پیسی نه‌كه‌نو منداڵه‌كانیان نه‌كوژن، واته‌ كچه‌كانیان زینده به‌چاڵ نه‌كه‌نو، كرده‌وه‌ی پیسو زۆر ناشیرین نه‌كه‌ن وه‌ك جاڕدانی ژن به‌وه‌ی كه‌ ئه‌و منداڵه‌ی بویه‌تی له‌ مێرده‌كه‌یه‌تی كه‌چی له‌ راستیدا له‌ مێرده‌كـه‌ی نیه‌و درۆ ده‌كه‌ن كه‌ ئه‌و منداڵه‌ هی مێردیـه‌تی. هـه‌روا ئـه‌وه‌ی فـه‌رمانت پێ‌كردون به‌ چاكه‌كردنو نه‌هی كردن له‌ خراپه‌، ئـه‌وا پـه‌یمانیان لـــێ‌وه‌رگره‌و داوای لێخۆشبونیان له‌ خوای گـه‌وره‌ بـۆ بكـه‌، خـوای گـه‌وره‌ به‌خشـنده‌و میهره‌بانه‌.

مه‌ترسیه‌ له‌سه‌ر خۆیو له‌سه‌ر ئومه‌ته‌كه‌ی، شاعیریش ده‌ڵـێ:

الأم مدرسة إذا أعددتها أعددت شعباً طيب الأعراق

ئافره‌ت پێش ئیسلام هیچ كیانو بونێكی نه‌بوه‌، كه‌ باس بكرێ وه‌ك له‌ پێشه‌وه‌ له‌ســه‌ر زمانی عومه‌ری كوڕی خه‌تتاب ڕه‌زای خوای لـێ بێ باسكرا.

ئه‌م بێ مویالاتی‌یـه‌ تـه‌نها لـه‌ چـه‌رخه‌ كۆنـه‌كان كـورت هه‌ڵنـه‌هاتبو، ته‌نانـه‌ت لـه‌ سه‌رده‌می ئێستاش -نوێ-، كـه‌ هه‌نـدێك نـاوی ده‌نـێن چـه‌رخی شارسـتانیو رونـاكی، ئافره‌ت وه‌ك بوكه‌شوشه‌ بۆ یاری پـێ‌كردنی بـه‌كارده‌هێنرێت، ته‌نانـه‌ت هه‌نـدێك گـه‌لو میلله‌ت هه‌رگیز ئایینی فێر ناكه‌ن!!

١) سه‌باره‌ت به‌م مه‌سه‌له‌یه‌ ئه‌وه‌ ده‌ڵێیـن، كه‌ ئه‌و حه‌دیسه‌ هیچ (اصل)ی نیه‌ كـه‌ ده‌ڵـێ: (شاورهن و خالفوهن) واته‌: ڕاوێژ بـه‌ ئـافره‌ت بكـه‌ن بـه‌ڵام بـه‌ قسـه‌یان مه‌كـه‌ن، وه‌ك (سخاوي و منـاوي) ئه‌و ڕاستی‌یه‌یان به‌دیار خستوه‌. هـه‌روه‌ها حه‌دیسـی (طاعـة المرأة ندامـة) به‌قســه‌كردنی ئـافره‌ت په‌شیمانی له‌دوایـه‌، ئه‌مـه‌ حه‌دیسـێكی هه‌ڵبه‌سـتراو (موضـوع)ه‌ وه‌ك (ئیبن عدیو أبوحاتم) گوتویانه‌: له‌ پێغه‌مبـه‌ری خـواوه‌ بـه‌ (صـحيح)ی هاتوه‌، كه‌ پێچه‌وانه‌ی قسه‌ی (أم سلمة)ی خێزانی ره‌فتاری نه‌كرد، لـه‌و كاتـه‌ی كـه‌ لـه‌ (صلح الحديبية) به‌ پێغه‌مبه‌ری گوت: بڕۆ له‌به‌رده‌م صه‌حابه‌كان قوربانی خـۆت سـه‌ربڕه‌ تاوه‌كو صه‌حابه‌كان چاوت لـێ‌بكه‌نو كاره‌كه‌ جێبه‌جێ بكه‌ن.

خاتو عائیشە ڕەزای خوای لێ بێ گوتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ هەر ئافرەتێکی بڕوادار کۆچی بکردایە بۆ لای ئەو، بەم ئایەتە تاقی دەکردەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ يُبَايِعْنَكَ – ... إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾.

جا هەر کامێ لە ئافرەتە بڕوادارەکان بەم مەرجە ڕازی بوایە، ئەوا پێغەمبەر خوا ﷺ پێی دەفەرمو: (قد بايعتك كلاماً) ئەوا بە قسە پەیمانەکەتم لێ وەرگرتی.

خاتو عائیشە گوتویەتی: ((ولا-والله- ما مست يده يد إمرأة في المبايعة قط، ما يبايعهن إلا بقوله: قد بايعتك على ذلك))[1]، واتە: بە خوا لە پەیمان وەرگرتندا پێغەمبەر دەستی بە دەستی هیچ ئافرەتێک نەکەوتوە، پەیمانی لێ وەرنەگرتون مەگەر بە قسە نەبێت، کە فەرمویەتی: لەسەر ئەمە پەیمانم لێوەرگرتی.

لە گێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی:
((فيما استطعن وأطقتنّ)) پەیمانتان لێ وەردەگرم لەوەی کە لە تواناتان دایەو دەتوانن هەڵی گرن.

(قلن: الله ورسوله أرحم بنا من أنفسنا) گوتیان: خواو پێغەمبەرەکەی لە خودی خۆمان بە بەزەیی ترە.

(قلن: يا رسول الله ألا تصافحنا؟ قال: إني لا أصافح النساء))[2]، واتە: گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا تەوقەمان لەگەڵ ناکەیت؟ فەرموی:

---

١) رواه البخاري.
٢) رواه أحمد في المسند حديث صحيح.

من تەوقە لەگەڵ ئافرەتان ناکەم.[١]

لە گێڕانەوەیەکی تردا ئەمەشی لەگەڵە: ((ولا تغشَّنَّ أزواجكنَّ، فقال امرأة: ما غش أزواجنا؟ قال: تأخذ ماله فتحابي به غيره))، واتە: گزی لە مێردەکانتان مەکەن، ئافرەتێك گوتی: گزی لە مێردەکانمان چیە؟

---

١) سەبارەت بە تەوقەکردنی ئافرەت هەندێك کەس سەریان لەوە دەسوڕمێو بە نامۆی دادەنێن، کە ئیسلام تەوقەکردنی پیاوی بێگانە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم بە حەرام دادەنێ. ئەو کەسانە ئەوەیان لە بیر چوە کە زۆربەی زۆری هەڵگیرسانی ئاگر بە هۆی پریشکێك ئاگرەوە دروست دەبێ.

شاعیریش دەڵێ: نظرةٌ فابتسامةٌ فسلامٌ فكلامٌ فموعدٌ فلقاءُ!!

واتە: زەمینە خۆش کەری داوێن پیسی لەوەوە دەست پێ دەکات یەکەمجار لە بینینەوە، پاشان یەکسەر خەندەی بەدوادا دێو سڵاو لە یەکتری کردنو دوایی قسە پێکەوەکردنو پاشان بەڵێن دانە بۆ کاتی بەیەکگەیشتن بەحەرامی.

لەبەر ئەوە بە هۆی گوشینی دەستەوە لە رێگای تەوقەکردندا نەفسی بەدکار رادەکێشێ، کە ببێتە نێچیرێکی چەور بۆ ئەنجامدانی کاری بەدکاریی.

بەم بۆنەیەوە ڕوداوێك دەگێڕینەوە، کە یەکێك لە زانا صاڵحەکان بۆ ئاهەنگێك بانگ کرابو. لەناکاو توشی ئافرەتێك بو لەبەردەم دەرگا پێشوازی لە خەڵك دەکرد. ئافرەتەکە دەستی تەوقەی بۆ زانا صاڵحەکە درێژ کرد، بەڵام زاناکە داوای لێبوردنی لێکرد کە تەوقەی لەگەڵ ناکات.

ئافرەتەکە بەمە دڵناخۆش بو و زویری بە ڕوەوە دیار بو، پاش کەمێك زاناکە ئافرەتەکەی بانگ کردو پێی گوت: دەمەوێ بە ڕاشکاوی شتێکت پێ بڵێم، ئایا رێگە دەدەی؟ ئافرەتەکە گوتی: باشە چیت دەوێ بڵێیت؟ ئەویش گوتی: بە راشکاوی پێت دەڵێم: گەر بهاتایە تەوقەم لەگەڵ تۆ بکردایە لەوانە بو هەستم بکردایە، کە دەستت لەدەستی خێزانەکەم نەرمترو جوانترە، ئەو کاتەش خێزانەکەم لەبەرچاو دەکەوت، تۆش بە هەمان شێوە گەر وا هەستت کرد، کە دەستی من لە دەستی مێردەکەت جوانترو نەرمترە، ئەوا مێردەکەت لەبەرچاو دەکەوت. بەڵام گەر هەردوکمان تەوقەمان نەکرد، ئەوا هەر یەکەی بە هاوسەرەکەی خۆی ڕازی دەبێو ئەوەش بۆ هەموان وا باشترە، تا داوێن پاکی بپارێزین.

فەرموی: ماڵەکەی ببەی‌و کەسانی تر سودی لـێ وەرگرن.

لە گێڕانەوەیەکی تردا ئـوم عطیـە گوتویـەتی: ((بایعنا رسول الله ﷺ فقـرأ: ﴿لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾، ونهانـا عـن النياحـة، فقبضـت إمـرأة يـدها قالت: أسعدتني فلانة، فأريد أن أجزيها، فما قال لها رسول الله شيئاً، فانطلقت ورجعت فبايعها))[١]، واتە: پەیمانمان دا بە پێغەمبەری خـوا ﷺ ئەویش ئایـەتی﴿لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا﴾ی خوێنـدەوەو، قەدەغـەی شـیوەن‌و ڕۆڕۆیی کردنی لـێ‌کردین، ئافرەتێـك دەسـتی کێشـایەوەو گـوتی: فلانـە ئافرەت دڵی خۆش کردم، دەمەوێ پاداشتی بدەمەوە، پێغەمبەری خوا هیچ شتێکی پێ نەگوت، جا ئافرەتەکە ڕۆیشت‌و گەڕایەوەو پەیمانی لـێ‌وەرگرت.

هەروەها لە گێڕانەوەیەکی تری بوخاری لە ئوم عطیەوە، کە گوتویـەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمانی لـێ وەرگرتین کە شیوەن‌و ڕۆڕۆیـی بـۆ مـردو نەکەین!

لە گێڕانەوەیەکی تردا: شیوەن نەکەیت‌و وەك لە سـەردەمی جاهیلیـەتی یەکەم زینەت‌و جوانی خۆت بەدەر نەخەیت.

لە گێڕانەوەیەکی (ابن أبی حاتم)دا هاتوە، کـە پێغەمبـەری خـوا دوای خوێندنەوەی ئایەتەکـە، فـەرموی: ((فإن وفيتم فلكم الجنّة)) گـەر ئـەم مەرجانەتان لە بەیعەکەدا بەجێ هێنا، ئەوا بەهەشتتان بۆ هەیە.

دەفەرموێ: ((لأن يُطعنَ في رأس رجُلٍ بمخيط من حديد خيرٌ من أن

---

١) رواه البخاري.

یَمسَّ امرأةً لا تحلّ له))[1]، واتە: گەر بە دەرزی (شـوژن)ێـك لـە سـەری پیاوێك بدرێ لە دەست کەوتنی بە ئافرەتێك باشترە، کە بۆی حەڵاڵ نیە.

لـە گێڕانەوەیـەکیش کـە لاوازی (ضـعف)ی تێدایـە دەڵـێ: کاتـێ پێغەمبەری خوا ﷺ ﴿وَلَا یَزْنِینَ﴾ی خوێندەوە، (هند)ی خێزانی (ابوسفیان) گوتی: بۆ ئافرەتی ئازاد زینا دەکات؟! گوتی: نەخێر بە خوا ئافرەتی ئـازاد زینا ناکات.

١) رواه الطبراني (حديث حسن)

جوانی ئـافرەتەکـانی بەهەشـت وەك کـە قـورئـان وێنـای دەکـات

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا ﴿٣١﴾ حَدَائِقَ وَأَعْنَابًا ﴿٣٢﴾ وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا﴾ (النبأ: ٣١-٣٣)، واتە: بۆ مرۆڤە لـە خـواترس‌و پارێزکارەکـان جـێی پیرۆزو بەهرەمەندی هەیە لە باخات‌و هەمو جۆرە ترێیـەك‌و کچـانی تـازە مەمك کردوی هاو تەمەن، کـە وەك هـەنار وایـەو شـۆڕ نەبۆتـەوەو قیـت وەستاوە.

دەفـەرموێ: ﴿إِنَّا أَنشَأْنَاهُنَّ إِنشَاءً ﴿٣٥﴾ فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا ﴿٣٦﴾ عُرُبًا أَتْرَابًا﴾ (الواقعة: ٣٥-٣٧) ، واتە: بەڕاستی ئێمـە ئـەو ئافرەتانـەمان دروسـتکردوە بەبێ باوك‌و دایك، نەك لە ڕێگای زاوزێوە. واتە ئەو حۆریانەی کە ئافرەتی ئەم جیهانە نین بەو جۆرە دروستمان کردون‌و ئامادەمان کـردون، هـەروەها ئافرەتە مسوڵمانەکانی ئەم جیهانەیش هەر بـەو جـۆرە دروسـت دەکـەین‌و دوبارەیان دەکەینەوە. ئینجـا ئـەو ئافرەتانـەمان کـردوەو دەیانکـەین بـە ئافرەتانی هەمیشە هاوتەمەن‌و یەکسانن لەگەڵ مێردەکانیانا لـە تەمـەن‌و گەنجیدا. خۆشەویستن لەلای مێردەکانیان‌و گوێڕایەڵی مێردەکانیانن.

دەفـەرموێ: ﴿فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ ﴿٥٦﴾ فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٥٧﴾ كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ﴾ (الرحمن: ٥٥-٥٨).

خوای گەورە وەسفی ئەو ئافرەتانە دەکات کە لـەو بەهەشـتانەدا چـەند ئافرەتی حەڵاڵ‌و هاوسەر هەیە، کە چاویان بڕیوەتـە مێردەکانیـان‌و، جگـە

لەوان کەسی تریان ناوێ و، هەمویان کچن‌و هیچ کەسی تر نە ئادەمی‌و نە (جن) لە پێش مێردەکانیان لـێیان نەکەوتون‌و نەچونەتە لایـان، هـەمویان لە ساف‌و لوسی‌و بێ‌گەردیدا، دەڵێی یاقوتن، لە سـپێتی پێسـتدا دەڵـێی مەرجانن، یان ساف‌و لوس‌و کوڵم سورن وەکو مرواری، پێست سـپین وەکـو مەرجان.

دەفەرموێ: ﴿فِيهِنَّ خَيْرَاتٌ حِسَانٌ﴾ (الرحمن- ٧٠)، واتە: لەو بەهەشـتانەدا ئافرەتی حەڵاڵ‌و هاوسەر هەیە، کە خوڕەوشت چاك‌و شیرین‌و جوانن.

دەفـەرموێ: ﴿حُورٌ مَّقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ﴾(الـرحمن – ٧٢)، واتـە: لـەو بەهەشتە ئەو ئافرەتانە چاو گەورەو چاوڕەشێکی وان، کە رەشـێنەکەی زۆر ڕەشەو سـپێنەکەی سـپیەکەی بێ‌گـەردە، کـە ئەوپـەڕی جـوانی چـاوە وە ڕاگیرکراون بە رێزو حورمەت لە خیوەتەکانا.

دەفـــەرموێ: ﴿إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٍ ﴿٥١﴾ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ ﴿٥٢﴾ يَلْبَسُونَ مِن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَقَابِلِينَ ﴿٥٣﴾ كَذَٰلِكَ وَزَوَّجْنَاهُم بِحُورٍ عِينٍ﴾(الدخان: ٥١-٥٤)، واتە: تەقواداران لـە بەهەشـتدا، لـە پلەوپایـەی ئەمین دان، لە چەند باخێك‌و کانیاوێك، کە پۆشاکیان بریتیە لە ئاوریشـمی تەنك‌و ئەستور، هەروەها ئەو حۆریانەیان دەدرێتێ کە چاو گـەش‌و سـپی‌و ڕەش‌و چاو گەورەن.

دەفەرموێ: ﴿فَهُمْ فِي رَوْضَةٍ يُحْبَرُونَ﴾(الروم- ١٥)، واتە: ئەوانەی لە زەوی‌یەکـدا، کـە دارو درەخـت‌و کانیـاوی وای تێدایـە دەژیـن‌و تێیـدا دڵخۆش‌و شاد دەبـن، کـە شوێنەواری ئـەو نیعمەتـەیان بەسـەرەوە دیـار

دەبێت.

دەفـــەرموێ: ﴿ وَعِندَهُمْ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ عِينٌ ﴿٤٨﴾ كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ ﴾ (الصـافات: ٤٩،٤٨)، واتە: حۆریان لە لایە کە لە غەیری مێردەکانیان چـاو نابڕنە کەسی تر، ئەو ئافرەتانە -وەك ئـیبن عبـاس رەزای خـوای لـــێ بـێ گوتویەتی-: وەك مرواری شاراوە وان..

حەسەن دەڵێ: ﴿ كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ ﴾ مانای پـارێزراونو دەسـتیان پـێ نەکەوتوە، وەك ئەو هێلکەیەی بەرلەوەی کە توێکڵەکەی لـێبکرێتەوە.[1]

گومانی تێدا نیـە کـە خوێنـەر-هـەروەها نوسـەریش- لـە باسـکردنی حۆریەکانی بەهەشتدا، لیکی بەدەم دا دێتـە خـوارەوە، لـە خـوای گـەورە داواکارین کە پێمان ببەخشێ، هەمو ئەمەش ئاسانە، ئـەوەتا پێغەمبـەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((**كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى، من أطاعني دخل الجنة، ومن عصاني فقد أبى**))[2]، واتـە: هـەمو ئومـەتم دەچـێتە بەهەشت مەگەر کەسێك بۆ خۆی نەیەوێ، هەر کەسێك گوێڕایـەڵیم بکـات دەچێتە بەهەشت، هەر کەسێك سەرپێچی من بکات، ئـەو کەسـە نایـەوێ بچێتە بەهەشت.

---

١) تفسير إبن كثير.

٢ رواه البخاري.

سیفەتەکانی ئافرەتانی بەهەشت وەك کە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ وێنای دەکات

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: (**إن أزواج أهل الجنّة ليُغنينَ أزواجهم بأحسن أصوات، ما سمعها أحَدٌ قط، إن مما يُغنين به: نحن الخيرات الحسان، أزواجُ قومٍ كرام، ينظرن بقرّة أعيان وإن مما يغنين به: نحن الخالداتُ فلا نَمُتنَ، نحن الآمناتُ فلا نخفْنَ، نحن المقيمات فلا نظعنّ**) (**رواه الطبراني- صحيح**)، واتە: ژنانی بەهەشت بۆ مێرەکانیان بە خۆشترین دەنگ گۆرانی دەچڕن، کە هەرگیز هیچ کەسێك گوێی لێ نەبووە، گۆرانیەکە بریتییە لە: ئێمە ئافرەتانێکی خووڕەوشت چاكو شیرین، هاوسەری کەسانێکی بەڕێزین کە بە چاوڕونی دەڕوانن، ئێمەین، کە هەمیشەیین نامرین، ئێمەین دڵنیاکەرو ئاسودەکار، ئێمەین، کە دەمێنینەوەو ناڕۆین.

هەروەها فەرمویەتی: (**إن الحور العين لَيُغَنِّين في الجنّة، يَقُلْنَ: نحن الحور الحسان، خُبِئنا لأزواج كِرام**) (**رواه الطبراني- صحيح**).

هەروەها دەربارەی سیفەتەکانی پیاو لە بەهەشتدا فەرمویەتی: (**إنَّ الرَّجل من أهل الجنّة لَيُعطى قُوَّة مئة رجلٍ في الأكل، والشرب، والشهوة، والجماع، حاجةُ أحَدِهم عَرَقٌ يفيض مِن جِلدِهِ...**)(**رواه الطبراني - صحيح**)، واتە: پیاوی بەهەشتیی لە خواردنو خواردنەوەی ئارەزوو جوتبوندا، هێزی سەد پیاوی پێدەبەخشرێ، لەجیاتی میز و پیسایی ئارەقێك دەردەدەن، کە لە پێستیەوە دەردەچێت.

لە سیفەتەکانی ئافرەتی چاك (صالحة)

خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَعِندَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ عِينٌ ﴾(الصافات- ٤٨)، واتە: ژنانی چاو کەژاڵو چاودرشتو جوانیان لەلایە، کە تەنیا ئەویندارى مێردەکانی خۆیانن.

ئەم ئایەتە کە دو ئایەتەکەی بە دوادا دێن باسی حۆریەکانی بەهەشت دەکات، دەتوانرێ بۆ ناسینی هەندێ سیفاتی ئافرەتی چاك سودی لێ وەربگیرێ، کە بریتین لە:

یەکەم: ژن تەنها چاوی ببڕێتە مێردەکەی، لەبەر خۆشەویستی مێردەکەیو ڕازی بون بەو، جا با چاوی بۆ لای کەسی تر نەگێڕێ.

دوەم: ﴿ حُورٌ مَّقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ ﴾ واتە لێیان قەدەغەیە، کە جوانیو ڕازاوەییان بۆ غەیری مێردەکانیان بێت، جا دەبێ ئەم ڕازاوەیی تەنها بۆ مێردەکانیان بێتو لە ماڵەوەیان دەرنەچن، تەنها ئەوانیان بوێ.

سێیەم: لە سیفەتەکانی ژنی بەهەشتی ئەوەیە، کە پاك کراوەتەوە لە وەسوەسەی شەیتانو ناخیان پاك کردۆتەوە لە غیرەو ئازاردانی مێردەکانیان، خوای گەورە لە چەند ئایەتێکدا باسی ئەو ئافرەتە چاکانە دەکات:

﴿ حُورٌ مَّقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ ﴾(الرحمن- ٧١)، ﴿وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴾ (البقرة- ٢٥)، واتە: ژنەکانیان لەوێ زۆر پاكو

خاوێنن، هەتاهەتایەش هەر لە بەهەشت دەمێنن.

﴿فَٱلصَّـٰلِحَـٰتُ قَـٰنِتَـٰتٌ حَـٰفِظَـٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُ﴾ (النساء- ٣٤)، واتە: ئافرەتە چاکەکان وەك ئیبن عەبباس و غەیری ئەو گوتویەتی: ئەوانەن، کە گوێڕایەڵی مێردەکانیانن و لـە کـاتی ئامادەنـەبونی مێـرد لـە ماڵـەوە پارێزگاری لە ماڵ و نەفسی خۆی دەکات و مافەکانی دەپارێزێ.

﴿عَسَىٰ رَبُّهُۥٓ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُۥٓ أَزْوَٰجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ مُسْلِمَـٰتٍ مُّؤْمِنَـٰتٍ قَـٰنِتَـٰتٍ تَـٰٓئِبَـٰتٍ عَـٰبِدَٰتٍ سَـٰٓئِحَـٰتٍ ثَيِّبَـٰتٍ وَأَبْكَارًا﴾ (التحريم- ٥)

ئەم ئایەتە لەسەر خێزانەکانی پێغەمبەر دابەزی، کە دەفـەرموێ: گـەر ئێوە تەڵاق بدات، تکا وایە کە خوای گەورە بە ژنی تر تۆڵەی بۆ بکاتـەوە، کە لە ئێوە باشتر بن، کە ئەم سیفەتانەیان هەبێت: (کە مسوڵمان و بڕوادارو گوێرپەڵ و تەوبەکارو خواپەرست و بەرۆژو بن، جا چ بێوەژن بن یان کچ).

﴿إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَـٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ وَٱلْقَـٰنِتِينَ وَٱلْقَـٰنِتَـٰتِ وَٱلصَّـٰدِقِينَ وَٱلصَّـٰدِقَـٰتِ وَٱلصَّـٰبِرِينَ وَٱلصَّـٰبِرَٰتِ وَٱلْخَـٰشِعِينَ وَٱلْخَـٰشِعَـٰتِ وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَـٰتِ وَٱلصَّـٰٓئِمِينَ وَٱلصَّـٰٓئِمَـٰتِ وَٱلْحَـٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَـٰفِظَـٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ (الأحزاب:٣٥)، واتە: پیاوو ژنـی مسـوڵمان و پیـاوو ژنـی بڕوادارو پیاوو ژنی فەرمانبەرو پیاوو ژنی قسەڕاست و پیاوو ژنی خـۆڕاگرو پیاوو ژنی بێ‌فیزو خۆ بە زل نەزان و پیـاوو ژنـی سـەدەقەدەرو پیـاوو ژنـی ڕۆژوەوان و پیاوو ژنی ناموس پارێزو پیاوو ژنێ، کە زۆر یادی خوا دەکـەن، لە خوداوە لێخۆشبون و پاداشێکی گەورەیان بۆ دانراوە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((ألا أخبرُكم بخير نساءكم في الجنَّة؟ قلنا: بلى يا رسول الله، قال: كل ودود ولود، إذا غضب زوجها قالت: هذه يدي في يدك لا أكتحلُ بِغُمْض حتى ترضى!!))[١]، واتە: پێتان ڕابگەیەنم باشترین ئافرەتانتان لە بەهەشتدا کێیە؟ گوتمان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرموی: هەمو ئافرەتێکی کە خۆشەویست بێتو منداڵی ببێت، گەر مێردەکەی توڕە بو بڵێ: ئەوە دەستم لە دەستت دایە، کل لە چاوم ناکەم بە نوقاوی (واتە ناخەوم) هەتا ڕازی نەبیت.[٢]

---

١) رواه الطبراني وهو (حديث صحيح).

٢) پیاوێك نامەیەكی بۆ خەزوری نوسی، کە تیایدا سوپاسی دەکات لەسەر چاك پەروەردەکردنی کچەکەی، جا هەندێ سیفاتی باشی کچەکەی بۆ باس دەکاتو دەڵێ:
مامەی بەڕێزم، ئەی باوكو هاوڕێم:
من سوپاستان دەکەم، کە ئێوە کچە بەبەهاو بەڕێزەکەتان بەمن بەخشی، هەرچەند من لەسەری توندبم سکاڵا ناکات، بەڕاستی ئەو دڵسۆزەو هەڵدەستێ بە خزمەتکردنم، من لە میانەی ئەو چەند ساڵە درێژەدا، کە دور بوم لە کەسوکارمو نیشتمانم، هەستم بە ناخۆشیو دوره وڵاتی نەکردوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەوە، کە وای لە ژیانم کردوە نوێکاری بەردەوامی تێدا بێت. بەڕاستی ئەو یارمەتیم دەدات کە دروشمەکانی ئایین بەجێ بهێنم. گەر من دانەری کتێبی (تحفة العروس) أو (الزواج الأسلامي السعيد)م نەناسیبایە ئەوا دەمگوت خێزانەکەم ئەم کتێبەی داناوە! چونکە هەمو ئەوەی لەو کتێبەدا هاتوە پیادەی دەکات.
لەبەرئەوە پیرۆزباییتان لێدەکەم لەسەر چاك پەروەردە کردنی. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، کە مەدحکراو هەرچییەك بێت وای لێناکات هەست بە لەخۆبایی بکات. ئەو لەگەڵ منداڵەکانی هەمان ڕەفتاری گرتوە، بۆ ئەوەی ببنە پیاوی چاكو سەربازو سەرکردە لە داهاتودا. ئەو کاری دنیاو ئاخیرەتی پێکەوە گرێداوە، لەسەر حیسابی هیچیان زیادەڕۆیی ناکات، بەڕاستی من بە هاوسەرێتی ئەو دڵخۆشم، ئەویش دڵشادە، داواکارم ئێوەش دڵشاد بن. ئەو زۆر بایەخ بە منداڵەکانی دەداتو چاودێری تەندروستیو خواردنو پۆشاكو خەوتنیان دەکات، بە بۆنەی سەرکەوتنیان لە تاقیکردنەوەکانی

هەروا دەفەرموێ: **((ما إستفادَ المؤمن بعد تقوى الله، خيراً له من زوجةٍ صالحة، إن أمرَها أطاعته، وإن نظر اليها سرّته، وإن أقسم عليها أبرّته، وإن غاب عنها نصحته في نفسها وماله))**[1]، واته: مرۆڤی بڕوادار لە پاش ترسان لە خوا، هیچ خێرێکی وەك هاوسەرێکی چاك بەدەست نەهێناوە، گەر فەرمانی پێکرد گوێ رایەڵی دەکات، گەر تەماشای کرد دڵی خۆش دەکات، گەر سوێندی لەسەر خوارد دەیگەیەنێتە جێ، گەر لێی دورکەوتەوەو چوە سەفەرێك ئامۆژگاری دەکات بە پارێزگاریکردنی ماڵی و نەفسی.

بە پێغەمبەری خوا ﷺ گوترا: کام ئافرەت خەیرو چاکە؟ فەرموی:

قوتابخانە، دیاریان پێشکەش دەکات. دراوسێکان زۆریان خۆشدەوێ، چونکە هاوبەشی خۆشی و ناخۆشیان دەکات، لە بۆنەکان(مناسبات)دا دیاریان پێشکەش دەکات.

سوپاس بۆ خوا پشتیوانم بو، کە ئەم ئافرەتەی کردە هاوسەرم. ئەم ڕوداوەتان بۆ باس دەکەم: پیاوێك هاتە ماڵەوەم، کە موعامەلەکی لەلام بو، جا بەرتیلی پێدام و گوتی ئەمە دیارییە. جا خێزانەکەم گوتی: گەر موعامەلەت لەلای نەبا، ئا ئەم دیاریەت پێ دەبەخشی؟ پیاوەکە لە وەڵامی خێزانەکەم واقی وڕما، ئاواتی خواست، کە سەردانی خوشکەکەی بکات و ڕێنمایی بکات. جا پاش ساڵێك ئەم پیاوە داوای لێکردم کە لەلای کار بکەم.

خێزانەکەم هەردەم هانی دەدام لەسەر زەکات دان و زیادکردنی بە صەدەقەو خێر.

من ئەم چەند دێرە دەنوسم لە کاتێکدا کە فرمێسکەکان لە چاومدا تنۆك تنۆك دەکات، وەك نرخی خۆشەویستی، ئەمە حەقە بۆ ئێوەو بۆ دایکی و بۆ هەمو ئەوانەی بەشداری پەروەردەکردنیان کردوە.

لێرەدا من بەم ئەندازە نوسینە واز دێنم، گەر بمەوێ مافی خۆی بدەمێ لە وەسف کردنی سیفەتە چاکەکانی، ئەوا پێویستی بە چەند کتێبێك و کاتێکی زۆر دەکات، لەبەر ئەوە ویستم بەم چەند پارچە نوسینە وێنەیەکی بچوك کراوەی ژیانی ئەم مرۆڤە چاکەو هاوسەرە بڕوادارەتان بخەمە بەرچاو.

١) رواه إبن ماجة.

((التي تَسُرُّه إذا نظر، وتُطيعهُ إذا أمر[١]، ولا تخالفه في نفسها ولا ماله بما يكره))[٢]، واتە: ئەو ئافرەتەی بە بینینی دڵت خۆش دەکات، گەر فەرمانی پێکرا گوێڕایەڵ بێت، بە پێچەوانەی ئەو نەکاتو دەست لە ماڵەکەی نەدات، کە ئەو پێی ناخۆشە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: **((عليكم بشواب النساء، فإنّهنّ أطيب أفواهاً، وأنتق أرحاماً، وأسخن إقبالاً))**[٣]، واتە: ئافرەتی گەنج بکەنە هاوسەری خۆتان، چونکە زمان شیرننو منداڵیان زۆر دەبێو، بە گەرمی دێنە پێشوازی.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: **((خير نساءٍ ركبن الإبل صالحُ نساء قريش، أحناهُ على ولد في صغره، وأرعاه على زوْج في ذات يده))**[٤]، واتە: چاکترین ئەو ئافرەتانەی سواری حوشتر بون ئافرەتە چاکەکانی قورەیشن، زۆر بەسۆزن بۆ منداڵەکانیان لەکاتی ساوایی دا، زۆر چاودێرن لەسەر ماڵی مێردەکانیان.

قاسمی کوڕی عبدالرحمن گوتویەتی: **((كان عبدالله بن مسعود ﷺ يقرأ القرآن، فإذا فرغ قال: أين العُزّاب؟ فيقول: أدنوا مني ثم قولوا: اللّهم ارزقني امرأة إذا نظرتُ اليها سرّتني، وإذا أمرتُها أطاعتني، وإذا غبتُ عنها حفظتْ غيْبي في نفسها ومالي!))**، واتە: عبداللەی کوڕی مەسعود

---

١) بە مەرجێك فەرمانەکانی مێرد پێچەوانەی ئیسلام نەبێت وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق)).

٢) رواه أبو داودو النسائي باسناد حسن.

٣) الشيرازي في (الألقاب) وسنده صحيح كما قال محقق صحيح الجامع الصغير.

٤) رواه البخاري.

قورئانی دەخوێنـدەوە، جـا گـەر لـە خوێندنەوەکـەی بوبایـەوە دەیگـوت: بۆژنەکان لە کوێن؟ دەیگوت: لێم نزیك ببنەوە پاشان بڵێن: خوایـە ژنـێکم پێ ببەخشە گەر تەماشام کرد دڵم خـۆش بکـات. گـەر فـەرمانم پـێکرد گوێڕایەڵیم بکات، گەر دور بوم لـێی خۆیو ماڵم لە خراپە بپارێزێ.

سیفەتەکانی ئافرەتی ڕەفتار ناشیرین

جابر دەڵێ: ((شهدت مع رسول الله ﷺ الصلاة يوم العيد، فبدأ بالصّلاة قبل الخطبة بغير أذان ولا إقامة، ثم قام متوكئاً على بلال، فأمر بتقوى الله، وحثّ على طاعته ووعظ النّاس وذكّرهم، ثم قام حتى أتى النساء، فوعظهُنّ وذكرُهُنّ، فقال: (تصدّقنَ! فإن أكثركُنّ حطبُ جهنّم!!) فقامت إمرأةٌ سَطَةَ النّساء سفعاءُ الخَدّين فقالت: لِمَ يا رسول الله؟! قال: (لأنكنّ تُكثرنَ الشكاة وتَكْفُرن العشير). فجعلن يتصدقن من حُليهنّ ويلقينه في ثوب بلال))[١]، واتە: لەگەڵ پێغەمبەری خوا لە نوێژی جەژن ئامادە بوم، پێغەمبەری خوا بەر لە وتار خوێندن دەستی کرد بە نوێژ بێئەوەی بانگو قامەت بخوێندرێ. پاشان دەستی خستە سەر شانی بیلال، فەرمانی کرد بە ترسان لە خواو هانی ئەوەیدا، کە گوێڕایەڵی فەرمانی خوا بن، ئامۆژگاری کردنو یادی ڕۆژی دوایی بیر خستنەوە.. پاشان هەڵسا تا ئافرەتان هاتن بۆ گوێ گرتن. پێغەمبەر ئامۆژگاری ئافرەتەکانی کردو فەرمانو یاساکانی خواو ڕۆژی دوایی بیر خستنەوە.

پاشان فەرموی: ((خێرو چاکە بکەن! چونکە زۆربەتان سوتەمەنی ئاگری دۆزەخن!!))

یەکسەر ئافرەتێك لە ناوەڕاستی ئافرەتەکانەوە هەڵسا کە ڕومەتەکانی ڕەنگی گۆڕابو ڕەش ببو بەلای سورداو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا بۆچی

---

١) رواه البخاري.

ئێمە سوتەمەنی ئاگری دۆزەخین ؟!

پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ((چونکە زۆر سکاڵاو گلەیی دەکەن‌و ناسوپاس گوزارن‌و چاکەو پیاوەتی پیاوەکانتان لەبەرچاو نیە!!))

کاتێك ئافرەتەکان ئەوەیان بیست یەکسەر خشڵ‌و زێڕەکانیان فڕێدایە ناو کراسی بیلال. واتە کردیان بە خێر.

هەروەها دەفەرموێ: ((چوار شت مایەی بەختیاریە: ئافرەتی چاك، خانوی گەورە، دراوسێی چاك، سواریی یەك سواری ببێ، چوار شتیش مایەی بەدبەختیە: دراوسێی خراپ، ئافرەتی خراپ، سواریی خراپ، خانوی تەسك‌و گچکە))[1].

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **((لا ینظر الله تبارك وتعالى إلى امرأة لا تشکر لزوجها! وهي لا تستغني عنه))**[2]، واتە: خوای گەورە تەماشای ئافرەتێك ناکات سوپاسی مێردەکەی نەکات! لە کاتێکدا ئەو ئافرەتە ناتوانێ دەستبەرداری بێت.

هەروەها دەفەرموێ: **((إثنان لا تجاوز صلاتهما رؤسهما: عبدٌ أبق من موالیه، وإمرأة عصت زوجها، حتى ترجع))**[3]، واتە: دو کەس نوێژیان لە سنوری سەریان تێپەڕ ناکات: ئەو عەبدەی کە لە دەست گەورەکەی هەڵدێ بەبێ ئازادکردنی، ئەو ئافرەتەی کە سەرپێچی فەرمانەکانی مێردەکەی دەکات، تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە ژێر فەرمانی مێردەکەی.

---

١) رواه ابن حبان (حدیث صحیح).
٢) رواه النسائي والبزار (جید).
٣) رواه الطبراني و الحاکم (صحیح).

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((الشؤم في الدار، والمرأة والفَرَسِ))[١]، واتە: ڕەشبینیو شومی لە خانو و ئافرەتو سواری هەیە، جا چ ئەسپ بێ یان ماین یان ئێستر.

بۆ ڕونکردنەوەی ئەم فەرمودەیە شێخ علی محفوظ لە کتێبی (الأبداع في مضار الأبتداع)دا دەڵێ: لەو شتانەی بە (بیدعە) دادەنرێ ئەوەیە، کە مرۆڤ بیروباوەڕی وابێ خانوو ژنهێنانو میوان، مایەی شومو نەگبەتیو هێنانی خۆشیو بەرەکەتن. وەك کاتێك خانویەك دەکڕدرێ، لەو کاتەدا ڕوداوێك ڕودەدات وا بزانرێ بە هۆی کڕینی ئەم خانوە توشی بەلا بوە، بە هەمان شێوە گەر یەکێك ژن بهێنێ یان ئۆتۆمبیل یان ماڵاتێك بکڕێ، یان میوانێك بێتە لای وا بزانێ بە هۆی ئەم شتانەوە توشی بەلاو موسیبەت بوە. ئەو خەڵکەش کە بەم جۆرە بیر دەکەنەوەو بەڕاستیشی دەزانن، ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر ﷺ دەکەنە بەڵگە، کە پێشتر باسمان کرد کە بوخاری ریوایەتی کردوە.

بەڕاستی بە هەڵە لەم فەرمودەیە تێگەیشتون، چونکە ریوایەتێکی تر هەیە، کە ئەم فەرمودەیەی پێشەوە شی دەکاتەوە: ((من حديث أسماء بنت عميس قالت: قلت يا رسول الله ما شؤم الدار؟ قال: ضيق مساحتها وخبث جيرانها. قيل فما شؤم الدابة؟ قال: منعها ظهرها وسوء خلقها. قيل فما شؤم المرأة؟ قال: عقم رحمها وسوء خلقها))[٢]، واتە: ئەسمای کچی عومەیس گوتی: گوتم ئەی پێغەمبەری خوا شومو نەگبەتی خانو چیە؟ پێغەمبەر فەرموی: شومو نەگبەتی خانو ئەوەیە ڕوبەر (مساحة)ەکەی

١) رواه البخاري.
٢) رواه الطبراني.

بچوك‌و تەسك بێ‌و دراوسێکەی خراپ‌و پیس بێ.

هەروەها بە پێغەمبەر گوترا: شومی‌و نەگبەتی چوارپێ چیە؟

فەرموی: وڵاغێك کە نەهێڵێ سواری ببی‌و بە خراپی هەڵس‌وکەوت بکات‌و بجوڵێتەوە.

گوترا: شومی‌و نەگبەتی ئافرەت چیە؟

فەرموی: ئافرەتەکە منداڵی نەبێ‌و کرداری خراپ بێ‌و بە خراپی رەفتار بکات.

هـاوسـەری نمونـەیی

ئەبو هورەیرە گوتویەتی: ((أَتي جبريلُ النبّي ﷺ فقال: يا رسول الله، هذه خديجة قد أتتك معها إناء فيه إدام (أو طعام أو شراب)، فإذا هي أتتك فاقرأ عليها السلام من ربّها عزوجل ومنّي، وبشّرها ببيت في الجنَّة من قَصَب-أي جوهر- لا صخَبَ فيه ولا نَصَب))[1]، واتە: جبريل هاتە لای پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەمە خەدیجەیە دێتە لات قاپێکی پێیە، پێخۆر یان خواردن یان خواردنەوەی تێدایە، جا کە هاتە لات سەلامی خوای گەورەو منی پێ بگەیەنەو مژدەی خانوێکی پێبدە لە بەهەشت، کە لە گەوهەرو مرواری دروست کراوە، هەراو چریکەو ماندوبونو نارەحەتی تێدا نیە.

خەدیجە، ڕەزای خوای لێ بێ، یەکەم خێزانی پێغەمبەر بو، ژیرترین ئافرەتی قورەیش و بە رەوشترین ئافرەتیان بو، پێش بونی بە پێغەمبەر لەبەر دەست پاکیو ڕەوشت بەرزی یەکەی پێغەمبەری هەڵبژارد ببێتە هاوسەری، جا بەسەر هەمو ئەو گەورە پیاوە عەرەبانەی، کە خوازیاری بون هەڵیبژاردو بە گەورەی دانا.

خاتو خەدیجە لەکاتی دابەزینی سروش (وحي) پاڵپشتی پێغەمبەری دەکرد، هانی لەسەر جێگیریو بەردەوام بون لە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامی دەداو هەمو سەروەتو سامانەکەی خستە بەردەستی پێغەمبەر، پێویستە هەمو هاوسەرێکی چاك ئەمە لەگەڵ مێردی چاك ئەمە ڕەفتاری

---

١) رواه مسلم.

بێ. لە هەڵوێستە پاڵەوانی‌یە گەورەکەی خاتو خەدیجە قسەکەی بو بۆ پێغەمبەر ﷺ، لەوکاتەی بۆ یەکەمجار وەحی بۆ هاتە خوارو شڵەژاو گەڕایەوەماڵەوەو بە خێزانەکەی گوت: دامپۆشن دامپۆشن، جا هەواڵەکەی بۆ گێڕایەوە ئەویش هانیداو پێی گوت: **((واللە لا يخزيك اللە أبداً إنك تصل الرحم، وتحمل الكل، وتكسب المعدوم وتعين على نوائب الزمان))**[١]، واتە: بەخوای خوا ریسوات ناکات، تۆ سیلەی رەحم بەجێ دێنیو بارگرانایی خەڵك هەڵدەگریو یارمەتی نەدار دەدەی.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: **((خَير نسائكُم الوَلوُد، والمواسيةُ، إذا اتَّقين اللە. و شَرُّ نسائكم المتبرجات المتخيلات، و هُنَّ المنافقات، لا يدخُل الجنّة منهُنَّ إلاّ مثل الغُراب الأعصم...))**، واتە: باشترین ئافرەتتان ئەوانەن کە منداڵیان دەبێو خۆشەویستنو دڵنەوایی کەرن، گەر لەخوا بترسن، خراپترین ئافرەتتان ئەوانەن کە جوانی خۆیان بۆ بێگانە بەدەردەخەنو شانازی بەخۆ دەکەن، ئا ئەوانە دوڕونو کەسێکیان ناچێتە بەهەشت مەگەر بە شێوەی قەلەڕەشی بەڵەك[٢].

مێژو بۆمان دەگێڕێتەوە کە شورەیحی قاضي ڕۆژێك لەگەڵ شەعبی بەیەك گەیشتن، شەعبی سەبارەت بە ماڵەوەی پرسیاری ئەحواڵی لێ کرد، ئەویش گوتی:

لەوەتەی بیست ساڵە، خێزانەکەم توڕەی نەکردوم، گوتی ئەمە چۆن وایە؟ شورەیح گوتی: لە یەکەم شەودا چومە لای خێزانەکەم بینیم زۆر جوانە، جوانی یەکی بێهاوتا، لە دڵی خۆمدا گوتم: با دەستنوێژ هەڵگرمو دو رکعات

---

١) رواه البخاري و مسلم.

٢) رواه البيهقي (صحيح).

نوێژی سوپاسگوزاری بۆ خوا بکەم، کاتێك سەلامم دایەوە بینیم خێزانەکەم نوێژی لەگەڵ مندا دامەزراندوەو لەگەڵ من سەلام دەداتەوە، جا کە ماڵەکە چۆڵ بو لە خزمو کەسو هاوڕێ، چومە نزیکی‌یەوەو دەستم بۆی برد، ئەویش گوتی: ئەبو ئومەیە لەسەر خۆت بە جارێ بوەستە، پاشان گوتی:

الحمد لله أحمده وَأستعينه، وَأصلي على محمد وَآله، من ئافرەتێکم نامۆ (غريب)م هیچ زانیاریم دەربارەی ڕەوشتت نیە، جا چیت پێخۆشە پێم بڵێ، تاوەکو بۆت جێبەجێ بکەم، چیت پێ ناخۆشە تاوەکو نەیکەم، گوتی: لە قەومەکەی تۆ ئافرەتتان هەبوە، کە بیکەیە هاوسەر، منیش لە قەومەکەی خۆم پیاو هەبوە کە هاوشانم بێت، بەڵام کە خوای گەورە کارێکی هێنایە پێش دەبێ ببێ، ئەوا بوم بە هی تۆ و چی خوای گەورە فەرمانی پێکردوی ئەوە بکە، جا یان هێشتنەوە بە چاکە، یان دەست بەردان بە چاکە، أقول قولي هذا وَأستغفر الله لي وَ لك.

شورەیح گوتی: بە خوا شەعبی! لەم شوێنەدا ناچاری کردم، کە وتار بخوێنم!!

جا گوتم: أحمد الله و أستعينه، و أصلى على النبّي وآلە وأسلم، وبعد، بەڕاستی تۆ قسەیەکت گوت گەر لەسەری بمێنیەوەو جێگیری ئەمە بەشت دەبێت، گەر وازی لێ بێنی ئەوە دەبێتە بەڵگە لەسەرت. من حەز بەوەو بەوە دەکەم، حەز بەمو بەوە ناکەم، گەر چاکەیەکت بینی بڵاوی بکەوە، کە خراپەیەکت بینی دایپۆشە!

ئەویش گوتی: حەزت لە سەردانو هاموشۆی کەسو کارم هەیە؟

گوتم: حەز ناکەم خەزورانم بێزارم کەن، گوتی: حەز بەکام دراوسێ دەکەیت، کە بێتە ماڵەکەت بۆ ئەوەی ڕێگەی پێبدەم بێتە ماڵ، حەز بە

کامەیان ناکەیت، تا نەهێڵم بۆ ماڵ بێت.

گوتم: بەنی فلان قەومێکی چاکن، بەنی فلانیش قەومێکی خراپن.

شورەیح گوتی: ئەم شەوە خۆشترین شەو بو، کە لەگەڵی مامەوە، ماوەی یەك ساڵ لەگەڵی ژیام هیچ شتێکم لێ نەبینی کە پێم ناخۆش بێ، کە سەری ساڵ هات لە (مجلس القضاء) هاتمەوە، بینیم فلانسە ئافرەت لە ماڵەوەیە.

گوتم: ئەم ئافرەتە کێیە؟ گوتی: ئەمە دایکی خێزانەکەتە.

ئەویش ئاوڕی داوە لێمو پرسیاری لێکردم: خێزانەکەت چۆنە؟

گوتم باشترین هاوسەرە؟ گوتی: ئەبو ئومەیە، ئافرەت لە دو حاڵەت باری خراپ نابێ: گەر کوڕی ببێ، یان بەختی لەلای مێردەکەی هەبێت، بەخوا پیاو لە ماڵەوە خراپترین شت، کە دەستی کەوتبێت ئافرەتی بە نازو نوزە، جا کەوابێ بە ئارەزوی خۆت پەروەردەی بکە.

ئەوا بیست ساڵە لەگەڵم ماوەتەوە تائێستا گلەییم لە هیچ شتێکی نیە جگە لە جارێك نەبێت کە ستەمم لێکرد!!

جا ئافرەتان با بەو شێوەیە بن!!

پێغەمبەر هاوسەری بەوەفایە

خاتو عائیشە دەگێڕێتەوە، کە پیرەژنێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و پێی فەرمو: تۆ کێی؟

گوتی: جثامەی موزنی.

پێغەمبەر فەرموی: تۆ حەسانەی! ئێوە چۆنن؟ ئەحواڵتان چۆنە؟ پاش ئێمە، ئێوە ئەحواڵتان چۆن بو؟

گوتی: دایك و باوکم قوربانت بێ، باشین!

کاتێك ڕۆیشت خاتو عائیشە فەرموی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەوە چۆنە بەجۆرە پێشوازی یە، پێشوازیت لەم پیرەژنە کرد؟! فەرموی: لەسەردەمی خەدیجەدا هاموشۆی دەکردین!

باش بەجێهێنانی عەهدو پەیمان لە بڕواوەیە[١].

خاتو عائیشە گوتویەتی: ((ما غِرْتُ على أحد من نساء النبي ﷺ ما غرت من خديجة، وما رأيتُها قط! ولكن كان الرسولُ يُكثرُ ذِكرها، وربما ذبح شاةً ثم يقطِّعها أعضاءَ، ثم يبعثُها الى صدائقِ خديجة!

وربما قلت له: كأن لم يكن في الدنيا إمرأة إلا خديجة! فيقول: إنْ كانت وكانت، وكان لي منها ولد! "خير نسائها مريم بنت عمران، وخير

---

١) رواه الحاكم و صححه و وافقه الذهبي.

نسائها خديجة" وأشار الى السماء والأرض))[١] ، واتە: غیرەم بەرامبەر هیچ خێزانێکی پێغەمبەر نەبوە، وەك ئەوەندەی بەرامبەر بە خەدیجەم هەبوە، کە هەرگیز نەم بینیوە! بەڵام پێغەمبەر زۆر باسی دەکرد، کاتێ مەڕی سەردەبڕی‌و لەت لەتی دەکرد، بۆ هاوڕێکانی خەدیجەی دەنارد!

بە پێغەمبەرم فەرموو: وەك بڵێی لە دنیا کەسی تێدا نەبوبێ تەنها خەدیجە نەبێت!

ئەویش فەرموی: کەوا بێ هەر ئاواشە، چونکە منداڵم لێی هەبوە! جا بە پەنجەی ئاماژەی بۆ ئاسمان‌و زەوی کرد، کە باشترین ئافرەت مەریەمی کچی عومرانەو باشترین ئافرەتی زەوی خەدیجەیە.

هەروەها گوتویەتی: ((ما غرت على امرأة قط ما غرت على خديجة من كثرة ذكر النبي ﷺ إياها، ولقد ذكرها يوماً فقلت: ما تصنع بعجوز حمراء الشدقين؟! قد أبدلك الله خيراً منها؟! فقال والله ما أبدلني الله خيراً[٢] منها: آمنت بي حين كفر الناس، وصدّقتني إذ كذّبني

---

١) رواه البخاري و مسلم و الترمذي.

٢) دکتۆر نظمي لۆقای مەسیحی لەمەڕ وەفای پێغەمبەری خوا ﷺ لە رسالەکەی (محمد في حياته الخاصة) لاپەڕە ٥٤-٥٥ دەڵێ: ((ئەمە چ کردەوەیەکە، وا لە پیاو دەکات دوای مردنی هاوسەرەکەی بە چەندەها ساڵ بەوەفا بێت بۆی‌و، بە دڵ نەرمی‌و بەبەزەیی‌و ستایش کردنەوە باسی دەکات.

ئایا مرۆڤی بە ویژدان ئەوە لە بیر دەکات، کە لە جەنگی (بەدر)دا ڕویدا، کە (عاص بن ربیع) مێردی زەینەبی کچی پێغەمبەر بە دیل گیرا، کە ئەو کاتە لەسەر ئاینی باوکی بو بێبڕوا بو، داوا لە ئەبو العاص کرا فدیە بدات، جا زەینەبی خێزانی عاص هات، ملوانکەیەکی دایکی پێ بو، هی خەدیجەی کچی خوەیلید، وەك بڵێی بۆ ئەوەی هێنا، تا چاکەی خەدیجەی بهێنێتەوە بەرچاو کە چەند لەسەر ئەوە شیوەنی بەرکەوتوە، چەند

الناس، و واستني بمالها إذ حرمني الناس، ورزقني منها الله الولد دون غيرها من النساء))[١]، واتە: غیرەم بەرامبەر هیچ ئافرەتێك نەبوە، وەك ئەو غیرەیەی بەرامبەر خەدیجەم هەبوە، ئەمەش لەبەر زۆر باس کردنی پێغەمبەر ﷺ بوو، رۆژێك باسی کرد، منیش گوتم: ئەرێ ئەوە چ ئیشت

نیعمەتی حەسانەوەی پێ بەخشراوە لە ناخۆشی یەکانی جیهادو کولەمەرگی‌و بانگەوازی، کە توشی توندی‌و زەحمەت‌و ناخۆشی دەبێت.

جا پێغەمبەر ئاوڕی دایەوە بەلای هاوەڵەکانی‌و داوای لێ‌کردن، کە ملوانکەکە بگەڕێننەوە بۆ زەینەب‌و مێردە دیلەکەی ئازاد بکەن، لەبەر رێزی ئەو بیرەوەری یە خۆشە..

ئەبو العاص کوڕی ربیع کێ‌یە؟ ئایا کوڕی خوشکی خەدیجە نەبو؟ کە خەدیجە وەك کوڕی خۆی دادەناو، بە مێردەکەی گوت پێش ئەوەی ببێت بە پێغەمبەر زەینەب بدات پێی،. ئەم ئیعجابە گەورەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەرامبەر بە خەدیجە بەلگەی جوامێری‌و خانەدانی‌و ڕەوشت بەرزیەتی‌و، رێز گرتنی یەتی بۆ عەقڵی ڕاست‌و جوامێریی خەدیجە وێڕای گەورەیی تەمەنی، کە لە تەمەنی چل ساڵی دا بوەو پێغەمبەریش لە تەمەنی بیست‌و پێنج ساڵی، جا جوانی‌و شارەزایی عائیشە هەمو ئەوانەی لە بیر نەبردەوە کە بە درێژایی تەمەنی بەوەفایی مایەوە، وێڕای تەمەن گەورەییشی ژنی بەسەر نەهێنا، تا ئەو کاتەی گیانی سپارد.

دکتۆر نظمي لە هەمان کتێبدا لاپەڕە ٥٦ دەڵێ: پاش ئەم کێشەیە عائیشە نەیوێرا باسی خەدیجە بە زمانی دابێت، لە کاتێکدا عائیشە ژنێکی گەنج‌و جحێل بوەو خاوەن بەش‌و بەختدار بوە.

کێ وەك محمد ﷺ دەتوانێ ئەم کردەوەیە بنوێنێ، ئاوا بەم جۆرە وەفایی یە بەرامبەر خەدیجە بەوەفا بێت، جا حەق وایە پێغەمبەر بکرێتە نمونەی پیاو (مێرد)و نمونەی پێ بهێنرێتەوە بە پیاو و ئافرەتەوە!

دەبینی ئەو ڕەفتارەی بۆ ئەو کەسە نواند، کە مردوە، ئەو کەسەش کە لەگەڵی دەژیێ‌و خۆشی دەوێ، تورە دەکات؟!

سەبارەت بەم بەوەفایی یە چ دەگوترێ، کە دنیا پڕە لە نمونەی دڵ ئازاردەرو سپڵەیی‌و ناپاکی کردن لە عەهدو پەیمان؟!

١) رواه البخاري مختصراً و أحمد و الطبراني كما أشار اليه ابن حجر في (الفتح).

بەو پیرەژنە لوت لالفاوە سورە ددان لەدەما نەماوەیە، هێندە باسی دەکەیت! خوای گەورە بە یەکێکی باشتری بۆ گۆڕی یەوە؟!

پێغەمبەر فەرموی: بە خوا بە باشتری بۆ نەگۆڕیمەتەوە، ئەو بڕوای پێ هێنام لە کاتێك خەڵك بێ بڕوا بون، بەڕاستگۆی دانام کە خەڵك بە درۆیان دەخستمەوە، بە ماڵو سامانەکەی یارمەتیدام کە خەڵك بێ بەشیان کردم، خوای گەورە تەنها لەو منداڵی پێ بەخشیم نەك لە ژنەکانی تر.

مـاف و ئەركـەكـان

مافی ژن لەسـەر مێردەكـەی[1]

١) لەوكاتەی ئیسلام بە تەواوی مـافی ئـافرەتی دا، بـۆ یەكـەمجار لـە مێـژو كۆمـەڵگـەی (ماكۆن) كۆبونەوە، بۆ توێژینەوە لەوەی ئایا ئافرەت تەنها جەستەیەو گیانی تێدا نیـە؟! یان گیانی هەیە؟ ئەوە بو لە دواییدا بڕیاریاندا، كـە ئـافرەت لـە سزای دۆزەخ ڕزگـاری نابێ، جگە لە مەریەم، لەوكاتەی نەتەوەكانی ڕۆژئاوا هاتنە نـاو نەصـڕانیەت، پیـاوانی ئایینی ڕوانگەیان سەبارەت بە ئافرەت گۆڕی، ئەوە بـو فەرەنسـیەكان لـە سـاڵی ٥٨٦ی زایینی (واتە لەسەردەمی پێغەمبەر) كۆنگرەیەكیان گرێدا، بۆ لێكۆڵینەوە لـەوەی: ئایـا ئافرەت ئادەمیزادە یان نا؟ ئەوەبو لە دواییدا بڕیاریاندا ئـافرەت ئـادەمیزادە، تـەنها بـۆ خزمەتی پیاو بەدیهێنراوە.
شیاوی گوتنە یاسـای ئینگلیزی تا سـاڵی ١٨٠٥ ڕێی بـە پیـاو دەدا ژنەكـەی بفرۆشـێ، نرخەكەشی دیاری كردبو، كە شەش بنس (نیو لیرەی سوری) بو، چـەند سـاڵێك بـەر لـە ئێستا، پیـاوێكی ئیـتاڵی ژنەكەی بە قیست فرۆشت، جا كە كڕیار قیستەكەی كۆتایی نەدا، مێردی یەكەمی ژنەكە پیـاوی كڕیاری كوشت (المرأة بين الفقه والقانون باختصار٢٠-٢١).
لە كتێبی (الحجاب)ی مەودودی لاپەڕە (٢٥) هاتوە: دیدی باوكەكانی مەسیحی یەكەم ئەوەیە، ئافرەت كانگاو سەرچاوەو بنەڕەتی گوناهو تاوانـە، بـۆ پیـاو وەك دەروازەیـەكی دۆزەخە، چونكە ئافرەت پاڵنەرو سەرچاوەی گونـاهی پیـاوە، هـەر ئافرەتـە، سەرچـاوەی بەڵاو كارەساتی گشت خەڵكی، لەبەر ئەوەی ئافرەت دەبێ لە جـوانیو قەشـەنگی شـەرم بكەیت، چـونكە چـەكێكی كوشـندەیە، پێویسـتە لەسـەری بەبـەردەوامیو بـێ پچـڕان كەفارەت بدات، چونكە ئەو بۆتە هۆی نەگبەتیو ناخۆشی بۆ خەڵك.
ڕەنگە كەسێك بڵێ: ئێمە چیمان داوەتە ڕابردوی ڕۆژئاوایی یەكان؟ خـۆ ئێسـتا وا نـین، ئەمڕۆ نرخی ئافرەت دەزانن و مافیان بە تەواوی داوەتێو، پلـەو پایـەیان بەرزكردۆتەوەو ڕێزیان گرتوە!!
منیش دەڵێم: ڕۆژئاوایی یەكان پاڵیان بە ئافرەتەوە نا بێتە مەیدانی كـاركردن، تـا لـە بژێوی دانی ڕزگار بن، منداڵیان لە چاودێریو سۆزو خۆشەویستی دایكی بێبەش كرد، لە ئەنجامی ئەوەش نەوەیەكی ڕوخێنەر دروست بو، كە بـوە مایـەی هەڕەشـەی لـەناوبردنی

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ﴾ (البقرة:٢٢٨)، واتە: ئافرەتان حەق‌و مافیان هەیە، کەوا چۆن لەسەریانە مافەکانی پیاو بەجێ بهێنن بەڵام بە چاکە، پیاوانیش پلەیەکیان بەسەر ئافرەتانەوە هەیە ئەوەش بە هۆی نەفەقەدان‌و کۆشش کردنیان.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا﴾ (النساء:١٩)، واتە: لەگەڵ ژنەکانتان بەچاکی گوزەران بکەن‌و هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ دا بکەن.[1]

شارستانیەتی ڕۆژئاوایی، بەهۆی بڵاوکردنەوەی تاوان‌و خراپەکاری‌و نەخۆشی‌و دەردەداری، ئافرەت بەهۆی -بەناو- پێدانی مافی خۆی، کرایە هۆ و وەسیلەیەك تا لەسەر شەقام‌و کۆگاکان‌و سەماگەو بارەکان بۆ پیاوان ڕابنوێنرێ‌و بخرێتە ڕو، لە پێناو بەدەستهێنانی پارەو پول، فلیمی بێڕەوشتی‌و لەش فرۆشیان پێ دەرکرد.. تا ئەو کاتە ئافرەتیان ویست کە گەنج بو، بەڵام کە گەنجێتی لەدەست داو جوانی نەما، ئینجا فڕێ یان داو کردیانە پیلاو سڕەوەو پاککەرەوەی ڕێگاو ئاودەستەکان، ئایا ئەوە مافی ئافرەتە، یان خیانەت‌و ناپاکیە! یەکێ لەو مامۆستا بەڕێزانەی سەردانی ڕۆژئاوایان کردبو بۆی گێڕامەوە، کە لە کۆڕێکی ئافرەتاندا دەربارەی مافی ئافرەت لە ئیسلام دا قسەی کردبو، کە ئیسلام چ بایەخێکی گەورەی بە ئافرەت داوە، ئافرەتی کردوە بە گەورەی ماڵ‌و شاژنی خێزان‌و جڵەوی پەروەردەی پێداوە، جا هەندێ لە ئافرەتەکان دەستیان کردوە بە گریان‌و ئاواتخواز بون لە ڕۆژهەڵات لەناو مسوڵمانان بژیابان و، لە دۆزەخی شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەرباز بویان !

١) ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ ئەوە کە ئافرەت مافی زۆری هەیە بەرامبەر بەو مافانەی پیاو بەسەر خێزانی هەیە، جا هەرچەندی مافی پیاو زۆر بێ بەرامبەر بەوەش مافی ژن بەسەر مێردەکەی زۆر دەبێ، بەڵام جگە لە پلەداری (درجه). ڕەنگە یەکێك بڵێ: گەر وایە ئەدی بۆچی لە میراتدا فەزڵی پیاو بەسەر ژندا دراوە، کەوا نێرینە دوبەشی مێیینە دەبات؟ منیش دەڵێم: ئەم جۆرە بەش بردنە مانای ئەوە نیە پیاو فەزڵی زۆرترە بەسەر ژن، بەڵکە ئەمە بەرەنجامی ڕۆڵی هەر یەکێکیانە لە ژیاندا، چونکە پیاو کار دەکات‌و زەحمەت

کاتێکیش شتێکتان لێ بینی، کە بە دڵتان نەبو چاوپۆشی لێ بکەن بە ئومێدی ئەوەی، کە زۆر شت هەیە مرۆڤ پێی ناخۆشە، بەڵام خوای گەورە بە هۆیەوە خێرێکی زۆر دەنێتەوە.

((قال رجلٌ من الصحابة: يا رسول الله! ما حق زوجة أحدِنا عليه؟ قال: أن تطعمها إذا طَعِمْتَ، وتكسوها إذا اكتسيت ولا تضرب الوجه، ولا تقبِّح[1] ولا تهجُر إلا في البيت))[1] ، واتە: پیاوێک لە هاوەڵەکانی

دەکێشێ، کەواتە پێویستی بە ماڵو دارایی هەیە، پیاو ئەرکبار (مكلف) کراوە مارەیی بدات بە ژنەکەی و بژێوی بدات و بژێوی دایكو خوشکی بدات گەر هەژار بن، بەڵام ئافرەت وانیە، بۆ هیچ لەمانە ئەرکبار نیەو داوای لێنەکراوە، بەڵکە ئافرەت سەرەڕای میرات وەرگرتن مارەییش وەردەگرێ، ئەو کاتە ماڵەکەی لە ماڵی براکەی زۆرتر دەبێ! بەر لە ئیسلام ئافرەتی ڕۆژئاوایی هەرگیز میراتی نەگرتوە، لە ئینگلتەرا لە سەدەی یازدەم ئافرەت دەفرۆشرا، لە ساڵی ١٥٦٧ لە ئەدوەی نیابی (لاسلندا) بڕیارێك دەرچو، نابێ ئافرەت دەسەڵاتی بەسەر هیچ شتێکدا هەبێ، لە ئیسلام دا لە هەندێ حاڵەتدا ئافرەت چەند جارەی پیاو دەبات، وەکو لە حاڵەتی پیاوێك بمرێ کچێكو دە کوڕی لەدوا بەجێ بێنێ، ئا لەوکاتەدا کچەکە نیوە دەباتو هەمو براکانی تری نیوەکەی تر دەبەن!!

١) لاتقبّح: واتە گوتەی ناشیرینی پێ نەڵێی و جنێوی پێنەدەی، قسەیەکی وای بە گوێ دامەدە، کە پێی ناخۆ بێ.

لەم ئاڕاستەو تەوجیهاتانەی پێشوی پێغەمبەرﷺ ئەوەی دەفامرێتەوە، کە پێویستە ڕێزی کەسایەتی ژن بگیرێو بە وتەی ناشیرین سوکایەتی پێنەکرێ.

لە ڕاستیدا پێغەمبەری خوا ﷺ نمونەی هاوسەری چاك بووە لە ڕێزگرتنی خێزانەکانیو گوێگرتن لە ڕایەکانیانو ئارام گرتن لەسەر هەڵەکانیان. پێویستە ئەوەش بزانین، کە سوکایەتی کردن بەژن سەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە!

(ماری ستۆپ) دەربارەی حەزەکانی هاوڕەگەزی خۆی دەڵێ: ((ڕیزگرتنی ژن لە گرنگترین کارەکانە، چونکە ئەو ژنەی هەست بەوە بکات لاوازو بێدەسەڵاتە، جۆرەها کاری خراپ فێردەبێت، وەك درۆو ناپاکیو دوڕوویی و شتی تریش.

پێغەمبەر گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا مافی خێزانی هەر یەکێکمان بەسەر ئێمەوە چیە؟

پێغەمبەرﷺ فەرموی: مافەکە ئەوەیە، کە خواردنی بدەیتێو جلو بەرگی بۆ بکەیو نابێ لە دەمو چاوی بدەی[٢] و نابێ قسەی ناشیرینی پێ بڵێی، تەنانەت لەسەر جێگای خەوتن پشتی تێ مەکەو جێگەت مەگۆڕەو نەچیە ژورێکی تر بخەوی.

پێغەمبەر ﷺ دفەرموێ : ((**المقسطون يوم القيامة على منابر من نور على يمين الرحمن (وكلتا يديه يمين) الذين يعدلون في حكمهم وأهليهم وماولوا**))[٣]، واتە: دادگەران لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر چەند چرایەکن لە لای دەستەڕاستی خوا (هەردو دەستی خوا ڕاستەیە) جا ئەو کەسانە ئەوانەن، کە لە فەرمانڕەوایی‌و خێزانیانو ئەوەی دەکەوێتە بەردەستیان دادگەری دەکەن.

ئیبن عەباس گوتویەتی: ((**إني أحب أن أتزيَّن للمرأة كما أحب أن تتزيَّن لي**))، واتە: پێم خۆشە خۆم بۆ ژنەکەم جوان بکەمو بڕازێنمەوە،

بەڵام گەر ڕیزی کەسایەتی ئەومان لە دەرونیدا چاندو، ڕیزی ئەم کەسایەتیەمان گرتو پارێزگاری کەرامەتیمان کرد، ئەوا بە هۆی ئەمەوە کەسایەتی ژنەکە بەهێز دەکەینو دەیکەینە هێزێکی توانادار کە بە ڕوی تەوژمە توندەکان بوەستێو خۆی ڕابگرێ، کە لە ژیانیدا ڕوبەڕوی دەبێتەوە، جا بەم ڕیزگرتنەی پیاوی بۆی دادەنێ، بەسەر لاوازی خۆی زاڵ دەبێو سەردەکەوێ، کە ناتوانرێ فێڵی لێبکرێو ئەویش ناکەوێتە زەلکاوی گوناهو کاری ناپەسەندەوە.

١) رواه أحمد في المسند و أبو داود (حديث حسن).

٢) نابێ لە دەمو چاو بدرێ چونکە شوێنی هەستیارە، کە گوێو چاوە، ڕەنگە ببێتە هۆی زیان پێگەیاندنی، هەروەها دەموچاو شوێنی جوانیو ڕێزداریە.

٣) رواه مسلم و غيره.

هەروەك پێم خۆشە خۆی بۆم جوان بكاو بڕازێنێتەوە.

(زانایان دەڵێن: چۆن پێویستە پیاو پارە بۆ خێزانەكەی خەرج بكاو جل و بەرگی بۆ بكات، بە هەمان شێوە لە سەری پێویستە بە باشی لەگەڵ ژنەكەی جوت ببێ و بە باشی هەڵس وكەوتی لەگەڵ دا بكات: بە چاكی جوتبون و مافدان بەم جوتبونە، بە كۆڵەگەی گوزەران باشی و هەڵس و كەوت چاكی لەگەڵ خێزان دادەنرێ!

خوای گەورەش فەرمانی كردوە كە دەبێ پیاو لەگەڵ ژنەكەی بە باشی ژیان بباتە سەرو گوزەرانی لەگەڵدا بكات و رەفتاری چاكی لەگەڵ دا بكات، جوتبونیش لەم خۆشگوزەرانی و هەڵس وكەوت چاكی یەیە!)

(هەروەها زانایان دەڵێن: پێویستە لەسەر پیاو چۆن پێویستە لەسەری ژنەكەی تێر نان بكات بە هەمان شێوە لەسەریەتی لە جوتبون تێری بكات)[1].

---

١) روضة المحبين باختصار ص١٢٤-١٢٦.

نابێ پیاو بۆ ماوەیەکی درێژ لە خێزانەکەی بە دور بێت !

جارێك لەو جارانەی کە عومەری کوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێ بێ بە مەبەستی پاسەوانی لە مەدینە دەسوڕایەوە، بە بەردەمی ماڵێکدا ڕۆیشت، کە تەنها ژنێك لە ماڵەکە بو، ئەم شیعرەی دەگوت:

تطاول هذا الليل وازوَرَّ جانبُهُ   وأرَّقني أن لا ضجيع أُلاعِبه
ألاعبُه طوراً وطوراً كأنما   بدا قمراً في ظُلمة الليل حاجبه
يُسَرُّ بِه مَن كان يلهو بِقُرْبه   لطيف الحشا لا يَحتوِيه أقارِبُه
فوالله لولا اللهُ لا شيء غيره   لحَرِّكَ من هذا السرير جوانبُه
ولكنني أخشى رقيباً موكّلاً   بأنفسنا لا يفتُر الدهرَ كاتِبُه
مخافةُ ربّي والحياء يصدني   وإكرامُ بِعْلي أن تُنال مواتبه[١]

ئیمامی عومەر دەربارەی ئەم ژنە پرسیاری کرد، پێیان گوت: ئەمە فڵانە ئافرەتە، مێردەکەی لەلای نیەو لە جیهادە، ئەویش بە دوای مێردی ژنەکەیدا نارد، تا بگەڕێتەوە لای هاوسەرەکەی، پاشان ئیمام عومەر چوە لای حەفصە گوتی: کچەکەم!... ژن تا چەند دەتوانێ ئارام لەسەر مێردەکەی بگرێ؟..

---

١) کورتەی مانای شیعرەکە ئەوەیە، کە ئەم ئافرەتە مێردەکەی ماوەیەکی زۆرە لێی دورە، ئەویش خۆی گرتوە لە توش بون بە خراپەکاری. جا دەڵێ گەر لە ترسی خوا نەبایە ئەوا ئێستا لەسەر ئەم قەروێڵەیە یەکێکی تری لەسەر دەبو یاریم لەگەڵ دا دەکرد، بەڵام لە ترسی خواو شەرمو شکۆو لەبەر ڕێزی مێردەکەم ئارام دەگرم. (وەرگێڕ)

ئەویش گوتی: سبحان الله، پیاوی وەك تۆ دەربارەی ئەمە پرسیار لە من دەکا؟

گوتی: بۆیە پرسیارت لێ دەکەم دەمەوێ بۆ مسوڵمانان دەرکەوێ.

حەفصە گوتی: پێنج مانگ.. شەش مانگ.

جا بۆ ئەو کەسەی دەچوە غەزا ماوەی شەش مانگیان بۆ دادەنا.. کە یەك مانگ بەرێوە دەبن،و، چوار مانگیش دەمێننەوە، مانگێکیش بەرێوە دەبن بۆ گەڕانەوە![1]

---

١) ئیمام مالك لە (الموطأ) ئەم چیرۆکەی لە عبدالله بن دینار گێڕاوەتەوە.

ژن هاوڕێ‌و هاوسەرە

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ (البقرة- ٢٢٨).

دەفەرموێ: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾[1] (الروم- ٢١)

---

١) هەندێك كەس تەنها بە چاوێكی جنسی دەڕوانێتە هاوسەرەكەی، بەمەش ژیانی خۆی‌و ژیانی هاوسەرەكەی تەنگ‌و ناخۆش دەكات.

بەڕاستی مێردی بەختەوەر ئەو كەسەیە، كە خێزانەكەی بە هەمو مانایەكەوە دەكاتە هاوڕێ، ئەم ئایەتەش دوپاتی هاوڕێیەتی ژن‌ومێردی كردۆتەوە، كە بە(مودة) ناوی بردوە!

بەڕاستی ئەو كەسە باشی گوتوە، كە دەڵێ: (ئەو هاوسەرییێتی یەی تەنها بۆ رابواردنی جنسی یە، حەق نیە پێی بگوترێ هاوسەریەتی (زواج). بەختەوەری ژیانی هاوسەری، بە زۆری بەردەوام دەبێت‌و گەر تەنها بریتی نەبێت لە پەیوەندی جنسی.

گەر هاوسەرێتی زیاتر لەسەر پەیوەندی جەستەیی دانەمەزرابێ، ئەوا ئەو هاوسەری یە سەرچاوەی ئازارو ئێشە. لەبەرئەوە هەر دەبێ هاوسەریی لەسەر بناغەی قوڵ ترو پتەوترو دورتر لەمەدا دامەزرابێ، بۆ ئەوەی گیان لێی تێر ببێ، پێش تێربونی جەستە.

یەكێكی تر گوتویەتی: (پێویست بەو قسەیە ناكات كە دەگوترێ ئافرەت ئامێرێك نیە بەدەست پیاوەوە، بۆ ئەوەی تەنها چێژی لێ وەرگرێ، چونكە هەر لە سەرەتای رۆژانی خوازبێنی یەوە خۆشەویستی ئافرەتەكەی لەسەر عەرشی دڵی مێردەكەی دادەنیشێ، جا پیاوەكە رێزی دەگرێ.

ئەی چی دەڵێی لەوكاتەی كە دەبێتە هاوسەری‌و هاوڕێی ژیانی‌و هاوبەشی لە پێكهێنانی وەچەكانی. ئەو مێردەی كە بەختەوەری هاوسەرەكەی بەلاوە گرنگە، بێگومان بەختەوەری ئەویش بە وییەوە بەندە، پێویستە هەست بەوە بكات كە ئەو بەختەوەری یە لە چێژی هەستیارەكان تێپەڕ دەكات بۆ یەككگرتنی دڵەكان‌و سۆز گۆڕینەوە، لەسەریەتی كە سۆزو حەنان بداتە هاوسەرەكەی تاوەكو متمانەی زیاتری هاوسەرەكەی دەستەبەر بكات).

مـافی پیـاو لەسـەر ژنەکـەی

پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێ: ((لو كنت آمراً أحداً أن يسجد لأحدٍ، لأمرتُ المرأة أن تسجد لزوجها))[١]، واتـە: گـەر فـەرمانم بکردایـە بـە کەسێك کە سوجدە[٢] بۆ یەکێکی تر ببـات، فـەرمانم بـە ئـافرەت دەکـرد سوجدە بۆ مێردەکەی ببات.

((جاءت امرأة الى النبّي ﷺ فقالت: يا رسول الله! أنا وافدة النساء إليك، هذا الجهاد كتبه الله على الرجال، فإن يصيبوا أُجروا، وإن قُتلوا كانوا أحياءً عند ربّهم يُرزقون، ونحن معاشر النساء نقوم عليهم فما لنا من ذلك؟! فقال رسول الله ﷺ: أبلغي من لقيت من النساء: أن طاعة المرأة الزوج وإعترافها بحقه[٣] يعدل ذلك، وقليل منكن من يفعله!))،

ئای چەند جوانە ژن و مێرد هاوڕێی یەکتر بن، چەند ناشیرینە ژیانی ئـەو ژن و مێـردەی، کە لەسـەر شانۆی ماڵەوە ژیانی ئاژەڵی دەنوێنن!

١) رواه التـرمذي (حديث حسن).

٢) سوجدەی ڕێزو پێزانین.

٣) مافی مێرد بەسەر هاوسەرەکەی ئەوەیە، کە ڕێزی دایك و بـاوکی ئـەو بگـرێ، ڕەفتـارو مامەڵەیان لەگەڵ باش بکات و هانی بدات لەسـەر زیـادە چـاودێری کردنیـان، هـەروەها لەسەریەتی خۆڕاگری خراپەکانیان بێت بەرامبەر بەو، بە تایبەتی دایـك و بـاوك، چـونکە ئاگر بە ئاگر دانامرکێتەوە، بەڵکو بە ئاو دەکوژێتەوە!

لەسەر ژن پێویستە زاڵ بێت بەسەر خۆپەرستی خۆی و زەبتی عاطیفـەی خـۆی بکـات، بەمەش ڕەزامەندی خوای گەورەو پاداشتی باش بەدەست دێنـێ، لەبەرچـاوی مێردەکـەی گەورە دەبێت و، ڕێزو خۆشەویستی ئەو بەدەست دێنێ.

با هەردەم ئەوەی لەبیـر بێت، کە دایكو باوکی مێردەکەی، مێردەکەی ئەویان بـەخێو کردوەو گەورەیان کردوەو فێری خوێندنیان کردوە، ئەویش وەك ئەرکێك دەبێ قەرزەکـەیان بداتـەوە، جـا ئافرەتەکـەش بـە دەوری خـۆی هەسـتێ بـە یاریـدەدانی مێردەکـەی بـۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پیرۆزە.

با ژن بزانێ خوای گەورە نامرێ، لەگەڵ خەڵك چۆن بی بە هەمان شت تـۆش ڕەفتـارت لەگەڵ دەکرێتەوە، جا گەر مامەڵەی لەگەڵ دایكو باوکی مێردەکـەی بـاش بێـت، ئـەوا ئەوکاتە خێزانی کوڕەکانی بە هەمان شێوە لە تەمەنی پیری دا مامەڵـەی بـاش لەگـەڵ ئەودا دەکەن، خوای گەورەش پاداشتی چاکەکاران بە فیڕۆ نادات.

ئەم ئامۆژگاریانە زۆر ئاسان، کـە فـەرامۆش کردنیـان چـۆن بۆتـە مایـەی ڕوخانـدنی خێزانو عەقدی هاوسەریی، یان پیاو هەڵساوە بە تووڕەکردنی دایكو بـاوکی، کـە دەبێتـە مایەی بەدبەختی دنیـاو ئاخیرەتی، هۆی یەکەمی تووڕەکردنەکەش ژنە!!

هەروەها لە مافی پیاو بەسـەر هاوسـەرەکەیەوە ئەومیـە، کـە منداڵـەکانی پـەروەردە بکات، بۆ ئەم پەروەردەیەش لەسەر ژن پێویسـت دەکـات کـە هـەوڵێکی زۆر بـدات بـۆ چاودێریکردنێکی زۆرو لێکۆڵینەوەیەکی فراوانو پیادەکردنی هۆشیاری، بەتایبـەتی لـەم سەردەمەی ئێستادا، کە زانستە پەروەردەیی یـەکانو دەروونـی یـەکان بـەرەوپێش چوونو فراوانبون دەچن. بەرامبەر بەوەش بە هـەمان شـێوە ئـەرکی مێـردە، کـە ڕێـزی خـزمو کەسوکاری هاوسەرەکەی بگرێ، بە تایبەتی دایكو باوکی، چونکە جـوانترینو باشـترین دیاری، کە جەرگیانە پێشکەشی ئەویان کردوە، لەبەر ئەوە لەسـەریەتی بـە بەردەوامی مامەڵەی چاکیـان لەگەڵ بکاتو خۆشەویستیان بۆ بنوێنێو بەشداریان بکـات لـە کـارە گرنگەکانی، کە بە هۆی بێئاگابون لەمەدا، زۆر قەیرانی دروست کردوە!

بەم بۆنەوە نامەیەکی ناسك نەقڵ دەکەین، کە زاوا بۆ خەسـوەکەی دەنێـرێ، ئەمـەش دەقەکەیەتی:

{دایکم... ئەی خۆشەویسترین دایك.. چۆن بانگت ناکەم دایکم، کە تۆ خۆشەویسترین مرۆڤت پێشکەش بە دڵم کردوە...؟!

چۆن بە دایکم بانگت ناکەم، کە تۆ ئەم ئافرەتەت هێناوەتە بون... ئەو هاوڕێیەی، کە ژیانی داگرتوم... من بەختیارترین مرۆڤی دنیام... ئەوەنـدە بەختەوەرییـەم بەسـە، کـە هەموو ژیانم لەگەڵ ئەم کچە دەبەمەسەر کە چەندەها ساڵە لێی دەگـەڕێم... لەگـەڵ ئـەو

واتە: ئافرەتێك هاتە لای پێغەمبەر گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا من نوێنەری ئافرەتانم و هاتومە لای جەنابت، ئەو جیهادەی خوای گەورە لەسەر پیاوانی فەرز کردوەو پاداشتیان بۆ دەنوسرێ، گەر بکوژرێن ئەوا شەهیدن و زیندون و لەلای خوای بەخشندە رۆزیان دەدرێتێ.. ئێمەی کۆمەڵی ئافرەتانیش هەڵدەستین بە خزمەت کردنیان، جا ئێمە لەوەدا چیمان بۆ هەیە؟!

پێغەمبەری خوا فەرموی: گەر بە هەر ئافرەتێك گەیشتی ئەوەی پێ رابگەیەنە، کە گوێڕایەڵی کردنی ژن بۆ مێردەکەی و دانان بە مافی مێردەکەی، وەك ئەو جیهادە خێرو پاداشتی بۆ دەنوسرێ. کەم کەس لە ئێوەش گوێڕایەڵی مێردەکانیان دەکەن!

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ((لا ینظر الله تبارك وتعالى الى امرأةٍ لا تشكُرُ لزوجها وهي لا تستغنى عنه))[١].

هەروەها ((اثنان لا تجاوز صلاتهما رؤوسهما :...، وامرأة عصتْ زوجَها حتى ترجع))[٢].

حەصینی کوڕی محصن گوتویەتی: ((حدثني عمتي قالت: أتيتُ رسول الله ﷺ في بعض الحاجة، فقال لي: أي هذه! أذات بعل؟ قالت: نعم، قال: كيف أنت له؟ قالت: لا آلُوهُ إلا ما عجزْتُ عنه، قال:

کچەی تۆ، کە بوە بە هاوسەرم و دایکی منداڵەکانم بەم نزیکانە... تۆ کچەکەت داوەتە من... بەڵام من دڵ و گیانم داوەتێ..} کوڕت

لە وتاری مامۆستا منیر نصیف لە گۆڤاری العربی وەرگیراوە.

١) رواه النسائي والبزار (حديث صحيح). (پێشتر لێکدراوەتەوە).

٢) رواه الطبراني و الحاكم. حديث جيد، (پێشتر لێکدراوەتەوە).

فانظري أين أنت منه، فإنه هو جنّتُكِ ونارُكِ!!))[1] ، واتـە: پـورم بـۆی باسکردمو گوتی: چومە خزمەت پێغەمبەر ﷺ بۆ هەندێ پێویستی.

پێغەمبەر ﷺ پێی گوتم: فلان! مێردت هەیە؟

گوتم: بەڵێ.

پێغەمبەر فەرموی: تۆ بۆ ئەو چۆنی؟

ئافرەتەکە گوتی: کەمتەرخەمی ناکەم لـە گوێڕایـەڵیو خزمـەتکردنی تەنها ئەوە نەبێ کە لە توانامدا نەبێ.

پێغەمبەر ﷺ فەرموی: کەواتە تەماشا کـە تـۆ لـە کـوێی ئـەویت، مێردەکەت بەهەشتو دۆزەختە[2].

---

١) رواه الترمذي بسند صحيح.

٢) (مەبەست لە بەهەشتو دۆزەختە ئەوەیە گەر ئافرەت گوێڕایەڵی مێردەکەی بـێ، ئـەوا دەچێتە بەهەشت، بە پێچەوانەوەش گەر سەرپێچی فەرمانـەکانی مێردەکـەی لـە چـاکە بکات ئەوا دەچێتە دۆزەخ. (وەرگێڕ).

ژن بەبێ ئیـــزنـی مێردەکـەی نابێ ڕۆژوی سـوننەت بگـرێ

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((لا يحل لإمرأة أن تصوم (وفي رواية: لا تَصُمِ المرأةُ) وزوجها شاهدٌ إلاّ بإذنه (أي غير رمضان)، ولا تأذن في بيته إلا بإذنه)) [1]، واتە: ژن بۆی حەڵاڵ نیە بـەبێ ئیزنـی مێردەکـەی بـەڕۆژو بێ، ڕۆژوی سوننەت، بەبێ ئیزنی ئەو نەهێڵێ کەسێك بێتە ماڵی.

ئەبو سەعید گوتویەتی: ((جاءت امرأة إلى رسول الله ﷺ ونحن عنده فقالت: زوجي صفوان بن المعطل يضربني إذا صلّيتُ ويفطرني إذا صمتُ، ولا يُصلّي الفجر حتى تطلع الشمس!

قال: وصفوان عنده. فسأله عما قالت؟

قال: يارسول الله: أما قولُها: يضربني إذا صلّيتُ، فإنها تقرأ بسورتين! وقد نهيتها.

فقال لها رسول الله ﷺ: ولو كانت سورة واحدة، لكفت الناس.

قال: وأما قولها: يفطرني إذا صمت: فإنها تنطلق تصوم، وأنا رجل شاب! فلا أصبر!!

فقال رسول الله ﷺ: لا تصوم إمرأة إلا بإذن زوجها!.

واما قولها: إني لا أصلي حتى تطلع الشمس؟ فإنا أهل بيت قد عرفت عنا ذاك، لا نكاد نستيقظ حتى تطلع الشمس.

---

١) رواه البخاري ومسلم وابوداود.

قال: فإذا إستيقظت يا صفوان فَصلِّ!))[1]، واتە: ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خواو ئێمەش لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ بوین.

ئافرەتەکە گوتی: کاتێك نوێژ دەکەم صەفوانی کوڕی مەعتەلی مێردم لێم دەدا، گەر بەڕۆژو بم پێم دەشکێنێ، هەروەها نوێژی بەیانی ناکات تا خۆر هەڵدێ!

ئەبی سەعید دەڵێ: صەفوانیش ئەوکاتە لە خزمەت پێغەمبەر بو.

پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لە صەفوان کرد سەبارەت بەوەی، کە خێزانەکەی باسی دەکات؟

صەفوان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا کە دەڵێ: کاتێك نوێژ ئەکەم لێم دەدات، لەبەر ئەوەیە، چونکە ئەو لە نوێژەکە دو سورەت دەخوێنێ! منیش پێم گوتوە ئەوە نەکات.

پێغەمبەری خوا بە ئافرەتەکەی گوت: گەر یەك سورەتیش بێ دروستە.

هەروەها صەفوان گوتی: کە دەڵێ: گەر بەڕۆژو بم پێم دەشکێنێ. ئەوەش لەبەر ئەوەیە من پیاوێکی گەنجم! ناتوانم لەسەر جوتبون ئارام بگرم!

پێغەمبەری خوا فەرموی: (ژن بەبێ ئیزنی مێردەکەی نابێ بەڕۆژو بێ) مەبەست لە ڕۆژوی سوننەتە.

صەفوان گوتی: کە دەڵێ: تا ئەو کاتەی خۆر هەڵنەیێ نوێژی بەیانی ناکات، ئێمە لە ئەهلی بەیتین، ئەوەش دەزانی کە ئێمە تا خۆر هەڵنەیێ لە خەو هەڵناستین.

پێغەمبەرﷺ فەرموی: (صەفوان! گەر لە خەو هەڵسای نوێژەکە یەکسەر ئەنجام بدە!).

---

١) رواه أبو داود و إبن ماجه (صحيح).

نەبەخشینی ماڵ بەبێ ئیزنی مێرد

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **((لا تنفق إمرأة شيئاً من بيت زوجها إلا بإذنه، قيل: يا رسول الله ولا الطعام؟! قال: ذلك أفضل أموالنا))**[1]، واتە: نابێ ژن هیچ شتێك لە ماڵی مێردەكەی ببەخشێ، تەنها بە ئیزنی ئەو نەبێ، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا خواردەمەنیش بەبێ ڕەزامەندی مێرد نابێ ببەخشرێ؟!

پێغەمبەر فەرموی: خۆراك باشترین سەرمایەمانە.

هەروەها دەفەرموێ: **((إذا تصدقت المرأة من بيت زوجها؛ كان لها أجر ولزوجها أجر، لا ينقص كل واحد منهما عن أجر صاحبه شيئاً. له بما كسب ولها بما أنفقت)) (أي إذا كان برضائه)**[2]، واتە: گەر ژن بە ڕەزامەندی مێردەكەی شتێك بكاتە خێرو سەدەقە، ئەوا بۆ ژنەكە پاداشت دەنوسرێو بۆ مێردەكەشی پاداشت دەنوسرێ، پاداشتی هیچ كامێكیشیان كەم ناكات. جا بۆ پیاوەكە پاداشت هەیە لەوەی، كە پەیدای دەكاتو بۆ ژنەكەش پاداشت هەیە لەوەی، كە دەیبەخشێ.

---

١) رواه الترمذي (حديث جيد).

٢) رواه الترمذي (صحيح).

بەخشینی ماڵو سامانی ژن بۆ مێردی هەژار

زەینەبی سەقەفی خێزانی عبداللەی کوڕی مەسعود ڕەزای خوایان لێ بێ، گوتویەتی: ((قال رسول الله ﷺ : تصدقن يا معشر النساء ولو من حليكن، قالت: فرجعت الى عبدالله بن مسعود، فقلت: إنك رجل خفيف ذات اليد، وإن رسول الله ﷺ قد أمرنا بالصدقة، فأتِهِ فاسألْهُ، فإن كان ذلك يُجزيءُ عَنّي وإلا صرفْتها الى غيركم. فقال عبدالله: أئتيهِ أنت.

فانطلقتُ، فإذا امرأة من الأنصار بباب رسول الله ﷺ حاجتُها حاجتي. وكان رسول الله ﷺ قد ألقيتْ عليه المهابةُ، فخرج علينا بلال ﷺ فقلنا له: أئتِ رسول الله ﷺ فأخبره أن امرأتين بالباب تسألانك: أتجزئُ الصدقة عنهما على أزواجهما، وعلى أيتام حجورهما، ولا تخبره من نحن.

قالت: فدخل بلال على رسول الله ﷺ فسأله، فقال له رسول الله ﷺ! ((من هما)) ؟

فقال: امرأة من الأنصار و زينب.

فقال رسول الله ﷺ: ((أي الزيانيب؟))

قال: امرأة عبدالله بن مسعود.

فقال رسول الله ﷺ: ((لهما أجران، أجرُ القرابة، وأجرُ الصدقة))[1]، واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ئەی کۆمەڵی ئافرەتان خێرو چاکە بکەن، گەرچی خشڵو زێڕەکانیشتان بێت.

زەینەب گوتی: گەڕامەوە لای عبداللەی کوڕی مەسعودو گوتم: تۆ

---

١ رواه البخاري ومسلم.

دەستت کورتەو پێغەمبەریش فەرمانی پێکردوین خێرو سەدەقە بکەین. تۆش بڕۆ خزمەت پێغەمبەرو لێی بپرسە، گەر بێتو خێرەکە بۆتۆ شیاو بێ، ئەوا لەسەرمە خێرەکە بدەم بە تۆ، ئەگینا ئەییەخشمە یەکێکی تر.

عبدالله گوتی: تۆ بچۆ خزمەت پێغەمبەر.

زەینەب چوە خزمەت پێغەمبەرو بینی ئافرەتێکی ئەنصاری لەبەر دەرگای پێغەمبەری خوا وەستا بو، کە ئەویش هەمان پرسیاری هەبو.

بیلال هاتە دەرەوەو پێمان گوت: بچۆ خزمەت پێغەمبەری خواو هەواڵی پێبدە دو ژن لەبەر دەرگا وەستاون و پرسیارت لێ دەکەن، ئایا دەبێ و دروستە خێرو سەدەقە بدەینە مێردەکانمان و ئەو هەتیوانەی، کە لە ماڵەکانیشمان دان؟ بەڵام بە پێغەمبەر مەڵێ ئێمە کێین.

زەینەب دەڵێ: بیلال چوە خزمەت پێغەمبەری خواو لێی پرسی، پێغەمبەریش بە بیلالی فەرمو: ئەم دو ژنە کێن؟

بیلال گوتی: ژنێکی ئەنصاری و زەینەبە.

پێغەمبەری خوا فەرموی: کامە زەینەب؟

بیلال گوتی: ژنی عبداللهی کوڕی مەسعود.

پێغەمبەری خوا بۆ وەڵامی پرسیارەکەیان فەرموی: دو پاداشتیان هەیە: پاداشتی خزمایەتی، کە ژن و مێردایەتیەو پاداشتی خێرو سەدەقەکەیان بۆ هەیە.

ترسـاندنى ئەو ژنـانـەى داواى تـەلاق بە نـاحـەق دەكـەن

پێغەمبەر ﷺ فەرمويەتى: ((أيما امرأة طلبت من زوجها الطلاق من غير بأس، فحرام عليها رائحة الجنّة!))[١]، واتە: هەر ژنێك داواى تـەلاق بەبێ هیچ هۆيەكى حەق دار لە مێردەكـەى بكـات، ئـەوا بـۆنى بەهەشـتى لەسەر حەرامە. واتە ناچێتە بەهەشت.

بەرگرى كردنى حۆرى لە پياوى چاك (صالح)

پێغەمبەر ﷺ فەرمويـەتى: ((لا تـؤذِينّ امـرأةٌ زوجَهـا في الـدنيا إلا قالت زوجته من الحور العين:[٢] لا تؤذيه قاتلك الله: هـو عنـدك دخيـل يوشك أن يفارقكِ إلينـا!))[٣]، واتە: لـەو كاتـەى ژن لـە دنيـادا ئـازارى مێردەكـەى دەدات ئـەوا حـۆرى بەهەشـت كـە بـۆ ئـەو پيـاوە دانـراوەو هاوسەريەتى دەڵێ: خوا بـت كـوژێ! ئـازارى نـەدەى! ئـەم پيـاوە لاى تـۆ ميوانەو هێندەى نەماوە تۆ بەجێ بهێڵێو، بێتە لاى ئێمە.

---

١) رواه احمد في المسند والترمذي (حديث صحيح).

٢) سەبارەت بە حۆرى بەهەشتێ، پرسيارێك دێتە بيـرو زهنى زۆر كەس ئـەويش ئەوەيـە: پێغەمبەر ﷺ بەڵێنى بە پياوى بڕوادار داوە، كە چەند حۆريەكى پێ دەبەخشرێ، بـەلام ئافرەتان ئەوەيان بۆ نيە؟

وەڵام: سروشتى پياو وايە دەتوانێ سۆزو عاتيفەو دڵى دابەش بكاتو، ببيەخشـێتە زۆر ئافرەتان، بەڵام ژن ناتوانێ ئاوا بكات مەگەر ئەو ژنە ڕيزپەر(شاذ)و لاڕێ (منحرف) بێت! لەبەر ئەوە چۆن لە دنيا تەنيا چاوى لە مێردەكەيەتىو ئارەزوى كەسـى تـر ناكـات لـە بەهەشتيش بەهەمان شێوە.

٣) رواه الترمذي وحسنه.

پاداشتی گوێڕایەڵی ژن بۆ مێردەکەی

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((المرأة إذا صلَّت خمَسَها، وصامت شهرها، وأحصنت فرجها، وأطاعت زوجها، فلتدخل من أي أبواب الجنّة شاءت))[١]، واتە: گەر ژن پێنج نوێژە فەرزەکانی بەجێهێناو، مانگی ڕەمەزان بەرۆژو بو، داوێنی خۆی لە خراپەکاری پاراستو فەرمانبەری مێردەکەی بکات لە چاکە، ئەوا با لە هەر دەرگایەکی بەهەشت دەچێتە ژور، کە خۆی ئارەزوی لێیەتی، با بچێت.

هەروەها دەفەرموێ: ((أيما امرأة ماتت وزوجها عنها راض، دخلت الجنة))[٢]، واتە: هەر ژنێك بمرێو مێردەکەی لێی ڕازی بێ ئەوا دەچێتە بەهەشت. (بەڵام بە مەرجێ مێردەکەی دروشمەکانی ئیسلام بەجێ بهێنێو لەخوا ترس بێ).

((عن حصين بن محصن أن عمة له أتت النبي ﷺ فقال لها: أذات زوج أنت؟ قالت: نعم!

قال: فأين انت منه؟! قالت: ما آلوه، إلا ما عجزت عنه!

قال: كيف كنت له! فإنه جنّتك ونارك!))[٣]، واتە حصين کوڕی محصن گوتویەتی: پورم بۆی باسکردم گوتی: چومە لای پێغەمبەر بۆ هەندێ پێویستی.

---

١) رواه أبو نعيم في الحلية وله شواهد يرقى بها الى درجة الحسن والصحة.

٢) رواه الترمذي بدرجة صحيح.

٣) رواه أحمد في المسند والنسائي وغيرهما وهو حسن الإسناد.

پێغەمبەر ﷺ پێی گوتم: ئەی فلانە مێردت هەیە؟

گوتی: بەڵێ.

پێغەمبەر فەرموی: تۆ بۆ ئەو چۆنی؟

گوتی: کەمتەرخەمی لە گوێڕایەڵی و خزمەتکردنی ناکەم مەگەر ئەوەی کە لە توانام نەبێ.

پێغەمبەر فەرموی: دە کەواتە: بزانە تۆ لە کوێی ئەویت، مێردەکەت بەهەشت و دۆزەختە.

ڕاسپاردە سەبارەت بە ئافرەت

((من خطبة النبي ﷺ في حجة الوداع: ((... ألا واستوصوا بالنِّساء خيراً!

اتقوا الله في النساءِ فإنكم أخذتموهنَّ بأمان الله واستحللتم فروجهُنَّ بكلمة الله ولكم عليهنَّ أن لا يُوطِئن فُرُشكم أحداً تكرهونه، فإن فعلنَ ذلك فاضربوهن ضرباً غير مبرح ولهن عليكم رزقُهُنَّ وكسوَتُهُنَّ بالمعروف. وقد تركتُ فيكم ما لن تضلُّوا بعده إن اعتصمتم به: كتاب الله: وأنتم تسألون عني، فما أنتم قائلون؟

قالوا: نشهد أنك قد بَلَّغت وأدَّيت ونصحتَ.

فأشار بأصبعه السبابة يرفعها الى السماء وينكُسُهَا الى الناس ويقول: اللّهم اشهد! اللّهم اشهد ثلاث مرات))[1] ، واته: له حەجی ماڵ ئاوایی پێغەمبەر ﷺ لە وتارەکەی ئەوەی فەرموو:

((... پێتان ڕادەسپێرم، کە لەگەڵ ئافرەتان بە چاکە ڕەفتاریان لەگەڵ دا بکەن!

دەرهەق ئافرەتان لە خوا بترسن (زوڵمیان لێ نەکەن)! چونکە ئافرەتان ئەمانەتی خوان لەلای ئێوەو بەهۆی وشەی خوای گەورە فەرجیان بۆتان حەڵاڵ کراوە. ئێوەش مافتان لەسەریان ئەوەیە، کە کەس نەیەتە ماڵتانەوەو لە شوێنی خۆتان دابنیشێ، کە خۆتان پێتان ناخۆشە بێن بۆ ماڵتان. گەر بە فەرمانیان نەکردن ئەو کاتە بە لێدانێکی سوک لێیان

---

١) رواه مسلم.

بدەن ئەوەش پاش ئامۆژگاری کردنیان بە گوتـەی شـیرین یـان سـەرجێیی نەکردن، ژنەکانیشتان مافیان لەسەرتان هەیە کە ڕۆزیان بۆ پەیـدا بکـەن‌و بە باشی پۆشتەیان بکەن. کیتابی خوا کە قورئانە بۆم بەجێ هێشتون، گەر دەستی پێوە بگرن هیچ کاتێك گومڕاو سەرلێشێواو نابن، ئێوەش دەربارەم دەپرسن، ئێوە چی دەڵێن؟!

ئەوانەی لەوێ ئامادەی وتارەکە بون گوتـیـان: گەواهی‌و شایەتی دەدەیـن ئەوەی کە لەسەرت بو گەیاندت‌و بەجێت هێناو ئامۆژگاریشت کرد.

جا پەنجەی شـایەتمانی بـەرزکردەوە بـەرەو ئاسمـان‌و بـەلای خەڵکەکـەی لادەداو دەیفەرمو: خوایە شایەت بە، خوایە شایەت بە سێ جـار ئەمـەی فەرمو.

لەبارەی حەز نەکردنی پیاو بە دانیشـتنی یـەکێکی تـر لـە شـوێنەکەی ئەودا، دکتۆر نظمی لۆقا لە کتێبەکەیـدا لاپـەڕە ٣٦ دا دەڵـێ کـە ئەمـە کورتەکەیەتی:

(...مێژو هەرگیز ئەوەی لە بیر ناچێتەوە، کە ئەبو سـوفیانی سەرۆکی قوڕەیش چوە لای ئوم حەبیبەی کچی، کە خێزانی پێغەمبەر بو، بە نهێنی یەوە چوە لای، تا لە کـاتی فـەتحی مەککـەدا لـە خەشـم‌و تـوڕەیی پێغەمبـەر بیپارێزێ، ئەبو سوفیان لەبەر لـوت بـەرزی، چـاوەڕوانی ئیزنـی کچـەکەی نەکردو یەکسەر چوە سەر جێگەو شوێنی دانیشتنی پێغەمبـەر، تـا لـەوێ دابنیشێ‌و قسە لەگەڵ کچەکەی بکات، وەکو قسەکردنی باوکێکی خۆ بەزل زان‌و لوت بەرز.

ئوم حەبیبە کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك بو باوکی نەبینیبو، هیچ نـەرمی بۆ نەنواند، بەڵکو یەکسەر ئەو فەرشەی، کە پێغەمبەر لەسەری دادەنیشت

لەبەر دەستی لای دا، تا لەسەری دانەنیشێ. جا ئەبو سوفیان پێی گوت: ئەمە لەبەر من فەرشەکەت لادا، یان لەبەر فەرشەکەت بو؟

ئوم حەبیبە وەڵامێکی توندی دایەوەو گوتی: ئەمە فەرشی پێغەمبەری خوایە لەسەری دادەنیشێ، تۆش پیاوێکی هاوبەش پەرستی! نامەوێ لەسەری دابنیشی!).

خوێنەری خۆشەویست: دەبینی پەیوەندی ئیمان چەند بەرزە، کە لە سەروی هەمو پەیوەندی یەکانەوەیەو لە سەروی سۆزو عاتیفەیە. کردەوەکەی ئوم حەبیبە ئەم راستی یە دەسەلمێنێو راستی یەتی ئەم فەرمودەیەش دەسەلمێنێ:

((لایؤمن أحدکم حتی أکون أحب إلیه من ولده ووالده، والناس اجمعین))، واتە: ئیمانی هیچ کەسێکتان تەواو نابێ، تا منی لە منداڵو دایكو باوکی خۆشتر نەوێ، هەروەها لە هەمو خەڵکیش.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((إن للإسلام صویً و مناراً کمنار الطریق" منها: أن تؤمن بالله ولا اشرك بە شئیاً، وإقام الصلاة وإیتاء الزکاة، وصوم رمضان، وحج البیت، والأمر بالمعروف، والنهي عن المنکر، وأن تُسَلّم علی أهلك إذا دخلت علیهم (وکذلك إذا خرجت) وأن تسلّم علی القوم إذا مررتَ بهم، فمن ترك من ذلك شیئاً فقد ترك سهماً من الإسلام، ومن ترکهن کلّهن فقد وَلّی الإسلام ظهرَه))(رواه الحاکم و غیره، و سنده صحیح، واتە: ئیسلام چەند نیشانەو روناکی بەخشێکی هەیە وەك رێ روناك کەرەوە، لەوانە: بڕوات بە خوا هەبێو هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەیو، بەرپاکردنی نوێژو زەکات دانو، گرتنی ڕۆژوی

ڕەمەزانو، حەج کردنو، فەرمان بە چاکەو، ڕێگری لە خراپە، هەروا گەر چویە ماڵەوە سەلام لە خاوو خێزانت بکەی (هەروەها کە لە ماڵ دەردەچی) و سەلام لەو کەسانە بکەیت، کە بەلایاندا تێپەڕ دەبیت، جا هەرکەسێ شتێ لەمانە وازبێنێ، ئەوا بەشێك لە ئیسلامی وازهێناوە، هەر کەسێکیش هەموو ئەمانە وازبێنێ، ئەوا پشتی لە ئیسلام کردووە.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((إستأمروا النساء في أبضاعهن. قيل: فإن البكر تستحي أن تتكلّم، قال: سكوتُها إذنُها)) (رواه النسائي وأحمد في المسند (صحيح)، واتە: بۆ بەشودانی ئافرەتان قسەیان لێ وەربگرن، گوتیان: کچ شەرم دەکات قسە بکات، فەرمووی: کە بێدەنگ بوو، ئەوە ئیزنو مۆڵەتی کچەکەیە، کە ڕازیە.

خێزانەكەت بە پارە مەزەندە ناكرێ

ئایا رۆژێك ئەوەت بە دڵدا نەهاتوە، كاغەزو قەڵەمێك بێنیو بزانی خێزانەكەت مانگی بەچەند مەزەندە دەكرێو، چەندی پارەو خەرجی شایەستەیە بەرامبەر بەو كارانەی، كە رۆژانە ئەنجامی دەدات.

ئەوەش لە كاتێكا گەر بتەوێ مافی خۆی بەرچاو بگریو مافی خۆی بدەیتێ؟ ئەوەی راستی بێ نەخێر، جا مادام وایە ئەم سەروتارە بخوێنەرەوە:

لە وەڵامی پرسیاری یەكەم، كە خێزانەكەت مانگی چەندی خەرجی دەوێ، ئەوەیان بۆ ویژدانو مەزەندەت لێگەڕێ، بە مەرجێ ژنەكەت بڕوادارو بە بیروهۆش بێ، نەك نەخۆش بێ بە نەخۆشی خۆچواندن بە ئافرەتی بێگانەو چاولێكەریو حەز بە هەبونی جلوبەرگی زۆر. بێگومان خەرجیی ئەو جۆرە ژنە زۆر زۆرە.

با سەیركەین ژن مانگی چەندی شایستەیە بیدەیتێ لە بری ئەو كارانەی كە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی. گەر یەكێك بێنیو بەكرێی بگری، تا خزمەتی خۆتو منداڵەكانت بكات وەك، كە خێزانەكەت ئەنجامی دەدات، پێویستە چەندی خەرجی بدەیتێ؟ لێرەدا پشت بە سەرژمێریو ئامار دەبەستین:

پاسەوانی منداڵەكان لە هەر كاتژمێرێك (٣٠٠٠) دیناری دەوێ، جا گەر وامان دانا خێزانەكەت هەڵدەستێ بە پاسەوانی منداڵەكانت بە درێژایی (٢٤) كاتژمێر لە رۆژێكدا دەبێ (٧٦٠٠٠) دیناری بدەیتێ.

ئەگەر چێشت لێنەر مانگی (٢٥٠٠٠٠) دینار وەربگرێ، ئەوا خێزانەكەت ئەم پارەیەی شایستەیە، جگە لەو كارانەی كە پێی هەڵدەستێ،

وەك پاكو خاوێنی ماڵ، كـە هـەر ڕۆژەی (٥٠٠٠) دینـاری دەوێ، شـتنی جلو بەرگو ئوتـوكردنو درونـەوەو چـاككردنی جـلو بـەرگ هـەر ڕۆژەی (١٠٠٠٠) دیناری دەوێ. جا بۆ ئەوەی سەرت بەم حیسابە نەیەشێ ئـەوا كورتەكەی ئەم سەرژمێری‌یەت دەدەینێ كە هەفتەی (٥٠٠٠٠٠) دینـاری دەوێ بەواتاكـەی مـانگی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دینـار. ئـەوەش شایسـتەی خێزانەكەتە، گەر لەبری ئەو كارانە بیدەیتێ.

لە ڕاستیدا ئەم بڕە پارەیە، كە بەزۆر دێتە پێش چاو كەمـە لـە ئاسـت ئەو ئافرەتە بەڕێزو نەرمو نیانەی كە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی دەیەها كـار لـە ماڵەكـەمان، كـە هـیچ پـەروەردیارێك یـان چێشـت لێنـەرێك، یـان سكرتێرەیەك ناتوانێ ئەنجامی بدات،... هەروەها لە زۆر حاڵەتدا بە كـاری پزیشكیو پارێزەری هەڵدەستێو لـە سـەروی هـەمو ئەوانەشـەوە ئـەركی پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ.

خێزانەكەت ئەو كەسەیە، كە بـە دەسـتی ڕاسـتی بێشـكە ڕائـەژێنێو جیهانیش بە دەستی چەپیەوە، وەك كە یەكێك لە بیـریاران وای گوتوە.

كاتێك ئێواران بە خەمو پەژارەیەكەوە دەگەڕێیتەوە ماڵەوە، كە خۆشـت نازانی هۆكەی چیە، ئەوا سكاڵات لە لای خێزانەكەت دەكەی، ئەویش كـە دەزانێ تۆ پەژارەو گیروگرفتت هەیە، یەكسەر هەڵدەستێ بـە خسـتنە ڕوی پێشنیاركردنو دەست پێشخەری كارێكی خـەم ڕەوێنـەو (تـەرفیهی) وەك: گەمەو یاری كردن لەسەر جێگەی سەرجێ‌ییداو یادخستنەوەی ئەو شتانەی، كە دەبێتە هۆی لادانی خەمو ماندو بون، یان چـونە دەرەوە بـۆ یـەكێ لـە باخەكانی نزیكی ماڵتانو پێشبڕكێ‌ی تیـا دەكـەن، یـان سـەردانی كردنـی خزمانی هەردولا، یان گێڕانەوەی چیرۆكی پێغەمبەرانو هاوەڵە بەڕێزەكانی

پێغەمبەر ﷺ، کە چۆن ئارامیان گرتوەو خۆڕاگر بون، یان باسکردنی بەهەشت بەو شتانەی کە لێیەتی. ئەمانە هەموی دەبێتە هۆی لادانو نەهێشتنی خەمو پەژارەو، کەمکردنەوەی ناخۆشی یەکانو ماندوبونی دنیا.

هەر لەو کاتەی دڵت تەنگە یەکسەر پیاڵە چایەکت بۆ ئامادە دەکات، تا مێشکت هێدیو هێور ببێتەوە، هەر لە هەمان کاتیشدا لەوانەیە شتێکی خۆش، یان نوکتەیەکت بۆ باس بکات.

لە هەمو ئەم حاڵەتانەدا، گەر هەر یەکێك لەو بەرنامانە هەڵبژێری، هێندەی پێ ناچێ هەست بە باش بونی ڕۆحی مەعنەویتو نەمانی خەمو خەفەت دەکەیت.

ئەوەش بە هۆی چییەوەیە؟ بە هۆی لێزانینی ئەو هاوڕێیە خۆشەویستەوەیە، کە دەزانێ چۆن دڵو دەرونت ئارام دەکاتو پەژارەو ماندو بونت لێ دور دەخاتەوە.

پیاوی بەڕێز! کەواتە ئێستاکە پێم بڵێ، پزیشك لە بری چاك بونەوەو یارمەتی دانت، بۆ چارەکردنی نەخۆشی، چەند وەردەگرێ، کە هێندەی خێزانەکەشت هەوڵو کۆشش نادات؟

هەروەها ژن بۆ مێرد زۆرجار، ڕۆڵی پارێزەری دەبینێ لە کاتی بونی گیروگرفتێکی دەرەوەی ماڵ، کە بەرگری لە پیاوەکەی دەکاتو لەسەری بەوەڵام دێت، لەوانەیە بە مێردەکەی نەکرێ.

هەروا لەو ئەرکانەی تر، کە ژن بەبێ تێچونی پارە پێیەوە هەڵدەستێ، ئەرکی ڕاوێژکاری دارایی (المستشار المالي)یە کە لەوانەیە چەند جار توشی قەیرانی دارایی بوبیو نەتتوانیوە لێیەوە دەرچی، گەر خێزانەکەت بە پەلە بەهاناتەوە نەهاتایەو نەیگوتبایە: چەندت پارە پێ دەوێ، من ئەو برە

پارەيە لە خەرجی‌يەكانی ماڵەوە هەڵئەگرم‌و لـێی ئەگێڕمەوە.

ئێمەی پياو، با دان بەوە دابنێين ژنـی چـاك‌و دڵسـۆز بـەپارە مەزەنـدە ناكرێ، بەر لە هەمو شتێك گەر ژن نەبێت، سەدان جار زياتر بارگران دەبين‌و خەرجيمان دەكەوێتە سەر، كە ئەو شايستەيەتی بيدرێتێ، بـا ئـەوە لـەلای خۆمان هەڵگرين، بـا هەوڵـدەين لـە بـری پـارە بـژاردن بـۆی، بـە سـۆزو خۆشەويستی‌و ڕێزلێنان قەرەبوی بۆ بكەينەوە، با لـە كاروبـاری ماڵـەوەی هاريكاری‌و بەشداريان بكەين، لە يـەكێ لـە خێزانـەكانی پێغەمبـەر ﷺ دەربارەی ژيانی ماڵەوەی پێغەمبەر ﷺ پرسيار كـرا، خێزانەكـەی گـوتی: ((پێغەمبەر لە خزمـەتی خێزانەكەيدايـە، كراسـی خـۆی بـۆ خـۆی پينـە دەكات‌و بۆ خۆی مەڕەكەی دەدۆشێ)).

زۆر جار ژن دەبێتە ڕاوێژكارێكی چاك، پێغەمبەر ﷺ هەندێ كات بـە ڕای خێزانەكانی كردوە. ئەو حەديسانەش كە پێچـەوانەی پيـادەكردنی ڕای ژنە، ڕاست نيەو هيچ ئەصلی نيـە كـە دەڵـێ: (ڕاوێـژيان پـێ بكـەن‌و بـە قسەيان مەكەن)، (بە قسەكردنی ژن پەشيمانی بە دوايە). بـەڕای مـن لـە زۆر حاڵەتدا ئافرەت ئيلهامی بۆ دێ‌و بيروڕای ڕاستو پێكاو دەخاتە بەرچاو، من دان بەوە دادەنێم لە لايەنی مادەو مەعنەويـەوە، كـە بـە هەنـدێ ڕای خێزانەكەم نەكردوە، زيانم لێكەوتوە، ئەو كردو كۆشەی ژن دەيكات، تـەنها بۆ مێردەكەی نيە، بەڵكە بۆ خێزانە، بۆ نەتەوەيە، لەپێناو خوای گەورەيە، بە مەرجێ مەبەستی بەمە فەرمانبـەريی بێت، ديارە پياويش كـردو كـۆش دەكات، بەڵكە لەويش زياتر ئەنجام دەدات‌و بە ئەركی زۆرتر هەڵدەستێ، لە مەيدانی ژيانـدا زەحمـەتی زۆر دەبينـێ، كەواتـە بـا هاريكـاری هـەبێت، دڵڕاستی هەبێت، قوربانيدان هەبێت... بەهەشتيش بۆ خۆپارێزانـە چ ژن چ پياو، بۆ كاركارانە، بـۆ خـەباتكارو كۆششـكارانە، ئـەو بەهەشـتەی ئـەو

شتانەی تێدایە کە نەفس ئارەزومەندێتی‌و، بەدڵی هیچ کەسێکدا نەهاتوە.

﴿وَقُلِ ٱعْمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ...﴾.

دیارە ژن دەیەوێ چەند هەلێك بەدەست بێنێ بۆ دیراسەکردنی لاپەڕەی پەروەردەیی، تا ببێتە یارمەتیدەری بۆ ڕێنمایی کردن‌و پەروەردەکردنی منداڵەکانی.. هەروەها سەربردەو بەسەرهاتی پێغەمبەران‌و یارانی پێغەمبەر ﷺ دەخوێنێتەوە، تا لەکاتی گونجاودا بە تایبەتی بەر لە نوستن بۆیان بگێڕێتەوە.

بەم بۆنەیەوە پێویستە وەبیر ژن بێنینەوە، کە پیاو لە ژیاندا زەحمەتی ژیان دەکێشێ‌و، ئەو گرفتانەی دێتە ڕێ، لە کۆششی ئەو کەمتر نیە، گەر زیاتر نەبێت.

هەموو ئەمانە لەسەری ئاسان دەبێ، گەر بزانێ، بەر لە هەموو شتێك کە هاوسەرگیری (الزواج) ئەرکێکی مرۆیی‌و ئاینیە.

بەرپرسێتی ژن و مێرد

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ﴾(التحريم- ٦)، واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان و خێزانتان بپارێزن لەو ئاگرەی کە سوتەمەنی یەکەی خەڵك و بەردە، ئەوانەی سەرپەرشتی ئەو ئاگرە دەکەن چەند فریشتەیەکی توندو تیژن، کە سەرپێچی خوا ناکەن لەو فەرمانانەی، کە پێیان دەدرێ و لەوەی فەرمانیان پێ دەکرێ ئەنجامی دەدەن.

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: ((ألا كلكم راع، وكل راع مسؤول عن رعيته[1]، فالأمير الذي على الناس راع وهو مسؤول عن رعيته، والرجل

---

١) بەرپرسێتی پیاو دیارە، لەم کتێبەدا لە زۆر بۆنەدا باسمان کردوە. کەواتە دەبێ بەرپرسێتی ژن چ بێ؟! ژن بەرپرسێتی گەورەی لەسەرە، وێڕای پەروەردەکردنی منداڵەکانی بە پەروەردەیەکی ئیسلامی پتەو-وەك یەکێ لە ئافرەتە پەروەر دیارەکان- گوتویەتی: ژن سەرچاوەی خۆشەویستی یە، کانگای سۆزو نازە لە ماڵدا، بەڕاستی ژن مایەی سۆزو خۆشەویستی و نازی مێردەکەیەتی، ژن چراو ڕوناکی و بەختەوەری خێزانە، پیاو کاتێ بەختەوەرو شادمانە، کە شادی و بەختیاریی لەسەر لێوی ژنەکەی بەدی دەکات، کاتێکیش تەماشای چاوەکانی دەکات، ڕوانینێکی گەرم و سۆزدار لە هەردو چاوی بەدی دەکات، ئەوەش ئەرکێکی گەورەیە کەوتۆتە سەر شانی ژن، بە شێوەیەکی گشتی ژن لەم جۆرە کاروبارەدا لە پیاوی بردۆتەوە، لە گشت حاڵەتەکاندا ژن (هاوسەر) کۆڵەگەو پاڵپشتی خێزانە، چەندەها بەرپرسیارێتی کەوتۆتە سەرشانی. بەرپرسێتیشی دەرهەق بە مێردەکەی ئەوەیە، کە بەرپرسە لە چاکردنی هەڵەکانی، پاشانیش ڕێنمایی کردنی، چاکردنی ڕەفتارە خراپەکانی، ڕەنگە لە هەندێ حاڵەتدا زەحمەت بێ ژن پیاو بهێنێتە سەر

راع على أهل بيته، وهو مسؤول عنهم، والمرأة راعية على بيت بعلها وولده[١] **وهي مسؤولة عنهم، والعبد راع على مال سيده، وهو مسؤول عن رعيته))**[٢]، واتـە: هـەموتان بەرپرسـيارن، هـەمو بەرپرسـێك ئـەو کەسانەی، کە لە ژێر دەستی دایە لـێیان بەرپرسیارە، ئەو ئەمیرەی بەسەر کۆمەڵێك خەڵکانەوەیـە، بەرپرسـیارە لـێیان، پیـاو بەسـەر خێزانەکـەی بەرپرسیارەو لەبارەی چۆنیەتی پەروەردە کردنیان لـێی دەپرسـرێتەوە، ژن بەرپرسیارە بەسـەر مـاڵی مێردەکـەیو بەسـەر منداڵـەکانیو مافـدانیو پەروەردەی منداڵەکانی بەرپرسیارە. ئـەو عەبـدەی لـە لای گەورەکەیـەتی بەرپرسیارە لەسەر ماڵی گەورەکەیو لـێی دەپرسرێتەوە.

هەروەها دەفەرموێ: ((**إن الله تعالى سائل كل راع عما استرعاه، أحفظ**

ڕێی ڕاست، چونکە پیاو لەپێناو چێژو لەزەتی خـۆی شـت خـەرج دەکـات، کاتـێ ژن بـە مەردایەتیو بە عـەزمەوە بەرەو ڕوی ئـەم جـۆرە هەڵوێسـتە دەوەسـتێو، هـەوڵ دەدات مێردەکەی بێنێتەوە سەر ڕێی ڕاستو، ئینجـا هەوڵـدان بـۆ بـەردەوام بـونی پاراسـتنی خێزانەکەی لە بەڵاو کارەساتی ڕۆژگار، ئا لەو کاتەدا کەسایەتی ژن بەدەردەکەوێ، بـەڵام گەر ژنەکەش گیانی تۆڵەسەندنەوەو غیرەی هەبێ، ئەوکاتە هەردولا ژیانیان تاڵ دەبـێو کەڕو لە کاول بون دەکات.

١) هەندێ خەڵکی سادە گومـان دەبـەن کـە ئـەرکی ژنو کـارکردنی ماڵـەوەی ئاسـانەو، پێویستی بە یەکلابونەوە (تفرغ)ی درێژایی ڕۆژ نیـە... ئەم گومانە ئەوپەڕی نەفامیـیە، مادام گەورەترین بارگرانایی پەروەردەی منداڵ کەوتۆتە سەر ئافرەت، کـە پێویسـتی بـە چەندەها لێکۆڵینەوەو تێبینی زۆر هەیـە، بـۆ سـەرکەوتن لـە ئەنجامـدانی ئەرکەکـەیو هەڵسان بە بەرپرسیاریەتەکەی، کە فەرمودە پیرۆزەکەی پێغەمبەر ئاماژەی پـێ کـردوە، سەرەڕای ئەوەی پێویستی بە مانەوە بە دڵنیاییو حەسانەوەی مێشك هەیە، کە دور بێت لە هەمو هەڵچونێك، کە بەپەلە دەگوێزرێتەوە بۆ کۆرپەلەو منداڵی شیرەخۆر، ئەمـەش دەبێتە هۆی خراپترین شت وەك کە ئەزمونەکانی دەرونناسیی ئاماژەیان پێ کردوە.

٢) رواه البخاري و مسلم.

ذلك أم ضيعه؟ حتى يسأل الرجل عن أهل بيته))[1]، واتە: خوای باڵا لە هەمو لێپرسراوێك دەپرسێتەوە، لە بارەی ئەو کەسانەی کە لەژێر دەستیدا کار دەکەن، ئایا مافی ئەو کەسانەی پاراستوە، یان مافەکانیانی پێشێل کردوەو خواردویەتی؟ تەنانەت پیاو سەبارەت بە ماڵو منداڵو ژنی لێی دەپرسرێتەوە، کە ئایا وەك ئیسلام دەیەوێ ئاوا پەروەردەی کردونە یان نا؟.

((كلكم راع، وكلكم مسؤول عن رعيته))[2]، واتە: هەموتان بەرپرسیارو شوانن، هەر بەرپرسیارو شوانێك بەرپرسە لەبەرکارەکەی.

---

١) رواه النسائي وابن حبان.

٢) رواه البخاري و مسلم.

مەبەستەکانی ژن هێنان
لە بارەی سیاسی و عەسکەری یەوە

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ﴾(الأنفال-٦٠) واتە: ئەوەندەی هێزو تواناتان هەیە، بۆ دوژمنانتان ئامادەی بکەن.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((تزوجوا الولود الودود، فإني مكاثرٌ بكم الأمم))[١]، واتە: ئافرەتی وا بخوازن کە منداڵی ببێ و خۆشەویست بێ، چونکە من بە زۆریتان لە ناو ئومەتەکانی تر شانازی دەکەم.

((جاءت أمرأة الى النبّي ﷺ فقالت: يا رسول الله ذهب الرجال بحديثك، فاجعل لنا من نفسك يوماً نأتيك. فتعلِّمُنا مما علمك الله، قال النبّي ﷺ: إجتمعن يوم كذا وكذا في موضع كذا وكذا. فاجتمعن فأتاهن فعلّمهن مما علّمه الله، ثم قال: (ما منكن من امرأة تقدَّمُ ثلاثة من الولد إلا كانوا لها حجاباً من النار!) فقالت إمرأة: وإثنين؟ قال رسول الله ﷺ وإثنين!))[٢]، واتە: ژنێك هاتە لای پێغەمبەری خواو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا پیاوان فەرمودەی تۆیان گوێ لێ بو ڕۆیشتن، تۆش ڕۆژێکمان بۆ دیاری کە، تا ئەوەی خوای گەورە فێری کردویت فێرمان بکەیت.

پێغەمبەر فەرموی: فلانە ڕۆژ کۆببنەوە لە فلانە شوێن.

جا ئافرەتەکان کۆبونەوەو پێغەمبەر چوە لایان و ئەوەی خوای گەورە

---

١) رواه أبو داود والنسائي وابن حبان (حديث صحيح).

٢) رواه البخاري و مسلم.

فێری کردبو فێری کردن.

پاشان فـەرموی: هـەر ئافرەتێـك لـە ئێـوە سـێ منـداڵی بمرێـت ئـەوا منداڵەکان بۆی دەبن بە پەردە لە ئاگری دۆزەخ.

ئافرەتێك گوتی: ئەدی گەر دو منداڵ بێت؟

پێغەمبەری خوا فەرموی: گەر دوانیش بێت.

لە ڕاستیدا بەرزیو عیزەتی میللەتانو نەتەوە لەسەر زۆری دانیشتوانیو چەکداری کردنیان بە هێزی مـاددیو مەعنـەوی وەسـتاوە. ئیسـلام هـانی هەمو ئەوانەی داوەو هانی زۆرکردنی وەچەی داوە. چونکە زۆریی دانیشتوان بەو هێزە دادەنرێ، کە خوای گەورە فەرمانی بە ئامادەکردنیانی کردوە بـۆ ترساندنی دوژمنان، کە لە ئایەتەکەی سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا.

پێغەمبەری خوا ﷺ هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە نەخشـە دادەنـێن تا ژن نەهێنن وەك دەفەرموێ: ((من رغب عن سنتي فليس منّي!)). واتە: هەر کەسێك واز لە ڕێو ڕێبازو شوێنکەوتنم بێنێ لە من نی‌یە.

هەروەها ئیسلام هانی ئەوەی داوە، کە ئوممەت خۆی بە باوەڕ بە خواو بە ئـارام گـریو خـۆڕاگریو ئازایـەتیو دەسـتگرتن بـە ڕەوشـتە بـەرزەکان بڕازێنێتەوە، تا میللەتو نەتەوە نەوە (جیـل)ێکـی بـەهێزی بـۆ بەدەسـت بهێنرێ، کە سیفەتەکانی چەندیو چۆنیەتی بەیەکەوە تێدابێت، چونکە زۆریی (الکثرة) بە بێباوەڕی ڕاستو دروستو ڕەوشتی بەرز، هیچ سودو ئاکامێکی نابێت. لە فەرمودەی (صحیح)دا هاتوە، کە باسی خراپیو ناشیرینی زۆرییو گەرەلاوژەیی دەکات، کە لە هێزی مەعنەوی داماڵراوە وەك خۆشەویسـتی مردنو بایەخ نەدانە بە خۆشیو رابواردنی دنیا وەك دەفەرموێ:

((يوشك ان تداعى عليكم الأمم من كل جانب تداعي الأكلة على

قصعتها. قالوا: أو من قلة نحن يومئذ يا رسول الله؟ قال لا ولكنكم غثاء كغثاء السيل ولينزعن الله من صدور عدوكم المهابة منكم وليقذفن في قلوبكم الوهن. قال قائل: يا رسول الله! وما الوهن؟ قال: حب الدنيا وكراهية الموت))[1]، واتە: هێندەی نەماوە کە ئوممەتەکان لە هەمو لایەکەوە بۆتان بێن، وەك چۆن چەند کەسانێك لە یەك قاپ خواردن کۆدەبنەوەو لە هەمو لایەکەوە دەستی بۆ ئەبەن بۆ خواردنی.

گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئەو رۆژە ئێمە لەبەر کەمی ئاوامان لێ دێ؟

فەرموی: نەخێر: بەڵکو ئێوە زۆرن وەك کەفی سەر دەریا! خوای گەورە سامو هەیبەتی ئێوە لە دڵی دوژمنان ناهێڵێو، دایدەماڵێو (وەهن) دەخاتە دڵی ئێوە.

یەکێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا: (وەهن) چیە؟

ئەویش فەرموی: وەهن بریتییە لە خۆشەویستی دنیاو رق بونەوە لە مردن.

---

١) رواه أبو داود و البيهقي وهو صحيح.

ژیانی ژنو میردایەتی[1] تەنها ڕابواردن نی یە

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَـٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا ٣٢ وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ وَأَقِمۡنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ

---

١) پێویستە ژنو مێردی بڕواداری چاك، ئاسۆیەکی فراوانیان هەبێت، کە لە میانەی دەست بەتاڵیانـدا، زۆر بخوێننـەوەو دیراسـەیەکی قـوڵی ئیسـلام بکـەنو، کۆشـش بکـەن بـۆ بڵاوکردنەوەی لـەنێو مسـوڵمانان بـە پیـاوو ئافرەتـەوە! هـەروەها پێویسـتە لەسـەریان منداڵەکانیان بە ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامی نـوێ ڕۆشـنبیر بکـەن، بـا بەبـەردەوامی لـە حەسانەوەو یاریو لەهوکردن نەبن، با قەناعەتیان بە خوێندنی منداڵەکانیان هەبێت، کـە لە قوتابخانەکان دەخوێندرێ.

چەندە بەهۆی بەزایەدانی ڕۆشنبیرکردنی منداڵەکان بە ئیسلام، بۆتە مایەی نەگبـەتیو هۆی هەڵگەڕانەوەی منداڵەکانیانو دەرچونیان لە ئیسلام، بەداخەوە! ئەو جـۆرە باوکانـە چەند بەدبەختن.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ﴾، واتە: ئێمە ئـەو کردەوانـەی کردویانە دەیـنوسینو شوێنـەواریشیان دەنوسین. منداڵ لە گـەورەترین شـوێنەواری دایـكو باوکە، کە لەژیانو مردندا پێیان دەگەن.

پێغەمبەر ﷺ دەفـەرموێ: ((إذا مـات ابـن آدم انقطـع عملـه إلا مـن ثـلاث: صـدقة جارية، أو علم ينتفع به، أو ولد صالح يدعوا له)).

تَطْهِيرًا ﴿٣٣﴾ وَٱذْكُرْنَ مَا يُتْلَىٰ فِى بُيُوتِكُنَّ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلْحِكْمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا ﴾ (الأحزاب:٣٢-٣٤). ، واتە: ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر! ئێوە وەك ژنانی تر نین" ئەگەر خۆتان ئەپارێزن، زۆر بە ناسکیو خاوی قسە مەکەن" نەوەك کەسێ غەرەزێکی لە دڵدا بێو ئارەزوی خۆشکا، هەرچۆن پەسندە ئاوا قسە بکەن، لە ماڵی خۆتان دەرمەکەونو وەك دەورانی زەمانی نەزانی پێشو، خەملو خشڵی خۆتان نیشان مەدەن. نوێژ بکەنو زەکات بدەن، لە فەرمانی خوداو پێغەمبەر دەرمەچن. ئێوە کە خەلکی ئەم ماڵەن، خوا گەرەکیە چەپەڵیتان لەسەر لاباو پاكو خاوێنتان ڕاگرێ، هەرچی لە نیشانانی خواو لە کارزانی لە ماڵتاندا بۆ ئێوە دەخوێنرێتەوە فێری بنو بیلێنەوە. خوا هەمو شتی لێ دیارەو ئاگادارە.

ئەم ئایەتە پیرۆزانە ئاماژەی ئەوە دەکەن کە دەبێ ئافرەت خۆی بە ئادابو چەند سیفاتێك برازێنێتەوە وەك قسەکردن بە جدیو بە ڕەقی لەگەڵ پیاوی بێگانە گەر ناچار بو قسە لەگەڵ پیاوان بکات. یەکێکی تر لەو ئادابو سیفاتانەی دەبێ ئافرەت پێوەی پابەند بێ جێگیر بونیەتی لە ماڵەوەو نەچونە دەرەوە بەبێ پێویستی. چونکە ماڵەوە (ولاتی ئافرەتە) کە بەدەستی چەپی بێشکە دەهەژێنێ، بەدەستی ڕاستیشی جیهان دەهەژێنێ. جا بەمە بەسەر چارەنوسی میللەتدا زاڵ دەبێ. هەروەها زاڵ دەبێ بەسەر چارەنوسی هەموئادەمیزاد بەگشتی، بەلام بەمەرجێك گەر پەروەردەی کچو کوڕەکانی بە پەروەردەیەکی ئیسلامی بەهێز پەروەردە بکاتو پێیان بگەیەنێ.

یەکێ لە پەروەردیاران دەڵێ: (جلەوی پەروەردەم بدەنێو بۆم مەیسەر

کەن، من دەبم بە کەفیلو دەستەبەر، کە ڕوی جیهانتان بۆ بگۆڕم!)

لە گرنگترین ئەرکو پێویستی‌یەکانی ئافرەت، کە لە ئایەتەکانی پێشەوە باسکران ئەوەیە، کە ئافرەت دەبێو پێویستە یارمەتی مێردە بانگەواز کارەکەی بداتو، بیروڕاو گەیاندنی بە خەلکی بپارێزێ. ئا بەم شێوەیە ئافرەت بۆ پیاو تەنها هاوسەرو تەنها بۆ سەرجێیی نی‌یە، بەلکو پارێزەری نهێنی پیاوە، وەك (سکرتێری) پیاوە یارمەتی دەداتو هانی دەدات لەسەر ئەو کارەی دەیکات.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((**رحم الله رجلاً قام من الليل فصلّى وأيقظ امرأته، فإن أبتْ نضح في وجهها الماءَ، ورحم الله امرأة قامت من الليل، فصلت وأيقظت زوجها، فإن أبى نضحَتْ في وجهه**))(١)، واتە: ڕەحمەتی خوا لە پیاوێك بێ، کە شەو هەلدەستێ بۆ نوێژو ژنەکەشی هەلدەستێنێ، گەر ژنەکەی هەلنەستا ئاو بە ڕوی خێزانەکەی دەپرژێنێ. ڕەحمەتی خوا لەو ژنە بێت کە بەشەو هەلدەستێ بۆ نوێژو مێردەکەشی هەلدەستێنێ، کە مێردەکەی هەلنەستا ئاو بە ڕوی مێردەکەی دەپرژێنێ.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**إذا أيقظ الرجل امرأته من الليل فصليا ركعتين، كانا تلك الليلة من الذاكرين الله كثيراً والذاكرات**))(٢)، واتە: گەر پیاو بەشەو ژنەکەی لەخەو هەلبستێنێو هەردوکیان پێکەوە دو ڕکات نوێژیان کرد، ئەوا ئەو شەوە لەو کەسانە دادەنرێن، کە یادی خوا زۆر دەکەن.

(ئیمام ابن القیم دەلێ: شەونوێژ ڕوخساری مسولمان جوان دەکاتو

١) رواه أبو داوود و النسائي (صحيح).
٢) رواه أبو داود والنسائي والبيهقي.

ڕۆشنایی پێ دەدات. هەندێك ئافرەت شەونوێژیان زۆر دەكرد، لەمبارەوە پرسیار لە ئافرەتێك كرا. ئەویش گوتی: بۆیە شەونوێژ دەكەم، چونكە ڕوخسار جوان دەكات. منیش دەمەوێ ڕوخسارم جوان بێ)[1].

ئەمە شتێكی نامۆو غەریب نی یە، چونكە شەو هەڵستان لە خەو، دەبێتە هۆی بزواندنو جوڵەیی لەشو وەرزش كردن، دوای ئەوەی لەش بۆ ماوەی چەند كاتژمێرێك لە جمو جۆڵ كەوتوە. كە لەوانەیە بە هۆی لە جمو جۆڵ كەوتن، لەش دوچاری ڕەقی دەمارەكان ببێ. هەروەها دەستنوێژ هەڵگرتن ڕۆژی چەند جارێك، دەبێتە هۆی چالاكبونی سوڕی خوێن لە لەشدا.

---

١) روضة المحبين ص:٢٢٠

لەسەر جێگەی زاوایی بەرەو مەیدانی جیهاد

قال رسول الله ﷺ عند قتل حَنْظَلَة بن أبي عامر، بعد أن التقى هو وأبو سفيان بن الحارث، ثم علاه شدَّاد بنُ الأسود بالسَّيف فقتلهُ، فقال رسول الله ﷺ: ((إن صاحبكم تغسله الملائكة))، فسألوا صاحبته: فقالت: إنه خرج وهو جنب لما سمع الهائعة (منادي الجهاد)[١]، واتە: پاش ئەوەی حەنظەلەو ئەبوسوفیانی کوڕی حارس لە شەڕدا کەوتنە بەرامبەری یەکتری، پاشان شەددادی کوڕی ئەسوەد بە شمشێر بەرزبۆوە سەر حەنظەلەو کوشتی، جا لەوکاتەی (حنظلة) کوژرا، پێغەمبەر فەرموی: (هاوڕێکەتان فریشتەکان دەیشۆن)، لە خێزانەکەی پرسیار کرا حەنظەلە چۆن چۆتە دەرەوە: خێزانەکەی گوتی حەنظەلە کاتێك، کە گوێی لە بانگی جیهاد بو بە لەشی پیسەوە چوە دەرەوە.

سەرنج بدەن: ئەم هاوەڵە بەڕێزە چ کارێکی گەورەی ئەنجامدا کاتێ، کە بانگی جیهاد دەدرێ‌و شەهیدبونی لە لا خۆشترو بەرزترە، لە خۆشی‌و ڕابواردنی هاوسەرایەتی!

ئا بەم جۆرە دڵ‌و دەرونە گەل سەردەکەوێ‌و میللەتی پێ بە عیزەت‌و نەفس بەرز دەبێ.

١) رواه الترمذي وابن حبان (حديث صحيح).

لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((یكون في آخر أمتي رجال، یركبون على سُرج كأشباه الرحال! وینزلون على أبواب المساجد، نساؤهم كاسیات عاریات على رؤسهن كأسنمة البُخْتِ العِجاف، الْعَنوهنَّ! فإنَّهن ملعونات!))[١]، واتە: لە کۆتایی ئومەتەکەم پیاوانێك پەیدا دەبن، سواری جۆرە سواریەك (ئۆتۆمبیل) دەبن کە لەبەر دەرگای مزگەوتەکان دادەبەزن، ئافرەتەکانیشیان پۆشتەن‌و ڕوتیشن، قژیان تۆپەڵە دەکەن، وەك بەرزایی پشتی حوشتری لاواز، ئێوە لەعنەت لەو ئافرەتانە بکەن، چونکە ئەوانە بەر لەعنەت کەوتون.

ئەم فەرمودەی پێغەمبەر چەند جوانەو موعجیزەکەی چەند گەورەیە، هەواڵی ئەوە دەدات، کە زۆر لە دەوڵەمەندانی ئێستا، ئەوانەی ئۆتۆمبیلە گەورەکانیان لە بەردەمی مزگەوتەکان دەوەستێنن، جا پێغەمبەری خوا ناوی لەو ئۆتۆمبیلانە ناوە (أشباه السرج) کە بریتی‌یە لە (زین) ئەوەی کە دەخسترێتە سەر ئەسپ‌و ماین بۆ دانیشتن.

پاشان ئەمانە دەچنە مزگەوت بۆ نوێژکردن، کەچی ئافرەتەکانیان ڕوتن‌و جوانی‌و ڕازاوەیی‌یان بۆ خەڵکی دەخەنەڕو، قژیان لەسەر سەریان کۆدەکەنەوە وەك پشتی حوشتر، کە ئێستا ئەمە باوە.

---

١) رواه ابن حبان والحاكم حديث صحيح.

ئەم فەرمودەیە گلەیی و گازاندەیە بۆ ئەو دەوڵەمەندانەی، کە کەسایەتیان لە دەست داوەو دەسەڵاتیان نەماوە، نوێژەکان ئەنجام دەدەن، کەچی ئافرەتەکانیان لە ڕێگا بە پۆشتەیی و بە ڕوتی دەڕۆن بەڕێوە. گەنج و لاوان توشی فیتنە دەکەن و، ئوممەت و نیشتمانەکەیان توشی کارە ناشیرین و خراپەکان و فیتنەییەکان دەکەن.

ئیسلام بە پەروەردەی بەهێز ئافرەت پەروەردە دەکات

لە سیرەی ئیبن هشام هاتوە: ((ئوم سەعدی کچی سەعدی کوڕی رەبیع گوتویەتی: ئوم عەمارە هاتە لام و پێم گوت: پورێ (خوشکی دایکی) باسی حاڵی خۆتم لە جەنگی ئوحود بۆ بکە.

ئەویش گوتی: لە بەیانیەوە دەرچوم کوندە ئاوێکم پێ بو دەمڕوانیە پیاوان جەنگیان دەکرد، جا چومە لای پێغەمبەر ﷺ کە لەناو هاوەڵەکانی بو، ئەو کاتە هێزو سەرکەوتن بەدەست مسوڵمانان بو، کاتێك مسوڵمانان بەزین، پاڵمدا بەلای پێغەمبەر خواو دەستم کرد بە جەنگ کردن، شمشێرم لەسەر پێغەمبەر لادەدا، تیرم دەهاویشت هەتا ئەو کاتەی، کە بریندار بوم.

ئوم سەعد گوتی: برینێکی وشکم لەسەر شانی بینی، گوتم کێ بریندار کردی؟

گوتی: إبن قمئة، خوای گەورە زەبونی بکات. لەو کاتەی، کە خەڵك پشتیان لە پێغەمبەری خوا کرد، هاتە پێشەوە دەیگوت: محمدم پیشان بدەن لە کوێیە، رزگار نەبم گەر رزگاری ببێ، من و موصعەبی کوڕی عومەیرو چەند کەسێکی تر، کە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بوین و بەرەنگاری بوینەوە، جا لێی دام، منیش چەند جارێکم لێدا بەڵام ئەم دوژمنی خوایە دو کراسی ئاسنینی لەبەربو.

((ئەبو موسای ئەشعەری-هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر- فەرمانی بە کچەکانی کرد، کە بە دەستی خۆیان قوربانی سەر ببڕن و قاچیان بخەنە

سەر قوربانیەکەو الله أکبـرو بسم الله بلێـن)) [1].

ئـیبن هشـام گوتویـەتی: ئـیبن ئیسـحاق گوتویـەتی.. صـەفیـەی کچـی عبدالمطلب لەناو قەڵای حەسـانی کوڕی سابت بـو -حەسان نـەخۆش کەوت- صەفیە گوتی: پیـاوێکی جولەکـە بەدەوری قەڵاکـە دەسـوڕایەوە، ئەوکاتـە بەنو قـورەیظـە جـەنگیان لەگـەڵ پێغەمبـەر هـەبو، پێغەمبـەرو هاوەڵەکانی لە ئێمە دوربون کەسێك نەبو، کە بێت لێمان لادات، چـونکە ئەوان سەرقاڵی دوژمن بونو بواری هاتنیان نەبو بۆ لامان بێن.

دەڵێ گوتم: حەسان! دەبینی ئەو جولەکەیـە دەوری قەڵاکـە دەدات، بـە خوا دڵنیا نیمو ئەمین نیم لـێی لە دواوە جولەکە بێنێـتو بمانگرن، ئـەوە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵەکانی سەرقاڵن بڕۆ بیکوژە!

حەسانیش عوزری هێنایەوە بەوەی، کە نەخۆشە ناتوانێ. پاشان صـەفیە گـوتی: جـا کاتێـك ئەمـەی گـوت، خـۆم توندکردو شیشـەیەکی ئاسـنم هـەڵگرت، پاشـان لـە قەڵاکـەوە بـۆی دابـەزیمو بـە شیشـەکە لێـیم داو کوشتم!...

(بە کورتی وکەمێك دەسکاریەوە).

سـوربونی ئـافرەت لەسـەر زانیـاری و پـاداشــت وەرگــرتن

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((نعم نساء الأنصار لم يمنعهن الحياء في أن يتفقهن في الدين))[١]، واتە: باشـترین ئـافرەت، ئافرەتـە ئەنصـاریەکانن، شەرم کردنیان نەبۆتە هۆی ئەوەی لە ئاینن شارەزا نەبن.

١) رواه البخاري.

سیفەتی ئافرەتی سەرکردەکان

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٢٨﴾ وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ فَإِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَٰتِ مِنكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ (الأحزاب: ٢٨-٢٩)، واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بە خێزانەکانت بڵێ، گەر ژیانی دنیاو ڕازاوەیی‌و جوانی دنیاتان دەوێ، وەرن با مافەکانی خۆتانتان بدەمێ‌و بە چاکی‌و بەبێ زەرەرو زیان، تەڵاقتان دەدەم‌و دەستان لێ بەردەدەم. گەر ئێوە خواو پێغەمبەری خواو دوارۆژتان دەوێ، ئەوا خوای گەورە بۆ هەر یەکێك لە ئێوە، گەر کردەوەی باش بکا، پاداشتێکی گەورەی ئامادە کردوە.

لەهەمان سورەتدا دەفەرموێ: ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَٰعَفْ لَهَا ٱلْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾ وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعْمَلْ صَٰلِحًا نُّؤْتِهَآ أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقًا كَرِيمًا﴾ (الأحزاب: ٣٠-٣١)، واتە: ئەی ئافرەتانی پێغەمبەر ﷺ: هەر یەکێك لە ئێوە تاوانێکی گەورە بە ئاشکرا بکات، ئەوا ئازارو ئەشکەنجەی دو هێندە ئەدرێ، ئەوەش لەلای خوا ئاسانە. هەر یەکێك لە ئێوە بەردەوام بێ لەسەر گوێڕایەڵی‌و فەرمانبەری خواو پێغەمبەری خواو کردەوەی باش

بكات، ئەوا پاداشتی دو هێندە دەدەینەوەو رزق و رۆزی یەكی زۆری بۆ ئامادە كراوە.

هەروەها خودا دەفەرموێ: ﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا﴾(الأحزاب-٣٢)، واتە: ئەی ئافرەتانی پێغەمبەر، هەروەها ئەو تەوجیهە خێزانی مسوڵمانەكانیش دەگرێتەوە، ئێوە وەك ئافرەتانی تری بێگانەو دور لە ئیسلام نین گەر قسەتان لەگەڵ پیاوان كرد، ئەوا با قسەكانتان نەرمی و ناسكی و نازی تێدا نەبێ، چونكە لەوانەیە ئەو پیاوە دڵ و نیازی پیس و خراپ بێ بەرامبەر بە ئافرەت و، مەیلی بەلاتانەوە بێ. قسەی وا بكەن بە جۆرێك، كە نە زۆر ڕەق بێ و، نە زۆر نەرم و نیانی و ناسك بێ.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ وَأَقِمۡنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ﴾(الأحزاب:٣٣)، واتە: ئەی ئافرەتە مسوڵمانەكان! بەبێ پێویستی لە ماڵ مەچنە دەرەوە.

ئیبن كثیر دەڵێ: واتە خۆتان بە ماڵەوە بگرن و بەبێ پێویستی مەچنە دەرەوە. دەڵێ: لەو شتانەی كە پێویستی شەرعین، نوێژكردن لە مزگەوتە. لە ڕیوایەتێكی تردا (وبيوتهن خير لهن) واتە: ماڵ بۆ ئافرەت باشترە، كە تیایا بمێنێتەوە چونكە دەتوانێ زانیاری بەسود وەربگرێ، وەك قورئان و فەرمودەكانی پێغەمبەر و بنچینەكانی پەروەردەی ئیسلامی، تا نەوەیەكی گەورەو بەرز بەدی بهێنێ.

خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ئافرەتان ڕازاوەیی و جوانی خۆیان بەدیار نەخەن، وەك كە ئافرەتانی سەردەمی نەفامی یەكەم خۆیان

بەدەردەخست، نوێژ بکەنو زەکات بدەن گوێڕایەڵیو بە فەرمانی خواو پێغەمبەر بکەن.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذۡهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجۡسَ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِ وَيُطَهِّرَكُمۡ تَطۡهِيرٗا ۝٣٣ وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلۡحِكۡمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا﴾(الأحزاب: ٣٣-٣٤)، واتە: ئەی خێزانەکانی پێغەمبەر، بەڕاستی خوای گەورە دەیەوێ پیسیی خراپەکاریو تاوانی نەفامیێتیان لەسەر لابدات، دەیەوێ بە پاك کردنەوەیەکی چاك پاکتان بکاتەوە لە گوناهو تاوان، ئایەتەکانی خوا لە ماڵەکانتان بخوێننەوەو باسی بکەنو حیکمەتو لێزانی بەکاربێنن. خوای گەورە بە لوتفو ئاگادارە بە هەمو شتێك.

خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱمۡرَأَتَ نُوحٖ وَٱمۡرَأَتَ لُوطٖۖ كَانَتَا تَحۡتَ عَبۡدَيۡنِ مِنۡ عِبَادِنَا صَٰلِحَيۡنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمۡ يُغۡنِيَا عَنۡهُمَا مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَقِيلَ ٱدۡخُلَا ٱلنَّارَ مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ ۝١٠ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱمۡرَأَتَ فِرۡعَوۡنَ إِذۡ قَالَتۡ رَبِّ ٱبۡنِ لِي عِندَكَ بَيۡتٗا فِي ٱلۡجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرۡعَوۡنَ وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِي مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ (التحريم: ١٠-١١)، واتە: خوای گەورە نمونەی ئافرەتی کافر دەهێنێتەوە، کە ژنی نوحو ژنی لوطە، ئەم دو ژنە لە پەنای دو عەبدی من بون لە عەبدە چاکەکان. ئەم دو ئافرەتە ناپاکی کوفرو دژایەتی مێردەکانیان دەکرد، جا مێردەکانیان نەیانتوانی هیچ شتێکیان بۆ بکەن لە لای خواو، پێیان گوترا هەردوکتان بچنە نێو ئاگر لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە دەچنە نێو دۆزەخەوە.

هەروەها خوای گەورە نمونەی ئافرەتی بڕوادار دەهێنێتەوە کە ژنی فیرعەونە، کە گوتی: خوایە خانوێکم لە بەهەشت لە لای خۆت بۆ دروست بکەو لە فیرعەونو کردەوەکەی رزگارم بکە.

لە تەفسیری (إبن الجوزی)دا دەڵێ: لە وشەی (وعمله) دوو قسە هەیە: یەکێکیان: واتە لە جوتبون لەگەڵیدا!! قسەی دوەمیش: واتە: لە شیركو كوفری فیرعەون!!. هەروا لە قەومی ستەمكاران رزگارم بكە.

((لما نزل الوحي على رسول الله ﷺ في غار حراء رجع يرجف فؤاده حتى دخل على خديجة بنت خويلد فقال: زمّلوني! زمّلوني! فزمّلوه حتى ذهب عنه الروع، ثم قال لخديجة: أي خديجة! مالي؟! وأخبرها الخبر، ثم قال لقد خشيتُ على نفسي.

قالت خديجة (تشجعه وتطمئنه): كلا! أبشر فوالله لا يُخزيك الله أبداً! إنك لتصلُ الرَّحِمَ، وتَصْدُقَ الحديثَ، وتحمِلُ الكُلَّ وتُكسِب المعدوم، وتقري الضيف، وتعين على نوائب الحقّ))[1]، واتە: لەو كاتەی سروش (وحی) لە ئەشكەوتی (حەرا) بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ دابەزی یەكسەر پێغەمبەر بە دڵێكی لەرزیو بۆ لای خەدیجەی خێزانی گەڕایەوەماڵەوەو، فەرموی: دام پۆشن دام پۆشن. جا دایانپۆشت تا ئەو ترسە لە دڵیدا نەما. پاشان بە خەدیجەی فەرمو: خەدیجە! دەزانی چیمە؟!

جا ڕوداوەكەی بۆ گێڕایەوە. پاشان فەرموی لە خۆم ترسام، كە شتێكم توش ببێ، وەك بڵێی جنۆكە دەستیان لێ وەشاندبێ.

خەدیجەش بۆ دڵنەوایی كردنیو هاندانی گوتی: نەخێر! مژدەت لێ بێ،

---

١) رواه البخاري .

بە خوا هەرگیز خوای گەورە تۆ ڕیسواو زەبون ناکات! چونکە تۆ سیلەی ڕەحم بەجێ دەهێنیو ڕاستگۆی لە قسەکردندا، بارگرانایی خەڵك هەڵدەگری، یارمەتی نەبو دەدەیو ڕیزی میوان دەگریو، پشتگیری حەق دەکەی[1].

((هاجت في نفوس المسلمين خيبةُ الأمل، وعَراهم وجومٌ ثقيل للأتفاق الذي تم بين الرسول والمشركين في صُلح حادثة الحديبية المذكورة في السيرة النبوية، فلما فرغ الرسول من قضية الكتاب قال

---

١) خاتو خەدیجە ئەم هەڵوێستەی چەند گەورەو بەرزە، نەك هەر ئەم هەڵوێستە، بەڵکە گشت هەڵوێستەکانی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بەرزو گەورە بوە، کەوا خۆڕاگرو قوربانیدەرو هاندەری پێغەمبەر بوە، بە وێنەی خاتو خەدیجە، پیاو سەرفرازیو گەورەیی بەدەست دێنێ، بە بۆنەی قسەکردنمان دەربارەی سەرۆك و سەرکردەکان، کاتێ کە لەلای زۆربەی ئافرەتەکانمان باس دەکرێن، بە داخەوە یەکسەر پارەی زۆرو ناوو شۆرەتو خۆشگوزەرانیو خزمەتکاری زۆرو زێڕو زیوو جلو بەرگی نوێی دێتە خەیاڵ، ئەم هەمو گەورەییو کەشو فشە چیە، لە ڕاستیدا بەزۆری بە دزیو ناپاکی بەدەست هێنراوە، گەورەیی ڕاستەقینە، خەباتکردن لەپێناو خواو، چاکسازیو نوێخوازی بە قوربانیدانو ئازایەتیەو، ڕوبەڕوبونەوەی کارەساتو ناخۆشیەکانو، خۆڕاگرتن لەبەردەم قسەو قسەلۆكو ئازارادنی نەفامو گەمژەو گێژانە، گەورەیی ڕاستەقینە خۆڕاگرتن لەبەردەم چەوسانەوەو ئەشکەنجەدانی ستەمکارو زاڵمانە، وتەیەك هەیە دەڵێ: لە دوای هەر پیاوێکی گەورە ژنێکی گەورە هەیە، بەڕاستی ئەم قسەیە ڕاستە، چونکە ژن هانی پیاو دەداتو کارە ئەستەمو کۆسپەکانی لەبەردەم سوك دەکاتو، لە هەمو بارێکەوە هێمنی دەکاتەوە، لە بەرامبەریشدا دەکرێ ڕاستە بڵێین هەر پیاوێکی فاشیلو سەرنەکەوتو، ژنێکی لە دواوەیە... ژنێکی نەفامو نەزان، یان ژنێکی خوێندەواری بەدڕەفتار، گەر لە کۆندا کارەساتو بەڵا بە هۆی نەفامی ژن بوبێ، ئەوا ئێستا بە هۆی ژنی خوێندەوارەوەیە، کە بەلاڕێی زانستی وەرگرتوە، گەر لە سەردەمەکانی دواکەوتو ژن خورافاتو شتی وەهمو خەیاڵ لە مێشکی چەسپی بو، ئەمڕۆ ژنی خوێندەوار لەخۆبایيو نەفامیی ئاوێتەی بوە، توشی دڵەڕاوکێو مۆدەو مۆدەکاری جلو بەرگو ڕقو قینە هەڵگرتن، دەرهەق بە هەمو دابو نەریتە ڕەسەنەکانی ئیسلامی بوە، وەك بڵێی دەیەوێ ببێتە پارچە کانزایەك لەناو ڕۆژئاوا بتوێتەوە.

لأصحابه: قوموا فانحروا ثم احلقوا- ليتحللوا من عمرتهم ويعودوا الى المدينة- فلم يقم منهم رَجلٌ! حتى قالها ثلاث مرات!

فلما لم يقم منهم أحد، دخل على زوجه أم سلمة، فذكر لها ما لقي من الناس، فقالت أمّ سلمة! يا رسول الله أتحب ذلك، أخرج، ثم لا تكلّم أحداً منهم كلمةً حتى تنحَر بُدنك -أي ضحيتك- وتدعوا حالقك فيحلقك، فخرج فلم يكلم أحداً منهم حتى فعل ذلك، فلما رأى المسلمون ما صنع النبّي، قاموا -عجلين- ينحرون هَديّهم ويحلقون))[1]، واتە: لەو کاتەی ڕێکەوتنەکەی نێوان پێغەمبەرو موشریکەکان لە ڕێکەوتنی حودەیبیە ئەنجام درا، کە لە ژیاننامەی پێغەمبەر باس کراوە، مسوڵمانەکان دڵیان زۆر پێی گران بو و پێیان ناخۆش بو. کاتێک پێغەمبەر لە نوسینی ڕێکەوتنەکە تەواو بو، بە هاوەڵەکانی فەرمو: هەڵسن قوربانیەکانتان سەربڕنو سەرتان بتاشن - ئەمەش بۆ ئەوە بو تا عومرە نەکەنو بگەڕێنەوە بۆ مەدینە- بەڵام کەس بە قسەی پێغەمبەری نەکردو هەڵنەستان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە! تا پێغەمبەر سێ جار ئەم قسەیەی دوبارە کردەوە.

جا کە کەس هەڵنەستا، پێغەمبەر چوە لای ئوم سلمەی خێزانیو ڕوداوەکەی بۆ گێڕایەوە، کە لەگەڵ خەڵکەکە چی ڕویداوە، ئوم سلمە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا پێت خۆشە ئەم کارە پەیڕەو بکرێ، تۆ بچۆ بۆ دەرەوەو قسە لەگەڵ کەس مەکە، تا قوربانییەکەت سەر دەبڕیو سەرتاشەکەت بانگ بکە سەرت بتاشێ. پێغەمبەر ﷺ بە قسەی ئوم سەلەمەی کردو چی پێگوترا ئەوەی ئەنجامدا. کە مسوڵمانەکان بینییان

١) رواه البخاري بنحوه.

وا پێغەمبەر قوربانی یەکەی خۆی سەر دەبڕێو سەری دەتاشێ، ئەوانیش بە پەلە هەستان قوربانی یەکەیان سەربڕیو سەریان تاشی..[1]

لە کتێبی (الأستیعاب)ی أبن عبدالبرّ (١٨٢٧/٤)دا هاتوە کە ئەوە کورتەکەیەتیو دەڵێ: لە جەنگی قادسیەدا خەنساو چوار کوڕەکەی ئامادەی جەنگەکە بون. شەوی دەستپێکردنی پێکدادان، هەر چوار کوڕەکەی کۆکردەوەو پێی گوتن[2]: کوڕەکانم! ئێوە بە ملکەچی یەوە

---

١) ئەم فەرموده ڕاست (صحیح)ە لە کوێ، کە پێغەمبەر بە ڕەئی خێزانەکەی کرد، لەگەڵ ئەو فەرموده هەڵبەستراوانەی، کە هیچ ڕاستی یەکی نیە، وەك (شاورهن و خالفوهن) واتە: پرس‌و ڕا بە ژنان بکەن، بەڵام بە قسەیان مەکەن. (ئەوە قسەی پێغەمبەر نیە).
هەروەها (طاعة المرأة ندامة) واتە: بە قسەکردنو بە فەرمان کردنی ژن پەشیمانی یە. هەروەها چەندەها فەرمودەی هەڵبەستراوی تر، کە پێغەمبەر نەیفەرموە. بەڵکو بە زمانی پێغەمبەر گوتراوە، کە دوژمنانی ئیسلام کردویانە وەسیلەیەك، تا ئافرەت هان بدەن دژی دینەکەی بوەستێ!

٢) ئەمەش نمونەیەکی تری ژیانی ئافرەتێکی صەحابی یە تێکۆشەرو موجاهیدەکانە باسی دەکەین، تا وەکو ببێتە پەندو ئامۆژگاری بۆ ئافرەتی سەرکردەکانمان: ئەسمای کچی ئەبوبەکر یەکێکە لەو کەسانەی، کە لە سەرەتاوە مسوڵمان بو، باوکی لە میانەی کۆچکردنی لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بە نهێنی بۆ مەدینە بۆ مەترسیترین کاری هەڵبژارد، ئەسماء ڕۆڵێکی گرنگی تێدا بینی، کەوا خواردنو ئاوی بۆ پێغەمبەرو هاوەڵەکەی دەبرد، لەکاتی خۆشاردنەوەیان لە ئەشکەوتەکەدا، نهێنی هەڵوێستی سەرکردەی قورەیشی یەکانی بۆ دەهێنان، کە بە نیازی کوشتنیان بە دوایاندا بون.
جارێك ئەو سەرکردانە، پاش دەرچونی باوکی لەگەڵ پێغەمبەر لە مەککە هاتن پرسیاریان دەربارەی باوکی لێکرد، گوتی: نازانم! جا ئەبوجەهل زللەیەکی لێدا، کە گوارەکەی لە گوێ کەوت، ئەسماء لەسەر ئەم ئازارە لە پێناوی خوادا ئارامی گرت...
بە ڕاستی مێژو هەڵوێستە ترسناکەکەی تۆمارکردوە، کە لە ژیانی دایکان نمونەی نیە، ئەویش ئەوەیە کاتێك عبداللهی کوڕی، کە دەکاتە عبداللهی کوڕی زبێر هاتە لای، لە میانەی شۆڕشەکەی لە دژی ئەمەویەکان لە حجاز ئەوانەی کە حەجاج بە سوپایەکی

مسولمان بون بە ویستی خۆتان کۆچتان کردوە. ئێوە کوڕانی یەك پیاون. وەك کە کوڕانی یەك ئافرەتن، باوکتان ناپاکی نەکردوەو نە خاڵیشتان شتێکی وای کردوە، مایەی ریسوایی بێت. ناوبانگتان ناشیرین نەبوەو ڕەچەڵەکیشتان نەگۆڕاوە.

جا خەنسا ئایەتەکانی خوای بۆ خوێندنەوە، کە باسی بەڵێنی پاداشت

گەورەوە ناردی بۆ جەنگ کردنی، جا چوە لای ئەسمای دایکی پاش ئەوەی لایەنگرەکانی دوای جەنگێکی تاڵو درێژخایەن وازیان لێهێنا بو ڕاوێژی بە دایکی کردو پێی گوت: ئەی دایەگیان! خەڵك ڕیسوایان کردم تەنانەت کوڕو ئەهلەکەشم، چەند کەسانێکی کەمم لەگەڵ ماوە، کە ئەوانیش توانای یەك کاتژمێر بەرگری یان هەیە، ئەوەی لە دنیادا هەیە گەر بمەوێ ئەمەویەکان دەمدەنێ تۆ ڕات چی‌یە؟

ئەسمای دایکی گوتی: بە خوا کوڕەکەم تۆ خۆت باشتر دەزانی، گەر دەزانی تۆ لەو بانگەوازەی کە بۆی دەکەیت لەسەر حەقی، ئەوا بەردەوام بە، هاوڕێکانیشت لەسەری کوژراون... گەر تۆش دنیا ویستی، ئەوا تۆ خراپترین بەندەی! خۆت بە هیلاك بردوە، ئەوانەش لەگەڵتن بە هیلاکت داون! گەر گوتت لەسەر حەق بوم، ئەمەیان نە کردەوەی شۆڕشگێڕانە وە نە ئەهلی دینە! لە دنیا چەندت ماوە بژی؟! کوشتن باشترە، بە خوا بە شمشێر لێت بدرێ لە حاڵەتی سەربەرزیو بە غیرەتی بە لامەوە باشترە لە لێدانی قامچی لە حاڵەتی زەبونیدا.

گوتی دەترسم کە منیان کوشت لەشم بشێوێننو ئەتکم بکەن!

دایکی گوتی: کوڕەکەم! مەڕ کە سەربڕا بە کەوڵ کردنی زیانی پێ ناگات!

جا عبداللە چو بۆ جەنگو جەنگی کرد، تا کوژرا، و پاش چەند ڕۆژێك دایکیشی مرد.

دایك دەبێت ئاوا بێت!

ئەمە دەڵێم لە کاتێکدا کە دەزانم عبداللەی کوڕی زوبێر ڕەحمەتی خوای لێبێ بۆ جەنگ کردنی لە دژی بەنی ئومەیە ئیجتیهادی کردبو، وە پاداشتی موجتەهیدی بۆ هەیە. بەڵام ئایا لەمەدا پێکاویەتی؟ گومان نابەم: واللە أعلم.

نوسەر دەڵێ بڕوانە تەحقیقەکەم لەسەر کتێبی (العواصم من القواصم) کە کتێبێکە شایستەی ئەوەیە لە هەمو ماڵێکی مسولماندا بێت، کە بەدرۆ خەرەوەی ئەو درۆیانەیە، کە دەربارەی هاوەڵە بەڕێزەکان گوتراوە!

دانەوە بۆ ئەو کەسانەی، کە خۆ ڕاگرو ئارامگرن لە سەنگەری جەنگ دا، پێی گوتن: خوا پشتیوان بێ گەر بەیانی داهاتو ساغو سەلامەت بون، یەکسەر بڕۆن بۆ کوشتنی دوژمنەکەتان بە چاوێکی کراوەوە. کاتێك توشی شەڕ بون خۆ گورجو گۆڵ بکەنو، تەیەموم بکەن سەرکەوتو دەبنو دەگەنە بەهەشت، لە لانەی هەتا هەتایی ڕێزتان لێ دەگیرێ.

کاتێ بەیانیان بەسەر داهات، چونە شوێنی خۆیانەوەو دەستیان کرد بە جەنگ کردن، تا هەر چواریان شەهید کران. کاتێك هەواڵی شەهید بونیان بە خەنسای دایکیان درا، خەنسا گوتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی، کە بە هۆی شەهید بونیانەوە منی بەرزو گەورە کرد، داوا لە خوای خۆم دەکەم لەگەڵ ئەوان دا، لە بەهەشت کۆم بکاتەوە.

سەرپەرشتیار (قِوامة)ی پیاو بەسەر ئافرەت

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ﴾ (النساء- ٣٤)، واتە: پیاوان بەسەر ژناندا دەسەڵاتیان هەیەو سەرپەرشتیارن بە سەریاندا، کە خوا هێندێکی لە هێندێ هێژاتر بەدی هێناوە، دیارە پیاوان ئەرکی بەڕێ چونی ماڵیان لەسەر شانە(١).

---

١) وا بەباش زانرا هەندێ بەوردی باسی سەرپەرشتیاریەتی پیاو بەسەر ئافرەت بکرێ، چونکە شارەزابونو پێزانینی سەرپەرشتیاری دان بە پیاو، زۆربەی زۆری گیروگرفتی نێوان پیاوو ژن چارەسەر دەکات، هەندێ پیاو ئەو سەرپەرشتیاری یە (القوامة) بەوە تێگەیشتوە، کە دەبێ پیاو سالاریو کوێخاییو دەسەڵات نواندنو بەرای خۆ کردنو چاو سورکردنەوەو خۆ بە گەورەزانی بەسەر ژنەکەیدا بسەپێنێو، بەجۆرە تێگەیشتنە هەڵەو خراپە ڕەفتار دەکەن.
بە هەمان شێوە هەندێك ژنیش بێئاگاو ناشارەزایانە، سەبارەت بە مافی سەرپەرشتیاریەتی پیاو هیچ حسابێك بۆ مێردەکەی ناکات، ئەوەش دەبێتە هۆی نانەوەی ئاژاوەو ناکۆکیو دژایەتیو لێك جیابونەوە...
گەر هەر یەکێك لە پیاو و ژن، سنورو مافو ئەرکەکانی یەکتری بزانن ئەوکاتە بە بەختیاریو ئاسودەییو بەبێ ئاژاوەو ناکۆکی، ژیان دەبەنە سەر.
زانایەکی کۆمەڵناسی گوتویەتی:
ژیانی ژنو مێردایەتی بە ئۆتۆمبیلێك دەچێ کە دوو کەس تێیدا سەرنشینو یەك ئامانجیان هەیە: هەر دەبێ یەکێکیان سوکانی ئۆتۆمبیلەکە بگرێتە دەست، خۆ ناکرێ هەردوکیان پێکەوە لێی بخوڕن.
جا گەر پیاو ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆ -کە ئەمەش باری سروشتیە- ژن دەتوانێ بە ڕۆڵی سروشتی خۆی هەڵبستێ، لە بڵاوکردنەوەی متمانە بەخۆبونی مێردەکەیو هاندانی کەمکردنەوەی بارگرانی ژیان، بەڵام گەر ژن ئەرکی سەرپەرشتیارێتی گرتە ئەستۆ، ئەوا پیاو هەڵوێستی ڕەخنەگرییو سەیرکردن وەردەگرێ، جا ئەو کاتە هێندەی پێناچێ لەبەر

بارگرانی ژیان، کە بە تەنها خۆی پێی هەڵدەستێ بەبێ هاندان، مێشکی توشی داروخان دەبێو دادەڕمێ.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾(النساء- ٣٤)، واتە: پیاوان سەرپەرشتیار ترن بەسەر ئافرەتان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خێزان، بەوەی کە خوای گەورە بە چەند شتێك بەسەر یەکتری دا فەزڵو چاکەی پێ بەخشیون، کە پیاو توانای ئامادەیی جێبەجێکردنی کاروباری قورسو گرنگیان هەیە. هەروەها پیاو سەرپەرشتیارە بەسەر ئافرەت، چونکە نەفەقەو پارە پەیداکردنو منداڵ بەخێوکردن لەسەر پیاوە لەو ماڵەی کە هەیەتی.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە بۆ یاسایەك لە یاسا نەگۆڕەکانی خوای گەورە دەکات، کە سەرپەرشتیاری پیاوە بەسەر ژن. خوای پەخشندە کە بەمجۆرە باسی پیاودەکات لەبەر دو هۆی ڕونو دیار:

یەکەمیان: ئەوەیە خوای باڵا سروشتی پیاوی وا دروست کردوە، کە جیاوازی لەگەڵ سروشتی ئافرەت هەبێ. ئافرەت فەزڵو چاکەو گەورەیی هەیە بەرامبەر بە پیاو، لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناو ماڵەوەو پەروەردەکردنی منداڵانو هەڵسان بەکارە پێویستی یەکانیان، کە لەسەر ئەو سۆزو نەرمو نیانە دروست بوە. جەستەی ئافرەت بە شێوەیەکی لاواز دروست بوە لە ڕوی ئەندامەکانی جەستەیدا، وەك لاوازی کۆئەندامی دەمارەکان، کە بە هۆی ئازارەکانی سك پڕیو منداڵ بونەوە (هەست کردنی بە شت) کەم دەبێتەوەو وای لێدەکات لە هەمان کاتدا لەوانەیە دوچاری نەخۆشی ببێو زو هەڵچێو تورە بێ، کە کار دەکاتە سەر سەلامەتی تەقدیرو دروستی تێگەیشتن.

ئافرەت توانای لە پیاو کەمترە لەسەر ڕوبەڕوبونەوەی نەبونیو نەداریو خۆگرتن لەبەردەم کۆسپو تەگەرەکانی ژیان. بەڵام پیاو فەزڵو چاکەی بەسەر ئافرەتەوە هەیە، کە لە پێشەوە باسکرا.

پیاو هێزو جەستەی لەشی پتەوترو بیرو فیکری تیژترەو، تەقدیرکردنی شتی لە لا باشترە، لەبەر ئەوە پیاو دادەنرێ بۆ هەوڵو تێکۆشانو چارەسەرکردنی جیاوازیو دژایەتی کردنو، هەوڵ دان بۆ نان پەیداکردن بۆ گوزەرانی خێزانی. هەروەها توانای پاراستنی قەوارەی خێزانو دورخستنەوەیان لە مەترسیدا هەیە.

هۆی دوەم: کاتێك ئەم سەرپەرشتیاری یە دراوەتە پیاو، کە دەبێ پیاو نان پەیدا بکاتو خێزانەکەی بەخێو بکات، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لە بوارەکانی دینو دنیادا پیاو

باشترە لە ژن. بەڵکو خوای گەورە هەردوکیانی لە کردەوەی چاك دا وەك یەك داناون، وەك دەفەرموێ: ﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لاَ أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنكُمْ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ﴾ (آل عمران- ١٩٥)، واتە: پەروەردگار وەڵامی دانەوە، کە مـن کردەوەی هیچ کامێکتان لە نێر یان لە مێ ون ناکەم، هەندێکتان لە هەندێك. هەروەها خوای باڵا دەفەرموێ: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ (البقرة- ٢٢٨)، واتە: ئافرەت چیان لەسەرە، کە مـافی پیـاو بـەجێ بهێنن، بە هەمان شێوە ئەوانیش مافیان هەیەو بەشیان هەیە بەسەر پیاو لـە چـاکەدا. پیاویش پلەیەکی بەسەر ئافرەتانەوە هەیە لەبەر ئەوەی زیاتر ماندوترو هـەوڵو کۆشـش ترەو، نان پەیدا دەکات.

ئەم سەرپەرشتیاری (قوامة)یە قاعیدەیەکی رێکخستنە، کە پێویسـتی بـە ئەنـدازیاری کۆمەڵگەو جێگیری بارودۆخە لە ژیانی دنیادا، ژیانیش بێ زیان نابێ، گەر پێیەوە پابەند نەبێت. کە بە قیوامەی سەردارەکانو ئەمیرەکان دەچێت.

(لە کتێبی حصوننا مهددة من داخلها، نوسەرەکەی دکتۆر محمد محمد حسێن لاپـەڕە ١٣٩-١٤٢ بەکورتی گواستراوەتەوە).

(قِوامة) یەکـەم داواکـردنی یەکسـانی یە

بۆچی ئیسلام سەرپەرشتیاری خێزان دەداتـە پیـاو، لـەو کاتـەی قورئـان دەفـەرموێ: ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾، وەڵامەکەی ئەوەیە: ئیسلام لـەم بابەتـەدا، شـتێکی نـوێی فـەرز نـەکردوەو شتێکی هۆگری نەگۆڕیوە.

سروشتی ئافرەت هەر لە سەرەتای مێژوە ئەوە بوە، کە لە تەنیشت پیاو نەبێ، هەسـت بە هێمنیو ئاسایش ناکات، هەردەم پاراستنی خۆیو پاراستنی منداڵەکان دەخاتە سـەر ئەستۆی پیاو، هەوڵی تێکۆشانو کۆششو هەڵگرتنی بارگرانایی بۆ پیـاو بـەجێ دێڵـێ، هەتاکو ئێستاش ئافرەت هەر ئەمەی لە پیاو دەوێـت، چـونکە سروشـتی شـتەکان بـەم شێوەیە... پیاو بە جەستە بەهێزو ماسولکە بەهێزیی دروسـت کـراوە، تـاوەکو زاڵ بـێ بەسەر هەمو کارە زەحمەتو ناخۆشەکان، ئافرەتیش بـە جەسـتە لاوازو هەسـت ناسـكو

خۆنەگری دروست کراوە. کەواتە ئیسلام گوناهی چیە لەوکاتەی دان بە واقیع دابنێ‌و، حەقیقەت بێنێتە کایەوەو وا دابنێت، کە پیاوان سەرپەرشتیار ترن بەسەر ئافرەتانەوە؟

ئایا لەم سەردەمەی ئێستادا، ئافرەت دەیەوێ ئەو ببێتە سەرپەرشتیار..!

سەرپەرشتیاری (القوامة) مانای بەرپرسی یەتی یە، ماناکەی زاڵ بونە بەسەر هەڵگرتنی زەحمەت‌و هەستان بە ئەرکی بارگرانی، بەڕاستی ئەمە تەکلیفە نەك بەرزدانان‌و گەورایەتی.

سەماکەرانی ئافرەت دەڵێن سەرپەرشتیاری پیاو بەسەر ئافرەت کاتێك بو، کە پیاو لە بەرهەم هێناندا دەسەڵاتدار بو، کە بە کەسابەتەکەیەوە ستەمی دەکرد، بەڵام ئێستا ئافرەت خۆی شت بەدەست دێنێ‌و وەك پیاو بەرهەم دێنێ، هیچ مانایەکی نی‌یە پیاو سەرپەرشتیاری بێت.

بەڵام واقیعی جیهانی ڕۆژئاوا ئەم گومانەی بەدرۆخستەوە، ئافرەت لەوێ کاری کردو شتی بەرهەم هێناو سەربەخۆ بو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە زاتی پیاو و سەرپەرشتیاری‌یەتەکەی هەیە، کار دەکات لەسەر ئەوەی، کە بێتەوە ژێر ئەم سەرپەرشتیاری یە، لەژێر سێبەری پیاو نەبێت هەست بە دڵنیایی‌و ئاسایش ناکات..

بەڕاستی خوای گەورە ڕاستی فەرموو درۆزنان درۆیان کرد.

(الأسلام و المشکلة الجنسية ١٩٦-١٩٨)

مەترسی کاتەکانی دەست بەتاڵی[1]

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا فَرَغْتَ فَٱنصَبْ﴾ (الأنشراح- ٧)، واتە: کە لە کارێك بویتەوە خۆت ماندو بکە بە خەریك بون بە کارێکی ترەوە.

---

١) کاتی بەتاڵ چەند ترسناکە، شاعیریش گوتویەتی:

إن الشباب و الفراغ و الجد — مفسدة للمرء أيُّ مفسده!

زۆربەی سەرەتای داڕوخانی خێزان بە بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانەوە دروست دەبێ، ئەویش بە روانینی فلیمە ڕوتو تاوانکاریەکان، کە هەر یەکێك لە ژنو مێرد بەرەو فجور دەباتو، منداڵەکان فێری تاوانکاری دەکات!

خێزان ئەو کاتانە بە شەوانە (سەهرات)ی تێکەڵاوی، کە پێی دەڵێن: (خێزانی) دەبەنە سەر، کە بەڕاستی پاچی ڕوخێنەری کیانی خێزانە، چەند ڕوداوی دڵتەزێن لە ئاکامی ئەو سەهراتانە ڕو دەدات، تەنانەت بۆتە مایەی ژەهراوی کردنی مێرد، بۆ ئەوەی لەگەڵ عاشقەکەی ڕاببوێرێ، واتە: هاوڕێی خێزان، جا ئایا پەند وەردەگیرێ؟!!

یان کات بەسەر بردن لە چایخانەکان، لەنێو زریکەی گەرسۆنو ژاوەژاوی زاری طاوڵەو دوکەڵی نەرگیلەو جگەرەی زیانبەخش بە تەندروستی ئەو کەسەش، کە نایکێشێ، بەڵام لە ڕێگەی هەناسەدانو مژینی پێستەوە زیانی پێ دەگات. یان کات بەسەربردن لەو پێشوازی یە بێماناو پوچانەی، کە تەنها قسەی بێ سودو باسی جلو بەرگی ئافرەتە تێکدەرەکانی بێگانەی تێدایە.

لەنێو چایخانەو ئەو جۆرە مەجلیسە بێ هودانە، منداڵان پەرتەوازە دەبنو لە جادەو سینەماکاندا فێری تاوانکاریو خراپە دەبن. (منكرات الأفراح)

ئافرەتی هۆشیار، ئەو ئافرەتە زیرەکەیە، کە بە ژیری تەواوو گیان بەرزی خۆی، ماڵەکەی دەکاتە بەهەشت، کە مێردەکەیو منداڵەکانی ڕادەکێشێو وایان لێ دەکات جار ناجار بچن بۆ ڕەزو باخەکانی دەوروبەریان، بۆ هەڵمژینی هەوای پاكو ئەنجامدانی هەندێك وەرزش. هەروەها لە ماڵەکەیدا پەرتوکخانەیەکی جوانو بەسود دروست دەکات، بۆ ئەوەی کاتە بەتاڵەکانی خێزان بە شتی بەسودو چاك بەنە سەر.

(کتاب نحو أسرة إسلامية)ی (نوسەر)

هەروا دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا﴾(الفرقان– ٧٢)، واتـە: هەر کە بەلای کاری نالەباردا رابوردن، مەردانە خۆی لـێ لادەدەن.

پێغەمبـەر ﷺ فەرمویـەتی: ((دونكم يا بني أرفدة لتعلم اليهود أن في ديننا فسحة))[١]، واتە: ئەی بەنی ئەرفەدە! وەریگرن با جولەکە بـزانن دینـەکەمان کراوەیی تێدایە[٢].

هەروا فەرمویەتی: ((كل شيءٍ ليس من ذكر الله فهو لغو ولعب إلا أن يكون أربعة: مشي الرجل بين الغرضين وتأديبه فرسه، وملاعبته أهله، وتعلم الرجل السباحة))[٣]، واتە: جگە لە چوار شت، گـەر یـادی خوای لەگەڵ نەبێ، ئەوا پوچ و بێمانـاو بێهودەیـە: یـەکێك لـە نێـوان دو

---

١) رواه البخاري ومسلم وغيرهما.

٢) لەو کاتەی حەبەشیەکان لە رۆژی جەژندا لەناو مزگەوت بـەنێزەکانیان یاریـان دەکـرد، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمون: ((دونكم يـا بـني أرفـدة لـتعلم اليهـود أن في ديننـا فسحة)).

ئەم فەرمودەیە لە کوێ لە بەرامبەر ئەو فـەرمودە (ضـعيف)و (موضـوع)انـەی، کـە چونی منداڵ بۆ مزگەوت حەرام دەکات، وەك کە قسەی موباحی حەرام کردوە، تەنانـەت نەفام و نەزانان، مزگەوت بە گرتوخانە دێتە پێش چاویان، بەڵکو ئەمـە لـە گرتوخانـەش ناخۆشترە، چونکە بەندکراو لە گرتوخانەدا ئازادی قسەی پێ دراوە.

بەڕاستی پێویستە مزگەوتەکانمان لەژێر تیشکی فەرمودەی یاریکردنی حەبەشی یـەکان لە مزگەوتدا هێڵێکی نوێ بگرێتەبەر!!

گەر شتێکم بەدەست بایە، لەسەر تیشکی دەقی ئەم فەرمودەیە، لـە نهـۆمی دوەمـی مزگەوتدا صەلەوانگەو یانـەی تیرهاوێـژی و وەرزشـە جـۆراو جۆرەکـانم دروسـت دەکـرد، سـەرەڕای نوێـژکردن تێیـدا، مزگـەوتم دەکـردە ناوەنـدێکی رۆشـنبیری و کۆمەڵایـەتی و وەرزشی، کە لە چەند نهۆمێك پێك بێت، نـەك یـەك نهـۆم، دیـارە کـە ئەمـە نـەکراوە زیانێکی گەورەیەو نیشانەی کەم هۆشیاری یە!!

٣) رواه النسائي (حديث صحيح).

نیشان بێ و بڕوا، یەکێك مەشق بە ماینەکەی بکات، پیاو کە یاری و دەستبازی لەگەڵ خێزانی دەکات، پیاو خۆی فێری مەلەوانی بکات.

هەروا دەفەرموێ: ((لا تزول قدما عبد يوم القيامة حتى يسأل عن أربع: عن عمره فيما أفناه، وعن جسمه فيما أبلاه، وعن علمه ماذا عمل به، وعن ماله أين أكتسبه، وكيف أنفقه!))[١]، واتە: لە ڕۆژی قیامەت هەردو قاچی عەبد تێ ناپەڕێ، تاوەکو چوار پرسیاری لێ نەکرێ: دەربارەی ئەو تەمەنەی کە بەسەری برد، دەربارەی جەستەی، کە بۆچی بەکاری هێناوە، دەربارەی زانیاری یەکەی، کە چۆن کاری پێ کردوە، دەربارەی ماڵ و سامانەکەی لە کوێ ی بەدەست کەوتوە، چۆنی سەرف کردوە.

١) حديث صحيح لشواهد.

پێغەمبەر وەك هاوسەرێكی توند

خوای گەورە بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٢٨﴾ وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ فَإِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَٰتِ مِنكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا﴾(الأحزاب: ٢٨-٢٩)، واتە: ئەی پێغەمبەر! ژنەكانی خۆت بدوێنە: ئەگەر ژین و خشڵی دنیاتان دەوێ، دەسا وەرن تا هەقی خۆتان بدەمێ و بەبێ گازندەو بە خۆشی ڕاهیتان كەم. ئەگەریش خواو پێغەمبەروماڵی دوارۆژتان گەرەكە، خودا بۆ كار چاكەكانتان پاداشی گەورەی داناوە[1].

---

١) **قەیرانێك لە ماڵی پێغەمبەر ﷺ**

ئەم ئایەتە دەربارەی خێزانەكانی پێغەمبەر ﷺ دابەزی، كاتێ داوای زیادكردنی بژێوی (نفقە)یان لێكرد، ئەویش نەیدەتوانی بۆیان زیاد بكات، لەبەرئەوە ماوەی مانگێكی تەواو بە توندی خۆی لێ دابڕاندن، ئنجا خوای گەورە ئەو ئایەتانەی بۆ دابەزاند، كە خێزانەكانی پێغەمبەری تێدا سەرپشك كردن" ئایا لەگەڵ پێغەمبەر بەوجۆرە ژیانە دەگوزەرێنن و ئارام دەگرن، هەتا خوا دەرو دەكاتەوە، یان دەچنەوە لای كەس وكاریان.. خێزانەكانی پێغەمبەریش خواو پێغەمبەرو رۆژی دواییان هەڵبژارد، ژیانیان لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بردە سەر، بۆ ئەوەی رۆڵی گرنگیان لە دابینكردنی بەختەوەریی و دڵنیایی بۆ پێغەمبەر بەجێ بێنن و، هاوكاری بن لە گەیاندنی ئیسلام بە خەڵكی. روداوەكەش بەم شێوەیە بو:

موسلیم لە کتێبی (صحیح)ی خۆیدا (٢/١١٠٤) گێڕاویەتیەوە، جابری کوڕی عبداللە گوتویەتی: لە بەردەمی ماڵی پێغەمبەر ﷺ، خەڵك دانیشتبون، ڕێگە بە هیچیان نەدرابو بچنە ژورەوە، ئەبوبەکر هات‌و مۆڵەتی خواست بچێتە خزمەت پێغەمبەری خواﷺ، جا مۆڵەتی پێدراو چوە ژورەوە، پاشان عومەر هات‌و ئەویش داوای مۆڵەتی چونە ژورەوەی کرد، مۆڵەت بەویش درا، جا بینی پێغەمبەرﷺ دانیشتوە و خێزانەکانی بە کش‌و مات‌و بێدەنگی بە دەوریەوەن، عومەر گوتی: ئێستا قسەیەك دەڵێم تا پێغەمبەر پێبکەنێ! جا گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! گەر کچی زەید -ژنی عومەر- داوای بژێویم لێ بکات لە ملی دەدەم.. پێغەمبەریش پێکەنی‌و ددانەکانی بەدەرکەت، فەرموی: ((ئەوە دەیانبینی داوای بژێویم لێ دەکەن)).

ئنجا ئەبوبەکر هەستا ملی عائیشەی گرت‌و، عومەریش هەستا ملی حەفصەی گرت، هەردوکیان دەیانگوت: پێغەمبەری خوا کە نیەتی، ئێوەش داوای بژێوی لێ دەکەن؟! پاشان پێغەمبەر ماوەی مانگێك، یان بیست‌و نۆ ڕۆژ خۆی لێیان کەنارگیر کرد. ئنجا ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٢٨﴾ وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ فَإِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَـٰتِ مِنكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا ﴾(الأحزاب- ٢٨،٢٩).

سەرنجێك لە سادەیی ژیانی پێغەمبەر ﷺ

ئیبن مەسعود دەڵێ: ((دخلت على رسول الله ﷺ وقد نام على حصير، وقد أثر في جنبه فقلت: يارسول الله لو اتخذنا لك وطاءً، تجعله بينك وبين الحصير، يقيك منه! فقال: ما لي وللدنيا! ما أنا والدنيا إلا كراكب استظل تحت شجرة ثم راح وتركها))[١]، واتە: چومە خزمەت پێغەمبەری خوا، بینیم لەسەر حەسیرێك خەوتوە، کە شوێنەواری حەسیرەکە بە لەشی پێغەمبەرەوە دیار بو. ئیبن مەسعود دەڵێ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، با شتێك دابنێین لە نێوان حەسیرو خۆتدا، تا لە رەقایی حەسیرەکە بتپارێزێ. پێغەمبەر فەرموی: چ کارم بە دنیایە! من‌و دنیا وەك رێبوارێك وایە، لە کاتی ماندوبون خۆی دەخاتە ژێر سێبەری دارێك، پاشان دەڕوات‌و بەجێی دەهێڵێ.

ئەبو ئومامەی ئەنصاری گوتویەتی: ((ذكروا عند النبي ﷺ الدنيا فقال: ألا تسمعون؟ ألا تسمعون! إن البذاذة من الإيمان، إن البَذاذة من الإيمان!))[٢]، واتە: لە لای پێغەمبەر باسی دنیا کرا ئەویش فەرموی: ئایا گوێتان لێ نی یە؟! ئایا گوێتان لێ نی یە! خۆ بەکەم گرتن لە جل‌و بەرگ‌و وازهێنان لە ڕازاوەیی دنیا لە باوەڕەوەیە، خۆ بەکەم گرتن لە جل‌و بەرگ‌و وازهێنان لە ڕازاوەیی دنیا لە باوەڕەوەیە.

ئیبن عەبباس گوتویەتی: ((دخل رسول الله ﷺ يوم فتح مكة على أم

---

١) رواه الترمذي و إبن ماجة والحاكم وأحمد في المسند وغيرهم بسند صحيح.

٢) رواه أحمد في المسند والنسائي حديث صحيح.

هانيء وكان جائعاً فقال لها: أعندك طعام آكله؟ فقالت إن عندي لكسراً يابسة، وإني لأستحي أن أقدمها إليك! فقال: هلميها فكسرها في ماء، وجاءته بملح، فقال: ما من إدام؟ فقالت: ما عندي إلا شيءٌ من خل! فقال: هلمي. فلما جاءت به صبه على طعامه. فأكل منه، ثم حمد الله وأثنى عليه، ثم قال: نِعْمَ الإدام الخل يا أم هانيء، لا يُقْفِر بيتٌ فيه خلٌّ))، واتە: لە ڕۆژی رزگارکردنی شاری مەککەدا پێغەمبەری خوا برسی بو، چوە لای (ئوم هانئ)و پێی فەرمو: هیچ خواردنێکت لەلا هەیە تا بیخۆم؟ ئوم هانئ گوتی: پارچە نانێکی ڕەقمان هەیە، بەڵام لە ڕوم نایێ بۆت بێنم بیخۆی. فەرموی: بیهێنە، جا نانەکەی لەناو ئاودا ورد کردو ئوم هانئ خوێی بۆ هێنا، فەرموی: پێخۆرت لەلا نیە؟ ئەویش گوتی: هیچی ترم نیە، تەنها کەمێك سرکە نەبێ. فەرموی: بیهێنە، کە بۆی هێنا سرکەکەی بەسەر نانەکەدا کردو لێی خوارد، پاشان سوپاس و ستایشی خوای گەورەی لەسەر ئەم خواردنە کرد. پاشان فەرموی: ئوم هانئ! باشترین پێخۆر لەگەڵ خواردن سرکەیە، هەر ماڵێك سرکەی تێدا بێ ئەو ماڵە بێ خواردن نیە.

ئا ئەمە بو خواردنی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژێکی ئاوا، کە ڕۆژی رزگارکردنی شاری مەککە بو، کە موشریکەکان لەم رزگارکردنەدا شکان و بەزینیان بەسەردا هات.

لە ڕاستیدا هیچ شتێکیش نەبو رێگری پێغەمبەر بکات بۆ سەربڕینی سەدەها، بەڵکو هەزارەها مەڕ، کە دەعوەتێکی گەورەی پێ ساز بدات.

کەچی ئێستا سەرۆکەکان بۆ سادەترین بۆنە (مناسبة) بە پارەو سامانی میللەت، دەعوەت و دەعوەتکاری ئەنجام دەدەن، کەچی میللەتەکە لە برسانا هاوار هاواریەتی!

پێویستە ژن لەسەر هەژاریی مێردەکەی ئارام بگرێ

خاتو عائیشه بە عوروەی گوت: ((یا أبن أخي! إنا كنا ننظر الى الهلال ثم الهلال، ثلاثة أهلة في شهرين، وما أوقدت في أبيات رسول الله نارا! فقلت: يا خالة ما كان عيشكم؟! قالت: الأسودان التمر والماء! أنه كان لرسول الله ﷺ جيران من الأنصار لهم منائح وكانوا يمنحون رسول الله ﷺ من ألبانها فيسقينا))[1]، واتە: کوڕە براکەم! لە ماوەی سێ مانگ لە ماڵەکانی پێغەمبەری خوا، ئاگر بۆ چێشت لێنان نەکراوەتەوە! عوروە گوتی: پورێ خواردنتان چی بو؟! ئەویش گوتی: خورماو ئاو! بەڵام ئەوە نەبێ کە پێغەمبەر ﷺ دراوسێیەکی ئەنصاری هەبو مەڕیان هەبو دەیاندا بۆ خواستن (الأستعارة)، تا سود لە شیرەکەی وەرگرن. جا لە شیری مەڕەکان بەشی پێغەمبەریان ئەدا، پێغەمبەریش شیری بە ئێمە دەدا.

خاتو عائیشە گوتویەتی: ((ما شبع آل محمد من خبز الشعير يومين متتابعين حتى قبض))، واتە: ماڵو خێزانی پێغەمبەر، تا ئەو کاتەش، کە پێغەمبەر گیانی سپارد، دو ڕۆژ بە دوای یەك لە نانی جۆ تێر نەبون.

((سئل سهل بن سعد: هل أكل النبـي النقي؟ فقال: ما رأى رسول الله النقي منذ ابتعثه الله حتى قبضه))[2]، واتە: پرسیار لە سەهلی کوڕی سەعد کرا: ئایا پێغەمبەر نانێکی وای خواردوە، کە ئاردەکەی شتێکی

---

١) رواه البخاري.

٢) رواه البخاري.

تری تیا نەبێ، واتە وەك گەنمی ڕوت بێ. گوتی: لەو کاتەی بو بە پێغەمبەرو، تا گیان سپاردنی، نانێکی ئاوای نەبینی.

ئەنەسی کوڕی مالك، خزمەتکاری پێغەمبەر ﷺ گوتویەتی: ((ما أعلم النبي ﷺ رأى رغيفاً مرققاً حتى لحق بالله! ولا رأى شاة سميطاً بعينه قط))[1]، واتە: نەمزانیوەو نەمبینیوە، پێغەمبەر ﷺ نانی نەرمی بینیبێ‌و خواردبێتی، تا ئەوکاتەی بە خوای خۆی گەیشت، هەروەها هەرگیز مەڕی سورکراوەی نەبینیوەو نەخواردوە.

پێغەمبەر ﷺ دەیفەرمو: ((اللّهم إجعل رزق آلَ محمد كفافاً، وقيل قوتاً))[2]، واتە: خوایە ڕزق‌و ڕۆزی ماڵی خێزانەکانی محمد هەر ئەوەندە بێ، نە زیاد لە پێویستی بێ‌و نە کەمیش، هەروەها گوتراوە فەرمویەتی: خواردنی ماڵی محمد نە زیادو نەکەم بێ.

فاطیمە چووە خزمەت پێغەمبەر ﷺ، تا سکاڵای ئەوەی لەلا بکات، کە بەهۆی دەستاڕەوە دەستی تلۆقاوە، پێشی گەیشتوە، کە پێغەمبەر ﷺ کۆیلەی بۆ هاتوە، تا کۆیلەیەکی بداتێ ئیشی بۆ بکات، بەڵام پێغەمبەر لەوێ نەبو، ئەمەی لەلای خاتوعائیشە باسکرد، خاتو عائیشەش ئەم هەواڵەی بە پێغەمبەر ڕاگەیاند.. ئیمام عەلی رضي الله عنه دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ هاتە ماڵمان، ئێمەش ڕاکشابوین، جا کە هات هەستاین، پێغەمبەر فەرموی: هەڵمەستن هەر لە شوێنی خۆتان بن، ئینجا لەنێوان من‌و فاطیمە دانیشت، هەتا ساردایی پێیەکانی لەسەر سکم هەست پێ‌کرد، پێغەمبەر

---

١) رواه البخاري

٢) رواه البخاري ومسلم.

فەرموی: شتێکتان لەوە چاکتر پێ بڵێم؟ ئەگەر چونە سەر جێگەی خەوتن‌و ڕاکشان (٣٣) جار بڵێن سبحان الله، (٣٣) جار بڵێن الحمدلله، (٣٣) جار بڵێن الله اکبر، ئا ئەم ویردانە بۆ ئێوە لە خزمەتکار باشترە!!

لێرەدا پرسیارێك لەوانەیە بکرێ‌و بڵێین: باشە بۆچی ژیان بەم شێوە ڕەق‌و هەژاری‌یە ببرێتە سەر؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: گەر ئوممەتێك بیەوێ بە نەمری‌و سەربەرزی بژی، بیەوێ لاپەڕەکانی لە مێژودا پڕشنگدارو روناك بێت، دەبێ سەرکردەکانی ژیانێکی وایان نەبێ، کە خەڵك برسی بن‌و خۆیشیان تێر. ئەمە فێری سەرکردەکان و لێپرساوەکان دەکات کە بەرامبەر ماڵ‌و سامانی گەل، خۆیان پاك رابگرن، کە وا ڕاهاتون بە ناحەق ئەو ماڵ‌و سامانەی گەل بخۆن. چۆن دەبێ پێغەمبەرو خێزانەکانی لەوپەڕی خۆشی‌و تێری دابن، هەژارانی مسولمانانیش بە برسی یەتی ژیان ببەنە سەر. خۆ پێغەمبەر دەیتوانی بە هۆی ماڵی مسوڵمانانەوە لە غەنیمەتدا خۆی دەوڵەمەند بکات، بەلام ئەمە سیفەتی پێغەمبەر نەبو.

دەبا کوێر بن ئەو سەرکردانەی خۆشی‌و بەختیاری ژیانیان، لەسەر حیسابی نەبونی‌و نەداری‌و برسی یەتی‌و خراپی گوزەرانی گەلەکەیان بە دەست دێنن.

هەروەها ئەمجۆرە ژیانەی پێغەمبەر، مسوڵمانانی فێری ژیانی سادەو ساکار کرد، تا دور بن لە زیادەڕۆیی‌و دەستبلاوی.

پێغەمبەر ﷺ زۆرجار، کە دەچوە ماڵەوە داوای خواردنی لە خێزانەکانی دەکرد، گەر خواردنیان نەبوایە پێغەمبەر دەیفەرمو: من بەڕۆژوم! ڕۆژوی (تطوع). ڕۆژوی فەرز دەبێ لە پێش فەجردا نیەتی دڵی لەگەڵ دابێ.

عومەری کوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێ بێ، چوە ماڵەوە داوای لە

خێزانه‌كه‌ی كرد خواردنی بۆ بێنێ، خێزانه‌كه‌ی گوتی: هیچ شتێكمان نی یه ته‌نها چه‌ند پارچه نانێكی ڕه‌ق نه‌بێ. جا عومه‌ر كه‌مێك ئاوو سركه‌ی به‌سه‌ر پارچه نانه‌كاندا كردو خواردی تا تێر بو، پاشان گوتی: ((لا بارك الله بمن أدخله جوفه الى النار))، واته: به‌ره‌كه‌تی خوا له‌و كه‌سه نه‌بێ، كه به هۆی گه‌ده‌یه‌وه ده‌چێته ئاگری دۆزه‌خه‌وه. واته: به په‌یداكردنی پاره‌ی حه‌رام گه‌ده‌ی تێر ده‌كات.

كه باسی ژن‌و مێردی ئیسلامی ده‌كه‌ین، چه‌نده پێویستیمان به‌وه هه‌یه، كه ئه‌وه‌ی باسكرا وه‌بیر ژن بێنینه‌وه، كه چه‌نده پێویسته ژیانی ساده‌و ساكارو، پلان دانان بۆ به‌ڕێوه‌بردنی دارایی ماڵ، چونكه زێده‌ڕه‌وی له خه‌رجكردن بۆته هۆی ماڵ وێرانی خێزان له‌ژێر قه‌رزێكی زۆره‌وه، كه بۆته هۆی جیابونه‌وه‌ی ژن‌و مێرد، له ئه‌نجامی ده‌ست بلاَویی له ڕاده به‌ده‌رو بۆ ڕه‌زامه‌ندی خه‌ڵك‌و ده‌ركردنی ناوو شۆره‌ت‌و شانازی كردن.

هاندان بۆ نەفەقەدانی ژن

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((دينار أنفقته في سبيل الله، ودينار أنفقته في رقبة، ودينار تصدقتَ به على مسكين، ودينار أنفقته على أهلك، أعظمها أجراً الذي أنفقته على أهلك!!))[١]، واتە: دینارێك لە پێناو خوا ببەخشی، دینارێك ببەخشی بۆ رزگارکردنی بەندەیەك، دینارێك ببەخشی بە هەژارێك، دینارێك ببەخشیو بیکەیە بژێوی بۆ خێزانەکەت، ئەوەی لە هەمویان پاداشتەکەی گەورەترە ئەوەیە، کە بۆ خێزانەکەت دەکەیە بژێوی.

هەروەها دەفەرموێ: ((إذا أنفق الرجل على أهله نفقة، وهو يحتسبها كانت له صدقة))[٢]، واتە: گەر پیاو شتێك ببەخشێو بۆ خێزانەکەی خەرج بکاتو بزانێ لەسەری پاداشت وەردەگرێ، ئەوا بۆی بە خێرو چاکەو سەدەقە دەنوسرێ.

هەروا دەفەرموێ: ((ما أطعمتَ نفسَكَ فهو لك صدقة، وما أطعمتَ ولدك فهو لك صدقة، وما أطعمت زوجتك فهو لك صدقة))[٣]، واتە: هەر خواردنێك دەرخواردی خۆت بدەی، بۆت بە خێرو چاکە دەنوسرێ، هەر خواردنێك دەرخواردی منداڵەکەت بدەی، بۆت بە خێرو چاکە دەنوسرێ، هەر خواردنێك دەرخواردی خێزانەکەت بدەی، بۆت بە خێرو چاکە دەنوسرێ.[٤]

---

١) رواه مسلم

٢) رواه البخاري ومسلم والترمذي والنسائي.

٣) رواه أحمد في المسند حديث صحيح

٤) لەم فەرمودانەدا بۆمان بەدەردەکەوێ کە پێغەمبەر ﷺ چەند بایەخ و گرنگی داوە بە چاك بەخێوکردنی ماڵو منداڵو خێزان، کە بە هۆیانەوە پاداشتی خوای پێ وەردەگیرێ، نەك رژدیو رەزیلی بکرێ بۆ ماڵو منداڵو منەتیان لەسەر بکرێ. (وەرگێڕ)

هەڕەشـەکردن لەو کەسـانـەی دەرهـەق بە خێزانیـان ڕەزیلــن

خوای گەورە لە مەدحکردنی عەبدەکانیدا دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ لَمْ يُسْرِفُواْ وَلَمْ يَقْتُرُواْ وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا﴾(الفرقـان- ٦٧)، واتـە: ئەوانەشن کە لەکاتی ماڵ بەخشینا، نە یەکجاری دەست بڵاون، نە تەواویش دەست قوچاون، هەر لەو ناوەندە ماون.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((کفی بالمرء إثماً أن یُضَیِّع من یقوت))[1]، واتە: مرۆڤ ئەوەندە گوناهەی بەسە، کە بژێوی ئەوانە نەدات، کە لەسەریەتی بیانژێنێ.

هەروەها دەفەرموێ: ((إن الله سائلُ کلَّ راعٍ عمّا استرعاه، حفظ أم ضیَّع، حتی یُسأل الرجلُ عن أهل بیته))[2]، واتە: خوای گەورە لە هەمو لێپرسراوێك دەپرسێتەوە دەربارەی ئەو کەسانەی کە لە ژێر دەستی کار دەکەن، کە ئایا مافی ئەوانی پاراستوە، یان مافەکانی خواردوەو بە فیڕۆی داوە، تەنانەت پیاو دەربارەی خێزانەکەی لێی دەپرسرێتەوە، ئایا چۆنی پەروەردە کردوەو بەخێوی کردوە؟.

---

١) رواه مسلم
٢) رواه ابن حبان في صحیحه

پاداشت وەرگرتن لەسەر بەخێوکردنی منداڵ

کەعبی کوڕی عوجرە گوتویەتی: ((مرَّ على النبّي ﷺ رجل، فرأى أصحاب رسول الله ﷺ مِن جَلَدِه ونشاطه، فقالوا: يا رسول الله! لو كان هذا في سبيل الله! فقال رسول الله ﷺ: إن كان خرج يسعى على ولده صغاراً فهو في سبيل الله، وإن كان خرج يسعى على أبوين شيخين كبيرين، فهو في سبيل الله، وإن خرج يسعى رياءً وتفاخراً فهو في سبيل الشيطان))[1]، واتە: پیاوێك بەلای پێغەمبەردا تێپەڕی، هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا ئەو پیاوەیان بینی چوستو چالاكو بەهێزو توانایە، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەگەر ئەوە لە پێناوی خوا بوایە! پێغەمبەر فەرموی: گەر ئەو پیاوە لە ماڵەوە دەرچوبێ، تا منداڵە بچوکەکانی بەخێو بکات، ئەوا ئەوە لە پێناوی خوایە، ئەگەر لە ماڵەوە دەرچوبێ، بۆ هەوڵدان بۆ بەخێوکردنی دایكو باوکی پیری بەساڵاچو، ئەوا ئەوە لە پێناوی خوایە، گەر لە ماڵەوە دەرچوبێ، بۆ ئەوەی ڕوبینی (ریاء) بکاتو شانازی بەسەر خەڵکدا بکات، ئەوا لە پێناوی شەیتانە.

هەروا دەفەرموێ: ((إن المعونة تأتي من الله على قدر المؤنة، وإن الصبر على قدر البلاء))[2]، واتە: کۆمەکیو یارمەتی خوا بە ئەندازەی توێشوو بژێوی دێت، خۆڕاگریش بە ئەندازەی بەڵاو موسیبەتەوەیە.

هەروەها دەفەرموێ: ((ما من يومٍ يُصبحُ العِبادُ فيه إلا مَلَكان ينزلان

---

١) رواه الطبراني ورجاله رجال الصحيح .

٢) رواه البزار وسنده حسن.

فيقول أحدهما: اللّهم أعْطِ مُنفقاً خلفاً! ويقول الآخر: اللّهم أعط ممسكاً تلفاً))[1]، واتە: هەمو رۆژێك كە بەندەكان ڕۆژی تیا دەكەنەوە، دو فریشتەی خوا بانگ دەكەن، یەكێكیان دەڵێ: خوایە بەو كەسە ببەخشە، كە ماڵی بەخشیوە بە هەژاران، زیادی پێ ببەخشە. ئەوی تریان دەڵێت: خوایە لەو كەسە بگرەوە، كە نەیبەخشیوە تا ماڵەكەی تیا بچێ.

١) رواه البخاري ومسلم وغيرهما.

حوكمـی مێـردی ڕەزیـل

((قالت هند امرأة أبي سفيان: يا رسول الله .... إن أبا سفيان رجل شحيح ليس يعطيني ما يكفيني وولدي إلا ما أخذتُ منه وهو لا يعلم.فقال: خذي ما يكفيك وولدك بالمعروف))[1]، واتە: هندی ژنی ئەبوسوفیان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەبوسوفیان پیاوەکی ڕەزیلە[2]،

---

١) رواه البخاري وغيره .

٢) بە بۆنەی قسەکردن دەربارەی پیاوی ڕەزیل ئەم شتە خۆشە باس دەکەین: ژنێك لەبەر ڕەزیلی مێردەکەی کێشە کەوتە نێوانیانەوە.

ژنە گوتی: بەخوا لەبەر خۆشەویستی نیشتمان نەبێ، مشکیش لە ماڵت نامێنێتەوە، کە لە ماڵی دراوسێکان بژێوی خۆی پەیدا دەکات!!

هەروەها هەر سەبارەت بە مێردی ڕەزیلو زۆر لێپرسینەوەی ژنەکەی ئیمام ئیبن جەوزی لە کتێبەکەی (الأذكياء) باس دەکات:

موغیرەی کوڕی شوعبەو لاوێکی عەرەب داخوازی ژنێك دەکەن، لاوەکە جوان دەبێت، جا ژنەکە بە دوای هەردوکیاندا دەنێرێ.

پێی گوتن: هەردوکتان داخوازی منتان کردووە، بەڵام من وەڵامی هیچ کامێکتان نادەمەوە، بەبێ ئەوەی نەیبینمو گوێم لە قسەی نەبێ، گەر ویستتان ئامادەبن، ئەوانیش ئامادەبوون بە شێوەیەك کە ئەوانی دەبینیو گوێی لە قسەکانی ئەوان دەبوو.

کاتێ موغیرە تەماشای جوانیو لاوێتیو قەدو باڵای گەنجەکەی کرد، لە ژنە نائومێد بوو، زانی کە ژنەکە ئەو بەسەر ئەو گەنجە هەڵنابژێرێ.

بە گەنجەکەی گوت: جوانیو شۆخو شەنگینت پێدراوە، ئایا جگە لەمە شتی ترت هەیە؟

گوتی: بەڵێ، چاکەکانی خۆی ژماردو بێدەنگ بوو.

موغیرە پێی گوت: حسابت چۆنە؟

گوتی هیچ شتێکم لێ‌هەڵناوەرێ، تۆزقاڵێکی لێ‌دەگرمەوە! (واتە ڕەزیلە).

ئەوەندەم ناداتێ بەشی خۆمو منداڵەکەم بکات، تەنها ئەوە نەبێ کە بۆ مەسرەفی ماڵەوە، بەبێ ئاگاداری ئەو پارەی لێ دەبەم.

پێغەمبەر فەرموی: ئەوەندەی بەشی خۆتو منداڵەکەت دەکات، پارەی لێ ببە، بەڵام بە پێی پێویست بێو بۆ مەسرەفی ماڵەوە بێ.

موغیرە پێی گوت: تورەگەی پارەکەم لە سوچێکی ماڵەکەم دادەنێم، کە خێزانەکەم بە پێی پێویستی خۆیان لێی خەرج دەکەن، ئەو کاتە دەزانم پارەکە تەواو بووە، کە داوام لێ دەکەن.

ژنەکە (لە دڵی خۆیدا) گوتی: بەخوا ئەم پیرەم بە لاوە باشترە، کە موحاسەبەم ناکات، لەو گەنجەی کە لەسەر تۆزقاڵێك لێم دەپرسێتەوە. جا ژنەکە شوی بە موغیرە کرد.

هـاندانی زۆرکردنـی منداڵ

خوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ﴾ (یس- ١٢)، واتە: هەر کارێکی بە زیندویی کردویانە، شوێنەواریان گشت دەنوسین.

﴿وَقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُمْ﴾(البقرة- ٢٢٣)، واتە: تێشویەکیش وەپێش خۆخەن.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((**تزوجو الودود الولود، فإني مكاثر بكم الأمم**))[1]، واتە: ئافرەتی وا مارە بکەن، کە ڕوخۆش بێو منـداڵی ببـێ، چونکە من بە زۆریتان شانازی دەکەم.[2]

---

١) رواه أبوداود والترمذي (صحيح) .

٢) ئەم ئاڕاستەیەی پێغەمبەر لە کوێ، سەبارەت بە هاندانی زۆرکردنـی منـداڵو ژمـارەی دانیشـتوان، کـە سـودی ئـابوریو سـەربازیو سیاسـی هەیـە، بەرامبـەر بـە جـاڕدانی سـنوردارکردنی منـداڵ (تحدیـد النسـل) لـەناو گەلـە تازەپێگەیشـتوەکان، کـە لەلایـەن زوڕناژەنانی داگیرکەران جاڕدەدرێ؟! بیانوی جاڕدانەکەیان بریتیـە لـەوەی، ئـەو گەلانـە خۆراکیان کەمەو نەبادا توشی برسیەتی ببن..

بەڕاستی ئەمە وشەیەکی گەورەیەکە لە دەمیانەوە بـە درۆ دەردەچـێ، چـونکە زۆربـەی زەوی وڵاتـە تازەپێگەیشـتوەکان بەرهـەم نـەهێنراون، گـەر ئـەو داگیرکەرانـە یاریـدەی خەڵکەکەیان لەسەر چاککردنی زەوی یەکەو بەرهەم هێنانی بدایە، وێڕای چـەندانەی ژمـارە زۆریان، بەشی هەموانی دەکرد، وەك چۆن هاوکاری (جولەکە)یان کرد لە چاك کردنی زەوی یەکانی فەلەستینو، هەستان بە ناردنی زۆرینەی بەرهەمەکانی بۆ جیهان، سەرەڕای زۆریـی دانیشتوانەکەی، ئەوەش لە ڕێگەی کۆچی جولەکەوە بو، کە لە سـەرتاپای جیهانـەوە، بـە تایبەتی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە کۆچیان بۆ دەکرد!

کۆماری مصری عەرەبی بە نمونە دەهێنینـەوە، گۆیـە بـەهۆی زۆربـونی دانیشـتوانیەوە توشی برسیەتی بون، میصر ٩٨٪ی روبەرەکەی بۆ کشتوکاڵ سازو لەبارە، ئێستاکە تـەنها

٥٤%ی بەرهەم دەهێنرێ، هەروەك جمال عبدالناصر بۆ ئاژانسی (أسوشتد برس)ی ڕاگەیاند، ئەو زەویەی ماوەتەوە وازیان لێ‌هێناوەو بەکاریان نەخستوە.

(صوت الإسلام عدد/٨٤/ ربيع الثاني/١٣٧٨) (تشرين أول-أكتوبر ١٩٥٩)

ئەوەی نامۆو جێی شەرمەزاری یە ئەوەیە، کە دائیرەکانی داگیرکەران کاتێك جاڕی میسر دەدەن بۆ سنوردارکردنی منداڵ بون (تحديد النسل)، کە چڕی دانیشتوان لە هەر کیلۆمەتر چوارگۆشەیەکیدا لە (١١) کەس زیاتر نابێتو، کۆی دانیشتوانەکەی ٣٧ ملیۆن کەسە.. کەچی لە وڵاتەیەکگرتوەکان کە ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆنەو چڕی دانیشتوان لە هەر کیلۆمەتر چوارگۆشەیەکدا (٢٥) کەسە، یان لە ئینگلتەرا، ژمارەی دانیشتوانی (٥٥) ملیۆن کەسەو چڕی یەکەی (٢٢٥) کەسە لە یەك کیلۆمەتر چوارگۆشەدا، یان لە روسیای ئەوروپی، کە دانیشتوانەکەی (١٨٠) ملیۆن کەسەو چڕی یەکەی (٣٥) کەسە لە یەك کیلۆمەتر چوارگۆشەدا، جاڕی سنوردارکردنی منداڵ بون نادەن؟!

بۆ زانیاری، ئەو دەوڵەتانەو هاوڕێنەیان، کە هانی زیادکردنی منداڵ دەدەنو پاداشتی دارایی بۆ ئەمە تەرخان کراوە، کە بوار نیە بە درێژی بباس بکرێت، جا بۆ شارەزایی دەربارەی ئەمە بڕوانە کتێبی (أهداف الأسرة في الإسلام والتيارات المضادة)ی مامۆستا حسێن محمد یوسف، کە ئەو زانیاریانەمان لەو وەرگرت.

لە ڕاستیدا ئەوەی لە دواوەی جاڕی منداڵ نەبون، یان سنوردارکردنیەتی، کەمی خۆراك نیە، بەڵکو ترسانی داگیرکەرانە لە زیاد بونی دانیشتوانی وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان، کە مەرامەکانیان پوچەڵ دەکاتەوە، جا ئەوان تەنها بە پڕوپاگەندەی مەبەستدار واز ناهێنن، بەڵکە بۆ دەستەبەرکردنی ئەمە، دەست دەکەن بە بەکارهێنانی هێزو هۆیەکانی ناچارکردنو زۆر لێکردنو هەستان بە کرداری کوشتنی بە کۆمەڵ، وەك داگیرکەران لە خوارووی ئەفریقیا لە دژی دانیشتوانە رەسەنەکانی ئەوێ ئەنجامی دەدەن، هەڕەشەی بڕینی هاریکاری ئابوری دەکەن، گەر زۆربونی دانیشتوان نەوەستێنێ.. ئای لەو خیانەتە.

ڕایەکی تر هەیە کە (ولیم شوکلی) مامۆستای زانکۆی (استانفۆرد) لە شیکاگۆ ئاشکرای کرد، کە تێی دا بەراشکاوی داوای نەزۆك کردنی ڕەش پێستەکانی کرد، بەرامبەر بە پێدانی پاداشتی دارایی لە لایەن میری یەوە. نەزۆك کردنیش مانا واقیعی یەکەی حوکمی ئیعدامە لەسەر رەگەزی ڕەش پێست لە ئەمریکادا.

گەر هەردو ئەمریکا ئینسافیان هەبوایە -بەلام لە کوێیان بو-، دەبوایە حوکمی بەندکردنی هەمیشەیی، یان ئیعدام بەسەر ئەو مامۆستایەدا بدەن، لەبەر نەبونی سۆزی مرۆڤایەتیو ئەمانەتی زانستی.

ولاتە یەکگرتوەکان بە بەلایین دۆلاری خەرج کردوە بۆ سنوردارکردنی منداڵبون لە ولاتە تازەپێگەیشتوەکان، وەك دابەشکردنی ئامێرو داودەرمانی منداڵ نەبون بە خۆڕاییو، ئەنجامدانی نوژداری لەبارچواندن (عمليات الإجهاض) بە نهێنی یەکی تەواو.

دەولەتە داگیرکەرەکان، سەرەڕای ترسناکی حەبی منداڵ نەبون لەسەر تەندروستیو بونی منداڵ بە شێواوی، ئەم کارە هەر ئەنجام دەدەن.

گەر ئەم دەولەتە گەورانە لە جاڕدانەکەیان راست دەکەن، خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکەن، دەبو یارمەتی پێویست پێشکەش بە دەولەتە تازەپێگەیشتوەکان بکەن، کە لە ژیانێکی تەنگ دەژیەن، نەك لەبەر زۆریی دانیشتوان، بەلکو لە ئاکامی ئەو قەیرانە ئابوریانەی، کە ولاتە داگیرکەرەکان لە ولاتە هەژارەکان دروستی دەکەنو نەداری بلاودەکەنەوە.. لەکاتێکدا ئەو ولاتانە بەلایین دۆلار خەرج دەکەن، بۆ بەخێوکردنی ملیۆنەها سەگ، کە هەر یەکەی مانگانە (٢٠) جونەیهی پێ دەدرێ، کە زیانە دروستی یەکەشی بە دیار کەوتوە، هەروەها بلیۆنەها دۆلار خەرج دەکەن بۆ داهێنانی چەکی وێرانکەر، بۆ بەهیلاك دانی مرۆڤایەتیو، هەندێکی دەفرۆشنە ئەو گەلە هەژارانەی، کە دوای وروژاندنی فیتنەو ئاشوبو دوژمنایەتی، بە نێو یەکتری دەکەون؟ هەمو ئەمانەی لە بری یاریدەدانیەتی لەسەر چاك کردنی زەویەکانی.

ئایا دەزانی رێژەی داهاتی تاکێك لە ولاتە دەولەمەندەکان دەگاتە ٨٧٪، کەچی لە گەلە تازە پێگەیشتوەکان دەگاتە ٥,٧٪ .

لەوەی رابورد هەست دەکەینو بۆمان دەردەکەوێ، کە جاڕدانی سنوردار کردنی منداڵ بون، کە دەولەتە گەورەکان جاڕی بۆ لێدەدەن، نەخشەیەکی ئیمپریالیزمە، کە بە پلەی یەکەم خزمەتی جولەکە دەکات... جا با لەسەر ئەمە بە حەزەر بینو فەرمودەکەی پێغەمبەر ﷺ بخەینە بەرچاوو بەر دڵمان، کە دەفەرموێ : ((تزوجوا الودود الولود فإني مكاثر بكم الأمم)). ئەمەش لە ئیعجازی فەرمودە زانستی یەکانی پێغەمبەرە.

((إذا مات ابن آدم انقطع عمله إلاّ من ثلاث: صدقة جارية، أو علم ينتفع به، أو ولد صالح يدعوا له)).[1]، واتە: گەر ئادەمیزاد مرد لە کردەوەکەی دادەبڕێ، مەگەر لەسێ شت نەبێ: خێرێکی بەردەوام، یان زانیاریەك بڵاو بکاتەوە سودی لێوەربگیرێ، یان منداڵێکی صاڵح و چاك دوعای بۆ بکات.

١) رواه مسلم .

بـانـگ دان بە گـوێی منداڵی تازە لە دایـك بو

ئەبو رافع گوتویەتی: ((رأيت رسول الله ﷺ أذن في أذن الحسـن بـن علي حين ولدته فاطمة رضـي الله عـنهم جميعـاً))[1]، واتـە: لـەو کاتـەی حەسەنی کوڕی عەلی لە دایك بـو، رەزای خوایـان لـێ بـێ، پێغەمبـەری خوام بینی، بانگی بە گوێی حەسەن دا خوێند.

لـەو کاتەی منـداڵ لە دایـك دەبێ وا باشـە شتێکی شیرینی بەدەم بکرێو دوعای بۆ بکرێ

ئەبو موسا گوتویەتی: ((ولد لي غلام، فأتيت به الى النبي ﷺ فسماه إبراهيم وحنكه بتمرة ودعا له بالبـركة ودفعـه اليّ))[2]، واته: کـوڕێکم لـەدایك بـو، بـردم بـۆ لای پێغەمبـەر، ئـەویش نـاوی نـا (ئیـبراهیم)، خورمایەکی لە ناو دەمی نەرمو شل کردەوەو دەمی منالەکەی پـێ شـیرین کردو دوعای بۆ کرد، کە بەرەکەت بکەوێتە ژیانو تەمـەنی یـەوە، پاشـان منداڵەکەی پێدامەوە.

---

١ رواه أبوداود والترمذي حديث صحيح

٢) رواه البخاري ومسلم .

پێویستە هۆزەبانەو خەتەنە بۆ منداڵ بکرێ

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((مع الغلام عقيقة، فأهريقوا عنه دماً، واميطوا عنه الأذى))[1]، واتە: کوڕ لەو کاتەی لە دایك دەبێ دەتوانرێ هۆزەبانە(عقيقة)ی بۆ بکەن بە سەربڕینی مەڕو، سەرتاشینی.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((کل غلام مرتهن بعقيقته، تذبح عنه يوم سابعه، ويسمى فيه، ويحلق رأسه))، واتە: هەمو منداڵێك کە لە دایك دەبێ، مەڕ سەربڕینەکەی دەبێتە بارمتەی ئەو، لە هەفتەمین ڕۆژدا دەکرێو، ناو لە منداڵەکە دەنرێو سەری دەتاشرێ[2].

هەروەها دەفەرموێ: ((عن الغلام شاتان مکافئتان وعن الجارية شاة))[3]، واتە: بۆ کوڕ دوو مەڕ سەردەبڕدرێو دەکرێتە قوربانیو بۆ کچیش یەك مەڕ.

((أجعلوا مکان الدم خلوفاً يعني في رأس الصبي يوم الذبح له))[4]، واتە: لەو ڕۆژەی کە هۆزەبانە دەکرێ، لە جیاتی خوێن لەسەری منداڵ هەڵبسوڕێ، بۆنی پیادا بکەن.

خاتو عائیشە گوتویەتی: لە سەردەمی نەفامیدا گەر هۆزەبانەیان

---

١) رواه البخاري ومسلم

٢) ئێمە تاقیمان کردۆتەوەو کەسانی تریش تاقیان کردۆتەوە، کە ئەم سەرتاشینە باشترین ئاکامی بوە، وەکو: زۆریو چڕی قژو ڕەونەقداری. بەڵام سەرتاشینەکەی بە گوێزان، دەبێ زۆر بە هێدیو هێمنیو لەسەرخۆیی ئەنجام بدرێ.

٣) رواه أحمد في المسند والترمذي حديث صحيح.

٤) رواه ابن حبان (حديث صحيح)

بكردايه، لۆكه‌يان به‌خوێنی هۆزه‌بانه‌كه ده‌كرد، جا گه‌ر سه‌ری منداڵه‌كه‌يان بتاشيبايه، لۆكه خوێناويه‌كه‌يان له‌سه‌ر منداڵه‌كه‌يان داده‌نا، جا پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رموی: ((أجعلوا مكان الدم خلوقاً أي طيباً...)).

((عقّ رسول الله ﷺ عن الحسن والحسين وختنهما لسبعة أيام))[1]، واته: پێغه‌مبه‌ری خوا هۆزه‌بانه‌ی بۆ حه‌سه‌ن‌و حوسێن كردوه، له هه‌فته‌مين رۆژی له دايك بونيان خه‌ته‌نه‌ی كردون.

جا له‌باره‌ی خه‌ته‌نه كردن، له كتێبی (حياتنا الجنسية)ی دكتۆر صبری القبانيدا هاتوه: خه‌ته‌نه‌كردن كارێكی ته‌ندروستی زۆر چاك‌و به‌رزه، خاوه‌نه‌كه‌ی له زۆر ده‌ردو نه‌خۆشی ده‌پارێزێ، خه‌ته‌نه‌كردن چه‌ند سودێكی هه‌يه كه ئه‌مانه‌ن:-

١- به بڕينی قولفه‌ی سه‌ری چوك (زه‌كه‌ر)، خاوه‌نه‌كه‌ی له‌و مادده رۆنی‌و چه‌وری يه‌كان رزگاری ده‌بێ، كه له‌م شوێنه‌وه ده‌رده‌چێ، كه ده‌بێته هۆی دڵ تێكدان‌و قێز لێ‌بونه‌وه، جا ئه‌م بڕينه ده‌بێته مايه‌ی بۆگه‌نی نه‌بون.

٢- به بڕينی قولفه‌ی سه‌ری چوك مرۆڤ رزگاری ده‌بێ له مه‌ترسی نه‌كشانی چوك.

٣- خه‌ته‌نه‌كردن دوچاربون به نه‌خۆشی شێرپه‌نجه (سرطان) كه‌م ده‌كاته‌وه. ده‌ركه‌وتوه ئه‌م جۆره شێرپه‌نجه‌يه له لای ئه‌و كه‌سانه‌ی، كه قولفه‌يان ته‌سكه زۆر ڕو ده‌دات. ئه‌وه‌ش له‌ناو ئه‌و گه‌لانه‌ی دروشمه‌كانی دين به‌جێ ده‌هێنن زۆر كه‌مه.

٤- گه‌ر له خه‌ته‌نه‌كردنی منداڵ په‌له بكه‌ين، ئه‌وا ده‌توانرێ دور بخرێته‌وه له توشبونی ميزه‌چڕكه‌ی شه‌و، يان ميز به‌خۆداكردن. زۆربه‌ی منداڵ،

---

[1]) رواه البيهقي (حديث صحيح).

کە لەسەر جێگاکەی میز بەخۆیدا دەکات بەهۆی پێچەوانەیی دەمارەوەیە، کە سەرچاوەکەی قولفەی چوکەکەیە، کە لە پێستی خوارەوەی بە درێژی دەمێنێتەوە.

٥- بە خەتەنەکردنی منداڵ، مەترسی زۆرکردنی دەستپەڕ (العادة السرية) کەم دەکاتەوە، چونکە بونی قولفەو ماددەی چەوری، دەمارەکانی دەورەی چوك دەبزوێنێ، وا لە هەرزەکار (مراهق) دەکات، کە بیخورێنێ‌و زیاد لە پێویست گەمەی پێ بکات.

٦- خەتەنەکردن کاریگەری‌یەکی ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەهێزی ئارەزوی جنسی، چونکە لە هەندێك پەیمانگای زانستیدا دەرکەوتوە، کە سەرژمێریان کردوە ئەو کەسانەی خەتەنەکراون، ماوەی جوتبونیان پێش ئاوهاتنەوە درێژە دەخایەنێ، زیاتر لەو کەسانەی خەتەنە نەکراون. لەبەر ئەوە ئەوانە زیاتر چێژو خۆشی لەمە وەردەگرن‌و زیاتریش چێژو خۆشی بە ژن دەدات.

هەر لەم بوارەدا، لەژێر رۆشنایی فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ باسی خەتەنەکردنی ئافرەت دەکەین‌و، دەپرسین ئایا دروستە ئافرەت خەتەنە بکرێ؟

ئوم عەطیە گوتویەتی: ((أن امرأة كانت تختن النساء في المدينة، فقال لها رسول الله ﷺ: لا تنهكي!! فإن ذلك أحظى للمرأة وأحب للبعل))[١]، واتە: لە شاری مەدینە ئافرەتێك هەبو، خەتەنەی ئافرەتانی دەکرد، جا پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمو: لە خەتەنەکردندا ئاگادار بە زۆری

---

١) رواه أبو داود وسنده صحيح

مەبڕە، چونکە (بظـر)[1] باشترین خۆشیو چێژ وەرگری ئافرەتەو بۆ پیاویش واتە (مێرد) خۆشترو باشترە.

لـە گێڕانەوەیـەکی تـردا کـە (رزیـن) گێڕاویەتیـەوەو سەنەدەکەشـی (صـحیح)ە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ بەو ئافرەتەی فەرموە: ((أشمي ولا تنهكـي! فإنه أنور للوجه! وأحظى عند الرجل))، واتە: لە خەتەنەکردنی ئافرەتاندا کەمێکی لـێ ببڕەو زۆری لـێ مەبڕە، چونکە ئەمە ڕۆشنایی ڕوخسار زیاتر دەکاتو لەلای پیاویش خۆشترە.

خەتەنەکردنی ئافرەتان بریتی یە لـە بـڕینو جیاکردنـەوەی بەشـێك لـە میتکە، نابێ لە ناوچە ساردو فێنکەکاندا ئافرەت ئەم بەشەی لـێ ببڕدرێ، واتە نابێ خەتەنە بکرێ. بەڵام لە وڵاتە گەرمەکاندا دروستەو پێویستیشـە ئافرەت خەتەنە بکـرێ، چـونکە لـە شـوێنە گەرمەکانـدا میتکـە گەشـە دەکاتو، ئارەزوی جنسی ئافرەت بە شێوەیەکی ناسروشتی زیـاد دەکـات، کە لەوانەیە بەرەو لاڕێیی ببات.

میتکە هەندێك جار بە شێوەیەکی وا گەورە دەبێ، کە ڕێگەی جوتبـون لە پیاو دەگرێ. لەبەر ئەوەی ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە جوتبونـدا هەیـە. وەك بەدەرکەوتوە، بە تایبەتی لەلای ئافرەت، کاریگەرییـەکی زۆری هەیـە بـۆ خۆشی وەرگرتن لە کاتی جوتبونـدا. بۆیـە پێغەمبـەر ﷺ فـەرمانی بـە خەتەنەکاری ئافرەتان کردوە کەمێکی لێ ببڕێ، چـونکە زۆر بـڕین دەبێتـە

١) البظر- میتکە: ئەو پارچە گۆشتـەیە کە بـە سـەروی نـاوەوەی فـەرجی ئافرەتـەوە کـە ئەرکی بریتی یە لە چێژو خۆشی وەرگرتن لە لای ئافرەت.

هۆی ساردیی‌و کزی ئارەزوی جنسی[1] لـەلای ئـافرەت‌و نـەبونی ئـارەزوی جوتبون‌و نەگەیشتنە پلەی لەزەت‌و خۆشی وەرگرتن.

١) بۆیە لە کوردسـتانی خۆمـان، بـە تێنەگەیشـتن لـە فەرمودەکـەی پێغەمبـەر ﷺو بـە نەزانینەوە، خەتەنەی کچانیان کردووە، کە تا ئێستاش لە هەندێ شوێن هەر بەردەوامـەو بەناوی دینـەوە دەکرێ. بەڵام با بزانرێ ئەم فەرمودەیە لە روانگەی زانسـتیەوە بـۆ وڵاتـی ساردی ئێمە پیادە ناکرێ، تەنها بۆ شوێنە گەرمەکان، چونکە وەك لە سەرەوە باسکرا لە شوێنی ساردو فێنك میتکە گەورەو زیاد ناکات. جا گەر گەورە نەبێت‌و لێی بـبڕێ، یان لە ڕیشەوە ببڕێ، دەبێتە هۆی بێ‌بەشبونی ئافرەتان لە چێژی جنسی‌و دوچاربون بـە کـزی جنسی، کە کێشەوگرفت لە نێوان ژن‌و مێرد دروست دەکات. وەك دکتـۆرێکی ئافرەتـانی سـلێمانی گوتویـەتی: ((٩٥٪ی ئافرەتـانی کوردسـتان دوچـاری کـزی جنسـی بـوون، هۆیەکەشی بڕینی ئەو شوێنـەیە))... (وەرگێڕ)

گەر منداڵ زمانی کرایەوە با بە (لا إله إلا الله) زمانی پاراو بکرێ

ابن القيم لە کتێبەکەیدا دەڵێ: ((گەر منداڵ لە قسە کردن نزیك بۆوە، تۆش بتەوێ قسەکردنی لەلا ئاسان بکەیت، با زمانیان شیرین بکرێ بە هەنگوینو خوێی (الآندراني). چونکە هەنگوینو ئەم جۆرە خوێیە زمان قورسیو قسەنەکردن لا دەدەن. کاتێکیش زمانیان دەکرێتەوە، با پێیان بڵێن: (لا إله إلا الله، محمد رسول الله)، با یەکەم شت بێ بە گوێیان دابدرێ با وشەی (الله)و یەکخواپەرستی بێت، بۆ نمونە: بڵێ: خوای گەورە لەسەر عەرشەکەیەتیو تەماشایان دەکات، گوێی لە قسەکانیانە، لە هەر شوێنێك بن خوا لەگەڵیانە)).

بە واتای: ئاوا فێری منداڵەکەی بکات، وەك ئیبن عەبباسو غەیری ئەویش لە هاوەڵەکانی، لە تەفسیری فەرمودەی خوای باڵا ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ﴾ گوتویانە: بە هیچ شێوەو حاڵێك دروست نیە بوترێ، خوای گەورە بە زاتی خۆی لە هەمو شوێنێکە، وەك هەمو زانایانی پێشو دەڵێن: خوای گەورە لەسەر عەرشی خۆیەتی، هیچ شتێك وێنەی ئەوی نیەو خودا بیسەرو بینایە.

بۆ ڕاستی ئەوەش، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ءَأَمِنتُم مَّن فِي السَّمَاءِ﴾ و﴿الرَّحْمَٰنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَىٰ﴾ و، فەرمودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئوممەتەکەی کە ئیمانیان تاقی دەکاتەوە: (أين الله) خوا لە کوێیە؟ وەڵامی دایەوە کە لە ئاسمانە. هەر کەسێ بڵێ: خوا لە هەمو شوێنێکە،

ئەوا کوفری کردوە، پەنا بە خوا.

لەبەر ئەوە ئەو منداڵەی، کە گەیشتە تەمەنێکی وا، کە چاکەو خراپەی جیا دەکردەوەو فامی دەکرد، بنەماو بنچینەکانی یەکخواپەرستی پێ بگوترێ، هەروەك لەم فەرمودەیەدا دەدرەوشێتەوە:

ئیبن عەبباس گوتی: ((کنت خلف رسول الله ﷺ فقال یا غلام: إني معلمك كلمات: إحفظ الله يحفظك، إحفظ الله تجده تجاهك، وإذا سألت فاسأل الله وإذا استعنت فاستعن بالله، واعلم بأن الأمة لو اجتمعت على أن ينفعوك لم ينفعوك إلاّ بشيءٍ قَد كتَبَهُ الله لك. رُفِعت الأقلام وجفّت الصُّحف))[١]، واتە: ڕۆژێك لە سواری وڵاخ لە دواوەی پێغەمبەر بوم، پێی گوتم: ڕۆڵە من چەند وشەیەکت فێر دەکەم: خوا بپارێزە، واتە دینی خوا لە فەوتاندن بپارێزە، خوا دەتپارێزێ. خوا بپارێزە هەمیشە بۆ بەهانا هاتن بەرەو ڕوت دێت. گەر داوای شتێکت کرد، کە لە توانای تۆدا نەبوو بەخەڵکی جێبەجێ نەدەکرا، وەك هیدایەتو چاکبونەوەی نەخۆشیو فراوانی ڕزقو ڕۆزی، ئەوا هەر لە خوا داوا بکە، تەنها پشت بە خوا ببەستە. ئەوەش بزانە گەر هەمو خەڵك کۆببنەوەو لەسەر ئەوە بن کە سودێکت پێ بگەیەنن، بەڵام خوای گەورە نەینوسیبێو ویستی لەسەر نەبێ، ناتوانن ئەو سودەت پێ بگەیەنن، قەزاو بڕیاری خوا نوسراوەو بڕاوەتەوە.

ئەم فەرمودەیە گەورەترین بنەماکانی خوا بە یەك زانین بەدەردەخات، کە ئەویش بە فەرمانی کردنی خواو داوا نەکردنو پشت نەبەستن بە غەیری

١) رواه أحمد في المسند والترمذي (حديث صحيح).

خواو، تەنها پشت بەستن بە خواو بڕوابون بە قەزاوقەدەری خوایە. کە نەفس بەرزیو هاتنەپێشەوەو کارکردنو بەس لەخواترسان لەدڵو دەرون دەوروژێنێ. بەڵام مسوڵمانان ئێستا لە کوێن لە ئاست ڕێنماییەکانی پێغەمبەر، کە زۆربەیان لە سوێند خواردنو قوربانیو داواکردنو نەزرکردندا مەبەستیان خوا نیە، دەچنە سەر مەزاری پێغەمبەرانو پیاوچاکانو لێیان دەپاڕێنەوەو داوایان لێ دەکەن، لە کاتی خۆشیو ناخۆشیو نەخۆشیو موسیبەت دا، داوای پێویستی یەکانیان لێ دەکەن، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی ئەوان لێیان دەپاڕێنەوە هیچیان پێ ناکرێ، نەدەتوانن سود بگەیەنن، نە زەرەرو زیان، تەنانەت بە زیندوییش نەیانتوانیوە، چ جای بە مردویی! ئەو کارەش هەموی شیرکو نەفامیو وێڵیو گەمژەیی یە. پێغەمبەر ﷺ بە کچەکەی خۆی فەرمو، کە خۆشەویستی دڵی بو:

((یا فاطمة لا أغني عنك من الله شيئاً!!))[1]، واتە: فاطمە! من لە لای خوا ناتوانم هیچ شتێکت بۆ بکەم.

لێرەدا چەند ئایەتێکی قورئان باس دەکەین، کە خوای گەورە گاڵتە بەو کەسانە دەکات، کە لە غەیری ئەو داواو نزاو پاڕانەوە دەکەنو هەڕەشەشیان لێ دەکات، بە خراپترینو دژوارترین چارەنوس وەك دەفەرموێ: ﴿ يَدْعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُۥ وَمَا لَا يَنفَعُهُۥ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلْبَعِيدُ ﴿١٢﴾ يَدْعُواْ لَمَن ضَرُّهُۥٓ أَقْرَبُ مِن نَّفْعِهِۦ ۚ لَبِئْسَ ٱلْمَوْلَىٰ وَلَبِئْسَ ٱلْعَشِيرُ ﴾ (الحج: ١٢-١٣)، واتە: لە غەیرەز خوا، هانا بۆ شتی وا دەبا،

---

١) حديث صحيح .

کە نە زیانی لێدەدا نە قازانجیشی پێدەدا، ئەوەیە لەڕێ هەتلەبون، هانا بۆ کەسێ وا دەبا، زیانەکەی لە قازانجی نزیکترە، ئای چ یارێکی بەدکارەو، چ هاودەمێکی نالەبارە.!

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ !!﴾ (الأعراف- ١٩٤)، واتە: ئەو کەسانەی، کە ئێوە لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، یان داواو نزاو پاڕانەوەیان لێ دەکەن هەروەك ئێوە بەندەن.

﴿إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوْ اجْتَمَعُوا لَهُ﴾ (الحج- ٧٣)، واتە: ئەوانەی هانای پێ دەبەن، ئەگەر هەموویان وەکو بن، ناتوانن مێشێ ساز بدەن.

﴿مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللهِ أَوْلِيَاءَ كَمَثَلِ الْعَنْكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتًا وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنْكَبُوتِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ﴾(العنکبوت- ٤١)، واتە: ئەو کەسانەی غەیرەز خودا دۆسگەلێکیان بۆ خۆیان پەیدا کردوە -گەر بزانن- وەکو کاکڵەموشان (جاڵجاڵۆکە)یان بەسەر هاتوە، کە خانوی بۆ خۆی تەنیوە، دیارە خانوی کاکڵەموشان لە هەمو ماڵان سس ترە.

لە کاتی نـان خـواردن چی فێـری منداڵەکـەت دەکـەی؟

لەسەر خوانی نانخواردن پێویستە منداڵەکەت بەو شێوەیە فێر بکەی وەك، کە ئەبو حەفصی کوڕی خێزانی پێغەمبەری خوا دەڵێ: لە کاتی نان خواردن دەستم ئەگێڕا بەم لاو ئەولای قاپی خواردنەکە، پێغەمبەریش فەرموی:

((یا غلام: إذا أکلت فقل: بسم الله وکل بیمینك وکل مما یلیك))[1]، واتە: رۆڵە! گەر خواردنت خوارد بڵێ: بەناوی خودا (بسم الله)، بە دەستی ڕاستت بخۆو لە پێشەوەی خۆت بخۆ، واتە دەستت مەگێڕە بۆ شوێنی تر.

ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تەنها بڵێی بسم الله.

لە فەرمودەی عائیشە هاتوە بە مەرفوعی، کە پێغەمبەر فەرمویەتی: ((إذا أکل أحدکم طعاماً فلیَقل: بسم الله، فإن نسي في أوله، فلیقل: بسم الله أوله وآخره))[2]، واتە: ئەگەر یەکێکتان نانی خوارد با بڵێ: بسم الله. گەر لە بیری چو سەرەتا ناوی خوا بێنێ، با بڵێ بە ناوی خوا لە سەرەتاو لە کۆتایی خواردنەکەوە.

---

١) رواه الطبراني (حديث صحيح) .

٢) رواه الترمذي (حديث صحيح) .

فیتنـەی منـدالان

خوای گەورە دەفـەرموێ: ﴿ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴾(الأنفال- ٢٨)، واتـە: بـزانن کـە مـاڵو سـامانو منداڵەکانتان جێی تاقیکردنەوەن بۆ ئێوە، واتە گەر لە پێناوی خوا بـەکار نەهێنرێن ئەوا فیتنەیە بۆ ئەو کەسە[1]، خوای گەورەش پاداشتی گـەورەی لە لایە.

دەفـــەرموێ: ﴿ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ ﴾ (التغابن- ١٤)، واتە: لە خێزانەکانتانو منداڵـەکانتان، هەیـە دوژمـنن بـۆ ئێوە، حەزەریان لـێ وەرگرن.

﴿ قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم

---

١) ئەم فیتنەیە کاتێك ڕو دەدات گەر منداڵو ژن ئاگایان لە خوا نـەمێنێ، کـە بـە هـۆی ئەوانەوە زۆر سور بێت لەسەر چێژو خۆشیەکانی دنیا، ئەوەش بە زۆر کۆکردنەوەی مـاڵو شانازی کردن دەبێت. هەر شتێك لە خوا بـێ ئاگـات بکـات، وەك مـاڵو منـداڵ، ئـەوا شومە بۆ خاوەنەکەی، ئەوەش مانای ئەوە نیە کە ماڵو منداڵ یاساغ کـراون، بـەڵام زۆر قوڵبونەوە لەمەداو زۆر داواکردنی دنیا، کە شەوو ڕۆژ خۆی پێ سەرقاڵ بکاتو ئاخیرەت لەبیر بکاتو خۆی بۆ ئامادە نەکات، یاساغ کراوە.

پوختەی قسان ئەوەیە، مرۆڤ پێویستە بە خودی خۆی ئاگادار بێ، دەرك بـە ئـەحواڵی خۆی بکات، خێری دینوو دنیای خۆی بناسێ، بە حەڵاڵی پارە پەیدا بکاتو کـاریش بـۆ ئاخیرەت بکات.

مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِيَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴾ (التوبة- ٢٤)، واتە: بڵێ گەر باوكو دایكو منداڵو خوشكو براكانو خێزانو عەشیرەتتانو، ئەو ماڵو سامانەی كۆتان كردۆتەوەو، ئەو كەلوپەلی بازرگانی یەی دەترسن لەبرەو كەوێو، ئەو خانویەرەی حەزتان لێیەتی، لاتان لە خواو پێغەمبەرەكەیو جیهاد لە پێناوی خوادا خۆشەویستترە، ئەوا چاوەڕوانی فەرمانی خوا بن، خوای گەورەش رێنمایی فاسقان ناكات.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((إن الولد مبخلة، مجبنة، مجهلة، محزنة))[1]، واتە: منداڵ مایەی ڕەزیلیو ترسنۆكیو نەزانیو خەمباریە.

---

١) حدیث صحیح.

لوتف و لەسەرخۆیی پێغەمبەر بۆ منداڵ

((كان رسول الله ﷺ لَيُدْلِعُ لِسانَه للحسن بن علي ﷺ فيرى الصبيّ حمرةَ لسانه فيهبسُ اليه))[1]، واتە: پێغەمبەری خوا بۆ حەسەنی کوڕی عەلی زمانی دەردەهێنا، بە نیازی گەمەو یاری کردن. حەسەنیش کە سورایی زمانی پێغەمبەری دەبینی، یەکسەر بە پەلە بۆی دەچو.

((كان رسول الله ﷺ يصلي، فإذا سجد وثب الحسن والحسين على ظهره، فإذا أرادوا أن يمنعوهما، أشار إليهم أن دعوهما! وذلك في المسجد، فلما قضى الصلاة وضعها في حجره وقال: من أحبني فليحب هذين))[2] ، واتە: پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوت نوێژی دەکرد، کاتێك کە سوجدەی دەبرد حەسەن و حوسەین دەچونە سەر پشتی پێغەمبەر بازیان ئەدا، هاوەڵەکانی پێغەمبەر ویستیان قەدەغەیان بکەن، بەڵام پێغەمبەر ئاماژەی بۆ کردن وازیان لێ بێنن. جا کە پێغەمبەر نوێژەکەی ئەنجامدا، هەردوکیانی لەسەر کۆشی داناو فەرموی: هەرکەسێك منی خۆشدەوێت، با ئەم دووەی خۆش بوێ.

((جاء أعرابي الى الرسول ﷺ فرآه يقبل الحسن أو الحسين فقال: أتقبلون الصبيان؟! فما نقبلهم. فقال النبيّ ﷺ: أو أملك أن نزع الله من قلبك الرحمة؟!))[3] ، واتە: پیاوێکی دەشتەکی هاتە خزمەت

---

۱) رواه أبن حبان (حديث حسن).

۲) أخرجه أبو يعلى وإسناده حسن.

۳) رواه البخاري ومسلم.

پێغەمبەر، بینی پێغەمبەر حەسەن، یان حوسەین ماچ دەکات، دەشتەکی یەکە گوتی: ئێوە منداڵ ماچ دەکەن؟! ئێمە منداڵ ماچ ناکەین. پێغەمبەر فەرمووی: من چی بکەم خوای گەورە ڕەحم و بەزەیی لە دڵتا دامالّیوە.

ئەبو هورەیرە گوتویەتی: ((قبل النبي ﷺ الحسن بن علي ﷺ وعنده الأقرع بن حابس التميمي جالساً، فقال الأقرع: إن لي عشرة من الولد ما قبلت منهم أحداً فنظر إليه رسول الله ﷺ ثم قال: من لا يرحم لا يرحم))[١]، واتە: پێغەمبەر ﷺ حەسەنی کوڕی عەلی ماچ کرد، لەوکاتە ئەقرەعی کوڕی حابسی تەمیمی لەلابو. ئەقرەع گوتی: من (دە) منداڵم هەیە، تا ئێستا یەکێکیانم ماچ نەکردوە. پێغەمبەر تەماشای ئەقرەعی کردو فەرمووی: ((هەرکەسێ بەبەزەیی و بەرەحم نەبێ، ڕەحم و بەزەیی پێ ناکرێ)).

لێرەدا لەبارەی بەسۆز جوڵانەوەو ڕەفتارکردن لەگەڵ منداڵدا، دەبینین زۆربەی باوکان گەمەو یاری کردنیان لەگەڵ منداڵەکانیان فەرامۆش دەکەن. بە پێچەوانەشەوە زۆر بە دڵ رەقانە رەفتاریان لەگەڵ دەکەن و دەیانترسێنن و لە جوڵەو یاری کردن و گەمەکردن قەدەغەیان دەکەن، نایەڵن بە سەربەستی بجوڵێنەوە، وا لەو منداڵانە دەکەن ژیانیان ببێتە دۆزەخ. ئەم جۆرە باوکانە بەو شێوە پەروەردە هەڵەیە وا لە منداڵەکانیان دەکەن، کە ڕق و قینە بەرامبەر بە باوکیان هەڵگرن و هەوڵ بدەن لە ماڵ رزگاریان ببێ.

پێغەمبەری خوا لە ژیانیدا، چەند نمونەیەکمان دەداتێ سەبارەت بە گەمەو یاری کردن لەگەڵ منداڵ و بە لوتف ڕەفتارکردن. لەبەر ئەوە پێویستە

---

١) رواه البخاري ومسلم.

لەگەڵ منداڵەکانماندا بەو شێوەیە بین، کە پێغەمبەر ڕەفتاری کردوە. هەروەها لەگەڵ منداڵەکان بچین بۆ دەرەوە بۆ پیاسەو ژیانیان بەختەوەرو شاد بکەین.

(لەسەر ریوایەتەکەی، کە ئەبو یەعلا دەری هێناوە، کە حەسەنو حوسەین لە کاتی سوجدەدا چونەتە سەر پشتی پێغەمبەر...) دەڵێین:

ئەم کارەی پێغەمبەر لە کوێو ئەوەی ئێستا لە کوێ، کە زۆربەی بێئاگایان لە دین دەیکەن، دڵ ڕەقانە ڕەفتار دەکەن لەگەڵ ئەو منداڵانەی دێن بۆ مزگەوت، بە تایبەتی کاتێك کەمێك یاریو گەمە دەکەن. جا دەست دەکەن بە سەرکۆنەو سەرزەنشت کردنیانو دەرکردنیان لە ماڵی خوا، ئەوەش زەرەرێکی زۆرە بۆ دینی خوا. هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر لقە خورمایان هەڵدەواسی بۆ ئەوەی منداڵو گەورەش لە مزگەوت بیخۆن. لەبەر ئەوە گەر شتێکم بەدەست بوایە، بۆ هەر مزگەوتێك مەلەوانگە (مسبح)و یانەیەکی نیشان هاویشتنم تیا دەکردەوە، کە لە پێداویستی یەکانی ئیسلامنو پێغەمبەر ﷺ داوای فێربونی کردوە، کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی جەستەو لەشی منداڵو خۆشەویست کردنی ماڵی خوا.

هەندێك نەفامو تێنەگەیشتو بە بەڵگەی ئەو فەرمودە (ضعیفە) منداڵ لە مزگەوت دەردەکەن کە دەڵێ: (جنبوا مساجدكم صبيانكم ومجانينكم)، واتە: منداڵەکانتانو شێت، لە مزگەوت دوورخەنەوە.. کەچی فەرمودەی (صحیح) بە پێچەوانەی ئەوە هەیە.

پێویستە مزگەوت لە چەند نهۆمێك دروست بکرێ، بۆ ئەوەی هەمو جۆرە چالاکی یەکانی کۆمەڵایەتیو ئیسلامیو پەروەردەیی، بۆ گەورەو بچوکی تێدا ئەنجام بدرێ.

ئەو کەسانەی بە بونی کچ دڵتەنگ دەبن

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِالْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٥٨﴾ يَتَوَارَىٰ مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ ۚ أَيُمْسِكُهُ عَلَىٰ هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ ۗ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴾ (النحل: ٥٨-٥٩)، واتە: هەرکاتێکیش مژدەی کچ بۆ یەکێك لەمانە بدرێتێ، ڕوخساری ڕەش هەڵدەگەڕێ و لەبەرخۆیەوە پیش دەخواتەوە، لە مەینەتی ئەو هەواڵەی پێی دراوە، لە هۆزی خۆی تەرە دەبێ، ئاخۆ بە سوکایەتی بەخێوی بکا، یان دە ناخی ئاخی ڕاکا؟ ئای چەند خراپ پێ ڕادەگەن!

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ لِّلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ ۚ يَهَبُ لِمَن يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاءُ الذُّكُورَ ﴿٤٩﴾ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا ۖ وَيَجْعَلُ مَن يَشَاءُ عَقِيمًا ۚ إِنَّهُ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴾(الشورى: ٤٩-٥٠)، واتە: لەو ئاسمانانەو زەمینە فەرمانڕەوا هەر خودایەو چی بخوازێ دروستی دەکا" بە یەکێ کچ دەبەخشێتو بەیەکێ کوڕ" ئیتر بە مەیلی خۆیەتی، یان دوانەیەکی کوڕو کچیان دەداتێ، هێندێکیشیان کە مەیلی لێبێ، نەزۆك دەکا. هەر خۆی زانایەو توانایە.

((کان رجل عند ابن عمر وله بنات، فتمنى موتهن، فغضب ابن

عمر فقال: أنت تـرزقهن؟!))[١]، واتە: پیاوێك لە لای ئیبن عومەر دەبێو چەند کچێکی دەبێ، ئاواتی مردنیان بۆ دەخوازێ. ئیبن عومەریش توڕە بو گوتی: تۆ ڕزقو ڕۆزی ئەو کچانە دەدەی؟![٢]

١) کتێبی الأدب المفرد للبخاري.

٢) کچ بەخششی خوایە دەیبەخشێ، هەرکەسێ بە بونی کچ دڵتەنگ بێ، ئەوا دژی ویستی خوا دەوەستێو نیشانەی ناڕەزایی یە بەرامبەر بە خوا، چونکە کوڕو کچ هەردوکیان دروستکراوی خوانو خوای گەورەش بە مرۆڤی داناون. لەبەر ئەوە ئەو کەسەی ئەم ڕەفتارەی لێ ڕو بدات خۆی توشی خەشمو توڕەیی‌و عەزابی خوا دەکات.

ئەوەی جێی داخە لە کۆمەڵگەکەمان ئەم دیاردەیە بڵاوەو تەشەنەی کردوە، کە پێچەوانەی یاسای خواو سونەتی پێغەمبەرە ﷺ. ئەم دیاردەیەش، کە لەناو ئێمە بە شێوەیەکی زەق دەبینرێ، نیشانەی نا ئاشنایی‌و دورییانە لە ڕاستەڕێی ئیسلام. ئەگینا کچ و کوڕ لە مرۆڤایەتیدا جیاوازیان چی‌یە؟ کاتێك کە کچ بە پەروەردەیەکی ئیسلام پێ دەگەیەنی، لەوانەیە لە کوڕەکەت زیاتر بەکەڵك خۆتو کۆمەڵگەکەت بێو ئافرەتێکی لەخواترسو تەقوادارو خاوەن ڕەوشـتو ئاکار بەرزی لـێ دەربچێ. لەلای خوای گەورە سەنگی مەحەك لەخواترسانە نەك کوڕایەتی.

لە مێژوی ئیسلام دا چەندەها ئافرەتی زاناو داناو قورئان لەبەرو شەرع زانو قورئانیدەرو ئازا دەرکەوتن. تەنانەت سورەتێك بە ناوی ئافرەتان دابەزیوە، سورەتێکیش بە ناوی یەك ئافرەت دابەزیوە، کە خاتو (مریم)ەو خوای گەورە بە ڕێزەوە باسی دەکات.

-وەرگێڕ-

پاداشــتى بەخێـوكـردنى كــچ

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((من عال جاريتين حتى تبلغا جاء يوم القيامة أنا وهو –وضم أصابعه–))[١]، واتە: هەر كەسێك دو كچ بەخێو بكات، تا دەگەنە حەددى بلوغ، ئەوا ئەوكەسە لە ڕۆژى قيامەت دێت، منو ئەو ئاوەها پێكەوەين- پێغەمبەر پەنجەكانى دەستى پێكەوە نوساند-[٢].

هەروەها دەفەرموێ: ((من عال جاريتين دخلت أنا وهو في الجنة كهاتين –وأشار بأصبعيه السبابة والتي تليها–))[٣]، واتە: هەركەسێك دو كچ بەخێو بكات، ئەوا منو ئەو لە بەهەشت وەك ئەو دو پەنجە واين - پێغەمبەر ئاماژەى بۆ پەنجەى شايەتمانو ئەوى تەنيشتى كرد-.

هەروا دەفەرموێ: ((من عال ابنتين أو ثلاثة أو أختين أو ثلاثة حتى يبن أو يموت عنهن، كنت أنا وهو في الجنة كهاتين –وأشار بأصبعين السبابة والتي تليها–))، واتە: هەر كەسێك دو يان سێ كچ، يان دو يان سێ خوشك بەخێو بكات، تا تەمەنى گەورە دەبێ، يان لە لايان دەمرێ، ئەوا منو ئەو لە بەهەشتدا، وەك ئەو دو پەنجە واين-ئاماژەى بۆ پەنجەى شايەتمانو تەنيشتى كرد-.

---

١) رواه مسلم .

٢) ئەم مژدەيە گەورەيە تايبەتە بە كچ نەك كوڕ، كەواتە با دايكو باوكان بەبونى كچ دڵخۆش بن، نەك بە پێچەوانەوە دڵتەنگ بن. خوايە بەهۆى دينەكەتەوە شارەزامان بكە.

٣) رواه أبن حبان والترمذي (حديث صحيح) .

پێویستە کچ بخوێنێ

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (الزمر– ٩)، واتە: ئایا ئەو کەسانەی دەزانن، وەك ئەو کەسانە یەکسانن کە نازانن؟ لە ڕاستیدا نەخێر.

هەروەها دەفەرموێ:

﴿ٱقْرَأْ وَرَبُّكَ ٱلْأَكْرَمُ ﴿٣﴾ ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ ﴿٤﴾ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ (العلق: ٣–٥)، واتە: بخوێنە، پەروەردەگارت لە هەمو کەس بەخشندەترە، ئەوەی کە ئادەمیی فێری نوسین کردوە بە قەڵەم، ئادەمیی زاناکردوە بەو شتانەی کە نەیدەزانی.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((النساء شقائق الرجال))[1]، واتە: ئافرەتان خوشكو نیوەو هاوشانو هاووێنەی پیاوانن لە خووڕەوشتو سروشتدا.

ئەم فەرمودەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە هەر چ شتێك مسوڵمان فەرمانی پێ دەکرێ، لەوانەش داواکردنی زانیاری، ئافرەتیش دەگرێتەوە، تەنها ئەو شتانە نەبێ کە تایبەتمەند دەکرێ.

((قال النبي ﷺ لإحدى الصحابيات وكان إسمها الشفاء: ألا تعلمين هذه –يريد حفصة– رقية النملة كما علمتيها الكتابة))[2]، واتە: یەکێك

---

١) رواه أحمد في المسند وأبوداود والترمذي (حديث صحيح)

٢) رواه أبوداود (حديث صحيح)

لە ئافرەتە صەحابی یەکان، کە نـاوی (شیفاء) بـو، پێغەمبـەر ﷺ پێـی فەرمو: (حەفصە) فێری (رقیة النملة)[١] ناکەی، وەك چۆن فێـری نوسـینت کرد.

لە گەورەیی کـاری پێغەمبـەر ﷺ ئەوەیـە، خـۆی نەخوێنـدەوار بـوەو فەرمانی بە فێربونی نوسـین کـردوە بـۆ حەفصـەی خێزانـی، لـە کاتێکـدا حەفصە بە تەمەنیش بو. لەمـەدا وانەیـەکی کاریگـەر دەبینـرێ بـۆ ئـەو پیاوانەی خێزانەکانیـان بە نەخوێندەواری دەهێڵنەوە، وازیان لـێ دێـنن فێـر نەبن! کە بەهۆی نەخوێندەواری یەوە بۆشاییەکی زۆریان بۆ پەیدا دەبێ، بـە هۆی نەخوێندنەوەی پەرتوکە بەسودەکان، هـەروەها دەبێتـە هـۆی ئـەوەی شەیتان وەسوەسە بخاتە دڵیانەوە!! یان ببنە هۆیـەك بـۆ یارمـەتی نـەدان و هاوکاری نەکردنی منداڵەکانیان بۆ خوێندن.

ئەم ئایەت و فەرمودانەی پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە فێربونی ئافرەتـان باسکران، قسەی ئەو کەسە مێشك وشکانە بە درۆ دەخاتـەوە، کـە دەڵـێن نابێ ئافرەت فێری خوێندنـەوەو نوسـین ببـێ. بەڵگەشـیان ئـەم فـەرمودە هەڵبەستراو(موضـوع)ەیە کە دەڵێ: ((لا تسـکنوهن الغـرف، ولا تعلمـوهن الکتابة)). واتە: ئافرەتان لە ژورەوەیان نیشتەجێ مـەکەن و فێری نوسـینیان مـەکەن. ئەجۆرە فەرمودە هەڵبەستراوە چۆن بۆتە هـۆی نـەفامی ئـافرەت و

---

١) (رقیة النملة): (رقیة) واتە دوعاخوێندن و نوشتەی شەرعی.

(النملة): ابـن القـیم لـە (زاد المعـاد)دا دەڵـێ: (النملـة) چـەند برینێکـە لـە هـەردو لاتەنیشتەوە دەردەچێ. بۆیە پێی دەڵێن (نملة) چونکە ئەو کەسەی دوچاری بوە، وا هەست دەکات کە مێرولە بەسەر شوێنی برینەکەدا دەڕواو دەیگـەزێ.. بڕوانـە (مفصـل أحکـام المرأة والبیت المسلم في الشـریعة الإسـلامیة)ی د. عبـدالکریم زیدان، بـەرگی سـێیەم، ل٢٥٠. (وەرگێڕ)

نەفامی منداڵەکانمان.

یەکێك لە وتارێژی مزگەوتەکان پێی گوتم: لە لادێیەکدا قوتابخانەیەکی کچانی داخستوە، وای زانیوە ئەم فەرمودەیە (صحیح)ە!!

فێربونی ئافرەت بە خوێندنەوەو نوسین، کارێکی هەستیارو خەتەرناکە، چونکە گەر ئافرەت خوێندنو نوسینی بۆ کاری باشو چاکە بەکارهێنا، وەك ئەوەی خواو پێغەمبەر دایان ناوە، ئەوا بەرزترینو کاریگەرترین سەرەنجامو ئاکامی دەبێت. هەروەها سودی بۆ ئافرەتەکەو میللەتەکەشی دەبێت، چونکە خوێندنو نوسین دەبێتە یارمەتیدەری بۆ چاکتر بەجێهێنانی ئەرکی سەر شانی، کە بریتی‌یە لە هاوسەریەتیو دایکایەتیو پەروەردەی چەند نەوەیەكو بەڕێوەبەریی ماڵەوە.

ئەوانەش پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی عەقیدەو بنەماکانی ئیسلامو مێژوی ئیسلامو پەروەردەی ئیسلامیو ژیانی ئیسلامیو ماڵی ئیسلامی هەیە.

لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی ئیسلامی فێرکردنی ئافرەتانی بە خراپی بەکارهێنا، دەرەنجامەکەشی دەبینین بریتی یە، لە بەرهەڵدایی خوڕەوشتو پەروەردە، کە قەوارەی نەتەوەو نیشتمان دەخاتە مەترسیەوە، کە نە وەکو پیاو بە ئەرکی خۆی هەستێو، نە وەك ئافرەت بتوانێ بە ئەرکی پەروەردە هەستێ.

پێویستە ئەوە بزانین مویەشیرەکانو ڕۆژهەڵاتناسەکان (المستشرقین)، ئەوانەی هەوڵو کۆشش دەدەن بۆ داڕوخانی ماڵی ئیسلامیو، گەندەڵ کردنی خێزانی ئیسلامی، کە بەراییە بۆ لەناوبردنی هێزی مسوڵمانان، چەندەها ساڵە بە بەردەوامی پلانو نەخشە دادەنێن بۆ ئەو کودەتایەی، کە

گومانم نیە گەیشتونەتە ئامانجە پیس‌و ڕوخێنەرەکەیان، کە لەژێر پەردەی هەبونی غیرە لەسەر ئافرەتی مسولمان‌و هەولدان بۆ فێربونی، خۆی حەشارداوەو خۆی گۆڕیوە.

ئا ئەوانە چ فێربونێکیان مەبەستە؟

فێربونێکی فەرەنجیان مەبەستە، دەیانەوێ ئادابە بەرزو جوانەکانی ئیسلامی بگۆڕن‌و، لەژێر پەردەی زانست‌و زانیاریدا ژەهری خۆیان بلاوبکەنەوە.

خوێنەری بەڕێز! ئەمەش ڕاڤەی پلانی تەبشیرو داگیرکەرانە سەبارەت بە ئافرەتان.

لە کتێبی (الغارة على العالم الإسلامي) لاپەڕە (٤٧)دا هاتوە:

((پێویستە موبەشیرەکان نائومێد نەبن، کە دەبینن بە گاورکردنیان بۆ مسولمانان کزە، چونکە بەدلنیاییەوە مسولمانان لەدلیاندا ئارەزوویەکی زۆریان بۆ زانستەکانی ئەوروپی‌و ڕزگارکردنی ئافرەت گەشەی کردوە - مەبەستیان لەمەدا فەلسەفەو تیۆرە ڕەوشتە بەرەڵلاییەکانە-)).

لە لاپەڕە (٨٨-٨٩) ڕاپۆرتێك سەبارەت بە کارو بڕیارەکانی کۆنگرەی (لكنو)و (قاهیرە) هاتوە، کە کۆنگرەی بەگاورکردن(تبشیری)ن‌و لە سالی ١٩١١ گرێدرا، بەرنامەی کاری بریتی بو لە چەند کارێك:

یەکەم: دیراسەکردنی حالی ئێستا.

دوەم: هەلسانەوەی ویست‌و هیمەتەکان، بۆ فراوانکردنی فێرکردنی تەبشیریی لە فێرکردنی ئافرەتاندا.

ئا بەم چەشنە لە کۆنگرەی موبەشیرەکان، بەناو ڕزگارکردنی ئافرەتی مسولمان دەستی پێکرد.

ئەرێ بەخوا! مویەشیرە خاچپەرستەکان بانگەوازی دەکەن‌و کاردەکەن، بۆ بەناو رزگارکردنی ئافرەتی مسوڵمان، دیارە دەپرسی بۆچی؟!

ئـەوەش وەڵام: (مـورو برجـر) کـە بابایـەکی جولەکـەی ئـەمریکی هاوچەرخە، لە کتێبەکەیدا (العالم العربي اليوم) دەڵێ:

((ئـافرەتی مسـوڵمانی خوێنـدەوار، لەگشـت تـاکێکی کۆمەڵگـە لـە رێنماییەکانی ئایینەوە دورترە، بەتواناترین تاکی کۆمەڵگەشە، بـۆ ئـەوەی هەمو کۆمەڵگە لە ئیسلام دور بخاتەوە[1]!

لە کتێبی (التبشير والاستعمار)دا هاتوە، کە ئەمە پوختەکەیەتی:

کاتێ مویەشیرەکان هاتنە جیهانی عەرەبیـەوە، دەرکیـان کـرد ئـافرەت زیاتر لە پیاو کاریگەری لە پەروەردەکردندا هەیە، لەبەر ئەوە لە پێشـەوەی بایەخ پێدانیان دانا، رۆژهەڵاتـناس (جیـب) دەڵـێ: قوتابخانـەی کچـان لـە (بێروت)دا بیلبیلەی چاومە..

هەر لەبەر ئەمەش بـو ئەمریکیـەکان لـە سـاڵی (١٨٧٠)دا داوای سـێ هەزار دۆلاریان لە قوتابخانەیەکی دینی لە (بێروت)کرد، پاساوی داواکـەیان بریتی بو لـەوەی، کـە ئـافرەت لـە ژیـانی ماڵەوەیدا نرخـی هەیـە، ئـەو قوتابخانەش لە ئاییندەدا یاریدەی بە گاورکردنی سوریایە.(٨٦-٨٧).

---

١) جاهلية قرن العشرين، ص ٣٣٢-٣٣٣.

سوربونی پێغەمبەران بۆ داوا کردنی منداڵی صالح

خوای گەورە لەسەر زمانی زەکەریا دەفەرموێ: ﴿رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ﴾(آل عمران- ٣٨)، واتە: پەروەردگارم لە لایەن خۆتەوە منداڵو وەچەیەکی باشم پێ ببەخشە، بەڕاستی تۆ بیسەری دوعاو نزاو پاڕانەوەی.

هەروەها لەسەر زمانی ئیبراهیم دەفەرموێ: ﴿رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلَاةِ وَمِن ذُرِّيَّتِي رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَاءِ﴾ (ابراهیم- ٤٠) ، واتە: پەروەردگارم سەرکەوتوم بکەی بۆ بەجێ هێنانی مەرجەکانی تەواوی نوێژو بەردەوامی یەتی، هەروەها بۆ منداڵەکانیشم، خوایە... پەروەردگارمان ئەم داواو نزایە گیرا بکە.

هەروەها لەسەر زمانی زەکەریا دەفەرموێ:

﴿رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ﴾، (الأنبیاء-٨٩)، واتە: پەروەردگارم داوات لێ دەکەم، کە بە تەنهایی نەم هێڵی بە بێ بونی منداڵ، تۆش باشترین وارسی.

سـور بونی ئیسلام بۆ پارێزگار کردنی تەندروستی ئافرەت و منداڵەکـەی بە نەگرتنـی ڕۆژو لە مانگی ڕەمەزانـدا

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێ: ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾(البقرة– ١٨٤) ، واتـە: ئـەو کەسـانەی نـاتوانن رۆژو بگـرن لـە سەریانە فدیە بدەن، کە نان دانی هەژارانە .

ئـەبو داود لـە عیکرەمـەی وەرگرتـوە، کـە ئـیبن عـەبباس دەربـارەی فـەرمودەی خـوای گـەورە ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ﴾ گوتویـەتی: ئـەم ڕوخسەت و ڕێگـەدانی رۆژو نەگرتنـە، بـۆ بەساڵاچـوو پـیرەو بـۆ ئـافرەتی بەتەمەنە. کە لە بری هەر رۆژێك هەژارێك نان بـدەن. ئـافرەتی سك پـڕو شیردەر، گەر لە خۆیان، یان لە منداڵەکـەیان بترسـن، کـە بـە بـەرۆژوبون توشی مەترسی دەبن، ئەوا بۆیان هەیـە بـەرۆژو نـەبن و فدیـە بـدەن، کـە تێرکردنی یەك هەژارە لە هەر رۆژێکدا[١] .

لە کۆتاییدا ئەوەشی زیـاد کـردوەو دەڵـێ: ئـیبن عـەبباس بـە دایکـی کوڕەکەی دەگوت: (تۆ لەو کەسانەی، کە زۆر بەزەحمەت ڕۆژوی بۆ دەگیرێ. لەبەر ئەوە لەسەرت پێویستە فیدیە بدەی و قەزا نەکەیەوە)[٢] .

لە (نافع)ەوە کە ئیبن عومەر سەبارەت بـە ئـافرەتی دوگیـان پرسـیاری لێکرا، کاتێك گەر بـەڕۆژو بـێ، بـەڵام لـەوە بترسـێ منداڵەکـەی توشـی

١) (بەزار) گێڕاویەتیەوە.
٢) دار القطني ئیسنادەکەی بە (صحیح) داناوە .

مەترسی ببێ، ئەویش گوتی: با بەرۆژو نەبێو لە شوێنی هەر ڕۆژێك یەك (مُد) واتە: (یەك مشت گەنم) بدات بە هەژاران[1].

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((إن الله وضع عن المسافر الصوم وشطر الصلاة، وعن الحبلى والمرضع الصوم))[2]، واتە: خوای بەخشندە رۆژوگرتن و نیوەی نوێژی لەسەر ڕێبوار(مسافر) هەڵگرتوە، هەروەها بۆ ئافرەتی دو گیان و شیردەریش.

لەم بارەیەوە چەند ئایەتێك هاتوە، کە دەبێ نەخۆش‌و ڕێبوار، رۆژو بگرنەوە. بەڵام لەسەر ئافرەتی دو گیان‌و شیردەر پێویست نەکراوە. ئەم حوکمە شەرعی‌یە چەند ئاسانە، کەچی -بەداخەوە- لەنێو زۆربەی مسوڵمانانندا شاراوەو نادیارە، نەزانراوەو بوەتە هۆی ئەوەی ئافرەتی دو گیان‌و شیردەر منداڵەکەیان تیا بچێ، یان نەخۆشی ڕوی تێ بکات.

ئافرەت کاتێك دەزانێ دەبێ رۆژوەکە بگرێتەوە، ناچار ڕۆژو دەگرێ‌و خۆیی‌و منداڵەکەشی توشی زەرەرو زیان دەکات!

نازانم ئافرەتی دو گیان، یان شیردەر کەی کاتێکی بۆ دەلوێ‌و دەگونجێ، کە ڕۆژوەکەی بگرێتەوە، چونکە ئافرەت بە تایبەتی لە یەکەمساڵی شوکردنیدا لە نێوان سکپڕی‌و شیردان دایە!

ئیبن عومەرو ئیبن عەبباس دەڵێن: ((الحبلى والمرضع إذا أفطرتا عليهما الفدية ولا قضاء عليهما!!))، واتە: ئافرەتی دو گیان‌و شیردەر، گەر بە ڕۆژو نەبون، لەسەریانە فدیە بدەن‌و قەزایان لەسەر نی‌یە .

قسەکانی ئیبن عەبباس‌و ئیبن عومەر حوکمەکەی (مرفوع)ە. چونکە

---

١) مالك و بەیهەقی گێڕاویانەتەوە.

٢) رواه أبوداود والترمذي وأبن ماجة (سنده جيد).

وانابینرێ ئەم دو زانایە لە خۆیانەوە قسە بکەن.

هەندێك لە ئیمامی مەزهەبەکان لەسەر ئافرەتی دوگیانو شیردەریان بە واجب داناوە، رۆژو بگرنەوە.

بێگومان ئەم ئیمامانە -رەحمەتی خوایان لێبێ- ئەم بەلگانەیان نەدیتوە، ئەگینا نەیاندەتوانی موخالەفەی بکەن. لە کاتێکدا گشتیان گوتویانە گەر فەرمودەیەکی (صحیح) هەبو ئەوە مەزهەبی منە.

چەند ڕێبازێکی پەروەردەیی بەرز

هاندان بۆ پەروەردەکردنی منداڵ

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ﴾[1] (یس- ١٢)، واتە: هەر کارێکی بە زیندویی کردویانەو شوێنەواریان، گش دەنوسین.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ (التحريم- ٦)، واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان و خێزان و منداڵتان بپارێزن لەو ئاگرەی، کە سوتەمەنی یەکەی خەڵك و بەردە، چەند فریشتەیەکی توندو تیژو توڕە سەرپەرشتی ئەو ئاگرە دەکەن و، سەرپێچی خوا ناکەن لەو کارانەی پێیان دەسپێردرێ.

پاراستنی ژن و منداڵ لەم ئاگرە بریتی یە لە پەروەردە کردن و فێرکردنێکی ئیسلامی، ئەوەی کە خوا و پێغەمبەر ﷺ فەرمانیان پێ داوە.

---

١) ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە بەوە دەکات، خوای گەورە تەنها کردەوەکانی مرۆڤ تۆمار ناکات، بەڵکو ئەوەی دوای مردنی خۆی بەجێی دێڵێ، ئەویش دەنوسێ، جا چاکە بێت، چاکە دەنوسرێ، خراپە بێت، خراپە دەنوسرێ، دیارە منداڵیش لە گەورەترین شوێنەواری مرۆڤە، لەبەرئەوە، کردەوە باشەکانی منداڵەکان بۆ دایك و باوك دەنوسرێ بەبێ ئەوەی لە کردەوەی منداڵەکان کەم بکات، بە هەمان شێوە، گەر دایك و باوك پەروەردەی منداڵەکانیان فەرامۆش کردبێ، ئەوا کردەوەی خراپەکانی منداڵەکانیان بۆ دەنوسرێ.

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَٱجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ (الفرقان- ٧٤)، واتـه: ئـەو کەسانەی دەڵـێن پـەروەردگارمان لـە خێزانـەکانمانو وەچـەکانمان ڕۆشـنایی چاومان پێ ببەخشەو، بمانکە بە پێشەوا بۆ لە خوا ترسان.

لە ڕاستیدا بڕوادارانی هۆشیارو هۆشمەند، وەك ئایەتەکە ئاماژەی پێکرد، سورن لەسەر صالح بونو چاك بونی مندالەکانیان، تا ببنە مایەی ڕۆشنایی‌و بینایی چاویانو، ببنە زەخیرە بۆ ژیـانو مردنیـان. ئـەو کەسانەش کـە پەروەردەی کوڕو کچەکانیان فەرامۆش کردوە چەند ماڵ وێرانو چارەڕەشن.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((إذا مات ابن آدم انقطع مـن عملـه إلا من ثلاث: صدقة جارية، أو علم ينتفع به، أو ولد صالح يدعوا لـه))[1]، واتە: گەر ئادەمیزاد مرد لە کردەوەکـانی دادەبـڕێو پەیوەنـدی دەپچـڕێ، تەنها لە سێ شت نەبێ: خێرێکی بەردەوامی هەبێ، وەك مزگەوت دروست کردن یان پڕۆژەی ئاوەدان کردنەوە یان پارە(وەقف) کردن بـۆ موجاهیـدان. یان زانیاری یەك بڵاویکاتەوە خەڵك سودی لـێ وەرگرن، هەروەها کـوڕێکی مسوڵمانو صاڵحی هەبێ دوعای خێری بۆ بکات.

هەروەها فەرمویەتی: ((كلكم راعٍ وكلكم مسؤل عن رعيته: الإمـام راعٍ و مسؤل عن رعيته، والرجل راع في أهل بيته و مسؤل عن رعيته، والمرأة راعية في بيت بعلها و ولده و مسؤلة عـن رعيتهـا، والخـادم راعٍ في مال سيده و مسؤل عن رعيته)) (رواه البخاري ومسلم)

پێغەمبەر دەفەرموێ: ((إن الرجُل لترفع درجته في الجنة فيقول: أنّـى

---

١) رواه مسلم.

لي هذا؟ فيقال باستغفار ولدك لك! أما أبوك فلو كان أقر بالتوحيد، فَصُمْت وتصدقتَ عنه، نفعه ذلك))[١]، واتە: لە بەهەشت پیاوی وا هەیە پلەیەکی بەرزی دەدرێتێ، ئەویش دەڵێ: من ئەم شوێنە پلە بەرزەم بۆ هەیە؟ جا پێی دەڵێن: ئەم پلە بەرزە بە هۆی داوای لێخۆش بونی کوڕەکەتە بۆ تۆ! بەڵام گەر باوکت یەکخواپەرست بوایەو تۆش لەجیاتی ئەو بەرۆژوبایو خێرو چاکەت بۆ کردبا، ئەوا ئەو خێرو چاکەیە سودی بۆی هەبو.

ئایەتە پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ کە باس کران، ئەوە بە دەردەخەن، کە چەند کارێکی گرنگو کاریگەرە، دایکانو باوکان گرنگی بە پەروەردەی منداڵەکانیان بدەن، کە بە هۆی ئەم پەروەردەیەوە پاداشتی زۆر بەدەست دەهێنن لە ژیانو مردندا.

پەروەردەکردن هونەرێکی گرنگو ترسناکە، پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، تەنها خۆشەویستیو سۆزی دایکایەتیو باوکایەتی نابێتە تەواومەندی پەروەردە، چونکە بەهۆی هەڵەو فەرامۆشکردنی پەروەردەوە، خێزان بەرەو هەڵدێر دەبات. زۆر کەس وا گومان دەبەن، کە پەروەردەکردن تەنها بە تەمبێ کردنو سەرزەنشت کردنو لێدان تەواو دەبێت، کە لە ڕاستیدا ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە.

بۆ ئەمەش هەر کەسێ دەیەوێ ڕۆشنبیریی پەروەردەی منداڵی زیاد ببێ، با لەمبارەیەوە چەند پەرتوکێك بخوێنێتەوە، وەك: (كيف أربي طفلي)، (نقائص الأطفال و طريقة إصلاحها)، (التربية الجنسية على المكشوف)، (أطفالنا ضحايانا)و، لێدوان لەسەر کتێبی (لفتة الكبد في

---

١) رواه أحمد في المسند.

تربية الولد)و (عبقرية الإسلام في التربية).

منداڵ هان بدرێ زو فێری نوێژ بێت

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((مُرُوا أولادكم بالصلاة لِسَبْعٍ واضربوهم عليها لِعَشْر، وفَرِّقوا بينَهُم في المضاجع))[١]، واتە: بە منداڵەکانتان بڵێن لە تەمەنی حەوت ساڵیدا نوێژ بکەن، لەسەر نوێژ نەکردن لە تەمەنی (دە) ساڵیدا لێیان بدەنو، جێگەی نوستنیان لە یەکتری جیا بکەنەوە[٢].

١) رواه أحمد في المسند وأبو داود (حديث صحيح)

٢) گەر دایکانو باوکان بە گشتی ئەم فەرموودەیان پەیڕەو بکردایە، لەوانە بو حاڵمان بەو حاڵەی ئێستا نەگەیشتایە. چونکە گەر هەر کەسەو لەلای خۆیەوە ئەم فەرموودەی پەیڕەو کردایە، ئەوا کۆمەڵگەیەکی ڕەوشت پاکو دەست پاکو داوێن پاکمان بۆ دروست دەبو. بۆچی؟ چونکە نوێژ کردن، وەك خوای گەورە دەیەوێ، مرۆڤ لە خراپەکاری و بەدڕەوشتی دەپارێزێ، لەسەر ئەو بنەمایەش، کەم کەس وا دەبو لەسەر حسابی ڕەشو ڕوتان، گیرفانی پڕ کاتو ناپاکیی بکات. -وەرگێڕ-

گۆڕینی ناوە ناشیرینەکان

((كان رسول الله ﷺ يغير الأسم القبيح))[١]، واتە: پێغەمبەری خوا ناوی ناشیرینی دەگۆڕی[٢].

١) رواه الترمذي (صحيح)
٢) ئەمەش لە کاردانەوەی ناوە لەسەر خاوەنەکەی.
ئەبو داود گوتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی (عاصی‌و عزیزو عتلەو شیطان‌و حکم‌و غراب‌و حباب‌و شهاب)ی گۆڕی شەهاب بۆ هشام، حرب بۆ سلم –واتە ئاشتی–، مضطجع بۆ منبعث. ناوی عفرەی گۆڕی بۆ خضرة، شعب الضلالة بۆ شعب الهدی، ناوی بنی مغویەی کردە بنی رشدە.
خطابی گوتویەتی: پێغەمبەر بۆیە ناوی عاصی (یاخی) گۆڕی، لەبەر کەراهیەتی مانای عصیان، چونکە سیفەتی بڕوادار: گوێڕایەڵی‌و ملکەچی یە بۆ خوا.. عتلە: مانای توندوتیژی، سیفەتی بڕواداریش نەرم‌و نیانی‌و سانایی‌یە. شیطانیش: لە شطن هاتوە، واتە دور لە خێرو چاکە، کە ناوی ماردی پیسە لە جنۆکەو ئادەمیزاد.. حَکَم: ئەو حاکمەیە کە حوکمەکەی رەد ناکرێتەوە، ئەم سیفەتەش تەنها لایەق بە خوای گەورەیە، کە یەکێك لە ناوەکانی (الحکم)ـە.
غراب: لە (غرب) وەرگیراوە واتە: دور، هەروا ئاژەڵێکە کە خواردنەکەی پیسە (قەڵڕەش)، کە پێغەمبەری خوا ڕێی بە کۆشتنی داوە، لە کاتی حەج دابێ یان کاتی تردا. (حباب) جۆرێکە لە ژیان، ریوایەت کراوە کە شەیتانە. شهاب: پارچەیەکە لە ئاگر، ئاگریش سزای خوایە..
بەڵام عفرە: ئەو زەوی‌یەیە کە شتی لێ سەوز نابێت، ناوی نا(خضرة) لەسەر مانای گەشبینی تا سەوز دەبێت! باشترین ناوی ئافرەت: ناوی ئافرەتە صەحابیەکانە.
ناونانی کوڕ بە نورالدین‌و رکن الدین‌و بدرالدین ئەوە هەرگیز جائیز نی‌یە.
لەوەی رابورد مەترسی ناونانی کوڕو کچمان بۆ دەرکەوت.
ئێمە بۆمان دروست نیە لاسایی خەڵکی نەفام بکەینەوە، کە ناوی سەیر لە منداڵەکانیان دەنێن، وەك هەندێك لە باوکان کردویانە بە عادەت، بە داخەوە ناو لە

((عن أبن عمر بن الخطاب ان ابنة له كان يقال لها عاصية، فسماها رسول الله ﷺ جميلة))[1]، واتە: ئیبن عومەری کوڕی خەتتاب کچێکی هەبو ناوی (عاصية) بو، واتە: (یاخی)، پێغەمبەری خوا ناوەکەی گۆڕی بۆ (جميلة) واتە: (جوان).

((إن زينب بنت أبي سلمة، كان إسمها برّة، فقيل تزكي نفسها! فسماها رسول الله ﷺ زينب))[2]، واتە: زەینەبی کچی ئەبی سلمە، پێشتر ناوی (برّة) بو، واتە چاکەکار، جا خەڵك دەیانگوت ئەوە پاکانەی نەفسی خۆی دەکاتو خۆی بە بێگوناهـ دادەنێ، پێغەمبەری خواش ناوەکەی گۆڕی بۆ زەینەب.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((... لا تسمين غلامك يساراً ولا رباحاً، ولا نجيحاً ولا أفلح، فإنك تقول أثمّ هو؟ فلا يكون))[3]، واتە: کوڕەکەتان ناو مەنێ چەپو قازانج کەرو سەرکەوتوو سەرکەوت، چونکە تۆ شتێك دەڵێی، ئایا ئەو کەسە ئەوەی تێدایە؟ نەخێر ئەو کەسە ئەوە نی یە.

کچەکانیان دەنێن شەیدایی عەشق ...(هیام)و (غرام) و، ناوی ئافرەتە صەحابیەکانیان لەبیر کردوە، کە بە زانستو ئەدەبو جیهاد ناویان دەرکردبو.

١) رواه الترمذي وهو صحيح الأسناد.

٢) رواه البخاري ومسلم وغيرهم .

٣) رواه أحمد في المسند وغيره (صحيح).

مەترسی سپاردنی پەروەردەو فێرکردنی منداڵ بە غەیری پیاوچاکان

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((كل مولود يولد على الفطرة فأبواه يمجسانه أو يهودانه أو ينصرانه))[1]، واتە: هەمو منداڵێك لەسەر سروشتی خواناسی لە دایك دەبێت، جا دایكو باوكی دەیكەنە ئاگرپەرست، یان جولەكە، یان گاور.

١) رواه البخاري.

حوكمـی درۆ لەگـەڵ منـداڵ

عـبدللەی كوڕی عـامر گوتویەتی: ((دعتني أمي يومـاً –و رسـول الله ﷺ قاعداً في بيتـنا– فقالت: تعال أعطـك، فقـال لها رسـول الله ﷺ: مـا أردتِ أن تعطيه، قالت: أردتُ أن أعطيه تـمراً، فقال لـها: أما إنَّكِ لـو لم تعطيه شيئاً كُتِبَتْ عليك كذبة))[١]، واتە: ڕۆژێك دایكم بـانگی كـردمو پێغەمبەریش لە ماڵمان دانیشتبو. دایكم گوتی: وەرە شتێكت بدەمێ.

پێغەمبەر بە دایكمی فەرمو: دەتویست چی بدەیتێ؟

دایكم گوتی: ویستم خورمای بدەمێ.

پێغەمبەر فـەرموی: گـەر بهاتایـەو هـیچ شـتێكت پـێ نەدایـە، ئـەوا درۆیەكت بۆ دەنوسرا[٢].

---

١) رواه أبو داود (حديث صحيح)

٢) ئێمەی مسوڵمانو هەڵگری مەشخەڵی ڕێبازی ڕاستو ڕاستگۆیی، دەبـێ منداڵـەكانمان لەسەر ڕاستیو ڕاستگۆییو درۆنەكردن لەگەڵیاندا پەروەردە بكەین، تا لەنێوان یەكتریـدا متمانە دروست بـێو بڕوا بە یەكتری بكرێ. لەبەر ئەوە منداڵ لە هـەر تەمـەنێك دابـێ نابێ درۆی لەگەڵ دا بكرێ، ئەگـەر بـە گاڵتـەش بـێ. هـەموانیش سـەرەنجامو ئاكـامی درۆكردن لەگەڵ منداڵ، بە تایبـەتیو گەورە بە گشتی، دەزانێو دەریشكەوتوە چ مەترسی یەكی سامناكی هەیە. (وەرگێڕ)

پێویستە لەنێو منداڵاندا یەکسانیی پەیڕەو بکرێ

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ ءَايَٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ ۝ إِذْ قَالُوا۟ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ۝ ٱقْتُلُوا۟ يُوسُفَ أَوِ ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا۟ مِنۢ بَعْدِهِۦ قَوْمًا صَٰلِحِينَ﴾(يوسف: ٧-٩)، واتە: چیرۆکی یوسف‌و براکانی پەندو وانەو ئامۆژگارین بۆ ئەو کەسانەی کە دەپرسن. کاتێ براکانی یوسف کۆبونەوەو گوتیان: دیارە یوسف‌و براکەی لەلای باوکمان لە ئێمە خۆشەویسترە، لە کاتێکدا ئێمە کۆمەڵێکین -بەبێ ئەوانیش دەتوانین خزمەتی باوکمان بکەین- بێگومان باوکمان ئاشکراو ڕونە کە گومڕا بوە لەو کارەی دەیکات. براکانیان گوتیان: یوسف بکوژن یان لە زەوی‌یەك لە شوێنێکی دور فڕێی بدەن، کە نەتوانێ بگەڕێتەوە لای باوکی، ئەو کاتە سۆزو خۆشەویستی‌و چاودێری باوکتان تایبەت دەبێ بە ئێوە، لە دوای یوسف ئێوەش دەبن بە قەومێکی چاك‌و ساڵح.

نوعمانی کوڕی بەشیر گوتویەتی: ((أعطاني أبي عطية، فقالت أمي، لا أرضى حتى تُشْهِدَ رسول الله ﷺ. فذهب أبي الى النبّي ﷺ وقال لـه: لقد أعطيتُ إبنـي عطية، فأَمَرَتني أمه أن أُشـهدك يـا رسـول الله، فقـال النبّي ﷺ: أعطيتَ سائرَ وَلَدِك مثل هذا؟! قـال: لا!. فقـال رسـول الله ﷺ: إعدلوا بين أولادكم! ولا تشهدني، فإنّي لا أشهد على جورٍ))[1]،

---

١) رواه البخاري.

واتە: ئەبی عەطیە شتێکی دا پێم، دایکم گوتی: من ڕازی نابم تا پێغەمبەر ﷺ نەبێتە شایەت. دەڵێ: باوکم چوە خزمەت پێغەمبەرو پێی گوت: شتێکم بە کوڕەکەم بەخشیوە، دایکی دەڵێ دەبێ تۆ ببیت بە شایەتی ئەمە.

پێغەمبەر فەرموی: وەکو ئەمەت داوە بە هەمو منداڵەکانت؟!

ئەویش گوتی: نەخێر!

پێغەمبەری خوا فەرموی: لە شت بەخشیندا بە دادگەری (عەدالەت) بجولێنەوەو بەشی هەموان بدەن. منیش مەکە بە شایەتی ئەوە، چونکە من نابمە شایەت لەسەر شتێك، کە ستەمی تێدا بکرێ.

ئەنەس دەگێڕێتەوە: ((أن رجلاً كان عند النبي ﷺ فجاء أبن له فقبّله وأجلسه على فخذه، وجاءت إبنةٌ له، فأجلسها بين يديه، فقال رسول الله ﷺ ألا سَوَّيتَ بينهما؟!))[١]، واتە: پیاوێك لە خزمەت پێغەمبەر بو، کوڕێکی ئەم پیاوە هاتە لای. پیاوەکەش کوڕەکەی ماچ کردو لەسەر ڕانی داینا، هەروەها کچێکی هەبو ئەویش هاتە لای، ئەویش هێنای لەبەردەمی خۆی داینا. پێغەمبەری خوا فەرموی: ئەوە بۆچی وەك یەك تەماشات نەکردنو یەکسانیت لە نێوانیاندا نەنواند.

زۆربەی دایكو باوك سکاڵای ئەوە دەکەن، کە لە نێوان منداڵەکانیاندا حەسودیو غیرە پێك بردن دەبینرێ، ئەوەش دەبێتە هۆی لاسەنگیو لاوازی کەسایەتیو ڕەفتاری منداڵ.

پێغەمبەر ﷺ واجبی کردوە، کە دەبێ لە نێوان کچو کوڕ.. خوشكو

---

١) رواه البزار ورجاله ثقات.

برا یەکسانی پەیڕەو بکرێو بە عەدالەت مامەڵەو هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ، تا حەسودیو ڕقو قینەیان بەرامبەر بە یەکتری نەبێ.

زۆرجار دایکو باوك هەموو ئەمانە دەکات، لە بەسەرهاتی یوسف (سەلامی خوای لێبێ) ئەوەمان بینی، کە بوە هۆی کارەسات، کە برایەکانی یوسف گومانیان وابوو، کە یەعقوبی باوکی بەسەر ئەوانی هەڵبژارد بوو لەوانی زیاتر خۆشدەویست.

سۆزو بەزەیی پێویستە بۆ منداڵ بنوێندرێ

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((الراحمون يرحمهم الرحمنُ، إرحَمُوا مَن في الأرض يرحمكم من في السماء))[١]، واتە: ئەو کەسانەی بە بەزەیین، خوای بەخشندە ڕەحمیان پێ دەکات، کەواتە بە بەزەیی بن لەگەڵ هەرچی‌یەك، کە لەسەر زەوی هەیە، ئەو کاتە ئەوەی کە لە ئاسمان دایە ڕەحمتان پێ دەکات.

ئەنەس گوتویەتی: ((ما رأيت أحداً كان أرحم بالعيال من رسول الله ﷺ))[٢]، واتە: کەسم وەك پێغەمبەری خوا نەبینیوە بۆ منداڵ بەرەحم تر بێ.

((وكان من وصاياه ﷺ لقواده: أغزوا باسم الله... ولا تقتلوا وليداً))[٣]، واتە: لە ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر بۆ سەرکردەی سوپاکانی دەیفەرمو: بە ناوی خوا جیهاد بکەن‌و بجەنگن... منداڵ مەکوژن.

ئەم پەروەردە بەرزەی پێغەمبەر ﷺ کاریگەری‌یەکی گەورەو زۆری کردبوە سەر دڵ‌و دەرونی هاوەڵە بەڕێزەکانی. بە نمونە: عومەری کوڕی خەتتاب -ڕەزای خوای لێ بێ- پیاوێك لە بەنی ئەسەدی بۆ کارێك ڕاسپارد، کە بیکات، پیاوەکە هاتە لای تا پەیمانی سەر ڕاستییەتی کارەکەی وەرگرێ، لەو کاتەدا عومەر هەندێ لە منداڵەکانی ماچ کرد. پیاوەکەش گوتی: ئەی گەورەی بڕواداران ئەوە ماچیان دەکەی، بە خوا من

---

١) رواه أبوداود والترمذي (حديث صحيح) .

٢) رواه مسلم .

٣) رواه مسلم .

تا ئێستا هیچ منداڵێکم ماچ نەکردوە! عومەر گوتی: کەواتە تۆ زۆر بێڕەحمی، مادام وایە کارەکەمان بدەوەو، هیچ کارێکمان بۆ مەکە!.

ئوسامەی کوڕی زەیدی کوڕی حاریسە گوتویەتی: ((کان رسول الله ﷺ یأخذني فیقعدني علی فخذه، ویُقْعِدُ الحسن بن عليّ علی فخذه الآخر ثم یضمهما ویقول: اللّهم إرحمهما فإني أرحمهما"))[1]، واتە: پێغەمبەری خوا منی لەسەر ڕانی خۆی دادەنا، حەسەنیشی لەسەر ڕانەکەی تری دادەنا، پاشان بە سینگی خۆیەوەی دەکوشین‌و دەیفەرمو: خوایە ڕەحمیان پێ بکەی، لەبەر ئەوەی من بە بەزەییم لەگەڵیان.

ئیبن مەسعود گوتویەتی: ((ضربت غلاماً بالسوط، فسمعت صوتاً من خلفي. فإذا برسول الله ﷺ یقول: أعلم یا أبا مسعود إن الله أقدر علیك منك علی هذا الغلام))[2]، واتە: بە قامچی‌یەك لە منداڵێکم دا، جا لە دواوەم گوێم لە دەنگێ بو، کە دەبینم پێغەمبەری خوایە دەفەرموێ: ئەی ئەبو مەسعود، بزانە خوای گەورە لەسەر تۆ بە تواناترە لەتوانای تۆ لەسەر ئەو منداڵە.

((وکان ﷺ یقول للخادم: ألك حاجة؟!))[3]، واتە: پێغەمبەری خوا بە خزمەتکارەکەی دەفەرمو: چیت پێویست نی‌یە؟

((وکان رسول الله ﷺ یزور الأنصار، فإذا جاء دور الأنصار، جاء صبیان الأنصار یدورون حوله. فیدعو لهم ویمسح رؤسهم ویسلّم

---

١) رواه البخاري .
٢) رواه مسلم .
٣) رواه البخاري .

علیهم: الحدیث))[1]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی ئەنصارەکانی دەکرد، کاتێك کە دەهاتە گەڕەکی ئەنصارەکان، منداڵە ئەنصاری یەکان، دەوری پێغەمبەریان دەدا، پێغەمبەریش دوعای خێری بۆ دەکردن‌و دەستی بەسەریاندا دەهێناو سڵاوی لێ دەکردن.

لەم چەند فەرمودەیەدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ، کە پێغەمبەری خوا چەندە بەرەحم بوە لەگەڵ منداڵ دا. ئەوەش شایستەی ئەوەیەو هاندەرە بۆ باوکان، تا سودی لێوەرگرن‌و پەیڕەوی بکەن، چونکە زۆربەی باوکان -بە داخەوە- بە خراپی ڕەفتارو مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن، لەسەر چەند شتێکی بێهودە، بە بێ بەزەییانە لە منداڵەکانیان دەدەن. تەنانەت لە گەمەو یاری کردنیشیان دەکەن‌و کەمترین سەربەستیان پێ نادەن‌و ئیهانەیان دەکەن‌و سەرکۆنەیان دەکەن.

ئەم کارەش کاردانەوەی لێ دروست دەبێ‌و دەبێتە هۆی نانەوەی ئاکام‌و سەرنجامێکی خراپ،و کاریش دەکاتە سەر کەسایەتی منداڵەکە بە ڕادەیەکی وا، کە لەوانەیە وەك شێت ڕەفتار بکات‌و لە ژیاندا سەرکەوتو نەبێت.

هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ، کە پێغەمبەر ﷺ سۆزو نازی داوەتە منداڵان‌و، بە باشی مامەڵەو ڕەفتاری لەگەڵ کردون، ئیتر بە ئومێدی ئەوەی ئەمە ببێتە پەندو وانە بۆ ئەو باوکە دڵ ڕەق‌و وشکانەی، کە بە توندوتیژی‌و دڵڕەقانەو ئاژەڵانە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی کەسایەتیان‌و زەبون کردنیان، کە ڕەنگە

---

١) رواه أحمد في المسند وغيره وسنده صحيح .

ڕق و قینە بەرامبەر بە باوکیان دروست ببێت.

جا لەمبارەوە کارەساتێکتان بۆ باس دەکەین، کە بۆ پەند وەرگرتن و هاندانی دایکان و باوکانە تا منداڵەکانیان لە بنەمای پەروەردەیی دروست پەروەردە بکەن:

هەواڵەکان ڕایانگەیاند، پۆلیسێك پارەی پاشەکەوت کرد، هەتا توانی تاقمە قەنەفەیەك بکڕێ. جا خۆی و ژنەکەی زۆر پێی دڵخۆش بون. لە کاتێکدا ئەوان ئاگایان لێ نەبوو، منداڵەکەیان بە موس تاقمە قەنەفەکەی دڕاند، کاتێ باوکی ئەمەی بینی، شێتگیر بوو یەکسەر بە داری تیژ زۆر بە توندی لە پەنجەکانی منداڵەکەی دا، بۆ بەیانی پەنجەکانی منداڵەکە ئیلتهابی کرد، پزیشك بڕیاری بڕینەوەی دا، ئەوەبوو لە نەخۆشخانە پەنجەکانیان بڕیەوە.

جا دوای نوژداریەکە، باوکەکە سەردانی کوڕەکەی کرد، کوڕەکەی هاواری کرد:

بابە، بابە پەنجەکانم بۆ بگەڕێنەوە، ئیتر تاقمەکە نادڕێنم. کاتێ باوکەکە گوێی لەم قسەیە بوو، گوللەیەکی لە خۆیداو خۆی کوشت...

با بەردەوامی ئەوە بزانین، منداڵ پێویستی بە سۆز و خۆشەویستی هەیە، هەروەك چۆن پێویستی بە خواردن و خواردنەوە هەیە، جا لە سایەی خۆشەویستیدا دەرون و کەسایەتیی گەشە دەکات.

دایك و باوك كه منداڵیان دەمرێ و ئارامی لەسەر دەگرن پاداشتیان بۆ هەیە

ئەبو سەعیدی خودری دەگێڕێتەوە: ((إن رسول الله ﷺ قال للنساء: ((ما منكم امرأة يموت لها ثلاثةٌ من الولد إلا كانوا لها حجاباً من النار!)) فقالت امرأة: وإثنان؟ فقال: وإثنان))[١]، واتە: پێغەمبەری خوا بە ئافرەتانی فەرمو: هەر كەسێك لە ئێوە سێ منداڵی بمرێ، ئەو منداڵانە دەبن بە پەردەیەك بۆ پاراستنیان لە ئاگری دۆزەخ.

جا ژنێك گوتی: ئەدی ئەگەر دو منداڵی بمرێ؟ فەرمویی: گەر دو منداڵیشی بمرێ، هەمان شتی بۆ هەیە.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((ما من مسلم يموت لـه ثلاثة من الولد لم يبلغوا الحنث، إلا تَلَقَّوه من أبواب الجنة الثمانية من أيهما شاء دخل))[٢]، واتە: هەر مسوڵمانێك سێ منداڵی بمرێ كەبالغ نەبوبن، ئەوا ئەو منداڵانە لەبەردەم هەر هەشت دەرگای بەهەشتەوە پێیان دەگات، كە لە كامە دەرگاوە ئارەزوی دەكات دەچێتە ژورەوە.

((ما من مسلم يموت له ثلاثة من الولد لم يبلغوا الحِنْثَ، إلا إدخله الله الجنة بفضل رحمته إياهم))[٣]، واتە: هەر مسوڵمانێك سێ منداڵی بمرێ، كە نەگەیشتبنە حەدی باڵغ بون، ئەوا خوای بەخشندە بە فەزڵ و بەزەیی خۆیەوە، لەبەر ئەم منداڵانە ئەو مسوڵمانە دەباتە بەهەشت.

---

١) رواه البخاري والنسائي .

٢) حديث صحيح .

٣ رواه البخاري ومسلم والنسائي

مـنـداڵ شـەفـاعـەت بۆ دایـكو بـاوكی دەكـات

ئەبو حەسان گوتویەتی: ((توفـی إبنان لي، فقلت لأبي هريرة: سمعـتَ من رسول الله ﷺ حديثاً تحدثنا، يطيب أنفسنا عـن موتانـا: قـال نعـم! صغارهن دعاميص الجنة، يلقـي أحـدهم أبـاه -أو قـال أبويـه- فيأخـذ بناحية ثوبه أو بيده كما آخذ بِصنَفَةِ ثوبك هذا، فلا يفارقه حتى يُدخلـه الله وأباه الجنّـة!))[١]، واتـە: دو كوڕم مردون، جا بە ئەبو هورەیرەم گـوت: گوێم لە فەرمودەیەكی پێغەمبەری خوا بـوە دەربـارەی مردوەكانمـان، كـە دەبێتە مایەی دڵنەوایی‌و ئـارامی دڵو دەرونمـان. ئـەویش گـوتی: بـەڵێ، پێغەمـبەر ﷺ فەرمویەتی: منداڵەكانیـان چۆلەكەی بەهەشتن، یەكێك لەو منداڵانە بە باوكی -یان فەرموی دایكو باوكی- دەگات، لچكی كراسەكە، یان دەستی دەگرێ، وەك چۆن لچكێكی كراسەكەت ئاواهی دەگرم، جا ئـەو منداڵە لێی جیانابێتەوە، تا خوای گەورە منداڵەكەو دایكو بـاوكی دەباتـە بەهەشت.

---

١) رواه مسلم .

ژن دەتوانێ خەمی مێردەکەی کەم بکاتەوە

ئەنەس گوتویەتی: ((إشتكى إبن لأبي طلحة، فمات، وأبو طلحة خارج، ولم يعلم بموته، فلما رأت امرأته أنه قد مات، هيأت شيئاً ونحّته في جانب البيت. فلما جاء أبو طلحة قال: كيف الغلام؟ قالت: قد هدأتْ نفُسه. وأرجو أن يكون قد إستراح! ثم قربت له العشاء، ووطّأت الفراش، فلما أصبح اغتسل، فلما أراد أن يخرج أعلمتْه بموت الغلام، فصلّى مع النبّي ﷺ ثم أخبره بما كان منها، فقال النبّي ﷺ: ((لعله يبارَك لكما في ليلتكما))! فجاءهما تسعة أولاد، كلهم قرؤوا القرآن))[١]، واتە: کوڕێکی ئەبو تەڵحە توشی نەخۆشی یەك بو، بە هۆی نەخۆشی یەکەوە مرد، لەو کاتەش ئەبو تەڵحە لە دەرەوەی ماڵ بو، نەشی زانیبو کە کوڕەکەی مردوە، خێزانەکەی، کە بینی کوڕەکەی مردوە، شتێکی ئامادە کردو لە لایەکی ماڵەکەی دانا.

کە ئەبو تەڵحە هاتەوە گوتی: کوڕەکە چۆنە؟ ژنەکە گوتی: هێدی بۆتەوە، داوام وایە کە حەسابێتەوە! پاشان ژنەکەی نانی شێوانی بۆ داناو جێگای نوستنی بۆ ئامادە کرد، کە بەیانی داهات ئەبو تەڵحە خۆی شوشتو ویستی بچێتە دەرەوە، ژنەکەی هەواڵی مردنی کوڕەکەی پێدا. ئەبو تەڵحە چو نوێژی لەگەڵ پێغەمبەر کرد، پاشان ئەم ڕوداوەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: بەڵکو خوای گەورە بەرەکەت بهاوێتە ئەم شەوەتان –واتە کاتی جوتبونتان-. خوای گەورەش نۆ منداڵی پێ بەخشین، کە هەمویان قورئان خوێن بون.

---

١) رواه البخاري بنحوه .

جێگەی نوستنی منداڵان لەیەکتری جیا بکەنەوە

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((مروا أولادكم بالصلاة وهم أبناء سبع، واضربوهم عليها وهم أبناء عشر، وفرّقوا بينهم في المضاجع))[١]، واتە: لە تەمەنی حەوت ساڵیدا فەرمانی نوێژکردن بە منداڵەکانتان بدەن، لە تەمەنی (دە) ساڵی گەر نوێژیان نەکرد لێیان بدەن‌و، جێگەی نوستنیان جیا بکەنەوە[٢].

---

١) رواه أبوداود (حديث حسن)

٢) جیا کردنەوەی جێگەی نوستنی منداڵ لە تەمەنی (دە) ساڵی، ئەدەبێکی ئیسلامی گرنگە، کە بەداخەوە زۆر کەس فەرامۆشیان کردوە، کە یەکێك لەو کەسانە لەلام دانی پیادا هێنا، کە بە هۆی فەرامۆشکردنی ئەو فەرمانەی پێغەمبەر، دەست درێژی کردۆتە سەر پوری‌و کچی پوری!

لە کتێبی (طوق الحمامة)ی ئیمام (ئیبن حزم) هاتوە، ژنێکی عەرەب، کە لە خزمێکی سکی پڕ ببو، پرسیاری لێکرا: ئەوە چیە لە سکت؟! گوتی: نزیکیی سەرین، درێژی شەو! بە واتای ئەم کارەساتە لە ئاکامی نوستن پێکەوە، یان نزیکی لەو و، زۆر تێکەڵاو بون لەنێو خزمەکانیدا ڕویداوە!

ئەوەی دەبێتە بەڵگەی گەورەیی ئیسلام و پێشکەوتنی مەبدەئەکانی ئەوەیە، کە تیۆری جیاکردنەوەی نوستنی منداڵ، پێغەمبەر ﷺ پێش چواردە سەدە فەرمانی پێ‌کردوین، ئەمڕۆ زانایان لە کتێبە پزیشکی‌و جنسی‌یەکاندا، هانی لەسەر دەدەن‌و لایەنە باشەکانی ئاشکرا دەکەن‌و حەزەر بە فەرامۆش نەکردنی دەدەن.. لە کتێبی (صرح طفلك عن الجنس) لە دانراوی (کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی منداڵ لە ئەمریکا)دا هاتوە: (منداڵەکان نابێ لە یەك پێخەفدا بخەون، هەروەها باشتر وایە لەیەك ژور نەخەوێنرێن، ئەو منداڵانەی لە یەك پێخەفدا دەخەون، بەشێوەیەکی ڕێکخراو توشی لێك خشاندن‌و پێکەوە نوسانی جەستەیی دەبن، کە لەوانەیە بە هۆیەوە گەمە پێ‌کردن ڕو بدات...

خەوتنی منداڵیش لەگەڵ دایك و باوکی لەیەك ژوردا، کارێکە هەرگیز پێی ناگوترێ

مافەکانی دایكو باوك

خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا﴾(الإسـراء- ٢٣)، واتـە: پەروەردگارت فەرمانی داوە لەو زیاتر کەسی تر نەپەرستن و، لەگەڵ دایكو باوك بە باشی رەفتار بکەن. گەر یەکێکیان لە لات پیر بـون پێیـان مـەڵێ ئۆف لەبەر بێزاری، گەر داوای شتێکیان لێ کردی. گـەر شـتێکت بـە دڵ نەبو سەرکۆنەو سەرزەنشتیان مەکە. قسەی خۆشو نـەرمو نیانیـان لەگـەڵ بکەو باڵی ملکەچی بەزەیی یان بۆ رابخە. بڵێ خوایە رەحم بە دایكو بـاوکم بکە، وەك ئەوان منیان بە بچوکی بەخێو کردوەو پێگەیاندوە [١].

حیکمەتو دانایی. منداڵ کە دەخەوێ وا پێدەچێ خەوتوە، بەڵام ئاواش نی یە، تەنانـەت ئەوانەی لە تەمەنی دو ساڵی یان سێ ساڵی دان، لـە کـاتی هەسـت کـردن بـە دیـاردەی کرداری جنسی دایكو باوك لەسەرجێ دا، دەترسن.. تەنانـەت تـاریکیش نابێتـە پـەردە لەبەردەمیاندا، چونکە منداڵی بچوك لە دەنگە دەنگدا توشی دڵەڕاوکێ دەبێت!!

دەتوانین بڵێین زۆربەی حاڵەتەکانی کزی جنسی، کە لـە منـداڵان ڕو دەدات، هۆیەکـەی فەرامۆش کردنی جیاکردنەوەی شوێنی نوستنیانەو، نوسـتنیانە لـە ژوری دایـكو بـاوك، هەمو ئەمانەش بە شەرعی خواو عەقڵیش قەدەغەیە، کەواتە با دایكو باوکان ئاگادارین.

١) ئەمە هەستی سروشتی یە بەرامبەر بـەو کەسـەی، کـە چاکەکردنیان، توشـی بێـزاری نەکردونو بە هەوڵ کۆشش دانیان داوای پاداشت ناکەن، بەڵکە هەمو چاودێریی بەردەوامو بەزەیی یەکیان خستۆتە گەڕ، لەبەر نزیکیو سروشتی یەتی، کە هیچی کەمتر نـی یـە لـە

هەروەهـا خـوای بـاڵا دەفـەرموێ: ﴿ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَٰٓءِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا ﴾ (البقرة- ٨٣)، واتـە: کاتێـك پـەیمانی متمانەییمان لە بەنی ئیسرائیل وەرگـرت، کـە جگـە لـە خـوا کەسـی تـر نەپەرستن و بەندایەتی بۆ نەکەن و، لەگەڵ دایك و باوکانیش باش بن.

دەفەرمـوێ: ﴿ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَٰلُهُۥ فِي عَامَيْنِ أَنِ ٱشْكُرْ لِي وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَيَّ ٱلْمَصِيرُ ﴾ (لقمان- ١٤)، واتە: فەرمانمان بە ئادەمیزاد کردوە لەگەڵ بـاوك‌و دایکـی بـاش بـێ‌و چـاکەیان لەگەڵـدا

سوپاس‌و پێزانین، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی وەفـایی مرۆڤایـەتی بپـارێزرێ لـە دەردەکـانی پێنەزانین‌و نکوڵی کردن.

بە ئەرکی خۆمان دەزانین، کە ئێمە دەربارەی ژن‌و مێردی ئیسلامی بەختەوەر دەنوسین، قسە لەسەر مافەکانی دایك‌و باوك بکەین، کە لـە لایـەن ژنـەوە، یـان لـە لایـەن کـوڕە تاوانبارەکەیانەوە، بە ئاڕاستەی هاوسەرە بەدکارەکەی خراپەیان بەرامبەر دەکرێ، نازانن بەم کردەوەیان یەکەم بەردی بناغەی جیابونەوە و روخانی بەختەوەریان دادەنـێن، چـونکە خوای گەورە لە مافەکانی باوك‌و دایك بێئاگا نابێ، تۆڵەش دەسـتێنێ بـۆ ئـەو دایـك‌و باوکەی، کە ئەوپەڕی توانـاو کۆششـیان سـەرف کـردوەو شـەونخونیان کـردوە لـە پێنـاو بەختیارکردنی کوڕەکـەیان، کـە لـە تەمـەنی گەورەییـدا خـۆ بـەزل زانینیـان بەسـەردا دەسەپێنێ.

ئێمە کە لەسەر بەختەوەری خێزانی مسوڵمان سورین، ئەم ئامۆژگاری‌و راسپاردانەمان پێشکەش کردن، ئاواتەخوازین ژن‌و مێرد لێی بێ ئاگا نەبن، ئەمـەش چـی تـێ ناچـێ، تەنها دابەزین لە هەندێ خۆپەرستیان داو، بیر لە بەساڵاچونی خۆیـان بکەنـەوە، چـونکە خوای گەورە نامرێ، چۆن بیت ئاوات لەگەڵ دەکرێت چ بچێنی ئەوە دەدوریەوە!

بەختەوەرترین کەس ئەوەیە، کە کۆشش دەکا بۆ دڵخۆش کردن‌و شادی خستنە نێو دڵی باوك‌و دایکی‌یەوە، ئەمەش تەنها هەندێك سۆزو کەمێك لە قوربانی‌و پەلـەکردنی دەوێ، بۆ ئەو پەیڕەوەی کە ئیسلام دایناوەو ئەو پلانەی دایناوە بۆ مافەکانی دایك‌و باوکی.

بکات، چونکە دایك بە هۆی سك پڕی‌یەوە توشی بێ‌هێزی‌و سستی لەش‌و (مضاعفات) دەبێ. ئەم دایکە بۆ ماوەی دو ساڵ شیری دەداتێ. لەبەر ئەوە سوپاسی من بکەو سوپاسی دایك‌و باوکت بکە، چارەنوسیشتان گەڕانەوەیە بۆ لای من.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا ۖ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا ۖ وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا ۚ﴾(الأحقاف- ١٥)، واتە: فەرمانمان بە ئادەمیزاد کردوە چاکە لەگەڵ دایك‌و باوکیا بکات، چونکە دایکی بە ئێش‌و ئازارو ناخۆشی‌یەوە نۆ مانگ لەسکیدا هەڵیگرتوە، کاتێکیش لەدایك بوە، بە هەمان شێوە ئێش‌و ئازارو ئەشکەنجەی بینیوە. جا بە حەمل‌و لەشیر بڕینەوەکە دەکاتە (٣٠) سی مانگ، دایکەکە لەم ئازارە دایە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((ألا أنبئكم بأكبر الكبائر؟ الشرك بالله، وعقوق الوالدين))[1]، واتە: ئایا هەواڵی گوناهە هەرە گەورەکانتان پێ ڕابگەیەنم؟ بریتین لە هاوبەش دانان بۆ خواو ئازاردانی دڵی دایك و باوك.

((جاء رجل الى النبي ﷺ يسأله: يا رسول الله من أحق الناس بحسن صحابتي؟ قال أمك! قال: ثم من؟ قال: أمك. قال: ثم من؟ قال: أمك. قال: ثم من؟ قال: أبوك)) (رواه البخاري ومسلم)، واتە: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺو لێی پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا! کێ لە هەمو خەڵك شایستە ترە بیکەمە هاوەڵم‌و چاکەی لەگەڵدا بکەم؟ فەرموی:

---

١) رواه البخاري .

دایکت. گوتی: پاشان کێی تر؟ فەرموی: دایکت. گوتی: پاشان کێی تر؟ فەرموی: دایکت. گوتی: پاشان کێی تر؟ فەرموی: باوکت .

((**رغم انف من أدرك والديه عند الكبر أو أحدهما ولم يدخل الجنّة**))[١]، واتە: لوتی ئەو کەسە بەقوڕ داچێ، کە دەگات بە دایكو باوکی، یان یەکێکیان لەکاتی پیری‌و، خزمەتێکی وایان ناکات کە پێی بچێتە بەهەشت.

دەفەرموێ: ((**أنت ومالك لوالدك! إن أولادكم من أطيب كسبكم، فكلوا من كسب أولادكم**))[٢]، واتە: تۆو ماڵ‌و سامانت هی باوکتە! منداڵەکانتان لە باشترین دەستکەوتی ئێوەن، دەکەواتە لە دەستکەوتی منداڵەکانتان بخۆن.

دەفەرموێ: ((**إن الله حرم عليكم عقوق الأمهات**))[٣]، واتە: خوای گەورە ئازار دانی دڵی دایکانی لەسەرتان حەرام کردوە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق**))[٤]، واتە: گوێڕایەڵی‌و فەرمانبەری کەسێك ناکرێ، کە سەرپێچی فەرمانەکانی خوا بکات.

---

١) رواه مسلم والترمذي .

٢) رواه أحمد في المسند وأبوداود (حديث صحيح) .

٣) رواه البخاري .

٤) رواه أحمد في المسند (صحيح) .

فیتنەی ئافرەت

لە ئافرەت بگەڕێ

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((ما تركتُ بعدي فتنةً أَضرَّ على الرجال من النساء))[١]، واتە: لە دوای خۆم هیچ تاقیکردنەوەیەك، وەك تاقیکردنەوەی ئافرەتان بۆ سەر پیاوانم بەجێ نەهێشتوە، کە ئاوا کاریگەر بێ.[٢]

---

١) رواه البخاري ومسلم

٢) هەندێك گوتویانە: شەیتان بە ئافرەت دەڵێ: تۆ نیوەی سەربازی منی، تۆ تیرێکی منی دەیهاوێژم و ئامانج دەپێکم، جا نیوەی سەربازەکەی بریتی یە لە ئارەزوبازی (الشهوة)، نیوە سەربازەکەی تری بریتی یە لە توڕەیی (الغضب).
یەکێك لەژێر سەردێری (ژن لەدوای هەر هەنگاوێکە، کە لە ژیان هەنگاوی دەنێی، خۆی شاردۆتەوە) گوتویەتی: ژن لە دواوەی هەمو بەدبەختی یەکە، هەروەها هۆی بەختەوەریشە، ئافرەت پاڵت دەنێ بۆ ئاواتی زۆر.
ئافرەت ئەو مرۆڤە سادەو ئاڵۆزەیە، ئەو شەماڵە سیحرو چێژە جوانەیە، تاوان و شتە خراپەکانە، ئەو بایە گەرمەی ئاگری غەزەبە!
لەو جەستە لاوازو ناسکە، بەهێزترین هۆکارەکانی سیحری تێدا شاراوەتەوە، هەروەها تاوان و کاری خراپیش. هەر لەم جەستە بێهێزەدا هۆکارەکانی کارە چاك و پاك و جوانەکان شاراوەتەوە!
سەری بچوکی شۆڕش و ئاگرە، هەروەها هێمنی و شێتی و ژیری و ڕۆشنی تێدایە. لەبەر هەمو ئەمانەو مەترسی ئافرەت، وەك لە پێشەوە باس کرا، پێغەمبەر ﷺ ڕای سپاردوە، کە ئافرەتی دیندار لە بێدین بە باشتر دابنرێ. قبوڵ کردنی دین و سور بون لەسەری، مانای ویستی ئیسلامە لە بەرقەراری خێزان و خۆشگوزەرانی.

هەروەها دەفەرموێ: **((إن الدنيا حلوة خضرة، وإن الله مستخلفكم فيها، فينظر ماذا تفعلون، فاتقوا الدنيا واتقوا النساء، فإن أوّل فتنة بني إسرائيل كانت في النساء))**(١)، واتە: دنیا سەوزو شیرینەو خوای گەورەش ئێوەی تێدا جێنشین کردوە، تەماشاش دەکات بزانێ چی دەکەی.

کەواتە: لە ڕازاوەیی‌و، لە ڕێ لادەری دنیا خۆتان بپارێزن‌و لە شتە فریودەرەکانی ئافرەت‌و فێڵ‌و تەڵەکە شەیتانیەکانیان خۆتان بپارێزن، چونکە یەکەم تاقیکردنەوەی بەنی ئیسرائیل بە هۆی ئافرەتانەوە بو.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **((لولا حواء لم تخن أنثى زوجها الدهر!))**(٢)، واتە گەر دایکە حەوا نەبوایە، بەدرێژایی ڕۆژگار، هیچ ئافرەتێك ناپاکی لە مێردەکەی نەدەکرد.(٣)

هاوسەری بێدین بارگرانی‌یە لەسەر مێردەکەی‌و وەچەکەی، نمونەی وەك ئەوەیە، کە ناتوانێ لەبەردەم کۆسپ‌و تەگەرەو ناخۆشی‌و بەڵایەکانی دنیا خۆی ڕابگرێ، لە ژیانیشدا بەختیار نابێت. بەڕاستی مێینەی ئافرەت‌و فیتنەیی ماڵی‌و سامانی‌و ڕەچەڵەکی، بەختیاری ناکات، خێزانەکەشی بەختیار ناکات، تا بیگۆڕێ بۆ بەروبومێکی ئارەزومەندو بەزەیی یەکی فراوان‌و ڕابواردنێکی سودمەندو توێشویەکی دیاریکراو.

لەم بارەوە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **((إن الدنيا متاع، وخير متاعها المرأة الصالحة))**. (رواه مسلم والنسائي)   (الأسرة في الإسلام)

علامة صديق حسن خان لە کتێبەکەی (حسن الأسوة) گوتویەتی: ئافرەت فیتنەن (واتە تاقیکردنەوەی پیاوانن)، چونکە سروشتی پیاو زۆر بە لایاندا دەچێت، لە پێناو ئەوان توشی حەرام دەبێت، بە هۆی ئەوانەوە هەوڵی کوشتارو دوژمنایەتی دەدرێت، کەمترین شت لەمەدا ئەوەیە، کە لە دنیادا ئارەزوت لێی بێ‌و، گەندەڵ کردنیشی زیانی زۆرترە.

١) رواه مسلم .

٢) رواه مسلم

٣) (مناوي) لە (فيض القدير)دا لە ڕاڤەی ئەم فەرمودەیە گوتویەتی:... بە واتای گەر خیانەتی دایکە حەواء بۆ ئادەم نەبوایە بە گومڕاکردنی‌و هاندانی لەسەر سەرپێچی

کردنی فەرمانی خوا بە خواردنی درەختەکە، ئەوا هیچ ئافرەتێك خیانەتی لە مێردەکەی نەدەکرد، چونکە دایکە حەوا دایکی ئافرەتانە، جا ئافرەتانی بەو چواندوە، گەر ئەو ئەم ڕێ یەی نەگرتبا بەر، هیچ ئافرەتێك لەگەڵ مێردەکەی ئەم ڕێ یەی نەدەگرتە بەر، جا کە ناپاکی کرد، ئەم ناپاکی یە لە نێو کچەکانی بڵاوەی کرد، کەم ئافرەت هەیە لە ناپاکی مێردەکەی دەرباز بێت، جا بە کردەوە بێت یان بە گوفتار.

مەبەست لە ناپاکی داوێن پیسی(زنا) نی یە، حاشا نەخێر! بەڵکو دایکە حەوا مەیلی دا بە ئارەزوی نەفس بە خواردنی درەختەکە، ئەمەش بۆ باوکە ئادەم رازایەوەو جوان کرا، کە فەرمانی ئیبلیس جێبەجێ بکات، کە ئەمە بە ناپاکی ئادەم دانرا، بەڵام ئەو ئافرەتانەی دوای ئەو دێن، کە ناپاکیەکیان لێ ڕودەدات بەهۆی ئەوەوەیە!

ئەم فەرمودەیە ئاماژەیە بۆ دڵدانەوەی پیاو لەوەی، کە لە ژنەکانیان دەیبینن‌و ڕودەدات، وەك لە دایکە گەورەیان ڕوی داوە! ئەمەش لە سروشتیانەوەیەو بۆیان ماوەتەوە.

کەواتە لە کەمتەرخەمی کردنیان بەبێ مەبەست لۆمەیان ناکرێ، هەروا پێویستە ئافرەتان خۆیان بەمجۆرە ئاسانی‌و لەسەرخۆیی یە رانەهێنن، بەڵکە دەبێ نەفسی خۆیان زەبت بکەن‌و جیهادی هەواو ئارەزویان بکەن، بۆ ئەوەی لەلای خوای گەورە پاداشت بەدەست بێنن‌و پلەو پایەی بەرز لەلای پیاو دەستەبەر بکەن.

مەترسی کێشەی جنسی

ئیسلام گرنگی یەکی زۆری بە کێشەی جنسی داوەو تایبەتی یەکی بۆ داناوە، ئەویش بە چاودێری کردنی یەتی، وەك لەم کتێبەدا هەندێکی لێ باسکرا، ئەوەش دیارە لەبەر گرنگی پێدانو مەترسی یەکەیەتی.

بە بۆنەی ئەم ناونیشانەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، یەکەم تاوان لەسەر زەوی ڕویدا، هۆیەکەی جنس بوە!!

لە تەفسیری (إبن کثیر) هاتوە: ئادەم هەر منداڵێکی لە دایك بویێ کوڕو کچی پێکەوە لە دایك بون، جا کوڕی ئەم سکەیان کچی سکەکەی تری دەکردە هاوسەری خۆی، کوڕی سکەکەی تر کچی ئەم سکەی دەکردە هاوسەر، تا ئەو کاتەی دو کوڕی لە دایك بو کە ناویان هابیلو قابیل بو.

قابیل خاوەنی بێستانێك بو، هابیلیش خاوەنی مەڕ بو. قابیل گەورەترینیان بو، کە خوشکێکی هەبو لە خوشکی هابیل جوانتر بو، هابیل داوای خواستنی خوشکی قابیلی کرد، قابیل ڕازی نەبوو گوتی: ئەوە خوشکمەو لەگەڵ من لە دایك بوەو لە خوشکی تۆ باشترە، من شایستەترم بیکەمە هاوسەری خۆم!.

باوکیشی فەرمانی پێدا، کە خوشکەکەی بدات بە هابیل، بەڵام ڕازی نەبو، جا هەردوکیان قوربانییێکیان بۆ خوای گەورە سەربڕی، تاوەکو بزانرێ کامەیان شایستەترن بە کچەکە، لەو کاتەدا ئادەم ﵇ لە لایان نەبو، جا ئاگرێك هاتو قوربانی یەکەی هابیلی خواردو وازی لە قوربانی یەکەی قابیل هێنا، قابیل تورە بو، گوتی: دەتکوژم بۆ ئەوەی خوشکەکەی من نەکەیە هاوسەری خۆت!!..أ.هـ.[١]

---

١) بە کورتی ئیبن جریر گێڕاویەتەوە.

خـــواى گــەورە دەفــەرموێ: ﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ وَٱلْأَنْعَٰمِ وَٱلْحَرْثِ ﴾ (آل عمـران- ١٤)، واتە: خۆشەويستى ئارەزوەكـانى نەفسانى بۆ خەڵك ڕازاوەتەوە، كە بريتى‌يە لـە ژنـان[١]، منـداڵ، كيسـەى زێڕو زيو، ئەسپى خۆشڕەنگ‌و نيشانەدارو مەڕو ماڵات‌و كشتوكاڵ.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((أكثر مـا يُـدخِلُ النـاسَ الجنّـة تقـوى الله وحُسْنُ الخُلُق، وأكثر ما يُدخِلُ النار: الفم والفرج))[٢]، واتە: ئەوەى كە بە زۆرى خەڵك دەباتە نێو بەهەشتەوە، لە خوا ترسان‌و ڕەوشت باشـى‌يـە، زۆربەى ئەوەش خەڵكى دەباتە نێو ئاگرى دۆزەخەوە: زمان‌و داوێنە.

هەروەها دەفەرموێ: ((من وقاه الله شرّ ما بين لَحْيَيْـهِ و شَرَّ مـا بـين رِجْلَيـهِ دخل الجنّة))[٣]، واتە: هەر كەسێ خواى گەورە لە خراپەى زمانى‌و داوێنى[٤] بپارێزێ ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە.

---

١) لەم ئايەتەدا خواى گەورە ئافرەتى بە سـەروى ئارەزوەكـان (الشـهوات) دانـاوە، لەبـەر ئەوەى لە هەمو لايەكەوە پێشڕەوى دڵى پياوان دەكەن.. يەكێك لـە ئافرەتـە صـاڵحەكان دەيگوت: لە بەدبەختيمان ئەوەيە، كە خواى گەورە لە پێشـەوەى ئارەزوەكـانى دانـاوين، پاشان ئەم ئايەتەى دەخوێندەوە.

٢) رواه الترمذي (حديث حسن) .

٣) رواه الترمذي وابن حبان (حديث صحيح).

٤) يەكەم خوێن لەسەر زەوى ڕێـژرا، خـوێنى يـەكێك لـە كوڕەكـانى ئـادەم بـو بـە هـۆى پێشـبڕكێ كردن لەسەر ئافرەت، وەك لـە پێشـەوە باسـمان كـرد، نـامۆش نـى‌يـە گـەر پێغەمبەرى خوا ﷺ رزگار بون لە ئاگر بۆ كەسێك مسۆگەر بكات، كە زمـان‌و داوێـنى بپارێزێت، لەو كەسانەش دەبێت، كە لە پێشەوە دەبن لە چونە بەهەشت.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((إثنان يدخلان الجنّة: من حفظَ ما بين لَحيَيْهِ ورِجْلَيهِ دخل الجنَّة))[1]، واتە: دو شت هەن دەبنە مایەی چونە بەهەشت: هەرکەسێ زمانو داوێنی لە گوناهـ و تاوان بپارێزێ، دەچێتە بەهەشتەوە.

هەروەها فەرمویەتی: ((اللّهم إني أعوذ بك من شَرِّ سمعي، ومن شَرِّ بصري، ومن شَرِّ لساني، ومن شَرِّ قلبي، ومن شر منيِّي!))[2]، واتە: خوایە من پەنا بە تۆ دەگرم، لە خراپەکاری گوێو چاوو زمانو دڵمو، لە خراپەکاری داوێنم.

لەبەر ئەوەیە پاکخویی کردنو بە پاك ڕاگرتنو ئاراستەکردنی غەریزەی جنسی، بۆ ڕێگای ڕاستو دروستو شەرعی بە گرنگترین شوێنو پایە دادەنرێت، چونکە سەلامەتیو هەستانەوەی ئوممەت لەسەر ئەمە ڕادەوەستێ!

هەر بە بۆنەی قسەکردن لەسەر مەترسی کێشەی جنسی، باش وایە باسی ئەوە بکەین، کە بزاڤی چاکسازی ئایینی (اللوثري) لە ئەوروپا لە گرنگترین هۆیەکانی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، وەك کە (مارتن لوثر) سەرۆکی ئەم چاکسازییە ئاشکرای کرد، کە بە پێی ئەوەی لە کتێبی (حياتنا الجنسية)ی دکتۆر (فريدريك كهن) هاتوە، گوتویەتی: (هەر کەسێك دەیەوێ بە زۆرەملێ گەرمایی جنسی کپ بکاتەوە، بە کەسێك دەچی، کە بێهەستەو دەیەوێ قەناعەتمان پێ بکات سروشت پێچەوانەی ئەو شتەیە، کە ئێمە دەیناسین، نە ئاگر شت دەسوتێنێو، نە ئاویش شت تەڕ دەکاتو، نە پیاویش دەخواو دەخواتەوە!!)

لۆثەر بە قسەکانی بەرپەرچی تێگەیشتنەکانی ڕەوشتی کەنیسە دەداتەوە، کە بەسەر خەلکیدا سەپاندوە، ئەویش بریتی یە لەو ڕەبەنی یەی خۆیان دایان هێناوە، ئەو قسەیەی دەڵێ:

جنس خودی خۆی شتێکی پیسە، ئافرەت دروستکراوێکی شەیتانی پیسە، پێویستە خۆی لێ دور بخرێتەوە، هاوسەرگرتن (زواج)یش پێویستی یەکی غەریزەیی-ئاژەڵی-یە بۆ گشتی، بەڵام کەسی بەختەوەری تەقوادار ئەو کەسەیە، کە ژن نەهێنێ.

١) رواه الخرائطي (حديث صحيح) .
٢) رواه أبو داود (حديث صحيح) .

خێزان لەبەردەم گێژەڵوکەدا

مەترسی تێکەڵاوی‌و
بە تەنها دانیشتن لەگەڵ ئافرەت

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((ألا لا يبيتنَّ رَجلٌ عِنْدَ إمرأةٍ ثَيِّبٍ، إلا أن يكون ناكحاً أو ذا مَحْرَم))[١]، واتە: با هیچ پیاوێك لە لای ژنێك شوی کردبێ نەمێنێتەوە، مەگەر مارەبڕی بێ، یان مەحرەمێکی بێ -وەك باوك‌و براو خاڵ و مام-.

هەروەها دەفەرموێ: ((إن المرأة تقبل في صورة شيطان، وتدبر في صورة شيطان))[٢]، واتە: ئافرەت لە ڕازاوەیی‌و فێڵ دا، لە شێوەی شەیتان دێتە پێش پیاوو، لەسەر شێوەی شەیتان پشت هەڵئەکا.

هەروا دەفەرموێ: ((لا يخلونَّ رجلٌ بإمرأة إلا كان ثالثهما الشيطان))[٣]، واتە: هەر پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێك بە تەنهایی دانیشێت، ئەوا سێیەمیان شەیتانە، کە دێتە نێوانیان‌و دەبێتە هاندەر بۆ خراپەکاری.

دەفەرموێ: ((لا يخلون أحدكم بامرأة إلا مع ذي محرم))[٤]، واتە: نابێ هیچ کەسێك لە ئێوە لەگەڵ ئافرەتێك بە تەنهایی‌و بە جوتە دابنیشن،

---

١) رواه مسلم .
٢) رواه مسلم .
٣) رواه الترمذي حديث صحيح وإسناده جيد.
٤) رواه البخاري ومسلم

مەگەر مەحرەمێکی یان لەگەڵ دابێ[1].

(محمد طلعت حرب) لە پەرتوکەکەی (المرأة والحجاب)دا دەڵێ: تێکەڵاوی ژنو پیاوو هەڵگرتنی باڵاپۆشیی دو ئاواتی دێر زەمـانی ئەوروپایـە، بـە شێوەیەکی وا، کە گشت کەسێك هەستی پێ دەکات.

دەڵێ: هیچ لەمپەرو بەربەستێك نەماوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات بەرەو ڕوخان ببات، ئەمەش نـەك تـەنها لـە میسـر، بـەڵکو گۆڕانکاری بەسەر ئافرەتی مسـوڵمان هێنـاوەو بـەرەو ئـەو خراپـەکاریو بەدڕەوشتی یەی بردون، کە ئافرەتی ڕۆژئاوای گرتۆتـەوە. ئەمـەش دەبێتـە مایەی مەترسیو خەتەرناکی ڕەوشتی کۆمەڵگە.

هەندێك گەنجو لاو بە کوڕو کچەوە سەیریان بەوە دێ، کـە نابـێ کـوڕو کچێك بە تـەنهایی لـە ژورێـك کۆبنـەوە، بـەڵکو دەبـێ برایـەکی، یـان

---

١) ئەم ئەدەبە بەرزەی ئیسلام، لە کوێ لە ئاست دابو نەریتی بێگانە فاجیرەکان، کە ئـەم جۆرە کۆبونەوەی پیاوو ژنی نامەحرەم بە تـەنهاییو تێکـەڵاوی ژنو پیـاو بـە کـارێکی ئاسایی دادەنێن.

با خوێنەر ئاگاداری ئەم چیرۆکە بێت، کە باسی ڕادەی هەڵوەشانەوەی ڕۆژئاوا دەکـات، کە لە ڕۆژنامەی (أخبار اليـوم) ژمـارە (٣)ی یۆنیـۆی سـاڵی ١٩٥٦ لـە ژمـارە ٦٠٨ لاپەڕە ٢ بڵاوی کردۆتەوە:

(پیاوێك لە ماڵەکەی خۆی، هاوسەرەکەی خۆی لەگەڵ پیاوێکی بێگانە بە ڕوتی گرتوە، وەك ڕۆژی لە دایك بونیان، بۆیە لە دادگـا سـکاڵای بـەرز کردۆتـەوەو داوای جیابونـەوە (طلاق)ی کردوە لە هاوسەرە داوێن پیسەکەی، کە سوکایەتی بە کەرامـەتیو کەرامـەتی ماڵی هاوسەری یەتی پێززی کردوە، بەڵام دادگای ئینگلیـزی لـە یـەکێ لـە دادگاکـانی لەندەن، ڕەفتاری ئەم پیاوە کۆنەپەرستەی بە دڵ نەبوە، کە لەگەڵ پێشکەوتنی ڕۆژئاواییو کۆمەڵایەتی ناگونجێ!! بۆیە حوکمیان دا بە ڕەتکردنەوەی داواکەی، بـە پاسـاوی ئـەوەی لەسەر پیاو (هاوسەر) پێویستە ڕەچاوی بارودۆخو دابو نەریت بکات!!!).

خوشکێکی لەگەڵ بێ. بە بیروبۆچونی ئەم گەنجانە ئەم شێوازە، ڕێگەگرتنە لە سەربەستیو ئازادی یان، دیارە ئەوەش بە مەبەستی ئارەزوو هەواو هەوەسیانو ئارەزووبازیان، ئەمە دەڵێن.

ڕۆژنامەی (الجمهورية)ی میسری لە ڕۆژی ٩ی یۆنیۆی ١٩٦٢ سەروتارێکی بڵاوکردەوە لەژێر سەردێری: (ئافرەتێکی نوسەری ئەمریکی دەڵێ: مەهێڵن کوڕو کچ تێکەڵاو بن، ئافرەتان ببەستنەوە).-سەروتارەکە بە کورتی باس دەکەین-:

ناوی ئافرەتە نوسەرەکە (هیلسیان ستانسبری)یە، کە ڕۆژنامەنوسێکی ناودارە. ئەم ئافرەتە نوسەرە سەردانی زانکۆکانو سەربازگەکانی لاوانو دامەزراوە کۆمەڵایەتی یەکانی کۆماری میسری کرد، جا دەڵێ: کۆمەڵگەی عەرەبی (مەبەستی پێ ئیسلامی) کۆمەڵگایەکی ڕێكو پێكو ساغەو، لە سروشت (طبيعة) باشی ئەو کۆمەڵگایە ئەوەیە، کە پابەندی خوو نەریتیانن، کە کوڕو کچ لە سنورێکی مەعقولو دیاریکراودا ڕەفتار دەکەنو، نەریتێکتان هەیە، کە بەرەڵڵایی سێکسی بە حەرام دادەنرێت، کە ئەمە لە ڕۆژئاوا بە ئاسایی دادەنرێو هەڕەشەش لە کۆمەڵگاو خێزانی ئەورووپاو ئەمریکا دەکات...

لەبەر ئەوە ئامۆژگاریم ئەوەیە، پابەندی ڕەوشتو خوو نەریتتانو، تێکەڵاو نەبونی کچو کوڕ بن. سەربەستی ئافرەتان سنوردار بکەنو بگەڕێنەوە چەرخی بالاپۆشیو سەرپۆشین. کۆمەڵگەی ئەمریکی بوەتە کۆمەڵگەیەکی وشكو بێ سۆزو عاتیفە، پڕە لە بەرەڵڵایی کاری جنسیو ئافرەتی ڕوت، بونەتە قوربانی تێکەڵاوی سەربەستی بێسنور، کە لاوەکانیان تەمەنیان پێش ئەوەی بگاتە بیستساڵی لە گرتوخانەکانو

شۆستەکان‌و خانوە نهێنی‌یەکان دەبینرێنەوە! ئەو سەربەستی یە بێ سنورەی بەخشیمان بە کچ‌و منداڵەکانمان، وای لێ‌کردن ببن بە چەتەکانی (جیمس دین)و چەتەی مادده بێ‌هۆشکەرەکان‌و کۆیلە سپی یەکان.

تێکەڵاوی کوڕو کچ‌و بەرەڵڵایی‌و سەربەستی، لە کۆمەڵگای ئەوروپی‌و ئەمریکی، خێزانی خستە مەترسی‌یەوەو قییەم‌و ئەخلاقی خستە لەرزە، لە گرنگترین ئەو قسەیەی لە ڕێگەی گومڕایی زانستی هاتە ناو ئوممەتەکەمان ئەوە بو، تێکەڵاوی نێوان کوڕو کچ سروشتەکان پاك دەکاتەوەو دەبێتە شتێکی ئاسایی‌و، بیرکردنەوە لە مەسەلەکانی جینس کەم دەکاتەوە.. ئەمەش درۆیە بە دەمی زانستەوە دەکرێ، کە واقعی ژیان ئەمە بە درۆ دەخاتەوە. پەیوەندیم بە یەکێك لە زانا دەروونناسە میسرییەکانەوە کرد، کە باوەڕیان بەم تیۆرە گەندەڵە هەبو، پێم گوت: گەر ئەمە ڕاست با، دەبوایە ئەو تێکەڵاویە تەواوەی ژن‌و مێرد ببێتە هۆی دورکەوتنەوەیان لە مەسەلەکانی جنسی! ئەمەش ڕاست نی‌یە.

ئــەی ژنــی مێــردداری وریــابــە!

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**لا تباشر المرأة فتنعتها لزوجها كأنه ينظر إليها**))[1] ، واتــە: بـا ئـافرەت وەسـفی جـوانیو شـۆخو شـەنگی ئافرەتێکی تر بۆ مێردەکەی نەکات بەو شێوەیەی، کـە وا لـە مێردەکـەی بکات تەماشای بکات، ئاوا وەسفی دەکات، کـە دەیهێنێتـە پـێش چـاوی وەك بلێی تەماشای دەکات.

ئەم تەوجیهەی پێغەمبەر ﷺ، دەرونی ئـادەمیزاد بـە دیـار دەخـاتو دەیناسێنێو مەترسی یەکەشی دەخاتە ڕو، کە زۆرجار بەهۆی وەسف کردنی ئافرەتێك بۆ پیاو، دەبێتە هۆی ئەوەی دڵی پیاوەکە بۆ لای ئافرەتە وەسـف کراوەکە بچێ، نیازی خراپی هەبێو ئافرەتەکە ببێتە نێچیری خۆشەویستی.

هیچ گومانیش لەوەدا نیە ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ۝ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ﴾.... بە ئارەزوی خۆی قسە ناکات، هەرچ دەیلێ لە خواوە تێگەیەنراوە﴾(النجم : ٢-٣).

ئیبن القیم دەڵێ: ئەو شتانەی دەبنە هۆی خۆشەویستی بۆ خۆشەویستراو چوارن:

یەکێکیان: تەماشاکردن بە چاو، یان بە دڵ، کـە بـۆی وەسـف دەکـرێ، چونکە زۆربەی خەڵك خۆشەویستی یان بەبێ بینیـن بۆ دروست دەبێ.

جـا لەبـەر ئەمـە پێغەمبـەر ﷺ حـەرامی کـردوە ئـافرەت وەسـفی ئافرەتێکی تر بۆ مێردەکەی بکات[2]..

---

١) رواه أحمد في المسند والبخاري وأبوداود والترمذي (حديث صحيح) .

٢) روضة المحبين، لاپەڕە ٨٨ .

پاراستنی ئافرەتو پارێزگاری کردنی

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((لا يَحِلُّ لإمرأة تؤمن بالله واليوم الآخر أن تسافر سفراً يكون ثلاثة أيام فصاعداً إلا ومعها أبوها أو أخوها أو زوجُها أو إبنُها أو ذو مَحْرَمٍ))[١]، واتە: ئافرەتێك کە بڕوای بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی هەیە، بۆی حەلاڵ نیە سەفەر بۆ شوێنێك بکات، کە ماوەکەی لە سێ ڕۆژ بەرەو سەرەوە زیاتر بێت. مەگەر باوکی، یان براکەی، یان مێردەکەی، یان کوڕەکەی، یان مەحرەمێکی لەگەڵ دابێ.

پیاوێك دانی بەم ڕاستی‌یە هێناو دەڵێ: لە شارێك بوم، بە دوای ژنەکەم نارد، کە بێتە لام، ئەویش لە شارێکی تر بو. جا لە کاتی دیاریکراودا چاوەڕوانیم کرد، بەڵام فڕۆکەکە هەر نەگەیشت. لە فڕۆکەخانەکە بە تەلەفۆن پرسیارم کرد، ئەوانیش گوتیان: فڕۆکەکە شتێکی خراپ بوەو ئیش ناکاتو ناچار بوە بە مەبەستی چاك کردنەوەی لە شوێنێك بنیشێ، پاش سەعاتێکی تر فڕۆکەکە دەگاتە شوێنی خۆی، پاشان فڕۆکەکە گەیشت..

ژنی پیاوەکە لەسەر فڕۆکەکە دابەزی، مێردەکەشی چو لە تەنیشت ژنەکەی ڕاوەستا. ئەو ئافرەتەی خزمەتی ناو فڕۆکەکە دەکات (مضيفة) بە ژنەکەی گوت: خواحافیزیت لە فڕۆکەوانەکە کرد؟ کاتێ ئەو قسەیەی گوت نەیزانی ئەو پیاوەی لە تەنیشت ژنەکەیە مێردیەتی.

مێردی ژنەکە زانی چی ڕویداوەو چی بوە، چونکە فڕۆکەوانەکە فێڵی لە سەرنشینەکان کردبو بە بیانوی بونی خەلەلێك لە فڕۆکەکە، کە ماوەی

---

١) رواه البخاري ومسلم وغيرهما .

کاتژمێرێك پێویستی بە چاککردنەوە هەیە، جا فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەیەك نیشـــتوەو سەرنشـــینەکانیش دابـــەزیون، پـــاش تێپـــەڕبونی کاتـــژمێرێك سەرنشـــینەکان گەڕابونـــەوە نـــاو فڕۆکەکـــە، لـــە مـــاوەی ئـــەم کاتـــژمێرەدا فڕۆکەوان‌و یاریدەدەرەکەی ئیشی خۆیان لەگەڵ بەجێ هێنابو، واتە: زینـایـان لەگەڵ کردبو! ئەم ڕوداوە مایەی پەندو ئامۆژگاری‌یە بۆ ئەو کەسـەی پەنـدو وانە وەردەگرێت.

ئافرەت لە کاتی سەفەرکردندا، کە یەکێکی مەحرەمی لەگەڵدا دەبێ، ئـەم مەحرەمـە دەبێتـە سـودمەند بـۆی، بـەوەی یارمـەتی دەدات‌و لـە دەستدرێژی دەیپارێزێت.

یـەکێك لـە ئافرەتـە بـەرەڵاو گاڵتـەجاڕەکان، کـە گوێبیسـتی ئـەم فەرمودەیەی پێشەوە بو، بەلایەوە سەرنج ڕاکێشەرو گـرنگ نـەبو. ئـەوەبو خوای گەورە وای ڕێـك خسـت لەگـەڵ خێزانەکـەم سـەفەر بکـەم، کاتێـك ئافرەتەکە هـات خـوا حافیزیـان لـێ بکـات، بـینی مـن چـۆن بومەتـە یارمەتیدەری ژنەکەم لە هەڵگرتنی کەل‌و پەلی سەفەر. ئەو کاتە دانـی بـە حیکمەتی فەرمودەکەی پێغەمبەر ﷺ دانا.

ڕوانینی حەرام تیرێکە لە تیرەکانی شەیتان(١)

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ (النور: ٣٠-٣١)، واتە: بە پیاوە بڕوادارەکان بڵێ: با چاویان و نەوی کەن لە ئاست ئافرەتی بێگانە (نامەحرەم)، با داوێنیان بپارێزن لە خراپەکاری و زینا و گوناه و تاوان. ئەم چاو دانەواندنە بۆ دڵی ئەوان پاکترو باشترە، خوای گەورەش ئاگادارە بەوەی ئەنجامی دەدەن. هەروەها بە ئافرەتە بڕوادارەکانیش بڵێ با چاویان نەوی کەن لە ئاست پیاوی بێگانە، با داوێنیان بپارێزن لە زیناو خراپەکاری، با جوانی و ڕازاوەیی خۆیان بە دیار نەخەن، تەنها ئەوە نەبێ کە بەدیار دەکەوێ -ئەویش دەم و چاوو دو دەستەکان دەگرێتەوە-، با سەرپۆشەکانیان بەسەر سنگ و بەرۆکیاندا بێننە خوارەوە.

---

١) بێداری و هۆشیاری ئیسلام چەندە گەورەیە، کە لێ نەگەڕاوە مسوڵمان بە پێی هەواو ئارەزوو ڕەفتاری جنسی خۆی، پلان بۆ خۆی دابنێ، هەتا گەر تاوانی زینای لێ ڕودا، خۆی و کەسانی تر بە هیلاك بدات و شایستەی سزای دنیا و ئاخیرەت بێت، بەڵکو ئیسلام هەموو ئەو دەروازە خراپانەی دەبنە هۆی تێوەگلان بەم تاوانە ناشیرینە، لەبەردەمی دادەخات: وەك ڕوانینی حەرام و سفوریی و خۆپۆشتە نەکردن و تێکەڵاوی کچ و کوڕو خۆ چواندن بە ئافرەتە بێبڕواکان و، نیشتەجێ بوون لە نزیکیانەوەو، فەرامۆش کردنی باڵاپۆشی و شتی تر، کە هەموو ئەم پێشەکیانە بەرەو خراپترین سەرەنجام کێش دەکات.

پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ((إن الله كتب على ابن آدم حظّه من الزنى، أدرك ذلك لا محالة، فزنى العين النظرُ، وزنى اللسان النطق، والنفس تتمنى وتشتهي، والفرج يصدّقُ ذلك أو يكذّبه)) (رواه البخاري ومسلم وأبو داود والنسائي)، واتە: خوای گەورە بەشی زینای لەسەر ئادەمیزاد نوسیوە، مەحاڵیشە کە ئەم بەشە دەبینێ، ئەم زینایەش لەمانە پێك دێت: زینای چاو تەماشاکردنە بە حەرامی، زینای زمان بەکارهێنانێتی بە خراپەکاری، نەفسی مرۆڤیش هەردەم داوای ئەم کارە دەکاتو ئارەزویەتی، ئەو کاتەش (داوێن- فرج) ڕۆڵی خۆی دەبینێ، کە یان زیناکە دەکات، یان نایکات.

جەریری کوڕی عبداللە گوتویەتی: ((سألت رسول الله ﷺ عن نظرة الفجاة فامرني أن أصرف بصري))[1]، واتە: دەربارەی تەماشاکردنی لەناکاو ئافرەت، پرسیارم لە پێغەمبەر ﷺ کرد، فەرمانی پێکردم کە چاوم لێی لادەم.

ئیمام إبن القیم دەڵێ: (نظر) نەکردن چەند سودێکی هەیە:

یەکەم: ڕزگارکردنی دڵ لە ئازاری حەسرەت هێنان.

دوەم: ڕۆشنایی‌و ڕەنگدانەوە لە دڵ بەجێ دەهێڵێ، کە لە ڕوخسارو ئەندامەکانی لەش بە دەردەکەوێ.

سێیەم: دڵ بەهێز دەکاتو ئازایەتی پێ دەبەخشێ.

چوارەم: خۆشی‌و شادی‌و دڵ فراوانی دەدات بە دڵ، کە خۆشی‌یەکەی لە خۆشی تەماشاکردنەکە خۆشترە.

پێنجەم: دڵ ڕزگار دەکات لە دیلی‌و بەندایەتی شەهوەتو ئارەزوبازی.

---

١) رواه مسلم.

شەشەم: دەرگایەك لە دەرگاكانی دۆزەخی لەسەر دادەخات.

حەوتەم: عەقڵ بەهێزو زیـــــاد دەكـات، چـونكە بـەرەڵلاكردنی چـاو بـۆ تەماشاكردنی حەرام، لە كەمی عەقڵەوەیە...أ.هـ. (١).

ڕاشـكاوییەكی ئاشـكرا (صـراحة مكشوفـة)

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((إذا رأى أحدكم إمرأةً، فوقعت في قلبه، فليعْمَدْ إلى امرأته، فليواقعها، فإن ذلكَ يُردُّ ما في قلبه))(٢)، واتە: ئەگەر یەكێك لە ئێـوە ئـافرەتێكی بـینیو كەوتــە دڵــی یــەوە، بـا بچـێتەوە لای ژنەكەیو لەگەڵیدا جوت ببـێ، چـونكە ئـەم جوتبونـە دەبێتـە هـۆی رەت كردنەوەی ئەوەی كە چۆتە دڵیو دڵی پێی دادەمركێ(٣).

---

١) بەكورتكراوەیی لە (روضة المحبيـن)، لاپەڕە، ٩٥-١٠٢ وەرگیراوە.

٢) رواه مسلم.

٣) بەڕاستی تەوجیهێكی پڕ لە حیكمەتو بەرزە، بە تایبەتی لە ڕۆژگارێكی گەندەڵی وەك ئەمڕۆ، ئافرەتان زیاد لە سنور لادان خۆیان لە پۆشاك داماڵیوەو، خۆیان كردۆتـە مزراحـی دەستی گاڵتەجاڕی ئافرەتان، بونەتە پەیڕەوكارو جێبەجێكەری زنجیرە تەمسـیلی یەكانی بێگانە لە دوای دۆبلاج كردنیان بۆ زمانی عەرەبی. ئافرەتان بە شێوەیەك خۆیان دەخەنـە ڕو و پۆشاكێك لەبەر دەكەن، كە هەر بەناو پۆشاكە،جا كە بەجۆرە خۆیان نمایش دەكـەن، سەرنجی گەنجو پیاوی پێ ڕادەكێشن، ڕەنگە سەریكێشێ بۆ خراپەكاریو داوێـن پیسـی. هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ لەم فەرمودەیەدا ڕێنمایی پیـاوان دەكـات، هـەركاتێ شـتێكی ئاوایان كەوتە بەرچاو و سـەرنجی ڕاكێشـانو ئارەزوی بزوانـدن، ڕاسـتەوخۆ بچـنەوە لای خێزانیان، ئەو گەنجانەش كە ژنیان نەهێناوە، دەبێ ئارام بگرنو زۆر بـەڕۆژو بن، هـەروا دوعا بكەن هەتا خـوای بەخشـندەكاری ژن هێنانیـان بـۆ ئاسـان دەكـات.. ئـەو جـۆرە ئافرەتانەش گەر تۆزێك ئابڕویان هەبێ، ڕێگە بەخۆیان نادەن ئەم جلە سەرشۆڕكەرە لەبەر بكەن. (وەرگێڕ)

دەبێ ژن لە داوای مێردەکەی بۆ جوتبون پەلە بکات

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((ثلاثة لا تقبل منهم صلاة، ولا تصعد إلى السماء، ولا تجاوز رؤوسهم: إمرأة دعاها زوجها من الليل فابت عليه ... الحديث))[1]، واتە: سێ کەس نوێژیان قبوڵ نابێ، بەرەو ئاسمانیش بەرز نابێتەوەو لەسەر سەریشیان زیاتر تێپەڕ ناکات: یەك لەو کەسانە ئەو ئافرەتەیە، کە مێردەکەی بەشەو داوای جوتبونی لێ دەکات، بەڵام ژنەکەی ڕازی نابێ وداواکەی جێبەجێ ناکات.

دەفەرموێ: ((إذا دعا الرجل إمرأته إلى فراشه، فلم تأته، فبات غضبان عليها، لعنتها الملائكة حتى تصبح))[2]، واتە: پیاو گەر داوای سەرجێیی لە ژنەکەی کرد، ژنەکەشی بە دەم داواکەی نەچو، مێردەکەشی لێی توڕە بێ و بەو حاڵەتەش بمێنێتەوە، ئەوا فریشتەکان نەفرین (لەعنەت) لەو ژنە دەکەن تا بەیانی دەکاتەوە.

هەروەها دەفەرموێ: ((إذا دعا الرجل إمرأته الى فراشه، فلتجب وإن كانت على ظهر قتب))[3]، واتە: پیاو گەر داوای سەرجێیی لە ژنەکەی کرد بۆ جوتبون، با ژنەکەی بەدەم داواکەی بچێ، ئەگەریش ئافرەتەکە لەسەر پشتی حوشتر بێ.

---

١) رواه أبن خزيمة (حديث صحيح) .

٢) رواه البخاري ومسلم وأبوداود والنسائي .

٣) رواه البزار (حديث صحيح) .

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((إذا دعا الرجل زوجته لحاجته فلتأته، وإن كانت على التنور))[1]، واتە: گەر پیاو داوای جوتبونی لە ژنەکەی کرد، با ژنەکەی بەدەنگییەوە بچێ، با ژنەکەی لەسەر تەندوری نان کردنیش بێ.

هەروا دەفەرموێ: ((والذي نفسي بيده ما من رجل يدعو إمرأته إلى فراشه فتأبى عليه إلا كان الذي في السماء ساخطاً عليها حتى يرضى عنها))[2]، واتە: سوێند بەو کەسەی نەفسی منی بەدەستە، هەر پیاوێك داوای سەرجێیی لە ژنەکەی بکاتو ژنەکەشی بە دەنگییەوە نەچێ، ئەوا ئەوەی لە ئاسماندایە تورە دەبێ، تا ئەوکاتەی مێردەکەی لێی ڕازی دەبێ[3].

١) رواه النسائي والترمذي (حديث صحيح).
٢) رواه البخاري ومسلم.
٣) زۆرجار لەبەر چەند ئیشوکارێك، ژن لە مێردەکەی دور دەکەوێو داواکەی جێبەجێ ناکات، جا بەمجۆرە ژنە دەڵێم: پێویستە لەکاتی داواکردنی سەرجێیی هەمو ئیشوکارو خەمو خەفەتێك بخرێتە لایەكو، هەمو ئیعتبارێك بخرێتە لایەکی تر! بەڕاستی ئەوکاتە چەند کاتێکی بەتامو خۆشو بەلەزەتە، کە ژنو مێرد بۆ لای یەکتری ڕادەکێشێو لەناو سۆزو خۆشەویستیان بۆ یەکتری بتوێنەوەو ببنە یەك جەستەو، تیشکی خۆشەویستیو ئەوین لەم کەشە جوانو خۆشە بەسەریاندا بڵاوببێتەوە.
بەبۆنەی قسەکردن دەربارەی ڕاسپاردەکانی پێغەمبەر ﷺ بۆ ژنان، کە پەلە بکەن بۆ بەجێهێنانی داوای مێردەکەی بۆ جوتبون، ئەم سەربردەیە باس دەکەین:
لە کتێبی (الاغاني) کەمێك بەکورتیو دەسکاریەوە هاتوە کە ئافرەتێك گوتویەتی:
((لەلای عائیشەی کچی تەڵحە بوم، گوتیان: ئەوە (عەمری کوڕی عبید)ە گەڕایەوە - واتە مێردی عائیشە-. منیش لاکەوتمو مێردەکەی چوە ژورەوە، جا بۆ ماوەیەك گوێم لە دەنگی دەستبازی ژنەکە بو، گوێم لە قسەی سەیرو سەمەرە بو.. هەر کە مێردەکەی چوە دەرەوە، بە عائیشەم گوت: تۆ ئەو پلەو پایەت هەیەو شتی وا دەکەیت؟! ئەویش گوتی: ئێمە ئەوەندەی لەتوانامانداا هەیە، بەدەم ئەو کەڵەپیاوانەوە دەچینو بەدەم ئەو شتانەوە دەچین، کە دەمانبزوێنێ.. کەواتە من چ شتێکی خراپم کردوە! گوتم: حەزم دەکرد بەشەو

ئەوەتان بکردبایە. ئەویش گوتی: گەر بەشەو بایە ئەوە بۆ وی زۆر گەورە بو، خۆی پێ نەدەگیرا، چونکە ئەو هەرکە من دەبینێ ئارەزوی دەجولێ‌و دەستی بۆم دێنێ‌و منیش بە ئارەزوی ئەو دەکەم، بۆیە ئەوە ڕودەدات، کە دەیبینی!))

لەم فەرمودانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە پێغەمبەر ﷺ داوا لە ئافرەت دەکات بە زویی‌و بە پەلە ئارەزوی جنسی مێردەکەی تێر بکات، ئەمەش لەبەرچەند شتێك، لەوانە: لەو کاتەی ئافرەت بە دەنگی مێردەکەیەوە ناچێت، مێردەکەی وا دەزانێ ژنەکەی خۆشی ناوێ، دیارە ئەوەش سەرەنجامەکەی باش نابێت، جێبەجێکردنی داواکاری پیاو ئەوە ناگەیەنێ، کە ژن ملکەچی مێردەکەی بێ‌و بۆی بچێتە ژورەوە، بەلکو دەبێ ژنەکەش وەك پیاوەکە ئامادەیی هەبێت‌و، ئارەزوی جوتبونی هەبێ‌و ئارەزو لەگەڵ یەکتریدا بگۆڕنەوە. هەروەها ژنەکە نابێ ساردی خۆی پیشان بدات، چونکە گەر ژن ئامادەیی خۆی دەرنەبڕیو سارد بو، ئەوا بیرۆکەیەکی خراپ لەلای مێردەکەی دروست دەبێ.

لەسەر ژن پێویستە لەگەڵ مێردەکەی تەفاهومی هەبێت‌و بە ڕاشکاوی لە بارەی هەمو شتێکی جنسی قسەی لەگەڵدا بکات. گەر ئارەزوی جنسی مێردەکە لە سنوری خۆی زیاتر بو، ئەوا لەسەر ژن پێویستە بە لێزانی‌و دانایی ئەو چالاکی‌یە جنسی‌یەی مێردەکەی بە چالاکی تر پڕ بکاتەوەو، فکرەی جنسی لەلای کەم بکاتەوەو لە بیری بباتەوە، ئەوەش لە کاتێکدا گەر مێردەکەی ڕێژەی جوتبونەکەی لە سنوری مام ناوەندی زیاتر بو، کە لە هەفتەیەکدا دو جارە. گەر جوتبون لەم سنورە زیاتر کرا، بە تایبەتی پاش تێپەڕبونی ماوەیەکی درێژ بەسەر ژن هێناندا، ئەوا دەبێتە هۆی لاوازی‌و بێ‌هێزی جەستەو لاشەو عەقڵ‌و جینس.

بەم بۆنەوە گرنگترین شت، کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە، کە زۆر ئافرەتی مێردار، بە هۆی نەشارەزاییان لە مانای رابواردنی جنسی، لە پیاوان دور دەکەونەوەو بەردەوام دەبن لەسەر ساردی نواندن، جا گەر پیاو (مێرد) شارەزا نەبێت بە وروژاندنی، بە گەمەو یاری درێژخایەن، بە تایبەتی شوێنە هەستیارەکانی ژن، گەر ئەو هاوسەریەتی یە ئاوا بەردەوام بێت، ئەوا ژن بەدەم داوای مێردەکەی نایەت، ئینجا گیروگرفت‌و کێشە دروست دەبێت.

لە هۆیەکانی دورکەوتنەوەی ژن لە مێردەکەی، زۆر جار بە هۆی خواپەرستی یەکی لارو خوارەوەیە، تەنانەت هەندێ ژن خۆیان لە مێردەکانیان دور دەگرن، ئەمەش لە ئاکامی

ئاراستەكردنی قوتابخانە خراپەكەیانە، كە ئیسلام لێی بەری یە، ئیسلام هاوسەریەتی بە عیبادەت داناوە.

ئامۆژگاریم بۆ پیاو (مێرد) ئەوەیە، هەر تەنها پشت بەو فەرمودانە نەبەستن، كە هانی ژن دەدات لەسەر بەدەمەوە هاتنی داوای مێردەكەی، بەڵكو لەسەریەتی كە سەلیقەدار بێتو تەنازول بكات لە خۆویست (أنانی)و پەلەكردن بۆ جوتبون، پێویستە تواناداربێت لەسەر سەرنج راكێشانی هاوسەرەكەی. گوتراوە ئافرەت وەك ئامێری مۆسیقا وایە، بە دەستی مۆسیقاژەنێكی كارامە نەبێت ناژەنرێ.

چەنـد مەترسیەك هەڕەشە لە خێزان دەكەن

مەترسی خزمی مێـردو هاوڕێیانی خێزان

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((إياكم والدخول على النساء، فقال رجل: يا رسول الله! أرأيت الحمو؟ قال: الحمو الموت))[١]، واتە: نەكەن ئێوە بچنە شوێنێك... ژورێك كە ئافرەت بە تەنها لەو ژورە بێت. پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا: ئەی گەر برای مێردەكەی بێت؟ پێغەمبەر فەرموی: ئەمەیان هەر مردنە، بە واتای جێگەی فیتنەو نزیكی سەركێشی خراپەكارییە، چونكە خراپەكاریو مەیل بە لایاندا كارەكەی ئاسانتر دەبێ..

بە هۆی فەرامۆشكردنی ئەم فەرمودە پیرۆزە، چەندەها كێشەو گیروگرفت هاتۆتە كایەوەو بۆتە هۆی روخاندنی بنەماكانی خێزان. نمونەی (الحمو): بریتی یە لە هاوڕێیانی مێردو ناسیاوانی ژن، كە زۆرجار مەترسی خراپەكاری لەوانەوە دروست دەبێ. زۆر كەسیش بێئاگا لە فەرمانەكانی خواو پێغەمبەر، دیدو بۆچونیان وایە، كە هاوڕێیانی مێردو ناسیاوانی ژن جێگەی مەترسی نین. جا شەوانە لەگەڵیان دەمێننەوەو سەهرەیان لەگەڵ دەكەن.

ئەوەی بە ڕاستی و واقیعی ڕویداوە ئەوەیە، كە یەكێك لەو جۆرە كەسانە لەماڵی خۆیدا هاوڕێكەیو ژنەكەشی دەعوەت كردبو، كاتێك میوانەكان هاتن، ئەو پیاوە دەستی كرد بە تێكردنی مەی بۆیان، پیاوەكە ڕێژەی مەیەكەی بۆ هاوڕێكەی زیاتر تێ دەكرد، بەڵام بۆ ژنەكەی كەمتری تێ دەكرد، بۆ خۆیشی كەمێكی دەخواردەوە، تا زۆر سەرخۆش نەبێو بە

---

١) رواه البخاري ومسلم.

ئاگا بێ و نیازه گلاوه‌که‌ی بێنێته دی. پاش تێپه‌ڕبونی سه‌عاتێك، یان زیاتر هاوڕێکه‌ی سه‌رخۆش بو ئاگای له خۆی نه‌ما، چاوچاوێن و گه‌مه‌و یاری له نێوان پیاوه‌که‌و ژنی هاوڕێکه‌ی ده‌ستی پێ‌کرد، چونکه ئه‌ویش سه‌رخۆش بو. جا هه‌ر له نزیك مێرده‌که‌یه‌وه پیاوه‌که زینای له‌گه‌ڵدا کرد.

هه‌روه‌ها ئافره‌تیش، که هاوڕێی خێزان بێ، مه‌ترسیه‌کی له پیاوی هاوڕێی خێزان که‌متر نیه، که‌واته ده‌بێ زۆر ئاگادار بین.

له ویلایه‌تی فلۆریدا له نێو چینی ده‌وڵه‌مه‌ندان تاوانکاریه‌کی قێزه‌ون ڕویدا!! که کورته‌که‌ی به‌م شێوه‌یه‌یه:

ژنێك حه‌زی له پزیشکێکی لاو کرد، که له ڕێی مێرده‌که‌یه‌وه له یه‌کێ له ئاهه‌نگه‌کان له یانه‌یه‌کدا یه‌کتریان ناسی، که مێرده‌که‌ی زۆر هاتوچۆی ئه‌م یانه‌یه‌ی ده‌کردو ژنه گه‌نجه‌که‌ی له‌گه‌ڵ خۆی ده‌برد... جا ژنه‌که‌ی به پێی باوو نه‌ریتی چینی ده‌وڵه‌مه‌ندانه‌وه داوای له‌م گه‌نجه کردو سه‌مای له‌گه‌ڵ ده‌کرد!! جا په‌یوه‌ندی له نێوان ژنه‌که‌و پزیشکه گه‌نجه‌که پته‌و بوو که ناوی (أنطون) بوو، له‌سه‌ر زه‌واج پێکهاتن..

به‌ڵام گرفت ئه‌وه‌یه چۆن له‌م مێرده‌ی ده‌رباز بێت، که زۆر خۆشی ده‌وێت، هه‌روه‌ها چۆن له دوو مناڵه بچوکه‌که‌ی ده‌ربازی بێت... به‌ڵام پزیشکه‌که هانی ژنه‌که‌یدا، که ژه‌هر بخاته نێو خواردنی مێرده‌که‌ی و مندالـه‌کانی ئه‌وه‌بوو ژنه‌که تاوانه‌که‌ی ئه‌نجام داو... له‌گه‌ڵ عاشقه‌که‌ی به ئۆتۆمبێل ڕای کرد...

له‌و کاته‌ی پۆلیس به دوای ژنه تاوانباره‌که‌و دۆسته‌یه‌کدا ده‌گه‌ڕان، بینیان له دۆڵێکدا، که زۆر قوڵ نه‌بوو له نزیك ڕێگای گشتی ته‌رمی هه‌ردوکیان به شێواوی که‌وتووه. ئۆتۆمبیله‌که دوای وه‌رگه‌ڕانی، تانکی

بەنزینەکەی تەقیبۆوە:

ئەمەش تۆڵەی خوا بوو، کە بە زویی هاتەدی! (حضارة الإسلام) (٧٤ س ٤، ص ٩٩).

ئەمە نمونەیەکە کە لە هەزاران نمونەی زیانی تێکەڵاوی ژن و پیاوی نامەحرەم، جا ئایا پەندی لێوەردەگیرێ؟!

ئاگاداركردنەوە لە دەرخستنی جوانی و ڕازاوەیی ئافرەت

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَـٰبِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ﴾ (الأحزاب- ٥٩)، واتە: ئەی پێغەمبەر بە خێزانەكانتو كچەكانتو بە ئافرەتە باوەڕدارەكان بڵێ، با عەباكانیان بەسەر خۆیاندا بێننە خوارەوە[١]، ئەمە بۆ ئەوان

---

١) لە كتێبی (الأسلام والحياة الجنسية) هاتوە: ئەم چارەسەرە قورئانی یە، كە داوای خۆداپۆشین دەكات، سودەكەی تەنها لەسەر ئەو بارە دەرونی یەی لە پێشەوە باسكرا كورت هەڵ نەهاتوە، بەڵكو سودێكی كۆمەڵایەتی تێدایە، كە چارەسەركردنی قەیرانە!!! قەیرانی هاوسەرگرتن (الزواج)ـە.

لە بنەماكانی ئەم قەیرانە ئەو ڕوتی یەیە، كە لە كەنار دەریاو ئاهەنگەكانو، لە كۆبونەوەكانو كۆڕو شەقامەكانو هاوینەهەوارەكان، سەرنجی چاوی پیاوان ڕادەكێشێ... كە ئافرەتان جلیان لەبەرەو ڕوتیشن.

خواردنێكی موباح.. زەمینەیەكی كراوە.. جەستەكە لە هەمو شوێنێك لەبەر دەمیەتی، بە وتەیەكی شیرین یان بەڵێنێكی درۆ، ئەو جەستەیە لەوانەیە ببێتە مولكی ئەو پیاوە. ئافرەتەكەش فریوو چەواشە دەكرێ، نەفسەكەی دەكەوێتە ژێر دەسەڵاتی پیاوەكە، پاشان ژیانەكەی، وەك كچێكی شەریف كۆتایی دێتو، سەرەتای ژیانی وەكو كچی شەوانی دەست پێدەكات!! جا قەیرانی هاوسەرگرتن لە كۆمەڵگەدا بەو شێوەیە دەمێنێتەوە. جا مادام ڕوتی شتێكی باوە! هەمو قەدەغەكراوێكیش خوازراوە خەڵكی دوای دەكەوێ.

هەمو شتێكی كەم نرخ لە كاتی دەست بەسەراگرتنیدا، بایەخەكەی كەم دەبێتەوە! گەر كچ خۆی پۆشتە كات -یان بە عیبارەتێكی وردتر- گەر بە باڵاپۆشی خۆی پارێزگار بكات، ئەوا كوڕ ئاواتەخوازی دەبێو پەلەی هێنانی دەكات..

چاکترە بۆ ئەوەی بناسرێن و ئازار نەدرێن[1].

(ماری ودالن)، کە بە پەروەردەیەکی ڕۆژئاوایی گۆش کراوە، وتەکەی چەند جوانە، کە لە کتێبەکەی (فن العلاقات الجنسية)دا گوتویەتی:

((کچان شوێنەوارێکی مەعنەوی گەورە هەڵدەگرن، کە پەیوەندی بە سیرەی گەنجانەوە هەیە، ئەوەندە بەسە، کە پۆشاکەکەی فەرامۆش بکاو گرنگی پێ نەدات، یان لە پەخشان کردنی قژی زیادەڕۆیی بکات، ئەو شوێنە بەدەربخات، کە پێویستە بشاررێتەوەو چاوەکان نەیبینن، وا دەکات گەنجان بە چاوێکی دیاریکراوەوە بڕواننە ئەو.

ئافرەت بە جوڵەو ڕوانینەکانی و هەڵس و کەوتی، دەتوانێ سەرنجی تەماشاکەر بۆ خۆی ڕابکێشێ و چەند بیرۆکەیەکی لەلا دروست بکات، کە بەرەو کرداری ناشیرینی ببات.

لەوانەیە بگوترێ: پێویستە پیاوان ئارەزوەکانیان کپ بکەن، بێگومان ئەوە لەسەریان پێویستە، ئێمە گازاندە لێ‌کردنیان کەم ناکەینەوە، بەڵکو ئەوان شایستەی گازاندەی زۆرن، بەڵام ئەو کچەی تەڵە بۆ ڕێگای گەنجان دادەنێتەوە، کچێکی تاوانبارە!! لەسەر ئافرەتە ببێتە مسۆگەری پاراستنی داوێنی پیاوان، نەك هۆیەك بێت بۆ ڕوخاندنی! هەروەها لە باری دایە بیپارێزێ وەك ئەوەی کە دەیپارێزێ.

گەر کچ هێزی خۆی ناسی، گەر پەرێزێکی عاقڵانەو خۆ بەکەم نواندنی ئەنجامدا، ئەوە دەتوانێ پیاو لە هەمو بیرۆکەیەکی پیس و خراپ دور بخاتەوە!!)).

لە کاریگەریە ترسناکەکانی (تبرج) لە ڕوی تەندروستی یەوە ئەوەیە، دەبێتە هۆی نەزۆکی ئافرەتان. لەم دواییەدا لە (صوفیا) پایتەختی بولغاریا، لەگەڵ قوتابی یەك دانیشتم، کە لەوێ دەیخوێند، ئافرەتێکی بولغاری کردۆتە هاوسەر، کە دکتۆرەیە، دەربارەی منداڵەکانی پرسیارم لێکرد، قوتابی یەکە گوتی: خێزانەکەم بە هۆی لەبەرکردنی تەنورەی کورت، دوچاری نەزۆکی بوە، لە ئاکامی سەرما بون بۆتە هۆی زیان گەیاندن بە منداڵدانی. جا ئەویش دەربارەی قەدەغەکردنی پۆشینی تەنورەی کورتی نوسی، کە کچانی هاوڕەگەزی لەم جلە ئاگادار دەکاتەوە.

١) لە خراپترین زیانەکانی (تبرج)، وروژاندنی گەنج و لاوەو هاندانیانە بۆ دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتی دەرخەری جوانی و ڕازاوە، بۆ بەڵگەی ئەمەش نمونەیەك دێنینەوە:
گەنجێکی خەڵکی لادێ شەوێك لە سینەما لەگەڵ هاوسەرە سفورەکەی دێتە دەرەوە، کە لەبەردەم خەڵکیدا شانازی پێوە دەکرد! جا تەکسیەك بەکرێ دەگرێت بۆ ئەوەی

هەروا دەفەرموێ: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ ﴾(الأعراف- ٢٧)، واتە: ئەی نەوەکانی ئادەم، با شەیتان نەتانخاتە ناو بەڵاو نارەحەتی، وەك باوكو دایكتانی لە بەهەشت دەرهێنا، لە بەهەشت دەری کردن بەجۆرێ، کە پۆشاکەکەیانی لێ داکەندنو بو بە هۆی ئەوەی، عەیبو عەورەتەکەیان دەرخاتو نیشانیان بدات.

دەفەرموێ: ﴿ وَقُل لِّلۡمُؤۡمِنَٰتِ يَغۡضُضۡنَ مِنۡ أَبۡصَٰرِهِنَّ وَيَحۡفَظۡنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنۡهَاۖ وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوۡ ءَابَآئِهِنَّ أَوۡ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوۡ

بیانگەیەنێتەوە گوندەکەی، لە ڕێگا شەیتان چوە ناو عەقڵی شۆفێرەکەو، بەهۆی دەرخستنی دیمەنی جوانیو ڕازاوەیی ژنەکە، یاری بە عەقڵی‌یەوە کرد، جا وای پیشاندا کە ئۆتۆمبیلەکە شتێکی خراپ بوە، ئۆتۆمبیلەکەی وەستاندو هاتەخوار بۆ چاككردنەوەی، لە کۆتایی داوای لە پیاوەکە کرد لە ئۆتۆمبیلەکە بێتەخوار بۆ ئەوەی لە دواوە کەمێك پاڵ بە ئۆتۆمبیلەکەوە بنێت، جا شۆفێرەکە یەکسەر ئۆتۆمبیلەکەی لێ خوڕیو ئافرەتەکەی فڕاند، مێردی ژنەکەش هەرچەندە داوای فریاکەوتنی کرد، بەڵام هیچ کەسێك بە هاواری‌یەوە نەهات.. جا گومانی خراپی لێ‌بکەو لە هەواڵەکەش مەپرسە کە چی ڕویدا! ﴿وَمَا ظَلَمَهُمُ ٱللَّهُ وَلَٰكِنۡ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ... خودا ستەمی لێ نەکردن، بەڵام خۆیان ستەم دەکەن.﴾.

جارێك بە یەکێك لە ئافرەتە ناسیاوەکانم گوت، خۆی پۆشتە بکاتو جوانیو ڕازاوەیی خۆی دەرنەخات، ئەویش وەڵامی دامەوە، کە من کۆنەپەرستم! منیش پێم گوت: بەڵکو تۆ کۆنەپەرستی، کە لاسایی ئافرەتە هەمەجی‌یەکان دەکەیتەوە کە خۆت ڕوت کردۆتەوە، هێشتاکەش هەندێکیان لە هەندێ وڵاتی ئەفریقی ماون، کە تەنها پاشو پێشیان دادەپۆشن!

گەر پێشکەوتن بە ڕوتی بێت، دەبوایە بزنو مەیمون لە پێشەوەی پێشکەوتن بان.

أَبْنَآئِهِنَّ أَوْ أَبْنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ أَخَوَٰتِهِنَّ أَوْ نِسَآئِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُهُنَّ أَوِ ٱلتَّـٰبِعِينَ غَيْرِ أُو۟لِى ٱلْإِرْبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفْلِ ٱلَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا۟ عَلَىٰ عَوْرَٰتِ ٱلنِّسَآءِ ۖ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾(النور- ٣١)، واتە: ئەی پێغەمبەر، بە ئافرەتە بڕوادارەکان بڵێ با لە ئاست پیاوی بێگانە چاویان نزم کەن‌و، داوێنی خۆیان لە خراپەکاری بپارێزن‌و، جوانی‌و ڕازاوەیی خۆیان بۆ پیاوی بێگانە بەدەر نەخەن، تەنها ئەوە نەبێ کە بەدەردەکەوێ، کە ڕوخسارو هەردو دەست دەگرێتەوە. با سەرپۆشەکانیان بەسەر سەرو سینگیان بێننە خوارو دایپۆشێ، با جوانی خۆیان بەدیار نەخەن، جگە لە مێردەکانیان‌و منداڵی مێردەکانیان، یان برایەکانیان، یان منداڵی برایەکانیان، یان منداڵی خوشکەکانیان، یان ئەو ئافرەتانەی خزمەتکاریانن‌و ئەو ئافرەتانەی کە هاوڕێیەتیان دەکەن، یان ئەو پیاوە خزمەتچی یانەی، کە لە پیاوەتی کەوتون‌و تواناى جیماعیان نیە، یان بۆ ئەو منداڵانەی ئیحتلامیان نەبوەو نەگەیشتونەتە ڕادەی ئارەزوکردنی ئافرەتان.. با بە پێیەکانیان لە زەوی نەدەن، کە لەم قاچ لە زەوی دانە دەنگی لێ دەردەچێ‌و، بەو دەنگە ئەو جوانی یەی شاردویەتیانەوە بزانرێ‌و سەرنجی پێ ڕابکێشرێ[1].

---

١) مامۆستامەودودی لە کتێبەکەی (الحجاب)دا گوتویەتی: لەوانەیە ئافرەت زمانی بێدەنگ بێ، بەڵام جوڵانەوەی تری شوێنی ئەو دەگرێتەوە، کە دەنگەکەی کار لە گوێی بیسەر

هــەروا دەفــەرموێ: ﴿ يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسۡتُنَّ كَأَحَدٖ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيۡتُنَّ فَلَا تَخۡضَعۡنَ بِٱلۡقَوۡلِ فَيَطۡمَعَ ٱلَّذِي فِي قَلۡبِهِۦ مَرَضٞ وَقُلۡنَ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا ﴿٣٢﴾ وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ وَأَقِمۡنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعۡنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ﴾ (الأحزاب: ٣٢-٣٣) ، واتــە: ئــەی ئافرەتــانی پێغەمبــەر، یەکێك لە ئێوە وەکو یەکێك لە ئافرەتەکانی تر نیە، لەبەر نزیکی ئێوە لــە پێغەمبەر، ئەگەر ئێوە لە خوا بترسن، ئێوە قیاس ناکرێن بــە ئافرەتــەکانی تر لەبارەی گەورەییتان، بە نەرمیو ناسکی قســە لەگــەڵ پیاوان مەکــەن، نەبادا ئەو کەسە نیفاقی لە دڵی هەبێت، قســە بــە گــوێرەی شــەرعی خــوا بکەنو ملکەچ بن، ئارام بگرن لــە خانوەکانتــانو ئۆقرە بگــرنو جــوانیو ڕازاوەیــی خۆتــان بــەدەر مەخــەن،[1] وەك ئــەو جــوانیو ڕازاوەیــی یــەی لەسەردەمی نەفامی یەکەم بــەدەریان دەخســت، نوێــژەکان ئــەنجام بــدەن و

دەکات، ئەمەش لە بابی نیەتی پیسەوەیە، کە ئیسلام قەدەغەی دەکــات بــە فــەرمودەی خوای گەورە: ﴿وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ﴾(النور-٣١).

١) (تــبرج) ئەوەیە ئافرەت ئەو ڕازاوەییو جوانیەی خۆی بەدەربخات، کە پێویستە لەســەری داپۆشێ، چونکە ئەو جوانیو ڕازاوەیی یە ئارەزوی پیاو دەبزوێنێ.. (فتح البیان)

لەو کاتەی (غلیوم) ئیــمپراتۆری ئەڵمانیا سەردانی تورکیای کرد، ئەندامانی کۆمەڵەی (الاتحاد والترقي) حەزیان کرد شارستانیەتی خۆیان پیشان بدەن، بۆیە دەســتیان کــرد بــە هێنانەدەری هەندێك لە قوتابی کچ، کە سفور بــون، چــەپکە گوڵیــان پێشــکەش کــرد، ئەویش سەری سوڕما لەوەی بینی، بە بەرپرسیارانی گوت: (ئاواتەخواز بــوم لــە تورکیــا بەرگی حیشمەتو حیجاب ببینم بە حوکمی ئــایینی ئیســلامیتان، کەچــی ئــەو سفورە دەبینم، کە ئێمە لە ئەوروپا پێوەی گرفتارین، کە بــەرەو لــەنێوبردنی خێــزانو تێکــدانی نیشتمانو منداڵ پەرتەوازەکردن دەبات!!).

زەکات بدەن و گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی بن.

خاتو عائیشە ڕەزای خوای لێبێ گوتویەتی: ((إن أسماء بنت أبي بكر رضي الله عنهما، دخلت على رسول الله ﷺ وعليها ثياب رقاق، فأعرض عنها رسول الله ﷺ وقال لها: يا أسماء! إن المرأة إذا بلغت المحيض، لم يصلح أن يُرى منها إلا هذا وهذا (وأشار الى وجهه وكفيَّه).))[1]، واتە: ئەسمای کچی ئەبو بەکر هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ پۆشاکێکی تەنکی لەبەر بو[2]، پێغەمبەریش ڕوی لێوەرگێڕاو پێی فەرمو: ئەسماء! ئافرەت کە توشی خوێنی بێنوێژی بو، بۆی نی‌یەو دروست نی‌یە، هیچ شوێنێکی ببینرێ جگە لە ڕوخساری‌و دەستەکانی.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((من جرَّ ثوبه خيلاء لم ينظُرِ الله إليه يوم القيامة، فقالت أم سلمة: كيف تصنع النساء بذيولهن؟! قال: يرخين شبراً، قالت: إذاً تنكَشف أقدامُهن! قال: فيرخين ذراعاً، ولا يزدن عليه))[3]، واتە: هەر کەسێك پۆشاکەکەی لەبەر لوت بەرزی لە دوای خۆی بخشێنێ، واتە درێژ بێت، خوای گەورە تەماشای ناکات، ئوم سەلەمە گوتی: ئەدی ئافرەتان چی لە دامەنیان بکەن؟!

فەرموی: با بستێکی بهێڵنەوە.

گوتی: کەواتە قاچیان بە دیار دەکەوێت.

---

١) لهذا الحديث طرق يقوي بها الى درجة الحسن.

٢) أبن عبدالبر گوتویەتی: (مەبەستی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە کە ئەو ئافرەتانەی پۆشاکی تەنك لەبەر دەکەن لەشیان تێدا دیارە، ئەوانە بەناو پۆشتەن، لە ڕاستیش دا ڕوتن).

٣) (أخرجه أصحاب السنن وهذا لفظ الترمذي).

فەرموی: با یەك گەز بهێڵنەوەو لەسەری زیاد نەكەن.

دەفەرموێ: ((ثلاثة لا تَسأل عنهم، رجلٌ فارق الجماعة، وعصى إمامه، ومات عاصياً. وأَمَةٌ أو عبد أبق فمات. وامرأة غاب عنها زوجُها- قد كفاها مؤنة الدنيا- فتبرجت بعده، فلا تسأل عنهم))[1]، واتە: سێ چین پرسیار دەربارەیان مەكەن، پیاوێك كە لە جەماعەت جیابوبێتەوەو لە پێشەواكەی یاخی بوبێتو بە یاخی بویی بمرێ، ئافرەتێكی كۆیلە یان پیاوێكی كۆیلە لە گەورەكەی هەڵاتبێ، ئافرەتێك مێردەكەی لە لای نەبێتو مێردەكەی پێداویستی دنیای بۆ دابین كردبێ، بەڵام دوای ئەو جوانیو ڕازاوەیی خۆی پیشانی پیاوی بێگانە دابێ، ئەوا لێیان مەپرسن.

هەروا دەفەرموێ: ((صنفان من أهل النار لم أرهما: قوم معهم سياطٌ كأذناب البقر، يضربون بها الناس! ونساءٌ كاسياتٌ[2] عارياتٌ، مائلاتٌ مميلاتٌ، رؤوسهن كأسنمة البخت، لا يدخلن الجنّة ولا يَرحْنَ ريحَها،

---

١) رواه أحمد في المسند والبخاري في الأدب المفرد والحاكم وصححه وأقره الذهبي وهو كما قالا.

٢) لە رسالەی (التبرج)ی ژنی دكتۆر محمد رضا هاتووە: هەر ژنێك لەماڵ دەردەچێتو، خۆی جوان كردبێتو ڕازاندبێتەوە، ئەوا بە زمانی خۆی دەڵێ: ئەرێ تەماشای ئەم جوانیە ناكەن؟

ئایا كەس هەیە لێم نزیك بێتەوەو كاری خۆی بكات؟

ئەو جۆرە ژنە لە بازاڕو شەقامەكان جوانی خۆی نمایش دەكات، وەك چۆن بازرگانی گەڕۆك كەلوپەلی خۆی نمایش دەكات، وەك چۆن پاقلاوە فرۆش، پاقلاوەكەی بە ڕەنگی جوانو كاغەزی درەوشاوە نمایش دەكات، بۆ ئەوەی سەرنجی كڕیار ڕابكێشێو بفرۆشرێو كڕیاری زۆر بێت، برسیەكان هەڵپەی بۆ بكەن)). لاپەڕە ٢٦، چاپی گۆڤاری (التمدن الإسلامی) لە دیمەشق.

وإن ريحَها لَتوجَدُ مِن مسيرة كذا وكذا))[1]، واتە: دو پۆل هەن ئەهلی ئاگرن، نەمدیون: کۆمەڵێك قامچی یان بەدەستە پێی لە خەڵکی دەدەن! ئافرەتانێك پۆشتەن‌و ڕوتیشن، بە لارو لەنجە دەڕۆن‌و سەرنجی پیاو بۆ خۆیان ڕادەکێشن، قژیان لەسەر سەریان کۆدەکەنەوە وەك کۆپانەی حوشتر، ئەوانە نە دەچنە بەهەشت‌و نە بۆنی بەهەشت دەکەن، کە بۆنەکەی لە ماوەی ئەوەندەو ئەوەندە بۆنی دەکرێ.

هەروەها دەفەرموێ: ((إن المختلعات و المنتزعات هُنَّ المنافقات)) (رواه الطبراني (صحيح)، واتە: ئەو ئافرەتانەی خۆیان ڕوت‌و قوت دەکەن‌و جل لە خۆیان دادەماڵن، ئەو ئافرەتانە دەغەڵن.

---

١) رواه مسلم

نابێ ئافرەت خۆی بەپیاو بچوێنێ و بە پێچەوانەوە

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبْنَ وَاسْأَلُوا اللَّهَ مِن فَضْلِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا﴾(النساء- ٣٢)[1]، واتە: ئاواتەخوازی شتێك مەبن، كە خوای گەورە فەزڵی كردوە بەسەر هەندێكیان دا، پیاوان لەوەی بە دەستی دێنن بەشێكیان بۆ هەیە، ئافرەتانیش

---

١) هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوەبو، كە ئوم سەلەمە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، پیاوان غەزا دەكەن و ئێمە غەزا ناكەین، ئێمە تەنها نیوەی میراتمان بۆ هەیە. جا ئەم ئایەتە هاتەخوار.. موجاهید ئەمەی گوتوەو (حاكم) بە صحیحی داناوەو (ذهبي) رازی بوە بەوە.
سەبارەت بە دابەزینی ئەم ئایەتە گوتراوە، كە ئافرەتان گوتویانە: ویستومانە خوای گەورە غەزامان لەسەر دابنێ، بۆ ئەوەی وەك پیاوان پاداشتمان بۆ بنوسرێ، ئینجا ئەم ئایەتە دابەزی.. ئەمە (عەكرەمە) گوتویەتی.
مانای ﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ﴾ ئەوەیە كە ئافرەت وەك پیاو پاداشت وەردەگرێ و گوناهی بۆ دەنوسرێ، هیچ جیاوازی نی یە لە هەر یەكێكیان دا، مەگەر بە گوێرەی تایبەتمەندی نەبێت، جا با ئافرەتان ئاواتەخوازی ئەوە نەبن وەكو پیاوان بن، چونكە پاداشت بۆ هەموان بە پێی سنوری كارەكەی دانراوە، پێویست بە هەڵ گەڕانەوەی ئافرەتان ناكات لەسەر ئەركەكانی ماڵەوەیان.
خوای گەورەش فەرمویەتی: ﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ﴾ (آل عمران- ١٩٥)، واتە: پەروەردگاریان بەدەنگیانەوە هات، كە من كردەی هیچ مرۆیەك –لە نێرو مێ- بەبێ پاداشت ناهێڵمەوە، گشتتان لەلای من چون یەكن.

بەشێکیان هەیە لەوەی بەدەستی دێنن، داوا لە خوای گەورە بکەن لە فەزڵی خۆی، خوای گەورە بە هەمو شتێك زانایە.

((لعن رسولُ الله ﷺ المتشبّهين من الرجال بالنساء والمتشبّهات من النساء بالرجال))[١]، واتە: پێغەمبەری خوا نەفرەتی لەو پیاوانە کردوە، کە خۆیان بە ئافرەتان دەچوێنن‌و، نەفرەتی لەو ئافرەتانە کردوە، کە خۆیان بە پیاوان دەچوێنن.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((ليس مِنّا مَن تَشَبَّه بالرجال من النساء، ولا من تشبّه بالنساء من الرجال))[٢]، واتە: ئەو ئافرەتانەی خۆیان بە پیاوان دەچوێنن لە ئێمە نین‌و، هەروا ئەو پیاوانەی خۆیان بە ئافرەتان دەچوێنن.

ئەبو هورەیرە گوتویەتی: ((لَعَنَ رسول الله ﷺ الرجل يلبس لبسة المرأة، والمرأةَ تلبس لبسةَ الرجل))[٣]، واتە: پێغەمبەری خوا نەفرینی لەو پیاوە کردوە، کە جلی ئافرەت لەبەر بکات، نەفرینی لەو ئافرەتەش کردوە، کە جلی پیاو لەبەر بکات.

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ((ثلاثةٌ لا يدخلون الجنّةَ ولا ينظرُ اللهُ اليهم يوم القيامة: العاقُّ لوالدَيْه، والمرأةُ المتشبهة بالرجال، والدَّيُّوث))[٤]، واتە: سێ کەس ناچنە بەهەشت، ڕۆژی قیامەت خوای گەورە تەماشایان ناکات: ئەو کەسەی ئازاری دڵی دایك‌و باوکی دەدات، ئەو ئافرەتەی خۆی

---

١) رواه البخاري وغيره.
٢) رواه أبو داود وسنده صحيح.
٣) رواه أبو داود والنسائي وإبن ماجة والحاكم وقال صحيح على شرط مسلم.
٤) رواه أحمد في المسند بسند صحيح

بە پیاوان دەچوێنێ و،[1] گەواد.

دەفەرموێ: ((أخرجوا المخنثين من بيوتكم))[2]، واتە: ژنانیەکان و نێرە موکان لە ماڵەکانتان دەرکەن.

---

١) لە گرنگترین هۆیەکانی قەدەغەکردنی خۆچواندن ئەوەیە، شوێنەوارێکی مەترسیدار لە دڵ و دەرون بەجێ دێڵێ، کە بۆ ڕفتار دەگوازرێتەوە، جا گەر ئافرەت خۆی بە پیاو بچوێنێ، ئەوا مەیلی بەلای کردەوەکانی پیاودا دەدات و سروشتەکەی دەگۆڕێت و مێیینەییەکەی لە دەست دەدات. هەمان حاڵەتیش بۆ پیاو پیادە دەبێت.. شاراوەش نیە کە ئەم کارە گۆڕینی فیترەتەو، مەرگەساتە بەڵام چ مەرگەساتێك.

لە گرنگترین ئەو شتانەی پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ، لە مەترسی خۆچواندن (تشبە) ئەوەیە" لە لەشی مرۆڤ چەند گلاند (غدة)ێك هەیە، کە هۆرمۆنی مێیینەو هۆرمۆنی نێرینە دەردەدات و، هۆرمۆنەکانی مێیینە زیاتر دەبێت بەسەر هۆرمۆنەکانی نێرینەو بە پێچەوانەوە، دیارە ئەمەش بەهۆی خۆچواندن و ڕەفتارکردنەوە دروست دەبێ. گەر ئافرەت خۆی چواند بە پیاو، جا چ لە جل و بەرگدا، یان لە جوڵە و نەریت و ئارەزوەکاندا، ئەوا ئەو گلاندە هۆرمۆنەکانی نێرینە زیاتر دەردەدات، ئەو کاتە سروشتی ئافرەتەکە بە سروشتی پیاو دەچێت، بە هەمان شێوەش لەلای پیاو.

مانای ئەمەش ئەوەیە، گۆڕینی ڕەفتاری ئافرەت، کار لە دەردانی ئەو هۆرمۆنانە دەکات، جا ئەگەر ئافرەت ڕێڕەوی پیاوی گرتەبەرو، لە جل و بەرگ و جوڵانەوەو کردەوەکانی خۆی بە پیاو چواند، ئەوا هۆرمۆنەکانی نێرینەیی زاڵ دەبێت بەسەر هۆرمۆنەکانی مێیینەدا، ئەوکاتەش ئافرەتەکە بە پیاو دەچێت، لەمەشدا وەرگێڕانی تێگەیشتنەکان و گۆڕینی فیترەتەو، بە فیڕۆدانی بەرزترین سروشتەکانیەتی، ئەو کاتەش وەك پیاوی لێ دێ، کە نە خۆی ڕازی دەکات و نە پیاوەکەشی.

هەروەها بە پێچەوانەوەش ڕاستە، ئەگەر پیاو ڕێڕەوی مێیینەی گرتەبەرو خۆی بەوان چواند لە هەڵس وکەوت و جل و بەرگیدا، تەنانەت لە ڕیش تاشینیشدا، ئەوا تایبەتمەندیەکانی پیاوەتی و هێز لە دەست دەدات.

ئەم کارەش لە ڕۆژئاوا بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ، کە خۆچواندنی ئافرەت بە پیاوان زۆرترە، پیاو وازی لە ئافرەت هێناوەو ئافرەتیش لە پیاو، هەردوکیان بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین مەیلیان داوە بە لای (شذوذ الجنسي)دا.

٢) رواه البخاري

لاڕێیی غەریزەی خۆ دەرخستن(١)

---

١) ئەم غەریزەیە پاڵ بە خاوەنەکەیەوە دەنێت خۆی دەربخات، گەر ئەمە بۆ بڵاوکردنەوەی کارە چاکەکانو ئاکارە باشەکان بێت، ئەوە کارێکی دروستو شەرعی یە. لە قورئانی پیرۆزدا لەسەر زمانی ئیبراهیم پێغەمبەر هاتوە، کە دوعای کردوە: ﴿رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾، واتە: ئەی پەروەردگارمان، ژنو منالانی وامان پێ ببەخشە، ببنە مایەی چاو ڕونیمان، بشمانکە پێشەوا بۆ خۆپارێزەکان.

کۆمەڵێك لە صۆفی یەکان هەوڵی دژایەتی کردنو خەفەکردنی ئەم غەریزەیان داوە، تەنانەت ابن عطاء الله السکندری گوتویەتی: (أدفن وجودك في أرض الخمول! فما ينبت مما يدفن، لا يتم نتاجه) واتە: وجودی خۆت لە زەوی بێ هێزی بنێژە، هەر شتێك نەنێژرێ سەوز نابێ و، بەرهەمەکەشی بەتەواوی نایەتە بەرهەم.. کە ئەمەی ناو ناوە (الحكم العطائية).

ئەم جۆرە گومڕا کردنەمان بینیوە؟! کە بەمجۆرە درۆو لاڕێبونە، دینی یان لەسەر مسوڵمانان مراندو بونە هۆی کزیو بێهێزیو داڕوخان، جا هەمو ئەوانە لە کوێو، وەسفی خوای گەورە بۆ بڕواداران لە کوێ، کە دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾، ﴿وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ و، فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ ((أنا سيد ولد آدم ولا فخراً!)) ؟!

ئەوەی جێی داخو دڵ گرانی یە ئەوەیە، ئەم غەریزەیە لەلای زۆر لە ئافرەتان بە چەوتی پیادە دەکرێ، بە شێوازی ناشیرین هەوڵی خۆ بەدەرخستنیان دەدەن، کە ڕازاوەیی خۆیان دەردەخەنو بۆن لە خۆیان دەدەنو عەوراتیان بەدەر دەخەن، کە وروژاندنی پیاوانی تێدایە.

ئافرەتێك لە یەکێك لە سەیرانگاکاندا، کە پیاوێك لە نزیکی یەوە بوە، لە لای پۆلیس سکاڵای کردو گوتی: ئەوپیاوە ئازارم دەدات، کاتێك پرسیاری لە پیاوەکە کرد سەبارەت بەمە، ئەویش گوتی پشتم تێکردوە بۆ ئەوەی تەماشای نەکەم، ئافرەتەکە گوتی: ئا ئەمەیە ئازارم دەدات، چونکە گرنگیم پێ نادات!

با ئەم جۆرە ئافرەتانە لە خوا بترسنو پۆشاکی حیشمەت بپۆشن، با دور بکەونەوە لە هەڵسو کەوتو کرداری وروژێنەر، بۆ ئەوەی شەرەفی ئەوانو شەرەفی پیاوان پارێزراو بێت،

خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿...وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾(النـــور-٣١)، واتە نابێ ئافرەتانی ئیماندار قاچیان بـدەن بـە زەویـدا(تـا دەنگـی خشڵو پاوانەکانیان بێت) و بزانرێت، کە زینەتدارو خشڵدارن، کەواتە، ئەی ئیمانداران! هەموتان بەرەو لای خوا بگەڕێنەوە، بەڵکو سەرافراز بن.

پێغەمبەریش ﷺ فەرمویەتی: ((أيما أمرأةٍ إستعطرت ثـم خرجـت، فمرت على قومٍ ليجدوا ريحها فهي زانية، وكل عـينٍ زانيـة))[1]، واتـە: هەر ئافرەتێك خۆی بۆن خـۆش بکـات[2] و پاشـان بچـێتە دەرەوەو بـە لای

ئەم هەڵسوکەوتو کردەوە وروژێنەرانە تەنها با بۆ مێردەکەی بێت.. با ئـافرەت حـەزی خۆ بەدەرخستن لە مەیدانەکانی پەروەردەی وەچەی چـاكو ئامـادەکردنی بـەرزە پیـاوانو بەرزە دایکان بەدەر بخات، وەك کە لە دوعـای ئیبراهیم؈ هاتوە.

١) رواه أحمد في المسند والنسائي حديث حسن .

٢) مامۆستا مـەودودی لـە کتێبەکـەی (الحجـاب)دا لـە ژێـر سـەردێری (فتنـة الطيـب) گوتویەتی:

بۆن خۆشی نێرەرێکە لە دەرونی خراپەوە دەچێتە ناو نەفسێکی خراپتر -مەبەستی گەر ئافرەتێك خۆی بۆن خۆش کردبێتو لە ڕێگا بێت- ئەوە ناسکترین هۆیەکانی هەواڵ دانو پەیامنێرایەتی‌یە، کـە سیسـتمی ڕەوشـتی گشـتی (مەبەسـتی نائیسـلامییە) بەسـوکی دادەنێ، بەڵام شەرمو شکۆی ئیسلامیو هەست ناسکی یەکەی، گەیشتۆتە ڕادەی ئـەوەی تەنانەت ئەم هۆکارە ناسکە، لە هۆکارەکانی فریودان فەرامۆش ناکات، ڕێگە بە ئافرەت نادات بە بۆن خۆشی بە ڕێگادا بڕوات، یان لە کـۆڕو مـەجلیس دابنیشـێ، بـا خۆیشـی داپۆشێو جوانیو ڕازاوەیی بەدەر نەخات، چونکە بۆنەکەی لەو شوێنەدا بلاو دەبێتـەوەو سۆزو عـاتیفە دەجولێنێ.. (ص٣١٩)

بەبۆنەی قسە کردن لەسـەر مەترسـی چونە دەرەوەی ئـافرەت بـە بـۆن خۆشی، ئـەم توێژینەوە بۆ دڵدانەوەو پەنـد وەرگـرتن بـاس دەکـەین، کـە لـە کتـێبی (الحلال) نسـاءٌ

کۆمەڵێك پیاودا بڕوات بۆ ئەوەی بۆنەکەی سەرنجیان ڕابکێشێ، ئەوا وەك زیناکەر وایە،[1] هەمو چاوێك زینا دەکات .

مفترسات، لاپەڕە ٩٦-٩٧ بە کورتی وەرگیراوە.
ئایا دەزانن نهێنی شاراوە لە دوای کۆبونەوەی چەند سەگێك لە دەوری دێڵە سەگێك، کە دەیەوێ جوت ببێ چی یە؟ ئەم پرسیارکردنە کە ماوەی چەند ساڵێکە لە ئارادایە، سەرنجی یەکێ لە زانایانی ڕاکێشا.. ئەویش ئەو گومانە باوەی هەبو، کە دێڵە سەگ -لە وەرزی زاوزێدا- بۆنێکی مێیینە دەردەدات، کە لە شوێنێکی دورەوە نێرینەکان بۆ خۆی ڕادەکێشێ، هیچ سەگێك ناتوانێت بیر لە جینس بکاتەوە، گەر ئەم بۆنە سحری یە نەیەت، جا ئەوکاتە غەریزەکەی دەبزوێ‌و، بە دوای ئەو دێڵە سەگە دەگەڕێ، کە بۆنەکەی دەرکردوە.
یەکێ لە زانایان ئەم ڕاستی‌یە دەگێڕێتەوە، کە سەرقاڵی تاقیکردنەوەی ئەو ماددەیە بوە، کە نێرینەی سەگ هەڵدەنێ‌و جنسی دەبزوێنێ، ڕۆژێك کارخانەکەی بەجێ دێڵێ‌و بە پێ دەچێتەوە بۆ ماڵ، کەمێك لەو ماددەیە بە جلەکانیەوە نوسابو، جا کۆمەڵە سەگێك بە بێ‌دەنگی‌و هاربو (هەڵچو) بەدوای کەوتن، خەڵکیش بەمە سەریان سوڕماو نەیانزانی هۆکەی چی‌یە.
ئەو بۆنە کاتێك لە دێڵە سەگ دەردەچێت، کە ئارەزوی جنسی هەبێت. جا ئەم بۆنە وەك پلیتی لێ گێڕانەوەی نهێنی وایە، کە هەوا هەڵی دەگرێ‌و دەیگوازێتەوە بۆ هەمو سەگەکانی ناوچەکە.. هیچ سەگێك ناتوانێت بیر لە جنس بکاتەوە، گەر ئەو نامە کیمیایی‌یە، یان سروشتی‌یەی پێ نەگات!! کە لوت دەیگوازێتەوە بۆ دەماری بۆن کردن‌و، لە کۆدەمارەکانەوە بۆ مێشك‌و، لە مێشکەوە بۆ لیکە ڕژێنەکانی جنسی، جا گڕ دەگرێ‌و خاوەنەکەی، جنسی گڕ دەگرێ‌و، سەگەکان کۆدەبنەوەو جەنگێکی وردو خاشکەر لەسەر دێڵە سەگەکە ڕو دەدات!! ئا بەو شێوەیە لە دواوەی ئەم بیرۆکەیە، دێڵە سەگەکە یاری خۆی ئەنجام دەدا.
١) مەناوی لە (فیض القدیر)دا گوتویەتی: بە واتای وەك زیناکەر وایە لە گوناهدا، با جیاوازیشی هەبێ، چونکە بکەری هۆیەکە، وەك بکەری هۆکارەکەیە، (الطیبي) گوتویەتی: ئافرەت کە بە بۆنخۆشی لە ماڵەکەی دەردەچێت، ئارەزوی پیاو دەوروژێنێت، وەك مەیل دانی زیناکردن وایە.

نابێ خۆ بە بێبڕوایان بچوێندرێ

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَاسْتَقِيمَا وَلاَ تَتَّبِعَانِ سَبِيلَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ﴾ (یونس- ٨٩)، ئەم ئایەتە ئاڕاستەی موساو هارون عليه السلام کراوە، واتە: بەردەوام بن لەسەر خواناسیو چاکەکاریو شوێن ڕێچکەی نەزانان مەکەون.

دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ﴾ (النساء- ١١٥)، واتە: هەرکەسێك سەرپێچی لە فەرمانەکانی پێغەمبەر بکات، دوای بەدیارکەوتنی ڕێگای ڕاست، غەیری ڕێگای بڕواداران بگرێتە بەر، ئەوا وازی لێدێنینو ئاگری دۆزەخی توش دەکەینو، توشی خراپترین چارەنوسی دەکەین.

هەروا دەفەرموێ: ﴿وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم بَعْدَ الَّذِي جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ

(کل عین زانیة) بە واتای هەر چاوێك تەماشای ئافرەتێکی بێگانە یان پیاوێکی بێگانەی کرد، بەشێکی زینای بەرکەوتوە، چونکە چاو ئەمە بەشییەتی لەو زینایە. هەندێ لە مالیکییەکان لەم فەرمودەدا ئەوەیان وەرگرتوە، کە چێژ وەرگرتن بە بۆنکردنی بۆن خۆشی ئافرەتی بێگانە حەرامە، چونکە خوای گەورە ئەگەر شتێك حەرام بکات، ئەوا شەریعەت ئەو شتەش قەدەغە دەکات، کە نزیکە لەو بچێ، هەندێ لە سەلەف لەمەدا زیادەڕۆییان کردوە، تەنانەت ئیبن عومەر ڕەزای خوای لێ بێ قەدەغەی کردوە، گەر ئافرەتێك لە شوێنێك دانیشتو دوایی هەستا، یەکسەر پیاو لە شوێنەکەی دابنیشێ، مەگەر کاتێ گەرمایی شوێنی دانیشتنەکەی نامێنێ!

مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾(البقرة- ١٢٠)، واته: جولەکەو گاورەکان لێت ڕازی نابن تاکو شوێن ئایینی ئەوان نەکەوی! بلێ به ڕاستی ڕێگای ڕاستی خوا هەر ئەمە ڕێگای ڕاسته که ئیسلامه، گەر شوێن ئارەزوەکانیان بکەوێ پاش ئەوەی که (سروش)ت بۆ هات ئەوا خوای گەوره دۆستو یاریده دەرت نی یه.

هەروا دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقُولُوا۟ رَٰعِنَا وَقُولُوا۟ ٱنظُرْنَا وَٱسْمَعُوا۟ ۗ وَلِلْكَـٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾(البقرة- ١٠٤)، واته: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوه مەڵێن (راعنا)[١]، چونکه به عەرەبی ئەگەر چی مانای ڕەچاوکردنو موراعاته، بەڵام به زمانی جولەکه (جنێوه). له جیاتی ئەم وشەیه بڵێن (انظرنا) به مانای چاوت له ئێمه بێ، بۆ کافرانیش ئازارو عەزابی به ئێش هەیه.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((من تشبه بقومٍ فهو منهم))[٢]، واته: هەر کەسێك خۆی به قەومێك بچوێنێ، ئەوا ئەو کەسه لەوانه.

---

١) قەتادەو غەیری ئەو گوتویەتی: جولەکەکان به گاڵته جاڕی یەوه دەیانگوت (راعنا)، جا خوای گەوره ڕازی نەبو بڕواداران وەك ئەوان ئەو قسەیه بکەن.
ئیمام ئیبن تەیمیه قسەیەکی لەسەر ئەم ئایەته هەیە، گوتویەتی: هەمو ئەمانە ئەوه دەردەخەن، ئەم وشەیه له مسوڵمانان قەدەغه کراوه، چونکه جولەکه ئەو کاته ئەو قسەیان دەکرد، هەرچەنده لای جولەکه ئەم قسەیه شتێکی ناشیرینەو، لای مسوڵمانان ناشیرین نی یه، بەڵام خۆ چواندنیان لەمەدا خۆ چواندنه به بێبڕوایان، خۆ چواندنه به ڕێگایان بۆ گەیشتن به مەبەستەکانیان.. (اقتضاء الصراط المستقیم)
٢) حديث صحيح رواه أبو داود .

ئەبو واقیدی لەیثی گوتی: (لەگەڵ پێغەمبەری خوا پێش خەیبەر دەرچوین، ئێمە نەو مسوڵمان بوین، موشریکەکان درەختێکیان هەبو لە دەورەی دەمانەوەو چەکەکانیان پێوە هەڵدەواسی، کە پێیان دەگوت: (ذات أنواط).. گوتمان: ئەی پێغەمبەری خوا، (ذات أنواط)ێکمان بۆ دابنێ، وەك کە ئەوان (ذات أنواط)یان هەیە، پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموین: ((الله أكبر! وەك کە بەنی ئیسرائیلی یەکان گوتیان پەرستراوێکمان بۆ دابنێ وەك کە ئەوان پەرستراوێکیان هەیە، ئەوە ئێوە ڕێبازی پێش خۆتان دەگرنەبەر!))[1].

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((لَتَتَّبِعُنَّ سُنَنَ مَن قبلكم شبراً بشبرٍ وذراعاً بذراعٍ: حتى لو أنَّ أحدهم دَخَل جُحْر ضَبٍّ لدخلتموه؟، وحتى لو أن احدهم جامع امرأته بالطريق لفعلتموه))[2]، واتە: لێرەو بەدوا شوێن ڕێبازی قەومی پێش خۆتان دەکەون، بست بە بستو گەز بە گەز، تەنانەت گەر یەکێکیان بچێتە ناو کونی سەرمازەڵەوە، ئێوەش دەچنە ناوی[3]. تەنانەت گەر یەکێکیان لە ڕێگادا لەگەڵ خێزانەکەی جوت ببێ،

---

١) فەرمودەیەکی (صحيح)ە .

٢) رواه الحافظ العراقي .

٣) خۆ چواندن بە بێگانە کەسایەتی لەدەست دەدات، کیانی ئومەت ناهێڵێ، کە ئەویش بەڵگەی لاوازی یەتی یە، چونکە لاواز لاسای بەهێز دەکاتەوە، لاساکردنەوەی بێبڕوایان لە جلوبەرگو دابو نەریتیان، سەر دەکێشێ بۆ لاساکردنەوەیان لە بیروباوەڕو بیرۆچکەکانیاندا.

بۆیە ئیمام ئیبن تەیمیە گوتویەتی: ((ئەم فەرمودەیە لە کەمترین حاڵەتەکانی حەرامکردنی خۆ چواندن بە بێبڕوایان دەخوازێ، ئەگەر چی (ظاهر)ەکەی بە بێبڕوا

دانانی خۆ چوێنەرە بەوان، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ﴾، واتە: هەر کەسێك لە ئێوە دۆستایەتیان بکات ئەوە لەوانە. ئەمەش بەرامبەری وتەی ئیبن عومەرە کە دەڵێ: (هەر کەسێك لە خاکی موشریکان بنیات بنێ و نەورۆزو میهرەجانیان بکات و خۆی پێیان بچوێنێ هەتا دەمرێ، ڕۆژی قیامەت لەگەڵ ئەوان حەشر دەکرێ، ئەمەش خۆ چواندنی ڕەها هەڵ دەگرێ!)).

ئەم فەرموودەیە لاسایی کردنەوەی بێگانە لە پیشەسازییان و زانستە بە سوودەکانیان ناگرێتەوە، چونکە حیکمەت شتێکی بزر بوی بڕوادارە.

ئەرێ ئافرەتە مسوڵمانەکان! ئەمڕۆکە لەو فەرموودەیە لە کوێن؟!

بە داخەوە ئەو ئافرەتانە لە زۆر نەریت و جل و بەرگ و خۆ جوان کردن و نینۆك درێژکردن خۆ بە ئافرەتە بێگانەکان دەچوێنن، کە ئەو نینۆك درێژکردنە وەك نینۆکی ئاژەڵە دڕندەکانە، کە زۆربەی نەخشەسازی جولەکەی جیهانی یە بۆ ماڵ بەفیڕۆدان و دابەزینی نرخی مرۆڤ و گاڵتە پێکردنی.

وێڕای ئەوەی باسکرا لەم لاسایی کردنە کوێرانەیە، هۆیەکیشە بۆ بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و پاڵی ناوە بە زۆر لە ئافرەتان، کە لە ڕێی کاری خراپەوە ئەو مۆدێلە پیس و خراپەیە دەستەبەرکردن.

جا وریا بن ئەی پیاوان و ژنانی خاوەن عەقڵ!

بە شێوەیەکی تایبەتی ڕاسپاردەم بۆ ژن (هاوسەر) ئەوەیە، کەسایەتی خۆی بەهێز بکات و وەك مەیمون لاسایی نەکاتەوە، لەسەرییەتی خاوەن ویستێکی بەهێز بێت و تەوژمەکانی سەردەم و جل و بەرگی ڕۆژئاوایی کاری تێ نەکات، جا چ لە پۆشاکیدا، یان لە کەلوپەلی ماڵەوەیدا، یان لە نەریتیدا، چونکە بەختیاری ژن و مێرد، بە خۆشەویستی نێوانیان و سۆز نواندنیان و لێك گەیشتنیانە، نەك بە پۆشاکی زۆرو کەل و پەل و شانازی کردن لەبەردەم میوان و دراوسێکان.

بێ ئاگایی لەم ئامۆژگاریانە چەندە بۆتە هۆی سەرکێشی ناکۆکی و دژایەتی و جیابونەوە لە نێوان ژن و مێردا، کەواتە ئاگادار بن ئاگادار!

بە بۆنەی قسەکردن لەسەر ئاگاداری دانی خوای گەورە بە خۆ نەچواندن بە بێ بڕوایان، سەرنجی خوشکی بڕوادار ڕادەکێشم، کە قژ لە ئوتودان (کي الشعر) و ڕەنگ کردنی بە

ئێوەش وەك ئەوان دەیکەن.(١)

ڕەنگی جیاجیا لەسەر شێوەی بێگانـە، سـەرەڕای حـەرامی یەکـەی، دەبێتـە هـۆی قـژ هەڵوەرین بە خێرایی.

دکتۆر عبدالمنعم المفتی مامۆستاو سەرۆکی بەشی نەخۆشی یە پێستی یەکان لە کۆلیجی پزیشکی لە زانکۆی قاهیرە، لە گۆڤـاری (طبیبـك الخاص)، سالی دوەم، ژمـارە (٤)ی نیسانی ١٩٧٠، ل٩٤، نەقلی کردوەو گوتویەتی:

((چەند شێوازێکی چاککردنی قژ هەیە کـە دەبێتـە هـۆی هـەڵوەرینی" بـەکارهێنانی ئوتو.. یان بەکارهێنانی یەك تاکە دەرمانی کیمیـائی، کـە چـەند ماددەیـەکی گـەرمی تێدایە دەبێتە هۆی هەڵوەرینی قژ.. ئەم دەرمانانە، سروشـتی مـو لاواز دەکـات، هـەتا شێوەی داواکراو وەردەگرێ...)).

هەندێکیش زیانی بەستنی قژ نازانن، جا چ بە بەکارهێنانی (رولو) بێت، یان بـە هـەر ڕێگایەکی تر، هەروا ڕاکێشان بۆ چەند کاتژمێرێکی درێژ، ماناکەی ڕاکێشانی ڕەگی قـژە بەستراوەکەو سنور دانانە بۆ چونی ئەو چەندی یە خوێنەی دەگاتە قژ...

مانای ئەمەش ڕودانی بێهێزی یە لە خانەکانی ڕەگی قـژە بەسـتراوەکەداو، وەسـتانی گەشەکردنیەتی.. پاشان پاڵنانی بۆ قۆناغی ڕاوەستان.. پاشان سیس بون.

بە بۆنەی قسەکردن لەسەر مەرجەکانی باڵاپۆشی ئیسلامی، جێی داخـە، کە بلـێم زۆر لە ئافرەتە مسوڵمانە پارێزکارەکان (التقیات) نەزانن بەرامبـەر بـەم مەرجانـە، دەبیـنین هەندێکیان چاك سەری داپۆشیوە، هیچ مویەکی بەدیارەوە نی یە، کەچـی قاچـەکانی بـە دیارەوەن، گومان وا دەبەن، کە تەنها گۆرەوی بەسە بۆ داپۆشـینی قاچ!! ئەمـە هەڵەیـە، چونکە گۆرەوی قەبارەی قاچ دەردەخات.

لەو ئافرەتانە هەن جلو بەرگێکی پۆشتە لەبەر دەکەن، بەڵام تەسکەو زۆر لە بەشەکانی جەستەی بەدیار دەخات. هەیانە جلو بەرگی پانو فراوان لەبەر دەکـات، بـەڵام ڕەنگـاو ڕەنگە، ئەم جۆرە حیجابانە جائیز نی یە.

١) ئەم ریوایەتە جگە لـە ((لـو أن أحـدهم جـامع أمرأتـه))، فەرمودەکـە هـەموی حـاکم گێڕاویەتەوەو بە (صحیح)ی داناوەو ذهبـي هاودەنگی (صحیح)ەکەیە.

مەرجەکانی بالاپۆشی ئافرەتی مسوڵمان

مەرجەکانی بالاپۆشی ئافرەتی مسوڵمان هەشتن:

١- جلەکە هەمو لەش دابگرێت، لە حەدیسی أسماء دیاری کراوە: ((یا أسماء! إن المرأة إذا بلغت المحیض، لم یصلح أن یُرى فیها إلا هذا وهذا، وأشار الى وجهه وكفیه)[1]، واتە: ئەسماء، ئافرەت کە توشی خوێنی بێنوێژی بو، بۆی نی یەو دروست نی یە هیچ شوێنێکی ببینرێ، جگە لە دەمو چاوو هەردو دەستی.

٢- نابێ جلەکە لە خودی خۆیدا ڕازاوە بێت، ﴿وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ...﴾، ئەم ئایەتە بە گشتی هەمو پۆشاکێکی دەرەوە دەگرێتەوە، گەر سەرنج ڕاکێشەری پیاوان بێت. گەواهی ئەمەش فەرمایشتی خوای گەورەیە: ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلاَ تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الأُولَى﴾.

لە فەرمودەشدا هاتوە: ((ثلاثة لا تسأل عنهم: رجل فارق الجماعة وعصى إمامه ومات عاصیاً، وأمة أو عبد أبق فمات وإمرأة غاب عنها زوجها قد كفاها مؤنة الدنیا فتبرجت بعده، فلا تسأل عنهم)).

٣- پێویستە جلەکە ئەستور بێتو تەنك نەبێت، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((سیكون في آخر أمتي نساءٌ كاسياتٌ عارياتٌ، على رؤسهن كأسنمة البخت..)).

٤- پێویستە پانو بەرینو فراوان بێو تەسك نەبێت، کە ئەندامێکی لەشی

---

١) حدیث حسن بمجموع طرقه.

ئافرەتەکە بەدیار بخات.

ئوسامەی کوڕی زەید گوتی: ((كساني رسول الله ﷺ قبطية كثيفة مما أهداها له دحية الكلبي، فكسوتها امرأتي، فقال: ما لك لم تلبس القبطية؟ قلت: كسوتها امرأتي، فقال مُرْها فلتجعل تحتها غلالة، فإني أخاف أن تصف جسم عظامها))[1]، واتە: پێغەمبەری خوا بەرگێکی وەك جبەی پێ بەخشیم، کە تەسك بو، دوحیەی کەلبی بە دیاری پێشکەشی پێغەمبەری کردبو، منیش بەخشیمە خێزانەکەم، جا پێغەمبەر پێی گوتم: بۆچی ئەو جلەت لەبەر نەکردوە، منیش گوتم: بەخشیمە خێزانەکەم لەبەری بکات. فەرموی: بە خێزانەکەت بڵێ با ژێرکراسی لەگەڵ لەبەر بکات، چونکە دەترسم قەبارەی ئێسکەکانی بەدەر بخات.

٥- نابێ بۆن خۆش کرابێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((أيما امرأة استعطرت، فمرت على قوم ليجدوا ريحها، فهي زانية)).

٦- نابێ بە جل‌وبەرگی پیاوان بچێ، ((لعن رسول الله ﷺ الرجل يلبس لبسة المرأة، والمرأة تلبس لبسة الرجل)).

٧- نابێ بە جل‌و بەرگی کافران بچێ ((... ومن تشبه بقومٍ فهو منهم)).

سەرۆکی گەورەی میسری مصطفی کامل، سەرۆکی پارتی نیشتمانی لە میسر، لە ڕۆژنامەی (اللواء)دا لە وەڵامی قاسم أمین، لە کتێبەکەی (تحرير المرأة)دا گوتویەتی: ((من لەو کەسانە نیم دیدگایان وابێ، کە

---

١) رواه أحمد في المسند (٢/٢٠٥) .

پێویستە پەروەردەی کچان لەسەر مەبدەئەکانی ئەوروپی بێت، چونکە لەمەدا مەترسی هەیە بۆ سەر ئایینەدەی ئوممەت، چونکە ئێمە مسوڵمانین، هەر ئوممەتێکیش شارستانی یەتیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لایەق بە ئێمە نی یە وەك مەیمون لاسایی کوێرانەی بێگانە بکەینەوە، چونکە بالآپۆشی لە ڕۆژهەڵاتدا پارێزەرە، بەلآم چ پارێزەرێك!))

٨- نابێ جل و بەرگەکە بۆ ناوبانگیو شۆرەت بێت، وەك کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((من لبس ثوب شهرة في الدنيا ألبسه الله ثوب مذلة يوم القيامة ثم ألهب فيه ناراً))[1]، واتە: هەرکەسێك جلوبەرگ بۆ ناوبانگی لەبەر بکات، خوا لە ڕۆژی قیامەتدا جلوبەرگی زەبونی لەبەر دەکاتو ئاگری دەدات.

---

١) (حجاب المرأة المسلمة) بە کورتکراوەیی.

داوێن پاك لە ژێر سێبەری خوایە
-پاداشتی داوێن پاکی-

خوای گەورە لە باسی چیرۆکی یوسف دا دەفەرموێت:

﴿وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ (یوسف- ٢٣)، واتە: یوسف کە لە ماڵی زولەیخا بو، زولەیخا داوای لە یوسف کرد، کە لەگەڵی جوت ببێ، جا حەوت دەرگاکانی خانوەکەی کلیل داو بە یوسفی گوت وەرە رویی خۆت لە من بکە، یوسف گوتی: خۆم دەپارێزم بە خودا لەم کارە، چونکە (قطفیر)ی مێردی تۆ گەورەی منە، رێزگرتنی جێگای منی بە تۆ سپارد، -من خیانەت لەو ناکەم-، بەڕاستی ستەمکاران قەت رزگار نابن[١].

---

١) هەواڵی ئەوانە زۆرە، کە لە ترسی خوای گەورە بەسەر هەواو ئارەزوەکانیان زاڵ بون، لەوانە: شەوێك خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب -ڕەزای خوای لێبێ- لە کاتی گەڕانیدا گوێی لە ئافرەتێك بو شیعری بەسەر گەنجێکی جواندا هەڵدەگوت، ئاواتەخوازبو هاوسەری ئەوبا، کە ناوی نصر بن حجاج بو:

هل من سبيل الى خمرٍ فأشربها	أو من سبيلٍ إلى نصر بن حجاجِ
إلى فتىً ماجد الأعراقِ مقتبلٍ	سهل المحيا كريم غير ملجاجِ
نمته أعراق صدقٍ حين تنسبه	أخي حفاظ عن المكروب فراجِ

خەلیفە کە گوێبیستی بو توڕە بو، گوتی: بە خوا نابێ پیاوێك لەگەڵم دابێ ئافرەتان لە ماڵەوە بەسەریدا هەڵبڵێن.

بۆ بەیانی هێنایە لای خۆی، جا کە جوانی‌یەکەی بینی گوتی: بە خوا نابێ لە شارێك دابنیشی، کە ئافرەتان ئاواتەخوازت بن، بڕۆ بۆ (بەسرە)و چەندت پێویستە لە پارەی

هەروا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ فَاسْتَعْصَمَ﴾(یوسف- ٣٢)، واتە: زولەیخا گوتی: بەڕاستی داواکاری بەدکاریم لە ئەو کرد، ئەمیش نەیویست داواکاریەکەم جێبەجێ بکات.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((حەوت کەس لەژێر سێبەری خوای گەورەن، لە ڕۆژێکدا هیچ سێبەرێك نی یە، جگە لە سێبەرەکەی ئەو نەبێت: پێشەوایەکی دادگەر (عادل)، گەنجێك لە گوێڕایەڵی خوادا پەروەردە بوبێت، پیاوێك دڵی بە مزگەوتەوە بەستراو بێت، دو کەس لەبەر خوا یەکتریان خۆش بوێتو لەسەر ئەمە کۆبنەوەو لە یەکتری جیا ببنەوە، پیاوێك ئافرەتێکی جوانو خاوەن پلەو پایە بانگی بکات بۆ داوێن پیسیو

(بیت المال) هەلگرە.

نەصر پێی گوت: بەڕاستی منت کوشت، چونکە جیابونەوە لە نیشتمان وەك کوشتنی نەفسە.

عومەر پێی گوت: چۆن وایە؟

نەصر وەڵامی دایەوە: خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِن دِيَارِكُم﴾.

خەلیفە گوتی: بەڵام منیش ئەوە دەڵێم، کە شوعەیب گوتی: ﴿إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ﴾.

جا خەلیفە بەم چارەسەرە جوانە هەوڵیدا (نەصر) بە غەریزە جنسی یەکەی بەرزبکاتەوە بۆ سۆز نواندنی نیشتمانەکەیو خۆزگە خواستن بۆ کەسوکاری.

کاتێ کچەکە زانی (نەصر) بەهۆی ئەوەوە دورخراوەتەوە بۆ (بەصرا)، شەوێك هۆنراوەیەکی گوت، تیایدا بەرائەتی خۆی ئاشکرا کرد، کە ئەو قسانەی کردویەتی سەرزارەکی بوەو وەسوەسەی شەیتان بوە، خۆی ئافرەتێکی لە خوا ترسو داوێن پاکە.

عومەریش کە گوێی لە هۆنراوەکەی کچەکە بو دەستی کرد بە گریان، لەبەر گومان بردنی بەو ئافرەتەو، لە دڵی خۆیدا گوتی: سوپاس بۆ خوا، کە هەواو ئارەزوی بە لغاوی داوێن پاکیو تەقواوە بەستوە.

بلّێ: من له خوا دەترسم!! پیاوێك بـه شـاراوەیی خێرێـك بكـات نـەهێڵێ دەستی چەپی بەوە بزانێ، كه دەستی ڕاستی بەخشیویەتی، پیاوێـك یـادی خوا بكاتو له ترسی خوا چاوی پڕ بێ له فرمێسك))..[1]

هەروەها فەرمویەتی: ((سێ كەس لەپێش ئێوە له شار دەرچون تا چـونه ناو ئەشكەوتێك، جا بەردێكی گەورە لەسەر شـاخەكەوە كەوتـه بـەردەمی ئەشكەوتەكەو كونەكەی گرت، ئەو سێ كەسه گوتیـان: هـیچ شـتێك لـەم بەردە ڕزگارتان ناكات، مەگەر داوا له خوای گەورە بكەن به هۆی كردەوەی باشتان فریاتان بكەوێ..

یەكێكیان گوتی: خوایه من كچێكی مامم هەبو، كـه لـه هـەمو خـەڵك زیاترم خۆش دەویست، داوای زینام لـێكرد ئەویش ملكەچ نـەبو. سـاڵێك له ساڵەكان هاته لامو داوای پارەی لـێكردم، منیش سەدو بیسـت دینـارم پێ بەخشی بەمـەرجێ، كـه ملكەچـی داواكـەم بێـت، ئـەویش داواكـەی جێبەجێ كردم، ویستم كارەكه بكەم گوتی: ئـەی بەنـدەی خـوا، لـه خـوا بترسه! ئەو مۆرە به حـەقی خـۆی نـەبێ مەیشـكێنەو مەیكـەوە، منـیش كارەكەم نەكردو وازم لـێ هێنا، كه خۆشەویسترین كەس بـو لـەلام، ئـەو پارەیەش، كه پێم بەخشی بو لێم نەسەندەوە، خوایه ئەگەر ئەو كارەم لەبەر خاتری تۆ كردوە، دەرگامـان لـــێ بكـەوەو لـەوەمان ڕزگـار بكـه،[2] جـا

---

١) بوخاریو موسلیمو غەیری ئەوان گێڕاویەتیانەوە.

٢) تەوەسول كردن بەو شێوەیه دروستەو خوای گەورە پێی ڕازییە، دەبێ به هۆی كردەوەی چاك بێت، تەوەسول كردن به پێغەمبەرانو غەیری ئەوان جائیز نـییـه. لـه فـەرمودەی صحیحدا هاتوە: ((یا فاطمة! لا أغني عنك من الله شیئاً!)) فاطیمە! من لـه لای خـوا هیچم بۆ تۆ پێ ناكرێ.. پێویسته لەسەر بڕوادار، متمانه لەسەر كردەوەی خـۆی بكـات! وێنەی ئەم ناڕاستەیه نییە، كه پاڵنـەرە بۆ جیلیەتو پێشـكەوتن، ئـەو ئوممەتـەی، كـه واسیطەكاری تێدا بڵاوە، سەرفراز نابێو بەرەو پێش ناڕوات!

بەردەکە لا کەوت))..[١]

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((ثلاثة لا ترى أعينهم النّار: عينٌ حرست في سبيل الله، وعينٌ بَكَتْ من خشية الله، وعينٌ كفّت عن محارم الله))[٢]، واتە: سێ چاو ئاگر نابینێ: چاوێك لە پێناوی خوای گەورە پاسەوانی بکات، چاوێك لە ترسی خوا بگری، چاوێك خۆی لە حەرامکراوەکانی خوا لابدات.

لە ئیبن عامرەوە گوتویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بو دەیفەرمو: ((پیاوێك هەبو لە بەنی ئیسرائیلی یەکان ناوی (کفل) بو، لە هیچ گوناهێك سڵی نەدەکردەوە. ئافرەتێك هاتە لای، شەست دیناری پێدا بەرامبەر بە دەست تێکەڵکردنو داوێن پیسی، جا کاتێك ویستی کارەکە بکات، ئافرەتەکە لە ترسا گریا.

(کفل) گوتی: بۆ دەگری؟!

ئافرەتەکە گوتی: قەت ئەم کارەم نەکردوە، بەڵام هەژاریو نەداری پاڵی پێوەناوم بۆ ئەم کارە.

(کفل) گوتی: تۆ لە ترسی خوا دەگری، ئەوا من شایستەترم بەوە، بڕۆ ئەوەی پێم بەخشیت بۆ خۆت بێ، بە خوا لەدوای ئەوە هەرگیز سەرپێچی خوا ناکەم، ئەو شەوە گیانی سپارد، بۆ بەیانی لەسەر دەرگای ماڵەکەی نوسرابو: خوای گەورە لە گوناهی (کفل) خۆش بو، خەڵکەکە بەم کارە سەرسام بون))[٣].

---

١) بوخاری و موسلیم گێڕاویەتیانەوە.

٢) رواه الطبراني حديث صحيح.

٣) حاکمو ترمذي گێڕاویانەتەوەو بە (حسن)یان داناوەو (صحيح)ە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((لَو عَلِمتُم ما أعْلَمُ لَضَحكتُمْ قَليلاً و لَبَكَيتُمْ كثيراً، وما تَلَذَّذتُمْ النِساءَ على الفُرُش، ولَخَرِجتُم الى الصُعُدات تَجأرون الى الله...))(رواه الترمذي و غيره)، واتە: ئەوەی من دەیزانم، گەر ئێوە بتانزانیبایە، کەم پێدەکەنن و زۆر دەگرین و، سەرجێی لەگەڵ خێزانتان نەدەکرد و، دەچونە سەر بەرزاییەکان لە خوا دەپاڕانەوە.

نزیکی زینا مەکەون

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلاَ تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً﴾[1](الإسراء- ٣٢)، واتە: نزیك زینا مەکەون، چونکە زینا کارێکی زۆر ناشیرینو خراپترین رێگایە.

هەروا دەفەرموێ: ﴿ وَعِبَادُ الرَّحْمَٰنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا ... تا دەگاتە: وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا ﴾ (الفرقان: ٦٣،٦٨-٦٩)، واتە: بەندەکانی خوا ئەوانەن کە بەسەر زەویدا بە نەرمیو لەسەر خۆ دەڕۆن... سیفەتیان وایە کە لە غەیری خوا خودایەکی تر ناپەرستنو، کەس بە ناحەق ناکوژنو، زینا ناکەن. هەر کەسێك یەکێ لەمانە بکات، دەگات بە سزاو عەزاب، لە رۆژی قیامەتدا دو چەندانە عەزابەکەی بۆ زیاد دەکرێو بە هەمیشەییو بە ریسوایی تێیدا دەمێنێتەوە.

---

١) لەسەر ئەم ئایەتە ئیمام ئیبن القیم قسەیەکی هەیەو گوتویەتی:
خوای گەورە رێگای زینای بە خراپترین رێگا داناوەو فەرمویەتی، کردەی زینا خراپترین شوێنی لە دۆزەخدا هەیە، رۆحەکانیشیان لە بەرزەخ جێگیرەو لە تەندورێکی ئاگرین دایە، کە گڕەکەی لە ژێریانەوە بۆیان دێت، جا کە گڕەکەیان بۆ دێت هەرا هەرایان لێ پەیدا دەبێتو بەرز دەبنەوە، پاشان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، ئا بەو شێوەیە تا رۆژی قیامەت دەمێننەوە. وەك پێغەمبەر ﷺ لە خەویدا بینیویەتی، خەونی پێغەمبەرانیش بێگومان ڕاستە. (روضة المحبين، بە کورتکراوەیی)

ئیبن مسعود گوتویەتی: ((قلت: يا رسول الله أي الذنب أعظم عند الله؟ قال: أن تجعل لله نداً وهو خلقك.. قال: قلت: ثم أي؟ قال: أن تقتل ولدك مخافة أن يطعم معك.. قال: قلت: ثم أي؟ قال: أن تزني بحليلة جارك... الحديث))[1]، واتە: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا چ گوناهێك لای خوا لە هەمو گوناهەكان گەورەترە؟ فەرموی: هاوبەشی بۆ پەیدا بكەی، كە ئەو تۆی دروست كردوە.

دەڵێ: گوتم: پاشان چی تر؟ فەرموی: منداڵەكەت بكوژی لە ترسی ئەوەی خواردنت لەگەڵ بخوات.

دەڵێ: گوتم: پاشان چی تر؟ فەرموی: زینا لەگەڵ خێزانی دراوسێكەت بكەی.

سمرەی كوڕی جندب گوتی: قال لنا رسول الله ﷺ ذات غداة: ((إنه أتاني الليلة آتيان وإنهما ابتعثاني وإنهما قالا لي: انطلق، واني انطلقت معهما... فأتينا على مثل التنور، فاذا فيه الغط وأصوات، قال: فانطلقنا، فإذا فيه رجالٌ ونساءٌ عراة وإذا هم يأتيهم لهب من أسفل منهم، فإذا أتاهم ذلك اللهب ضَوْضَوْا)) الحديث.... وفي آخره ((وأما الرجال والنساء العراة الذين في مثل التنور، فإنهم الزناة والزواني))[2]، واتە: ڕۆژێك پێغەمبەری خوا پێی فەرموین: ئەمشەو دو فریشتە هاتن منیان لەگەڵ خۆیان برد و پێیان گوتم: بڕۆ، منیش لەگەڵیان ڕۆیشتم... چوینە شوێنێك كە وەك تەندور وابو، دەنگە دەنگی لێوە دەهات، فەرموی: جا تەماشامان كرد، دیتمان چەند پیاو و ئافرەتێكی ڕوتی تێدایە، لە

١ رواه البخاري ومسلم.
٢) رواه البخاري باختصار.

ژێرەوەیان گڕی ئاگریان بۆ دێت، کە ئەو گڕە ئاگرەیان بۆ دەهات هاوار هاوارو قیژەیان لی هەڵدەستا... ئەو پیاو و ئافرەتە ڕوتانەی کە لەناو شوێنێکی وەك تەندور دابون، ئەوانە ئافرەتی زیناکەرو پیاوی زیناکەر بون.

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: ((**لا يحل دم أمريء مسلم يشهد أن لا اله إلا الله وإني رسول الله إلا بإحدى الثلاث: الثيب الزاني، والنفس بالنفس، والتارك لدينه المفارق للجماعة**))[1]، واتە: خوێنی هیچ مسوڵمانێك حەلاڵ نی یە، کە شایەتمان بێنیٚ، مەگەر بە یەکێك لە سێ شت نەبێت: پیاوی ژن دارو ژنی مێرد داری زیناکەر[2]، یەکێك حەقی

---

١) رواه البخاري ومسلم.

٢) بۆ پاراستنی قەوارەی خێزان، ئیسلام سزای توندی بۆ پیاوی ژندارو ژنی مێرددار(محصن)ی زیناکەر داناوە، کە شەریعەتی تەوراتیش هەر هەمان سزای بۆ داناون، کەواتە دوژمنانی ئیسلام چی یانە سەبارەت بەم سزایە، ئیسلام بە توندوتیژیو دڵڕەقی تاوانبار دەکەنو غەیری ئیسلام تاوانبار ناکەن؟! لەگەڵ ئەوەی کە چەند مەرجێکی وردی بۆ داناوە، کە شوێنەکە جێی باسکردنی نی یە، بۆ ئەوەی وەڵامی بدرێتەوە!

پرسیار لە ئەدیبی گەورە (مصطفى صادق الرافعي) کرا دەربارەی حیکمەتی بەردباران کردنی زیناکەری (محصن)، جا لە کتێبەکەی (وحي القلم)دا وەڵام دەداتەوەو دەڵێ: چونکە ماڵێکی وێران کردوەو روخاندوە، پێویستە بە بەردەکەی بکوژرێتەوە؟! چونکە هیچ پێویست بە زینا ناکاتو پاساویشی بۆ نی یە، پیاو و ژن هەر یەکەیان بە هەمو سەربەستی خۆیان یەکتریان هەڵبژاردوە، تەنانەت ئەم حەقە بۆ خودی مەلیکی ئینگلتەرا نەبوە، کە لەم هەڵبژاردنەدا لە مافەکەی بێ بەش کراوە، تاوەکو گەیشتۆتە رادەی ناچار بون بە تەنازول کردن لە مولکەکەی!

هەروەها هەر یەکێکیان مافی هەڵوەشاندنەوەی عەقدی زەواجەکەی هەیە، گەر هەستی بە حەزنەکردنی کەسی بەرامبەر کرد، گەر هەستی کرد ژیان بردنە سەر لەگەڵی مەحاڵە، واتە مێرد بە شێوازێکی راستەوخۆو، ژنیش بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ لە رێگای قازی یەوە دەتوانن لێك جیابنەوە.

هەمو ئەوەش بە پێچەوانەی حاڵی زۆر لە دینەکانی ترە، کە تەڵاق دان حەرام دەکات،

کوشتنی یەکێکی لەسەر بێت، ئەو کەسەی واز لە ئایینەکەی دێنێ‌و لە کۆمەڵی مسوڵمانان جیاببێتەوە.

دەفەرموێ: ((ثلاثة لا يكلمهم الله يوم القيامة، ولا يزكيهم، ولا ينظر اليهم، وهم عذابٌ أليم: شيخ زان، وملك كذّاب، وعائلٌ مستكبر))[1]، واتە: سێ کەس لە رۆژی قیامەت خوای گەورە قسەیان لەگەڵ ناکات‌و بە پاکیان دانانێ‌و تەماشایان ناکات‌و عەزابی بە ئازاریان بۆ هەیە: پیرێکی زیناکەر، سەرۆکێکی درۆزن، فەقیرێکی بە فیزو خۆ بە گەورە زان.

((أتى فتى شاب الى النبيّ ﷺ فقال: يا رسول الله إئذن لي بالزنى! فأقبل القوم فزجروه وقالوا: مه مه! فقال: أدنُ. فدنا منه قريباً، قال: فجلس. قال أتحبه لأمك؟! قال: لا والله! جعلني الله فداءك. قال: ولا الناس يحبونه لأُمهاتهم. قال: أتحبه لإبنتك؟ قال: لا والله يا رسول الله

وەك مارەبڕینی ئافرەتێکی تەڵاق دراو بۆ پیاوێکی تر حەرام دەکات، یان حەرامی دەکات پیاوەکە دوای تەڵاق دانی ژنەکەی ژن بهێنێتەوە، لە ئینجیلی مەتی ٥/٣٢ هاتوە: هەر کەسێك ئافرەتێکی تەڵاق دراو مارە بکاتەوە، ئەوە زینای کردوە!! لە ئینجیلی مەرقەص ١٠/ ١١-١٢ هاتوە: هەر کەسێك ژنەکەی تەڵاق بدات و ئافرەتێکی تر مارە بکات، ئەوا زینای لەگەڵدا دەکات، هەروەها گەر ژن لە پیاوەکەی تەڵاق دراو، پاشان شوی کردەوە بە یەکێکی تر، ئەوا ئەو ئافرەتە تاوانی زینای کردوە!!

کەواتە!... چ پاساوێك بۆ هەر یەکێك لە ژن و مێرد هەیە، کە تاوانی زینا بکات و ناپاکی لەگەڵ مێردەکەی یان ژنەکەی بکات؟! مەگەر بڵاوبونەوەی فەسادی و خراپەکاری لەسەر زەوی بێت.

لەبەر هەمو ئەمانە، ئیسلام سزای بەردباران کردنی پێویست کردوە، ئەم بەردباران کردنەش ئەو کاتە جێبەجێ دەکرێ، کە زیناکەر دان بە تاوانەکەی دادەنێ.. جا لەبەر زۆریی‌و زەحمەتیی مەرجەکانی دان نان بە زیناکردنی یەکێك، زۆرجار ئەو بەردباران کردنە جێبەجێ ناکرێ.

١) رواه مسلم والنسائي.

جعلني الله فداءك. قال: ولا الناس يحبونه لبناتهم. قال: أفتحبه لأختك؟ قال: لا والله جعلني الله فداءك. قال: ولا الناس يحبونه لأخواتهم. قال: أفتحبه لعمتك؟ قال لا والله، جعلني الله فداءك. قال: ولا الناس يحبون لعماتهم. قال أفتحبه لخالتك؟ قال: لا والله جعلني الله فداءك. قال: ولا الناس يحبونه لخالاتهم. قال: فوضع يده عليه وقال: اللهم أغفر ذنبه، وَطهِّرْ قَلْبَهُ، وَحصِّنْ فرجه، فلم يكن بعد ذلك الفتى يلتفت الى شيء))[1]، واتە: گەنجێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ڕێگام پێ بدە زینا بکەم! جا ئەو خەڵکەی لەوێ ئامادە بون ناڕەزاییان دەربڕیو سەرکۆنەیان کرد.

پێغەمبەر فەرموی: نزیك بەوە. گەنجەکە لێی نزیك بۆوە، گوتی: دانیشت.

پێغەمبەر فەرموی: حەز دەکەی دایکت زینای لەگەڵ بکرێ؟! گوتی: نا بە خوا، خوا بم کاتە فیدات. پێغەمبەر فەرموی: خەڵکیش بۆ دایکیان حەز ناکەن.

فەرموی: حەز دەکەی کچەکەت زینای لەگەڵ بکرێ؟! گوتی: نا بە خوا، خوا بم کاتە فیدات. فەرموی: خەڵکیش بۆ کچیان حەز ناکەن.

فەرموی: حەز دەکەی خوشکەکەت زینای لەگەڵ بکرێ؟! گوتی: نا بە خوا، خوا بم کاتە فیدات. فەرموی: خەڵکیش بۆ خوشکیان حەز ناکەن.

فەرموی: حەز دەکەی پورت زینای لەگەڵ بکرێ؟ گوتی: نا بە خوا، خوا بم کاتە فیدات. فەرموی: خەڵکیش بۆ پوریان حەز ناکەن.

گوتی: پێغەمبەر ﷺ دەستی خستە سەر سینگیو فەرموی: خوایە لە

---

١) رواه أحمد في المسند (حديث صحيح).

گوناهی خۆش بەو، دڵی پاك كەرەوەو، داوێنی بپارێزە.. پاش ئەمە گەنجەكە ئاوڕی بۆ هیچ شتێك نەدایەوە.

هەروا دەفەرموێ: ((لا يزني الزاني حين يزني وهو مؤمن،[1] ولا

---

١) سەبارەت بەم فەرمودەیە پرسیار لە جەعفەری كوڕی محمد كرا، ئەویش لە زەوی یەكەدا بازنەیەكی كێشاو گوتی: ئەمە بازنەی بڕوایە، پاشان بازنەیەكی تری لەدەورەی كێشاو گوتی: ئەمە بازنەی ئیسلامە، گەر عەبد زینای كرد لەمە دەردەچێ و لەمە دەرناچێ.

ئیبن القیم گوتویەتی: لە زینادا هەمو خراپەیەك كۆدەبێتەوە، كە لە كەم ئایینیو نەمانی تەقواو خراپی پیاوەتیو كەم غیرەتی یەوە دروست دەبێ... جا غەدرو درۆو ناپاكیو كەم شەرمیو نەبونی چاودێریو وازنەهێنان لە تاوانو نەمانی غیرە لە دڵ دا، لە لقو پێویستی یەكانی زیناكردنە...

خوای گەورە دڵ توندی دەخاتە دڵی زیناكەرەوە، هەروەها بە ئەنجام دانی زینا سینگ تەنگ دەبێ. گەر بابای خراپەكارو فاجر دەزانێ چ خۆشیو چێژو سینگ كرانەوەو خۆش گوزەرانیەك لە داوێن پاكیدایە، رای وا دەبو، كە ئەو چێژەی لە دەستی چوە زۆرترە، لەوەی بە دەستی هێناوە. لە قازانجی لەش ساغیو سەرفرازی بە پاداشتو كەرەمی خواش هەر مەپرسە، لەو شتە خراپانای لە زینا دێتە كایەوە ئەوەیە، كە بابای زیناكەر خۆی لە ڕابواردن لەگەڵ حۆری یەكان لە خانوی خۆش لە باخچەكانی (عەدن) لە بەهەشتدا بێبەش دەكات.. (بە كورتی لە كتێبی روضة المحبين ٣٥٨-٣٦١)

ئەمەو سەرەڕای سزای ئەم كارە فاحیشەیە لە ئاخیرەتدا، سزاكەشی لە دنیادا بریتییە لە كەوتنە ناو فیتنەو ئاشوبو دوچار بون بە نەخۆشی یە پیسەكانی ئەندامەكانی زاوزێ، كە دەبێتە هۆی منداڵ نەبونو شێت بونو، دەبێتە هۆی بە خێرایی كپ بونەوەی چێژی جینسی.

دكتۆر (ادمس) لە كتێبەكەی (المعرفة الجنسية)دا گوتویەتی: (بە گوێرەی پیشەكەی خۆم چەند پیرێك دەناسم، كە لە تەمەنی حەفتاو پێنج ساڵی دانو قابیلی یەتی جنسیان بەهێزەو نەشلەژاوە. كاتێك سەبارەت بە نهێنی ئەم زیندویەتیە عەجیبە لێم پرسین، ئەوانیش پاراستنی چالاكی یەكانیان بۆ ئەم هۆكارانەی خوارەوە گەڕاندەوە:

١- لە كاتی گەنجیدا دەستپەڕ (العادة السرية)یان نەكردوە.

٢- كاتێك گەیشتنە پلەی پیاوەتی، خۆیان پاراستوەو نقومی كارە ناشیرینەكان نەبون.

يسرق السارق حين يسرق وهو مؤمن، ولا يشرب الخمر حين يشربها وهو مؤمن))[١]، واته: ئه‌و كه‌سه‌ی زينا ده‌كات له كاتی زيناكه‌يدا بڕوادار نی‌يه، ئه‌و كه‌سه‌ی دزی ده‌كات له‌و كاته‌ی دزی‌يه‌كه ده‌كات بڕوادار نی‌يه، ئه‌و كه‌سه‌ی مه‌ی ده‌خواته‌وه له كاتی مه‌ی خواردنه‌وه‌كه‌يدا بڕوادار نی‌يه.

هه‌روا ده‌فه‌رموێ: ((لا يحل دم امريءٍ مسلمٍ يشهد أن لا إله إلاّ الله وأنّ محمد رسول الله، إلاّ في إحدى ثلاث: زنا بعد إحصان، فإنه يرجم، ورجل خرج محارباً لله ورسوله، فإنه يقتل أو يصلب، أو ينفى من الأرض، أو يقتل نفساً، فيقتل بها))[٢]، واته: خوێنی مسوڵمان، كه شايه‌تمان دێنێ خوێنی حه‌ڵاڵ نی‌يه، مه‌گه‌ر له يه‌كێ له‌م سێ شته‌دا نه‌بێت: يه‌كێك كه ژنی هه‌بێ يان شوی كردبێت و زينا بكات، ئه‌وه به‌وه به‌ردباران ده‌كرێت، پياوێك دژی خواو پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی جه‌نگ بكات، ئه‌وه ده‌كوژرێ، يان هه‌ڵ ده‌واسرێ، يان له وڵات دور ده‌خرێته‌وه، يان به ناحه‌ق كه‌سێك بكوژێ، ئه‌وا ده‌كوژرێته‌وه.

٣- دوای هاوسه‌رگرتن (الزواج) له جوتبونياندا، ڕاده‌ی مام ناوه‌نده‌ی‌يان گرتوه‌و زياده‌ڕه‌وی‌يان تێدا نه‌كردوه، بۆ ماوه‌يه‌كی درێژيش هێزه جنسيه‌كه‌يان كۆنه‌كردۆته‌وه.

٤- مادده بێ هۆشكه‌ره‌كانو مه‌ی‌و جگه‌ره‌يان به‌كار نه‌هێناوه.

٥- له حاڵه‌تی نه‌فسی يه‌تێكی باش نه‌بوايه، له‌گه‌ڵ خێزانيان جوت نه‌ده‌بون.

١) رواه البخاري.

٢) رواه أبو داود والنسائي (حديث صحيح).

باسی ژیانی جنسی له بەهەشت

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((إن للمؤمن في الجنّة لخَيمةً من لؤلؤة واحدة مجوَّفة طولُها ثلاثون ميلاً، وللمؤمن فيها أهلون يطوف عليهم المؤمن، فلا يرى بعضهم بعضاً))[1]، واتە: لە بەهەشتدا بڕوادار خیوەتێکی مرواری کلۆری بۆ هەیە، کە درێژی یەکەی سی میلە، چەند حۆرییەکی تێدایە، بڕوادار بە سەریاندا دەسوڕێنەوە، هیچ کامێکیان ئەوی تریان نابینێ.

هەروا دەفەرموێ: ((يُعطَى المؤمن في الجنة قوة كذا وكذا من الجماع. قال أنس: يا رسول الله ويطيق ذلك؟! قال: يعطى قوة مئة))[2]، واتە: لە بەهەشتدا مرۆڤی بڕوادار ئەوەندەو ئەوەندەی هێزو توانای جوتبونی پێ دەبەخشرێ.

ئەنەس گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، چۆن ئەو کەسە دەتوانێ بەرگە بگرێو، ئەوەندە جوتبونە بکات؟

پێغەمبەر ﷺ فەرموی: بڕوادار هێزو توانای (سەد) پیاوی پێ دەدرێ.

ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، (هل نَصِلُ إلى نسائنا في الجنّة؟!).

قال: ((إن الرَجلَ لَيَصِلُ في اليوم إلى مئة عذراء)) (رواه الطبراني، قال الحافظ أبو عبدالله المقدسي: و رجال هذا الحديث عندي على شرط مسلم)، واتە:

---

١) رواه البخاري.

٢) رواه الترمذي وصححه، وهو كمال قال.

ئایە لە بەهەشت لەگەڵ ژنەکانمان جوت دەبین؟!

فەرمووی: پیاو لە رۆژێکدا لەگەل سەد ژن جوت دەبێ، کە کچێنی یان ماوە.

لەقیتی عوقەیلی گوتویەتی: ((قلت: يا رسول الله، أو لنا فيها أزواج مصلحات؟ قال: ((الصالحون للصالحات، تَلَذُّونهن مثل لذاتكم في الدنيا، ويلذّونكم، غير أن لا توالُدَ))[1]، واتە: بە پێغەمبەری فەرمو: لە بەهەشتدا ئافرەتی صالحەمان بۆ هەیە؟ پێغەمبەر فەرمووی: پیاوی باش بۆ ئافرەتی باشە، جا لەو ئافرەتانە چێژ و خۆشی وەردەگرن، وەك چۆن لە دنیا خۆشیتان لێ وەردەگرتن، ئەوانیش بە هەمان شێوە چێژو خۆشی لە ئێوە وەردەگرن، بەلاّم جوتبونەکە منداڵی لێ ناکەوێتەوە.

ئەبو هورەیرە گوتویەتی: ((قلت يا رسول الله: أَنطأُ في الجنّة؟ قال رسول الله ﷺ: والذي نفسي بيده دحماً دحماً! فإذا قام عنها رَجَعتْ مُطَهَّرةً بِكراً))[2]، واتە: گوتم ئەی پێغەمبەری خوا: ئایا لە بەهەشتدا جوت دەبین؟ پێغەمبەری خوا فەرموی: سوێند بەو کەسەی گیانمی بە دەستە، ئێوە جوت دەبن بە تەکانێکی توندو جوتبون لە دوای جوتبوین. جا هەرجارەی، کە پیاوەکە لە سەری هەڵدەستێ، ئافرەتەکە وەکو کچێنی لێ دێتەوە.

لە (معجم)ی طبەرانی لە فەرمودەی (ابو متوکل) هاتوە، کە ئەبو سەعیدی خودری گوتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((إن أهل الجنّة إذا جامعوا نساءهم عُدْنَ أبكاراً))، واتە: خەڵکی بەهەشت گەر

---

١) رواه الطبراني والحاكم وغيرها وسنده جيد.
٢) صححه أبن حبان.

لەگەڵ ئافرەتەکانیان جوتبون، ئەوا ئافرەتەکان دەگەڕێنەوە سەر حاڵەتی کچێنی.

لە هەمان کتێبی طەبەرانیدا لە حەدیسی (ئەبو ئومامە) -ڕەزای خوای لێ بێ- کە پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ کرا: ئایا خەڵکی بەهەشت جوت دەبن؟ فەرمووی: ((**بذَكَرٍ لا يَمَلُّ، وشهوةٍ لا تنقطع! دحماً دحماً**))، واتە: جیماع دەکەن بە چوکێك کە بێتاقەتو وەڕز نابێو، بە ئارەزویەك نابڕێو کۆتایی نایەت، جیماعەکەش یەك لە دوای یەکە.

هەر لە هەمان کتێبدا هاتوە: پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ کرا: ئایا خەڵکی بەهەشت جوت دەبن؟ فەرمووی: ((**دحماً، لا مَنّي ولا حَيْضَة**))، واتە: جوت دەبن بە تەکانێکی توند، بەبێ مەنیو، ئافرەتیش توشی خوێنی حەیز نابێ.

گەنج و لاوان! بۆ لای خوا بگەڕێنەوە

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَٰعَفۡ لَهُ ٱلۡعَذَابُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمۡ حَسَنَٰتٖۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ (الفرقان: ٦٨-٧٠)، واتە: ئەو کەسانەی لەگەڵ خوا، پەرستراوێکی تر ناپەرستن و هانای وەبەر نابەن، کەسیش ناکوژن مەگەر بە حەقی خۆی نەبێ، چونکە کوشتنی کەسێك بە ناحەق خوای گەورە حەرامی کردوە، هەروا زینا ناکەن.. هەر کەسێك ئەم کارە حەرامانە بکات، لە ڕۆژی قیامەت سزای گوناهەکەی وەردەگرێ‌و بە زەبونو ریسوایی تێیدا دەمێنێتەوە.. تەنها ئەو کەسانە نەبێ، کە بۆ لای خوا دەگەڕێنەوەو باوەڕ دێنن‌و کردەوەی باش ئەنجام دەدەن. جا خوای گەورە بە لوتفی خۆی خراپەکانیان دەگۆڕێ بە کردەوەی باش، خوای بالا بەخشندەو میهرەبانە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((لَلّهُ أشدُّ فرحاً بتوبة عبده حين يتوب اليه من فرح أحدكم كان على راحلته بأرض فلاة، فانفلتَتْ منه، وعليها طعامه وشرابه، فآيسَ منها، فأتى شجرة فاضطجع في ظلها، وقد آيس من راحلته، فبينما هو كذلك إذا بها قائمة عنده، فأخذ بخطامها ثم

قال من شدّة الفرح: اللّهمَّ أنت عبدي وأنا ربك، أخطأ من شدّة الفرح))[١]، واتە: خوای بەخشندە بە تەوبە کردنو گەڕانەوەی عەبدی خۆی، لەو کەسە زۆر دڵ خۆشو شادتر دەبێ، کە لە بیابانێك بێو حوشترەکەشی خواردنو خواردنەوەی لێ بارکرابێ، جا حوشترەکەی بە بارەوە لێی ون بێو نائومێد بێ لە دۆزینەوەیو بچێتە ژێر سێبەری دارێك پاڵ کەوێ. لەو کاتەدا دەبینێ حوشترەکەی بەبارەوە لەبەردەمی ئامادە بوە، ئەویش یەکسەر رێشمەکەی رادەکێشێو لەبەر زۆر دڵخۆشی دەڵێ: خوایە تۆ عەبدی منیو منیش خوای تۆم. ئەم هەڵەیەش، کە دەیکات لەبەر زۆر دڵخۆشی یەکەیەتی.

---

١) رواه مسلم .

بکوژێك ھەیە ناوی چێژو لەزەتە

لەسەرەتای ئەم کتێبەدا چەند گوڵ بژێرێکی جوانو سەرنج راکێشەرم دەربارەی چێژ باسکرد، دەترسم ھەندێك کەس ھەردەم چێژ بە شتێکی باش لەقەڵەم بدەن، لەگەڵ ئەوەی زۆرجار خراپەی زۆری لەگەڵ دایە، کە شایستەی ئەم ناوەی ھەیە (بکوژێك ھەیە ناوی چێژە)، کە چەندە بۆتە ھۆی ئازارو کارەساتی وێرانکەر بۆ مرۆڤ .

من لە کتێبەکەم (أسرار العشاق) باسی زۆر لەو ھەواڵانەم کردوە، کە چێژ و لەزەت بەرەو لادانی بردون و، گەیشتۆتە ڕادەی کوشتنی خەڵکی تر، یان خۆکوشتن، یان کوژرانی لە لایەن خەڵکەوە!

ئا بەم شێوەیە چێژو لەزەت دەبێتە ھۆی خوێن ڕشتن و خۆ خستنە بەر ئازارو بەدبەختی، وەك بە درێژی ئەم باسەمان سەبارەت بە زینا باسکرد.

ھەر لەزەتیشە دەبێتە مایەی پاراستنی خوێنو تەندروستیو بەختیاریی... ھەمو ئەمەش لە دنیاو ئاخیرەتیشدا دەستەبەر دەکرێ، لە یەکەم باسیشماندا ئەم جۆرە لەزەتەمان مەبەست بوە.

کەواتە چ جیاوازی‌یەکی گەورە ھەیە لە نێوان ژیانی زیناکەرو ژیانی ھاوسەریەتی، ژیانی یەکەم وەك ژیانی دز وایە لە بەدەست ھێنانی شتدا، کە ھەموی ترسو شلەژانو عەزابە.. دوەمیش وەك ژیانی بازرگانە بە ئابڕوەکانە، کە باڵی دڵنیاییو خۆشی بە بەردەوامی بەسەردا کێشراوە.

ئەی گەنج و لاو بە کچ و کوڕەوە! هەردەم ئەوەتان لە یاد بێت، خوای گەورە هیچ شتێك حەرام ناکات، گەر شتێکی باشتر لەوی حەڵاڵ نەکردبێ، عیشقێکی سەر شێتانەی حەرام کردوە، کە خاوەنەکەی دەڕوخێنێ، خۆشەویستی یەکی حەڵاڵ کردوە، کە داوا لە خاوەنەکەی دەکات ژن بهێنێ، یان شو بکات، داوای ژیانێکی جێگیرو بەختیار دەکات، داوای پێکهێنانی خێزان و پەروەردەکردنی کوڕو کچ دەکات، بۆ ئەوەی ببنە ڕۆشنایی چاو بۆ خۆی و بۆ دایکی...

گڕی غیرە بەختیاری ژن و مێرد دەسوتێنێ

- غیرەی باش و غیرەی خراپ -[1]

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَهُمْ فِيهَآ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ﴾ (البقرة- ٢٥)، واتە: لە بەهەشت ئافرەتی پاك كراوەی تێدایە[2].

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((إن الله يغار، والمؤمن يغار، وغيرة الله ان يأتي المؤمن ما حرّم الله))[3]، واتە: خوای گەورە غیرەی هەیە،[4]

---

١) ئافرەتی غیرەدار چەند نەگبەتە، چ ژیانێكی بەدبەختی هەیە، یەكێك لە ئافرەتە شارەزایەكان گوتویەتی: ((ئافرەتێكی هاوڕێم هەبو زۆر گوماندار بو، زۆر غیرەی دەرهەق بە مێردەكەی هەبو، گەر مێردەكەی بۆ دەرەوە بڕۆیشتایە، یان ژوان (موعد)ێكی لەگەڵ یەكێك هەبایە، یان لە تەلەفۆن قسەی بكردایە، یان دڵ خۆش بوایە، یان زەردەخەنەی لەسەر لێو بایە، وایدەزانی ئافرەتێك لە ژیانی ئەو پیاوەدا هەیە!!))

ئەم ئافرەتە كەمژەیە حیكمەت و دانایی بەكار نەدەهێنا، بە ڕیشەداكوتانی ئەم نەخۆشی یە خراپە، خۆی لە مێردێك بێبەش كرد كە هیچ خەوش و نەنگی یەكی نەبو.

لە ڕاستیدا غیرە دێتە ناو مێشكی ژن یان پیاو، بەڵام پێویستە فڕێ بدرێ، ئەمەش لە توانای هەمو مرۆڤێكی ژیردا هەیە. با چارەسەر پێش سەر هەڵدانی شت بێت، ئەگینا گەورە دەبێ و پەرەدەسێنێ و شیفاكەی زەحمەت دەبێ.

٢) ئیمام ئیبن القیم گوتویەتی: بە واتای پاكن لە خوێنی حەیزو میزو پیسایی و، هەمو ئەو شتانەی، كە لە ئافرەتی دنیادا هەن، ناوەوەشیان لە غیرەو ئازاردانی هاوسەر پاك كراوەتەوە. (روضة المحبین)، ص(٢٤١-٢٤٢).

٣) رواه البخاري والنسائي .

٤) مناوی لە كتێبی (الفیض)دا گوتویەتی: ((بە ئابڕوترین خەڵك و عەزم بەهێزیان ئەو كەسەیە، كە غیرەی لە هەموان زیاترە، چونكە ئەو بڕوادارەی لە شوێنی خۆی غیرەی دەجوڵێ، لەگەڵ سیفەتێك لە سیفەتەكانی خوای گەورە یەك دەگرێتەوە، هەر كەسێكیش

بڕواداریش غیرە دەیگرێ، غیرەی خوای گەورە ئەوەیە، کە بڕوادار کارێك بکات خوای گەورە حەرامی کردبێ.

پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: ((لا أحد أغير من الله ﷻ، فلذلك حرّم الفواحش ما ظهر منها وما بطن، ولا أحد أحب اليه المدح من الله ﷻ)) [١]، واتە: هیچ کەسێك لە خوای گەورە بە غیرەت تر نییە، لەبەر ئەوەیە کارە فاحیشەکانی بە حەرام داناوە، چ ئەوەی دیارە، چ ئەوەی نادیارە، هیچ کەسێکیش وەك خوای گەورە حەزی لە مەدح نی یە.

هەروا دەفەرموێ: ((المؤمن يغار، والله أشدّ غيرة)) [٢] ، واتە: بڕوادار غیرە دەیگرێ، خوای گەورەش غیرەی زۆرترە.

سەعدی کوڕی عوبادە ڕەزای خوای لێبێ گوتی: (لو رأيت رجلاً مع أمرأتي لضربته بالسيف غير مُصْفِح) [٣]، واتە: گەر پیاوێك لەگەڵ

لە یەکێ لە سیفەتەکانی یەك بگرێتەوە، ئەوا ئەو سیفەتە لە جلەوی ئەو دادەبڕێو لە ڕەحمەتی خۆی نزیکی دەکاتەوە)).

جا ئەم ئاڕاستەیە لە کوێ، کە زۆر لە پیاوانی ئەمڕۆ لە غیرە بێبەش بون، دەیانبینین خێزانو کچو خوشکەکانیان لە ڕێگاکان بە ڕازاوەییو جوانی (متبرج) دەخەنە ڕو، بۆ ئەو کەسانەی شەرەفو ناموس هەتك دەکەن، تاکو دەستدرێژیان بکەنە سەرو وەك مار پێوەیان بدەن!

١) رواه البخاري ومسلم.

٢) رواه البخاري ومسلم.

٣) (غير مصفح) بە واتای بە پانایی شمشێرەکە لێی نادەم بەڵکو بە تیژیەکەی لێی دەدەم بۆ ئەوی بیکوژم، أبو الفرج لە کتێبی (النساء)دا گوتویەتی: معاویە گوتویەتی: ((سێ شت هەن لە خەسڵەتی گەورەییو پلەبەرزی یە: لێبوردن (الصفح)، ئەو کەسەی ورگن نەبێ، زیادە ڕۆیی نەکردن لە غیرە)).. قەیسی کوڕی زوهێر چوە لای هەندێ لە عەرەبو پێی گوتن: من غیرە دارمو شانازی پێوە دەکەم، من نەفس بەرزم، بەڵام غیرە نامگرێ هەتا نەبینم، شانازی ناکەم تاوەکو بە کردەوە نەیکەم.

خێزانەکەم ببینم، بە تیژایی شمشێرەکە لـێی دەدەم.

جا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: ((أتعجبون من غيرة سعد لأنا أَغْيَرُ منه، والله أَغْيَرُ مِنِّي))[1]، واتە: لە غیرەی سەعد سەرتان سـوڕ دەمێنـێ؟! من لە سەعد زیاتر غیرەم هەیە، خوای گەورەش لە من بە غیـرەترە[2].

هەروا دەفەرموێ: ((إن من الغيرة ما يحب الله، ومنهـا مـا يـبغض الله، فأما الغيرة التي يحبها الله فالغيرة في الريبة، وأما الغـيرة الـتي يبغضـها الله فالغيرة في غير الريبة))[3]، واتە: غیرەی وا هەیە خوای گـەورە حـەزی پـێ دەکات، غیرەی واش هەیە خوای گەورە ڕقی لـێیەتیو پێی ناخۆشە. ئـەو غیرەیەی خوای گەورە پێی خۆشە، غیرەیەکە لە گومان دابێت، بـەڵام ئـەو

ئەبو فەرەج گوتی: لە دوای وازهێنانی زیادەڕۆیی کردن لە غیرەدا، عەیبیان لە معاویە گرت، کە لە خەسڵەتەکانی گەورەیی یەو هیچ عـەیبی لـێ نـابینم، چـونکە زیـادەڕۆیی بریتی یە لە سنور تێپەڕاندن، کە سەرکێشە بۆ سـتەم کـردن لـە ئافرەتەکـە.. هـەروەها عەیبیان لە قەیسی کوڕی زوهێر گرت بە گوتەکەی: غیرە نامگرێ تـا وەکـو نـەبینم، وا گومان دەبەم کە مەبەستی بینینی هۆ بێت، نەك نەبینینی جوتبونەکە.

١) رواه البخاري ومسلم .

٢) ئیمام ئیبن القیم گوتویەتی: ئەو کەسەی خواو پێغەمبەرەکەی خۆشدەوێ، بە ئەنـدازەی خۆشویستنو بەگەورەگرتنەکەی غیرەی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی دەجولـێ، گـەر دڵـی لـە غیرە بۆ خواو پێغەمبەرەکەی خاڵی بو، ئەوا ئەو کەسە خۆشەویستی یەکەی خاڵی یە، بـا واش دابنێ کە لەو کەسانەیە خواو پێغەمبەری خۆش ئەوێ، ئەو کەسە درۆی کردوە، کە جاڕی خۆشەویستی خۆشویستراوێك بـۆ خـەڵکی لێـدەدات، کـە دەبینـێ خـەڵکانی تـر حورمەتی خۆشەویستەکەی دەشکێننو پـێ شـێلی دەکـەنو، سـوکایەتی بـە مافـەکانی دەکەن، ئا لەم حاڵەتەدا غیرەی ناجولێو دڵەکەشی ساردەو گەرمایی تێدا نیە، چۆن ئەمە ڕاستە عەبدێك جاڕی خۆشەویستی خـوا لێبـداتو بەرامبـەر بـە سـوکایەتی پێکردنـی مەحارمەکانی خوا غیرەی نەجولێو، بۆ مافە ون کراوەکانی غیرەی نەجولێ.

٣) رواه أحمد في المسند والنسائي وأبن حبان (حديث حسن).

غیرەیەی خوای گەورە پێی ناخۆشە ئەو غیرەیە کە لە گومانەوە پەیدا نابێ[1].

١) ئاراستەکردنی ئەم فەرمودەیە چەند گەورەیە، چەندەها غیرەی جاهیلی هەبوە بۆتە هۆی نەگبەتی خێزان.. من (دانەری کتێب) دان دەنێم کە ئەم قۆناغەم بەسەردا تێپەڕیوە، کە گەنج بوم، ماڵەکەم لە گوند بو، لەسەر شاخێکی دور بـوم، داوام لـە خێزانەکـەم دەکـرد خۆی داپۆشێ نەبادا شوانێك، یان کەسێکی تر تێپـەڕێو ببینـێ، کـە نـاتوانرێ ئەمـە (تصور) بکرێو، ناتوانرێ دەستەبەر بکرێو جێبەجێ بکرێ، لـە نـاو مـاڵ، یـان لـەناو ژوردا، جا دەم برد بۆ پیاسە، ئـەویش دەم چـاوی دانەدەپۆشـت، گـەر لـەناکاو یـەکێك ببینیایە، ئەوا دنیام هەڵدەساندو دام دەنیشاندو پیاسەکەم لە ئەو و خۆیشـم تێـك دەدا، کەچی لە ڕاستیدا دەمو چاو بەبێ دەرخستنی جوانیو ڕازاوەیی عەورەت نـی یـە، هـەمو ئەمەش هۆکەی شارەزا نەبون بو بە ئیسلام.

ئەرکی ژنومێردە، ژیرو لەسەرخۆ بن، گومان، چاوو دڵیان دانەگرێ، کـە بـە هۆیـەوە ژیانیان تاڵ دەبێتو هەڕەشەی تێکدانی کیانی خێزان دەکات، ئەمـەش لـە ئاکـامی ئـەو گومانو وەسوەسە شەیتانیانەو خەلەلی غەریزەی مولکداری‌یە.

لە شتە غەریبەکانی غیرە ئەوە بـو، سوارچـاکەکانی فەڕەنسا لـە سـەدەی ناوەڕاسـت پشتێنی ئاسنینی قفڵ داریان بەکار دەهێنا، لەو کاتەی دەچون بۆ جەنگ ژنەکانیان بـەم قفڵانە دەبەستەوە، نەبادا زینا بکەن.

من ئامۆژگاری ژنو مێرد دەکەم -بە تایبـەتی گەر بە ڕاسـتی دیـن دارن-، هەریـەکـە بوار بۆ چاودێری خوای گەورەو لێپرسینەوەی ویژدانی خۆی بکـات، بـا بـەهۆی غـیرەوە بەختەوەری خێزان تێك نەدەن، بەتایبەتی گەر هەردوکـیان دەستیان بە سنوری شـەرعەوە گرتبو، خۆیان لە بینینی دیمەنی غەرامی جنسی وروژێنەر دور گرتبوو، لـە تێکـەڵ بـون لەگەڵ پیاوو ژنی بێگانە دورکەوتنەوە، هەروەها ژنەکە خۆی لە خۆڕازاندنەوە بـۆ خـەڵك بەدور گرتبێ، کە گومان دەخاتە دڵی مێردی هۆشیارەوە.

یەکێك نوسیویەتیو دەڵێ: پێویستە ژن پارێزەر(محامیة)ی مێردەکـەی بێـتو بـەرگری لـێ بکات، نەك هەردەم ئـەرکی بریتـی بێـت لـە کـاری موخابـەرات، هـەر لـە کـاتی هاتنەوەی بۆ ماڵ لێی بپرسێ: لە کوێ بوی، چیت کرد، بۆ چی دواکـەوتی، لەگـەڵ کـێ قسەو گفتوگۆت کرد، چیت دەگوت... بەڕاشکاوی قسە بکە. ئەمەو چەندەها پرسیاری تر کە ژیانی هاوسەریەتی دەکاتە دۆزەخ و لە وزەدا نامێنێ.

کاتێ تاوانباران هاتنە سەر عوسمانی کوڕی عەففانﷺ، نائیلەی خێزانی قژی کردەوە، تا بەڵکو جوامێرێکیان تیابێ و بگەڕێنەوە، ئیمامی عوسمانیش، کە ئاوڕی لێدایەوە هاواری ئیمانی لێ هەستاو سەرزەنشتی کرد، گوتی: سەرپۆشەکەت هەڵگرەوەو سەرت داپۆشە! بێن بمکوژن باشترە لەوەی قژت ببینن!!

((پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردوە، کە پیاو بەشەو لە سەفەر گەڕایەوە، لەناکاو خۆی بکات بەماڵەوەدا، بۆ ئەوەی ژنەکەی تاقی بکاتەوە، کە ئایا خیانەتی لێدەکات یان نا؟ یان لە هەڵەو سەرسمی بگەڕێ)). موسلیم گێڕاویەتیەوە.

ئەم باسە بە گوتەیەك کۆتایی دێنین کە (غیرة)ی تێدا شی کراوەتەوەو جیاوازی نێوان باش و خراپ دەردەخات:

دکتۆر أمیر لە قەتەر لە گۆڤاری (التربیة الحدیثة) (٣٤ سالی ١٢)ەم گوتویەتی، کە ئەمە کورتەکەیەتی: غیرە وەك هەموو نەخۆشی یە دەرونی یەکان، خاوەنەکەی دەفەوتێنێ، جا هاوسەنگی یەکەی تێکدەچێ، کەسایەتی یەکەی سوك دەبێ، ویژدانی دەشلەژێنێ، جەستەی بێهێز دەکات، هێزی عەقلی کەم کاردەکات، بەرهەمی کەم دەبێ.. غیرە وەك هەستکردن بە کەم و کورتی لە حاڵەتە سادەکاندا، هیچی تیا نییە، چونکە نمونەیەکی بەرگریکردنە لە نەفس و، یاریدەدەرێکی ڕێکخەری سروشتی یە بۆ پێشبڕکێی پیرۆزانە.

دیارە دەروونناسی لەگەڵ فەرهەنگی ئینگلیزی هاودەنگە لە پێناسەی غیرە، کە دەڵێ: ((غیرە بریتیە لە ترسانی خاوەنەکەی، کە یەکێکی تر شوێنی ئەو بگرێت)).

ئەوەی جێی داخە زۆربەی ئەوەی پێی دەڵێن غیرەی ژن و مێردایەت، کە زۆرینەی خاوەنەکەی بەرەو بەدبەختی و تیاچون، بەڵکو بەرەو خۆکوژی و، ئەنجامدانی تاوانی کوشتن و، سێدارە دەبات، بە زۆریی ئەم غیرەیە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیە.

زۆر زەحمەتیشە کەسێك هەبێ چارەسەری پیاوی غیرەتدار بکات، جگە لە ژنەکەی.

ئافرەتـــان غیـــرەیان چەنـــد زۆرە!
- نمـونەیـەك لە غـــیرەی عائیشـــەو
ئـــارام گـــرتنی پیێغەمبـــەر ﷺ -

((شەوێك پێغەمبەری خوا ﷺ خەو لەچاوانی زڕابو، چـوە قەبرســتانی (بەقیع) تا سلاّوو دوعا بکات، بۆ ئەوانەی لەوێ بەخاك سپاردراون.. کاتی بـەیانی لـە چێشـتەنگاودا بـەلای عائیشـە تێپـەڕیو چـوە لای، بینـی وا ژانەسەری گرتوەو نالّەنالّیەتیو دەلّێ: ئای سەرم! جا پێغەمبەری خـوا ﷺ هەستی بە ئازاری نەخۆشیەکەی کردو فەرموی: بەخوا عائیشە مـن سـەرم دێشێ!

کە خاتو عائیشە چەندجار دەیگـوت: ئـای سـەرم! پێغەمبـەر ﷺ بـۆ گالّتە پیێ فەرمو: خۆ چ زیانت پێناگات، گەر لەپێش من بمـریو منـیش هەستم کفنت بکەمو نوێژت لەسەر بکەمو بتنێژم؟!!

خاتو عائیشەش غیرەی بزواو هاواری کرد: با ئەوە بەشی کەسی تر بێ!! بەخوا ئەگەر لەجیاتی تـۆ وام بکردبایـە، دەگەڕامـەوە مالّەکـەم، لـەڕقی ژنەکانت خۆم دەکردە بوك!

جا روخسـاری پێغەمبـەر ﷺ گەشایەوەو خەندەیـەکی جـوانی کـردو ئازارەکەی نەما))[١].

((ڕۆژێك پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لە خاتو عائیشە کردو فەرموی: ئەوە غیرەت هەیە؟! ئەویش وەلاّمی دایەوە: بۆچی نـا، یـەکێکی وەك مـن

---

١) حاکم گێڕاویەتیەوەو بە (صحیح)ی داناوە.

غیرەی بەرامبەر یەکێکی وەك تۆ نەبێ!))[1].

ئەنەس ﷺ گوتویەتی: ((پێغەمبەر لەماڵی هەندێ لە خێزانەکانی بـو، هەندێ لە خێزانەکانی قاپێك تێکوشەیان بۆ نارد، عائیشە خۆی لەدەستی خزمەتکارەکەداو قاپەکـە کـەوت و شـکا، پێغەمبـەریش ﷺ تێکوشـەکەی هەڵدەگرتەوەو دەیخستە ناو پارچە قاپەکەو دەیفەرمو: بخۆن، ئەوە دایکتـان غیرەی گرتوە!! پاشان نەیهێشت خزمەتکارەکە بڕوات هـەتا قـاپێکی ئـەو ماڵەی، کە لێی بو دای بـە خزمەتکارەکـە، تـا بیداتـەوە بـە ماڵـە قـاپ شکاوەکە))[2].

((کاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ بە صەفیەوە گەڕایـەوە مەدینـە، کـە لـە ڕێگا بو بە خێزانی، خاتو عائیشە ڕەزای خوای لـێبێ گوتی: خۆم نەناسراو کردو خۆم گۆڕی، تا بچمە دەرەوە بزانم چیە، جا پێغەمبەر منی ناسـیەوەو بەرەو ڕوم هات و منیش گەڕامەوە، بە خێرایی ڕۆیی و گەیشتەوە من و، لـە ئامێزی گرتم و فەرموی: چۆنت دیت؟! گوتم: جولەکەی کچـی جولەکـــەیە!! -مەبەستی بەندەیەو لە شەڕ گیـراوە-))[3].

خاتو عائیشە گوتی: ((ئەو شـەوەی نـۆرەی مـن بـو پێغەمبـەر لـەلام بمێنێتەوە، پێغەمبەر گومانی وابرد خەوم لـێکەوتوە، جـا چـوە دەرەوە.. منیش بەدوایدا ڕۆیشتم (وام زانی دەچێتە لای یەکێ لە هەوێیـەکانم و دوای کـەوتم)، هـەتا هاتـە قەبرسـتانی (بـەقیع).. پاشـان گەڕایـەوەو منـیش

---

١) ئیمام ئەحمەد لە مسنەد و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

٢) بوخاری گێڕاویەتیەوە.

٣) ئیبن ماجەو حافظ الدمشقی لە (المرافعات) گێڕاویەتیانەوە، هـەروەك طـبـەریش لـە (مناقب أمهات المؤمنین) هێناویەتی.

گەڕامەوە، خێرا ڕۆیشت، منیش خێرام کرد، ڕۆیشتنەکەی خێراتر کرد، منیش هەروەهاو پێشی کەوتمەوە.. جا هاتە ژورەوەو فەرموی: عائیشە ئەوە چیتە دڵت زۆر لێ دەدا.. منیش پێم ڕاگەیاند.. فەرموی: گومانت وایە خواو پێغەمبەرەکەی ستەمت لێدەکەن))[1].

خاتو عائیشە گوتی: ((غیرەم دەجولاّ لەو ئافرەتانەی خۆیان پێشکەشی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکردو دەمگوت: چۆن دەبێ ژن خۆی پێشکەش بکات؟! جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿تُرْجِي مَن تَشَآءُ مِنْهُنَّ وَتُـْٔوِىٓ إِلَيْكَ مَن تَشَآءُ ۖ وَمَنِ ٱبْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ﴾(الأحزاب- ٥١)، واتە: تۆ سەرجێیی هەرکامیان وەدوابخەیو کامیان بانگ بکەیە لای خۆت، کەیفی خۆتە، ژنی تەخسیرکراویش ئاشی کەیەوە، گوناهێکت نایەتە سەر.

بە پێغەمبەرم گوت: وا دەبینم پەروەردگارت ئارەزوت زو جێبەجێ دەکات!))[2].

خاتو عائیشە ڕەزای خوای لێبێ گوتویەتی: ((گەر پێغەمبەری خوا بۆ شوێنێ دەرىچوایە، تیروپشکی لەنێو خێزانەکانی دەکرد، جا تیروپشکەکە بۆ عائیشەو حەفصە دەرچو، هەردوکیان بەیەکەوە دەرچون، پێغەمبەر بە شەو قسەی لەگەڵ عائیشە دەکردو لەگەڵی دەڕۆیی.

حەفصە بە عائیشەی گوت: بۆ ئەمشەو سواری حوشترەکەم نابیو منیش سواری حوشترەکەی تۆ دەبم، تا تەماشام بکەیو منیش تەماشات بکەم!! گوتی باشە! عائیشە سواری حوشتری حەفصە بو، حەفصەش سواری حوشتری عائیشە بو. پێغەمبەری خواش ﷺ هاتە لای حوشترەکەی

١) (فەرمودەکە بە کورتیە) موسلیم گێڕاویەتیەوە.
٢) بوخاری ومسلیم گێڕاویەتیانەوە.

عائیشە، کە حەفصەی لەسەر بو، سڵاوی لێ‌کردو پاشان لەگەڵی ڕۆیی، هەتا دابەزین‌و لەبەرچاوی عائیشە ون بون. ئەویش غیرەی بزوا! جا کە دابەزین قاچی خستە کونێك‌و دەیگوت: ئەی پەروەردگارم، دوپشکێك، یان مارێکم بەسەردا زاڵ بکە، تا پێوەم بدات، ئەوە پێغەمبەرەکەتە، ناتوانم هیچ شتێکی پێ بڵێم!!))[1].

---

١) موسلیم گێڕاویەتیەوە.

بەر لە ڕودانی کارەسات

لەسەرخۆیی و پەلە نەکردن

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ ۚ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم ۖ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ لِكُلِّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُم مَّا ٱكْتَسَبَ مِنَ ٱلْإِثْمِ ۚ وَٱلَّذِى تَوَلَّىٰ كِبْرَهُۥ مِنْهُمْ لَهُۥ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١١﴾ لَّوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا۟ هَٰذَآ إِفْكٌ مُّبِينٌ ﴿١٢﴾ لَّوْلَا جَآءُو عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ ۚ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا۟ بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ .. الى قوله تعالى وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ (النور: ١١-١٣، ٢١).

هەروەها دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرْمُونَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْغَٰفِلَٰتِ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ لُعِنُوا۟ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٢٣﴾ يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٤﴾ يَوْمَئِذٍ يُوَفِّيهِمُ ٱللَّهُ دِينَهُمُ ٱلْحَقَّ وَيَعْلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ ٱلْمُبِينُ﴾ (النور: ٢٣-٢٥).

ئەم دە ئایەتە گشتیان دەربارەی خاتو عائیشە دایکی بڕواداران دابەزی (ڕەزای خوای لێبێ)، لەوکاتەی چەند کەسێك لە مەدینە قسەیان بۆ هەڵبەست بە تۆمەتی ئەوەی لەگەڵ یەکێ لە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ، کە ناوی (صەفوان بن المعطل) بو، زینای کردوە. چیرۆکی ئەم ڕوداوە بە درێژی لە کتێبەکانی تەفسیرو ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ باسکراوە،

ئەوەی دەیەوێ شارەزایی لەم ڕوداوە پەیدا بکات، با سورەتی (نور) دیراسە بکات، کە پەندو ئامۆژگاری زۆری تیایەو ڕێنمایی زۆری لێ وەردەگیرێ بۆ ژنو مێردو باوکەکانو غەیری ئەوانیش، بۆ پاراستنی خێزان لە داب نەریتو دەمارگیری (تعصب)ی نەفامی (جاهیلی)و حەسودی، کە خێزان بەرەو هەڵدێرو داڕوخان دەبات. لەوانەیە خوای گەورە ویستبێتی لەم ڕوداوەی خاتو عائیشە ئەوە بە دیار بخات: تا مسوڵمانان سەرسام نەبنو بەلایانەوە نامۆ نەبێ، گەر شتێکی ئاوایان بۆ هەڵ بەسترا. لە سەریشیان پێویستە کاتێك قسەیەکیان بۆ هەڵ دەبەسترێ، دان بە خۆیان دابگرنو هێمنو لەسەرخۆو بە ئارام بنو، بەوردی لێی بکۆڵنەوە.

ئەوەی لێرەدا بە لامانەوە گرنگە هەڵوێستی بەرزو گەورەی پێغەمبەری خوایە ﷺ، لەو کاتەی ئەم قسە هەڵبەستراوەی بیست، هەرچەندە بەمە ئازاری دەرونی پێ گەیشت، بەڵام وێڕای بڵاوبونەوەی ئەم هەواڵە لە نێو مسوڵماناندا، تا ئەو کاتەی سروش (وحي) دابەزیو داوێن پاکی خاتو عائیشەی بەدەر خست، کە بێ تاوانو بەری یە دانی بەخۆدا گرتو لە حوکمدان پەلەی نەکردو هەڵنەچوو توڕە نەبو.

هەروەها هەڵوێستی جوامێری هاوەڵی بەڕێز (ئەبوبەکری صدیق)مان بەلاوە گرنگە، لەگەڵ ئەوەی بەڵاو موسیبەتەکە لەسەر دڵی ئەبوبەکر زۆر توندو کاریگەرو ناخۆش بو، دەربارەی خۆشەویسترین شت لەلای ئەو و عەرەبەکان، کە بریتی بو لە ئابڕوو شەرەف. بەڵام ئەو وەك نمونەی باوکێکی داناو لێزانو کارامە هاتە مەیدانو پەلەی نەکردو هەڵ نەچوو توڕە نەبوو، غیرەش پاڵی پێوە نەنا کارێکی خراپ ئەنجام بدات، وەك ئەوەی عەرەبەکان خۆیان پێ بە دیار دەخستو شانازی یان پێوە دەکرد.

جا با باوکان لەم هەڵوێستە پڕ لە جوامێریو مەردانەیەدا، پەندو ئامۆژگاری وەرگرنو، دابو نەریتی جاهیلی زاڵ نەبێ بەسەریاندا.

سەهلی کوڕی سەعدی ساعدی گوتی: ((جاء النبّي ﷺ الى بيت فاطمة فلم يجد علياً، فقال: أين إبنُ عمِّك؟! فقالت: كان بيني وبينه شيءٌ، فغاضبني فخرج! فقال النبّي ﷺ: أنظري أين هو؟ فقالت: هو في المسجد راقد. فجاء وهو مضطجع وقد سقط رداؤه عن شقه فأصابه تراب، فجعل النبّي ﷺ يقول: قُمْ يا أبا تُراب. قال سهل: وما كان له إسمٌ أحبُّ إليه منه))[1]، واتە: پێغەمبەر هاتە ماڵی فاتیمەی کچی. بینی عەلی لە ماڵەوە نییە. فەرمووی: ئامۆزاکەت لە کوێیە؟!

فاطیمەش گوتی: ناخۆشییەك کەوتە نێوانمانەوەو تووڕەی کردمو چووە دەرەوە!

فەرمووی: بزانە لە کوێیە!

گوتی: لە مزگەوت خەوتوە.

پێغەمبەر ﷺ چوە مزگەوت، بینی ئەوا عەلی راکشاوەو عەباکەی لەسەر لایەکی کەوتوەو لەشی بە خۆڵ بوە. بە گاڵتەوە پێی فەرموو: لەش بە خۆڵ، هەستە[2].

---

١) رواه البخاري ومسلم.

٢) پەلەکردنی پێغەمبەر بۆ چاکردنەوەی پەیوەندی ژنو مێرد، وانەیەکە بۆ دایكو باوکانی کچ، چونکە ئەمڕۆکە زۆربەیان گەر گوێبیستی ڕوداوێکی وەك فاطیمە (ڕەزای خوای لێبێ) بن، کچەکەیان دەبەنەوە ماڵی خۆیانو نایدەنەوە، تا مێردەکە خۆی بچوك دەکاتەوەو ملکەچ دەبێت! یان ئەم کارە پێچەوانە دەبێت، پیاو خێزانەکەی تەڵاق دەداتو! بەردی بناغەی خێزانەکەی دەروخێنێو، بەهۆیەوە منداڵەکانی پەرتەوازە دەبن! ڕودانی جیاوازیو کێشەی ژنو مێرد، شتێکی چاوەڕوان کراوە، پێویست بە هەراسانو

ترس ناكات، بەڵكە ژیانی ژن‌و مێردێك جیاوازی‌و كێشەی تێدا ڕو نەدات، پێویستی بە تورێنەوە هەیە، جا كێشەو جیاوازی ژن‌و مێردایەتی شتێكی سروشتیەو دەبێ ڕو بدات.
لێرەدا گەر ژن و مێرد بۆ خۆیان ڕێگاچارەیان بۆ دانەنابو، پێویستە سەرپەرشتیارانی ژن، یان پیاو بە حیكمەت‌و ئامۆژگاری باش، بێنە ناو مەسەلەكە بۆ چارەكردنی ئەو كێشەو جیاوازیانە، وەك لە شێوازی پێغەمبەر ﷺ بە ئاشكرا بینیمان، كە پەلەی كرد بۆ چاكبونەوەی پەیوەندیەكانی ژن‌و مێردو، نەهێشتنی جیاوازی‌و خیلاف بە شێوازی گاڵتەكردنی لەگەڵ عەلیی زاوای (ڕەزای خوای لێبێ) بە ناونانی لەش بە خۆڵ! گەر عەلی لە ماڵەوە دەرنەچوایە، لەوانە بو فاطیمە (ڕەزای خوای لێبێ) پەلەی بكردبا بۆ ڕازی كردنی‌و نەهێشتنی توڕەییەكەی.. لە ماڵ دەرچون، پێویستە كۆتا چارە بێت، نەك لە سەرەتاوە بێت، پێویستە هەردولا حیكمەت‌و داناییان هەبێ.
لە پەندێكی عەرەبیدا هاتوە: (إذا عز أخوك فهن) بە واتای گەر براكەت توڕە بو ئەوا نەرم‌و نیان‌و خۆگر بە.
ئەو كردەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامیدا بە گەڕاندنەوەی زاواكەی بۆ ماڵەكەی، لە ترسی گەورەبونی كێشەی نێوان عەلی و نێوان خێزانەكەی بو، كە بە هۆی چونە دەرەوەی لە ماڵ ڕویدا..
ئەمڕۆكەش پاش تێپەڕ بونی چواردە سەدە، ئافرەتی زانای گەورە (ایفلین ملیس) بە هاوبەشی لەگەڵ (دۆفا) و غەیری ئەو، لە كتێبی (كیف تبني حیاتك الزوجیة)دا، ڕێنمایی دەدەن لەژێر سەردێری (لا تسرعي بمغادرة المنزل والذهاب الى والدتك) (پەلە مەكە لە ماڵ بەجێ هێشتن‌و چون بۆ لای دایكت):
یەكەم شت پێویستە بگوترێ ئەوەیە، بۆ چارەسەر كردنی ئەم جۆرە كێشەو ناكۆكیانە، نابێ هیچ كام لە ژن‌و مێرد ماڵەوە بەجێ بهێڵن، ژن بچێتەوە لای دایكی، یان پیاو بچێتە یانەو چایخانەكان، چونكە بەم هەڵوێستەیان، ناكۆكی یەكانیان چارەسەر ناكرێت، ئەوان بەم كارە چارەسەری كێشەكە دوادەخەن، یا بە ناچاری هەر دەبێ ڕوبەڕوی یەكتری ببنەوەو، كار بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشەی نێوانیان بكەن، جا زو بێ یان درەنگ.
ژن كە ماڵ بەجێ دێڵێ‌و دەچێتەوە بۆ لای دایكی، كۆسپ‌و ئاستەنگێكی تر دروست دەكات، خودی دایك هەست بەوە دەكات، كە بیری كچە بچوكەكەی دەكات، كە دەشگەڕێتەوەی لای هەست بە بەختەوەری یەكی گەورە دەكات، ئەمەش مەترسی یەكی حەقیقی دروست دەكات، كە هەڕەشە لە ژیانی ژن‌و مێردایەتی كچەكەی دەكات. مێردی

دڵ بریندارو بێئارام، کە دەگەڕێتەوە بۆ لای دایکی، مەترسی یەکەی لە هۆی ژنەکەی کەمتر نیە لەسەر تێکدانی ژیانی هاوسەری یەتی، باشترین کردەوە، کە ژن و مێردی ناکۆك لەگەڵ یەکتری بیکەن، خێرا یەکلاکردنەوەی ناکۆکی یەکانە، کە لە نێوانیاندا دروست دەبێت، جا لە هەر کوێ بێت، ئەو کاتە نابێتە هۆی دەست تێوەردانی دایك و باوك، یان هاوڕێی دڵسۆز، لەو ناکۆکی یەی نێوان ژن و مێرد، بۆ ئەوەی لایەنگیری لایەك بکەن، یان بە هۆی هەڵوێستەکەیەوە بڵێن تۆ لەسەر حەقی، کە ئەمەش دەبێتە مایەی درێژەدان بە ناکۆکی یەکەو ئاڵۆزکردنی.

بەم بۆنەیەوە، بۆ شارەزا بون و سودوەرگرتن، بە باشم زانی بە درێژی باس لە هۆیە ریشەیی یەکانی زۆربەی جیاوازی و کێشە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆکانی نێوان ژن و مێرد بکەین:

یەکەم: نەرم نواندن و ورد نەبون لە هەڵبژاردنی هەر یەکێك لە ژن و مێرد بۆ یەکتری، وەك بە درێژی لە سەرەتای کتێبەکە باسمان کردوەو، کار تێکردنی خۆشەویستی عاتیفی یانە، کە مرۆڤ کوێرو کەڕ دەکات، ئەم جۆرە خۆشەویستی یە لەسەر بناغەی ئارەزوبازی و هەڵەشەیی دامەزراوە، پاشان جیاوازی لە سروشت و پەروەردە بە دیار دەکەوێ و ئیختیلاف و ناکۆکی ڕو دەدات...

ئەمەو ئەگەر کار لەکار ترازاو خێزانیان پێك هێناو جیاوازی و ناکۆکی دروست بو، پێویست بە نائومێدی و جیابونەوە لە یەکتری ناکات، بەڵکە دەبێ حیکمەت بەکاربهێنرێ و لە پەروەردەو چاکسازیدا، پلەپلەیی بەکار بهێنرێ، ئەویش بە قسەی خۆش و ڕێزگرتن، چونکە مرۆڤ دیلی چاکەکردنە، وەك لە پەندە گشتی یەکانی نێو خەڵك هاتوە (إنك على ما ربيته، و زوجك على ما دعوته!...).

نمونەی زۆری تریش هەیە، کە تیایدا سەرکەوتن و چاکسازی دەستەبەر کراوە، گەر نیازەکان پاك بون و مامەڵەکردن بە باشی بوبێ و پشت بە خوای گەورە بەسترابێ، چونکە خوای گەورە دڵ و رەوشت وەرگێڕەرە!

هاوڕێیەکی سادەو رەوشت باشم هەبو قوتابخانەی تەواو کرد، کە بە داخەوە ئەو قوتابخانەیە هیچ ئادابێکی رەفتارو گوزەرانی، بە تایبەتی لەگەڵ کەس و کاری فێر نەکرد... پاشان هێندەی پێنەچو ژنی هێنا، مامەڵەو هەڵس و کەوتی لەگەڵ هاوسەرەکەی باش نەبو، یان ئادابی ئەو هەڵس و کەوتەی هەر نەدەزانی، جا لەگەڵیدا

زۆر دڵڕەق‌و توندوتیژ بو، بە خراپی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرد، هاوسەرەکەشی لەلای خەسوەکەی سکاڵای لێ‌کرد.

خەسوەکەش ئامۆژگاری هاوسەری کوڕەکەی کرد و گوتی: ((کچەکەم! ئەو پیاوە گەنجێکی ناشارەزایە، نیشانەی چاکسازی لێ بەدی دەکرێ، جا بە ئارام‌و خۆگر بە لەسەر کردەوەکانی‌و، پلە بە پلە ڕای بهێنەو ئامۆژگاری بکە، هەر دەبێ چاك ببێ)).

جا ئەو قسەیەی خەسوەکەی گوتی هاتە دی و پیاوەکە چاك بو، بو بە یەکێ لەمێردە باشەکان.

دوەم: خۆویستی (أنانیـة)ی هەر یەکێك لە ژن‌ومێرد، یان هەردوکیان -پەنا بە خوا!- و، چاودێری نەکردن‌و دڵ ڕانەگرتنی، دەبێتە هۆی سودمەندی خەڵکی ترو ڕێز نەگرتنی کەسایەتی یەکەی. خۆویستی نەخۆشی یەکی کوشندەیەو زیادەڕۆیی یە لە خۆشویستنی خودو فەرامۆشکردنی مافی خەڵکی تر، ئەمەش پێچەوانەی ئیسلام‌و ئەو هاوسەریەتی یەیە، کە پێویستە لەسەر قوربانی دان‌و بەخشین بەر لە وەرگرتن بنیات بنرێ.

خۆویستی بەڕەتی گشت کارە ناشیرین و تاوانکارییەکانە، هەر کاتێك خۆویستی گۆڕدرا بە خۆبەخت کردن، ئەوا خاوەنەکەی دەبێتە یەکێك لە گەورە پیاو چاکان، هیچ شتێکیش وەك ترسان لە خواو پەروەردەکردنی ئیسلامی، نمونەی ئامۆژگاری‌و پەروەردەو چاکسازی نیە.

چاکسازیش بە پلەپلەیی و مومارەسەکردن، نەبێ نایەتە دی، لە فەرمودەی (صحیح)دا هاتوە: ((**إنما الحلم بالتحلم، وإنما العلم بالتعلم، ومن يتحر الخير يلقه ومن يتق الشر يوقه**)).

ئایەت‌و فەرمودەی زۆر هەیە، جاری قوربانی دان‌و خۆبەخت کردن دەدەن، لەوانە ئایەتی: ﴿**وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**﴾ (الحشر- ٩).

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((**لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه من الخير**)).

کەواتە ئەی ژن‌و مێردی سەنگین! لەخۆگرتنەوە (ایثار) لە بیر مەکەن، چونکە چاکسازی‌و بەختیاری تێدایەو پاداشتەکەی بەهەشتە.

سێیەم: هۆیەکی شاراوەی بوغزو قین‌و جیاوازی‌و کێشەی نێوان ژن و مێرد هەیە، کە

سەرکێشی سەرپێچی کردنە، بە ڕاشکاوی دەیڵێین: بریتییە لە تێر نەکردنی غەریزەی جنسی، بەتایبەتی لە هاوسەنگ نەبونیو بەدەمەوە نەهاتنی نێوان ژن و مێرددا.

بە باشم زانی لەم بابەتەدا ئەو لێکۆڵینەوەیە نەقڵ بکەم، لەبەر خاتری کۆمەڵی ژنە مێردداره‌کانو بانگەوازی کردنیان بۆ خۆڕاگرییەکی کەم، ئامۆژگاریش بێ بۆ هاوسەرگرتن، تاکو کارەکانیان لەسەر ڕۆشنایی بێ! جا هەر کەسێك خۆڕاگرو بە ئارام بو، ئەوا سەرفرازو سەرکەوتوە.

لە ڕاستیدا لە سەرەتای ژیانی ژنو مێردایەتیدا پەیوەندی یە جنسییەکان، تا ڕادەیەك شاراوەیەو بەباشی نازانرێ چۆنە، زۆر لەو کەسانەی تازە ژنیان هێناوە، خۆیان کەوتونەتە هەڵوێستی ئاواوە، کە تێیدا شڵەژاون، جا چ لەبەرئەوەی شارەزایی یەکی پێشینەیان نەبوە، یان شارەزایی یەکانیان بە جۆرێك بوە بارودۆخەکەی جیاوازی هەبوە لەگەڵ ئەو هەڵوێستەدا، زۆر جاریش لە سەرەتادا توشی دڵەڕاوکێ دەبن، چونکە هەر یەکێك لە ژنو مێرد بۆ یەکتری بەپەرۆشن، هەندێ جار هەست کردن بە گوناه و داخو ترس، دەبێتە مایەی زیاترکردنی شڵەژانەکە، بەڵام هێندەی پێناچێ جێگیریو هێمنیو ئارامی شوێنی ئەو دڵەڕاوکێیە دەگرێتەوە، هەتا وای لێدێ پەیوەندی یەکەیان زۆر توندو خۆش دەبێ.

لێهاتوییو کارامەیی ژن یان مێرد، بە دروست بونی هۆگریو ئولفەتی نێوانیان و، هەڵگرتنی داواکارییە زەحمەتەکانی نێوانیان بەرەو پێشەوە دەچێت و، هەر یەکێکیشیان زیاتر بەدەم ئارەزوەکانی ئەوی ترەوە دەچێت.

لە هاوسەرگرتنی سەرکەوتودا پەیوەندی یە جنسی یەکان، بە پێی تێپەڕبونی ساڵ زیاتر تێر دەبن، نابێ لە یەکەم شەوا چاوەڕوانی ئەوپەڕی چێژو تێربونی جنسی بکرێ، تەنانەت لە مانگەکانی یەکەمی ژن و مێردایەتیش دا.

فێربونی بەدەمەوە هاتنی ژنو مێرد بۆ یەکتری

لەو کاتەی کچو کوڕ دەبنە هاوسەری یەکترىو بەتەواوی هۆگری یەکتر دەبن، لەسەریان پێویستە فێربن، چۆن بەدەم داوای جنسی یەکتری یەوە دێن. بەدەمەوە هاتنی جینسی لە لای هەر یەکێك لە ژنو پیاو جیاوازی هەیە، چونکە پیاوان زوتر جنسی یان دەروژێو دەگەنە خۆشی، بەڵام ئافرەتان پێویستیان بە ئەندازەیەکی زۆرتری لاواندنەوەو قسەی خۆشو ئامادەیی جوتبون هەیە، ئەم جیاوازی یە شتێکی سروشتی یەو پێویستە لەبەرچاو

بگیرێ.

لە گرنگترین ئەو شتانەی ژن‌و مێردی تازە روبەڕوی دەبنەوە، فێربونی زەبت کردنی کاتی بەدەمەوە هاتنی جنسی هەر یەکێکیانە بۆ ئەوی تر، یان گەیشتن بە پێکهێنانی پەیوەندی یەك، کە هەردوکیان تێر بن، ئەم کردەیەش بەبێ زەحمەت ئەنجام دەدرێ، مادام هەر یەکێك لە ژن و مێرد ئامادەیە بۆ رازی کردنی ئەوی تر.

لە راستیدا ژن‌و مێرد دەزانن چۆن بەدەم یەکتریەوە دێن، ئەمە کارێکە لەوە گەورەترە، کە کردەیەکی فیسیۆلۆجی بێت، بەڵکو کردەیەکە هەمو کەسایەتی دەگرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا ژیانی ژن‌و مێردایەتی دەگرێتەوە، زۆر جار پەیوەندی یە جنسی یەکان ڕەنگ دانەوەی دیاردەکانی تری ژیانی هاوسەری یە.

بۆ نمونە گەر ناکۆکی یەك دەربارەی گرفتەکانی دارایی هەبێ، ئەوا ژن یان مێرد توشی سەرقاڵی‌و دڵەڕاوکێ دەبێت‌و، قەدەغەی سەرجێی دەکات. بەڵام ئەگەر ژن‌و مێرد پێکەوە شەوێکی خۆش لە جوتبونەکەیان بەسەر بەرن، بێگومان شوێنەوارەکەی لە بەختیاریان‌و تێربونی جنسی یان ڕەنگ دەداتەوە. تەنگ‌و چەڵەمەو حاڵەتەکانی دڵەڕاوکێ‌و ماندوبون، کاریگەری خۆی هەیە لە کز کردنی ئارەزوی جینسی.

لە ڕاستیدا کەنەفتی جنسی (العجز الجنسي) لە لایەنی بایۆلۆجی یەوە، تاڕادەیەکی زۆر، بەدەگمەن ڕودەدات، جا کاتێ کۆسپ‌و ئاستەنگ لەمبارەوە دێتە پێشەوە، پێویستە لە هۆکارە ڕاستەقینەکان بتوێژرێتەوە، نەك هۆیەکە بدرێتە پاڵ کەنەفتی جنسی.

گرفتەکان چین‌و چۆن بەسەریدا زاڵ دەبیت؟

زۆرجار گرفتە جنسی یەکان لە نیشانەی ئەو دەردەسەری یانەیە، کە لە پەیوەندی ژن‌و مێردایەتی هەیە، لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە بە دەگمەن دەرمانی پزیشکی، یان خوێندنەوەی یەکێك لە کتێبە باشەکانی لەمەڕ ئەم بابەتە سود دەگەیەنێ. هەندێ جار بە زویی ژن‌و مێرد هەست بە مەحاڵی بەردەوامی ژیانی هاوسەریەتیان دەکەن، کە چەند هۆیەك پاڵپشتی یەتی، جەستەیی یان عاتیفی. جا هۆیەکە هەرچی یەك بێت، پێویستە هەنگاوی یەکەمی چارەسەرکردن لەسەر دەستی پزیشکێکی کارامەدا بێت، پزیشکی تایبەت بە نەخۆشی ئافرەتان دەتوانێ بە زویی هۆی ئەندامیی (عضوي) دەردەکە ئاشکرا بکات‌و چارەسەری بکات. بۆ چارەسەری ئەو لایەنە عەقلی یانەی هۆکاری

هەرەسن، پێویستی بە کاتێکی درێژخایەن هەیە، بەڵام زو دەست پێ کردن بە چارەسەر لە ژێر سەرپەرشتی رابەرێکی پسپۆڕ، کاریگەریی لە چارەسەری گرفتەکەدا دەبێت.

هەندێ جار پیاو دەستەوەستان دەبێت لە بەجێهێنانی تەواوی کردەی جنسی، کە لەمەشدا پیاو هەست بە زەبونیو زەلیلی دەکات. شتێکی سروشتی یە پیاو هەست بەمە بکات، چونکە هێزە جنسی یەکەیان بەڵگەی پیاوەتی یە. زۆرجاریش هۆیەکانی کزی جنسی (الضعف الجنسي) دەرونی‌یەو دەتوانرێ لەسەر دەستی شارەزایەکی دەرونی پسپۆڕ چارەسەری بکرێ.

وا دەبێ ژنو مێرد سکاڵای هاوسەنگی نەبون لە ژمارەی شارەزوە جنسی یەکانیان دەکەن، کە خۆیان هەست بەمە دەکەن.

لە هەندێ حاڵەتدا ژنەکە سکاڵای لە رادەبەدەری جنسی مێردەکەی دەکات، لە چەند حاڵەتی کەمتردا دەبینین شێوازی چالاکی جنسی پیاوەکەو مەدای ئەو چالاکی یە، لە لایەنی جنسی یەوە، خێزانەکەی ڕازی ناکات. جا زیادەڕۆیی کردن لە حاڵەتەکانی ئەو دو جۆرەدا، گرفتێکی ترسناك دروست دەکات، کە پێویستی بە کارامەیی یەکی زۆر دەکات لە توێژینەوەی دا.

بۆ ئەم جۆرە گرفتانە رێنوێنی کارە پسپۆڕەکان، وا دەبینن ژنو مێرد دەتوانن رێگاچارەیەك بۆ ئەجۆرە گرفتانە بدۆزنەوە، کە هەردولا ڕازی بکاتو ببێتە مایەی بەختیاریو ئاسودەیی ژیانی هاوسەرییان گەر بە گیانێکی سۆزو هاویەشو لە یەکتری گەیشتن، بە یەکەوە ڕوبەڕوی گرفتەکان بونەوە.

گرفتی خەسوەکان

ڕەنگە کێشەو سەرپێچی ژنو مێرد بۆ یەکتری، هۆیەکەی خەسو بێت، هەمو ئەمەش لە ئاکامی توندوتیژیو خراپ هەڵسوڕاندنە، لەوانەیە وتەیەکی خۆشی ژن، یان مێرد، دڵەکان چاك بکاتەوەو گرفتەکان نەهێڵێ، وەك لەوەی رابورد بینیمان، کە زاوایەك نامەیەك بۆ خەسوەکەی، دەنێرێ کە ژیان لە نێوانیاندا ساردو سەلامەت دەکات، جا لەم بابەتەدا لێکۆڵینەوەیەکی باش باس دەکەین، کە لە سەرچاوەی پێشو نەقڵ کراوە.

ئایا بەڕاستی خەسو کارەساتە؟

دەبێ چەند هۆیەك لە دواوەی ئەو بیرۆچکە خراپە هەبێ، کە لە کۆمەڵگەکەمان لە

مێشکی خەڵکی دایە، دەبێ چەند ڕەگ‌و ریشاڵێك هەبێ لـە دواوەی ئـەو گاڵتـەو قسـە خۆشانەی لەمەڕ خەسوان دەگوترێ، چەند ڕەگێك لە دواوەی دورخستنەوەی هەریـەکێك لە ژن‌و مێرد بەرامبەر بە خەسو هەبێت.

دایك لە چینی نێوەڕاستدا، کە تەمەنی لە ناوەڕاست دایە، سێ گەنجی هێناوەتە دنیا، دوای ژن هێنانی کوڕەکانی، خۆی بە تەنهایی دەبینێتەوە، ئـەو، هـەمو ژیـانی تـەرخان کردوە بۆ پەروەردە کردنی منداڵەکانی، ئەو منداڵانە گـەورە بـون، یـەك لـە دوای یـەك ماڵەوەیان بەجێ‌هێشتوە، دایکیش ئەو گرنگی پێدانەی هەیـەتی لـە دوای منداڵـەکانی شتێکی سەرەکی نی یەو تێپەڕ دەبێ، زۆر جاریش وا دەبێ مێردەکەی بە کاری تایبـەتی خۆی سەرقاڵە. ماڵەکەشی لە کەل‌و پەل‌و ڕێك‌و پێکیـدا تێـرو تـەواوە، جـا گـەر هـیچ کارێکی حەقیقی نەبێ خۆی پێ سەرقاڵ بکات، ئەوا ڕوی بۆ لای ڕۆڵەکانی وەردەگێـڕێ. تا کار دەگاتە مەترسی دەست خستنە ناو کاروباریان، ژن‌و مێردیش دەیانەوێ کاروباری خۆیان بۆ خۆیان چارە بکەن، لە ژیانیاندا حەز بە دەست تێوەردانی دایکیان ناکـەن، جـا لەبەر ئەم هۆیانە شێوازەکانی بەرگری دژی خەسوی خۆ لە شت هەڵقورتێن پەیدا دەبێ، کە لە شێوەی قسەی نەستەق و نوکتەبازیدا دەبیسترێ.

گرنگی دانی ژمارەیەکی زۆر لە دایکان بـە ڕۆڵـەکانیان، کـە پێگەیشـتون، کـارێکی سروشتی‌و دروستە، ڕەنگە بەرژەوەندی خێزانی بچوکی تێدابێ، زۆر لە دایکان لە تەمەنی چل، یان پەنجا، یان تەنانەت لە شەست ساڵیدا، بـەو شارەزایی‌و حیکمەتـەی هەیانـە، یارمەتی زۆر پێشکەش بە ژن‌و مێردو خێزانی تازە دەکەن، گەر ڕێگایان پێ بدرێ.

دایك‌و باوك لە کـاتی تـەنگ‌و چـەڵەمەدا باشـترین پشـتیوانن، جـا گـەر ژن‌ومێـرد پێویستیان بە ستەرێك هەبوو ئەیان دەدۆزی یـەوە، دایـك یەکسـەر بـۆ یاریـدەدانیان ئامادە دەبێت. گەر دایـك‌و بـاوك لێیـان نزیـك بـن، دەتـوانن زۆر خزمـەتگوزاری یـان پێشـکەش بکـەن، وەك ئـەوەی خێزانـی بچـوك لـە بۆنـەکانی وەك: منـداڵبون، مـاڵ گواستنەوە، سازکردنی ئاهەنگێکی گەورە پێویستی پێ دەبێ.

بەڵام مەترسی یەك هەیە، ئەویش پەیوەست بون‌و هۆگربونی زیاد لە پێویستی مرۆڤـە بە دایك‌و باوکی یەوە، زۆر جار ئەمـە دەبێتـە هـۆی گەڕانـەوەی ئەریتـەکانی منـداڵی، چونکە لە منداڵی یەوە هەر لەلای دایك‌و باوك بون‌و دور نەکەوتونەتەوە. گەنجانی تـەواو پێنەگەیشتو، مەیلیان بە متمانەکردن لەسەر کەس‌و کاریان هەیە، زۆر جاریش باوکانیان

لەو جۆرە کەسانەن لەسەر ئەمە هانیان دەدەن، ئەگینا منداڵ گەشە دەکاتو پێ دەگاو، لە تەمەنی ژنهێنان متمانە لەسەر خۆی دەکات.

کردەی پشتگیری کردنی ژیانی هاوسەرێتی، کارێکی ئاسان نی یە، بەڵکە پێویستی بە گرنگی دانی دو کەسی هۆشدار هەیە، کە دایكو باوکن، ژنو مێرد چەند پێگەیشتو بن، ئەوەندە لە مەترسی دەست تێوەردانی دایكو باوکیان دور دەبن، چونکە ئەو کاتە توانـاو ئازایەتییەکی باشیان دەبێت، کە ژیانی تایبەتی یـان پێـی ببەنـە سـەر. هـەروەها ئـەو دایكو باوکانەی گرنگی پێدانی تایبـەتی یان هەیە، کە دورن لە ڕۆڵەکانیان، دەتـوانن بـە هاوڕێیەتی خێزانی ڕۆڵەکانیان بەهرەمەند بن، بەبێ دەست تێوەردان لە کاروباریاندا.

یەکلاکردنـەوەی کێشـەکـان

ئەو کۆمەڵناسانەی بایەخ بە خێزان دەدەن، دەزانن، کـە ڕودانـی کێشـەی نێـوان ژنو مێرد، شتێکی چاوەڕوان کراوە، ئەوەتا دکتۆر تیرمان- مامۆستا لە زانکۆی ستانفورد-و ژمارەیەك لە هاوڕێیانی، لیستێکیان داناوە، کە نزیکەی شەست کۆسپو تەگەرەی لەخۆ گرتبو، کە ژنو مێرد دەیاندایە پاڵ یەکتری. بەڵام ئەمە مایەی تـرسو هەراسـانی نیـە. چونکە هەر ژیانێکی ژنو مێردایەتی، هەرگیز کێشەو خیلافی تێدا نەبێت، دەبـێ ئێمـە لـێی بکۆڵینەوەو توێژینەوەی دەربارەی بکەین.

ئێمە گەر لە کاری ئەم جۆرە ژیانە بکۆڵینەوە، دەبینین یـەکێك لـە ژنو مێـرد تێیـدا دڵنیاو ڕاسـتگۆ نەبووە. کێشەی نێوان ژنو مێرد شتێکی سروشتیەو هەر دەبێ ڕوبدات.

لەبەرئەوەی هاوسەرگیریی لە نێوان دوو کەسـی جیـاواز دروسـت دەبـێ، جـاری وایـە کێشەکان لە نێوانیاندا فراوانو گەورە دەبێ. گەر ژن یان مێرد بە تەواوی لە دوو خێزانی لە یەکچو بوون، بێگومـان شـتی زۆر هەیە، کە لەسەر چۆنیـەتی ئەنجامدانی جیاواز دەبن. ڕەنگە میـزاجو بـەهاکان جیـاوازی هـەبێت، کـە هـەردەم لەگـەڵ نەریتـە سـادەکانو، ئارەزوەکانی کەسیی یەك نەگرێتەوە، هـەوا گـەر ژنو مێـرد لـە ژینگەیـەکی زۆر لێـك جیاواز گەورە بوبن، ڕەنگە کێشەکان زیاتر قوڵ ببێتەوە.

بەڵام ئەمە مانـای وانیــە، کــە کێشــەو ململانــێی نێوانیـان لــە ئـەنجامی کێشــەی ڕاستەقینە لە شێوازی گوزەرانو مەعیشەت دروست دەبێت، چونکە کاتی وا هەیە کێشە لە نێوان ژنو مێرد لە ئـەنجامی هـۆی دەرەك بـە تـەواوی دروسـت دەبێـت، دەربـارەی هەڵوێستی ئەو ژیانەی کە لە بنـەڕەتدا کێشەیان لەسەر دروست بووە.

سەهل گوتی: عەلی هیچ ناوێکی وەك ئەم ناوەی پێ خۆش نەبوە.

بۆ نمونە: بەڕێوەبەری (مصلحە) وەلیدی بانگ کرد، کە فەرمانبەرە لەو (مصلحە)یـەو لەسەر هەڵەیەك، کە ئەویش نەیوێرا بوو ڕەخنەی لـێ بگرێ، یان هەڵوێسـتی خـۆی بـۆ بەڕێوەبەرەکەی ڕون بکاتەوە، بەڵام کە گەڕایەوە ماڵەوە زۆر توڕەبوو لە ناخیـدا خەفـەی کردبوو، جا کاتێ لە پێڵاوە کۆنەکەی دەگەڕاو نەیدۆزیەوە، کە لە شوێنی خۆی دانابوو، جا بە ڕوی خێزانەکەی تەقیـەوە، بەڵام خێزانە زیرەك‌و تێگەیشـتووەکەی، زانـی ئەمڕۆکـە مێردەکەی باری دەرونی تەواو نیە، چاوەڕوانی کرد، هەتا نـانی ئێوارەیان خـوارد، جـا وردە وردە مێردەکەی دواند، کە چ شتێك وا پەستی کردووەو تووڕە بووە، ئەویش گرفت‌و ماندوێتی خۆی بۆ باس کردو بەمەش هەستی بە دڵنیایی کـردو زۆر مورتـاح بـوو، جـا کاتی وادەی نوستن هات، ڕوانینـی بـۆ ڕوداوەکـە گـۆڕاو، لـەناکاو هەسـتی بـە سـۆزو حەنانێکی زۆر کرد، بەرامبەر بە خێزانەکەی.

ئەم نمونە سادەیە، دەکرێ بکرێتە نمونەیەك بۆ ئـەو شـێوازەی پێویسـتە بیگرینەبـەرو بەکاری بێنین، بۆ دابین کردنی جێگری‌و دڵنیایی لە ژیانی ژن‌و مێردایەتیمان، لەو کاتەی هەندێ هەست‌و نەستی خراپمان بەسەردا دێت، جا گـەر ژنـی ئـەم پیـاوە سـەبارەت بـە میزاجی مێردەکەی هەستیار نەبایەوە ڕەچاوی میزاجی نەکردبا، توڕەبون‌و هەڵچـونەکەی لـێ‌قبوڵ نەدەکرد، ڕەنگە ئەو کاتە بگریاباو لەگەڵی تێـك بگیرابایـە، بەمـەش کارەکـە بەوە نەدەوەستاو دەبوە شەڕێکی گەرمی ڕاسـتەقینە.

یاخی بونی ژن لە میرد

پێش باسکردنی سەرپێچی ژن بۆ مێردەکەی، پێویستە پیاو زانیاری هەبێ‌و شارەزابێ لەوەی، ئافرەت چەند گۆڕانکاری یەکی جەستەیی‌و دەرونی بەسەر دادێ، ئەوەش لە کاتێك دایە، کە توشی حەیز دەبێ. حەیزیش وا لە ئافرەت دەکات گۆڕان بەسەر هەڵس‌و کەوت‌و ڕەفتاریدا بێت، کە وا دەخوازرێ تەحەمولی بکرێ. لەبەر ئەوە لە کاتی حەیزدا پیاو نابێ ئەو مامەڵەو هەڵسوکەوت‌و ڕەفتارەی لە کاتی پاکیدا لەگەڵ ژنەکەی دەیکات، بە هەمان شێوە لەکاتی حەیزیش دا هەمان ڕەفتارو شێواز بەکار بێنێ، بەڵکو پێویستە تەحەمولی هەندێك ڕەفتاری ژنەکەی بکات، گەر بە قسەی نەکرد.

جا هەندێك لەو گۆڕانکاری یانە باس دەکەین، کە لە کاتی حەیزدا بەسەر ئافرەتدا دێن، کە لە کتێبی (الحجاب)ی مامۆستا مەودودی لاپەڕە ١٨٥-١٨٦، نەقل کراوە، کە پشتی بە قسەو دیدو بۆچونی زانایانی ژیان ناسی‌و توێژکاری (تشریح) بەستوە:

١- بە هۆی حەیزەوە ئافرەت، هێزی نەگۆڕی پلەی گەرمی لە لەش کەم دەبێتەوەو، پلەی گەرمی دێتە خوارەوە.
٢- دڵ بە هێواشی لێ دەدات، خوێنی کەم دەکات، ژمارەی خانەکانی کەم دەبێتەوە.
٣- ڕژێنی (الصماء)و ڕژێنی لەوزەتێن‌و لیمفاوی دوچاری گۆڕان دەبێ.
٤- وەرگەڕانی هیۆلینی کەم دەکات.

٥- خوێیەکانی فۆسفاتو کلۆرید لە لەش کەم دەکات.

٦- هەرسکردنی خواردنی تێکدەچێ‌و، پێك نوسانی بەزو پارچەکانی هێولینی لەگەڵ پارچەکانی لەش، لە خواردن کەم دەبێت.

٧- دەرونی بێ‌هێز دەبێ، ئامێرەکانی قسەکردن دوچاری گۆڕانێکی تایبەتی دەبێ.

٨- هەستکردنی بە شت، بەرەو سستی دەڕواتو ئەندامەکانی لەش سست دەبێ.

٩- تێگەیشتنو زیرەکی‌و توانای تەرکیزی ئەفکاری دوادەکەوێ.

دکتۆر (أمیل نودك)، کە لێکۆڵەرەوەیەکی گەورەیە لەم جۆرە لقە زانستە، نوسیویەتی:

ئەو نیشانانەی لەکاتی حەیزدا ئافرەت توشی دەبێ بریتین لە: سەر ئێشەو هەستکردن بە ماندویی‌و ئازاری ئێسقانەکان، لاوازی ئەعسابو میزاج تێکچون، تێکچونی میزڵدانو هەرسکردنی خواردن بە خراپی، هەندێك جار قەبزی، لە هەندێك حاڵەتیشدا دڵ تێك هەڵچون.

جا لەبەر ئەم هۆیانەی باسکران، حیکمەتی پێغەمبەر ﷺ دەردەکەوێ، کە تەڵاق دانی حەرام کردوە لە کاتێك ئافرەتەکە لە ماوەی حەیز دابێ.

هەندێك لە زانایان دەڵێن لە ماوەی حەیزدا تەڵاق ناکەوێ‌و، هەندێکی تر بە حەرامیان داناوە.

لەبارەی سەرپێچی ژن بۆ مێردەکەی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيّٗا كَبِيرٗا﴾

(النساء- ٣٤)، واتە: لەو کاتەی دەترسن ژنەکانتان بە قسەتان نەکەن و سەرپێچیتان بکەن، یان چاویان بۆ غەیری خۆتان دەگێڕن[1]، ئەوا بە گوتەی خۆش و شیرین ئامۆژگاری یان بکەن و بە یادیان بخەنەوە، کە ئەو ژنانەی بە گوێی مێردەکانیان دەکەن پاداشتیان بۆ دەنوسرێ، ئەگینا خوای گەورە سزای بۆ داناون بە ئاگری دۆزەخ[2]. گەر ئامۆژگاری سودی نەبو، با

١) پێویستە مێرد بە نەریتی ئافرەتان ئاگادار بێ، خۆڕاگر بێ لەسەر ئەو کارە ناشیرینانەی دەیکەن، لە شوێنکەوتنی ئارەزوەکانیان نەرم و سادە نەبێ، لە پاش ئەمە سور بێت لەسەر چاوپۆشینیان و چاکسازی‌یان بکات، مافەکانیان بەجێ بهێنێ و چاوپۆشی لە هەڵەو ڕەتەڵ بردنەکانیان بکات.. گەر گوناهێکی کرد لێی ببورێ، با باسی چاکەکانی خۆی لەسەر خێزانەکەی نەکات. پێویستە وەك رێگا چارە هەرگیز بیر لە تەڵاق نەکاتەوە، کە هێشتا هیچ شتێکی چارە نەکردوە.

٢) ئەم ئایەتە ئاماژەی بە ڕیز کردنی تەمبێکردنی ئافرەت دەکات، گەر سەرپێچی مێردەکەی کرد، جا پیاوەکە یەکەم شت دەیکات ئامۆژگاری کردنیەتی و بیرهێنانەوەی فەرمانەکانی خوای گەورەو مژدەدان بە پاداشتی ئافرەتی گوێڕایەڵ و، بیرخستنەوەی بە سزای ئاگری دۆزەخ، جا گەر ئامۆژگاری بێ سود بو، ئەو کاتە مێرد پشتی تێ دەکات لە سەرجێیی کردندا، بەمەرجێ شوێنی خەوتنی جیا نەکاتەوەو نەچێ لە لایەکی تر بخەوێ، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاکو ئافرەتی یاخی بو و سەرپێچیکەر بزانێ بە چەکی جوانی یەکەی، پیاو گرنگی پێ نادات گەر گوێڕایەڵ نەبێت، تاکو لە ڕەفتارەکەی بگەڕێتەوەو تەنازول لە فیزو خۆ بەگەورە زانینەکەی بکات، گەر ئەمەش سودی نەبو، ئەوکاتە بە ناچاری و بۆ سوربون لەسەر سەلامەتی خێزان، پەنا دەباتە بەر کەمێك لە لێدان. فەرمودەی پێغەمبەریش شێوەی ئەو لێدانە ڕون دەکاتەوە.

مێرد بۆی جائیز نی یە ئەم سزایانە پێکەوە پیادە بکات، بەڵکە دەبێ پلە بە پلە بێ. ئیبن کثیر گوتویەتی: فەرمایشتی خوای گەورە ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا﴾ هەڕەشەیە بۆ پیاوان، گەر بەبێ هۆ ستەم لە ئافرەتان بکەن.

هەندێك کەس ڕەخنەی لەسەر نیزامی لێدان هەیە، بەڵام گەر تاقی بکاتەوە، ئەو کاتە دەزانێ لێدان لە چەند حاڵەتێکی دەگمەنی پەروەردەدا چەندە پێویستە، وەك حاڵەتی شاز و گوێڕایەڵی نەکردن. پەروەردەناسان لە ڕۆژئاوا دوبارە گەڕانەوە بۆ داواکردنی پەنا بردنەبەر سیاسەتی سزادانی جەستەیی، لە حاڵەتەکانی شذوذی قوتابی دا، دیارە ئیسلامیش لەو

مێردەکە سەرجێیی لەگەڵ ژنەکەی نەکات. گەر بەوەش چاك نەبو، ئەوا لێیان بدەن. جا گەر ئافرەتەکان هاتنەوە بەر فەرمان، ئێوە بیانوی ئازاردانیان مەدۆزنەوە، خودا جێبەرزو زانایە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((ألا واستوصوا بالنساء خيراً، فإنّما هُنَّ عوانٌ عندكم، ليس تملكون منهن شيئاً غير ذلك، إلا أن يأتين بفاحشة[1] مبينة، فإن فعلن فاهجروهن في المضاجع واضربوهن ضرباً غير مبرح[2]، فإن أطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلاً))[3].

دەفەرموێ: ((لا يجلد أحدكم امرأته جلد العبد، ثم يجامعها في آخر اليوم))!! وفي رواية ((أيعمد أحدكم فيجلد امرأته جلد العبد، فلعله يضاجعها في آخر يومه)) ثم وعظهم في ضحكهم من الضرطة فقال: ((لم يضحك أحدكم مما يفعل؟!))[4].

با هیچ کەسێك لە ئێوە لە خێزانەکەی نەدا وەك لێدانی کۆیلە، پاشان لە شەودا لەگەڵی جوت ببێ[5]. لە ڕیوایەتێکی تردا: هیچ کەسێك لە ئێوە

ڕێگا چارەو تەمبێ کردنە، چاکەو گەورەیی خۆی ڕونو ئاشکرایە.

١) مەبەست لە (الفاحشة) هەندێك کاری خراپە، نەك زینا کردن.

٢) غير مبرّح، مانای کاریگەر نەبێو زۆر بە ئێش نەبێ.

٣) رواه الترمذي وحسنه.

٤) رواه البخاري ومسلم.

٥) لەوانەیە بە مێشکی هەندێك کەس دابێت، کە دژایەتییەك لە نێوان فەرمودەکانی پێشەوە هەبێ، کە هەندێکیان ڕێگا بەلێدان دەدەنو، هەندێکی تریش بە کەراهەتی دادەنێ. لە ڕاستیدا هیچ دژایەتی یەك نی یە، یاساکانی ئیسلام دژی یەك نین، وەك خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴾(النساء-٨٢). ئەگەر قورئان کاری کەسێکی تر بوایە، غەیرەز خودا، دیارە مەبەستی ناڕێكو دژ بە یەکتریان فرە تێدا پەیدا دەکرد.

دەیەوێ لە خێزانەکەی بدا وەك لێدانی کۆیلە، کە لەوانەیە بە شەو لەگەڵی جوت ببێ؟!..

پاشان پێغەمبەر ﷺ لەمەڕ پێکەنینیان بە دەرچونی بایەك ئامۆژگاری کردن[1] و فەرموی: بۆچی هەر یەکێك لە ئێوە بەمە پێدەکەنێ، کە بۆ خۆیشی ئەم بایەی لێ دەردەچێ؟!

ئیسلام -ئەو دینە هۆشیارکەرەوەیە- گەر رێگەی بە پیاو داوە بە لێدانی ژنەکەی، ئەمە بۆ هەندێ حاڵەتی دەگمەنەو، دەبێ لێدانەکەش بە ئێش‌و ئازار نەبێت‌و کاریگەر نەبێت، واتە لێدانێکی سوك‌و رەمزی بێت، ئەمەش بۆ ئەو کاتەیە، کە لە دوای ئامۆژگاری‌و سەرجێیی نەکردن لەگەڵی داو، هیچ چارەیەکی تر نەبێ لەگەڵی بەکاربهێنرێت.

لە کۆنەوە پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێ: (آخر الدواء الكي)، هەروەها ئامرازەکانی سزادان‌و لێدان لە کۆتاییدا ئەنجام دەدرێ، نەك لەسەرەتاوە، جا چ بۆ ئافرەت بێ یان منداڵ.

فەرمودەکەی تر بە خراپە باسکردنی ئەو پیاوانەیە، کە لە یەکەم کات داو بە هۆی هۆیەکی پوچەوە پەلە دەکەن لە بەکارهێنانی لێدان، پاشانیش ملکەچی خێزانەکانیان دەبن‌و سۆزیان لەگەڵ دا دەنوێنن..!

١) لەوانەیە هەندێك کەس لەم بابەتە سەرسوڕماو بن، بەڵام گەر زانی عەرەب چەندە رقیان لەم کارە دەبێتەوە، ئەو کاتە سەرسوڕمانی نامێنێ، تەنانەت با ئەو کەسەی دەیکات لەدەست خۆی نەبێت. جا پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی ئەمەی کرد، بۆ ئەوەی کابرا لەم هەڵوێستەدا دەرباز ببێ.

دەگێڕنەوە دەشتەکی یەك لەبەردەم کۆمەڵێك لە هۆزەکەی بایەکی لێ دەردەچێ، ئەوانیش سوکایەتی پێ دەکەن‌و گاڵتەی پێ دەکەن، ئەمەش بوە مایەی قسەی خەڵکی، تا وای لێ هات ناچار ببێ گوندەکەی بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەجێ بهێڵێ... پاشان گەڕایەوە، وای زانی خەڵکەکە بایەکەی ئەویان لە بیر چۆتەوە، جا لە رێگا توشی کۆمەڵێك بو قسەیان دەکرد، یەکێکیان گوتی: دەزانی لە کامە ڕۆژدا فلانە کەس بایەکی لێ بەربو، ئەم داماوەش یەکسەر ترساو، بۆ هەتا هەتایە گوندەکەی بەجێ هێشت.

لاسـاری‌و بێ‌گوێی مێرد !!

خوای گـەورە دەفـەرموێ:﴿وَإِنِ ٱمْرَأَةٌ خَافَتْ مِنۢ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا ۚ وَٱلصُّلْحُ خَيْرٌ ۗ وَأُحْضِرَتِ ٱلْأَنفُسُ ٱلشُّحَّ ۚ وَإِن تُحْسِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾(النساء- ١٢٨)، واتە: ئەگەر ئافرەتێك ترسا لـەوەی، مێردەکـەی لاسـاری بکـات، یـا پشـتی تێ‌بکات‌و گوێی نەداتێ، ئەوە هـیچ لــێیان ناگیرێـت‌و کـارێکی چـاکە، ئەگەر نێوان خۆیان چاك بکەن‌و ئاشت ببنەوەو بە تـەواویی ڕێـك بکـەون، هەمیشە ڕێکەوتن‌و تەبایی شتێکی چاك‌و پەسەندە، هەرچەندە خەڵکی بـە سروشت حەزی بە ڕەزیلی یەو تەنها بەرژەوەندی خۆیان دێتە بەرچاو، ئەگەر چاکەکارو ڕەفتار جوان بن‌و خاوەنی تەقواو پارێزکار بن، ئەوە دڵنیابن، خوا هەمیشەو بەردەوام ئاگایە بە کارو کردەوەتان.

دیارە پێشتر باسی یاخی بونی ژنـان کـردو، چارەسـەر ئیسـلامیەکانمان ڕونکردەوە، هەر لە ئامۆژگاری، پاشان سەرجێیی نـەکردن، پاشـان سـزای جەستەیی سوك‌و ڕەمزیی، وەك لێدان بە بالیف‌و سەرین لەسەر قەرەوێڵەدا، کە بە شێوەی دەستبازی دێتە بەرچاوو بە چاکبونەوە کۆتایی دێت.

با ئێستاش باسی لاساری‌و یاخی بونی مێرد دەکەین، کەواتە ژن دەبـێ چ بکات؟

گەر لاساری‌و یاخی بونەکە لە لایەن مێردەوە بێت، با ژن هەموو فێڵ‌و زیرەکی خۆی بەکاربێنێ‌و هۆیەکانی دورکەوتنەوەی مێردەکەی بە نەرم‌ونیانی‌و ژیرانە بتوێژێتەوەو، هەموو هۆیەکانی چاکبونەوەی چارەسەر بکات، هیچی تێدا نیە ژن کەمێك ئازاری دەرونی ببینێ، یان بە سینە فراوانیەوە ماڵ سەرف بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە، چونکە کە هەوڵ‌و کۆشش دەدات، ئەوا بۆ بەرزترین ئەرك هەوڵ دەدات، کە دوای عیبادەتی خوا، ژن شانازی پێ‌دەکات.

دەکرێ ژن لە هەندێ حاڵەتی لاساری‌و یاخی بوونی مێردەکەی، بە گەڕاندنەوەی کەمێك لە مارەیی یەکەی، مێردەکەی ڕازی بکات.

داوەری کـردن

خـوای بـالاّ دەفـەرموێ: ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ﴾(النساء- ٣٥).

کاتێك ژنومێرد جیاوازیان کەوتە نێوانەوەو سەرپێچی پەیدا بوو، رێگە چارە کە ئیسلام دایناوە بۆ ئەوەی پیاو لەگەڵ ژنەکەی بەکاری بهێنێ، هەر لە ئامۆژگاریو سەرجێیی نەکردنو لێدان، پاشان گەر نەگەیشتن بەیەكو تەفاهوم سودی نەبو، ئەو کاتە، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: گەر لەوە ترسان ئەو جیاوازی یە بگاتە رادەی لێك جیابونەوە، ئەوا با ناوبژیکارێکی صالح لە خزمی پیاوەکەو، ناوبژیکارێکی صالح لە خزمی ژنەکە بانگ بکرێ، تا لەم جیاوازی یە بکۆڵنەوەو هەوڵدەن بیان گەیەنن بە یەكو بەرەزامەندی هەردو لا چاکیان بکەنەوە[1]. گەر ئەوان بیانەوێ پەیوەندی

---

١) دەبێ دادوەری کردن بە ئارەزوی هەر یەکێك لە ژنو مێردی جیاواز بە یەکتری یەوە بێتو، ناوبژیکارێکی چاك (صالح) بێت، جا ئەو دو ناوبژیکارە سەیری کێشەو جیاوازی یەکمیان دەکەنو هەوڵی بەیەك گەیشتنیان دەدەن، گەر ئەمە هاتە دی، ئەوا شتێکی زۆر چاکە، ئەگینا لە یەکیان جیا دەکەنەوە، گەر گوناهەکە گوناهی مێردەکە بو، ئەوا حوکمی گەڕانەوەی هەمو مارەیی یەکەی دەدەن، ئەگەر لەگەڵ نەفەقەدا نەیدابو.. ئەگەر

نێوانیان چاك بێتەوە، خوای گـەورە سـەركەوتویان دەكـات، خـوای گـەورە زاناو ئاگادارە بە هەمو شتێك.

گوناهەكە گوناهی ژنەكە بوو داوای جیابونەوەی كرد، ئـەوا حـوكمی گەڕانـەوەی هـەمو مارەیی یەكەی دەدەن بۆ مێردەكەی، وەك لە فەرمودەی (صحيح)دا هاتوە، كە كورتەكەی ئەمەیە: ئافرەتێك داوای جیابونەوەی لە مێردەكەی كرد، پێغەمبەری خوا ﷺ فـەرمانی كرد مارەیی یەكەی بۆ مێردەكەی بگەڕێنێتەوە.

گومانی تێدا نی یە ئەم دادوەری كردنە، لە دوای سەرنەكەوتن‌و سەرنەگرتنی كۆششـی ئامۆژگاری‌و سەرجێ‌یی نەكردن‌و تەمبێ كردن، بەسەرپەرشـتی دادڕەس (قاضـي) ئـەنجام دەدرێ.

کاتێ ژن و مێرد بۆ حوکمی خوا بانگ دەکرێن چ دەڵێن؟

١- دەڵێن سمعنا و أطعنا[١]: واتە: فەرمودەی خوامان بیست‌و گوێڕایەڵ

١) پێویستە ژن، یان مێرد لە گوتنی ئەم قسەیەدا پەلە بکەن، با لەسەر دڵانیش گران بێت، هەروەها با ژن بە مێردەکەشی بڵێ: (لە خوا بترسە) لە پەروەردگارت بترسە، یان (خوای گەورە بکە چاودێریی خۆت)، لە کتێبی (النهر)ی أبی حیان هاتوە، جولەکەیەك بە هارونە رەشیدی گوتوە: ئەی گەورەی بڕواداران لە خوا بترسە!
هارونە ڕەشیدیش یەکسەر لەسەر وڵاغەکەی دادەبەزێ‌و سوجدەی بۆ خوا دەبات‌و پێویستی یەکەی بەجێ دێنێ، جا پێیان گوت بۆ ئەمەت کرد؟ ئەویش گوتی: فەرمایشتی خوای گەورەم هاتەوە یاد ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ﴾ (البقرة-٢٠٦)، واتە: گەر پێی گوترا: لە خوا بترسە ئەوا یەکسەر دەمار دەیگرێ‌و خۆی بە گەورە دەزانێ‌و ئامۆژگاری قبوڵ ناکات، جا ئەو کەسە ئاگری دۆزەخی بەسە ببێتە فەرش بۆی.
بەم بۆنەیەوە سەرنجی ژن‌و مێرد رادەکێشم، کە تەنها قبولکردنی حوکمی خوای گەورە چارەسەری کێشەو جیاوازی یەکانە، بۆ راگیرکردن‌و مانەوەی ژیانی هاوسەریەتیان، کە لە بەرژەوەندی هەموان‌و بەرژەوەندی منداڵەکانیشە.. وێڕای ئەمەش کاتێ تاوانبار دان بە تاوانەکەی، یان کەمتەرخەمی یەکەی دێنێ‌و، بە پێی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر، بە پەلە خۆی چاك دەکات، ئەوا بەبێ مشت‌و مڕو دەمەقاڵێ ئەو ڕێگەچارەیە کۆتایی بە گرفتەکان دێنێ.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً﴾ (النساء:٥٩)، واتە: هەرکاتێك لەسەر شتێ لەنێوخۆیاندا پێك نەهاتن، ئەگەر بڕواتان بە خوداو ڕۆژی قیامەت هەیە، کێشەی خۆتان حەواڵەی خواو پێغەمبەری خودا بکەن، ئەم کارە بۆتان باشترەو ئاکامی چاکتری هەیە.

بە بۆنەی قسەکردن لەسەر سەرپێچی کردن، مـن ویـژدانی ژن‌و مێـرد دەهـەژێنم، کـە

خوای گەورە بکەنە چاودێر دەربارەی منداڵەکانیان، با هەر یەکەیان لە پێناو ئەو منداڵە بێگەردانە، لەسەر خۆپەرستی یەکەی دابەزیو قوربانی بە هەندێ لە بەرژەوەندییەکانی بدات، کە بەهۆی ئەو سەرپێچی یە توشی گەورەترین هەژاندنی رەوشتیو عەقڵیو چارەنوس دەبن، چونکە لە ئاکامی ئەم سەرپێچی یە ناکۆکیو دژایەتیو لێك جیابونەوە دروست دەبێت.

ئێمە باسی ئەوەمان کردوە، کە شەیتان چەند زیاتر دڵخۆش دەبێ بە لێك هەڵوەشانەوەی کۆڵەگەی خێزان، چونکە ئەو هەڵوەشانەوەیە ڕوخانی ئایندەی منداڵو ئایندەی هەمو نەتەوەیە، مەگەر ئەوەی، خوا رەحمی پێ بکات!

لە کۆتاییدا با دروشمی هەر یەك لە ژنو مێرد فەرمودەکەی پێغەمبەر بێ ﷺ: ((**لا یفرك مؤمن مؤمنة إن کره منها خلقاً رضي منها آخر**)) (رواه مسلم)، واتە: پیاوی بڕوادار رقی لە ئافرتی بڕوادار نەبێت، گەر رەوشتێکی نابەدڵی لێ بەدی کرد، خۆ لە رەوشتێکی تری رازی دەبێت.

بە باشی دەزانم باشترین شت، کە کۆتایی باسی سەرپێچیو دادوەری کردنی نێوان ژنو مێرد بە چەند فەرمودەیەکی پێغەمبەر ﷺ لەمەڕ هێمنیو لەسەرخۆیی لە کاروبارو نەرمی نواندن لە مامەڵەو ڕەوشت باشی، بێنین، کە هەر کەسێك کردەوەی پێ بکات، دەتوانێ گەورەترین گرفت بە ئاسانیو دڵپاکی یەوە چارەسەر بکات و، لە جێی ئیختیلافو ناکۆکی، ئاشتیو خۆشەویستی دابنێ.

قال النبي: ((**إن فيك لخصلتين يحبها الله: الحلم والأناءة**))(رواه مسلم) واتە: دو خەسڵەتت تێدایە خوا خۆشی دەوێن، هێمنیو لەسەرخۆییو نەرمو نیانی.

((**إن الله رفيق يحب الرفق، ويعطي على الرفق ما لا يعطي على العنف، وما لا يعطي على ما سواه**))(رواه مسلم)، واتە: خوا نەرمو نیانەو نەرمو نیانی خۆش دەوێ، ئەو شتەی لەسەر نەرمو نیانی دەیبەخشێ، لەسەر توندوتیژی نایبەخشێ.

لە ڕیوایەتێکی تردا، پێغەمبەر بە خاتو عائیشەی فەرمو: ((**عليكم بالرفق وإياك والعنف والفحش، إن الرفق لا يكون في شيءٍ إلا زانه، ولا ينزع من شيءٍ إلا شأنه**))، واتە: پێویستە لەسەرتان نەرمو نیان بن، نەکەی توندوتیژیو کاری خراپ بکەی، چونکە نەرمو نیانی لە هەر شتێکدا هەبێت جوانی دەکات، لە هەر شتێکدا نەمێنێت ناشیرینی دەکات.

((**اتق الله حيث ما كنت، واتبع السيئة الحسنة تمحها، وخالق الناس بخلق حسن**))

بوینو فەرمانبەریمان کرد.

٢- هەروا دەڵێن سمعاً وطاعةً: گوێڕایەڵو فەرمانبەرین.

بۆیە دەڵێن (سمعنا وأطعنا)، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾(النور- ٥١)، واتە: بە ڕاستی قسەی بڕواداران ئەوەیە، کاتێك بانگ دەکرێن بۆ حوکمی خواو پێغەمبەر دەڵێن: گوێمان گرتو بەرفەرمانیش دەکەین. ئەوانە سەرفرازو سەرکەوتون.

(رواه أحمد وغيره وسنده صحيح)، واتە: لەهەر شوێنێك بوی لەخوا بترسە، چاکە بەدوای خراپەدا بێنە خراپەکە دەسڕێتەوە، بە ڕەوشتی جوان لەگەڵ خەڵك هەڵسوکەوت بکە.

((من يحرم الرفق يحرم الخير كله))، واتە: هەرکەسێ لە نەرمو نیانی بێبەش بێت، ئەوا لە هەمو چاکەیەك بێبەش بوە.

بۆ هەر پرسیارێکی
جنسی وەڵامێکی خۆی هەیە

تۆ دەربارەی جنس پرسیار دەکەی‌و، ئێمەش وەڵام دەدەینەوە[1]:

١/ پرسیار: چۆن دەکرێ هاوسەنگی جنسی نێوان ژن‌و مێرد دروست ببێت؟

وەڵام: جێی داخە هەندێ پیاو(مێرد) تەنها قەناعەتیان بە چێژ وەرگرتنی خۆیان هەیە، چاوەڕوانی ئەوە ناکەن ژنەکەشیان چێژو خۆشی وەرگرێ، دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی توڕە بونی ژنەکەی بەهۆی کارە جنسی یەکەی‌و خۆویستیەکەی، چونکە ژنیش حەز دەکات وەك مێردەکەی چێژ وەرگرێ، وەك قاعیدەکی گشتیش، یەکەم جار پیاو زوتر لە ژن دەگاتە چێژو خۆشی‌و ئاوی دێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر پیاو هەوڵ بدات ئاوی زو نەیەتەوەو دوای بخات، گوتراویشە ژیانی ژن‌و مێردی سەرکەوتو لەسەر ئەوە وەستاوە، کە هەردوکیان بەیەکەوە بگەنە چێژو خۆشی... جا لەبەر ئەوەی پیاو هۆکاری موجەبی کاری جنسی یە، پێویستە لەسەری، کۆنترۆڵی خۆی‌و جوتبونەکەی بکات، بۆ ئەوەی هەردو لا بگەنە مەبەستی ئەو جوتبونە، چێژ وەرگرتنی یەکتریش هەردەم بۆ هەردو لا باشترە...

٢/ پرسیار: ئەو دەرمانە پزیشکی یانە چین، کە ئەندامەکانی زاوزێ بەهێز دەکەن؟

وەڵام: دەکرێ بگوترێ گرتنەبەری رێگای ناسروشتی بۆ بەهێزکردنی ئەندامەکانی زاوزێ، بە واتای بەکارهێنانی دەرمانەکانی پزیشکی‌و دەرمانە بەهێزکەرەکان، سودێکی کاتی یان هەیە، هەر دوای

١) ئەم باسەمان لە زۆر کتێب‌و گۆڤارە زانستیە جیاجیاکانەوە وەرگرتوە.

بەکارهێنانی، کاری خۆی دەکـات، پاشـان هێنـدەی پـێ ناچـێ مرۆڤـ هەست بە کاردانەوەی ئەم دەرمانە دەکـاتو، وردە وردە هێـزە جنسـی یەکەی کز دەبێت.. ئێمـە ئامۆژگـاری گـەنجان دەکـەین، ئـەم دەرمانـە پزیشکی یانە بەکار نەهێنن، لەبەر ئەوەی هێزی جنسی بـە شـێوەیەکی کاتی بەهێز دەکات، پاشان هێندەی پێ ناچێ بەرەو نەمان دەچێت.

هەر کەسێك دەیەوێ هێزە جنسی یەکەی بەهێز بێت، با رێسا (قواعد)ە سروشـتی یـەکان پـەیڕەو بکـات، وەك وەرزشو پشـودانو خـۆراك، دورکەوتنەوە لە غەمو دڵەڕاوکێو شتی تر، چونکە پشودانی دەرونی، لە گەورەترین هۆیەکانی چـالاك کردنـی هێـزی جنسـی یـە، چـونکە هـەر هەڵەیەك لە بەکارهێنانی دەرمانە بە هێزکەرە دەستکردەکان ڕو بـدات، زیانێکی زۆر لە وەرگرەکەی دەدات، کە تـەنها زیـان بـە ئەندامـەکانی زاوزێ ناگەیەنێ، بەڵکە کار لە تەندروستی گشتی مرۆڤـ دەکات.

٣/ پرسیار: لە دوای میزکردن شلەیەکی مـەنی دێتـە دەرەوە، ئایا هۆی ئەمە چی یە؟ ئایا کار دەکاتـە سـەر تەندروستی مرۆڤـ.؟ چارەسەرەکەی چی یە؟

وەڵام: گەر ئەو شلە مەنی یە کەم بو، ئەوا هیچ زیانی نی یە، کـە هۆیەکـەی بۆ فراوانی داقلێشان دەگەڕێتەوەو، لـە ئاکـامی قـەبزی یـەوە دروسـت دەبێت، کە پاڵ بە پێکهاتوەکانی شلەی مەنی کۆکراوە دەنێت، کـە لـە ئاکامی دەرنەچونی یەوە، لەگەڵ میز دێتە دەرەوە.

بەڵام گەر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام بو، ئەو دڵۆپـە ئـاوە زۆر هاتە دەرەوە، ئەوا ئەو حاڵەتە حاڵـەتی نەخۆشـی یـەو، بەڵگـەی کـزی دەمارە لە گوشراوەکاندا، یان هەوکردنی پرۆستاتە، کە بە بـەکارهێنانی

ڤیتامین (E) و ئۆكۆتین چارەسەر دەكرێت، چونكە بە بەردەوام دەرچونی ئەو دڵۆپە مەنی یە كار لە تەندروستی گشتی دەكات.

لەسەر گەنج پێویستە هەردەم لە شتە وروژێنەرەكانی وەك ئەو شوێنە ئارەزوبازانەی، كە دیمەنی روت، یان دەستبازی جنسی، یان خوێندنەوەی چیرۆكو كتێبە جنس بزوێنەكان دور بكەوێتەوە.

پێویستە نەهێڵێ قەبز بێ، با ئەو شتە نەرم كەرەوانە بخوات، كە یاریدەدەری بەتاڵكردنی ریخۆڵە دەدات، هەروا بوار نەدان بە كۆبونەوەو بەسەر یەكدا كەوتنی ماددە پیسەكان لە كۆمدا، باش وایە ئەو ماددانەی ئاماژەمان بۆ كرد بەسەرپەرشتی پزیشك، بەكاربهێنرێت.

٤/ پرسیار: مەنی چی یە؟

وەڵام: بری ئەو مەنی یەی، كە پیاو لە یەك جار فرێی دەدات لە نێوان (پێنج) تا (دە) سانتیمەتر موكەعەبە، یەك سانتیمەتری موكەعەبی ئەو شلەیە، نزیكەی شەست ملیۆن گیانداری تۆواوی (حیوان منوي) پێك دێت، گەر مەنی سروشتی لە ژێر میكرۆسكۆب بپشكنین، ئەوا ژمارەیەكی زۆری (حیوانات منویة)ی چالاكی بەهێزی پێكهاتو لە ماددەی (سبرمن)ی تێدایە.

دكتۆر (فون بوهل) لە زانكۆی لینینغراد بە دیاری خستوە، گەر ماددەی سبرمن بخرێتە جەستەی مرۆڤ، ئەوا سودی پێ دەبەخشێ، ئەمەش شوێنەواری بەهێزكەری جوتبون لە لای ئافرەتان بۆ راڤە دەكات، گومانی تێدا نی یە بەشێك لەو مەنی یە، ئەندامی زاوزێی ئافرەت دەیمژێ.

٥/ پرسیار: هۆیەکانی کزی گیانداری تۆواوی چی یە؟

وەڵام: گرنگترین هۆیەکانی کزی گیاندارە تۆواوی یەکان بریتی یە لە:

١- بێهێزی گشتی، کە جەستە دوچاری دەبێ.

٢- سەیلانی توند کە کار دەکاتە سەر جوتە هێلکەی گون.

٣- سەیلانی کەڤنار (مزمن).

٤- زهری.

٥- سیل.

٦- زیادەڕۆیی کردن لە جوتبون.

٧- هەندێ جۆری تەسکی، کە قەنەواتی تۆواوی دوچاری دەبێت.

٨- دەست پەڕ (العادة السرية).

٩- زۆری ترشەڵۆك لە گوڵێنك (مهبل)دا.

٦/ پرسیار: پەیوەندی نێوان مەمك و کۆئەندامی زاوزێی ئافرەت چی یە؟

وەڵام: پەیوەندیيەکانی نێوانیان زۆر توندو تۆڵە، تەنانەت هەر چ شتێك کار لە یەکێکیان بکات، کار لەوی تریش دەکات.. خوێندنەوەی چیرۆك و گێڕانەوە وروژێنەرەکان و تەماشاکردنی ئەو فلیمانەی وەسفی ئەو شتانەی وەك ئەو دەکات، کارێکی خراپ دەکاتە سەر کۆئەندامی زاوزێی ئافرەت، کە مەمکەکانیش دەگرێتەوە.. ئەرکی هەمو کچێکە سور بێ لەسەر پاراستنی مەمکەکانی، ئەویش بە دور کەوتنەوە لە هەر شتێك کە زیان بە کۆئەندامی زاوزێی دەگەیەنێ، هەروەها کۆئەندامی دەمارەکانیش.. فەرامۆش کردنی گرنگی دان بە مەمکەکان، کاریگەری یەکی زیانبەخش دەکاتە سەر هەردوکیان و، سەر ئەو جوانییەی پێویستە

تیایاندا هەبێت.. یاری پێکردنی پیاو بە مەمکی خێزانەکەی‌و مژینی سەرەگۆیەکەی، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە بۆ وروژاندنی جنسی ئافرەت.

٧/ پرسیار: گوتەی پزیشکیی لەمەڕ کزی جنسی (الضعف الجنسي) چییە، ئایا دەکرێ دەرمان ببێتە چارەسەر؟

وەڵام: بێگومان دەرمان کاریگەری زۆری هەیە لە چارەسەر کردنی کزی جنسیدا، دەرمانی وا هەیە دەکرێ بۆ ئەم نەخۆشییە بەکار بهێنرێت، بەڵام هەندێ دەرمان هەیە نابێ بەکار بهێنرێت، مەگەر لە چەند حاڵەتێکی نەخۆشی فعلیدا، کە بەکار هێنانیشی پێویستە لە ژێر چاودێری‌و رێنمایی پزیشك بێت.

٨/ پرسیار: هۆیەکانی کزی جنسی چییە؟

وەڵام: کزی جنسی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك، گرنگترینیان بەکارهێنانی ئامێری زاوزێ بە زو جوتبون‌و زیادەڕۆیی کردن لە جوتبون، یان دەست پەڕ (العادة السرية) کردن، یان دابەزینی تەندروستی گشتی‌و ماندوکردنی جەستەیی‌و عەقڵی‌و هەندێ نەخۆشی، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی دەرونی (نەفسی).. سروشتیشە کزی جنسی، جگە لە هۆیەکانی، ببێتە مایەی بێهێزکردنی ئامێری زاوزێ، یان کامڵ نەکردنی هێزی ئامێرەکە، لەبەر ئەوە وا دەبینین ماندوبون‌و کەم نوستن لە نێو ئەو هۆیانەیە، کە دەبێتە هۆی کزی جنسی، بە گوزارش (تعبیر)ێکی تر هەر چ شتێك ببێتە هۆی بێهێزکردنی کۆئەندامی دەمار، ئەوا لە هۆیەکانی کزی جنسی دادەنرێت.

نەخۆشییەکانی بڕبڕەی پشت کاریگەرییەکی راستەوخۆو خراپی

لەسەر ئامێری زاوزێ هەیە، بەڵکە دەبێتە مایەی گرفتێکی هەموەکی، نەخۆشی یەکانی زاوزێ- وەك زوهری و سەیلان- کاریگەریان لە کزی جنسی هەیە.

هەروەها تێك چونو شلەژانی کۆئەندامی هەرس بە جۆرە جیاجیاکانی یەوە، دەبێتە هۆی کزی جنسی، بە پێچەوانەی ئەوەی لە نێو خەڵکیدا باوە، مادده بێهۆشکەرەکان بە هەمو جۆرەکانی یەوە، وەك حەشیشەو کۆکاینو تریاك، کار دەکاتە سەر کزی جنسی، چونکە ئەو هێزە جنسی یەی مرۆڤ، لە یەکەم کاتی خواردنی ئەو مادده بێهۆشکەرانە، هەستی پێ دەکات، تەنها هێزێکی لەناو چوە، هێندەی پێ ناچێ بەرەو کزی وەردەگەڕێو پێویست بە چارەسەر دەکات. بە دیاریش کەوتوە جگەرە کێشان کاریگەری لە کزکردنی جنسیدا هەیە، ئەم گوتەیەش بە شێوەیەکی گشتی لەسەر مەی (عرق) پیادە دەبێ.

لە هۆیەکانی کزی جنسی ئەوەیە، هەندێك لە پیاوان لەکاتی جوتبوندا، بە مەبەستی سك پڕ نەبون، تۆیەکەی لە دەرەوە دەهێننە دەرەوە.

زانراویشە کە زۆر دەستپەڕکردن هۆیەکی سەرەکی یە لە هۆیەکانی کزی جنسی.

٩/ پرسیار: پزیشکان دەڵێن (ترسان) هۆیەکە لە هۆیەکانی کزی جنسی؛ جا مەبەست لەم گوتەیە چی یە و مانای چی یە؟

وەڵام: ترس لە کزی جنسی، کاریگەری خۆی هەیە، نکوڵی لێ ناکرێ، کە بە چەند دیاردەیەكو شێوەی جیا خۆی دەنوێنێ، وەك ترسان لە دوچار بون بە نەخۆشی یەکی پیس، ئەوەش لە حاڵەتی جوتبون لەگەڵ ئافرەتێکی گومان لێکراو، یان لەوانەیە ترسەکە لە ئاشکرابونی

کارەکەی بێت، گەر جوتبونەکە ناشەرعی بێت، یان ترسان لە سك پڕبونی ئافرەتەکە، جا بەهەر هۆیەك بێت نەیەوێ سکی پڕ ببێ، یان ترسان لە زیان گەیاندنو ئازاردانی ئافرەتەکە.

جاری وا هەیە بە خەیاڵی پیاودا دێ، کە ناتوانێ جوت ببێ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەست کردنی مرۆڤ بە کەمو کورتی لە بێ‌هێزی پێکهاتەی ئامێری زاوزێیدا، یان بێ‌هێزی لە خودی توانا جنسی یەکەیدا، ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە، ترسان لە جوتبون، گەر سنورێکی بۆ دانەنرێ، دەبێتە حەقیقەتێکی واقیعی، گەورەترین هۆیەکانی هەستکردن بە ترس، ترسانە لە قەبارەی ئەندامی زاوزێ، کە زۆر جار هەست کردنەکە وەهمی یەو هیچ شوێنەوارێكو مەترسی یەکی نی‌یە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی ئەو کەسە، بە شێوازی ئامێری زاوزێو فیسیۆلۆجیو زانیاری‌یەکانی تری پەیوەندیدار بەم مەبەستە.

١٠/ پرسیار: شوێنەواری پیشە، یان حاڵەتی دەرونی لە دوچار بون بە کزی جنسی چی‌یە؟

وەڵام: بێگومان ئەو پیشەیەی مرۆڤ کردویەتی‌یە پیشەی خۆی، هەروەها حاڵەتی دەرونیش لە مومارەسەکردنی کردەی جنسی دا، کاریگەریان هەیەو شوێنەواریان دیارەو نکوڵی ناکرێ لە توش بون بە کزی جنسی.

ئەو پیشانەی سروشتێکی وەستاویان هەیەو پێویستی بە جوڵە نی‌یەو کەم جوڵەن بۆ چەند سەعاتێکی درێژ خایەن، زیانێکی زۆر بە هێزی جنسی دەگەیەنێ، هەندێ پیشە پێویستی بە دەستاو دەستکردنی کانزاکان یان پێکهاتە ژەهراوی‌یەکان هەیە، بە هۆی کارتێکردنی لەسەر دەمارەکان، دەبێتە هۆی کزی جنسی.

بەڵام سەبارەت بە حاڵەتی دەرونی یەوە، کزی جنسی بە زۆری، یان لەنکاوە (طارئ) یان کاتی یە، کە هێندەی پێناچێ نامێنێ بە نەمانی، ئەو هۆیانەی دەبنە مایەی ئەو کزی یە.

شوێنەواری حاڵەتی دەرونی لە کزی جنسی دا، تەنها لەسەر بێهێزو لاوازو نەخۆشی کورت هەڵنەهاتوە، بەڵکە تەندروست باشەکانیش دەگرێتەوە، زۆریش پێویست بە گرنگی پێدان ناکات، چونکە زۆر جار بۆ خۆی نامێنێ.

لەوانەیە هەمو پیاوێکی لەش ساغ بە هۆی چەند هۆیەکی دەرونی، دوچاری کزی یەکی جنسی کاتی ببێت؟ خەمو پەژارەو هەراسان بون بە هۆی گرفتەکانی کارکردن، یان ماڵو سامان یان غەیری ئەمە، لەوانەیە بۆ کاتێك ببێتە لەدەستدانی توانای زاوزێی پیاو. هەروەها گەر پیاو لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕوبەڕوی گرفتێك ببێت، کە بە زەحمەت چارەسەر بکرێتو عەقڵی سەرقاڵ بکات، ئەوا توانای زاوزێکردنی کز دەبێت، چونکە عەقڵ، تا سنورێك بەم گرفتەوە سەرقاڵ دەبێت، کە هەمو شتێك لەگەڵ خۆی فەرامۆش دەکات، بەڵکە زۆر جار مرۆڤ خواردنەکەشی فەرامۆش دەکاتو ئارەزوی خواردنی نامێنێ، گەر هەندێك کەس هەرگیز ئەم حاڵەتە لە ناکاو (طارئ)انەی کزی جنسی تاقی نەکردبێتەوە، مانای ئەوە ناگەیەنێ لە لایەنی جنسی یەوە لەو کەسانە بەهێزترن، کە ئەم حاڵەتانەیان بەسەردا هاتوە، بەڵکە ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو کەسانە لە ژیانیاندا توشی تەنگو چەڵەمەی دەرونی توندو ناخۆش نەبون، یان ئەو کەسانە لەو جۆرە کەسانە بن، کە گرنگی بە گرفتو ئاستەنگو زەحمەتەکانی ژیان نادەن.

١١/ پرسيار: زۆر گوێمان لە (وەرزشی جنسی) دەبێت، کە بۆ چارەسەری کزی جنسی بەکار دەهێنرێت، بێئەوەی فیکرەیەکمان لە ماهی یەتی یەوە هەبێ.. جا ئەو وەرزشە چی یەو چۆن ئەنجام دەدرێ؟

وەڵام: وەرزشی جنسی لە چارەسەرکردنی کزی جنسیو بەهێزکردنی ماوەی رەپ بون (الإنتصاب)، بۆ ماوەیەکی زۆر سودی هەیە، ئەم کردەیەش بەوە ئەنجام دەدرێ، کە پێش ئەنجامدانی کردەی جنسی (جوتبون)، پارچە قوماشێكو قاپێك سەهۆڵاو بێنی، پارچە قوماشەکە بە ئاوەکە تەڕ بکرێو بۆ چەند جارێك چوکی پێ بسڕێتەوە، جا گەر ئەم وەرزشە بۆ چەند جارێك دوبارە کرایەوە، ئەو کزی جنسی یە نامێنێو هێزە جنسی یەکەی پیاو بە کاملی دەگەڕێتەوە.

١٢/ پرسيار: ئایا بە خەیاڵ داهاتن (الإیحاء) کاریگەری لە کزی جنسی دا هەیە؟

وەڵام: بەڵێ! گەر مرۆڤ وا بە خەیاڵی دابێ، یان هاوڕێکانی، یان کەسوکاری وای تێ بگەیەنن، کە جنسی کزە، ئەوا گەر ویستو کەسایەتی یەکەی بێهێز بێت، بە ڕاستی دوچاری ئەو کزی یە دەبێت.

بە پێچەوانەشەوە، گەر بە خەیاڵی دابێت جنسی بە هێزەو دەتوانێ جوت ببێو، لە دەرونی خۆیشی دا ئەمە دوبارە بکاتەوەو، گوێ نەداتە قسەی خەڵکی، بە تایبەتی شەوی ژن گواستنەوە گەر بە زاوا نەببو، ئەوا توشی کزی جنسی نابێ.

جا متمانە بە خۆکردن، هۆیەکی گەورەیە لە هۆیەکانی بەتواناییو سەرکەوتن، نەك تەنها لە هاوسەرگرتن (الزواج)، بەڵکە لە هەمو ژیاندا،

لە فەرمودەی (صـحیح)دا هاتوە: ((إنما العلم بالتعلم، والحلم بـالتحلم، ومن يتغ الخير يلقه، ومن يتق الشر يوقه!!)).

ئەمەو نابێ پاڕانەوەو بەردەوامی داواکردنـی هێـزو لـێبوردنو لـەش ساغی، لە خوای گەورە لەبیر بکرێ.

١٣/ پرسـیار: هەنـدێ کـەس سـکاڵای زو ئـاو هاتنـەوە دەکـەن، هۆیەکـەی چی یـە؟

وەڵام: ماوەی جوتبون لە تاکێکەوە بـۆ تـاکێکی تـر جیـاوازی هەیـە، بـە گوێرەی جیاوازی ئەو کەسە، هەندێ کەس توانای درێژ خایـەنی مـاوەی جوتبونی دراوەتێ، کە ئارەزوەکانی خێزانەکەی تێر دەکـات، هەنـدێکی تریش سکاڵای خێرا ئاو هاتنەوە دەکەن پێش جوتبون بە چـەند سـاتێك، کە ئەمەش دەبێتە هۆی خەمو پەژارەو دڵ گرانـی بـۆ پیـاوو، تـەنگیو وەڕسی بۆ ئافرەتەکە، جا گەر ئەم کارە چەند جار لـە لای پیـاو دوبـارە بێتەوە، ئەوا لە بنەڕەتدا جۆرێك لـە ترسـانی بـۆ دروسـت دەبێـت، کـە بیەوێ جوت ببێ، هەر لەگەڵ ئەمەشدا شتێکی تر ڕودەدات، کە بریتـی یە لە رەپ نەبون (عدم الإنتصاب)، کە کار دەکاتە حاڵەتی کزی جنسی، کە پێویستی بە چارەسەرێکی تر دەکات.

وا دەبێ خێرا هاتنەوەی مەنی لە پێش جوتبون، هۆیەکەی بگەڕێتـەوە بۆ چەند هۆیەکی جیا جیا، کە پیاو ژیانە جنسی یەکەی بە حاڵەتی خێـرا هاتنـەوەی مەنی دەست پێ دەکات، چونکە لەو کاتەدا لە دەرونی خۆیـدا بڕیاری داوە، دەبێ کردە جنسی یەکە ئەنجام بدات، کە لـەم مەسـەلەیەدا شارەزایی یەکی پێشینەی نی یە.. جا فەحس کردنـی حاڵەتـەکانی خێـرا هاتنەوەی مەنی، پێویستی یەکی زۆری بە لێکۆڵینـەوە هەیـە، بـەر لـە

گەیشتن بە بڕیاردانی چارەسەرێکی دیاریکراو.

خێرا هاتنەوەی ئاو بە ماندوبونی ئەعساب، دوای یــــــاری و دەست بازی یەکی درێژ خایەن بەستراوەتەوە، یان هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هەستیاری بۆڕی میزکردن، ئەم زۆر هەستیاریە، بە تەنها دەتوانێ پیاو دوچاری کاردانەوەیەکی خێرا بکات، کە ئاکامەکەشی خێرا هاتنەوەی مەنی دەبێ. ئا بەم شێوەیە جۆراوجۆری هۆیەکانی خێرا هاتنەوەی مەنی، جۆراوجۆری ڕێگاچارە دەخوازێ.

١٤/ پرسیار: چارەسەری ئاو زوو هاتنەوە بەر لە جوتبون چی یە؟

وەڵام: یەکەم هەنگاوی چارەسەرکردن لەسەر دەست نیشان کردنی هۆی نەخۆشی یەکەوە دەوەستێ، جا هەر کاتێك هۆیەکە زانرا، ئەو کاتە چارەسەرکردنەکە ئاسان دەبێت، ئەمەش بە هۆی بەگوێکردنی ڕێنماییەکانی پزیشکەوە دێتە دی.

١٥/ پرسیار: باشترین کاتەکانی جوتبون چ کاتێکە؟

وەڵام: باشترین کاتەکانی جوتبون ئەو کاتەیە، کە مرۆڤ جەستەو دەرونی ئاسودە (مرتاح) بێت، ئەم ئاسودەیی یەش بە زۆری دوای نوێژی بەیانیان دەستەبەر دەکرێ، کە ژن و مێرد لەو کاتەدا بە جەستەو دەرونەوە ئاسودەن و، هەلی خەوتنەوەشیان بۆ دەرەخسێ.

١٦/ پرسیار: باشترین بار(وضع)ی جوتبون چ بارێکە؟

وەڵام: هەمو جوتبونێك پێویستی بە فیکر هێمنی و خاوی لەش هەیە، هەر جوتبونێك لە بارودۆخێکی شەکەت، یان لە باری ماندویەتی یەوە ئەنجام بدرێ، ئەوا جەستەو ئەعساب ماندو دەکات.

هەندێ کەس بە ڕاوەستانەوە لەگەڵ خێزانیان جوت دەبن، کە ئەمەش

زۆر زیانو ئازار بە تەندروستی دەگەیەنێ، جوتبون دوای نـان خـواردنیش هەمان زیان دەگەیەنێ، باشترین شێوازی جوتبـون پاڵکـەوتنی ئافرەتـە، دەشکرێ هەندێ جار بە پێچەوانەوە بکرێت.

١٧/ پرسیار: بۆچی هەندێ ئافرەت بە جوتبون ئازاری پێ دەگات؟

وەڵام: ئەو ئازارەی، یان ئەو تەنگی یەی ژن لە کاتی جوتبـون هەسـتی پـێ دەکات، دەلالەت لـە هـەبونی کۆسـپێك، یـان هـەوکردنی بـۆڕی زاوزێ دەکات، ئەگـەر ئـەو ئـازارو تـەنگی یـە لـە ئـەنجامی ڕەفتـاری تونـدی مێردەکـەی نـەبێت لـە کـاتی جوتبونـدا، یـان نـەزانینی پـێ‌ی... وەك قاعیدەیەکی گشـتیش هۆی ئازار، یان تەنگـی نەزۆکی یە... فەحسـی پزیشکی ئەوە دەگەیەنێ" ئەو نەزۆکی یە زۆر جار لەگەڵ جوتبـونێکی بـە ئازارەوەیە، ئاکامی خودی کردە جنسی یەکە نی یە، بەڵکـە لـە ئاکـامی ئەو هۆکارەیە، کە دەبێتە مایەی هەست کردن بە ئازار لە کاتی جوتبوندا. ئەمەش بۆ تەسکی فەتحـەی منداڵـدان، یـان زۆر هەسـتیاری یـەتی، یـان هەوکردنی هەردو شفرە دەگرێتەوە، یان هەبونی کولـك (قرحة)ی زهـری یان فتق، یان هەبونی نەخۆشی یەك لە میزڵدان، یان کۆم دا.

١٨/ پرسیار: هـۆی بەرەبەرەکانێ یەکانی ژن چی یـە؟

وەڵام: هۆیـــەکانی بەرەبـــەرەکانێ‌ی ژن چـــەند شـــتێکن، گرنگترینیـــان هەڵنەستانی پیاوە بە ئەرکە جنسی یەکەی لە دەستبازی کـردنو یـاریو شتی تر، بەم بۆنەیەوە ئەم نوکتە خۆشە باس دەکەین:

پیاوێـك هەسـتی بـە بەرەبـەرەکانێ‌ی خێزانەکـەیو فەرامۆشـکردنی کاروباری ماڵەوەی دەکرد، جا پیاوەکە لە پارچە کارتۆنێـك ئـەم پەنـدەی نوسیو لە ژووری چێشتخانەی هەڵواسـی: (کارەکـەت بـە چـاکی بکـە،

هیواکەت دێتە دی)، جا ژنەکە ئەو پارچە کارتۆنەی هێناو لەسەر قەرەوێڵەی نوستنی هەڵواسی.

١٩/ پرسیار: ئامۆژگاریت بۆ پیاوان چی یە، بۆ ئەوەی خۆشەویستی پتەویان و گەنجێتیان لە هێلانەی هاوسەریەتی بپارێزن؟

وەڵام: پێویستە لەسەر پیاو بە پێی توانا ئەم ئامۆژگاری یانە پیادە بکات:

١- گوڵێکی سوری بۆ ئامادە بکە (بۆ تێبینی یەك گوڵ لە کۆمەڵە گوڵێك سەرنج ڕاکێشەر ترو شاعیری ترە).

٢- هەندێ جار لەسەر جێ، نانی بەیانی لەگەڵ بخۆ.

٣- یادگاری یەکانی ڕۆژانی خاڵی و بێ کاری، وەك مانگی هەنگوین لە یادت بپارێزە.

٤- لە شوێنی کارەکەت تەلەفۆنی بۆ بکە، پێی بڵێ بیر لە تۆ دەکەمەوەو بیرت دەکەم.

٥- لە ڕۆژانی پشودا لەگەڵ خۆتی ببە بۆ گەشتێکی خاڵی لە خەڵك.

٦- تەسجیلێکی بۆ ئامادە بکە بۆ یادگاری یە بە نرخەکانتان.

٧- هەردەم باسی هیواو ئاواتەکانتی بۆ بکە، بەشداری بکە لە بیرۆکەو هەستەکانت.

٨- سور بە لەسەر کڕینی ئەو بۆنەی، کە خۆی حەزی لێ یەتی بە گوتەیەکی شیرین پێی بڵێ تەنها لەماڵەوە بەکاری بهێنێ نەك بۆ دەرەوە.

٩- هەردەم کەل و پەلەکانت بە ڕێك و پێکی دابنێ، جلەکانت ڕێك بخەو بە شوێنی خۆی هەڵواسە، گۆرەوی و پێڵاوەکانت لە خوارەوەی خێزان و لە ژێر کورسی فڕێ مەدە.

١٠- هیچ شتێك لە ماڵەوە فەرامۆش مەکە، کە پێویستی بە چاك

کردنەوە، یان گۆڕینەوە هەبێت، هەر چەندە بچوکیش بێت.

١١- هەردەم لەگەڵی بچۆ بۆ کڕینی شتومەکەکانی.

١٢- هەردەم باسی ئەندازەی دڵخۆشیو گەورەیی‌و شانازیتی بۆ بکە.

١٣- گەر هەر چ یاری یەکی شەرعیتان کرد، لێگەڕێ با بۆ چەند جارێک ئەو لێت بباتەوە.

١٤- هەردەم بە ئیعجابەوە تەماشای بکە، پیا هەڵدان بە جلو بەرگی‌و قژ شانە کردنی‌و شۆخ‌و شەنگی ئەوت لە بیر نەچێ.

١٥- پێش دەرچونت لە ماڵەوەو، گەڕانەوەت بۆ ماڵەوە بە گەرمی ماچی بکە.

١٦- ئارەزو (هیوایە)تێکی نوێ‌و هاوبەش‌و خۆشی لەگەڵیدا دەست پێ بکە! باشترینیشی خوێندنەوەی بە سودە.

١٧- هەر چ شتێکت دەزانی دڵخۆشی دەکاو عاتیفەو هەستە شەرعی یەکانی دەوروژێنێ، ئەوەش بخە ناو ئەو لیستەیەوە.

٢٠/ پرسیار: چ ئافرەتێك لە هەمو ئافرەتان جوانترە ؟

وەڵام: جوانی نمونەی وەکو بەزەیی خوای گەورە وایە، کە بەسەر ڕوی زەوی دابەش کراوە، جوانی جوانی گیان‌و پەروەردەو ڕەوشتە، هەمو ئافرەتێک بەشی لە جوانی هەیە، بە مەرجێ بەدیاری بخات‌و چاودێری بکات‌و پارێزگاری لەسەر بکات، بەڵام جوانی وێنەو جوانی جەستە، سەرەڕای خێرایی کارتێکردنەکەی، ناگاتە پلەی جوانی گیانی (الروحي) لە بەهاو بەرزی‌و مانەوەیدا.

٢١/ پرسیار: چ پیاوێك بە دڵی ئافرەتە ؟

وەڵام: نزیکترین پیاو لە دڵی ئافرەت ئەو پیاوەیە، کە هەڵسوکەوتی لەگەڵ باش بێ، بەمەرجێ ئەو مامەڵەیە دروست کراو نەبێت، بەڵکە لە ناخەوە سەرچاوەی گرتبێ. هەڵسوکەوت لێرەدا مانای ڕێزو زەوق و بەخشین و ڕەوشت و موجامەلەی خۆشە، کە هەمو ئەمانە لە پارێزگاری کەسایەتی پیاوە، چونکە هیچ شتێك لە لای ئافرەت وەك پیاوی بێ شەخسییەت، یان شەخسییەت کز ناشیرین تر نی یە!

٢٢/ پرسیار: چ شتێك پێویستە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی دەرنەچونی پیاو لە ماڵەوە بۆ چایخانەکان و شوێنی تر؟

وەڵام: پیاو لە ماڵەوە پێویستی بە خۆشەویستی و سۆزو حەنان و پشو هێمنی و جێگیری یەکی زۆرو جوانی و ڕازاوەیی نوێکار هەیە، جا گەر خێزانەکەی هەمو ئەمانەی بۆ فەراهەم نەکات، ئەوا ئەمە پاڵ بە مێردەکەیەوە دەنێت، بۆ ڕاکردن لە ماڵەوەو ڕوکردنە چایخانەکان و شوێنی تر، گەر شەخسی یەتی کز بێت و بەهرەکانی سادە بێت. چایخانەو هاو وێنەی لە دوژمنە هەرە سەختەکانی خێزانە..[1]

٢٣/ پرسیار: گرفتەکانی شەوی ژن گواستنەوە (لیلة الزفاف) چی یە؟

وەڵام: وا دەبێ پیاو لە شەوی گواستنەوەدا دوچاری خاوبونەوەی ئامێری نێرینەی دەبێت، کە پێی دەڵێن خاوبونەوەی شەوی یەکەم، ئەمە کاتی

---

١) چەند ساڵێك بەر لە ئێستا وتارێکم بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (المقهى نادي الشيطان) (چایخانە یانەی شەیتانە).

یەو بە نەمانی هۆیەکانی لەنێو دەچێ، جا هۆیەکە، یان لە ئاکامی ترسی سەرنەکەوتنە، یان شارەزا نەبونیەتی لەم بارەوە، یان بە هۆی نەبونی متمانە بە خۆیەتی، بەڵام ئەمە بە دەگمەن نەبێ ڕو نادات، بەتایبەتی گەر ژن‌و مێرد خۆشەویستی یەکتری بن، ئەو کاتە هەرگیز ئەمە ڕو نادات.

خۆشەویستی مسۆگەری بەخشینی متمانە بەخۆبونی پیاوە، هەروەها هاوبەشی ژن بۆ مێردەکەی‌و یاریدەدانی لەم شەوەدا مسۆگەری ئەم متمانەیە... کە نابێ ماندو بێ.

پاش ئەمە قۆناغی سکاڵا کردن دێتە پێشەوە، کە لە ئاکامی هەندێ نیشانەی لە نکاوەوە دروست دەبێت، وەك بە پەلە فیچقە کردنی مەنی (سرعة القذف)، ئەمەش لە ئاکامی مێشك شلەژانی پیاوەوەیە، یان هەبونی هەستیاری یەکی زۆری ئامێری نێرینەیی یە. بە تاقیکردنەوەو مومارەسەکردن دەکرێ ئەم دیاردەیە نەهێڵرێ.

٢٤/ پرسیار: کاریگەری یەکانی جگەرە لەسەر جوتە هێلکەی گون چی یە؟

وەڵام: جگەرە دەبێتە هۆی کزی جنسی‌و، ئامێری نێرینە بێ‌هێز دەکات، جگەرەکێشانی درێژ خایەن، گون ژەهراوی دەکات‌و بەرهەمی تۆو(نطفة) کەم دەکات، بەڵکە تۆوی زۆربەی جگەرەکێشەکان مردوە، چونکە توتن لە ترشی (تسیان هیدریك) پێکهاتوە، دەریشکەوتوە ئەم ترشە تۆوی پیاو ژەهراوی دەکات، بەم هۆیەشەوە بینراوە ڕێژەی نەزۆکی لەپیاوە جگەرەکێشەکان زۆرترە لە جگەرە نەکێشەکان.

٢٥/ پرسیار: ئایا جگەرەکێشان کار دەکاتە سەر هێلکە دانی ئافرەت ؟

وەڵام: هێلکەدانی ئافرەت بریتی یە لە گلاندێکی بچوکی تێکەڵ، کە لە خوارەوەی سك دایە لە لای منداڵ دان، هێلکەدان ئەو هێلکانە بەرهەم دەهێنێ، کە لەگەڵ تۆوی پیاو یەك دەگرێ. لە یەکگرتنی ئەو دو توخمە (هێلکەو تۆو)دا، خوای گەورە مرۆڤێك دروست دەکات.

بەم دوایی یە دەرکەوت نیکۆتین دەبێتە هۆی تێك دانێکی فراوان لەم ماوە زۆرەدا، ئەم تێك دانە لە زۆر حاڵەت دا دەبێتە مایەی نەزۆکی.

دکتۆر (هۆفستاتر) شارەزای ئەم کارە گوتویەتی: ئەو ئافرەتانەی لە کارخانەکانی توتن کار دەکەن بە کەمی منداڵیان دەبێ، گەر منداڵیشیان بو، منداڵەکانیان بێ‌هێزو لاواز دەردەچن[1].

٢٦/ پرسیار: دوای لادانی پەردەی کچێنی، ئامۆژگاریت بۆ پیاو (مێرد) چی یە؟

وەڵام: دوای لادانی پەردەی کچێنی، گەر جوتبونەکە ئازارو گرفتی لەگەڵ بو، پێویستە پیاوەکە جوتبون دوا بخات، بۆ ماوەی دو یان سێ ڕۆژ، پێویستە جوتبون لە مانگی یەکەمی هاوسەرگرتن (الزواج)، موتعەو خۆشی بێ بۆ ژنو مێرد پێکەوە، بۆ ئەوەی ژنەکە لە جوتبون وەڕس نەبێ، بەڵکە لە مانگەکانی یەکەمیشدا، لەوانەیە ئەندامی زاوزێی ژنەکە نەگەیشتبێتە ڕادەی ورووژاندنی جنسی سروشتی، لەبەر ئەوە لەسەر مێرد پێویستە جوتبون کەم بکاتەوە، مەگەر هەستی بە ئارەزوی

١) (لە -رسالة طرق التدخين وأضراره- بە کورتکراوەیی وەرگیراوە).

هاوسەرەکەی کرد بە بەشداری کردنی، بە مانایەکی تر پێویستە مێرد واز لە خۆویستی خۆی بهێنێ، با هاوسەرەکەی هەست بەوە بکات، کە ڕێز لە هەستی دەگرێ، تا ئەویش ڕێزی بگرێ... با مێرد دودڵ نەبێ گەر لە سەرەتاوە ساردی یەکی لە هاوسەرەکەی بینی!

٢٧/ پرسیار: ئایا هیچ کردمیەك هەیە کە نەهێڵێ پیاو ئاوی زو بێتەوە ؟

وەڵام: لە چەند بۆنەیەکدا ئەمەم باسکردوە، دەکرێ ئەمە زیاد بکەین:

یەکەم: هەر کاتێك هەستی بە نزیك بونەوەی هاتنەوەی مەنی کرد، با یەکسەر بیرو هۆشی لای جوتبون لابدات، بەوەی کە لە سەدەوە بژمێرێ بە ئاوەژویی، واتە لە ١٠٠-٩٩-٩٨-٩٧-٩٦-... هتد.، لەسەر ژن پێویستە لەمەدا بە باشی ڕۆڵی خۆی ببینێو ئاگادار بێت لە ئاڕاستە نەکردنی گوتەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ مێردەکەی، نەبادا ئەم ڕەخنەیە ببێتە برینێکی قوڵ لە دڵیدا.

دوەم: مێرد دەتوانێ لە کاتی جوتبون دا شتێك بخاتە سەر ئامێرەکەی، تاوەکو هەستیاریەکەی کەم بکاتەوەو، خێرایی فیچقەکردنی مەنی یەکەی دوا بخات.

هەروا دەکرێ هەندێ هەتوان (مرهم)ی سڕکە بەکاربهێنرێ، کە دەماری چوك (ذکر) سڕ دەکاتو هەستیاریی سەرەگۆی زەکەر کەم دەکات وەك هەتوانی (زایلۆکاین).

زۆر پیاو توانیویانە بە بەکارهێنانی ئەمجۆرە هەتوانانە ئەنجامێکی زۆرباش وەدەست بهێنن، بەڵام هەندێکیش ئەنجامی باشیان وەدەست نەهێناوە.

گرنگ لەم شێوازە ئەوەیە، کە بەر لە ماوەیەکی دیاریکراو لە جوتبون، هەتوانەکە بەکاردەهێنرێ، بۆ ئەوەی دەمارەکان، کاتی پێویست وەرگرن بۆ سڕکردنی، هەروا پێویستە هەتوانەکە بە زویی لانەبرێ، نەبادا کاریگەریەکەی نەمێنێ.

واتە ماوەیەك بەر لە جوتبون، هەتوانەکە بە سەرەگۆی زەکەر بمێنێتەوە.

٢٨/ پرسیار: ئایا ڕاستە ئارەزوی جنسی لە لای ژن و پیاو لە دوای تەمەنی چل ساڵی نامێنێ؟

وەڵام: کەسێك بیروباوەڕی وابێ، ئەوە شتێکی هەڵەیە، چونکە ئەو کەسەی تەندروستی یەکی باشی هەیەو هیچ نەخۆشی یەکی ئەندامی (عضوي) نییە، دەتوانێ تا دوای تەمەنی حەفتا ساڵی مومارەسەی جنسی بکات. زۆربەی حاڵەتەکانی هەست کردن بە کزی جنسی لە قۆناغی ئەم تەمەنەدا، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی دەرونی، یان بۆ هەوڵدانی پیاو بۆ دەرخستنی پیاوەتی یەکەی لە ڕێگای جنسەوە، ئاکامیش ئەوە دەبێ کە جوتبونەکە بە ڕێگای کار پێکردنەوە دەبێتو، زاتیەتی خۆی لە دەست دەدات، کە ئەساسو زەروری یە بۆ سەرکەوتنی. جا لێرەدا پیاو لە گەیشتن بە ئامانجەکەی هەرەس دێنێ، ئەوەی بە بیریدا دێ ئەوەیە، کە بە هۆی تەمەنو پیری یەوە توانا جنسی یەکەی نەماوە. ڕاستە بەساڵاچون ئارەزوی جنسی کەم دەکات، بەڵام توانای ڕەپ بون وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵکە توانای تەحەکوم پێکردنەکەی بە درێژایی ماوەی جوتبونەکە زیاد دەکات. ژنیش بە هۆی زۆر پێکەوە ژیانی لەگەڵ مێردەکەی، توانای زۆرتر دەبێ، کە خۆی لەگەڵ مێردەکەی بگونجێنێ،

بەمەش دەتوانێ بە ماوەیەکی کەم بگاتە چێژی جنسی.

هەر لەو هەڵانە ئەوەیە، کە بیروباوەڕ وابێ تەمەنی نائومێدی (سن الیأس)، مانای کۆتایی چالاکی جنسی ئافرەتە، چونکە زۆربەی ئەو کارتێکردنانەی لەگەڵ وەستانی حەیز دەکەوێ، ئەساسەکەی نەفسی یە.

داو دەرمانی چالاککەری جنسیش، زۆربەی ڕۆڵی خۆی لە ڕێی کارتێکردنی نەفسی یەوە دەبینێ‌و، هیچ سودێکی حەقیقی نی یە، مەگەر لە چەند حاڵەتێکی دەگمەندا نەبێ، کە بریتی یە لە حاڵەتەکانی کەمی ڕژێنی هۆرمۆنی نێرینەیی لە گون دا.

بەڵام گەر ژن‌و مێرد ئارەزوی ئەنجامدانی کاری جنسی یان هەبو، بە واتای ئامادەیی جوتبونیان تێدا هەبێ، ئەوا ئەمە مسۆگەری گونجاندنی جنسی یە، جا تەمەنی ژن‌و مێرد هەر چەندێك بێت.

٣٩/ پرسیار: ئایا دڵەڕاوکێ، پەیوەندی بە گزی جنسی یەوە هەیە؟

وەڵام: بەڵێ، زۆر حاڵەتی گزی جنسی هەیە، بە تایبەتی لای پیاو، هۆیەکەی دڵەڕاوکێ(قلق)یە. ئەمەش مانای ئەوە نی یە ئەو دڵەڕاوکێیە لە ساتێکەوە پەیدا بوە، بەڵکەلە ئاکامی بارودۆخ‌و تێکەڵ بونی ڕاستی‌و ناڕاستی نوێ‌و کۆن دروست دەبێت... هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ سالانی یەکەمی منداڵی، ئەو کاتەی منداڵ یەکەم زانیاری لەبارەی جنسەوە وەردەگرێ... ئەمەش مانای ئەوە نی یە دەرباز بون لە دڵەڕاوکێ زەحمەت‌و مەحاڵ بێ، بەڵکە بە دەستنیشانکردنی هۆیە حەقیقی یەکەی دەکرێ لێی دەرباز بی.

٣٠/ پرسیار: ئایا خواردەمەنی پەیوەندی بە توانای جنسی یەوە هەیە؟

وەڵام: پەیوەندی خواردەمەنی بە پێکهاتەی جەستەی مرۆڤ، پەیوەندی یەکی لێك نزیکی تەواویان هەیە، تەنها بە تەماشاکردنی جەستەی هەر پیاوێك، پزیشك دەتوانێ بزانێ توانای جنسی ئەم پیاوە چەندە، بەتایبەتی ئەگەر شێوازی نان خواردنەکەی بزانێ.

جا پیاو دەتوانێ گۆڕانێکی زۆر بەسەر توانا جنسی یەکەی بهێنێ، ئەویش بە گۆڕینی چۆنیەتی شێوازی نان خواردنەکەی، لێرەدا مەبەست ئەوە نی یە، کە کەمێکی تری خواردەمەنی توانای زیاتر دەکات، بەڵکو مەبەست لەمە ئامادەکردنی جۆرە خواردنێکی دیاریکراوەو بە ئارەزویەکی تایبەتی یەوە بیخوات، لەو نان خواردنانەش گەر خۆراکی ڕۆنیو نیشاستەیی لەگەڵ بێ، بێگومان کاریگەری یەکی جەوهەری دەکاتە سەر جەستەی پیاو...

٣١/ پرسیار: ئایا پیاوان لە توانای جنسی یەکسانن؟

وەڵام: پیاوان هەموی لە توانای جنسی دا یەکسان نین، پیاوانی جنسی سەرکەوتو ئەوانەن، کە تەندروستی یەکی باشیان هەیەو، دەتوانن تەحەکوم بە غەریزەکانیان بکەن، دەتوانن بە دەم وەڵام دانەوەی جنسەکەی ترەوە بێن، زۆر تەمبەڵ نین، یان چالاکی یان بە پلەی زیاد لە پێویست نی یە. ئەو پیاوەی لە ئارەزوە جنسی یەکانی خێزانەکەی تێ دەگات، ئەو پیاوەی کە ماوەیەکی درێژ دەدات بۆ گەیشتن بە خۆشی وەرگرتن، ئەو پیاوە لە ژیانی هاوسەرێتی سەرکەوتوە.

بەڵام بە ئارەزوی خودی خۆ جۆرەها خواردن بخورێ، کاریگەری یەکی

گەورەی لە باش کردنی حاڵەتی تەندروستیو جەستەیی ئەو کەسە هەیە، جا زیانی زۆر، لە زۆر قەڵەویو زۆر لاوازیدا دەبینرێت.

٣٢/ پرسیار: چۆن پیاو (مێرد) دەتوانێ تا کۆتا تەمەنی توانا جنسی یەکەی بمێنێتەوەو پارێزگاری بکات ؟

وەڵام: بۆ ئەوەی مرۆڤ تا کۆتا تەمەنی، پارێزگاری بە هێزە جنسی یەکەیەوە بکاتو جنسەکەی بگەڕێتەوە تێکڕای ئاسایی یەکەی، ئامۆژگاری دەکەین بە دەست گرتنو میانەڕەوی کردن لە جوتبوندا، کە لە هەفتەیەکدا، دو جار، یان سێ جار ئەنجام بدرێو، لە ڕۆژێك دا لە یەك جار زیاتر نەبێت، ئەمەش دوای ئەوەیە، کە پیاو لە ڕوی نەفسیو مەعنەوی جنسی، خێزانەکەی ئامادە دەکات بە دەستبازیو گەمەو یاری کردن، تاکو بگاتە لوتکەی چێژی جنسی، جا بەمە پیاو بە باشترین شێوە بە ئەرکە جنسی یەکەی خۆی هەستاوە، کە دەبێ ئەمە لە مانگی هەنگوین پیادە بکرێ، دوای ئەمە لە هەفتەیەکدا دو جار ئەنجام بدرێ، ئینجا یەك جار لە هەفتەیەکدا گەر کرا، بەتایبەتی دوای تەمەنی چل یان پەنجا ساڵی.

٣٣/ پرسیار: ئایا ڕاستە ئامێری قەبارە گەورەی پیاو ئافرەت تێر تر دەکات؟

وەڵام: لە چیرۆکە جنسی یەکان، کە بە نهێنی دەفرۆشرێ، لەو چیرۆکە دەگمەنانەی، کە کۆمەڵێك خەڵکی سادە باوەڕی پێدەکەن... گوایە ئافرەت حەز بە پیاوی ئامێر گەورە دەکات، چونکە مسۆگەری گەیشتنە ئەوپەڕی چێژ وەرگرتنە لە کاتی جوتبوندا... ئەو ڕاستی یەی کە پشکنینی زانستی دۆزی یەوەو ئاشکرای کرد ئەوەیە، قەبارەی ئەندامی

زاوزێو دەوروبەرەکەی... بەبێ بەکارهێنانی ئامێری نێرینە، بە دەست بازیو یاری کردن دەگاتە خۆشی.. زۆر لەو چیرۆکانە بە درێژی باسی درێژیو توندی ئامێری نێرینە دەکات، لە ڕاستیدا هیچ وجودی نی یە.

بە زۆری درێژی ئامێری نێرینە لە نێوان ١٣-١٨ سەنتیمەتر دایە، بەڵام ئەو حاڵەتانەی، کە زیاترن، یان کەمترن، ئەوەیان شازەو زۆر دەگمەنە. بە هەمان شێوەش لە گوڵێنك (مهبل)ی مێیینەدا. بەڵام دەڵێن گوڵێنك جگە لە کونی دەرەوەی، هیچ شوێنێکی تری بەشداری لە کردەی چێژ وەرگرتن ناکات، لەبەر ئەوە لەوکاتەدا درێژی ئامێری نێرینە هیچ نرخێکی نی یە، بۆیە پێویست بە دڵەڕاوکێو ناکۆکیو ترسان لە بچوکی یەکەی ناکات!

٣٤/ پرسیار: ئایا هۆی تری ساردی جنسی (البرود الجنسي) هەیە ؟

وەڵام: لە هۆیە گرنگەکانی ساردی جنسی، توندو تیژیو هەڵەشەیی پیاوە، کە زۆر جار دەبێتە مایەی ساردی جنسی ئافرەتەکە، چونکە ئافرت پێویستی بە ماوەیەکی درێژخایەن هەیە بۆ وروژاندن، تاکو بە تەواوی جنسی ئامادە دەبێ.

جا گەر پیاو ئەم ڕاستی یەی نەزانی، یان بە هۆی پەلەکردنەکەیو گەیشتن بە چێژو خۆشی، خۆی لێ گێل کرد، ئەو کاتە ئاکامەکەی ئەوە دەبێ، کە ئافرەتەکە هەرگیز ئامادە نەبێ بۆ جوتبون، بەڵکە لەمەش زیاتر لەو جوتبونە دەترسێ، بۆیە جنسی وەك سەهۆڵ سارد دەبێ.

٣٥/ پرسیـار: ئـایا هۆی تری ساردی جنسـی هەیە؟

وەڵام: لەو هۆیە گرنگانەی لەم ڕۆژانەدا بڵاووباوە بۆ ساردی جنسی، ترسان لە سك پڕی یە. چونکە ئازاری سك پڕیو لە دایـك بـون زۆر تونـدە، بـە پلەیەك شـوێنەوارێکی کاریگـەر لـە دەرونـی ژن دروسـت دەکـات، جـا ئاکامەکەی وازهێنانی دەبێ لە هەمو شتێك، کە پەیوەندی بە پەیوەنـدی یە جنسی یەکانەوە هەبێت.

٣٦/ پرسیار: پیاوێك دەناسـم خێزانەکەی لـە چێژ وەرگرتنەکەی، بەشداری لەگەڵ ناکات هۆیەکەی چی یـە ؟

وەڵام: ڕەنگە ژنەکە بە هۆی فەرامۆشکردنی مێردەکەی بـۆ ئـەوو، خراپـی هەڵسو کـەوتو مامەڵـە لەگەڵیـدا دەرونـی ئاسـودە نـەبێت، جـا لـەم حاڵەتەدا بەشداری لەگەڵ ناکات. پێویستە لەسەر پیاوەکە هەڵسوکەوتی باش بکاتو خێزانەکەی بەختەوەرو ئاسـودە بکـات، چـونکە دڵشـادیو دڵخۆشی دەستەبەر دەکات، کێشەی جنسیش میکانیکی نی یە، وەك زۆر جار لەلای پیاو ئاواهی یە! سۆزو عـاتیفە یەکەم جارە، دواتریش جنس!...

٣٧/ پرسـیار: ئەگـەر ژن مێردەکـەی خۆشـدەویسـت، مێردەکەشـی چـەند سـیفەتێکی تێـدا بـێ لەگـەڵ میـزاج و ئامانجـی ئـەو لـە ژیاندا یەك نەگرێتەوە، ئەم ئـافرەتە چ بکات ؟

وەڵام: لێرەدا کارامەیی ئەو ژنە لە چارەسەرکردنی هەڵوێستو ئارامگرتنی لەسـەر ئـەو چارەسـەرە بەدەردەکـەوێ، لەمـەدا هـەر دەبـێ سـەرکەوتن بەدەست بێنێ، بە تایبەتی گـەر متمانـەو خۆشەویسـتی مێردەکـەی بـە دەست هێنابو، چونکە خۆشەویستی، خۆشەویستی لـێ پەیدا دەبێت، کە

باشترین ڕێگای چاکسازی یە.

ئافرەت بە خەندە جوانەکەی دەتوانێ کار لە دەرونی مرۆڤ بکات، ئەم خەندەیە شتی زۆر دەکاتو، زۆر شت دەستە بەر دەکات.

بەختیاریی ژنو مێرد تەنها بە دەستی پیاو نییە، بەڵکە بە دەستی پیاوو ژنە. چەندەها ئافرەت دەناسم توانیویانە بە خۆشەویستیو دانایيو حیکمەتەوە، چاکسازی مێردەکانیان بکەن.

٣٨/ پرسیار: ئایا ڕاستە کەشکەك (الهریسة) جنس بەهێز دەکات، وەك لەو فەرمودەیە هاتوە: ((شكوت الى أخي جبريل ضعفي في الجماع، فوصف لي الهريسة، فإن فيها قوة أربعين رجلاً))؟ **واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: بە جوبرائیلی برام گوت کە لە جوتبوندا گزو بێهێزم، ئەویش پێی گوتم کەشکەك بخۆ، چونکە هێزی چل پیاوی تێدایە.**

وەڵام: ئەم فەرمودەیە بە درۆ بە زمانی پێغەمبەرﷺ گوتراوە، ئەم بە ناو حەدیسە، کابرایەکی کەشکەك فرۆش هەڵی بەستوە بۆ ڕەواجدان بە هەریسەکەی.

هەروەها ئەوەی ئەم حەدیسە پوچەڵ دەکاتەوە ئەوەیە، پێغەمبەر ﷺ هێزێکی جنسی هەبو، نمونەی نەبوە، لە صحیحدا هاتوە: زۆر جار لە یەك شەودا دەچوە لای هەمو خێزانەکانی!

٣٩/ پرسیار: ئایا ئاوی پیاو سودی بۆ ئافرەت هەیە؟

وەڵام: دکتۆر محمد زکی الشافعی لە کتێبەکەی (الأزمات الزوجية و علاجها) وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوەو گوتویەتی: ((با پیاو بزانێ

جەستەی ئافرەت ڕژێنەکانی ئەو دەمژێو سودی لێ وەردەگرێ، وای لێ دەکات هەست بە بەختیاریو خۆشی بکاتو، چالاکی زیاد بکات، لەبەر ئەوە پێویستە ئافرەت زۆر حەلەقەی منداڵ نەبون بەکار نەهێنێ)).

٤٠/ پرسیار: ئایا بەکارهێنانی پەردەی بەرگری بۆ منداڵ نەبون زیانی هەیە؟

وەڵام: هەندێ ژنو مێرد ئەو پەردەیە بەکاردەهێنن بۆ منداڵ نەبون، کە ناهێڵێ لە کاتی جوتبوندا گیانداری تۆواوی (حیوانات منویة) بگاتە ملی منداڵ دان، ئەم ڕێگایە زیانی هەیە، ئەگەر لە پەردە بەرگری یەکەدا کونی بچوك هەبێت، کە بە چاو نابینرێت، ئەوا سك پڕی ڕو دەدات، هەروەها ئەو پەردەیە هەستیاری پێستی سەری ئامێری پیاو کەم دەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی کەمێك دوا کەوتن لە فیچقەکردنی تۆو، ئەویش دەبێتە مایەی حاڵەتێکی تێر نەبونی تەواوی جنسی پیاوەکە، هەروەها ژنەکەش، ئەوەش لە زۆر حاڵەت دا کەمێ لە دڵەڕاوکێو شلەژانی دەرونی لێ دروست دەبێت.

٤١/ پرسیار: ئایا لە کاتی جوتبوندا مەنی هاتنەوە لە دەرەوەی گوڵێنك (مهبل)دا، زیانی هەیە ؟

وەڵام: ڕێگایەکی تری منداڵ نەبون هەیە، ئەویش مەنی هاتنەوەیە لە دەرەوەی گوڵێنك، کە چەندەها زیانی بۆ ژنو مێرد هەیە، ئەویش ئەوەیە:
بە هۆی ئەمەوە پیاو تێربونی جنسی یەکەی کامڵ نابێ، گەر هەڵەی کردو نەیتوانی مەنی یەکە بێنێتە دەرەوە، با لەسەر شێوەی دڵۆپی کەم بێت، دەبێتە هۆی منداڵ بون. هەروەها ئەم ڕێگەیە دەبێتە مایەی تێزانی کۆئەندامی زاوزێی پیاوو نیشانەی دڵەڕاوکێو شلەژانی دەرونی

لـێ دەکەوێتەوە، وێڕای تێر نـەبونی ئـارەزوی ژنەکـە، ئەمـەش دەبێتـە مایەی تێزانی کۆئەنـدامی زاوزێی مێیینـەو ئـازاری پشـتو ئـارەزوی جوت نەبونو شڵەژانی دەرونی، کە جیاوازیو ناکۆکی یەکانی بـەردەوامی ژنو مێرد دەروژێنێو ژیانیان جێگیر ناکات.

٤٢/ پرسیار: جیـاوازی نێـوان دەسـت بـازی (مداعبـة)و لاواندنـەوە (مغـازلة) چی یە؟

وەڵام: جیاوازی یەکی زۆر هەیە، نابێ پیاو تەنها دەستبازی بکاتو واز لـە موغازەلە کردن بێنـێ! دەربـڕینی ئـەم موغازەلەیـەش بـە پیاهەڵـدانو ئیعجاب بون بە جوانی خێزانەکەیو ڕوخۆشیو ڕازاوەیی یەکەی دێتە دی.

ئەم دەربڕینـەش سـودی بـۆ ئـافرەت هەیـە، تەنانـەت دوای کۆتـایی هاتنیش نابێ بخەوێ. کەواتە نەکەن بێدەنگ بن، گەر دانایان گوتویانـە: (الصمت حكم و قليل فاعله)، ئەمە بۆ سەرەتاو کاتی جوتبون نی یە.

باڵندەش بۆ ئێمە جێی وانە یان چەند وانەن، کە بـەر لـە جوتبـون لـە دەورەی باڵندەکەی دەسوڕێتەوەو گۆرانی زۆری بۆ دەڵـێ.

٤٣/ پرسـیار: ئایـا دەكـرێ نمونەیـەك لـە لاواندنـەوەی نێـوان ژنو مێردمـان بـۆ بـاس بکـەی، چونکە زۆر لـە پیـاوان عاتیفـەیـان وشـکە... ؟

وەڵام: باسکردنی ئەمە زەحمەتە، دەربڕینو پیاهەڵدانو لاواندنەوە نهێنی یە، هـەر کەسـەو جـۆرە شـێوازو لێهاتوییـەکی خـۆی هەیـە بـە گـوێرەی خێزانەکەی.

بەم بۆنەیەوە دەڵێم باش وایە ئەو پیاهەڵدانو دەربڕینـە لـە نێـوان ژنو مێرد دا ببێت، نـەك تـەنها لـە لای یـەکێکیان، ئامۆژگـاری ژن دەکـەم

لێهاتو بێتو وا لـە مێردەکـەی بگەیـەنێت کـە بـەهێزە... پاڵەوانـە...
کەواتە ئاگاداربە ئاگادار! نەکەی گەر بە گاڵتەش بێ پێی بڵێی بێهێزو کەنەفتو دەستەوەستان، چونکە لە ڕێی ئاگا لـێ نەبونو عەقڵی ناوەوە بە خێرایی، بەمە کاری تێ دەکرێ، بە تایبەتی گەر ویستی بێهێز بێتو بە خێرایی کارتێکردنی دەرەکی کاری تـێ بکـات، ئەمـەش زۆرجـار لـە شەوانی یەکەمی زاوایەتی ڕو دەدات، زۆربەی ئەوانەی لەمبارەوە هەرەس دێنن‌و سەرناکەون، لـە ئاکـامی ئـەو قسـەیەی هاوڕێیـانی مێـرد یـان کەس‌وکاری یەوە ڕو دەدات، کە بۆ خۆی وا هەست دەکات.

هەروەها بەم بۆنەیەوە ئاماژە بـۆ ئـەوە دەکـەم، زۆربـەی ڕوداوەکـانی کەنەفتی جنسی (العجز الجنسي) هۆیەکەی دەرونی یە، کەواتە وریـا بـن! وریا.

جا ئەی پیـاو (مێـرد)! خـوای گـەورە هێـزی پـێ بەخشـیوی، تـۆش متمانەکی زۆرت بە خۆ هەبێت، داوای بەردەوام بون لەسەر لەش ساغیو هێزو توانا لەخوا بکە..

٤٤/ پرسـیار: پێشـەکی یەکانی لابردنی پەردەی کچێنـی چی‌یە؟

وەڵام: بەرلە لابردنی پەردەی کچێنی، دەربڕینو پیاهەڵدانو قسەی خـۆشو دەستبازیو یاریکردنی درێژخایەن شتێکی پێویسـتەو هـەر دەبـێ ببـێ، لەبەر ئەوەی گلاندەکان (الغدد) لە ئاکامی ئەمـەدا شـلەیەك دەڕژێـنو شوێنە هەستیارەکان ڕەپ دەبنو دەوروژێن، ئەوکاتەش ئامێری نێرینە بە ئاسانی دەچێتە گوڵینك (مهبـل)، دوای ئـەوەی کـە تـەڕ دەبـێو نـەرم دەبێتەوە.

٤٥/ پرسیار: شێوازەکانی لابردنی پەردەی کچێنی چین ؟

وەلآم: چەند شێوازێك هەیە کە ئەمانەن:

یەکەم: ئافرەتەکە لەسەر پشت پاڵ کەوێو هەردو ڕانی بکاتەوەو کۆی بکاتەوە بەلای شانی‌دا لاری بکاتەوە، جا بەمە هەردو شەفرە بچوکەکە دەکرێنەوەو بە ئاسانی چوك دەچێتە ژورەوە. ئەم شێوازە شێوازی نوێیە.

دوەم: پیاو لەسەر پشت پاڵ بکەوێو، ئافرەتەکەش بێتە سەر چوکی پیاوەکە، بە هێواشیو هێمنی، تا دەگاتە ئەو حەرەکاتەی، کە ڕێی پێ‌دەدرێ، جا چوك زۆر بە وردیو هێمنی دەچێتە ناوەوە.

ئەم شێوازە یەکەمجار مرۆڤ بەکاریان دەهێنا، وەك لە نوسینو وێنەکانی کۆن دەرکەوتوە. ئەم جۆرە سودی بۆ هەندێ پیاوی ماندو هەیە.[1][2]..

٤٦/ پرسیار: هۆی دورکەوتنەوەی هەندێ پیاو لە خێزانەکانیانو نزیك نەبونەوە لێیان چی یە؟ هەرچەندە خێزانەکانیشیان جوانن ؟

وەلآم: ڕەنگە هۆیەکەی لەمەدا (قێز) بێ، کە بە زۆری لە ئاکامی پیسیو بۆن ناخۆشی‌یەوە دروست دەبێت، هەندێ ئافرەت عەیبێك لە کۆئەندامی زاوزێی هەیە، پێویستە لەسەر ژن نەهێڵێ مێردەکەی هەمو بەشەکانی کۆئەندامی زاوزێی ببینێ، چونکە هەندێ پیاو تەنها بە تەماشاکردنی

---

١) (لە کتێبی حیاتنا الجنسیة بە دەستکاریەوە وەرگیراوە).

٢) ئەم زانیاری یە گرنگانە کوڕی مسوڵمانو کچی مسوڵمان لە کوێ دەستیان دەکەوێ، گەر دایكو باوکیان نەوێرن باسی ئەم بابەتەیان بۆ بکەن، کە دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنو هەرەس، یان سڵ کردنەوە یان دەست درێژی کردنە سەر خەڵکی.... جا ئایا لەسەر ئەم ڕاشکاوی یەمان گازاندە دەکرێین؟!

قێزی دەبێتەوە، بەتایبەتی گەر گرنگی بە پاكو خاوێنی نەدات، یان بۆنێكی ناخۆشی لێ بێت.. یەكێك بینی وا مەرێك گۆشتەكەی دادەماڵن، جا بە بینینی ئەمە بە درێژایی تەمەنی گۆشتی لەبەرچاو كەوت!!

هەندێ ئافرەت لە كاتی جوتبوندا ئاوێكی سپی لێ دێتە دەرەوە، جا پێویستە لەسەریان هەردەم پاكی بكەنەوەو بیسڕنەوە، گەر زۆر بەردەوام بو پێویستە لەسەریان بچنە لای پزیشكی پسپۆڕ، بۆ ئەوەی تەندروستیو مێردەكەی لە دەست نەدات.

ئەوەی لەسەر ئافرەت پێویستە - هەروەها لەسەر پیاویش- پارێزگاری سینگو بەرۆكی بكاتو قژی شانە بكات، خاوێنی رابگرێو بە بەردەوامی بۆنی جیاجیا بەكاربهێنێ، بە تایبەتی لە كاتەكانی جوتبوندا، هیچ كامێكیان شوێنێكی جەستەیان بۆ یەكتری دەرنەخەن، كە حەزی پێ نەكەن!

لەسەر ژن پێویستە -هەروەها پیاویش- لە سروشت شت فێر بێ، ئێمە دەبینین، كە باڵندە لە كاتی ئارەزو هەستانیدا خۆی بە پەڕی جوان دەڕازێنێتەوە، هەروەها ماسیو گیاندارەكان لە وەرزی بەهاردا، كە كاتی بەرهەم هێنانی یەتی، پەڕەكانی بە پەڕی نوێ دەگۆڕێ، تەنانەت ڕوەكیش لە وەرزی موتربەكردندا دەگەشێتەوە، لە بەهاردا دەگوترێ سروشت لە بوكێنی دایە!

نابێ ئافرەت بە زانستەكەی لەخۆیایی ببێ -بە تایبەتی زانستی وشكی قوتابخانەو دور لە ژیان-، هیچ شتێك جێی ڕازاوەییو جوان كردن ناگرێتەوە، بە مەرجێ لە سنوری خۆی دەرنەچێو، زۆر تەكلیف نەكاتو، دور بێ لە جلو بەرگی بێگانە.

پێویستە جوانی ئافرەت، منداڵو كەلو پەلی ماڵەوەش بگرێتەوە،

پێویستە ماڵ وەك بوك بێت لە جوانیو ڕێكو پێكی دا، لەگەڵ ئەوەش حەزەر بكرێ لە زیادەڕۆیی، كە هەڕەشەی مایەپوچیو نەگبەتی لە خێزان دەكات.

جا هێنانەوەی چەپكەگوڵو هەندێ لە دیمەنی سروشتی، وەك دەریاو تاڤگەو دارستانو بێستانو غەیری ئەمانە بۆ ماڵ، سیحریو جوانی بەسەر خانودا دێنێ، دەبێتە بەهەشتی پیاو، كە تەندروستیو بەختەوەریو لەسەرخۆیی لە هەمو ئەندامانی خێزان ڕەنگ دەداتەوە. لە سودەكانی ئەمە ئەوەیە، كە پیاو ماڵەكەی خۆی خۆشدەوێت، ڕاناكات بۆ چایخانەكان (یانەكانی شەیتان)، وەك لە وتارێكدا چەند ساڵێك پێش ئێستا بڵاوم كردبۆوە.

ئەوەی لەمەڕ ژن گوتم، بە پیاویشی دەڵێم، فەرامۆش كردنی جەستەو لەشی، هەروا خۆ جوان نەكردنی دەبێتە مایەی قێزبونەوەی خێزانەكەی، صەحابی بەڕێز عبداللەی كوڕی عەبباس گوتویەتی: (حەز دەكەم خۆم بۆ خێزانەكەم جوان بكەم، وەك چۆن حەزم لێیە خۆی بۆم جوان بكات).

جا كۆتایی ئەم باسە گرنگە بە چەند فەرمودەیەكی (صحیح)ی پێغەمبەر ﷺ دێنین:

جابر دەڵێ: ((أتانا رسول الله ﷺ زائراً، فرأى رجلاً شعثاً، قد تفرق شعره، فقال: أو ما كان يجد هذا ما يغسل به ثوبه؟!))، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بە میوانی هاتە لامان، پیاوێكی بینی چڵكنو قژ ئاڵۆزو درێژو ناشیرین بو، فەرموی: ئەوە كەسێك نیە جلی بۆ بشوات؟!

(ابو الاحوص) لە باوكیەوە گێڕاویەتیەوە، كە گوتویەتی: ((أتيت رسول الله ﷺ وعليّ ثياب دون، فقال: ألك مال؟ قلت: نعم، من كل المال،

قد أعطاني الله من الأبل والبقر والغنم.. قال: فإذا أتاك الله مالاً، فلير أثر نعمة الله عليك وكرامته))، واته: چومە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و جلێکی شڕم لەبەردابو، فەرموی: ماڵو سامانت هەیە؟ گوتم: بەڵێ، هەمو ماڵێکم هەیە، خوا حوشترو مانگاو مەڕو ماڵاتی پێداوم..

فەرموی: خوای گەورە کە ماڵی پێداوی، با شوێنەواری نیعمەتو ڕێزی خوا بەسەرتەوە ببینرێ.

ئەبوهورەیرە گوتویەتی: قال رسول الله ﷺ: ((الفطرة خمس: الختان والأستحداء، (حلق العانة) وقص الشارب، وتقليم الأظافر ونتف الأبط)).

(أم هانيء) گوتویەتی: ((قدم رسول الله ﷺ علينا بمكة قدمة. وله أربع ضفائر (الضفيدة).))، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککە هاتە لامان، چوار کەزی هەبو.

(عطاء کوڕی یسار) گوتویەتی: ((كان رسول الله ﷺ في المسجد، فدخل رجل ثائر الرأس واللحية، فأشار إليه رسول الله ﷺ بيده، كأنه يأمره بإصلاح شعره ولحيته، ففعل، ثم رجع فقال رسول الله ﷺ: أليس هذا خيراً من أن ياتي أحدكم وهو ثائر الرأس كأنه شيطان!))، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە مزگەوت بو، پیاوێك هات، قژو ریشی ئاڵۆزاوی‌و نارێك بو، پێغەمبەریش بە دەستی خۆی ئاماژەی ئەوەی کرد، کە قژو ریشی چاك بکات، ئەویش قژو ریشی ڕێك وپێك کرد، جا کە گەڕایەوە خزمەت پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: ئەدی ئەوها باشتر نیە لەوەی یەکێك لەئێوە قژی ئاڵۆزاوی بێ وەك بڵێی شەیتانە!

(ابن المسيب) گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بو دەیفەرمو: ((إن الله طيب يحب الطيب، نظيف يحب النظافة، كريم يحب الكرم، جواد يحب الجود، فنظفوا أفنيتكم، ولا تشبهوا باليهود)) وفي رواية: ((ان الله جميل يحب الجمال))، واتە: خوا پاکەو پاکی خۆش دەوێ، خاوەن رێزەو رێزی خۆش دەوێ، سەخیەو سەخی خۆش دەوێ، کەواتە پێش دەمی خۆتان پاك بکەنەوەو، خۆتان بە جولەکە مەچوێنن ..

—لە گێڕانەوەیەکی تردا-: خوا جوانەو جوانی خۆشدەوێ.

٤٧/ پرسیار: بۆچی پیاو دوچاری کەنەفتی جنسی (العجز الجنسي) یان ئامێر نەرمی دەبێ ؟

وەڵام: کەنەفتی جنسی، یان نەرمی ئامێر لە لای پیاو، لە ئاکامی هۆکاری ئەندامی یان نەخۆشی یەکەوە دروست دەبێت، کە کار دەکاتە سەر میکانیکیەکەی ڕەپ بون، وەك هۆکاری دەرونی، کە ترسان لە سەرنەکەوتن و هەرەس (فشل)، یان کەم و کورتی ئارەزوی جنسی، یان نەبونی ئارەزوی جنسی دەگرێتەوە، یان ترسان لە ئاکامی مەترسی یەك، یان هەستکردن بە تاوان، یان شڵەژانی لە خۆ ئامادەکردن لە ئامادەبون، وەك هەندێ کەس کە ئارەزوی جنسی یان لەلا دروست نابێت، مەگەر بە تەماشاکردنی چەند دیمەنێك نەبێت، کە کاری وەحشیەت گەری، یان ئازاردانی خەڵکی تری تێدا بێت، یان توندو تیژی، یان لێدانی لایەنێکی تر، لە حاڵەتەکانی سادیزم[1] و

---

١) سادیزم (سادية) بریتیە لە چێژ وەرگرتن لە ئەنجامی توندوتیژی و ئازاردانی خەڵك.

ماسۆشیزم[1]، کە ئەمەش بە نەخۆش دادەنرێت.

وا دەبێ ئامێر نەرمی لە یەکەم جوتبونەوە، یان یەکەم شەوی زاوایی دروست دەبێت، یان لە کاتی هەست کردن بە بچوکی ئامێریی‌یەوە، یان هەبونی هەر چ شێوانێك، یان نەخۆشی یەك لە کۆئەندامی زاوزێدا

وشەی (سادیة) دەگەڕێتەوە بۆ نوسەری فەرەنسی (المركيز دي ساد)، کە لە نێوان سالآنی (١٧٤٠-١٨١٤) ژیاوە، دەڵێن خۆی دوچاری ئەم جۆرە نەخۆشیە دەرونیە بووە، کە ئافرەتی دەهێنا بەڕوتی لێی دەدا.

سادیزم زۆرجار بە جنسەوە پەیوەستە، دەتوانین بڵێین حاڵەتەکانی دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەت، نمونەیەکی سادیەت بێت، چونکە بە زەبرو زۆر جنسەکە ئەنجام دەدرێ.

سادیەت دو جۆری هەیە:

١/ سادیەی ڕواڵەتی درۆ: ئەوەش ئەو پیاوانە دەگرێتەوە، کە وادەزانن بە بەدیارخستنی هێزی ماسولکەییان، ئافرەت زیاتر جنسی دەوروژێ.. جا سادیەتی ئەوانە، تەنها چەند جوڵەیەکی نمایش کردنە بۆ ئەوەی بزانرێ بەهێزن.

٢/ سادیەی ڕاستەقینە: ئەوە کاتێ بەدەردەکەوێ، کاتێ پیاو هێزو توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بەکاردێنێ، تا ئافرەتەکە ئازار بچێژێ، بەمەش چێژی لێ وەردەگرێ.. هەندێ پیاو هەیە لە شەوی زاوایی، کاتێ پەردەی کچێنی ئافرەتەکە ناهێڵێ و ئافرەتەکە توشی بەربونی خوێن دەبێ، چێژی لە ڕادەبەدەر وەردەگرێ و، وا هەست دەکات بە هەمو واتاکانی پیاوەتی، پیاوە.

١) ماسۆشیزم (ماسۆشیەت) دەگەڕێتەوە بۆ نوسەری نەمساوی (لیوبولد دەشیرو ماسۆشی) ١٨٣٦-١٨٩٠، گشت چیرۆکەکانی باس لە بابەتە جنسیە شازەکان دەکات، کەوا پاڵەوانی چیرۆکەکانی، کاتێ ئەو ئافرەتانەی دڵدارو ئەوینیانن لێیان دەدەن، ئەوان هەست بە چێژی زۆر دەکەن.. ئا لێرەدا ماسۆشیەکان ناگەنە چێژو خۆشی، هەتا کاری توندوتیژیو ئازاردانی، لەلایەن ئافرەتەوە بەکارنەهێنرێ. جا دەکرێ بڵێین: ماسۆشیەت، بریتیە لە چێژ وەرگرتن بە ئازاردانی دەرون، بابای ئازاردراو حەز بەوە دەکات زەبونو ملکەچو ژێردەستی کەسانی تر بێت.

(الإنحرافات الجنسية عن الرجل والمرأة- جمال مصطفى مردان) (وەرگێڕ)

دروست دەبێت، یان لە ئاکامی ترسان لە لادانی پەردەی کچێنی، یان قسەی هاوڕێو خزمان دروست دەبێت.

وا دەبێ ئامێر نەرمی بە هۆی ترسان لە شوێنەواری دەست پەڕ (العادة السرية)، یان ترسان لە ئازاردانی لایەنی تر، یان ترسان لە دروست بونی سك پڕی، یان هەست کردن بەوەی ئەو کەسە تاوانێك ئەنجام دەدات، یان ترسان لە دوچار بون بە نەخۆشیەکانی زاوزێ وەك سەیلانو زوهری، یان ترسان لە نەمانی شلەی تۆواوی، دروست دەبێت.

وا دەبێ نەرمی ئامێرلەوەوە دروست ببێت، گەر مرۆڤ ماوەیەکی درێژ لە جوتبون دورکەوێتەوە، لە ژینگەیەکی دور لە ژیانی جنسیو کارتێکردنەکانی‌یەوە بێت، وەك سەفەری درێژخایەن. یان وادەبێ نەرمی ئامێر، هۆیەکەی درێژەدان بە ماوەی دەست گیرانی‌یەوە بێت، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی تێزان (الأحتقان)ی گلاندی پرۆستاتو پێکهاتەکانی تۆواویو زۆر ئیحتیلام بون، لەگەڵ ئازاری جوتە هێلکەی گون.

وا دەبێ نەرمی ئامێر لە زۆر بەردەوامی دەست پەڕ، یان جوتبونی ناسروشتی یەوە دەبێت.

وا دەبێ ئامێر نەرمی هۆیەکەی ژنە، ئەمەش بە هۆی هەڵسوکەوتیو چۆنیەتی ڕەفتاری لەگەڵ مێردەکەی دەبێت، چونکە هەندێك پیاو زۆر هەستیارن.

وا دەبێ ئامێر نەرمی بەهۆی بەهێزی کەسایەتی ژنەوە دەبێت، ئەمەش لە کاتی سەردانی هەندێ نەخۆش بەدی دەکرێت، کە خێزانەکانیان دەبەنە لای پزیشك.

وا دەبێ ئامێر نەرمی هۆیەکەی جنس ساردی هەندێك ئافرەتو،

گرژبــونی گولێنــك (مهبــل)و، ڕێ نــەدان بــە کردنــەوەو خاوبونــەوەی گولێنکە، لە کاتی چونە ناوەوەی ئامێری نێرینەدا.

هەندێ جار هۆیەکانی ئامێر نەرمی، یان ڕەپ نـەبون پێکهاتــەیی یـە، وەك پێکنەهاتنی ئەندامی زاوزێ، یان لە پێکهاتەکەیدا شێواوی تێدایە، یان دوچاری نەخۆشی ئەندامی دەبێت وەك ئاوسـان، یـان فـەوتانێك کـە دەبێتە چەمینەوەی بەلای ڕاست، یان چەپ، یان خوارەوەدا، ئـەوەش بـە زۆری لە کاتی دوچار بون بە نەخۆشی شەکرەوە دروست دەبێت.

وا دەبێ ئامێر نەرمی لە ئاکامی کەم‌و کورتی ئـەرکی، یـان ئەنـدامی جوتە هێلکەکانی گون بێت، کەم‌و کورتی لە هۆرمۆناتی نێرینەوە پەیـدا دەبێت، کە بە بناغەی کـردەی ڕەپ بـون‌و پێکهـاتنی ئەنـدامی زاوزێ‌و کۆئەنـدامی زاوزێی ناسـەرەکی(ثـانوي) وەك پرۆسـتات‌و پێکهاتـەکانی تۆواوی، هەروەها بە هۆی ئەو کەم‌و کورتی یەی، کە لە لای بەتەمەنەکان هەیە، ئامێر دوچاری تێزان دەبێ.

وا دەبێ ئامێر نەرمی لە ئاکامی چەند نەخۆشیەکی دەمـاری، لـە نـاو نێوەندی ڕەپ بون لە مۆخ، یان مەغزی دڕکی، یـان پەتـەدەماری یـەکان دروست دەبێ، کە کاردەکاتە سـەر ڕەپ بـون، وەك لـە نەخۆشـی یـەکانی شـەکرە ڕو دەدات، هـەر چ نەخۆشـی یـەکی بڕبـڕەی پشـت هـەبێ، چ پێکهاتەیی بێ، یان نەخۆشی بێ، کار دەکاتە سەر ڕەپ بون.

٤٨/ پرسیار: گرنگتـرین هۆیەکـانی ئامێـر نەرمی چی یە؟

وەڵام: باری تەندروستی گشتی، کار دەکاتـە سـەر ڕەپ بـون، وەك کـەمی خـۆراك‌و ڤیتـامین، هـەروا نەخۆشـی شـەکرەو پاڵەپەسـتۆی خـوێن‌و ئەنفلەوەنزاو مەلاریاو نەخۆشی یە کـەڤنارەکان (المزمنـة) وەك: نەخۆشـی

دڵو گورچیلەو جەرگ، کە دەبێتە هۆی کزی ئارەزوی جنسی، هەروەها دەبێتە هۆی ئامێر نەرمی، هەر چ نەخۆشیو شلەژانێك لە گلاندەکانی وەك: گلاندی نێرینە لە گون داو، گلاندی نخامیو گلاندی سەروی هەردو گورچیلەو، گلاندی دەرەقی، هەروەها قەڵەوی، ئارەزوی جنسی کەم دەکاتەوە.

هەروەها وا بەدی دەکرێ جگەرە کێشان لە لای هەندێ نەخۆش دەبێتە مایەی ئامێر نەرمی، هەروەها مادە هۆشکەرەوەکانو تریاكو حەشیشەکانیش، جا ئارەزوی جنسی کز دەبێت، نێوەندی دەمارەکانی بەرپرس لە رەپ بون سڕ دەبێ.

٤٩/ پرسیار: باشترین مێرد کێ یە؟

وەڵام: لە گۆڤاری (الحرفیون) وتارێك لە ژێر سەردێری (أفضل الأزواج — باشترین مێرد)دا هاتوە کە پیاوی ئینگلیزی باشترین مێردە لە ئەوروپا، ئەمەو لێکۆڵینەوەیەك بەم دوایی یە ئەنجام دراو ئاشکرای کرد کە.. دەرکەوتوە مێردی ئینگلیزی بەشداری خێزانەکەی دەکات لە کاروباری ماڵەوەدا.. بۆ نمونە: لە ٨٥%ی پیاو(مێرد)ی ئینگلیزی قاپ بۆ خێزانەکانیان دەشۆن.. کەچی ئەم ڕێژەیە لەنێو پیاوانی تری ئەوروپا تەنها ٥٣% یە.

ئای لەم ڕوانگە کورتەیە لە ناسینی باشترین مێردا!... لەگەڵ ئەمەشدا، پێغەمبەر ﷺ وێڕای مامەڵە باشی بۆ خێزانەکانی، وەك بە درێژی باسمان کرد، سەرەڕای کارە سیاسیو سەربازی یەکانیو کاری تری، هەرگیز یارمەتی دانی خێزانەکانی فەرامۆش نەکردوە.

لە خاتو عائیشە -ڕەزای خوای لێ بێ- پرسیار کرا، سەبارەت بە

کاری پێغه‌مبه‌ر کاتێك ده‌هاته‌ ماڵه‌وه‌، ئه‌ویش له‌ وه‌ڵام دا گوتی: ((يكون في مهنة أهله))[1].. واته‌: له‌ خزمه‌تی خێزانه‌که‌ی ده‌بێت.

هه‌روه‌ها له‌ ڕیوایه‌تێکی تردا له‌ وه‌ڵامی هه‌مان پرسیاری پێشو گوتی: ((كان بشراً من البشر: يحلب شاته، ويخدم نفسه))..[2]، واته‌: مرۆڤێك بو وه‌ك هه‌مو مرۆڤێکی تر (به‌ واتای کاری پێغه‌مبه‌ر ته‌نها له‌ گه‌یاندنی په‌یامی خوا کورت هه‌ڵنه‌هاتبو)، بۆ خۆی مه‌ڕه‌که‌ی ده‌دۆشیێ، خۆی خزمه‌تی خۆی ده‌کرد.

ئه‌م پێغه‌مبه‌ره‌ گه‌وره‌یه‌ ﷺ باسی باشترین پیاو ده‌کات و ده‌فه‌رموێ: ((خيركم خيركم لأهله!! وأنا خيركم لأهلي!))[3]، واته‌: باشترینتان ئه‌و که‌سه‌یه‌، که‌ بۆ ئافره‌تان باش کرده‌وه‌یه‌، منیش له‌ هه‌موانتان بۆ خێزانه‌که‌م باشترم. هه‌روه‌ها فه‌رمویه‌تی: ((خيركم خيركم للنساء!!))[4].

ئه‌م پێغه‌مبه‌ره‌ گه‌وره‌یه‌ ﷺ ڕێسایه‌کی گرنگی قاپ شوشتنی به‌خشیوه‌ به‌ پیاوان (مێرد)و غه‌یری ئه‌وان، ئه‌مه‌ش به‌ نه‌هێشتنه‌وه‌ی هیچ شتێکی خواردن له‌ ناو قاپه‌که‌دا گه‌ر که‌م بێت: ((فكان يلعق الصفحة، بلسانه))[5]، واته‌: پێغه‌مبه‌ری خوا قاپه‌که‌ی به‌ زمانی ده‌لێسی‌یه‌وه‌.

---

١) رواه البخاري .
٢) رواه أحمد وغيره بسند جيد.
٣) رواه الترمذي وغيره وسنده حسن .
٤) رواه الحاكم وسنده صحيح.
٥) رواه مسلم .

ئای لەم رێسا ئابوری یەی سیستمی خۆراکە! کە خواردەمەنی لە فڕێ دان رزگار دەکات. ئای لەم رێسا کردەییەی خێرا پاك کردنەوەی قاپو دەفر لە مادە رۆنی یەکانو هاو وێنەیان.!

زۆر کەس بە هۆی خۆ بەگەورە زانو نەزانیو زیادەڕۆیی کردنی، سەری لەم کردەوەی پێغەمبەر دەسورمێ.

بیرم دێ چەند سالێك لەمەو بەر چوم بۆ تورکیا، منو هەندێك لە بانگبەرانی ئیسلام بانگ کراین بۆ وەلیمەی خێزانێکی تورکی، منیش قاپەکەم بە نان سڕی یەوە بۆ سودو فێربون، جا ئەو بانگبەرە بە سەرسوڕمانەوە قێزی لە کارەکەم بۆوە، ئەمە رێسایەکی ئابوریو سودێکی مالەوەیە.

بێگومان ئەم دو فەرمودەیە پێ ناچێ بە هەندێ خەلك نامۆ بێ، ئەگەر مێژوی جاهیلی یەتی پێش ئیسلامیان دیراسە بکردایەو ڕادەی بە ناشیرین ڕوانینی ئافرەتو کارەکانی مالەوەیانی بزانیایە، کە بەگەورە زانو زەبر بەدەستەوە دەچونەوە مالەوەو دانیان بە هیچ مافێکی خێزانەکانیانو خۆشویستنو سۆزی مندالەکانیان نەدەهێنا.

ئەوەی جێی داخە، ئەوەی دڵ پەژارە دەکات ئەوەیە" لەو دو فەرمودەیەی سیرەی پێغەمبەر ﷺ، کە لە مالەوەی باس دەکات، ئێستاکەش نامۆیە یان ونە، نەك تەنها لە ڕۆژهەلاتی جیاجیادا، بەلکە لە ڕۆژئاواش دا، کە خەلکەکەی لافی رێزگرتنی ئافرەتو سۆزداریان بەسەردا لێ دەدەن، جا ئەم کردەوەی پێغەمبەر ﷺ بەلگەیەکە لە بەلگەکانی بەرزیو گەورەیی، بەلکە لوتکەی شارستانی یەتە.

کردەوەی پێغەمبەر ﷺ لە یارمەتی دانی خێزانەکەی، ئاماژەی چەند

شتێك‌و چاكە (فضائل)ی زۆر دەكات، سەرەڕای ئەوەی پێشو، لەوانە: بەزەیی هاتنەوەی بە خێزانەكەی‌و وانە بەخشینی كردەوەیی بۆ مسولْمانان! پێویستی یاریدەدانی خێزان بە پێی توانا، كە ئەو ئافرەتە بە درێژایی چەند سەعاتێك لە چێشتخانە ڕادەوەستێ، ماڵەوە پاك‌و خاوێن رادەگرێ، بە كاروبارە جیاجیاكان هەڵدەستێ، لە پێشەوەیان پەروەردەكردنی منداڵ كە ئەركێكی پیرۆزەو، هەروەها شەونخونی لەسەریان.

هەمو ئەمانە پەیوەندی نێوان ژن‌و مێرد بەهێز دەكات‌و سۆزداری یەكەی زیاد دەكات، هەروەها وانەیەكی كاریگەرو كردەوەیی یە بۆ منداڵ، لە متمانەكردن لەسەر خۆ و پشتگیری كردنی خەڵكی دا.

٥٠/ پرسیار: ئێمە كۆمەڵە ئافرەتێكین، تەمەنمان لە چل ساڵی تێپەڕی كردوە، یان وەك دەڵێن گەیشتوینەتە تەمەنی نائومێدی (سن اليأس)و عادەمان وەستاوە، هیوای سك پڕی‌و منداڵ بونمان نی یە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە كە ئێمە گەیشتوین بە خاڵی نەگەڕانەوە؟.. كە بتوانین ژیانی خۆش لەگەڵ مێردەكانمان ببەینە سەر، وەك لە پێشان دەمان بردە سەر، ئایا ئەم خۆشی وەرگرتنە تەنها بە دروست بونی عادەو سك پڕی‌و منداڵ بونەوە بەندە؟ یان دەكرێ ئەمە دەستەبەر بكرێ؟!

وەڵام: نازانین كێ ناوی لەو ماوە ژیانەی ئافرەت ناوە تەمەنی نائومێدی، ئەم ناونانە ناونانێكی ستەمانەیە، بەڵكە هەڵەیە، ئافرەت لە دوای ئەم تەمەنەش دەتوانێ ژیانێكی شاد بباتە سەرو سنوری بۆ نی یە.. بەڵام بەمەرجێ گەر ئەو هەمو خەیالآت‌و بیرۆكە نەخۆشانە لە مێشكی

بهێنێتــه دەرەوەو، تارمــایی ملکــەچ بــون بــۆ نائومێــدی لــه ژیانیــدا دەربکات.

سەرەڕای هەمو ئەو گۆڕانکاری‌یانەی بەسەر ژیانیدا دێ، دەتوانێ خۆشی وەربگرێ بە گەیشتنی بە مێردەکەیەوە.. ئەو ئەم خۆشــی وەرگرتنــه بــه هیچ حاڵێك قەدەغە ناکات، هەرگیز نابێته بەربەســت لــه نێــوان خــۆی‌و مێردەکەی.. هیچ بەربەستێك لــه نێــوان هەردوکیانــدا نــی‌یــه لــه دورو نزیکەوەدا، ئافرەت بۆ خۆی ئەم بەربەســتە دروســت دەکات، وا دەزانــێ ئەرکی تەنها بریتی‌یە لە سك پڕی‌و منداڵ بون!! پاشان هیچ ڕۆڵێکی نــی یە. هەمو شتێك بە لایەوە کۆتایی هاتوە. جا حوکمی لەناوچــون لەســەر خۆی دەدات، چاوەڕوانی چارەنوسی حەتمی دەکــات.. ئەمــه ڕوانینێکــی ڕەشبینانەیە بۆ ژیان، بەڵکە ئەوپەڕی ڕەشبینی‌یە، ئافرەت تا کۆتا ساتی ژیانی دەتوانێ خۆشی لە ژیانی خۆی وەربگرێ. دەتوانێ سەرنج ڕاکێشەر بێت، تاکو تەمەنی ژیانی ویستراو بێت، تەنها لەسەری پێویستە گرنگــی بە تەندروستی‌و شۆخ‌وشەنگی (رشاقة)ی خۆی بــدات‌و پارێزگــاری دەرون ساغی‌یەکەی بکات.

گومان نــەبات بــە گەیشــتنی بــەم تەمەنــە، ئــەگینا حــوکمی نــەبونی بەسەردا دراوەو دەبێ‌و زەرورە نائومێد بێ‌و ڕەشبین بێ‌و بــە ڕوانینێکــی رەشەوە بڕوانێتە دنیــــا[1].

---

١) جارێك بەرناردشۆ لە خەسوەکەی پرسی -کە تەمەنی هەشتا ساڵ بو-: لــە چ تەمــەنێك ئافرەت خۆشەویستی بۆ پیاو لە دەست دەدات؟

ئەویش بە گوێیدا چرپاندی‌و گوتی: (کوڕەکەم جۆرج، ئەم پرسیارە لــە ئــافرەتێکی لــە من بەتەمەنتر بکە!).

٥١/ پرسیار: مەرجەکانی جوتبون لەگەڵ ئافرەتی دووگیان (حامل) چین؟

وەڵام: پێویستە لە جوتبوندا مام ناوەندی بێت، واتە لەگەڵ ئافرەتی دووگیان، مێردەکەی بۆی هەیە لە هەفتەی یەك جار لەگەڵی جوت ببێ هەتا سەرەتای نۆیەمین مانگ، بەڵام بە درێژایی نۆیەمین مانگی، نابێ لەگەڵی جوت ببێ، نەبادا جوتبون لە کۆتا مانگدا، منداڵەکە زوو لە دایك ببێ، لە ئەنجامی پاڵەپەستۆی چوك (ذکر) لەسەر ملی منداڵدان، پاشان شتێکی باش نیە لە کاتی بونی منداڵ مەنی هەبێ، بە تایبەتی گەر زوخاوی لەگەڵ بێ، ئەو کاتە دەبێتە هۆی هەوکردن (إلتهاب)ی چاوی منداڵەکە.

پاشــبەند

چەندژنیی لە نێوان

فیقهی ئیسلام و ویستی پیاودا

پێشەكی

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسوله الأمين محمد ﷺ وعلى آله وصحبه ومن تبعه بإحسان إلى يوم الدين.

دیاره ئافرەت ئەو كەسە خاوەن هەستوسۆزو خاوەن مافەیە، كە خوای گەورە ئەم سیفەتانەی پێبەخشیوەو لەسەر پیاوی كردوە، ڕێزی هەستو سۆزی بگرێتو كەسایەتیەكەی بپارێزێت. ڕێزگرتنەكەشی نەك لە كاتی یەك ژنەی دابێتو، دوای بەسەرداهاتنی حاڵەتی (إستثنائی) پێ شێلی بكاتو لە دنیای نەبوونی دابنێت.

دەمێكە دژانو ناحەزانی ئیسلام، دەمی گلاویان بەرامبەر بە ئیسلامی مافدەر درێژ دەكەن وقسەی نالەباری لە دژ دەكەنو خۆیان بە پێشكەوتوخواز دەزانن، كە ئەوان دژی چەندژننو گوایە ڕێز لە ئافرەت دەگرنو دەڵێن: ئیسلام ستەم لە ئافرەت دەكات، كە ژنی تری بەسەر دێنێت، بەڵام دیارە ئەوانە لە ئەشكەوتە تاریكەكانی نەفامیدا دەژینو بێئاگاو غافڵن لەوەی، كە ئیسلام بۆ چەندژنیی بەندو بەستی (ضوابط)ی مەحكەمی داناوە، بۆ ئەوەی مافی ژن پێشێل نەكرێت.

ڕاستی قسەكانیش لە ناوەڕۆكی ئەم نامیلكە دایە، كە سەرچاوەو مەرجەكانو شێوازەكانو هۆیەكانو پاڵنەرەكان فرە ژنیی تێدا ڕوون كراوەتەوە. جا بۆ ئەوەی حەقیقەتی چەندژنیی لە ئیسلامدا بەدەركەوێ، بە پێویستم زانی ئەم بابەتە بكەمە پاشبەند لە كتێبی ژنو مێردی ئیسلامی بەختەوەر، تا وەڵامێكی قەڵا ئاسا بێت بۆ نەیارانی دینی خوای گەورە .

لەخوای گەورە داواكارم دڵمان بە ڕوناكی ئیسلام ڕۆشن بكاتەوەو ڕێنمونی زیاترمان پێ ببەخشێو لە گوناهەكانمان خۆش بێت.

نەوا محمد سعید

٢٠ شەعبان ١٤٢٩

٢٠٠٨/٨/٢٢

مێژووی فرە ژنیی

بەر لە هاتنە ناو بابەتەکە، پێویستە مێژوی چەندژنیی بزانین بۆ ئەوەی ڕاستی ئەم مەسەلەیە بە ئاشکرا بۆ گشتی دەرکەوێ بزانرێ، کە تەنها ئیسلام نەبووە ڕێگەی بە چەندژنیی دابێت.

لە ڕاستیدا چەندژنیی بەر لەهاتنی ئیسلام لە زۆر گەلاندا باو بووە. لەو گەلانەش عبریەکانو عەرەبەکانی سەردەمی نەفامی بوە، هەروا گەلانی (الصقالية) یان (سلافیون) کە زۆربەی ئەو وڵاتانە دەگرێتەخۆ، کە پێشیان دەڵێن: (روسیا، لیتۆنیا، لیثۆنیا، إستونيا، پۆلۆنیا، تشیگۆسلۆفاکیا، یۆگۆسلافیا) هەروەها لەلای هەندێ گەلی (جرمانیو سکسۆنیا) فرە ژنیی هەبووە، کە زۆربەی ئەو وڵاتانە دەگرێتە خۆ، کە پێیان دەڵێن: (ئەڵمانیا، نەمسا، سویسرا، بەلجیکا، هۆڵەندا، دانیمارك، نەرویج، ئینگلتەڕا) لەبەرئەوە ئەو پڕوپاگەندەیە پوچەڵ کرایەوە، کە دەڵێ: ئیسلام داهێنەری ئەم سیستەمە (چەندژنیی)یە. لەڕاستیدا سیستەمی فرە ژنیی ئێستاکەش لەنێو زۆر گەلانێ، کە ئاینیان ئیسلام نیە بەربڵاوە، وەك: ئەفریقیاو هیندو چینو یابان.

بەمەش ئەو قسەیە لەڕاستی بەدور خرایەوە، کە دەڵێ: سیستەمی چەندژنیی لەو نەتەوانەی، کە ئاینیان ئیسلامە کورت هەڵدێ، لەڕاستیدا ئەم سیستەمە لەبنەڕەتدا لە ئاینی مەسیحیش حەڕام نەکراوەو، هیچ دەقێکی ڕاشکاوانە لەسەر حەڕامیەتی چەندژنیی لە مەسیحیەتدا نەهاتووە، گەرچی پێشینە یەکەمەکانی مەسیحی ئەهلی ئەوروپا سیستەمی تاك ژنیان پیادەکردووە، بەڵام ئەمە لەبەر ئەوە بوو، کە زۆربەی نەتەوە ئەوروپیە بت پەرستەکان، کە لە یەکەم جاردا مەسیحیەتی تێدا بڵاوبۆوە، کە گەلانی یۆنانو ڕۆمان بوون، نەریتیان حەڕام کردنی چەندژنیی بوو، خەڵکەکەشی

دوای هاتنیان بۆ ناو ئاینی مەسیحی، هەر لەسەر هەمان نەریتی باب و باپیرانیان بوون.

کەواتە سیستەمی تاك ژنی، سیستەمێکی ناکاو (طارء)ی ئەو ئاینە نوێیە نەبوو، کە ئەوان هاتنە ناویەوە، بەڵکو هەر لەکۆنەوە هەبووەو لەسەردەمی بت پەرستیەتی یەکەمیاندا پیادەیان دەکرد، دوای ئەمە سیستەمی کڵێسەی نوێ بڕیاری حەرام کردنی چەندژنیی دا، لە ئینجیل هەرچەندە شتێك نیە، کە ببێتە بەڵگە لەسەر حەرامیی چەندژنیی، لەڕاستیدا کڵێسە ئەم حەرام کردنەی بەڕێنماییەکانی ئاین دانا.

لەڕاستیدا سیستەمی چەندژنیی لە گەلە پێشکەوتومکاندا بەشێوەیەکی ئاشکرا هاتە کایەوە، کەچی لە گەلە سەرەتاییە دواکەوتومکاندا نەبووە، یان کەم بڵاوبووە وەك، کە زانایانی کۆمەڵناسی مێژونوسانی شارستانیەت، بڕیاری ئەمە دەدەن، لە سەروی هەموانەوە (وسترمارك، هۆبهۆس، هیلیرجنربرج)ە. ئەوەش ڕاست دەرنەچوو، کە وتراوە سیستمی چەندژنیی بە دواکەوتویی شارستانیەت بەستراوەتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هاودەنگە لەگەڵ واقیعدا[1].

ئەم پێشەکییە مێژوییە بۆ ئەوەیە، تا حەقیقەت دەرکەوێ، کە لە بنەڕەتی گشت ئاینە ئاسمانیەکاندا، چەندژنیی ڕێگای پێدراوەو داکۆکی لەسەر کراوە، بەڵام لەسەر بنچینەی چەند مەرجێکی سنوردارو بەندو بەست، نەك بەپێی خواستو ویستو ئارەزوی پیاو، کە هەرکاتێك بۆی لوا لە ژنێکەوە بیکات بەدوانو سێو چوار.

دیارە ئیسلامی دادگەر گرنگی زۆری بەم مەسەلەیە داوەو مەرجداری کردوەو، چەند بنەمایەکی ڕیشەی بۆ داناوە، تا وەکو زوڵم وستەم و پیاو سالاری پیادە نەکرێت، ڕێگەشی بە چەندژنیی داوەو سنورداریشی کردوە،

١) فقه السنة ـ سید سابق ـ بەرگی٢ چاپی چوارەم (١٩٨٣/٤/٣).

خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ﴾ النســاء-٣، واتــە: ئەگـەر لەمــەڕ کیـژە هەتیوەکانەوە، لەوە ترسان، کە نەتوانن بە تەرزێکی حـەق و ڕەوا لەگـەڵیان بجوڵێنـەوە، دەتـوانن وازیـان لـێ بێـنن و ژنـانی تر- چـەندی خۆتـان پێتـان باشـەو پێتـان دەشـێن ــ مـارە بکـەن؛ دوان بـن، یـان سـیان پێکـەوە، یـان چواریش بن هەر ڕەوایـە، بێـژەی (فَانكِحُوا) هەرچـەندە بـۆ فـەرمان (امـر)ە، بەڵام لێرەدا بۆ ڕێگە پێدانـە، نـەك بـۆ واجب بـون، چـەندژنیش ئەگەرچی ڕێگەی پێدراوە، بەڵام کورت هەڵهاتن لەسـەریەك ژن لـە ڕوانگەی ئیسلامدا (مستحب)ە، کە ئەمەش باشترە، جا لەکاتی ترسان لە زوڵم و ستەم کـردن و دادگەری نەکردن لەنێوان ژنـەکان، ئـەوا چـەندژنیی حـەرام دەبێـت و نابـێ ژنی دیکە بهێنرێ.

بە پێی ئەم مەرجانە چەندژنیی حەلاڵە

ئیسلام ڕێی بە چەندژنیی دەدات، بەلاّم ڕەها (مطلق)ی نەکردووە، بەڵکە بەچەند بەندو بەستێکی توندو چەند مەرجێکی سنورداری حەسم کراو بەند کردووە، کە ئەمانەن:

١- ژمـارە (العـدد):

چەندژنیی تەنها لە چوار ژن کورت هەڵدێ، پیاو بۆی حەلاڵ نیە لەیەك کاتدا لە چوار ژن زیاتری هەبێت، ئەم مەرجەش لە قورئان‌و سوننەتدا سەلمێنراوە. لە قورئاندا خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ﴾ تێگەیشتنی جەماوەری زانایان لەم ئایەتەدا، بریتیە لە تەنها کورت هەلاّتنی چوار ژن، لە سوننەتیشدا فەرمودەی زۆر هەیە لەوانە ئەوەیە: کە غیلان الثقفي (دە) ژنی هەبوو، جا کە موسڵمان بوو پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (إختر منهن أربعاً) رواه البخاري. واتە: چواریان هەڵبژێرە.

گەر لە چوار ژن زیاتر جائیز بوایە، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم داوایەی لە (غیلان) نەدەکرد چواریان لێ هەڵبژێرێ‌و ئەوانی تریش تەلاّق بدات، پێغەمبەریش دەزانێ، کە جیابونەوەو دەستبەردانی ژن، چەندە زیانی لێ دەکەوێتەوە.

حیکمەت و دانایی لە سنوردارکردنی چەندژنیی، کە پیاو بۆی هەیە چوار ژن بهێنێ ئەمەیە:

* دانانی سنورێك بۆ بێ سەروبەری چەندژنیی، کەبەر لە هاتنی ئیسلام بەر بلاّوبووە، کەپیاو بە ئارەزوی خۆی ژمارەی ژنی زیاد دەکرد، جا کە ئیسلام هات ئەم زوڵم‌و ستەمەی لەسەر هەڵگرتن‌و، پلەو پایەی شایستەی خۆیانی پێ بەخشین.

★ خوای بەخشندە، کە توانای جەستەیی و نەفسی بە پیاو بەخشیوە، پیاو ناتوانێ هاوسەنگی لەنێوان زیاتر لە چوار ژن و پیادەکردنی دادگەری بکات، کەواتە چوار ژن لەگەڵ سروشتی پیاو یەك دەگرێتەوە.

٢- دادگەریی (العدل):

دادگەریی پێچەوانەی زوڵم و ستەمە، دادگەریی بریتیە لە (إنصاف)و، بەخشینی مافو وەرگرتنی ماف.

دادگەری لە چەندژنیدا، مانای یەکسانی لە نێوانیان دەگەیێنێ لە مافەکانی ژن و مێرددا.

بەڵگە لەسەر مەرجی دادگەری بۆ ڕێگادان بە چەندژنیی، فەرمایشتی خوای گەورەیە، کە دەفەرموێ: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً﴾ واتە: ئەگەر ترسان کە نەتوانن ژنەکانتان وەکو یەك تەماشا بکەن، ئەوا با یەك ژن بێت. هەروەها فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ زۆرە، کە داکۆکی لەسەر دادگەریی دەکات و جەورو ستەم حەرام دەکات، وەك دەفەرموێ: ((من کانت له إمرأتان يميلُ لإحداهما على الأخرى جاء يوم القيامةِ يجرُ أحد شقيهِ ساقطاً او مائلا)) رواه الخمسة، واتە: هەر کەسێ دوو ژنی هەبوو، مەیلی بەلای یەکێکیانەوە بێت و ئەوی دیکە فەرامۆش بکات، ئەوا لە ڕۆژی قیامەت بەلاشانێکی خوارەوە دێت.

گەر پیاو لەوە ترسا، کە نەتوانێ دادگەری لەنێوان ژنەکانیدا بکات، ئەوە لەسەری پێویست (واجب)ە، کە یەك ژن بهێنێ‌و نەیکات بە دوان‌و سێ‌و چوار.

دادگەریی مەرجی بنەڕەتییە بۆ ڕێگەدان بە چەندژنیی، ئەوەیش کە پیاو لەسەری تاوانبار دەبێت، بریتیە لە پابەند نەبون بە دادگەریی لە کارە ڕواڵەت (ظاهر)ییەکاندا، کە لە توانا ویستی پیاودایە پیادەی بکات، وەك

یەکسانی کردن لە نێوان ژنەکاندا لە نەفەقەدانو نۆرە مانەوەو خواردنو پۆشاكو خانوو دۆستایەتیو ڕێزگرتن، بەڵام ئەوەی، کە لە توانای پیاو دانیە دادگەریی بکات، بریتیە لە مەیلی دڵ (قلب)و خۆشەویستیو ئارەزووە، کە بە دادگەریی نەکردن لەمبارەوە، پیاو پێی تاوانبار نابێت، چونکە خۆشەویستی هەستێکە لەسەروی ویستی مرۆڤەو ناتوانێ بە ویستی خۆی ڕەفتار بکات، ئارەزوو (شهوة)ش پاشبەندی خۆشەویستیو مەیلی دڵ (قلبی)یەو، جیاکردنەوەی هەردوو جۆری دادگەریی، دەتوانین پێچەوانەیی ڕواڵەتی نێوان هەردوو فەرمایشتی خوای گەورە لاببەین، کە دەفەرمووێ:

﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً﴾ و﴿وَلَن تَسْتَطِيعُوٓا۟ أَن تَعْدِلُوا۟ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ﴾ (النساء:١٢٩)، واتە: ئێوە هەرچەند هەوڵیش بدەن، قەت ناتوانن لەگەڵ ژنانی خۆتان، بێ جیاوازی ڕەفتار بکەن.

دادگەریی (العدل) لە ئایەتی یەکەمدا بریتیە لە دادگەری ڕواڵەتی (العدل الظاهري)، بەڵام دادگەری (منفي) کە ناتوانرێت پیادە بکرێت، بریتیە لە مەیلی دڵ، کە خۆشەویستی و سۆز بەدڵەوە بەندە، ئەوەش پێغەمبەری خوا ﷺ ڕونی کردۆتەوە، کە دەفەرمویێ: ((اللهم هذا قسمي فيما أملك فلا تؤاخذني فيما تملكُ ولا أملكُ)) رواه أحمد وأبو داود والنسائي والترمذي. واتە: خودایە، ئەمە بەشکردنی نۆرەمانەوەمە، کە دەسەڵاتم بەسەریدا هەیەو، لێم مەگرە لەوەی، کە تۆ دەسەڵاتت بەسەریدا هەیە، من ناتوانم بەسەریدا زاڵ بم.

ئەو دادگەریە داواکراوەی، کە پێویستە پیاو لەسەر خۆی پەیڕەو بکات، دادگەری کردنە لەبژێوی و ماف دان و خواردن و پۆشاك، چونکە ئەم دادگەرییە لەگەڵ توانای مرۆڤدا گونجاوە، بەڵام دادگەری گشتگیر (شامل) بۆ کاری (الظاهر والباطن) ئەمەیان کارێکی گرانەو زەحمەتە، ئەمەش لەبەر زەعیفی سروشتی مرۆڤە، کە ناتوانێ زاڵبێ بەسەر دڵدا، لەبەر غیرەجوڵانی ژنەکەو حەزکردنی تۆڵەیە لە مێردەکەی، تەنانەت دایکانی بڕواداران لەم

غیرەیە بێبەش نەبوون، ئەوەتا خاتو عائیشە رەزای خوای لێ بێت دەڵێ: ((ما غرتُ مِنْ إمرأةٍ لِرسولِ الله ﷺ كما غِرتُ مِنْ خديجة لِكثرةِ ذكرِ رسول الله إياها)) رواه البخاري[1]، واتە: ئەوەندەی غیرەم بەرامبەر بە خەدیجە هەبوو، هێندە غیرەم بەرامبەر هیچ ئافرەتێکی تری پێغەمبەر ﷺ نەبوو، لەبەر زۆر باسکردنی خەدیجە لەلایەن پێغەمبەرەوە.

دابینکردنی خانوو بۆ هەریەکێك لە ژنەکان بە پێویستی دادگەری دادەنرێ، کە پێویستە لەسەر پیاو ئەم ئەرکەی سەرشانی بهێنێتەدی، کە بۆی نیە لەیەك خانوو کۆیان بکاتەوە بەبێ ڕەزامەندی یەکتری ، کە بەیەکەوە بژین، بەڵام گەر ڕەزامەندی خێزانەکانیان لەسەر بوو، کە پێکەوە لەگەڵ یەکتری ژیان ببەنەسەر، ئەوا ئەمە دروستو جائیزە، چونکە ماڤ خۆیانە. هەروەها لەسەر پیاو پێویستە یەکسانی بکات لە نۆرە مانەوە لەلای هەر یەکێکیاندا، پێویستی یەکسانی کردن لەنێوان ژنەکان لە نۆرەمانەوە لە نێو زانایاندا، هیچ خیلافێك نیە. خاتوو عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێ) گوتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ نۆرە مانەوەی لەنێوان خێزانەکانی دەکردو دادگەر بوو، دەیفەرموو: ((اللّهم هذا قسمي فيما أملك فلا تلمني فيما تملكُ ولا أملكُ)) جامع الترمذي ج ٤، ص٢٩٤ سنن أبي داود ج ٦، ص ١٧٢ سنن إبن ماجه ج ١، ص ٦ ٣٤. واتە: خودایە، ئەمە دابەشکردنی منە لەوەی، کە لەدەسەڵاتی من دایە، لۆمەم مەکە لەوەی، کە لە دەسەڵاتی تۆدایەو من دەسەڵاتم بەسەریدا نیە. ئیمامی الترمذي لە مانای فەرمودەی: ((فلا تلمني فيما تملكُ ولا أملكُ))، واتە: خۆشەویستی سۆز نواندنە. لەم فەرمودەیە دەردەکەوێ، کە پیاو ناتوانێ لە خۆشەویستی و سۆز نواندنی دادگەریی بکات، خۆشەویستیش پەیوەندی بە دڵەوە هەیەو، دڵیش تەنها خوا دەسەڵاتی بەسەردا هەیە، مرۆڤ ناتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت.

---

١) نظام الأسرة في الإسلام، الجزء الأول ـ د. محمد عقله مدرس في الجامعة الأردنية.

چۆنیەتی نۆرە مانەوە لە نێوان ژنەکان دا

بۆ دیاری کردنی مانەوە لەلای هەریەك لەژنەکاندا، ئەوا پیاو هەڵدەستی بە قورعە کردن لەنێوانیاندا، ناوی هەر کامێکیان یەکەمجار دەرچوو، ئەو ڕۆژو شەوە نۆرەمانەوە لای ئەو دەبێت، هەروەها ئەگەر چوو بۆ سەفەر و ویستی یەکێکیان لەگەڵ خۆی ببات، بەهەمان شێوە قورعەیان بۆ دەکات.

گەر پیاو تەنها دوو ژنی هەبوو، ئەوا یەك قورعە بەسە و شەوی دووەم، نۆرەمانەوە ژنەکەی دووەمی دەبێت. گەر سێ ژن بون، ئەوا قورعە دەکرێ لە شەوی دووەمدا بۆ ژنەکەی تر، گەر چوار بون، ئەوە قورعە لە شەوی سێیەم دەکرێ و، شەوی چوارەم بەر ژنی چوارەم دەکەوێ بەبێ قورعە.

ماوەی نۆرە مانەوە لە نێوان ژنەکاندا

بۆ نۆرەمانەوە لەلای ژنەکان دا، پیاو نۆرەمانــەوە دەکات، کە بریتیـە لـە شەوێ تا شـەوێك، بـۆی هەیـە دوو شـەو دوو شـەو، یـان سـێ شـەو سـێ شـەو نۆرەمانـەوە بکات، بـەڵام باشـتر وایـە، کـە شـەوێ، تـا شـەوێك بێـت، چـونکە پێغەمبەری خوا ﷺ نۆرەمانەوەی لە نێوان خێزانەکاندا، شەوێك تا شـەوێ دەکرد.

هەروەها لەبەر ئەوەی لـە شـەو تـا شـەوێك زیـاتر مـافی خێزانەکـەی تیـدا دێتـە دی و پیـادە دەکرێـت، مەگـەر بـە ڕەزامەنـدی خێزانـەکانی، شـەوێك ناشەوێك نەکات، چونکە مافی ئەوانە.

گـەر ژنـەکان لەشـارێکی لەیـەك دوور بـون، نـۆرە مانـەوە بـەم چەشـنە دەبێت:

ئەگەر خێزانەکانی لەشارێکی لەیـەك دوور نیشـتەجێ ببـون و، پیاوەکـە نەیدەتوانی لەیەك شار کۆیان بکاتەوە، ئەوا لەم حاڵەتانەشدا، گەر نەیتوانی شەوێك تا شەوێك نۆرەمانەوەیان لەگەڵدا بکات، ئـەوا مـاوەی نۆرەمانەوەکـە بەگوێرەی توانا دایدەنێت وەك: مانگێ تا مانگێك، یان زیاتر، یان کـەمتر بـە پێی نزیکی شارەکان[1].

٣- توانابوون لەسەر بژێوی و نەفەقەدانیان:

لــە مەرجــەکانی ڕێگــە دان بــە چــەندژنیی ئەوەیــە، کــە پیــاو توانــای نەفەقــەدانی هــەموو خێزانــەکانی و منداڵــەکانی هــەبێت، بەڵگـەش لەسـەر مـەرجی نەفەقەدان ئەمانەیە:

---

١) المفصل في أحكام المرأة والبيت المسلم ـ د. عبدالكريم زيـدان ـ بـەرگی حەفتـەم، چـاپی دووەم ١٩٩٤، ل ٢٦٢.

★ فەرمایشتی خوای گەورەیە، کە دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُوا۟﴾ بۆ خۆ لە غەدرپاراستن، ئەمە ئاکارێکی پەسندە.

★ لەبەر ئەوەی دادگەری مەرجێکە بۆ ڕێگە دان بە چەندژنیی، جا ئەگەر هەرکەسێك نەیتوانی نەفەقەی منداڵەکانی بدات، ئەوە ئەمە زوڵم و ستەمە دەبێتە قەدەغەکردنی چەندژنیی.

٤- یەکێکی تر لە مەرجەکانی ڕێگەدان بە چەندژنیی ئەوەیە، کە نابێ دوو خوشك مارە بڕ بکات لە یەك کاتدا، هەروا نابێ پوری خێزانەکەی مارە بڕیکات[1].

٥- کۆتا مەرج مەرجی توانا بونی جەستەیی و تەندروستی و ماددی و عەقڵییە، وەك کە بۆ ژن هێنان بەگشتی ڕەچاو دەکرێ،

وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((مَنِ استطاع منكم الباءة فليتزوج)) رواه البخاري ومسلم وغيرهما، واتە: هەرکەسێ لە ئێوە تواناو جەستەو تەندروستی و لایەنی مادی و عەقڵی لەبارە، باژن بێنێ.

هۆیەکان و پاڵنەرەکانی چەندژنیی

وەك باسمان کرد کە پیاو لە چەندژنییدا، ڕەهانیە، کە هەرکاتێك بۆی گونجا ژنێکی تر بهێنێ، بەڵکو بەچەند مەرجێکەوە بەستراوە، کە لەپێشەوە باسکرا، گەر مەرجەکان پەیڕەوە نەکران، ئەوا لەسەر پیاو حەرام دەبێت، کە پیاو بیکات بە دوان و سێ و چوار. چەند حاڵەتێك هەن، کە پاڵنەرن بۆ چەندژنیی، کە لەمانە کورت هەڵهاتوە:

یەکەم: وا دەبێ کە ژنەکەی دووچاری نەخۆشییەکی درێژ خایەن، یان نائومێد لەچاك بوونەوە بێت، یان دوچاری نەخۆشیەك بێت، کە پیاوەکە نەتوانێت لەگەڵی جوت بێت، یان بەهۆی نەخۆشییەوە دوچاری بێهێزی بووبێت لەبەر بچوکی، یان تەمەن گەورەیی، نەتوانێ ئەرکەکانیماڵەوە ئەنجام بدات، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، مێردەکەی هەر خۆشی دەوێت و نایەوێت لێی جیا بێتەوە، جا ئەوکاتە لەبەردەم سێ شت خۆی دەبینێتەوە، کە دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرێت:

أ - هەرچەندە، کە ژنەکەی خۆش دەوێت و سەرەڕای ئەوەی، کە ئافرەتەکە پێویستی بە چاودێری هەیە، تەڵاقی بدات، دیارە ئەمەش ستەمێکی گەورەیە.

ب- ژنەکەی لەلای خۆی بهێڵێتەوە وەك خێزانی خۆی، جا لێرەدا، یان دەبێ ئارەزو (شهوة)ی خەفە بکات لەبەر قەدغەکردنی کاری جنسی، یان ئەوەتا ئارەزووەکانی بە ڕێگای ناشەرعی تێربکات. لەمەشدا کاری فەسادی و خراپەکاری لێ دەکەوێتەوە.

ج ـ ژنەکەی لە ژێر چاودێری خۆی بهێڵێتەوەو گشت مافەکانی پێ بدات، لەهەمان کاتیشدا پیاوەکە ژنێکی تر بهێنێ بۆ ئەوەی داخوازیە

سروشتییەکانی بۆ دەستە بەر بکرێت، تاوەکو ژنی دووەم چاودێری مێردەکەی بکات و، هەڵسێ بە ئەرکەکانیەوە.

گومانی تێدا نیە، کە خاڵی (جـ) باشترە بۆ هەڵبژاردنی، چونکە لەگەڵ سروشت و واقیع دا تێك دەکاتەوەو، گونجاوە لەگەڵ سروشتی ئەم ئاینە ئەخلاقیە، کە وەفاداری بۆ ژن دەستەبەر دەکات.

لەوانەیە یەکێك هەبێ و بڵێ: ئایا ئەمە عەدالەتە ڕێ بە پیاو بدرێ لەکاتی نەخۆشی ژنەکەی، ژنێکی تر بهێنێ و ژنەکەش بێبەش بکرێ لە داوا کردنی جیابوونەوە، گەر مێردەکەی نەخۆش کەوت و پێی بگوترێ ئارام بگرە.

وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە: کە ئیسلام مافی ژنی داوە، کە داوای تەڵاق لەلای قازی بکات، گەر بە نەخۆشی مێردەکەی زیانی پێ بگات.

دووەم: نەزۆکی ژنەکە: دوای هاوسەرگرتن وا دەبێ، کە ژنەکە نەزۆکەو منداڵی نابێ، کە ئەمەش مەبەستێکی گەورەی هاوسەرێتی لەدەست دەدات و پیاو لە حەزو ئارەزوی سروشتی خۆی، کە وەچەو منداڵە بێبەش دەکات، یان لەلای خۆی دەیهێڵێتەوە بەڕێزو قەدرەوە وەك خێزانی خۆیو، ژنێکی تر بهێنێ.

سێیەم: بەتوندی خیلاف و کێشەی نێوان ژن و مێرد: کێشەو گرفت لە نێوان ژنومێرداو ڕیشە داکوتانی، هۆیەکە بۆ چەندژنیی، بەتایبەتی، گەر ئەم کێشەو گرفتە، هەموو هۆیەکانی ڕێکاچارەی ئاستەنگ بێتو لێی هیوا بڕبێت، کە ژیانی ژنو مێرد دەبێتە دۆزەخو لەتوانای پیاودا نابێت، کە تەحەمولی بکات.

چوارەم: پیاوی واهەیە، کە بەحوکمی کارەکەی سەفەر دەکات و لە خێزانی دور دەبێت، ناتوانێ هەر لە هەر کوێیەك ڕۆیشت خێزانی لەگەڵ خۆی

ببات. تەنیایی و دور لە خێزانیش، کارێکی زەحمەتە، جا ئەوکاتە چەندژنیی ڕێگا چارەی ئەم حاڵەتەیە.

پێنجەم: هەندێ پیاو هێزی جنسییان زۆرە، کە بە یەك ژن، هێزە جنسییەکەیان دانامرکێت.. جا لەم حاڵەتەدا، چەندژنیی دەبێتە پارێزگاری بۆی، لەگەڵ پارێزگاریکردنی مافەکانی خێزانەکەی تری. ئەمەو لە کاتێکدا گەر ڕێگا چارەی خۆڕاگرتنی نەگرتە بەر.

غەزالی دەڵێ: (ئەو پیاوانەی، کە ئارەزویان بەسەردا زاڵەو، یەك ژن ناتوانێ پارێزگاری بکات و تێری بکات، ئەوا پیاوەکە وا باشە، کە دوو تا چوار ژن بهێنێ).

لە هەمان کاتدا هەندێ ژن هەیە، کە ئارەزوی جنسی کزە ناتوانێ مەرامی مێردەکەی بێنێتە دی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێردەکەی خۆشی دەوێ و نایەوێ لێی جیا بێتەوە، جا ئەو کاتە چەندژنیی ڕێگا چارەیە بۆ ئەم حاڵەتە.

پێویستە ئەوە ڕەچاو بکرێ، ئەگەر ژن کچی ببێ ئەمە نابێتە ڕێگا خۆشکەر بۆ دوو ژنیی ..هتد چونکە ئەمە کارێکە لە ویستو ئیرادەو حیکمەتی خوای گەورەیەو هیچ پەیوەندی بە مرۆڤەوە نیە.

لەبەرئەوە گەر پیاو لەبەر ئەوەی ژنەکەی کچی دەبێ، ژن بهێنێ ئەوە لەسەری حەڕامە ژن بهێنێ، چونکە ئەمە ناڕەزاییە بەرامبەر خوای گەورە.

خوای بەخشندە دەفەرموێ: ﴿يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ﴾ (الشورى: ٤٩)، واتە: بەیەکێ کچ دەبەخشێت و بە یەکێ کوڕ؛ ئیتر بەمەیلی خۆیەتی.

ئەو هۆو پاڵنەرانەی باسكران پاڵنەری كەسیی‌و شەخصی بون، بەڵام هۆو پاڵنەرەگشتیەكانی كۆمەڵایەتی بۆ چەندژنیی، گرنگترینیان ئەمانە:

١. زۆری ژمارەی ئەو ئافرەتانەی، كە ئامادەو شیاون بۆ هاوسەریەتی، بەسەر ژمارەی پیاواندا، ئەمەش بە هۆی بارودۆخی گشتی یەوەیە، وەك جەنگ، كە دەكەوێتە ئەستۆی پیاوان. جا گەر رێگای چەندژنیی نەدرێت، ئەوكات دەبێتە بێبەشبوونی كۆمەڵێكی زۆر لە ئافرەتان لە شوكردن، كە بەسەر خۆیان‌و كۆمەڵگەدا دەشكێتەوەو، دەبێتە بارگرانی‌و بڵاوبونەوەی هۆی خراپەكاری و داوێن پیسی. ئاشكراشە ئافرەت وەك پیاو ئارەزوی جینسی هەیە، كە دەبێ لەرێی حەڵاڵەوە تێر بكرێت، گەرنا لەرێی حەرامەوە تێر دەكرێت .

٢. هۆكارێ هەیە، كە بۆ یاسای خواو حیكمەتەكەی دەگەڕێتەوە، گەر تێبنی بكرێ، دەبینرێ لە حاڵەتی ئاسایی دا ژمارەی ئافرەتان لە پیاوان زیاترە. وەك دەركەوتوە، كە منداڵی نێرینە زیاتر لە منداڵی مێینە روبەڕوی مردن دەبنەوە، كە لە ئەنجامدا ژمارەی ئافرەتان زیاتر دەبێ. جا گەر هاوسەرگرتن لەسەر یەك ژن كورت هەڵبێ، ئەوا كۆمەڵێكی زۆر لە ئافرەتان بێ مێرد دەمێننەوە، كە بەمەش فەساد و خراپەكاری تەشەنە دەكات.

لە كۆتاییـدا دەڵێین:

خـوای گـەورە چـەندژنیی بەمـەرج ڕێگـەی پێـداوەو دەقـی قورئـانیو فـەرموودەی پێغەمبـەری لەسـەر هـاتووە، كـە لـە پێشـەوە باسـكرا ، جـا هەركەسێ بـە هـەربیانوو، بەسـتنەوەی بـە هـەر دیاردەو حاڵەتێكـــەوە، دژی بوەسـتێو پێـی ڕازی نـەبێت، ئـەوا دژی خـواو پێغەمبـــەرەكەی وەسـتاوەو لـە چوارچـێوەی ئیسـلام دەردەچـێت، بـا خۆیشـی بـە مسـوڵمان بزانێت ئەم بابەتەش هیچ ئیجتهادێك هەڵناگرێ، چونكە دەق (نص) هەیـە، كە دەق (نص)یش هەبوو، ئیجتهاد دروستو جائیز نیە، ئیجتهاد لەكاتی نەبونی دەقە.

ڕێنماییمان بۆ ئەوانەی چەندژنیی پیادە دەكەنو، مسوڵمانی مولتەزیمن، با فەیرە كچو بێوەژنو ژنە شەهیدەكان مارە بكەنەوەو ببنە مایەی ئەوەی، كە نمونەیان پێ بهێنرێتەوەو ئامـاژەی ڕاستیی واقیعیەتی ئیسلامیان پێ بكرێو ببنە نمونەیەكی ئیسلامی زینـدوو، ببنـە دەمكوتكـەری ناحـەزانی ئیسلام، كە دەڵێن، ئەوانەی چەندژنیی دەكەن، تەنها كچ مارە بڕ دەكەن.

ئەوانەی ژنە شەهیدو فەیرە كچو بێوەژنیش مـارە دەكـەنو دادگـەری لـە نێوانیـان دەكـەن، لـە بـژێویو نـۆرە مانـەوەو پۆشـاكو خۆراكـدا، شایستەی ئەوەن پیرۆزباییان لـێبكرێو دوعـای خێریـان بـۆ بكـرێ، چونكە بەڕاسـتی مافی پێشلكراویان بۆ دەگەڕێننەوە، ئەوەش مافدانیانە.

سەرچاوەکان

١) فقه السنة ـ سيد ساق ـ المجلد الثاني ـ الطبعة الرابعة ٣/١٤/ ١٩٨٣.

٢) نظام الأسرة الإسلام ـ الجزء الأول ـ د. محمد عقله ـ مدرس في الجامعة الأردنية ـ الطبعة الأولى ١٩٨٣ مكتبة الرسالة الحديثة.

٣) المفصل في أحكام المرأة والبيت المسلم في الشريعة ـ د. عبدالكريم زيدان ـ الجزء السابع ـ الطبعة الثانية ١٤١٥ـ ١٩٩٤ ل ٢٦٢.

٤) نظام الأسرة الإسلام.

٥) إلى المحجبات أولاً ـ سعيد مبيض ل ٧.

لە کۆتایی دا

خوێنەری بەڕێزو عەودالّی راستی: ئەوەی باسکرا لە پەیوەندی ژن‌و مێردو نهێنی یەکانیان‌و چۆنییەتی هەڵس‌وکەوت‌و ڕەفتارکردن‌و بەڕێز دانانی ژن‌و نەرم‌و نیانی لەگەڵی بە پێی قورئان‌و سوننەت‌و قسەی زانایان، هەر ئاوا شتێکی سادە نی یە بیخوێنیتەوەو بەسەریدا تێپەڕی بەبێ پەیڕەوی‌و پیادەکردنی.

پەیڕەو کردنی ئەم ئایەت‌و فەرمودەو راستی یە زانستی یەکان دەربارەی ژن‌و مێرد، دەوری ئەساسی دەبینێ لە بەختەوەری‌و کامەرانی خێزان‌و کۆمەڵ. کەواتە وریا بە ئەم تەوجیهاتانەی، کە باس کراون لەم کتێبە فەرامۆشیان نەکەی.

چونکە فەرامۆش کردنیان تاڵ کردنی پەیوەندی یەکانی ژن‌و مێردە. خوای بەخشندەو میهرەبان هەمو ژن‌و مێردێکی چاك لێك پیرۆز بکات‌و خۆش بەختیان بکات لە دنیاو ئاخیرەت. پێشیان دەڵێم: (بارك الله لك و بارك عليك و جمع بينكما في خير).

(بارك الله لك وعلى خير طائر).

وەرگێر

وەرگێڕ لە چەند دێرێکدا:

- لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری کۆیە لەدایك بوە.
- لە ساڵی ١٩٩٠ بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی خۆشنووسانی عێراق - بەغداد.
- ئەندامی کۆمەڵەی خۆشنوسانی کوردستانە.
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.
- ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستانە.
- ئەندامی رۆژنامەنوسانی نێودەوڵەتی (**IFJ**) ە
- لە ساڵی ١٩٨٠ بەشداری کردووە لە پیشانگای دواناوەندی کۆیەی کوڕان، کە لە شاری کۆیە لەگەڵ قوتابخانەکانی دی (چالاکی قوتابخانەکان ساز کرد).
- لە ساڵی ١٩٨١ بەشداری کردووە لە پیشانگای مەڵبەندی لاوانی کۆیە کە لە هۆڵی قوتابخانەی دواناوەندی کۆیەی کوڕان لە شاری کۆیە ساز کرا.
- لە ساڵی ١٩٨٢ بەشداری کردووە لە پیشانگای تایبەتی قوتابخانەی دواناوەندی کوڕان لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی لە شاری کۆیە ساز کرا.
- لە ساڵی ١٩٨٢ بەشداری کردووە لە پیشانگای مەڵبەندی لاوانی کۆیە کە لە شاری سلێمانی لەسەر ئاستی حوکمی زاتی سازکراو توانی پلەی یەکەم بەدەست بێنێ‌و خەڵات بکرێ.
- لە ساڵی ١٩٨٣ بەشداری کردووە لە پیشانگای مەڵبەندی لاوانی کۆیە کە لە شاری سلێمانی لەسەر ئاستی حوکمی زاتی سازکراو توانی پلەی دووەم بەدەست بێنێ‌و خەڵات بکرێ.
- لە مانگی (١٢)ی ساڵی ١٩٨٧ بەشداری کردووە لە پیشانگای رۆشنبیری‌و جەماوەر (الثقافة والجماهیر) کە لە هۆڵی قوتابخانەی (أولی)ی سەرەتایی لە کۆیە سازکراو بە (١٠) تابلۆ بەشداری کرد.

• لـە (١٩٨٨/٢/٨) بـە (٢٠) بيست تـابلۆ بەشـداری كـردووە لـە پيشـانگای هونەرمەندانی كۆيە كە تيپی باواجی كۆيە پێی هەڵسابوو لە قوتابخانەی (أولی)ی سەرەتايی كۆيە.
• لە (١٩٨٩/٨/٢٠) بە هاوكاری تيپی باواجی كۆيە پيشانگايەكی تايبەتی لە هۆڵی قوتابخانەی (ئاسۆس)ی سەرەتايی لە شاری كۆيە كردۆتەوە كە (٢٠) تابلۆی لـەخۆ گرتبوو.
• لە ساڵی ١٩٩٣ بە (٥) تابلۆ بەشداری كردوە لە پيشانگای مەڵبەندی لاوانی كۆيە.
• (٢٠٠٠/١٠/١) بـە (٤) تـابلۆ بەشـداری لـە ڤيسـتيڤاڵی دووەمـی هـەولێر بـۆ خۆشـنووسیو نەخشەسازی كردووەو بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێدراوە.
• بە خەتی نەسخو ديوانیو تەعليق بەشداری كـردووە پێشـبڕكێی دەولی پێنجـەمی خۆشنووسی كە لە شوباتی ٢٠٠١ لە ئەستانبول سازدرا.
• بەشداری كردووە لە پێشبڕكێی خۆشـنووسی خاچی سـووری نێونەتـەوەيی كـە لـە (٢٠٠١/١٠/١٤) سازكراو بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێدراوە.
• بەشداری كردووە لە پێشبڕكێی كۆمەڵەی خۆشنووسانی كوردستان لەسـەر ئاسـتی هەولێر كە لە كۆتايی ساڵی ٢٠٠٢ سازدرا، ئـەوەبوو لـە خـەتی نەسـخ پلـەی يەكەمی بەدەست هێنا.
• لە ڕۆژنامەی هاوكاریو پاشكۆی عێراقو ئاسۆ، سەبارەت بە هونەری خۆشنووسی چاوپێكەوتنی لەگەڵدا سازدراوە.
• بە خەتی نەسخو ديوانیو تەعليق بەشداری كـردووە پێشـبڕكێی دەولی شەشـەمی هونەری خۆشنووسی كە لە شوباتی ٢٠٠٤ لە ئەستانبول سازكرا.
• لە ٢٠٠٤/٧/١٨ بەشـداری كـردووە لـە پيشـانگای خۆشنووسانی هـەولێر، كـە بەڕێوەبەرايـەتی ڕۆشـنبيری و هونـەری پارێزگـای هـەولێر بـۆ (٢٠) خۆشنوسـی سازكردبوو، لەژێر ناونيشانی ((پيتە ڕەنگينەكان لە سايەی ئازاديدا)).
• لە مانگی ئاداری ٢٠٠٥ بەشداری كردووە لە پێشبڕكێی خۆشنووسانی كوردستان، كە لە هەولێر ساز درابوو، لە خەتی ديوانی پلەی دووەمی بەدەسـت هێنـاو، لـە خەتی (نەسخ)يش پاداشت (مكافأة).

• لە (٢٠٠٦/٢/١٥) بەشداری کردووە لە پێشبڕکێی قەڵاومنارە بۆ خۆشنووسی کە لەسەر ئاستی کوردستان لە هەولێر سازدرابوو، لە خەتی دیوانی پلەی یەکەمی بەدەست هێناو خەڵاتی پێبەخشرا.
• لە ساڵی (٢٠٠٦) بەشداری کردووە لە پێشبڕکێی خۆشنووسی (عبدالحمید الکاتب) کە لە سوریا سازدرابوو. بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێبەخشرا.
• لە (٢٠٠٧/٢/٢٦) بەشداری کردووە لە پێشانگای کۆڕبەندی هزری ئیسلامیی بۆ خۆشنووسی، کە لە هەولێر لە هۆڵی خانزاد ساز درابوو.
• لە (٢٠٠٧/٢/٢٨) بە خەتی دیوانی بەشداری کردووە لە پێشبڕکێی حەوتەمی جیهانی هونەری خۆشنووسی بە ناوی (هاشم محمد البغدادی) کە لە تورکیا ساز درابوو.
• لە (٢٠٠٧/٣/٣١) بەشداری کردوە لە پێشانگای فۆتۆکۆپی تابلۆی پێشبڕکێی خۆشنووسانی کوردی بەشدار بوو لە پێشبڕکێی حەوتەمی جیهانی – تورکیا بە ناوی خۆشنووس (هاشم محمد البغدادی) کە لە هەولێر لە بارەگای کۆمەڵەی خۆشنووسان ساز کرابوو.
• لەلایەن کۆمەڵەی خۆشنوسانی کوردستانەوە بە ئیمزای سێزدە خۆشنوسی ناوداری هەولێر، لە ٢٠١٠/٧/١٠ لە ئاهەنگێکی شکۆداردا لە سەنتەری ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێبەخشرا.

<u>ئەم کتێبو نامیلکانەی لە زمانی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو بەچاپی گەیاندوە:</u>

١- ژنو مێردی ئیسلامی بەختەوەر (شەش جار چاپ کراوەتەوە).
٢- سوپاکەی پێغەمبەرﷺ.
٣- چەند وانەیەك لە پێغەمبەری سەرکردە لە شاراوەی نهێنیدا.
٤- چۆن بونیەو بناغەی ئیسلامیمان لە ڕوخان دەپارێزین.
٥- ٣٠ نیشانەی مونافیقان (دو جار چاپ کراوەتەوە).

٦- مەرجەکانی حیجابی ئافرەتی مسولْمان لە قورئـانو سـوننەتدا (دو جـار چـاپ کراوەتەوە).
٧- بالاپۆشی ئافرەتی مسولْمان (سـێ جار چاپ کراوە).
٨- ئایا دەزانی جۆرەکانی شیرك چین؟
٩- ئایا دەزانی جۆرەکانی کوفر چین؟
١٠- ئایا دەبێ ولاء و براءمان بۆ کێ بێ؟
١١- منداڵی مسولْمان چی دەڵێ؟ (هەشت جار چاپ کراوەتەوە).
١٢- پەروەردەی منداڵو هەرزەکان لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلام دا.
١٣- منداڵ چۆن فێری نوێژ دەبێ؟
١٤- حەج- عومرە- دوعاکان.
١٥- تەفسیری جوزئی عەمە.
١٦- زیکرەکانی بەیانیانو ئێواران لە فەرموودە راستەکانی پێغەمبەردا ﷺ .

ئەو نامیلکانەی ئامادەی کردوەو بەچاپی گەیاندوە:

١- لە فیقـە شارەزا بە بە پرسیارو وەلام (دوجار چاپ کراوەتەوە).
٢- گوڵبژێرێك لە فەتوای هاوچەرخ سەبارەت بە ئافرەتان. (سێجار چاپ کراوەتەوە)
٣- ئادابی کۆمەلایەتی لە قورئانو سوننەتدا. (سێجار چاپ کراوەتەوە)
٤- چەندژنی لە نێوان فیقهی ئیسلامو ویستی پیاودا.
٥- خێزانەکەت بە پارە مەزەندە ناکرێت.
٦- کچ لە نێوان واقیعی ئیسلامو دابو نەریتی جاهیلیدا.
٧- وێنەی سەر تابلۆو وێنەی فۆتۆغرافی لە ڕوانگەی ئیسلامدا.
٨- مافەکانی ژنو مێرد لە ئیسلامدا.(دوجار چاپ کراوە).

پێرست

ئەم کتێبە

- دیارییەکی گرانبەهایە بۆ گشت ژن و مێردێکی پابەند بە بەرنامەی خوا و ، پڕ چەك کراو بە بیرو هۆشی ئیسلامی .
- دیاریەکە وەرگرەکەی خۆش بەخت و ژیان شادو ئاسودە دەکات .
- کتێبێکە چارەسەری کێشە و گرفتەکانی ژن و مێرد دەکات و ، نەخشە و پلانی راستەقینەیان بۆ دادەنێ .
- کتێبێکی ناوازەیە و تاکە دەوڵەمەند کەری کتێبخانەی کوردییە لەمەڕ پەیوەندیی و مافەکانی ژن و مێرد و ، چۆنیەتی هاوسەرگرتن و مامەڵە و رەفتاری ئیسلامیانەی هاوسەرایەتی .
- تاکە کتێبێکە وەرگێررابێتە سەر زمانی کوردی ، کە باسی کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم بوك و زاوا بکات و چارەسازی بۆ دابنێت، هەروا پەیوەندیە جنسیەکان بەند و بەست و رێکبخات .

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالاس
ت: 2518138
موبایل: 07504605122
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com

بەرگ